

٢٠٧



کاری هونەرمەند: شۆڕش ئاهی
(بۆکان)

# ڕامان

٢٠٧

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم / ساڵی نۆزدە / ئابی ٢٠١٤



**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل

**بەرگ**
باسم ڕەسام



ناوونیشان / هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 2228506 - 07504494662
(دەرەوە) / 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی / دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


● **دەق**

- مەلەکووتی من/ کەریم دەشتی/ 3
- ژنێک لە وەچەی مانگ/ فازیل شەورۆ/ 5
- ڕێگایێ پڕ لە گوتن/ کەریمۆک/ 6
- هەبوون و تونەبوون/ خەجێ ئۆمەری/ 8
- خەونی هەمیشەییم/ لە فەڕەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی/ 9
- سووتمانی ئاو و ئەوین/ بریا کاکەسووری/ 11
- چەند مینیمالێک/ جەبار سابیر/ 26
- تابلۆ خوێناوییەکان/ ئەلوەند تەلعەت/ 29
- ئەڤینا باژارەکی/ لەوەند دالینی/ 31
- ڕاوچی/ لە ئینگلیزییەوە: بەهار مودەڕس گورجی/ 33
- نەخۆشی ددان/ لە عەرەبییەوە: دانا ڕەئووف/ 36

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار (شۆڕش ئاهی)/
ئا: خەبات ڕەسوولی/ 42

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- رووناکبیران و سیاسەت و فەرهەنگ/ ئەکرەمی میهرداد/ 55
- چەند لایەنێکی ڕەخنە و تیوری ئەدەبی هاوچەرخ/
د. کاوە شێروانی/ 65
- هەڵسەنگاندنی کتێبی (ئەدەبی منداڵانی کورد)/
د. فازیل مەجید مەحموود/ 72

● **وتار**

- پێشمەرگە و ریالیزمی تەسک/ محەممەد ڕەحیمیان/ 83
- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لووتکەی هەڵچوونی کۆمەڵایەتی/
شەریف فەلاح/ 88
- ڕەوتی شیعری کوردی لە کۆنەوە تا ئێستا/
محەممەد مستەفا زادە/ 92
- ئەناتۆلی فرانس (١٨٤٤-١٩٢٤)/
لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر خەیات/ 96

● **هزر و فەلسەفە**

- میتافیزیک لە جیهاندیدی (ڕینێ دیکارت)دا/
د. حەمید عەزیز/ 100
- فەلسەفەی ئادۆرنۆ، دژی ئاوەزبازی/
لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد/ 108

● **زمانزانی**

- ئایا زمانی کوردی لەهجەیەکی ئێرانییە؟/
سوداد ڕەسووڵ/ 113

● **مێژوو**

- کۆنینەناسی دەڤەری مەنگوڕایەتی مەهاباد/
لە فارسییەوە: میهرداد ڕامیدی نیا/ 121

● **هونەر**

- گوڵزاری هونەری هەورامان/دارا محەممەد هەورامی/ 127
- دەرهێنەری گریمانەیی و نمایشی شانۆیی/
لە عەرەبییەوە: سلێمان گەلاڵی/ 136

● **گەشت**

- گەشتێک بۆ بناری بێستوون/
مەلا مستەفا ڕەشیدی (زاواکێو)/ 140

● **خوێندنەوەی کتێب**

- ئەدەبیات بۆ؟/ هاشم سەڕاج/ 150
- گرفتی شوناس لە ڕۆمانی (بەسەرهاتەکانی خەزنە
مەملووک)دا/ ئارام سدیق/ 153

● **بە باڵابڕین**

- ڕۆژباش ڕامان/ ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل/ 159

● **سووکە لەنگەر**

- فەوزایەکانی ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک/
شاخەوان فەرهاد محەممەد/ 160

# مەلەكووتی من

**كەریم دەشتی**



(١)

لە ناو مەلەكووتی مندا، نە فریشتە هەیە نە شەیتان
نە نیشتنەوەی ئاو هەیە نە تۆفان
تەنها ئەوینی ئەبەدییە
كە وەک شیری مەمكی دایک
ئەپرژێتە باخی زمان

(٢)

لەناو مەلەكووتی مندا، ژنێ هەمیشە سەما ئەكات
ڕووناكی كۆ ئەكاتەوە
درەختی خۆی پێ ئاو ئەدات
شەوان گۆزەی دڵم ئەدزێ
سپێدان وردوخاشی ئەكات

(٣)

لە ناو مەلەكووتی مندا، ڕێ ڕێ مەلەكانی بادەم
ئەچنەوە ماڵی كۆنشێرتو
ڕستەكانی ناو كتێبی تەم وفیراق
نەسلی ژەنگاوی خۆیان ئەسڕنەوە
جاویدانی لە ڕوحی مانا ئەچێنن

(٤)

لە ناو مەلەكووتی مندا
گیا خوناوەی بەیان بانگ ئەكا
تەنهایی وەک ئاقیقی شین ئەدرەوشێتەوە

(٥)

لە ناو مەلەكووتی مندا، یاری نێوان خودا و شەیتان
پڕە لە داشی فریودان
یەقین بۆتە شمشێری ناو دەستی گومان
ڕیئاڵ ئەسپێكی بەزیوە لە ناو ڕایسێزی تەمتوومان
لە مەلەكووتی مندا، هەموو دێڕێ مانیفێستە بۆ دڵشكان
ئەوەی بەردەوام ئەبیسترێ هەر سەدایە
سەدای بێ وەڵامی ئینسان

(٦)

لە ناو مەلەکووتی مندا
ئاگر و ئەوین لە شەبەیخوونی ئەبەدین
وەهەم سەرمەشق و سوارە
وەهەمی گەیشتن بە لووتکە و ناخی زەمین

(٧)

لە ناو مەلەکووتی مندا، میتافۆڕ سوڵتانی کەونە
تابۆ دێڕێکی کەونارە
لەناو گۆزەی سپی شیعر

(٨)

لە ناو مەلەکووتی مندا
بای وا هەیە دارستانەکان ناناسێ
گەڕەک هەیە یۆتوپیایە، هەم دیارەو دیار نییە

(٩)

لە ناو مەلەکووتی مندا زێ هەیە لە دەریا ئەچێ
مرۆڤ هەیە لە نووسینەوەی کەوندا
لە ستوونە نادیارەکانی خوا ئەچێ
کچان ئاون لە شەبەقدا
گوڵەکانی مەریەم ساو ئەدەن
کتێب لە کوێ دەست پێبکا
ماناکان بۆ وێ تاو ئەدەن

## یۆتوپیا

کۆڵانێ لە هەموو کۆڵانەکان دوورتر، هەمیشە غەرقی تەم بووە
کۆڵانێ لە هەموو کۆڵانەکان نزیکتر، هەمیشە بارانی لێ ئەبارێ
کۆڵانێ لە پشتی هەموو کۆڵانەکانەوە، هەمیشە دەنگی گۆرانی لێ دێ
کۆڵانێ لە پێش هەموو کۆڵانەکانەوە، هەمیشە بەفر و زریانە
کۆڵانێ جوانتر لە هەموو کۆڵانەکانەوە، پڕ لە باڕ و سینەمایە
کۆڵانێ پیرتر لە هەموو کۆڵانەکانەوە، پڕ لە کتێب و چرایە
کۆڵانێ لە هەموو کۆڵانەکان گەورەتر، پڕە لە پیاوی بچووک
کۆڵانێ لە هەموو کۆڵانەکان بچووکتر، پڕە لە مناڵی گەورە
کۆڵانێ لە هەمو کۆڵانەکان بەرزتر، ئاسمان لەوێ یەکجار دوورە
کۆڵانێ لە هەموو کۆڵانەکان نەویتر،ئاسمان لەوێ زۆر نزیکە
کۆڵانێ لە هەموو کۆڵانەکان تەسکتر، دێوەکان بەوێ ڕەت ئەبن
کۆڵانێ لە هەموو کۆڵانەکان فراوانتر، جێی ئەوینی تیا نابێتەوە
کۆڵانێ لە هەمو کۆڵانەکان درێژتر، هەناسەی ئاشقەکانی کورتە
کۆڵانێ لە هەمو کۆڵانەکان کورتتر، سەدای شاعیرەکانی درێژ

ئا لەو کۆڵانەدا بوو دڵم بزر بوو، ئێستاش ئەو کۆڵانە بەو دڵە ئەژی
لەو کۆڵانەدا بوو فرمێسکم ڕژا، ئەو کۆڵانە لەو پرسەیە ئەژی
لەو کۆڵانەدابوو ئەوینم بە سەر بەردی دڵی کچێکا پڕژا،
کچە بوو بە داستان
بۆیە ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو کۆڵانە، تا ئەو ماڵە بدۆزمەوە
تا ئەو فرمێسکانە کۆکەمەوە، کە لە ئەوینی ئەودا ڕشتم
تا دڵەکەم بدۆزمەوە، کە وەکو گۆزە لێم شکا
بەڵام ئاخ ئەو کۆڵانە لە هەموو شوێنێ دوورترە، کاستێلیایە

# ژنێک لە وەچەی مانگ

فازیل شەورۆ
(کۆیە)

## بۆ ژنێک کە خۆشی دەوێم




کچە فریشتەیەک، ئەمشەو
چاوی ئاشتانەی هەڵبڕی و
هەناسەیەکی هەڵکێشا،
لەچاو چوو... مانگ،
ڕپ، تەوێڵی بە لووتکەی قەندیلا کێشا.
هەرچەندە زوو
هەر دوو باڵم بۆ واڵاکرد
هەر لێویێک و
یەک دوو پەنجە و
پارچە دڵێکی ئاوریشمی و
بسکۆڵە تریفەیەکم
پێ گیراوە!
یەکەم جارە
منی نەدیتەی سەرکزۆڵ
مانگ دەبینم لە باوەشێک
نیوە پشکۆ... نیوە سەهۆڵ.
سەرنجم دا:
نەخشی ئایەتی سەرلێوی،
تەفسیری سوورەتەکانی
ماچی لێوەکانی تۆیە.... ئەی یار
ختووکەی سەر پەنجەکانی،
بۆنوبەرامەی خەرمانەی
دەوری مەمکەکانی تۆیە.. ئەی یار
سەمای زیکری بسکۆڵانی،
گرتە دڵهەژێنەکانی
سیحری چاوەکانی تۆیە.. ئەی یار
جوانییەکانی پڕ میهری مانگ،
هەر کتومت
کۆپی جوانییەکانی تۆیە.. ئەی یار
تەنیا خورپەی دڵی نەبێ
لە ناڵە ناڵی فیراقی
دڵی شکاوی من دەچێ.. ئەی یار.

٢٠١٤/٥/٧

# ڕێگایێ پڕ لە گوتن

**کەریمۆک**




لەوێوە دێم
لە سەربانی ئەم هەموو خەونەوە
لە لووتکەی ئەم هەموو ئازارەوە
لەو کێوی پڕ لە قەهر و تووڕەیی و پەژارەوە
من....!
ئاه..... من
لەوێوە دێم و
وەک درەخت سەوزاییم لەبەر دەڕوا و
وەک دەریا شەپۆل لە ڕوحم دەخزێ و
وەک شەقام هەنگاو لەسەرم ون دەبێ
وەک عاشقیش ئەستێرە دەڕژێتە ناومەوە
دێم و...
وەک ئاو بەنێو لەپی ئەو بیابانەدا ڕۆدەچم
کە لەتێناندا خەندەی لە دەم زاوە
دێم و پەیامی ئاوم پێیە
بۆ ئەو چڵەنێرگزانەی
لە چاوەڕێی سەفەری شوومی بەهاردا
پێڵووی سیسیان وەنەوز دەدا
لەو سەرەوە دێم..
کاڵانی چاوەکانم
دەکەمە لیسی ئەو کۆترانەی
کە ئایندە بەدەنووک دەگوازنەوە
کە درزی ئاسمان بە گمە
دەدوورنەوە
ئەفسووس بەر لەهاتن
توورەکەی دڵ پڕ لەبەرد
پڕ لە نەخشەی وێران و
لە هەواڵی درۆزنانەی پڕ لە دەرد
دێم و دەمەوێ لەودیو مەرزی حەزەکانەوە
پەیڤێ لە قووڵایی نا ئاگاییەوە
بە گوێی ئەو گەڵایانە بچرپێنم
کە درەختەکانیان لەڕەگەوە بێ ئومێد کرد
من دۆستی ئەو تروسکاییانەم
بەکێوە بەرزەکانی خۆشبەختییەوە
جاڕی ناوشیاری پڕ لە ئاوەزیان دەدا

لەوێوە دێم..
وەلێ ئاگر و  شەڕ
پەپووی نەهامەتی و نەیاری
هاتنە بن باڵەکانی فڕین و
مژدەی تەنگبوونەوەی ئاسمان
شەقار شەقاری زەوییان ڕاگەیاندا
دێم.. دێم و دێم...
چۆڕێک ئاگر لە پەرێزی ئەم دڵە داگیرساوە
هەناسەیەکی دووکەڵاوی لەم سییە هەڵکراوە
بە کۆشێ خەم و ژانەوە دێم
بەسەر سەری ئارامی ئەو ئاسمانەوە تێدەپەڕم و
گەرەکمە پەنجەرەیەک
لەڕووی سنوورنەناسەکان بکەمەوە
ڕۆشناییەک لەتاریکستانی بێ ئومێدیدا هەڵکەم
لەوێوە دێم و دڵ و گیرفانم خاڵین لە شوناس
کەچی نازانم ئەو هەموو دیوارانە
لەنێوان ژیاندا چی دەکەن؟
دیواری دووری و دابڕان!
ناسنامەی ماڵ و نیشتمان!
ئەو قومرییە
لەو سەری گۆرانییەوە
نە ماڵی هەیە و نە شوناس
نە نیشتمان و نە دیوار
ئەوەتە بە دەریا دەڵێت هاوڕێ:
تەڕیەتیت باش کە لەنێو
قووڵایی خۆتدا هەندێ جار ڕق دەچنی و
جاریش هەیە گەرووی شیعرێ تەڕ دەکەی
جارێ جۆگەلەی خوێنین دەنێری و
جاریش لەبن لێوەکانتدا گوڵی میهرەبانی دەڕوێ
لەوێوە دێم...
ئەی ئەو باغانەی تا هەنووکە وەرزی خەزان
بەلاتاندا ڕەت نەبووە
فریای خۆ کەون
ڕۆژی ڕەشی بێ بڕوایی بەڕێوەیە
لەوێوە دێم ئارەزووی باوەشێک دەکەم لەگەڵا
لێو سەوزایی لێ بتکێ و
ماچ سێو بێ و
گۆرانیش هەتوانی هەمیشەی ئازار
ماندوو ماندوو لەوێوە دێم
تاسەی سێبەرێکم بە هەتاوم ئاشنا بکا
سەودای ئاوێکم لە ژێر ئەو چنارانەوە ڕاگوزەرێ و
لەگەڵ خۆی ڕاپێچم کا و بە هاوین بڵێ فێنک بەرەوە
ژیان مایەی ئەو هەموو هیلاکییە نییە!
لەوێوە دێم و
گەر مانایەک هەبێت بۆ ژیان
باس لەو پاسەوانە پیرە دەکات
کە بەدیار بێدەنگی خۆیەوە
بەدیار سووتانی خۆیەوە، دەمێکە مردووە
دەمێکە ڕوحی خۆی کردۆتە پەروانەی دەوری خەم
باس لەو چرایە دەکات کە لە تاریکیدا بۆخۆی دەگڕێ و
هۆن هۆن فرمێسکی تەزیو دەڕێژێ
لەوێوە دێم تا ئێستاش نەکەس دەمناسێ و
نە ئەدرەسم لە دەفتەری یادەوەری هیچ کەس هەیە
دێم و گەرەکمە بەو دنیایە ئاشنابم
کەجریوەی ئەستێرەکان لەتاریکی شەودا
مانیفێستی جوانی دەنووسنەوە
هەمیشە هاتن لەوێوە
ئەوێی ئاسمانێک لەعاتیفەی کاڵ و
دەریایەک لەهێمنی شەپۆل
بۆ ئێرە
ئێرەی کە کەس نابێت بۆ مردنی خۆی بگری و
نەفرەت لە ئێستا و باس لەجریوەی بەیانی بکات
لەوێوە دێم
کراسێک لە ڕۆشناییم لەبەردایە و
لە پێچی پەنجەکانمەوە
جگەرەیەک حیکایەتی دووکەڵ دەنووسێتەوە
من بە خەیاڵی ئەو دووکەڵە مەست دەبم
دێم...
گەرەکمە بەو پێدەشتە بگەم
کە ئازاری قریوەیە و
برینەکانی ئەوەندە بەسوێ نین
دێم و کە گەیشتمە جێ:
کراسەکەم و جگەرە و چاویلکەکەم
دواجاریش کەلاشووشەی چاوەکانم
سەرجەم شتەکانم..
دەبەخشمە ئێوە...

# هەبوون و تونەبوون

**خەجێ ئۆمەری**
**(نسێبین)**

ب باوەڕ زینا با رە هێلینا ل سەرێ دارا بەڕوویێ
ب فڕێ کەتم خەونێن مە یێن باسکۆکری
ڤیڕینێن ژ تینا کەتی...
ل سەر ڕووبارێن چیکیایی ل هەڤ دجڤن
ژ هەلکە هەلکا گیانا مە یا وەستیایی
مورخێن شینێ بەلاڤ دبن ل سەر دارستانا شەوتی
ستەمبارن تەیر و توور
بێ جی و بێ وارن دەنگبێژ، فافکن ئیرۆ
د دیوانخانەیێن خربە دە ڤەشری مان
مەسەلۆک و خەمشۆک.
د حەقیبا دیرۆکێ دە لێنووسکا ڤەدەغەیە هەبوون
سەری هلدایە پێنووسا لال
ڤەدشرە ڕابردوویێ
دنەقشینە گیزێ بووکێ
دناهورینە کلامێن زەینیکێ
لێ ناڤەدینە.
ناڤەدە سترانا لەبەنگێن ڕاپەڕینا هەبوونێ
ناڤەدە کۆچا کو بێ وەخت د دلێ ئاخێ دە دسەردێ
ڤایە هەجهەجیکێن زارۆکاتیا مە ژی ب فڕێ کەتن
و سلاڤان ل خەونێن مە دکن



**شاعرا پەیڤ نازک خەجێ ئۆمەری ل سالا ١٩٨٤ێ ل نسێبینێ ژدایکبوویە، بەرهەمێن خوە د کۆڤار و ڕۆژنامەیان دە بەلاڤ دکە. ئەڤ هەلبەستا وێ ژی ژ پەرتووکا (فیغانا پێنووسێن نازک – ئانتۆلۆژیا هەلبەستا کوردی یا نووژەن) ڕووپەل (١٠٥) هاتیە وەرگرتن. هەژییە بێژین کو ئەڤ پەرتووکە ژ ئامادەکرنا (ئەڤین شکاکی)یە و چاپا وێ یا یەکەم ل سالا ٢٠١٢ ێ ل ئامەدێ چاپ و بەلاڤبوویە.**

**(ڕامان)**

# خەونی هەمیشەییم

**پۆول ڤێرلین**
**لە فەرەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی**
**(سویسرا)**

بەردەوام من ئەم خەونە سەیر و قووڵە دەبینم
خەونی ژنێکی نەناسراو، کە خۆشم دەویٛ، خۆشی دەوێم
کە نیٛ، هەموو جاریٛ، نە ڕێک وەک خۆی
نە ڕێک یەکێکی تر و خۆشی دەوێم و تێم دەگا.

چونکە ئەو تێم دەگا و دڵم، ڕوون و زەلال
تەنیا بۆ ئەو، جەغار! با گرفتت ببڕێتەوە
بۆ ئەو تەنیا، گۆنای خوساو و ڕەنگ بزڕکاوی من
تەنیا ئەوە، ئەوە دەزانیٛ بە ڕۆندک تەڕ دەبێتەوە.

گەلۆ مۆرە، گەنم ڕەنگە، یان سوورکارە؟ – نازانم ئەز
ناوی؟ بە بیرم دیٛ ناوێکە خۆش و گویٛ بزوێن
وەک ناوی دڵدارەکانی ژیانێکی ون.

نیگای چەشنی نیگای پەیکەرەکان
دەنگیشی، کە دووردەست، بەهەند و هێمنە
زایەڵەی ئەو دەنگە ئازیزانەی کە بێدەنگ بوون.

❊❊❊

**باران بە هێمنی بە سەر شاردا دەباریٛ**

**ئارتۆر ڕامبۆ**

دەگری لە نێو دڵما
وەک چۆن دەباریٛ بە سەر شاردا،
چییە ئاخۆ ئەم خەفەتە
کە قووڵ دەچێتە نێو دڵما؟

هۆ دەنگی نیانی باران
لە سەر عەرز و سەربانەکان!



بۆ دڵێکی تەنگ و گیراو،
هۆ ئاواز، هۆ چرپەی باران!

دەگری بە بێ بیانوو
لە نێو ئەم دڵە جاڕزە.
چلۆن! بێ هیچ خیانەتێک؟
ئەم ماتەمە بێ بیانووە.

گەورەترین ئازارە وا
نەزانی بۆچ، چما،
بێ خۆشەویستی، بێ کین،
دڵم هێندە پڕە لە دەرد!

***

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**پۆول ڤێرلێن (Paul Verlaine)، شاعیری ناسراوی فەڕەنسی، ساڵی ١٨٤٤ لە شاری مێتس لە باکووری فەڕەنسا لە دایک بووە. ساڵی ١٨٥١، لە پاریس نیشتەجێ بووە. ساڵی ١٨٦٦، لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا، یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە.**

**ڤێرلێن یەکێکە لە سیما سەمبۆلیستەکانی ئەدەبیاتی فەڕەنساو یەکێک بووە لەو کەسانەی پشتیوانیی لە کۆموونی پاریس کردووە. ساڵی ١٨٧١، ئارتۆر رامبۆی شاعیری ناسیوە، ئەمەش بووەتە دەسپێکی پێوەندییەکی تایبەت، عاشقانە و پڕ فراز و نشێو لە نێوان ئەو دوو شاعیرەدا کە دواجار بەشێوەیەکی ناخۆش کۆتایی هاتووە. ساڵی ١٨٧٣، ڤێرلێن تەقە لە ڕامبۆ دەکات و برینداری دەکات. دوای ئەم ڕووداوە، دەگیرێ و دەخرێتە گرتووخانەوە. لە گرتووخانە، ڤێرلێن لە ژنەکەی جیا دەبێتەوە و چوار ساڵ دواتر، ئازاد دەبێ.**

**ڤێرلێن لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا، گیرۆدەی مادده سڕکەرەکان و ئەلکهول بووە و ساڵی ١٨٩٦، لەوپەڕی هەژاری و تەنگدەستیدا، لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.**

**ئەم دوو شیعرەی پۆول ڤێرلێن لە کتێبی:**

**(Poèmes saturniens,1866) و کۆمەڵە شیعری (Romances sans paroles, 1874) دا چاپ بوون.**



# سووتمانی ئاو و ئەوین

**بریا کاکەسووری**
**(بۆکان)**

هەر یەک لە لایەکەوە بیر لە قسەی ناو تەلەفۆنی یەکتر دەکەنەوە
"بەڕاستی منیش دەزانم ناوەختە. ئەرێ سەعات...! شەرمەزارم دکتۆرگیان! بە خودا ناچار بووم... لەم دنیا بەرینەدا تەنیا و تەنیا دایکە پیرێک شک دەبەم... بۆ خاتری خودا فریام کەوە.."
ئەو چەند وشەیەی ئاخری بە گریانەوە کوتبوو.
"مەگری خانم گیان، مەگری! ئا بەم نیوە شەوە... مەگری ئێستا کەی وەختی...
بەستە سیغارەکەی لە گیرفان دەردێنێ، بە ئاستەمێک دەیلەرێنێ هەتا قوونی چەند دانەیەک دێنە دەرێ، دەست بۆ لای ئەو ڕادەدێرێ: فەرموو سیغارێک داگیرسێنە دکتۆرگیان.
بە خێسە و ناقایلییەوە دەست دەبا دانەیەک دەردێنێ و دیسان قسەکانی ئەوی بیر دێتەوە "قەیرە کچێکی بێ کەس، تەنیا پیرە دایکێک شک ببا، شایەد بڕوا نەکەی دکتۆر ئەمنی لێ قەوماو چم کردایە، ئەمن وەک جێگای هومێدێک پەنام بۆ هێناوی."
خۆشی بە ئەسپایی دانەیەک دەردێنێ و دەیخاتە بەر شووشەکە. فەندەکەکەی بۆ لای درێژ دەکا و لە بن سیغارەکەیدا هەڵی دەکا. دەیەوێ هەرچۆنێک بووە وەقسەی بێنێ. مژێک لە سیغارەکەی دەدا، لە لێوی دەکاتەوە و بە ناقایلییەوە دەستخۆشانەیەکی پێ دەڵێ؛ ئەم سەری بۆ لای وەردەسووڕێنێ و بە گەرمی وڵامی دەداتەوە. ئەو دیسان بیر لە قسەکانی دەکاتەوە "هەوەڵ خودایە و دواییش تۆی دکتۆرگیان. من لێ قەوماوی خێروخێرات و ئەمانە نیم؛ من تەنیا دایکە پیرێکم هەیە کە حازرم بۆ چاککردنەوەی ئەوەندەی حەز بکەی..."
مژێکی دوورودرێژ لە سیغارەکە دەدا، سەری بۆ لای شووشەی درگاکە وەردەسووڕێنێ، بە ئەسپایی دووکەڵەکەی

دەداتە دەرێ و ئەم دەیەوێ بڵێ: خۆتان و خودای خۆتان تەنیا کورتە ساتێک خۆتان بنێنە جێگای پیرە کچێکی بێ کـەس و چارەڕەش، لەگـەڵ دایکێکی پیـردا و لەماڵێکی چۆڵوهۆڵ و... ئەو دێتەوە بیری بە دەم گریانەوە پاڕابۆوە ئا...خ! مەگەر ئێستا تۆ خۆشەویستت نییە کە حازری تەواوی بوون و نەبوونتی بە قوربان کەی؟

مژێ لە سیغارەکە دەدا، جوابی دابۆوە "نەخێر، ئێوە بـوورن خـانم گیـان پێـویست بە تکاو ڕجا ناکـا. ئێوە دەتوانن تەلەفـۆن بۆ زۆر جـێگای دیکە بکەن و داوای یارمەتی بکەن."

مژێکی تر لە سیغارەکەی دەدا، بە تووڕەییەوە دەنگی بەرز کردبۆوە "خانم دەڵێی تۆ مانای ژیان فێر نەبووی! بە من چی تۆ کـێی! پیـری و جـەوانی تۆ بە من چی! ئەو سەرەکەی دایکی تۆش وەک دایکی هەموو کەسێکی تر دەمرێ؛ ئیدی خۆ من کافر نەبووم بوومەتە دکتۆر."

مـوچڕکەی خەمـێک بە دڵیـا دێ؛ دەکـەوێتـەوە بیـری خێزانی، چەندە بە وەڕەزییەوە کوتبووی "ئا...هـ..تۆش! قـەت ئیشـەڵڵا ئەم ژانە ژین نییە دکتۆر! ئەوە لە ڕۆژمـان و ئەمەش لە شەومان!"

دیسـان بڕێک نا، زۆریش لەم تووڕە ببۆوە بە گـریانەوە جوابی دابۆوە "من ئەمانە هەمووی دەزانم، بەڵام بڕوا بکە من کەسێکی لێ قەوماوم. من بەدڵ و گیان هەر کاتێ تۆ دەفەرمووی باوەشێک گوڵ بێنم و بێمە خزمەتیان. حازرم بۆ ئەم یەک جارە کە مێردەکەیانم لێ دوور خستـۆتەوە بەدڵ و بەگیـان کەوشەکـانی ماچ کەم! بەڵام هەتا وەخت درەنگ نەبووە فـریام کـەوە دکـتـۆر... هەتا ئەو دایکە خۆشەویستەم..."

جـوابی دابۆوە "مەگـری ئیشـەڵڵا تا بەیانی هیـچی لێ نایە دەنا بیگەیەنە نەخۆشخانە.."

یەک بەخۆی گریابوو "بۆ خاتری خودا دکتۆر! من تەنیا و تەنیا دایکێکی پیرم هەیە بۆ خاتری خودا فریام کەوە چۆن نەگـریم دکتـۆر؟ نەخۆشـخانەی چی! وەڵڵاهی کاری نەخۆشخـانە نییە! ئەتۆ تەنیا چرکەساتێک وەرە جێگای من، جا بزانە دەڵێم چی. ئەمن بەم درەنگ وەختە هەوای نـاوبـاوشی پیـــــاوێک لە کـــــەللەی نەداوم، ئـەمن قەیرەکچێکی بێ کەس و چارەڕەشم... تەنیا ئەو دایکەم هەیە دکتۆر..."

هەروا بەدەم گـریانەوە بۆ ئەوەی وەقسـەی بێنێ و لە دەس ئەو بێ دەنگییـە نەجاتی بێ، چاوێکی لێ دەکا و دەیەوێ ئەو تووڕەییـەی لەسـەر لاببـا: دڵنیـابە قـەرەبووی دەکەمەوە دکتۆرگیـان. کـاری خودایە دەنا بۆ ڕاست دەبێ ئابەم نـاوەخـتــە دایکی من دووچاری نەخـۆشـــینێکی ئاوابێ...

بە تووڕەیی و تەوسەوە دەڵێ: سەعاتەکەت چەندە!

دەیەوێ بیـخـافڵـێنێ و هەر نەبووە هەتا دەگـەنە مـاڵێ وەقسەی بێنی: سەعاتی چی دکتۆر ئەوەندە شەرمەزارتم مـــەگـــەر خـــودا بزانـێ، بەڵام دەڵێم ڕەنگە زەرەریشت نەکــردبێ، دایکم نەخـــۆشـــینێکی زۆر ســەیری هەیە، هەرچەند ئەمــەم بەلاوە نەدرکـاندووی لە ئێـوارەوە چەند کـەسی کـەم هێناوەتە سـەر؛ ئەوەی ڕاست بێ بە جـیـا جیاش هەموویان ڕایان وابوو، ئەگەر تۆ فریای نەکەوی، بە کەس چاک نابێتەوە، ڕەنگە سەیرترین نەخۆشێک بێ تاکو ئێـستـا دیوتە، یان ڕەنگە لەمەودواش نەخـۆشی وا کەم ببینی. ڕەنگە هەتا لە نیزیکەوە نەیبینێ بڕوا نەکەن.

– کوتم سەعاتەکەت چەندە

– ئا... ی... ببـــوورە دەڵێی...، نزیک یاز...دە... نە دواز... چاوم چاک نایبینێ... بڕێکی ماوە بۆ دوازدە دکتۆر...

هاتە دەسی کـە ڕەنگە بەو زووانە نەرم نەبێ. دیســان تێی هەڵکردەوە لە ڕووم هەڵنایە باسی پووڵ بکەم، بەڵام دڵنیابە ئەگەر دایکم لەم دەردە ڕزگار بێ...

– ئەی بڵێی کەسێ بێ من لەم سەرئێشەیە ڕزگار کات خانمی بەڕێز؟! یان ئەوەش کە دەبوو ئێـسـتـا لە غـوڕابی خەودا بوایەم؟

خۆشییەک دەکەوێتە دڵییەوە بۆ ئەوەی ئاخری خەریکە ئەو هەموو تووڕەیی و تەوس و توانجە کۆتایی پێدێ، بە بزەیەکـــەوە پێی دەڵێ: بە گـــەورەیی خـــۆت ببـــوورە دکتۆرگیـان! دەزانم چاک کردنەوەی نەخۆشێ بە بڕوای من گـەورەترین لەزەتی تێـدایە، دڵنیـام تۆ و ڕەنگە زۆربەی دکـتـۆرە خـۆشـەویسـتـەکـانی ئێـمـە لە خـۆوە ئەم ڕێگا گەورەیەتان هەڵنەبژاردووە.. من دڵم بە دایکم زۆرخۆشە یانی لێم ئایەنە بێ...

– خوا لێتی نەستێنێ.

– هەر کـەسێ خـۆشـەویسـتـێکی هەیە، دکـتـۆر زۆر سـپـاس. هەرکـەس دڵی بە شـتـێک خـۆشـە، دەزانم تۆش خۆشـەویسـتـێکت هەیە کـە حـازر نی بە تەواوی دنیـای بدەی!

– نەگەیشتینێ؟

ئەمەی هێندە هێمنانە کوت کە دیار بوو لە چاو دوایی زۆری فـەرق کـردووە، هەر بۆیە ئەم گـەیشـتـە ئەوپەڕی خۆشحاڵی و بە پێکەنینەوە کوتی: ئەم شەقامەیە. هەر دڵەخورپەی ئەوەمە کە نەکا دایکم وەهۆش هاتبێـتەوە و

بانگی منی کردبێ. کاری خودا سەیر نییە زۆر کەس لە مەرگەوە.. ببوورن دەبێ ئا لەم تاریکاییەوە بڕۆین. هۆو چرابرقەیە چ خۆش دەبوو و دەمی پێ و قەدەمی تۆ ئێستا بێ درگـاکـەمـان بۆ بکاتەوە، یان بە دەنگی درگـا ڕاچەنیبایە و بهاتبایەتە سەر پێپلیکانەکان بە دەنگی بەرز بەخێرهاتنی بکردایەی... ئێرە کۆلانێکی چۆڵە، پێم وایە ماشێنەکە بەرینە حەوشە باشترە... تازە تۆ دامەبەزە با درگاکەت بۆ هەڵگرم...

ماشێنەکە ڕوو بە درگایەک ڕادەگرێ و ئەو دادەبەزێ؛ ئەم لە ناوەوە سـەری دادەنەوێنێ تا لەسـەر دیواری حەوشـەکەوە تەمـاشـای مـاڵەکـە بکات. لەبەر تاریکی شـتـێکی وای نایەتە بەرچاو. درگـاکـە دەکـاتەوە، لە درگاشەوە هەر هیچ دیار نییە، ئەو بە خێرایی دێتەوە بەر شووشەکەی لای ئەم: ئەوەندە شەرمەندەتم دکتۆر مەگەر خودا بزانێ، نازانم ئەمە ناو بنێم چی، جاری وایە دەڵێن قسمەت! ناوچاوان... فەرموو... !

بەدەم ئەو قسـانەوە بەرەو ژوورێ دەندەی مـاشـێنەکـە دەگۆڕێ. بە دوویدا دەچێتە حەوشە و دیسان بەرەو لای درگاکەی دەچێ: من دڵەخورپەی ئەوەمە کە نەکا وەهۆش هاتبێتەوە و بانگی منی کردبێ. فەرموو وەرە خوارێ... دکتۆرگیان...

لەگەڵ هاتنە خوارێیـەوە کـاری خـودا سـەیر نـیـیـە زۆر کەس لە مەرگەوە..

دێتە خوارێ چاوێک بە دەوروبەریدا دەگێڕێ. تەقەیەک لە دواوە دێ، ئاوڕ دەداتەوە ئەوە خـەریکی درگـاکـەیە دیسـان نیگای دەباتەوە ناو دارەکـان، دەیان کـووچە باغ لەو ڕووناکییە کەمەوە خۆیان کردووە بە ناو ئەو تاریکی و ئەنگوسـتـەچاوەدا. بێ دەنگـیـیـەکی سـەیر و ئەفسووناوی. بڕێک خـۆی دادەنەوێنێ بزانێ مـاڵەکـە لە کـوێدایە، بەڵام هیـچ دیار نیـیـە لەو کـاتەدا دەنگی ئەو تەزوویەکی هێـمنی پێـدادێنێ: مـاڵی ئێـمـە هەر من و دایکمین. فـەرمـوو دکـتـۆرگـیـان... ئەو کـیـفـەشت بدە بە من. فەرموو دەی... ئا لێرەوە.. ماڵێکی چۆڵوهۆڵە..

ڕەنگە ئەگـەر ژن، یان بە قـەولی خـۆی قـەیرە کـچـێک نەبوایە، یەگـجـار زۆر بتـرسـایە، بەڵام ئەوە ترسـەکـەی دەشکێنێـتـەوە کـووچەباغـێکی تاریک و بێ دەنگ. لە دواوە قسە دەکا و ئەم سەدان پرسیاری بێ جواب لە خۆی دەکا.

دیوارێک وەدیار دەکـەوێ. هەرچی نـزیـک دەبـنـەوە ماڵەکە زیاتر دەردەکەوێ؛ بەرز و تاریک. گڵۆپێکی کز سـەر پێـپلیکانەکـانی ڕووناک کـردووە و تەنیـا پەنجەرەیەکیش نییە شەوقێکی لێوە بێت. دیسانەوە لە گێژاوی دەردێنێتەوە "ماڵێکی چۆڵوهۆڵە.. دامنەخستووە فـەرمـوون کـەوشـەکـانت بەرە سـەرێ. هەر ڕاست بڕۆ دکتۆرگیان...

خۆشی دەست دەنێ بە کلیلی گڵۆپی ڕێڕەوەکەدا، دوای هێندێک دەگـەن بە وێنەیەکی گـەورە، ئەوەی ئەو ڕووبەڕووە وێنەی باوکمە.. فەرموو دەی... هەر مەرگی باوکم دایکمی ئاوا لێ کرد.

بە ترس و دوودڵیـیـەوە چاو بە وڵاتدا دەگـێـڕێ، کـە ئێـسـتـا نا ئێـسـتـا نەخـۆشەکە دەبینێ. ئاخری دەگەن بە دیوێکی گەورە ئەی نەخۆشەکە کوا؟ کوتت دایکتە؟

- بە سەرچاو دکـتـۆرگـیـان دانیشە جاری وایە لیباس لەبەر خۆیدا ناهێڵێ، با جارێ چاییەکتان بۆ بێنم...

- چایی هەڵگرە بۆ دوایی...

- سەماوەرەکە هەمیشە حازرە دکتۆر...

خـوڵـکی دەکـا هەتا لەسـەر ڕاحەتـیـیـەکـان دانیـشێ، دادەنیـشێ و ئەویش بە پەلە خـۆ دەکـا بە دیوێکدا؛ دڵی جـــۆرێکە هەست دەکــا ڕازێک هەیە و وەک داوی جـاڵجـاڵۆکـە بە دەوریدا پێچ دەخوا. چاوێکی خـێـرا بە وڵاتدا دەگێڕێ. هێندێک ڕۆژنامە کۆن لەوێن، دەس دەبا چەند پەڕێک دێنێ. ئەم بارە و بارێکیـان دەکـا. چاوێک لە درگـای دیوەکـانی دی دەکـا. شـتـێکی ئاشنای نـایەتە بەرچاو. بە دوو چایەوە دەگەڕێتەوە

- لە چایی گەڕێ دایکت کوا؟

زۆر بە مـتـمـانە نۆبەی ئەویش دێ دکـتـۆرگـیـان... لە دوای مردنی باوکم ئێوە یەکەم پیاون تەشریفتان هێناوەتە ئەم مـاڵە تەمـاشـاکـە چەندە مـاڵێکی چۆڵوهۆڵ و بێ چرپەیە.

تێ دەگـا ئەو داو و دڵەخـورپەیە هەر ئەو کپ و بێ دەنگییەیە.

- ئەوەندەی توانیـومـە داروديوارم ڕازاندۆتەوە. بڕوا بکە زیاتریش لەبەر دڵی دایکمە.. هۆوە وێنەی جحێڵی دایکمـە و ئەوەش خـۆمم. ئەوەی پەناشـمەوە ڕاگـایە، لە هیندسـتـان مامـۆسـتـام بوو. هیـچی وەک من دەچێ؟... دەی ڕۆژگــارە دکــتــۆر کێ وەک خــۆی دەمــێنێ. ئەو سەردەمایە.. ببوورن چاییەکەت سارد نەبێتەوە..

خۆی دەستێک لە قەدی ئیسکانەکە دەدا.

- نا، باشە بۆ خواردن دەبێ.

وەک بیـر لە شـتـێک بکاتەوە بێ دەنگ دەبێ. دکـتـۆر سـەر هەڵدێنێ. خـۆی بە ئیـسـکانە چایەکـەوە خـەریک کـردووە. دەزانێ وانیـیـە، دێ شـتـێک بڵێ هیـچی بۆ

ناکوترێ.
– ئەو سەردەمایە لە دایکم دوور بووم. ئەوەی پشتیشەوە هەر منم. ئەوەیان خەریکی ودم وەرگرتنم.
– سەعات چەندە
– مالّی سەعاتم کاول کرد دکتۆر، هەر ئەم چرکە چرکەیە پیاو پیر دەکا.
لەگەڵ ئەو قسانە دەستی بۆ سەرێ دێنێ و تەماشای سەعات دەکات.
– تازە دوازدە و برێکە، ئەگەر بێ تاقەتی با ئەو پەنجەرانە بکەمەوە
– نا، خراپ نیم... نەخۆشی دایکت چییە؟ چۆنە؟ زۆرتر کوێی دێشێ؟
– ئەگەر ڕاستت بوێ سەربردەی دایکم برێک قوولّە کاتێ من لە هیندستان بووم، کابرایەکی لێ بوو نەخۆشینێکی زۆر سەیری هەبوو؛ سەیرترین شتێک لەوێ دیتم نەخۆشی ئەو پیاوە بوو. کاتێ هاتمەوە ڕۆژێک هەر لە خۆوە ئەوەم بۆ دایکم گێڕاوە.
– دایکت لە کام دیوە؟ هەستە با تەماشایەکی بکەم.
هەستی کرد بەو قسەیە گۆڕا. گۆڕانێکی وا دەم و دەست، کە ئەم خۆشی پێی تێکچوو. بە دڵنیا هات کە ڕەنگە نەخۆشەکە هەر خۆی بێ.
– من دەزانم سەدان شتت دیوە کە من بە خەونیش نایبینم، دیارە تۆ لە من...
– پێم خۆشە هەرچی زووتر چاوم بە نەخۆشەکە بکەوێ. بە پەلەم. نیوەشەوە...
ئەم قسەی وا کرد بزانێ دیسان دەگۆڕێت، یان نا. وەک هورووژمێکی سەرئێشە رووی تێ کردبێ، سەری خستە ناو لەپی هەردوو دەستییەوە، برێک لەو حالّەدا ماوە سەری هەڵهێناوە و ڕاست چاوی برییە چاوی. ئاخێکی هەڵکێشا: ئێوە پێتان وایە هۆو وێنەیە هی چەند ساڵ لەمەوبەری دایکمە؟ ئەم قسانە هەموو ڕاستەوخۆ دەچنەوە سەر نەخۆشییەکەی ئەو؛ تەنانەت هەتا ئێستاش هەرچی کوتوومە هەمووی پێوەندی ڕاستەوخۆی بەوەوە هەیە! وێنەی پارەکەیەتی. تۆ بیهێنە بەرچاوت بزانە چەندە شۆخوشەنگ بووە. بە بڕوای من ئەو زۆر لە باوکم ڕێکوپێکتر و جوانتر بوو، بەڵام دایکم هەمیشە دەیکوت وێنەی من زۆرە، باوکت پیاوێکی کەم وێنە نا! بەڵکو بێ وێنەیە سیمایەکی زۆر تووڕە و تۆسنی هەبوو، بەڵام بە قەد نیوەی عالەم میهرەبان بوو. هەر لەم ماڵەڕا بزانە چەندە بلیمەت و زانا بووە، تۆ بزانە سریوە دێ. لەم لاشەوە وانەزانی دایکم نەخۆشێکی بێ دەنگ و هەرایە، بڕوا بکە دایم و دەرهەم پڕ بەم ماڵە دەقیژێنێ، بەڵام چونکە باوکم ڕقی دنیای لە دەنگ و هەرا و زەنا بوو، ئێرەی وا دروست کردووە سریوە نەیەت. ڕەنگە هەر بڕوا نەکەیت باوکم چەندە ئاشقی بێ دەنگی بوو.
لە ژێرەوە چاو بە دار و دیواردا دەگێڕێ و بیر لە قسەکانی دەکاتەوە، برێکیش وەڕەز بووە.
– دەستتان خۆش. من ئیدی وەڕەز بووم، نیوەشەوە ماندووم، ئەگەر دەکرێ دیدەنییەکی دایکت بکەم، دەنا من بۆ ئەم قسانە نەهاتووم.
– ئەم قسانە زۆریش بێ کەڵک نین، ئەگەر وات پێ خۆشە با وابێ...
هێندە بە پەلە ئەو قسەیە دەکا ئەم دەخاتە پەشیمانییەوە، لەبەر ئەوەی دەزانێ تووڕە بووە، تازە بۆ ئەوەش نابێ خاوی کاتەوە، چونکە خەریکە دەگاتە سەر پێپلیکانەکانی وا بەرەو سەرێ دەچێ. دەڕوا و ئەم بۆ یەکەم جار و بێ ئەوەی ئاگای لێ بووبێ، سەرنج دەداتە ئەندامی. هەست دەکا بە ئاستەم تینێکی تێدایە هەیکەل و ئەندامێکی نیوە پوواو. برێک بە ئاسوودەییەوە سەری بۆ دواوە وەردەسووڕێنێ، بزانێ پشتەوە چییە، چۆنە. لە چەند تابلۆ و وێنەی پیاوێک زیاتر چی نایەتە بەرچاو. لە یەکێ لە تابلۆکان دەفکرێ. دوای تاوێک لە سەرێوە دەنگی درگایەک دێ، سەرنجێکی پێپلیکان دەدا، هەوەڵ پێیەک و دوایەش دووپێ و ئەوسا بە هێمنی وەدیار دەکەوێ. لە پێشیشەوە دوو مەمکی پووچاو کە بەحاڵ دەلەرێنەوە، بەڵام کێل گەردن. نزیکتر دەبێتەوە چاو پڕ لە فرمێسک و شێواو. دێتە پێشێ و بە وەڕەزییەوە خۆی دەهاوێتە سەر ڕاحەتییەک.
– کارێکی کردووە هەر مەپرسە ئاخ دکتۆر من چەندە بەدبەختم... وەئاگا هاتۆتەوە و خۆی لە سەهۆڵ گرتووە. ئەگەر دەتوانی برێکی دیش ڕاوەستێ. خۆی ڕووتوقووت کردۆتەوە. ناوچاوانی دەخاتە سەر پەنجەی و دەیدا لە قولپەی گریان. ئەم هەرچەند پێی وا نییە کە ئاوا بە زوویی حالّی بگۆڕدرێ، بەڵام هەست دەکا بەو دیمەنە تێکچووە.
– نەمدەزانی ئەوەندە دڵ ناسک بی، ڕەنگە زۆر ماڵ وەک ئێرە نەخۆشی تێدابێ. کە تۆ چووبوویتە سەرێ، من بیرم لە بێ دەنگی پڕ لە ئەفسوونی ئەم ماڵە دەکردەوە. حەز دەکەم برێکی دی باسی باوکت بکەی.
بە برێک شەرمەوە هەڵدەستێ کەشەفەی ئیسکانەکان هەڵدەگرێ. بەدەم ڕێوە و هەروا بە دڵ پرییەوە ببوورە دکتۆر... بەڕاستی من هەر لە تەرکەندە بەدبەخت بووم.

دیسان لە دواوە سەرنجێکی تری دەداتێ. تەواو دڵی بۆی دەسووتێ. یەکێ لە درگاکان دەکاتەوە دەچێتە ئەودیو. بیری دەڕوا بۆ ئەوەی بزانێ چەند درگا لەسەر ئەو هاڵەیە بەلای ڕاستا درگای شەش و حەوتی دەبژارد کە بە دەنگی درگاکەدا زانی گەڕاوە کەشەفی چاییەکان لەسەر دەست و دیارە سەروچاویشی شتووە لەگەڵ ئەوەی چاییەکان دادەنێ: بەڕاستی ئەم شەو تۆشمان خستە زەحمەتەوە دکتۆر. یەکێ لەو شتانەی وا منی پیر کرد هەر ئەم ئەفسوونە بوو. ببوورە دکتۆر... ئەگەر دەزانی زۆر ماندووی با بتگەیەنمەوە، دەنا ئیشەڵڵا ئەگەر خودا کردی و دایکم نەمرد کارێک دەکەم کە ماندوویت دەرچێ. ئەم چاییە بخۆین و چاوێک بەو دیوانەدا بگێڕە، ڕەنگە ئێرە شتی هێندە سەیری تێدابێ، قەتت لە بیر نەچێتەوە، سەر هەڵدێنێ و چاوێک لە دکتۆر دەکا. سەری کردۆتە سەر دەستی ڕاستی و لەم فکریوە.

– یەکێ لەو شتانە ڕوحی پیرۆزی باوکمە کە هەمیشە بەم ناو بێ دەنگییەدا دێ و دەچێ و کاری بە هیچ نییە، چەند جار بە دزی و بە ئاشکرا لە دایکمم پرسیوە ئەمە چۆنە؟ زیادە لە مردووی هەموو عالەم بەو مەلافە سپییەوە..

ئیستێ دەگرێ، دەڵێی نیگای دکتۆر دەگۆڕێ، وەک ئەوەی بڕوا بەو قسانە نەکا و خەریکە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە، یان خۆی خودی نەخۆشەکەیە، یان خۆشی نەخۆشە، هەر بۆیە دەکەوێتە بیری ئەوەی پێشاوبڕێکی بداتەوە ئەتۆ زەنگت لێدا دایکت لە حاڵێکی زۆر خراپدایە و داوای یارمەتیت کرد، کەچی ئێستا ئەوەی لە ئارادا نەبێ دایکتە ئێستا ڕوحی باوکت...

– دەزانم ئێستا وادەزانی ڕەنگە من تەواو نەبم. هەقتە چونکە خۆشم دەزانم کە هێندە سەر لێ شێواوم نازانم دەڵێم چی. ڕەنگە درۆم بۆ نەکردبێتی، بەڵام دەڵێی لە ڕاستیش ناچن.

لە قوڵپەی گریان دەداتەوە، هەڵدەستێ بە ئەسپایی باوش دەکا بە لاقیدا و بەردەبێتە ماچ کردنی: من دڵنیام و دەمی پێ و قەدەمی تۆیە وا دایکم ئاوا بێ دەنگ بووە. لەبەر تەنیایی و بێ کەسی منیش بووە بڕێکی دیکە ڕاوەستە.

سەروپێچکی ئاڵۆزاوی هەڵدێنێ، لەگەڵ ئەوەی چاوی سوور و بە خوڕ فرمێسکی پێدادێ دەپاڕێتەوە: تۆ خودات دکتۆرگیان تازە بڕێکی کەش بەدیار دەردی منەوە دانیشە.

پەلامار دەداتە دەستی و بەردەبێتە ماچ کردنی. دکتۆر بڕێک خۆف دەیگرێ، "نەکا شێت بێ؟"

بڕێکی تێ دەفکرێ و بۆ هێندێک تەواو دەچێتە خەیاڵەوە، کە وەئاگا دێتەوە، شێتانە دەستی ماچ دەکا و بەدەم گریانەوە دەقیژێنێ: ئاخ دکتۆر! بۆ خاتری خودا دیقم کرد، پرووکام! هەتا... هەتا نهۆمی سەرێ بچین. ئاخ دڵم تۆقی دکتۆرگیان! باشە من بۆ ئەوەندە بەدبەختم؟

وا گێژ دەبێ خۆشی نازانێ چ بکا. ئەوەندە دەزانێ لەبەر درگای دیوێکدا ڕاوەستاون. دەگری و دەست بە درگاکەدا دێنێ: ئەم دیوە ڕوحە پیرۆزەکەی باوکمی تێدا نوستووە، کە دایکم دەیکوت بۆیە ناڕوا ئەم بێ دەنگییەی لەگەڵ خودا سەودا کردووە، ئەویش بە بەهەشتی خودای گۆڕیوەتەوە. بزانە باوکم مرۆیەکی چەندە مەزن بووە لەگەڵ خودا سات و سەودای بووە. ئای خوداگیان بێ دەنگی ئەم ماڵە جاری وایە ئەوەندە خەست دەبێتەوە پیاو دڵی وەئاڵۆش دەکەوێ دکتۆر. ڕەنگە.. بەڕاستی سەیرە بۆ یەکەم جار لەگەڵ پیاوێک ببینێ زۆر دڵشاد بێ...

لە نەکاو ئاوڕ دەداتەوە، لە ناو ئەو گریانەوە دەست دەکا بە پێکەنین و بە هێمنی دەڵێ: باوکم چاک دەزانێ من کێم، قەیرە کچێکی بێ ناز و باز. بۆچی بێ ناز؟ تەماشای ئەم قەسرە کە دکتۆر! ڕەنگە بتبەمە دیوەکەی خۆم ساڵێکیش سەرەندەر نەکەی بێیەوە دەرێ، بەڵام دایکم هەمیشە دەڵێ کچەتیوە بێ نازەکەم!

لەگەڵ ئەوەی بەرەو نهۆمی سەرێ پەلکێشی دەکا: دڵنیابە بە دیتنی ئەم هەموو... شتانە دەحەسێیەوە دکتۆر.

بە پێپلیکانەکاندا لە نهۆمی دوویشی ڕەت دەکا. لە پێشەوە دەڕوا و جار ناجارێ بە پێکەنینەوە ئاوڕێک دەداتەوە، دەگەنە نهۆمی سەرووتر. لە ناو هاڵەکەدا دەگەن بە وێنەیەکی گەورەی هەڵواسراو: ئەوە وێنەی ڕاگای مامۆستامە، پیرەپیاوێکی هیندستانی. ڕەنگە ئەو ڕۆژانەم خۆشترین... نا! خۆشترین...! بەڵام بڕوا بکە ئێستاش نازانم چۆن. کاتێ چووم کوتی چاوەڕوانت بووم. جێگای بڕوا نییە دکتۆر! مەگەر لێرەوە هەتا هیندستان چەندە ڕێگایە، خودا دەزانێ ئەمە قسەی ئەو کابرایە بوو؛ تەنانەت بە ناوی خۆم بانگی کردم. ئەوسا سەرەتای گەنجیم بوو، ئێستا چۆنم؟... وەک پیاوێکی هەوەسباز و ئەمانە چاوت لێ ناکەم، بەڵام دەمەوێ ئەوە لە دەمی دکتۆرێکی خۆشەویستەوە ببیستم. عەیب و ئیرادێک لە کاردا نییە دکتۆر، ئەمن ناڵێم پاکترین کچی زەویم، بەڵام ئەوە دەڵێم کە جارێک نەبێ هێشتا هەوەسی باوەشی

هیچ پیاوێکم نەکردووە.. ئەویش جارێک لەگەڵ مامۆستا ڕاگا چووبوینە ناو یەکێ لە تاریکترین جەنگەڵەکانی ئەوێ. نازانم چەندەی ساڵ بوو، بەڵام ڕۆژێک دانیشتبووین و ئەو خەریکی خواردنەوە بوو... یانی هەردووکمان سەرخۆش بووین. پرسیم ئەرێ مامۆستا ئێستا کە لە ناو ئەم تاریکەسەڵاتەدا بە تەواوی شەو و ڕۆژمان لێ تێکچووە تۆ ئارەزووی چی دەکەی؟

باوەش دەکا بە وێنەکەدا و دوای برێک ماچ کردن، کە ئاوڕ دەداتەوە چاوی پڕ بوون لە ئاو.

– برێک سەری داخست، کە سەری بەرز کردەوە لەبەر دڵپڕی چاکی قسەی بۆ نەدەکرا ئاخ... ژیان... هەر... سووتان و... ئەو سەری داخستەوە و من لە پڕ چاوم ڕووناک بووەوە ئەو جار زانیم ئەو چەند وەختە وڵات هەر لە من تاریک بووە دیتم مامۆستا بە کوڵ دەگریا. دکتۆر تۆش بوایەی ئاورت دەگرت. هاوارم کرد تۆ و گریان مامۆستا...؟! هاواری کرد، دکتۆر! کوتی... کوتی چی؟ ئاخ دکتۆر... من تازە دەمزانی کە ئەویش بەو هەموو گەورەییەوە سووتاوە، بێ ئەوەی ئاگام لێ بێ کراسەکەم هەتا سەر ناوکم دادڕاند. قەتم ئاوا ئاور نەگرتبوو. هاوارم کرد مامۆستا من حازرم وەکو کچێکی ئاوا... بۆ یەکەم جار لەگەڵ یەکەم پیاودا ئا لەم جەنگەڵە دوورەدا... ئەرێ ڕاگا! حازرم لەگەڵتا بنووم و دەشزانم لەشم ئەوەندەی تین هەیە کە تۆ سوکناییت پێی بێ.

بەرەو لای دەگەڕێتەوە و لەپڕ خۆ دەدا بە سەر لاقەکانیدا، دەست دەکاتەوە بە گریان. ئیدی ئەم جار ئەرخەیان دەبێ بۆ خۆی نەخۆشە. بەدەم گریانەوە سەری هەڵێناوە بەرەو لای وێنەکان.

– ئەوە وێنەی ئەو سەردەمایەی ڕاگایە و ئەوی دیش هی ئەو سەردەمایەی منە دکتۆرگیان!

هەڵدەستێتەوە سەرپێ و وەک ئەوەی پەشیمان بوبێتەوە بە بێ دەنگی لە دکتۆر دوور دەکەوێتەوە بەدەم ڕێوە، کە دەبوو لەشم، لەنجەولارم، ڕوانین و بزەم،... بەڵێ دکتۆرگیان! دەبوو پزیشکەی هەوەسی بپرژاندایە، ئەویش لە وڵاتێکی دووری وەک هیندستان، کە دڵنیابووم بە هەزار ساڵی تریش ئەو خەبەرە نەدەگەیشتەوە، بەڵام هێشتا... نا! نا! تەنیا پیاوێک... لێگەڕێ دکتۆر لێگەڕێ... ڕاگای مەزن دەستی کردە ملم... تۆ بزانە دەبێ چ پیاوێکی خۆشبەخت بێ کە دەست بکاتە ملی ئەو شۆخە نا! لە ئێستام مەڕوانێ! تۆ بزانە نیگای ناو ئەو وێنەیە چییە ئەو پرچ و هەنیە و لاجانگە تەماشاکە ئەو دەم و لێوە.. بزەم پیاوی کافر دەکرد. باوکم ڕۆژێ سەد جار دەیکوت کچم درێغی لە خۆت مەکە.

دەچێتەوە بن دیوارەکە و بە ئەسپایی بە مست تێی بەر دەبێ: حەیفە کەڵە پیاوێکی بە هەیبەت شەو و ڕۆژ نەتگەوزێنێ و ئەو ئەندامە جوانەت هەڵنەگلۆفێ. ئاخ... ڕاگاگیان! خودا دەزانێ چەندە پیاوێکی گەورە بوو. دەستی...

بە دیوارەکەوە وەردەسووڕێ و پشتی پێوەدەنێ. چاوی سوور و پڕ لە فرمێسک: کردە ملم و... لێوە ڕەشەکانی کە سارد و سڕ بوون نا سەر... ئەو خاڵە ڕەشەم. ئێستا برێک کاڵەوە بووە من ئاشقی ئەو ودمەی ڕاگا بووم. لام وابێ لە کتێبێکا باسی کرابوو، کە بە هوویەک جەنگەڵێکی لە زستاندا ئاور داوە. یادت بەخێر مامۆستای بەڕێزم. ئاهۆوەش وێنەی گەنجییەتی بە یادگار بۆی ناردووم. بڕوا بکە ئەو جارە یەکەم جار بوو ئارەزووی ناو باوەشی پیاوێکم دەکرد. ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی تاسەی پیاوانەی بشکێنم، نەکو هەوای ئاگراوی هەوەس لە کەللەی دابێتم، بەڵام ڕاگا ئەو خاڵە ڕەشەی ناوچاوانم کە لە هیندستان کچێکی تازە پێگەیشتوو بۆی کوتام، ماچ کرد و سەری نام بە سینگییەوە تێر تێر گریا. بە دەم گریانەوە کوتی تۆ کچی منی پەری جوانم.

برێک دەوەستێ و لە وێنەکە دەفکرێ. پاش قەدەرێک ڕووی وەردەگێڕێ بۆ لای دکتۆر: ژیان کارەساتێکی نەعلەتییە دکتۆر. تەنیا دایکێکت بێ ئەویش...

دکتۆر وا دەحەپەسێ تازەی وەبیردێتەوە بۆ لای دایکی هاتووە، دەگەڕێتەوە لای و دەستی بۆ درێژ دەکا: دەستت بدە بە من. وەرە با ئەو دیوانەیکەت نیشان دەم. دایکم لە نهۆمی خوارترە لە ئەسڵا باوکیشم نووسەر بووە بە گەنجی سەفەرێکی دەرەوەی کردووە، کە هاتۆتەوە دایکمی مارە کردبوو. کۆمەڵێ شتی زۆری لەو بارەوە نووسیوە، هەمووی لە ژێرزەمینەکە هەڵچنراوە، دوای ئەوەی کە لە هیندستان گەڕامەوە دانیشتم هەموویم خوێندەوە.

ناچار دەستی دەنێتە ناو دەستی، ڕایدەکێشێ و بەدەم ڕێوە قسەی بۆ دەکا: چەند شتی زۆر سەیری تێدا بوو؛ یەکێیان ئەوە بوو کە تەنیا شەوی پەردە بە قەولی خۆی هەتا ڕۆژ دایکمی گەوزاندووە. بەیانی لە خەو هەڵدەستێ دووچاری پەشیمانییەکی زۆر گەورە دەبێ. دوای چەند... ئا بچینە ئەم دیوەوە برێک دانیشین. فەرموو. بۆیە ئەمەت بۆ باس دەکەم، چونکو پێوەندییەکی گەورەی بە نەخۆشینەکەی دایکمەوە هەیە، پێم وابێ جارێ با بە

شتێک کەمەکێک خۆمان سەرخۆش کەین؛ شەڕابی چاک چاک هەیە دکتۆر. وانەبێ خەریکە بە جارێ دیق بکەم. ماندووییە..

چاوی بۆ هەڵنایە هەتا بزانێ دیوەکە چۆنە. نازانێ چی لێ هاتووە. کاتی چاک بۆ ناچێتەوە سەریەک و نازانێ سەعات چەندەیە. بە دەنگی درگاکە وەئاگا دێتەوە. کەشەفێکی گەورە بە دەستی ڕاستییەوە و شووشەیەکیش بە دەستی چەپەیەوە. سەرهەڵدێنێ و بە جۆرێکی وەک گێژ بووبێ تەماشایەکی دەکا. کەشەفەکە خاڵی دەکاتە سەر مێزەکە. شتگەلێ سەیری تیایە، بەڵام دکتۆر بە ئاستەم چاوی دەبینێ. بە تەقەی ئیسکاندا دیارە خەریکە پڕیان دەکا: فەرموو دکتۆر یەک دوو جنجک لەو گۆشتە برژاوە بخۆ و شەیتان بە نەحلەت کە فەرموو! بڕێک تاڵە زوو کاری خۆی دەکا. بە خۆشیت! ئەوەتا باوکم مردووە هەموو ڕۆژێ ئارەزووی هاتنی تۆم دەکرد. ئاشا شەوێکی چەندە نوورانییە دکتۆر.

– من حاڵی هیچ شتێکم نییە نۆشی گیانت بێ. هەر لە بیری ئەوەدام کە..

– ئەو قسانە چییە دکتۆر بیخۆ بە خۆشی منداڵەکەت. ئەرێ ناوی چییە ها دەی هەڵیدێرە بڵێ چت لەوە داوە.. دەمزانی ئێستا بیر لەوان دەکەیتەوە، بۆیە...

– نازانم بۆ وام لێ هاتووە، یانی وات لێ کردم... ها ئەوەش بە خۆشی... ئاه.. چەندە تاڵە..

– ها بڕێک میوە بخۆ. دەک نۆشی گیانت بێ!

– بە تەواوەتی لە بیرم چۆتەوە بۆچی هاتووم.

بە ناز و لاواندنەوەیەکەوە پێی دەڵێ: بۆ دکتۆری هاتووی ئیدی...! دایکم هەر لە قەدیمەوە عادەتی بەم جۆرە کارانە گرتووە

– نەخۆشەکە دایکت بوو؟! بڕوا بکە وام لێ هاتووە..

– هیچت لێ نەهاتووە دەی! یەکێ نابەڵەد بێ دەڵێ دەرمان داویان کردووی. ها دەی پێکەوە بەو دیودا... با تینێکمان وەبەر بێنێ. بیخۆ بە خۆشی خاووخێزان. ڕەنگە ئەمە ئەو گێژییە بپەڕێنێ. هەوای ئەم ماڵە هێندە ساڵە ماوەتەوە کەسی تێ نەهاتووە خەست بۆتەوە، مەییوە هی ئەوەیە گێژ بووی.

دکتۆر ئەوەش هەڵدەدا و ئیسکانەکە دادەنێتەوە، بە پەلە کەوچکێ ماست دەکا بە زاریدا، پاشان جنجکێ گۆشت دەخاتە زاری و وەک ئەوەی بڕێک هاتبێتەوە سەرخۆ: باوکت نووسەر بووە.

– نووسراوەیەکی یەکجار زۆری لێ بەجێ ماوە لە بارەی دایکمەوە شتی سەیری نووسیوە، کە ئەم نەخۆشینەی دایکیشم هەر لەو شتانەوە سەرچاوە دەگرێ. گوایە پێی خۆش نەبووە لەزەتی ئەو شەوە تاقانەیە ون کات، هەر بۆیە دایکمی بە فریو بردووە، قاڵبە سەهۆڵێکی گەورەی وەک قەبر بۆ دادەتاشێ و لە ناویدا دەیخەوێنێ. وەک خۆی دەڵێ لەوە ترساوە نەکا ڕۆژێک پیر بێ. فەرموو گۆشت بخۆ، بڵێی سەعات چەند بێ؟ چاوم تەمی کردووە دکتۆر تۆش وای؟ ئەم لامەسەبە هەمووشت بە ئینسان دەکا. دەتباتەوە منداڵی و باوک مردن و ڕۆژانی شین و شاییت هەموو پێ دەورە دەکاتەوە. ببوورە دکتۆرگیان تۆ منداڵی خۆتت هیچ لە بیر ماوە...نۆشی گیانت بێ... دکتۆر؟!... ئا... ئا! نا ببوورە بڕێک تێکچووم، ئاشا... بڵێ چت لە منداڵی دکتۆر داوە دەزانی ئارەزووم چییە؟

بڕێک ماتە دەگرێ وادیارە ئازارێکی گەورە بینی پێ گرتووە. دکتۆریش وردە وردە بەرەو دنیای خۆی دەڕوا.

– نازانم دەڵێی چی؟ دەستت خۆش بێ بە گیانی تۆ هێندە سەرخۆشم لەبەر چاوم بوویەتە دەنکە نۆکێ.

– ئاخر دەزانی ئارەزووکردنی ناو ئەم سەرخۆشیانە زۆر خۆشە زۆریش پیرۆزە.

– من هەست دەکەم دنیاش وەک دەنکە نۆکێ وایە لەوانە گەڕێ بنە ئیستیکانێکی دی تێکە!

– یانی لێم ناگەڕێی ئارەزووی ئەوەش بکەم کە دایکم چاک بێتەوە!

– ئاخ...! ببوورە تۆ گیانی دایکت ببوورە!

وەک شتێ دکتۆر بە جارێ تێکدەچێ. سوور سوور دەبێتەوە و دیسان داوای لێبوردن دەکاتەوە.

– نا...! وام نەکوت کە ئاوام لێ بکەی. کەوابوو دیتت جاری وایە ئەوینی خۆشەویستێک هیچت بۆ ناهێڵێتەوە.

– نا! بە خودا دەزانم تۆ ڕاست دەکەی. ئەگەر منیش ئینسان بم شەرت بێ کۆتایی نەکەم! یانی خوانەخواستە ئەگەر مردبێ زیندووی دەکەمەوە، دەنا شەرتە دەست لە دکتۆری هەڵدەگرم!

– ئەمە بە خۆشی پەنجە مەسیحاییەکانی تۆ دکتۆرگیان... بەڵام دیسان دەگەڕێمە سەر ئارەزووەکەم. دکتۆر منیش وەک باوکم دەنووسم، تەخت و بەختی نووسینم لە خوارێیە حەز دەکەم بەم حاڵەوە هەستین بچین چاک، یان خراپ، خۆش، یان ناخۆش بڕێک شتت بۆ بخوێنمەوە.

– ڕاست ئەو ڕۆژەیە بە سەر دێم نەک بە پا؛ ئاخر دەترسم بەجێی ئەوەی هەستمە پا هەڵبستمە سەر سەر.

ئەدەبیات هەمیشە بۆ ئێمە بەهەشت بوو... دەی...

– ڕاست ڕۆژی ڕاستییە، بەڵام ئاوام مەدوێنە ڕەنگە زۆر جار حەزم کردبێ ئەو خاکە بم پای لێ دەنێی، بەڵام ئاواش نا، دکتۆرگیان!

– دیارە تۆ لە من سەرخۆشتری.

– ڕەنگە ڕەنگە واش بێ دکتۆر.

– یانی ڕەنگە واش نەبێ؟ شتی وا دەڵێی لە کەسم نەبیستووە

– دەی باشە هەس...تە ه هە...تا خوارێ بچین، بەشکم زۆر هیلاک نەبی...

– هەر بە سەر خانم گیان! هەر بە سەر...!

بە لارە لار و سەرەنگرێ دان وەڕێ دەکەون. دەیەوێ خۆی بکاتە ڕەوڕەوەی دکتۆر، بەڵام لە ناو هاڵەکەدا هەرتکیان سەرەنگرێ دەبەستن و دەکەون بە مل یەکدا؛ دکتۆر لە قاقای پێکەنین دەدا: بە خودا توانایی هەنگاوێکم نییە دەتویست چ بکەین؟ ئا... ه... نووسەری... بڕۆ بیهێنە سەرێ وەیخوێنین نووسەری خۆشەویست... ئێستا حازرم یەک ڕۆمانی هەزار لاپەڕەییم بۆ وەخوێنی. بڕۆ بیهێنە زووبە!

قاقا دەکێشێ و دەیدا بە سەر سنگی دکتۆردا: ئەی مەستی کەلەلا و سەرخۆش!

وەک دوو هاواڵی نزیک دیسان قاقا دەکێشن. بە لەتردان هەڵدەستێ. بەدەم ڕێوە قسە دەکا و سەرەنگرێ دەدا، خۆی بە داروديوارەکەوە دەگرێتەوە دەگاتە سەر پێپلیکانەکان و ناتوانێ، ناچار دادەنیشێ و بە قنەخشکێ دادەگەڕێ. دەگاتە نهۆمی خوارتر، چەند دیوێک دەگەڕێ؛ بەڵام وەبیری نایەتەوە بۆچی هاتووە، دێ هاوار لە دکتۆر بکات بزانێ بۆچی هاتووە؟ دەنگی دەرنایە و بەرەو خوارێ ڕێدەکەوێ. لەوێ بە دیتنی کیفەکەی دکتۆر وادەزانێ بۆ ئەوە هاتووە دەستی دەداتێ، هێزی پێی ناشکێ. بڕێکی تر بیر دەکاتەوە وادەزانێ دەبێ تەلەفۆن بۆ جێگایەک بکا. دێ وەڕێ کەوێتەوە و چاوی بە سەعاتەکە دەکەوێ، تێی دەڕوانێ و چاکی بۆ ناخوێنرێتەوە لەترێک دەدا و دوور دەکەوێتەوە، تۆزێ ئەولاتر بە قنەوە دەکەوێ، دیسان دێ هاوار لە دکتۆر بکاتەوە، بزانێ بۆچی هاتووە؟ دەنگی بەحاڵ دێ. دوای چەندێک تخێڵی زەوی دەبێ و توانایی جووڵانەوەی نییە.

کە وەهۆش دێتەوە وادەزانێ دەمێکە لە هۆش چووە، دکتۆری بیر دێتەوە، دڵی سست دەبێ، وادەزانێ ئێستا ڕۆیشتووە، بە پەلە هەڵدەستێ، دەیەوێ هەڵێ بۆ سەرێ، لە چەند پێپلیکانی هەوەڵدا سەری لە گێژەوە دێ. بڕێک دادەنیشێ، لەو کاتەدا سەرهەڵدێنێ و چاوی بە پەنجەرەکە دەکەوێ، هێشتا تاریکە، سریوە لە هیچ کوێ نایە، دڵنیا دەبێ کە دکتۆریش وەهۆش نەهاتۆتەوە، بە ئەسپایی هەڵدەکشێ. دەگاتە سەرێ، دکتۆر هەروا پشتەوقەفار کەوتووە، دەگاتە سەری و بڕێک لە سەری دەوێستێ. هەست دەکا زۆر چاک ماوە دڵی پڕ دەبێ، دێ خۆی بە سەردابکێشێ و دەم بنێتە ناو دەمی، دکتۆر چاو هەڵدێنێ؛ بڕێک بە سەیرەوە سەیری دەکا، ئەم بزەیەک دێتە سەر لێوی، سڵاو دەکا. هێشتا نەهاتۆتەوە بیری لە کوێیە، ڕاست دەبێتەوە و بڕێک بە ولاتدا دەڕوانێ.

– چۆنی دکتۆر؟!

بە دەم سەرەگێژەوە ئا...ی... سڵاو. من لە کوێم؟!

بڕێک دەست لەسەر ناوچاوی دادەنێ: بڵێی سەعات چەندە بێ! ئاخری من هەر نەمزانی ئەمشەو بۆچی هاتم و چم کرد.

– لەوە دەچێ هێشتا زووبێ، ڕەنگە بڕێکی تریش بنووی...

– هێشتا ڕۆژ نەبۆتەوە، دەی ئەگەر وایە تازە زەحمەت نەبێ سەرینێک شتێکم بۆ بێنە چاک، یان خراپ حەوسەلەی چوونەوەم نییە، لیوانێک ئاویشم فریاخە مردم لە توونیا.

– کوڕە بە یەک دوو سێیەک هەستە دکتۆر! من دەڵێی حەوشەو و حەوڕۆژە خەوتووم.

– بەڵام من هەست دەکەم توونیمە، برسیشمە... شەو پێم وابێ...

– دەی هەستە ئاوێک بە دەم و چاوتەوە بدە با منیش شتێک بێنم.

دەچێ لەسەر سەری ڕادەوەستێ: حەزێ دەکەی هەستە حەمامێک بکە با بڕێک...

زۆر خۆمانە و وەک ساڵەها بێت لێک نزیک بن، ئەم دەستی درێژ دەکا بۆ ئەوەی هەڵیستێنێ؛ ئەویش دەست هەڵدێنێ بۆ ئەوەی هەستێتە پا. ئیشارە بە یەکێ لە دەرگاکان دەکا: دوایەش وەرە بۆ خوارێ.

ئەو دەچێتە ئەوێ و ئەمیش دادەگەڕێ بەرەو خوارێ. سەماوەرەکە هەڵدەکا و سوبحانەیەک دادەنێ. هێندە دڵخۆشە نازانێ چ بکا. ساڵەها بوو تاسەی وەها کاتێکی دەکرد؛ بەڵام هەمیشە ناهومێد بوو لەو خەیاڵ پڵاوە، لە پەستا شتێکی خۆش بۆ لای ئاوێنەکەی ڕادەکێشێ. دێت و دەچێ، بێ ئاگا بالۆرە دەڵێ، لە زەفتەکە نزیک دەبێتەوە قامک دەنێ بە دوگمەی

درگاکەیدا، بزانێ شریتی تێدایە، دەری دێنێ بزانێ تەواو بووە بیخاتە ئەودیو. هێشتا شریتەکەی وەسەر نەخستۆتەوە. دەنگی ویزە ویزی ئەو پەیدا دەبێ، وەک پیاوی ئەو ماڵە بێ ئاوا ئاسایی و خۆمانە دێتە خوارێ. شریتەکە دەخاتە ئەودیو، قامک دەنێ بە دوگمەکەدا و سەری بۆ دواوە وەردەسووڕێنێ. زۆر ئەولاتر لەبەر ئاوێنەکە وەستاوە، کە دەبینێ ئەم بە هاتنی ئاگادارە دەزانی چی...؟

ئەم خەریکە شریتەکە بۆ پێشەوە ڕەت دەکا: چی...؟

بە پێکەنینەوە بۆ لای ئەم دێ: دەزانم ئێستا خەون دەبینم. خەون هەمیشە شتێکە بە دەس خۆت نییە، یان لانی کەم من وابووم، بەڵام ئێستا دەزانم خەون دەبینم و بە دەس خۆشمە هەر کارێ بکەم.

بەرەو لای سفرەکە دەچێ: ئێستا لە خەوەکەدا من دەچم بۆ سەر سفرەکە و تۆش وردە وردە بەرەو ئەوێ دێی. لە خەونەکەدا هەردووکمان برسیمانە و دەبێ دەست بکەین بە نان خواردن.

– لە خەونەکەمدا چاو بۆ ئەوە دەگێڕم بزانم خانەخوێیەکەم چی لەسەر سفرەکە داناوە، ئاخر لە خەونەکەدا زۆرم برسییە

– ئەی لە خەونەکەدا سەعات بڵێی چەندە بێ؟

– خەونەکەم سەعاتی تێدا نییە، بەڵام ڕەنگە ئەوەڵی بەیانی بێ. دەمەوێ نان و چایەکی بە ئیشتیا بخۆم و وەدەرکەوم.

– لە خەونەکەدا ئێستا من فەرمووت لێ دەکەم و تۆش ئەوە دانیشتی. دوایەش هەتا دایکم چاک نەکەیەوە بۆ هیچ کوێ ناچی.

– لە خەونەکەدا، منیش جوابت دەدەمەوە سپاس! گەلێ گەلێ سپاس! ئەوەش بەسەرچاو.

بە قاقای پێکەنینەوە لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لە خەونەکەدا خێزانت بەیانی هەڵدەستێ دەبینێ دکتۆر هێشتا نەهاتۆتەوە

– ئەوە هیچ نییە هەر ئەمەشی بۆ دەگێڕمەوە کە لە خەونەکەدا لەسەر سفرەکە وەبیرمان هاتۆتەوە باسمان کردووە هەمووی بۆ دەگێڕمەوە، بە تایبەت ئەم برسێتییە.. بەڕاستی زۆرم برسی بوو. دەتکوت زۆر دەمێکە هیچم نەخواردووە

– بە خودا منیش هەر زۆرم برسی بوو، قەت وانەبووم. چ بکەین بۆ سەعاتێک با بزانین سەعات چەندەیە

– سەعاتەکەم نازانم لە کوێ دانا. ئێستا پەیدای دەکەم.

هەڵدەستێ بە چاوگێڕانەوە دەڕوا بۆ ئەوسەری هاڵەکە، ئەم دیسان دەکەوێتەوە فکری نەخۆشەکە و دایکی. دڵنیایە لەوەی خۆی نەخۆش نییە، بەڵام قەزیەی دایکیشی لە بیرچۆتەوە زەفتەکە گۆرانی دەڵێ و ئەم دەیەوێ بزانێ چۆن وایە، هەڵدەستێ وردە وردە لە زەفتەکە نزیک دەبێتەوە بە ئەسپایی دەیکوژێنێتەوە لە دوورەوە دیارە دەرفکرە، بێ ئەوەی سەر بەرز کاتەوە دەست دەکا بە قەدەم لێدان. "چ داوێکە ئەی کوا دایکی؟ لەوەش ناچێ ژنەتیوەیەکی عەیاش و خراپکار بێ. ئەی ئەوشەو منی بۆچی هێنا بۆ ئێرە دکتۆر من لەم دنیایەدا... دکتۆر من لەو دنیایەدا... "

لەو کاتەدا بە پێکەنینەوە بە پێپلیکانەکاندا دێتە خوارێ، هێشتا وەدیار نەکەوتووە هەرا لە دکتۆر دەکا: کوڕە دکتۆر وەرە بمکوژە دەزانی سەعات چەندەیە؟ مەگەر ئەو وەختەی هاتمە دووت سەعات چەندە بوو؟ مەگەر چەند جار لێت نەپرسیم؟ مەگەر من نەمکوت... لە دەوروبەری دوازدەدا نەبوو؟ کەچی وەرە تەماشای ئەم سەعاتە ساحەب مردووە کە؟

بە تەواوی لە دکتۆر نزیک دەبێتەوە، بە پێکەنینەوە سەعاتەکەی دەداتێ؛ زۆر ئاسایی تەماشایەکی دەکا: زۆر باشە یانی چی؟ دەوبیست و دوو... نزیک بە سەعاتێک...؟

– دکتۆر سەعاتەکە سەعاتێکی چاکە، بەڵام تۆ تەماشاکە ئەگەر بخەوتایە دەبوو لەسەر دوو بەو لاوە بخەوێ، ئەوە نییە هێشتا ڕۆژ نەبۆتەوە من سەرم سووڕماوە سەعاتێکی گەورە لەسەر سەرێ هەیە دەچم بزانم ئەویش هەروایە ئاخر یانی چی دەوبیست و... عەجیبە...

ئەو لە سەرەخۆ بەرەو سەرێ دەگەڕێتەوە ئەم هەروا دەرفکرە و سەعاتەکەی لەبەر دەمیا ڕاگرتووە "ئەم سەعاتە چۆنە ئەسڵەن هەموو شتێکی ئێرە جێگای سەرسووڕمانە" دیسان دەنگی لە دوورەوە هێندە لە دوور بەحاڵ گوێی لێ دەبێ، بەرەو لای پێپلیکانەکان دەڕوا. سەرهەڵدێنێ: ئا، چ بووە چەندەیە...؟

– دەڵێ... وە.. هـ... کوژە.. زانی... نە- دەنگت باش نایە..

نزیکتر دەبێتەوە

– دەڵێم دەزانی چۆنە

– ئا... چۆنە چ بووە..؟

– ئەوە دێم، ڕاوەستە

ئەم هەروا لە بەر پێپلیکانە پڕ پێچەڵ و پووچەکاندا

دەوەستێ، جار جارێ بەرەو سەرێ چاوێکی لێ دەگێڕێ. ئەویش دێتەوە خوارێ و پێچ دەکاتەوە جارجار دەستی نەبێ گرتوویە بە پەرژینی پێپلیکانەکانەوە خۆی دیار نییە نزیک دەبێتەوە دەم پڕ لە پێکەنین: دەزانی ئێمە مردبووین؟ دەزانم باوەڕ ناکەی، بەڵام ئێستا شەوی دواترە دکتۆرگیان!

– ئەم جارە هەر بەڕاستی خەون دەبینین.

– نە بە خودا دکتۆر، ئێمە بە مەودای پازدە شازدە سەعات خەومان لێکەوتووە.

دکتۆر بە زەحمەتێکی زۆر دەتوانێ بزەیەک بێنێتە سەر لێوی، وردە وردە بەرەو سەرسووڕمانێکی ترساوی دەچێ. دێ بچێتەوە ناو فکرەوە ئەو بە قاقایەک ڕایدەچڵەکێنێ. پێی وایە جێگای باوەڕ نییە ئەو سەعاتە گەورە لە سەرێیە تۆ پێت وانییە ڕوحی پیرۆزی باوکت ویستبێتی...

– کوڕە دکتۆر...!

بەبێ باوەڕییەوە چاو دەبڕێتە چاوی: یانی بۆی نییە وابێ؟

– چۆن بەم فکرە گەیشتی دکتۆر!؟

– بۆچی نەگەم؟ تۆ هەتا ئێستا سەد شتت کوت. مەگەر نەتکوت ڕوحی پیرۆزی باوکت...

– تکایە دکتۆر! قەزیە ئەسڵەن ناتوانێ ئەوە بێ. من هەرگیز پێم وانییە کە.. ئەتۆ با بزانین... بەڕاستی ئەمە شەوێکی ترە، یان هەر شەوەکەی خۆمانە بەڵام نازانم، چۆن بزانین...؟

دکتۆر لە پڕ شتێکی بیر دێتەوە "نەکا خۆی سەعاتەکانی گۆڕیبێ."

– شۆخی سەیر... شۆخی سەیر سەیر دەزانی، کەوابوو کاری خۆتە دەی بۆ نەتدەکردە هەشت و نۆ هەتا وابزانین سەر لەئێوارەیە..

– تۆ خۆت سەعاتت پێ نییە، بەڵام لە فکری ئەوەدابە خەبەرێک بزانین. تەلەفۆنیش هەیە دکتۆر تێ دەگا گاڵتەجاڕ و ئەمانە نییە بێ ئەوەی شتێک بڵێ دەکەوێتەوە ناو فکرەکانی دوایی.

– چییە بۆ مات بووی دکتۆر؟

بە ناقایلییەکەوە سەر هەڵدێنێ: لە خۆوە بەدەم ئەم جوابەوە وەڕێ دەکەوێ، ئەو بە پێکەنینێکی ترساوییەوە وەدووی دەکەوێ و جار لەگەڵ جاریش هەنگاوەکانی بەپەلەتر دەکا هەتا لێی نزیک دەبێتەوە بە حاڵەتێکی ئاشقانەوە شان دەنێ بە شانییەوە و دەستی لە پشتی دەئاڵێنێ.

– ئیدی من چ بکەم دکتۆر؟ خەتام چییە...

– جا خوانەخواستە من چم کوتووە؟

– دەی بۆوا تێکچووی؟ بە گیانی...

لەبەر ئەوە لەوە زیاتر بێزاری نەکات، ناچار دەبێ کەم کەمە خۆی دوور بخاتەوە

– من نامەوێ هیچ لەم سیحر و جادووە بزانم خانم! من بۆچی هاتبووم؟!

– تکایە دکتۆرگیان...

– سەد تکا خانم گیان! هەزار تکا! ئەتۆ چت لە گیانی من دەوێ؟ مەگەر نەتکوت دایکت ئەوە..

– تکایە دکتۆر ناڕەحەت مەبە.

– من ناڕەحەت نیم کیفەکەم کوا؟ ئێستا دەست دەکەم بە هەڵپەڕین... ئەی چۆن... !

– باشە کەوایە دەتوانی هەر ئێستا بە پەلە وەدەرکەوی بڕۆی، بەڵام...

– بەڵام چی؟! بەڵام ئەوەی منت هێناوە بۆ گاڵتەجاڕ؟ بەڵام زەهر! بەڵام تف لەوەی دکتۆرە، بەڵام ئەوەی تۆ جادووگەرێکی ڕوحی باوکیشت لێرە زیندانی کردووە، دایکت لە تەختە سەهۆڵ گرتووە بەڵام چی؟!

– بەڵام...

– بەڵامێک نەماوە! بەڵام ئەوەی هەتا ئێستا نەمزانیوە لە جادوو و جادووگەریدا گیرم خواردووە

– من دەڵێم تکایە ئەتۆ لێرەی! لای من... تازە تۆ...

– تازە من چی؟!

– لەگەڵ ئەوەی داوای لێبووردنت لێ دەکەم تکایە زۆر بە هێمنی لە ئەوەڵەوە دەست پێ دەکەینەوە

– باسی چی دەکەی؟! چی لە ئەوەڵەوە دەست پێ دەکەیەوە! باوکت کێیە وا ڕوحی هێندە بەرزە..

– تکایە دەست ڕاگرە بێ ئەوەی هیچ تووڕە بی، دەتوانی بڕۆی. ڕوحی پیرۆزی باوکم زۆر لەوانە بەرزترە تۆ باسی بکەی. فەرموو دکتۆر! فەرموو! هەقدەسیش پووڵە زێڕە. فەرموو... دەی...!

– دەستت کردەوە بە مەکر کردن؟ ئەو گریانە چییە دیسان؟!

– گریان بۆ تۆ دکتۆر! گریان بۆ تۆ کە ئیدی پیاوێکی ونی. پیاوێکی ون!

– ئەم قسانە ئەم مەکر و جادووانە تەنیا چڵەپووشێک بایەخی نییە، ڕاستی لە هەموو...

– بڵێی ڕاستی چ بێ دکتۆر؟ تەواوی پیاوی دنیا لە خۆت حەرام کەی، بە بەر چاوتەوە چڵە چڵە سەرت سپی بێ و بەفری پیری بتتاسێنێ، ئەمانە چین دکتۆرگیان؟

سـالّەهای سـالّ بێ، ئەم قـەسـرە دەنگی پیـاوی تیـا نەزرینگابێتـەوە پیـاوێک تێیـدا نەکۆخیبێ. پیـاوێک جغـەرەیەکی تیـا نەکـێشـابێ. پیـاوێک نەبێ جـارێک هەرای کـردبێ کـچێ! ئافـرەت! چووزانم پەری! ئەوین! زەهر!

– پوولێکم لە تۆ ناوێ، وادەزانم...

– هیچ مەزانە دکتۆر! ئێرە جێگایەکی هێندە کەم نییە تۆ درگاکەشت بۆ بدۆزرێتەوە، لێرەدا خێروخێرات ناکرێ. وەدەرکەوە وەدەرکەوە هەتا ڕوحی پیرۆزی باوکم خەبەردار نەبووە

– حاشا لە سیفەتی دێڵەسەگێکی... من...

– دیسانەوە دەنگ بەرز کەوە دیسان قسەی دڵت بکە! با بۆ یەکەم جار پیاوێک لەم ماڵەدا دەنگ بەرز کاتەوە بە سەرمدا بگوڕێنێ؛ پەردەی ئەم بێ دەنگییە خەست و خۆڵە بدڕێنێ. ئاشقی دەنگی پیاوێک... پیاوێک، کە چۆن باوکم بۆ ئەوەی چێژی شیرینی ئەو شەوە پیرۆزەی ناو باوەشی دایکم لە دەس نەدا و بەو ڕۆژە نەگـات کـە دایکم بە پیـری ببینێ لە سەهۆڵی گرت. ئەو پیـاوەش ڕوحی منی لە سەهۆڵی ئەوینی گرت و ڕۆیشت. دایکم ئەو شەوە بۆ سبەینێ بە نەزەر ئیشارەی بە باوکم کردووە کاری هەیە کە دەری هێناوەتەوە کوتوویە ئەو شەو لە ناو ئەو سەهۆڵەدا خەونم دیوە خەونێکی سەیر. خەونی دیوە لە خەونیا زگی پڕ بووە پێی تێکچووە وەها تێکچوونێک حەوتەیەک مـێلاکی زەوادی بۆ نەکراوە؛ چۆتە خزمـەتی شـێخـەکـەی و پرسـیـاری کـردووە چارە چ بێ؟ ئەویش کوتبووی دەبێ نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات...

– من ئیـتـر توانایی ئەم هاتەران پاتەرانەم نەمـاوە.. تکایە.. کوا...

– تکای بۆ چییـە دکـتـۆر تـۆ دەتوانی بڕۆی، بەڵام بە شەرتێک نەگەڕێیەوە

– بۆ ئاخرین جار ئەگەر ئیزنم بدەی تێر پێدەکـەنم جا دەڕۆم.

– بەچی پێدەکـەنی؟ بەوە سـبەینێ بۆ هەرکـەسی باس بکەی و بڵێی دوێ شەو خانمێک زەنگی بۆ لێدای... بێ ئەوە بهـێـڵێ ئەم پرسـیـارە ئاشکرا کـەن دەڵێی خـانمەکـە قـەیرەکـچـێکی بێکەس و بێ دەر بوو. دیسـان چەند پرسـیـاری دیکە لە ناو مـێـشـکـیـاندا دروست دەبێ. بە تایبەت ئەگەر لای خانمەکەت باسی بکەی، بە دووی هەر وشەیەکتدا سەدان پرسیاری بۆ دێتە پێش. دەڵێن بۆچی بانگ کـردی؟ چی جـواب دەدەیتـەوە؟ چۆن دەتوانی ئەم درۆیە بگێڕییەوە باسی نەخۆشینەکەی دایکم بکەی بڵێی ژنێک بوو دەیان ساڵە لە ناو قاڵبە سەهۆڵێکدا نوستووە. هەمـوو لێت لە قـاو دەدەن شێت بووی. ڕەنگە ئەوسا بۆ یەکـەم جـار لە ژیانـتـدا دادەنیـشی و دەست دەکـەی بە نووسین. چەند شەو دەنووسی و ئەم ڕووداوە بە تەواوی لە ئەوەڵەوە هەتا کـۆتایی دەگـێـڕیتـەوە باسی من دەکـەی، قـەیرەکچـێکی... دەڵێی چوومە ناو ماڵێکی گەورەوە قـەسـرێک بوو. سـەدان دیوم کـرد. دەڵێی لە دیوێکدا ڕوحێکی بێ خەم خەوتبوو. نا! شتەکەی ناتەواوە.. من لە مـاندوو دەچم دکـتـۆر، لەم هەمـوو کێشە ماندوو بووم، دەمەوێ بچمە نهـۆمی سەرێ چاوێک گەرم کەم، یان... ناخـەوم، بەڵام ئیـتـر لەم... مـاندوو بووم. تۆش لە سێ شت یەکـیـان بکە بە بڕوای من هەرچی زووتر لێدەبڕۆ، ئەوەش بزانە تازە ڕێ دەرناکـەیت. دووەمـیـش دەتوانی ئەهۆو دەسـتـە کلیـلانە هەڵگری و تەواوی ئەو دیوانە تەماشا بکەی، ئەوسا بێیتەوە سەرێ لای من و هەموویم سەربڕ بۆ بگێڕیتەوە کە چت دیوە؛ دیسان بۆت ناکرێ. لە سێیەمیش گەڕێ... ئەگەر ڕێت دەرنەکرد، دەتوانی هاوار بکەی دەتوانی شووشـەی هەمـوو پەنجـەرەکان بشکێنی و ئەوە تەلەفۆنە دەتوانی زەنگ لێدەی بۆ... هەر جێگایەک پێت خۆش بوو. حەزێ دەکەی بۆ سەد جێگا و بۆ هەزاران جـێگا زەنگ لێ بدە داوای یارمـەتی بکە، بەڵام تکات لێ دەکـەم درگـای دیوی ژمـارە چواری نهـۆمی سـێـیـەم مـەکـەوە ڕەنگە ڕوحی مـەزنی باوکم لە خەو ڕاچەنێ... ئەگەر گەڕاشی هەموو شتێک هەیە

– دەورەی جادووگەری نەماوە.. خانم! بڵێی سەعات چەند بێ؟

– زەمان چ فایدەی هەیە لە کاتێکدا تۆ دکتۆرێکی ون بوویی؟ لە کاتێکدا من...

– دڵنیام تۆ نەخۆشی.

– ڕاست دەکەی دکتۆر من نەخۆشێکی چارەڕەشم.

– خودا نەکا، تۆ بۆ چارەڕەشی؟ خەڵک بە خەونیش ئەم قەسرەی تۆ نابینن.

– جارێ شەوت باش دکتۆر. ئەگەر نەڕۆیشتی من لەسەر سەرێم، نهۆمی سەرێ...

– بەجێم دێڵی یان بەجێت بێڵم؟

– ئاخر تۆ وەدرەنگ کەوتبووی. لێرە ماندوو ببووی.

– بە ئیرادی دەزانم ئەگەر بڵێم جێگایەکی زۆر سەیرە و شـەویش زۆری بە بەرەوە مـاوە. شـتی نەبینراویشی زۆر تێـدایە تۆش دەڵێی حـیکایەت و قـسـەی سـەیر زۆر دەزانی. جارێ لەوانەیە دڵم نەیە بڕۆم...

– تۆ لە دیوی بێ پەنجـەرە کـوا گـوێت بۆ حـیکایەت و

جادوو دەگیرێ؟
– دەستم دەیە با بچینە ئەو جێگایەی پێت خۆشە وا دیارە ماندوو بووی.
– ماندوویی دکتۆر؟ ئێستا نە ماندووم و نە هیچ، بەڵام خۆزگە من بمتوانیایە و تۆش حەوسەڵەی گوێ گرتنت هەبوایە بڕێک جادووی ڕاستەقینەم بۆ بخوێندایەیتەوە
– دەی باشە مەرجانەی جادوو، هەتا بەیانی من گوێ لە تۆ نەگرم چ بکەم؟
– پێت وانییە هەموو جیهان خەونی خودا بێ؟ یانی ئێستا ئێمە لە ناو خەونی ئەودا بەرەو دوایین پێپلیکانەکانی ئەم قەسرە دادەگەڕێین هەتا لەوێ خەون ببینین؟ ئەگەر وابێ ئێستا ئەوە ئێمە گەیشتینێ. ئێستا لە ناو خەونی خودادا ئێمە خەون دەبینین لەوێدا ئێستا من بە تۆ دەڵێم، ئەهۆو درگایە بکەوە تۆ دەیکەیەوە و دەچینە ژوورێ.
– ئا... هـ...! هەر بە ڕاست شتت نووسیوە ئەوانە چن؟ عەجەب کتێبخانەیەک!
– ڕاوەستە من کارم بە نووسراوەی ژمارە چواردەیە هـ... ا... ژ... ما... هۆوەیە ئێستا هەتا ڕۆژ نەبۆتەوە دەسم بگرە بەرەو سەرێ. زووبە.
– خۆزیا لە خەونەکەماندا دەرفەت هەبایە و ئێستا فەرموو با...
– ئەگەر سەرت نائێشێ حەز دەکەم پەڕێکت بۆ وەخوێنم.
– ئەوە لە خەونەکەماندا تۆ پەڕێک نووسراوەی خۆت بۆ من وەدەخوێنی.
– ئەمە خەونێکی زۆر کۆنە وەک ئەم تازانە نییە "من ئەوینم. تۆ... ش نێچیروانی. ئەگەر ببوومایەتە هەتاوی ئاسمان تۆ سواری ئەسپە کوێتەکەت دەبووی و کەل بە کەل و ئاسۆ بە ئاسۆ بە دووم دەکەوتی. تۆ ئاشق بووی. ئاشق بوون کەی ماندوویی دەناسێ؟" توانایی خوێندنەوەم نییە.
– دەڵێی کۆک نی؟
– "گیرۆدەی ڕۆژانێ هەمووی خەون بوون..."
– بۆچی خەون...؟ گیرۆدەیی خۆشە هەر ئەوەی کە خەونە خۆشە. دەڵێی ماندووی؟!
– ماندووم، حەز دەکەم بچینەوە سەرێ ڕاحەتتر بین؛ هەڵبەت ئەگەر ناڕۆی. چووینە ئەوێش سەدان شەیتان دێن بە پیرمانەوە و سەمات لەبەر دەکەن.
– هەر بە ڕاست نەخۆشی. دەیرەوێنی. شەیتانی چی؟ شەیتان من و تۆین...
– ئەگەر حەزناکەی با نەچین. بە دەردێکەوە دەمرم، یان با بڵێم مردووم کەس تێ ناگات دکتۆر... گەیشتووینەتە نهۆمی چەند؟ سەرم لە گێژەوە دێ.
– نا هیچ مەترسە گرتوومی، لەوە دەچێ ئێرە هەر درگایەکی هەبێ، حەتمەن هەر ئێرەیە.
– دەغیلت بم بیکەوە زوو بیکەوە وەختە شێت بم.
– درگای ئێرە زۆر سەیرە ها برۆ ژوورێ.
– بە ئەسپایی کلیلی ئەو بەرقە لێدە، لێرە دەبێ وەک سێبەر بجووڵێینەوە دەنا لە خەو هەڵدەستن. ها تەماشایەکی ناو زارم بکە ساڵەهایە ژانی...
– زارت چییەتی؟ دادەی. بڕێکی تر سەرت هەڵبێنە ئەوە.. چییە ئاشا مەڵاشووت... ئەوە بۆ وایە؟
– دەڵێی چی... شێت... بووم دکتۆر!
– دەڵێی بەردە پێیە کون کونە دەمێکە ئاوایە
– لەو دەمەوە باوکم لە داخی من دیقی کرد و دایکیشم...
– بڕیار بوو بڕێک هێمن بین وەک سێبەر وابین دەنا لە خەو... ئەو هەرا هەرا...
– دەبێ لە خەو هەستن دکتۆر! دیقم کرد هەتا کەی خەو!
– بۆچی دەقیژێنی؟
– خاوەنی ئێرە منم دکتۆر ئەو گڵۆپانە هەموو هەڵکە ئەو پەردە ڕەشانە هەمووی بدڕێنە ئیدی دەورانی دکتۆریت بەسەر چوو! چۆن نەقیژێنم؟! بڵێ لە خەو هەستن! هەتاکەی؟! هەتا کەی دکتۆر؟ دیوتە دنیایەکی چەندە سەیروسەمەرەیە، دیوتە چ ڕۆژی مەحشەرێکە دکتۆر؟! ئەو وێنەیە ئەو ڕۆژەیە وا کەس لە ماڵ نەبوو. حەوزەکەی حەوشەیە لە بیرتە؟ ئەو ڕۆژەی بە ئاو سوێندمان خوارد. ئەو ڕۆژەی وا بۆ ئەوەی سوێندەکەمان... ئاخ... دکتۆر! لێمگەڕێ... بۆخۆم... ناگریم، بۆ ئەو باوکە.. قوربەسەرەم دەگریم کە باشترین و جوانترین پیاوی بۆ ژین دەکردم... ئەو کەڵەپیاوە دەگریا و دەپاڕایەوە هەتا کێم بوێ بۆم بکڕێ. کەچی هەیهات من هەموو پیاوانم بە نێرەمووک دەزانی... ئەم قەسرەی ساز کرد من تیا خۆشبەخت بم، بەڵام خۆشبەختی لەم دیوە بێ پەنجەرەیەدا مردبوو. لەم دیوە کاول بووەدا هێندە گریام و چاوم لە دیوار بڕی... بۆ سەرسام بووی دکتۆر؟! بۆ ناڵێی کامەڕۆژ؟ بۆ ناڵێی حەوزی چی؟ ئاوی چی؟ بۆ ناڵێی تۆ شێت بووی خانم. بۆ قایش و قوروشکەت دەرناهێنی دەست لە دڵم دەی. لە سەرم... ئاخ... دکتۆر

بۆ خۆم ناگریم، بۆ ئاو دەگریم. بۆ ئەو ڕۆژە وا هەتا وەڕەز بووین ئاوی زاری یەکترمان هەڵمژی. بۆچی ناڵێی ئەوە لەبەر ئەو ئاوە بووە وا تەواوی دار و دیواری ئەم قەسرەت شین کردووە بۆ نا... بۆچی نەگریم؟ بۆ ئەوەی کە ئێستا ژنێک بە تەواوی هەست و بیرەوە چاوەڕوانە مێردەکەی بگەڕێتەوە. دڵنیام لەو ژنانە نییە وا سەر لە ئێوارە خۆی، یان منداڵەکەی پژمیبێ بە دڵەخورپەوە نووستبێ. وەک ئێمە مانانیش نییە وا بە شەوێ دەیان کەرەت بە خەونی ناخۆش ڕاچەنین. لێمگەڕێ...

– دەکرا تۆش وەک من ئاسوودە بی و هەموو ڕابردوویەک لە بیر بەریەوە زۆر شت دەکرا...

– لێگەڕێ! تۆ ڕاست دەکەی زۆر شت دەکرا. ئەرێ! ئەرێ زۆر شت دەکرا ئەگەر... ئەگەرچی...؟ ئەگەر... ڕاست دەکەی دەکرا زۆر شت بکەیت، بەڵام بەو مەرجەی قومە ئاوێک لەسەر ئەم زەوییە بەرینە نەبوایە ئەرێ بە گیانی تۆ ئەگەر ئاو نەبوایە، من دەمتوانی زۆر شت بکەم، بەڵام... ئاو... ئای ئاو...!

– دەکرێ بڕۆم بەیانی زوو بێمەوە لات؟ خەریکە دەپڕووکێم.

– دەکرێ قەیرەکچێ کە هەموو سەری سپی بووبێ، هەموو پێستی دەم و چاوی چرچ بووبێ. ئەوانەش، دەکرێ هەست و گەرمایی دڵەڕاوکە و کەفوکوڵی ساڵانی سەرەتایی تێبگەڕێتەوە نا!... مەگەر تۆ دکتۆر نیت؟

– ڕەنگە وا هەست بکەی، بەڵام...

– بەڵامی تێمەخە ئەرێ یان نە! وەک ئەوە وایە لە سەیرانگەیەک قوڵت لە ناو قوڵی ژنێکی باڵا بەرزی سپیکەلانەی چاو گەورە گەورە دابێ و بە هێمنی و لە سەرەخۆ باسی... باسی زۆر شت... ئەوەی... قاقا پێبکەنن. یان وەک...

– دەڵێم تکایە مەگری چ دەکرێ بە گریان...

– باشە من گریان تەواو دەکەم و تۆش ئەگەر بە پێویستی دەزانی بڕۆ؛ بەڵام وا بڕۆ نەگەڕێیەوە

– دەزانم ئاسان نییە هەموو ڕۆژ و ساتێکت کۆسپ کەوتن بووبێ.

– "چەندە فەسیحە ناڵەی با لە ناو دارستانی ڕووتاودا. هاژە هاژی دەریا، ڕوح دەڕووخێنێ کە دنیا لە خەودایە"

– ڕاست دەکەی... بەڵام تۆ...

– بەڵام من ساڵەهایە لە ناو دیوێکی ئاوا بێ دەرکە و پەنجەرەدا دەژیم.

– ئیزنم بدەی تا بەیانی بەجێت بێڵم. وەختە شێت بم...

– تازە ئیزنی من ناتوانێ کارێک بۆ تۆ بکات. بڕۆ! بەڵام لە کام درگاوە دەڕۆی؟ باس کردنی وەک... لێی گەڕێ بێ کەڵکە.

– ڕەنگە بە مانەوەم تۆش شێت بکەم. بیری ژن و منداڵەکەم دەکەم. بە دەست خۆشم نییە، بۆیە ئیزنت لێ دەخوازم.

– ئیزن لەو دیوارانە بخوازە با ڕێگات بکەن. تازە من هیچ کارێکم بۆ ناکرێ.

– باشە، بەڵام من نەمدەویست بە دڵمەندی بەجێت بێڵم. بەیانی هەرچۆنێک بێ... دڵنیا بە...

– من دڵنیام ناڕۆی هەتا بگەڕێیەوە.

– درگاکە..

– ڕەنگە باسی هەزار ساڵ لەمەوبەر بکەی، چونکو ئێستاکە لە دەرەوەی کات و شوێن داین. بۆی هەیە لە ئاوێنەدا خۆت ببینی شێت بی و تەماشای سەعات... سەعات ئێستا بۆ دوو هەزار و شت دەچێ، تەماشاکە دوو هەزاریش چەندەیە خودا دەزانێ...

– هیچیی... م... سەرم لە گێژەوە دێ...

– وەرە دانیشەوە بڵێی ئێستا ئارەزووت چ بێ؟

– بۆ وام لێ دەکەی؟ من هەرگیز وام نەزانییەوە ڕابردوویەکم لە پاش بەجێ ماوە، ئیشق بۆ من کاروانسەرا بوو. ئێستا تۆ...

– من چی؟ تۆ میوانی منی. میوان خۆشەویستە دکتۆر. حەز دەکەم باسی منداڵی بکەی.

– تکایە دەست بەردارم بە هیچم وەبیر نایەتەوە سەرم دێشێ. شتێکم لێ بکە فریام کەوە.

– مەگەر خۆت دکتۆر نی؟

– فریام کەوە سەرم تەقەی کرد.

– هەر دڵ باشە بەس نییە قەت تەقە ناکات.

– من دەبێ بڕۆم. کوتت دایکم نەخۆشە بە هاوارتەوە هاتم. ئێستا دەتەوێ چم لێ بکەی؟ بڕوا بەوە بێنە ژیان هەڵکەوتێکە، یان دەست و ڕانت دەشکێ، یان هیچ نابێ و ڕێگا ڕۆیشتنەکەت پتەوتر دەبێ. من بەرەوە خوارێ هەتا بڕێک باشتر بم هەتا هەر نەبووە لە پەنجەرەی بەرزی ئەم قەسرەوە تەماشایەکی سروشت و شاری خەوتوو بکەین.

– دڵنیام ئێمە لە گشت کەس باشترین. ئێمە باسی بێداری و ژیانی پیرۆز دەکەین. دەمانەوێ ئا لەم شەوە پیرۆزەدا حیکایەتی ئاو و ئەوین بۆ یەک باس بکەین؛ ئەویش لە کاتێکدا هەموو لە خەودان. لە جێگایەک خەو

و بێداری مانای نییە لە سەعاتی دوو هەزار و سێ هەزاری... لە ڕۆژ گەڕێ، ئەمساڵ ناو بنێین چی؟ ساڵی سووتمان باشە سووتمانی ئاو و ئەوین؟!

– تکایە درگاکەم نیشان دە مەگەر ئا لێرەوە نەهاتینە ژووری؟ هەر ئێستا دەیرووخێنم! دەیرووخێنم! ئێستاکە هاوسەرەکەم بە تەواوی کەوتۆتە دڵەخورپە و...

– کەوتۆتە دڵەخورپە و دەیەوێ بەیانی بە پۆلیسی ڕابگەیەنێ. ئاخ دکتۆر ئەم بەیانییە ڕایگەیاندووە هاوسەرەکەی ون بووە کاتێ دەکەونە سۆراخی دوێ شەو سەعاتی... خانمێک تەلەفۆنی بۆ کردووە.

– من دەبێ بڕۆم خانم. ئا لێرە درگاکە بوو. تۆ سیحربازێکی مەلعوونی! تۆ دەتەوێ من بکوژی! دەتەوێ... نا! نا تکات لێ دەکەم...

– کاتێ دەکەونە سۆراخت نیوەشەو بە دووی تەلەفۆنی ژنێک... خانمێکی... قەیرەکچێکی پیرەڵۆکی وەک من کەوتووی. ئاخۆ چەندە بە ژنە قوربەسەرەکەت پێدەکەنن. تازەیان زانیوە دکتۆر کابرایەکی شەڵوارپیسە. ئەویش بەسەر گزنگ خانمدا، ناودارترین و شاژنی ئەم شارە! کە عالەمی مەستەخەسار کردووە

– لەوانە ناترسم، بەڵام...

– چ نییە دکتۆر وادەزانم خۆمم ئەو ڕۆژەی وا خەبەردار دەبم، دەچم بۆ دەرەوەی وڵات، زۆر بیر دەکەمەوە لە خۆشیان کەسم وەبیر نایەتەوە ماڵاوایی لێ بکەم. هەر لەو ڕۆژەوە هەموو ژیانی خۆم و هەموو دنیای دوێنێم دەگۆڕم. زۆر بە ژێر هەتاودا دێم و دەچم و هەرچی دەکەم... تەلەفۆنی چی! دەگەمەوە ماڵێ داوای ئاو دەکەم، تێر دەخۆمەوە و هیچ بڕیار و پەیمانێکم وەبیر نایەتەوە هەست دەکەم مرۆیەکی یەکجار خۆشبەختم. مرۆیەک بتوانێ...

– بە بڕوای من دەست لەمانە هەڵگرین. حەز دەکەم دوای ئەم ساڵانە دیدەنییەکی دایکت بکەم و بڕۆم.

– دایکم؟ دایکم... ها! دایکی من ئەوینی تۆیە، لە تەختە سەهۆڵی ئازارم گرتووە تا پیر نەبێ.

– هەست ناکەی...

– بۆچی نا...! هەست دەکەم وەک دەنگی مەشکە ڕەقێ وام لە ژێر باراندا داتنابێ. هەست دەکەم...

– بە گریان هیچمان بۆ مەیسەر نابێ...

– دەی باشە وەرە پێبکەنین...

– بە چی؟!

– ڕاست دەکەی بەچی؟ نا... ئا... زۆر شت هەیە بە ئاوێنە بە گەوجێتی، بە هەتاو، بە ئاو و دکتۆری و دەرمان و هەتاو و گزنگ.

– بیکە بۆ خاتری خودا ئەم داوە چ بوو بۆ منت ناوە

– ئەمە پرسیاری منە دکتۆر!

– بیکە بۆ خودا من لە ڕەنگی شینی ئەم دیوە دەترسم... ئاخر مەگەر ئەمە درگاکەی ئا لێرەدا نەبوو؟!

– ڕەنگی شین لای من ئاوە، ئاویش هەر ئەوە بوو سوێندمان پێ خوارد، ئێستا لەچی دەترسی؟ بە تووڕەیی هیچ مەیسەر نابێ.

– ئەو درگایە نەکەیتەوە دەتخنکێنم! زووبە شێت بووم! جادووگەری سیحرباز! هەموو...

– من وامدەزانی هەر...

– هەرچی...؟ هەر... کوا درگاکە!

– درگاکەشت نیشان دەدەم، بەڵام ئاوا نا...

– باشە..، باشە تکات لێ دەکەم! درگا... درگاکە.. پرووکام.

– شتێکی لە درگاکە باشتر. حەز دەکەی لە پەنجەرەی ئەم باڵەخانەیەوە..

– کوا؟ پەنجەرە کوا؟ خنکام!

– سەیرە ڕێبوار یانی تۆ ئەوەندە بڕوا بە من ناکەی؟

– بە دەس خۆم نییە هە... ئاخ! بە دەس خۆم نییە.. نییە..

– بۆچی دەگری؟

– دەباشە کوا درگا؟ کوا پەنجەرە من لە ناو ئەم دەریای ئاوەدا وەختە بخنکێم، شێت بم. سەرمامە.. دەباشە فریام کەوە ئەوین!

– ئاو سوکنایی بە پیاو دەدا، بۆیە بە ئاو سوێندمان خوارد. ئێستاش هەست بکە لە ناو دەنگی ئاوی ئەم دیوەدا وردە وردە سوکناییت دەشکێ. هەست بکە.. دەی...

– ئاخر ئەوین ئەم دیوە زیندانە ئەم دیوە گۆڕێکی تەنگی بێ دەرەتانە

– ئەمە هەستێکی بە تەواوی درۆیە ئەم دیوە بەهەشتی حەسانەوە و سوکنایی هاتنی ساڵەهای منە، ئەم دیوە گۆڕی سەدان لاپەڕە نووسراوەی یادی تۆیە چۆن دڵت دێ؟!

– دەباشە لەوە گەڕێ ڕزگارم کە ڕزگار!

– کەم بگری ڕێبوار من دەترسم ئەو ڕۆژەی لە دەست ئەوین ڕزگارم کەن، بمرم.

– کەوایە من حەز دەکەم زووتر بمرم. ئێستا خێزانم پۆلیسی وڵاتی دەنگ داوە.

– بەرەو کوێ؟ بەرەو کامە حەشارگە ڕەنگە زۆربەشیان

وا هەست بکەن تۆ ئێستا لە ناو باوەشی نەرمی ژنێکی بە هەوەسدا نووستووی.

– خودا دەزانێ، بەڵام تکات لێ دەکەم پەنجەرەکەم نیشان دە.

– خوا نەخواستە تۆ چاوت کەم بینایە، دەنا ئێستا هەر چوار دەورت پەنجەرەیە فەرموو لە شار بڕوانە دەی! ڕەنگە بتوانی ماڵەکەی خۆشتان بناسییەوە.

– ئا... ! من دەبێ لەو سیحر و جادووەی تۆ بگەم. ئێستا چۆنت ئەم پەنجەرانە دروست کرد؟ ڕاست نەڕۆی حەوات دەدەمە خوارێ.

– بڕێک هێواشتر بی باشە. ئەگەر من حەوادەی خۆت چی دەکەی؟ دەزانی ئێرە هێشتا درگای نییە!

– ئۆخەی بە دڵم دەگا و ئیدی بەسمە.

– بە پێچەوانە من حەز ناکەم چڵەمووییەک لە سەری تۆ کەم بێتەوە. ئێستا پەنجەرەکانیشت لە کیس خۆت دا. کوان ئەو هەموو پەنجەرەی ئەو شارە ڕەنگاوڕەنگەیان نیشان... شەو ڕەنگاوڕەنگ؟

– یانی ئەوە خەیاڵات بوو؟

– جێگای خۆشحاڵییە دکتۆر ڕێبوار، چونکە تەنیا ڕوحێکی زیندوو دەتوانێ خەیاڵ بکات، کەوابوو دڵم خۆشە هێشتا... هێشتا زیندووی. هێشتا خەیاڵ دەکەی. دڵنیابە لەجیاتی درگایەک بە چوار درگا دەگەی...

– دەتەوێ چم لێ بکەی؟

– خوا نەخواستە بۆچی خەیاڵی وا خراپ دەکەی؟

– وەڵڵاهی ئەگەر لە مردن ترسابم. تازە ئەگەر مردن بێ من دەتوانم تۆ...

– نا هیچمان لەو خەیاڵانەمان نییە، بەڵام ئەگەر دەتەوێ دەچین و لە سەرڕاوە دەست پێدەکەینەوە.

– چی دەست پێدەکەیەوە کامە جادوو ماوە؟

– ئەم جارە بە دڵی تۆی دەکەم.

– ئەمن ئیتر ماندوو بووم. ئیشتیام لێیە..

– ئیشتیات لێیە بنووی، لێفەونوێنەکەت چۆن بێ؟ لە ئاوریشم...

– من ئەم جۆرە شتانە کەمتر بە حەز دەزانم، ئەمە پێوەندی تەواوی بە خەوەوە هەیە..

– بۆ ئێوەمانان خەو و دوایەش باوەشی گەرم و پڕ لە ڕەمز و ڕازی...

– دە ئیدی بهێڵە بنووم... ماندووم... ماندوو...

– من خۆشم خەوم دێ، بەڵام حەز ناکەم لێرە بخەوین. دەستم دەیە هەستە بڕۆین.

– بۆ خاتری خودا توانایی سەرێ و خوارێم نەماوە

– مەگەر ناتەوێ بنووی؟

– با! با! بەڵام فەرقی چییە لێمگەڕێ!

– وەرە با درگاکەش بەڵەد بی.

– درگام ناوێ ئەوین...

– ئەگەر ئەم جارە ویستت بڕۆی ئا لێرەوە بڕۆ. ئەمە درگاکەیە لە بیرت ناچێتەوە لەم پێپلیکانەوە.. بەر نەبییەوە ئا دەست بە دیوارەکەوە بگرە.

– ئەی خوا خراوت بۆ نەکا ئەوین! ئەی بۆ زووتر پێت نەکوتم. خۆ وەخت بوو شێت و هار...

– بڕێک هۆشیارتر بڕۆ... ئا... خۆ وەخت بوو خۆت ڕەهێڵ کەی، ئێشت پێ نەگەیی؟ ژانی زۆر بوو؟ دەی من بڵێم چی غەیبم پێیە ها ئەم دیوەیە.. ئا لێرەدا...

– تەواو خۆم بە شەرمەزار دەزانم. ئا! من بڵێم چی ئا... خر...

– نا ڕێبوارگیان تۆ ئەم شەو بڕێک هیلاک بووی.

– خەو باشترین تلیاکی ئینسانە.. ئەم حەبە هەتا بەیانی دەمخەوێنێ... بریا زووتر بمزانیایە!

– بە تایبەت لە ناو نوێنی ئەویندا بتخەوێنن...

– ئەرێ ئەوین و دەس لە ملانی ئەوینی زیندووی تۆ. فیدای ئەو دڵەی بۆ من پیر بووە..

– مەیبرە بەرخۆت ڕێبوار، من بۆ ئەوین پیر بووم یان تۆ؟

– بای بۆگەنی ئەم دەروونە پڕ لە پیسییەی من...

– ئەم هەست پێکردنە تاسەم دەشکێنێ. خانەخوێی دڵ، ئازارە ڕەشەکانی دوێنێیە ڕێبوار.

– هەرخۆشە کچەتیوە هەر خۆشە ئازاری ئیشق سپییە کوا ڕەشە.

– بخەوە با بەیانی زوو وەخەبەر بێی.

– وەخەبەر بێم چ بکەم؟


– با لە دەست ئازاری ئەم خەون دیتنە ڕزگارت بێ، بەڵام تازە قەت بۆ کەسی مەگێڕەوە

– تازە نامەوێ لە ناو خەونەکانی تۆوە بۆ هیچ کوێ بچم. قەتت بەجێ بێڵم. قەتت لێ دوور کەومەوە..

– جارێ بنوو هەتا بەیانی...

– تازە بەیانی و شەو و ڕۆژی من تۆی! تازە باسی هیچ بەیانییەکم بۆ مەکە، چونکە هەرگیز تازە بەجێت ناهێڵم.

– من نەخۆشێکم ڕێبوار، بەڵام شار سەدان نەخۆشی تێدایە، هەموویان پێویستیان بە دکتۆرە... جارێ بنوو.



# چەند مینیماڵێک

جەبار سابیر
(سلێمانی)

### خەونێکی تاڵ

شەلاڵ لە ئارەقەدا خەبەری بووەوە.
ڕای کردە بەر ئاوێنەکەو لە تاڵە قژەکانی وردبۆوە کە خەریک بوو بەفری تەمەنی لەسەر دەنیشت. خەونێک ئارەقەی پێ کردبۆوە و گیانی خوساندبوو کە خۆیشی نەیدەزانی بۆچی خەونی وای بینیوە. ئەم بیست ساڵ دەبوو مێردەکەی مردبوو، کەچی خەوی بینی مێردەکەی ژنی بەسەر هێناوەتەوە....
چووە سەر دەستشۆرەکە و شڵپێک ئاوی بە دەموچاویدا کرد و هەر هێندەی پێ وترا: ئۆخەی بەس نەبوو مردبوو.

### نووسەر و ناوبانگ

ئەم نووسەرە گرفتی ناودەرکردن و خۆدەرخستنی هەبوو، هەرچی دەکرد و دەکۆشا پێی نەدەگەیشت. لە بارەی هەر شتێکەوە دەینووسی کەس نەیدەخوێندەوەو کەس باسی نەدەکرد، بۆیە دواجار بڕیاری دا شیعرێک بۆ دیکتاتۆر بنووسێت و بە دڵی خۆیشی و دیکتاتۆریش بە شان و باڵای ئەوان هەڵ بدات. شیعرەکەی نووسی و بە هەڵەداوان چووە بارەگای ڕۆژنامەکە و شیعرەکەی پێ دان... دەتوت لەسەر ئاگرە، ئۆقرەی لێ بڕابوو، خودا خودای بوو خێرا ڕۆژنامەکە دەرچێت و شیعرەکەی بلاوبێتەوەو هەموو کەس بزانێ ئەم پیاوە شاعیرەو ئەم شیعرە جوانەی نووسیوە. شیعرەکە بلاوبۆوەو ڕۆژنامەکەیان لەگەڵ زەرفێکی کاغەزدا بۆ ناردە ماڵەوە کە هەشت دیناری وەک پاداشت تێدا بوو، ئەمەیش بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر بوو و باشترین نووسەرانی ئەودەم سێ دینار زیاتریان وەرنەدەگرت.

بەڵام بەرلەوەی خەڵک شیعرەکەی ئەم شاعیرە ببینن و بیخوێننەوە، دیکتاتۆر ڕووخا.. ئیتر کابرا کون بە کون دەگـــەڕا تا دانە بە دانەی ئـەو ڕۆژنامـــەیە لە وڵاتدا کۆبکاتەوە.

### گەمژەیی

کابرا بە درێژایی ژیانی چاودێری ژیانی خەڵکی دەکرد. ئەمە کار و پیشەی بوو، ئاخر ئەم ئەندامی ڕێکخراوێکی نهـێنی بوو بۆ چاودێری ژیانی خـەڵک و پارێزگـاری لە دیکتاتۆر.

لەزەتێکی زۆری لەم کـارە دەبینی و زۆریش شـانازی پێـوە دەکـرد، بەڵام کـاتێک لە نیـوەشـەوێدا بردیان و گوللەیەکیان نا بە پشتەملییەوە، ئەوسا بیری کەوتەوە، وەک چۆن ئەم بە درێژایی ژیانی چاودێری ژیانی خـەڵکی کــردووەو خــەڵکی داوە بە دەم کــوورەی مــردنەوە، بە درێژایی ئەم ماوەیە چاودێری خۆیشی کراوەو ئێستایش نۆرەی خۆیەتی.

### دەرهێنەر

ژنەکەیان کوشت.

هەر دوو منداڵەکـەیان لەبەرچاوی خـۆی کـردە خـۆراکی سەگەکان، دەست و چاویان بەستەوەو لە پەنا دیوارێکدا ڕایان گرت و وتیان دوا قسەت بکە:

دوا قسەکەی تەنیا مینگە مینگێک بوو.

سەربازانی دەسـتەی ئیعدام چاوەڕێی فـەرمانی تەقە کردن بوون.

بەرلەوەی پەنجـە بە پەلەپیـتـکەدا بنێن، پەنجـەی بە کلیلی پاوسدا نا... دەرهێنەرەکە تەنانەت لە فیلمیشدا حەزی بە مردنی خۆی نەبوو، بەڵام ئەو بیـری چووبوو کە دەرهێنەری فیلمە، نەک دەرهێنەری ژیان.

### کورتترین ڕێگە

لینین و سـتـالین ویسـتـیـان لە ڕێگەی هەڵچوونێکی توندڕەوانەوە کە ناویان نابوو شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کۆتایی بە ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوەی کرێکاران و مرۆڤی هەژار بهـێنن و برسـێتی و ژیانی کـولەمـەرگی لە تەواوی جیـهـاندا بنەبڕ بکەن. بۆ ئەم مـەبەسـتـەیش باشـترین و کـورتتـرین ڕێگەیان هەڵبـژارد، کـۆمـەڵکوژی کـرێکار و هەژاران و هەمـــوو ئەوانەی بە جــۆرێک لە جــۆرەکـــان دەنگیـان دژی برسێتی و بێکاری و ستەم بەرز کردۆتەوە. دواتر ئەمـە بووە مـۆدێلێکی باش بۆ لە ڕیشـەکـێشـانی ستەم و برسێتی لە جیهاندا.

«دوای خوێندنەوەی کتێبی کۆمۆنیزمی ڕەش»

### تەیموری لەنگ

تەیموری لەنـگ لە بیـرەوەرییـەکـانیـدا دەنووسـێت: پەلامـــاری یەکـێک لە شـارەکـانم دا و دوو منارەم لە کەللەسەری مرۆڤ دروست کرد و ڕووم کردە خودا و وتم خودایە ئەمە لە پێناوی تۆدایە.. هەژاری موکریانیش لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت: لە سەمەرقەند چوومە سەر گـۆڕەکـەی تەیموری لەنـگ و بە هاوڕێکەم وت: بابپـێـوم بزانم ئەم خوێنخۆرە چەندە زەوی پێ براوە.

### شەرڤان و وەرزشوان

بە پێی گێڕانەوەکانی پاول کارێل لە کتێبی (پرۆسەی باربارۆسـا)دا، هێـرشی ئەڵمـانیـا بۆ سـەر ڕوسـیـا، لە یەکـێک لە هێـرشـەکـان بۆ سەر ناوچەکـانی پشـتـەوەی دەریای ڕەش، ئەفـسـەرێک و دوو سـەربازی ئەڵمـانی لەگـەڵ چەند سـەرباز و ئەفـسـەرێکی ڕووسی دەیکەنە پێـشـبـڕکێ بۆ سـەرکـەوتن بەسـەر یەکـێک لە لووتکە شاخەکاندا. ئەم هەواڵە دەگاتەوە ئادۆڵف هێتلەر کە ئەو دەم لە ئۆکـرانیـاوە سـەرکـردایەتی شـەڕەکـەی دەکـرد و گـەرمای ئۆکـرانیـا ڕۆژ بە ڕۆژ پیـری دەکرد. هێـتلەر تا هێـزی تێـدایە هاوار دەکـات و دەڵێ: بۆ من شـەرڤـانم ناردووە، یان وەرزشوان.

«ڕستـەیەکی کۆمیـدی لە قـووڵایی ئەو شـەڕە سەختـەی ئەورووپادا.»

### پەپوولە

دوو سـاڵ زیاتر بوو دوو پەپوولەی گـەورەم بە وشک کراوی دانابوو تا لە دەرفەتێکدا لە چوارچێوەیەکی جواندا بیدەم لە قەد دیوارەکە. پەپوولە تەمەنی زۆر نییە و قەت ناگاتە چەند هەفتـەیەک. زۆر شەو سەیری ناو کتێبەکانم دەکـرد، پەپوولەکـانم دەبینی هەندێک جـار کـە زۆر ورد دەبوومەوە هەستم بە جموجووڵ و لەرەی باڵیان دەکرد.

دواجـار شـەوێک بڕیارم دا بیـانخـەمە چوارچێوەکەوە.

کارەکەم تەواو کرد و چوارچێوەکەم لە قەد دیوارەکەدا.
بۆ بەیانی کە خەبەرم بۆوە، تەنیا سکێچێک لە دوو پەپوولەکە لە چوارچێوەکەدا مابوو، ئەمەیش تاقە شوێنەواری پەپوولەکان بوو.
لەوساوە تا ئێستا زۆر جار شەوانە کە لە چوارچێوەکە وردەبمەوە هەست دەکەم دوو پەپوولەکە ڕێک لە سەر دوو سکێچەکە نیشتوونەتەوە...
ئێستایش تێ ناگەم من سکێچی دوو پەپوولەم هەڵواسیبوو، یان دوو پەپوولەی ڕاستەقینە.

## گولاڵە

گولاڵە لە سەربان جلی هەڵدەخست.
ئێمە چاوەڕێی جێبەکەی نەجمەددین بووین. نەجمەددین هەموو ئێواران بە جێبەکەیەوە لە شارەوە دەگەڕایەوە. ئێمە بەرەو لێژاییەکەی بەر مالاّن ڕامان دەکرد.
جێبەکە هات، ئێمە خۆمان پێدا هەڵواسی. لە هەورازەکە سەرکەوت. گەیشتە بەردەم ماڵی گولاڵە. زرم ستۆپی گرت. من بەربوومەوە و دەمەوڕوو تەختی زەوی بووم، گولاڵە جلی هەڵدەخست، هەستامەوە، سەراپا تۆزوخۆڵ و دەم و لووت پڕ خوێن.
سەرم هەڵبڕی گولاڵە بە سەر تەشتەکەدا نەوی بۆوەو جلی دەگوشی. منی بینی و وتی ئۆخەی... ئەو هەموو ئێواران منی بەو جۆرە دەبینی کە خۆم بە دوای جێبەکەدا هەڵدەواسی، بۆیە لێم پڕبوو. گولاڵە ئەوەی وت و ژان گەڕایە دڵم.
دوای دوو ساڵ، شەڕێک ڕووی کردە ئاواییەکەو تۆپێک دای لە پشت ماڵی گولاڵە.
تاریک داهات و شەڕەکە کۆتایی هات. ئێمە لە ئاواییەکە ڕەومان کرد. لە پشت ماڵی گولاڵەوە بە سەر تەرمی گولاڵەو مێرد و دوو منداڵە پێنج و شەش ساڵەکەیدا کەوتم. گولاڵە سکی هەبوو، دەستی کۆرپەلەکە لە سکییەوە هاتبووە دەرێ.
سەیریم کرد و ژان گەڕایە دڵم.

## مرۆڤ

هەمینگوای لە ڕۆمانی "پیرەمێرد و زەریا"دا هەموو هەوڵی بۆ وتنی تاقە ڕستەیەکە: "مرۆڤ نابێت کۆڵ بدات" پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە دوای ئەوەی ماسییەکی گەورە ڕاو دەکات و لە گەڕانەوەدا بۆ ڕۆخی دەریا، تەنیا پەیکەرە ئێسکەکەی دەمێنێتەوە، دەڵێ: (دیسان دەچمەوە دەریا.) بەردەوام دەبم و کۆڵ نادەم، کەچی هەمینگوای ڕاستەقینە خۆی پەیڕەوی ئەم ڕستەیەی خۆی نەکرد و لە ململانێی ژیاندا شکستی هێنا و لە دووەم هەوڵی خۆکوشتندا سەرکەوتووبوو و مرد.

## بەرپرس

پێشمەرگەکە خۆی کرد بە ماڵەکەدا. خاوەن ماڵ هاتە دەرێ، پیاوێکی کزۆڵەی لەڕ و لاواز بوو.. پێشمەرگەکان وتیان ئەمشەو نۆرەی تۆیە دەلیلمان بیت و بمانپەڕێنییەوە بەری گوندی عەسکەر و دەڤەری ناوشوان.
منداڵەکە هاتە دەرێ.
لە دەرگای ماڵی باپیری داو ئیدی نەگەڕایەوە.
پیاوەکەیش پێش پێشمەرگەکان کەوت و نەگەڕایەوە.
منداڵەکە نووست، ماڵی باپیرەیش نووستن. ئاواییەکە سەراپا ڕۆچووە خەوێکی خۆشەوە. باوکی منداڵەکە لەگەڵ پۆلە پێشمەرگەکەدا کەوتە بۆسەی دوژمنەوەو تاقیان دەرنەچوو.
بەرپرسەکەیش تا بەیانی لە ئامێزی ژنی کابرادا نووست.



# تابلۆ خوێناوییەکان

**ئەڵوەند تەڵعەت**

گڵۆپەکان کوژێنرانەوە و هۆڵەکە تاریک و خامۆش بوو، ئیتر شانۆ دەستی پێ کرد، شانۆی ڕاستەقینە، یان خەیاڵ کە تائێستا من ناتوانم لەیەکتریان جیابکەمەوە. کۆمەڵێک کچ و کوڕ بەجلی سپی لە سووچێکی شانۆیەکە بەبێ دەنگی وەستابوون، کۆمەڵێکی تر لە سووچی ئەوبەر لەبەرانبەریان بە بەرگی ڕەش وەستابوون کە هەریەکەیان تەورێکی درێژی پێ بوو سەراپای جەستەشیان خوێن بوو، کەللەی سەری مرۆڤیش تەواوی ڕووی شانۆکەی داپۆشتبوو. تاریکی و ڕووناکی سوور و دووکەڵ و تەم ئەو ناوەی داگرتبوو، ئەوە دەکرا تابلۆیەک بێت، نەک شانۆ، چونکە هیچ کەس قسەی نەدەکرد و هیچ مۆسیقایەکیش ئیشی نەدەکرد، بێ دەنگییەکی تەواو بێ دەنگ. لە پڕێک بوو بە شەڕو تێکچرژان، بەڵام زۆر بێ دەنگ، چەشنی تابلۆیەک کە بەدەستی ئەنقەست ڕەنگەکانی بەسەریەک دابدرێت خوێن بڵاوبووەوە و بەرگ سپییەکان بەرگیان گۆڕا بۆ سوور و بەرگ ڕەشەکانیش ڕووت بوونەوە، ڕووتی ڕووت.....

کچێک لە ناویان سەرنجی ڕاکێشام، بەژن و باڵایەکی باریک و جوان و ڕێکی هەبوو، پرچە زۆر ڕەش و خاوەکەی بە ناو شانیدا شۆڕببووەوە، چەند تاڵێکیش لە پێشەوە کەوتبووە سەر مەمکە توندەکانی، (ئەوەش بۆ خۆی تابلۆیەکی تر بوو.....).

کچێکی ڕووت لەناو گرووپێک لە مرۆڤی ڕووت وەستاوە و سەری نیمچە بەرەوخوار شۆڕکردۆتەوە و تەنیا بەشێکی ڕووی دەموچاوی لەژێر چەند تاڵێکی باریک و ڕەشی پرچی دیارە و واش دەردەکەوێت نیگای زۆر ساردوسوڕ بنوێنێت.

لەپڕ هەموو شتێک دەستی کرد بەجووڵەیەکی خێرا، تۆز و تەم و غوبارەکە زیاتر بوو لەگەڵیشیدا تەمێکی چڕی شین سەراپای تەختەی شانۆکەی داگرت تا ئەو ڕادەیەی من نەمدەتوانی هیچ شتێک ببینم.

لەپڕ تەمە چڕەکە دەستی بە کاڵ بوونەوە کرد و منیش بەپەرۆشەوە چاوم بەدوای ئەو کچەدا گێرا کە تاوێک بەر لە ئێستا ونم کردبوو، ئەو کچەی کە بە فریادڕەسی ژیانی خۆم زانی لەو تاریکستانەدا، بەڵام هەر کە توانایی بینینی

شانۆکەم بۆ گەڕایەوە، بینیم هەموو شتێک داغان و وێران بووە، نە بەرگ ڕەشەکان و نە بەرگ سپییەکان و نە مرۆڤە ڕووتەکانیش مابوون!

من کارم بەوە نەبوو بەدوای مرۆڤە بە بەرگەکان چاو بگێڕم، ئەوەی مەبەستم بوو مرۆڤە ڕووتەکان بوون، تەنیا مرۆڤە ڕووتەکان و بەس، وەک ئەوەی هەر لە ئەزەلەوە وێنای مرۆڤ لەلای من تەنیا پەیکەرێکی ڕووت بێت.

هیچم نەدۆزییەوە، بێجگە لە جووتە مەمکێکی توند و جوان! ئەوە هی ئەو بوو....؟ ئەی کەواتە بۆخۆی لەکوێیە....؟ مرد..؟ کوشتیان...؟ ڕۆیشت..؟

پیاوێکی دەمامکدار بە ماسکێک کەوای نیشان دەدا دڵخۆشە و هەمیشە پێدەکەنێت، بە پاژنەی پێی جووتە مەمکەکەی پلیشاندەوە. (ئەوەش تابلۆیەکی تری بێ دەنگە)

پیاوێک لە پانتاییەکی وێران خەریکی پلیشاندنەوەی مەمکێکە، دیاریش نییە خاوەنی ئەو مەمکە کێیە و لە کوێیە!

وادیارە لەو شانۆیە، لەو تابلۆیە، دەبێت هەموو کەسێک بمرێ، مەبەستم ئەوەیە دەبێت بکوژرێ.

ئەویش مرد. کوشتیان.. یان....؟

شمشێرێکی سپی برۆنزی لە کەللەی سەرییەوە تا خوارەوەی بڕی، وەک سێوێک کردی بە دوو لەت!

ئەوە تەنیا دەستێک بوو کە لەناو تاریکایی سووچێکی شانۆکەوە دەرهات و بزر بوو، ئیدی خوێن جۆگەلەی کرد و بۆ ژێر پێی ئامادەبووان شۆڕبووەوە.

چۆڕانەوەی خوێن هێشتا هەر بەردەوامی هەبوو لەسەر شانۆکەوە بۆ بەرپێی ئامادەبووان، لەپڕ دەستێکی براوی شمشێر بەدەست دەرپەڕی و کەوتە ناو کۆشی کیژۆڵەیەکی جوانکیلەی ئامادەبووی شانۆکە کە بەهۆی ترسەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو.

کیژۆڵەکە قیژاندی و بە جووڵەیەکی خێرا شمشێرەکەی لەخۆی دوورخستەوە، بۆ شوێنێکی دووری هەڵدا.

ئەو شوێنە دوو کورسی لەولاوە تری کیژۆڵەکە بوو.

(تابلۆیەکی تر)

پیاوێک لەسەر کورسییەک شمشێرێک لەسەری چەقیوە و لە چەناگەی هاتۆتە دەرەوە، بەدەم کراوەیی و چاوی دەرپەڕیوەوە چاوی لە ئاسمان بڕیوە، ڕەنگە بیەوێت داوای بەزەیی و هاوکاری لە خودا بکات، بەڵام لە ڕاستیشدا ئەو تەنیا دەتوانێت بنمیچی هۆڵی شانۆکە ببینێت و بەس!

وادیارە پانتایی شانۆکە فراوانتر بوو، ئەوانەی کە تاوێک بەر لە ئێستا بینەر بوون، ئێستا بۆخۆیان دەبن بە کارەکتەری شانۆکە. لەهەر چرکەیەکدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی دەستە براوە شمشێر بەدەستەکە دەمردن، زیادی دەکرد، هیچ کەسێک ئەوەی پێ قبووڵ نەبوو دیمەنی مرۆڤێک ببینێت کە لەتەنیشتی دانیشتووە و شمشێرێک لەسەری چەقیوە، بۆیە هەرکەسە و لەلای خۆیەوە شمشێرەکەی لە کەللەسەرەکە دەردەهێنا و هەڵی دەدا بۆ شوێنێکی دوورتر و لەوێش هەمان تابلۆی پێشتر دروست دەبووەوە. تا لەکۆتاییدا شمشێرەکە ون بوو، ئیدی هیچ کەسێک نەیبینییەوە.

شمشێرەکە بزربوو، یان هۆڵەکە تاریک بوو..یان....؟

دووبارە ڕووناکایی سووری سەر تەختەی شانۆکە بەشێک لە تاریکی هۆڵەکەی کوشت.

سی قەفەسی ئاسنین، لە قەفەسی یەکەمدا کچێکی ڕووت خۆی گرمۆڵە کردووە، وەک ئەوەی هەست بەسەرما بکات، کوڕێکی ڕووتیش لە قەفەسی دووەم دانیشتووەو خەریکی خواردنی بەشێک لە جەستەی خۆیەتی، قەفەسی سێیەمیش دەرگاکەی ئاوەڵایە و تەرمی کچ و کوڕێکی تێدایە، خوێنیش چواردەوریانی تەنیوە، کچەکە بۆڕی قورگی دەرهاتووە و پەلامیسکەی خوێن دەدات و کوڕەکەش دەمارەکانی مەچەکی ڕژاون و وەک ترۆمپای ئاو، خوێن دەردەدەن، لەولاوەش مرۆڤگەلی ڕەش پۆش و بێتاقەت لە بەردەم دەرگای ماڵەکانیان کە لەسەر شێوازی تابووت دیزاین کراون، سەریان خستۆتە سەر ئەژنۆکانیان و هەر ئەوەتا هەناسە دەدەن. ئەوەشیان هەر تابلۆیەکی ترە؟. (ئەمەشیان هەر یەکێکە لە تابلۆکانی شانۆکە).

لەو شانۆیەدا هەموو کەسێک دەبێت بمرێت، بکوژرێت!

ئەوەی دەبێتە کارەکتەری شانۆیەک هەر لە سەرەتاوە بەمردن مەحکومە، بەکوشتن، چونکە شانۆکان لەکۆتاییدا هەردەبێت تەواو بن و کارەکتەرەکانیش دەبێت بزربن، بمرن، بەڵام وادیارە خەڵکانێک درک بەوە ناکەن کە دەست پێکردنی شانۆ هاو واتایەکە بۆ کۆتایی!

پەردەی شانۆ داخرایەوە و گڵۆپەکانیش هۆڵەکەیان بۆ جارێکی تر ڕووناک کردەوە، ئەکتەرەکانیش بە ڕیز وەستابوون و دەستی یەکتریان گرتبوو، ناوەناوە دەچەمانەوە و ستایشی چەپڵەڕێزانی ئامادەبووانیان دەکرد، بەڵام من کە هاتمە دەرەوە، لە هیچ شتێک تێ نەدەگەشتم، ئاخر من شتێکم بینیبوو خەڵکیش باسی شتێکی تریان دەکرد.

(کۆتاییەکەی جوان بوو، بەڵێ... چارەنووسی مرۆڤە خراپەکان هەروا دەبێت...، من بەتایبەت بەوە خۆشحاڵ بووم کە خەڵکەکە هەموو بەسەلامەتی ڕزگاریان بوو..!)، جوانترین دەرس کە من لەو شانۆیەوە فێربووم، خۆشەویستی و بەخشندەیی و بیری ناتوندوتیژییە..!!)

**۲۰ی تشرینی یەکەمی ۲۰۱۲**



# ئەڤینا باژارەکی

لەوەند دالینی
(شام)

دەما کو بالەفرێ جارا یەکەمین سینۆرێ دەریا بۆسفۆرێ ب خاکا ستەمبۆلێ ڤە گرێدا و ئەو ل بالەفرگەها وی باژاری دانی؛ قەت نەکەتبوو بیرا وی، کو وێ رۆژەکێ قوروو فاسوولیە (فاسوولییێن سپی) و برنجا قەرەژداخێ؛ ل لقونتا حەمێ عومەری ل تاخا لەڤەت؛ دوونەر و سکەندەر کەبباب ژی ل جەم هسێ مدیادی ل لالەلی وێ بخوێ، و ب وان رە وێ ب زمانێ دایکێ، باخڤێ!؟ و ئا ژ وان هێن ژی مەزنتر و ب شانتر؛ چاڤێن ئەبروو ئێن رەش و تژی ئەڤینی وێ ژ وان، پەیالا سەرخوەشیەکێ بنووشە و د دل و سەودانێ وی دە وێ کوور و دوور هەرە!؟... وەکە تیرێژێن لێزەرێ وێ کوورایا دلێ وی دەرباس بکە و بکەوینە، هەتا کو وێ بمینن هسرەت د دلێ وی دە تانی دیماهیکا ژیانا وی!؟.

بریارا گوهەستنا کار ب فرما وی ئا بیانی رە وەکە پسپۆرەکی؛ گهشتە دەستێ وی و قەدەرێ مهەکێ موهلەت دانێ دا کو خوە ئامادە بکێ و هەرێ ل باژارێ ستەمبۆلێ ڤێ جارێ ئالیکاریا کارێ وان بکێ.

فەرهەنگەکە ترکی پەیدا کر و دەست ب هینبوونا گۆتنێن تۆرستیک ئێن رۆژانە کر، وەک: نەڤار نەیۆک؟ نەسلسەن؛ ساخۆلسەن؛ ئادە نە؛ سەن مەملەکەت نێردە؛ سەن تورچە بلمیۆرسەن؟ وهد. هێن د زارۆکیتیا خوە دە دەما هنەک ژ پسمامێن باڤێ وی ژ سەرخەتێ  ل مالا وان دبوون مێهڤان و د ئاخافتنێن وان دە گۆتنێن بیانی دهاتن؛ پەیرە ژ باڤێ خوە دپرسی کا ئەڤ گۆتن ب چ زمانی نە؟ ژێ رە ددا خویانی کرن، و گەلەک ژ وان گۆتنان پێ رە دمان.

و د خۆرتانیا خوە دە ژی دەما تێکلیێن وی ب مالباتا جەمیل پاشا و عارف بەگ رە چێبوون؛ هن گۆتن ژ وان دگرتن! نەمازە دەما کو ئەو خەو بخوە بهەڤرە داخڤین.

بالەفرێ د پایزا سالا ١٩٨٩ دە ئەو ل ستەمبۆلێ دانی و پشتی موهرا دەرباسبوونێ، ل پاسەپۆرتا وی دان؛ د دەرگەهێ گهاندنێ دە، شووفێرێ شرکەتێ ناڤێ وی ل سەر کاخەزەکێ هلدابوو؛ وەختا ناڤێ خوە دیت پێڤە قەدمی و گۆت: هەلۆ؛ هەلۆ ئەفەندم؟ ولکۆم تۆ ستامبول؟! و ب ئنگلیزیەکی شکەستی دەست ب خەبەردانێ کر و ب هەڤرە

مەشیان بەر ب ترەمبێلێ ڤە و سواربوون.
ریا کو بالەفرگەهـ ب باژاری ڤە گرێددا ب ترافیکەکە گرانبوو! دارێ دەردۆرا وێ پەلێن خوە زەر و زوا دوەشاندن؛ و بەر با دبوون، و ئاڤاهیان رەنگا رەنگ رێ هەمبێز دکرن!...
رامانێن وی ژی وەکە پەلێن پایزی گەهـ لهەڤ کۆم دبوون و گەهـ ژی بەلا دبوون!؟ و د کێفەراتەکە بێ راوەستان دە پێلێن خوە رووباری هەڤ دکرن!؟... لێ ئاخافتنێن شفێر ژ نشکێ ڤە خەیالێن وی قوت دکرن و ئەو شیار دکر!؟.
ئۆدا ئوتێلا هلتۆنا ستەمبۆلێ ئەو ب تەنێ دهشت؛ لێ لێدانا زنگلێ تێلەفوونێ ئەو زوو ژ وێ یەکێ خەلاس دکر و پشتی کو ئاخافتنا خوە خلاس کر خوە ئامادە کر ژ بۆ چوونا فرمێ.
رۆژ ب رۆژ ژیانا ستەمبۆلیان ژێ رە زەلال دبوو و گاسین و تارێن وێ، سینۆر و جەلدەبێن وێ ژی، پێ رە دهاتن ناسین. دان و ستاندنێن وی رۆژ بۆ رۆژ ئەو ژی زێدەتر دبوون و ژ دەرڤەیی ژیانا کار؛ دەست ب ئاڤاکرنا ژیانەکە دیتر کر...
د رۆژێن داویا هەفتێ دە و ب گروپەک دۆست رە، ل کولتور مەرکەزا باژێر بەشداری بهیزتنا موزیکا کلاسیکی دبوو و پەیرە ل تەقسیمێ هنەکی روودنشت و بەردەوامی بەیۆخلۆ دکر... گەرەکە تۆرستیک دکر، دوەستیا؛ ل کۆفی شۆپەکێ نسکافا ب شیر ڤەدوخوار و پەیرە ل یەک ژ سینەمێ وێ فلیمەکی. عوسکار گرتی ددیت.
مەشا ژ عورتەکۆیی بەر ب بەبەک ڤە ب جلێن پایزی و مانتوو؛ ژێ رە بووبوو وەکە سەیرانەکە رۆژانە ئا پشتی قەداندنا کار، و دەریایا چاڤێن دیلبەرێ د بۆخازا چەنقەلا رە ددیت!؟... ل گەمیا دەریا چاڤێن وێ سوار دبوو، و د ناڤ رەنگێن وان دە تێکلی پێلان دبوو، و همبێزی سرا بایێ پایزا ستەمبۆلێ، و پێرە پێرە دکەتە کوورایا رامانێن تەڤزینۆکێن دلێ خوە و وێ دە... قەت نکاریبوو ئەو جارەکێ د رووباریا تیرێژێن چاڤێن وێ دە بەردەوام بکێ و هەر جار وێ گەمیا وی د پێلێن دەریایا چاڤێن وێ دە وێ نەوق ببا!؟..
ئەڤ ژیانا رۆمانتکی گەلەکی نەدکەتە سەرێ وی!؟ تمی تشتەک د هوندرێ وی دە ئەو دکشاندە بەر ب ئا گەلیری و دان و ستاندنێن بێ پریستیژ و ئاتیکێت!؟ و سەدەم ژی ل گۆری وی ئەو بوو کو ژ ڤێ ژیانا رۆمانتکی تێر و جز بوو بوو ب حکمێ وان سالێن درێژ ژ ژیانا خوە ئا کو قەداندبوو ب ڤ ئاوای، و ئا دن ژی گەلەکی دخوەست کو ژیانا ستەمبۆلێ ئا گەلیری و تار و ئاڤانیێن وێ ئێ کەڤنارە ببینێ و ناسبکێ، ژێ هەس بکێ وەکە هەسکرنا قامشلۆ، شام و قاهیرا مسرێ.
خالدێ کو د شرکەتێ دە هەر کار دکر، ژێ رە دانین وەکە رێزانەکی کو پێ رە هەرێ و بێ و باژار پێ بدێ ناس کرن...
خالد: نە ڤار نە یۆک؟ سەن نێردە گدیۆر بوو گون؟ لەڤەنت ئەفەندم؛ ب ترکیەک نیڤی عەرەبی و نیڤی ئینگلیزی و ئێ مای ژی ترکی بوو ب کۆتەکی ژێ فێم کر کو وێ وی ببێ لەڤەنت کو ئەو ژی تارەک ژ ئێن ستەمبۆلێ یە؛ و پێ رە بوو هەڤال!...
وەکە جارا یەکەمین کو ب تەنا خوە و ب ترکیا خوە ئا شکەستی ب یەکی رە داخڤە، گەلەک گەلەک زەهمەتی دیت و ئەو چەند گۆتنێن کو ژەزبەر کربوون چ ل جی و چ ژی نە ل جی، گۆتن!. داوی ژ خوە رە گۆت کا ئەز بپرسم بێ ئەڤ جامێر ژ کوو یە و بەرێ زانیبوو کو: سەن مەملەکەت نێردە؟ یانی تو ژ کیژان دەڤەرێ ی؟ خالد لێ ڤەگەراند بەن مەملەکەت قەهرەمان مەرەش؛ هنەکی شک پێ رە چێبوو و دخوەست بگهێ ئارمانجەکێ!؟ لێ مخابن فەرهەنگا وی ئا قەلس ئالیکاری پێ رە نەدکر؟ ب کۆتەکی ئەو دا فێم کرن: بێ ژ بلی، ترکی، ئەو ب چ زمانێ دی زانێ؛ بەرسڤ دا و گۆت کوتچە!؟ پێشی گەلەک فێم نەکر، لێ زوو لێ ڤەگەری و گۆت: سەن ژی کوردچە!؟ گۆت: ئەڤەت ئەفەندم! دەما ولۆ گۆت وەک تو جێرەک ئاڤا جەمدی پێ دا کێ و د جهێ خوە دە راواستیا و نەما لڤی قەدەرێ دەقیقەیەکێ... خالد گۆت: بوورم ئەفەندم لێ دخویا کو دەنگ نەکر! لێ ڤەگەری و دووبارە کر!؟ ب ماتمایی خوە نەما زانبوو بێ کا وێ چ ژ خالدێ خوە رە ببێژە؟ گەهـ هەیەجان بوو و گەهـ ژی ب هێرزێ کێفێ رە بەششی و کەنی و وەکە خەلکێ (ئۆمەریان) سیتیان؛ راست و رێ هاتیێ و گۆت: کورۆ تو کورمانجی و ئەڤ سەعەتەکی تە، تە ریهێ من ب ترکیا خوە ستاند!؟ دەما کو وی ژی ئەڤ گۆتن بهستن، گەلەکی شابوو و دەستێن هەڤ وەکە کو ژ نووڤە هەڤدوو ناس بکن ب گەرمای هەژاندن و مەشا خوە بەردەوام کر.

**ئەڤ کورتەچیرۆکە د پرتووکا لەوەند دالینی یا کورتەچیرۆکان (رامانەک)ێ دە بەلاڤبوویە. کو ژ (١٣) کورتە چیرۆکان و (١٠٦) رووپەلان پێکهاتیە، شام ٢٠١٢ ، ژ وەشانێن (دار-ال-یانابا)یە.**

**«رامان»**



# ڕاوچی

جان کالێر
لە ئینگلیزییەوە: بەهار مودەڕس گورجی
(سنە)

ئالان ئاستێن، وەک بێچووە پشیلەیەکی شڵەژاو لە پەیژەیەکی زۆر کۆن و جیڕەجیڕکەر ڕۆیشتە سەرەوە، کە سەرکەوت، بۆ ماوەیەک چاوی لە عەرزەکە بڕی، بەڵکو چاوی بە لێڵی و ناڕوونی ئەو کاتەی شەو خوو بگرێت، پاشان بۆ دۆزینەوەی ئەو ناوەی بە دوایدا دەگەڕا، سەیری سەر دەرگای ماڵەکانی گەڕەکی کرد، ناوەکە زۆر کاڵ و نادیار لە سەر یەکێک لە دەرگاکان نووسرابوو.

پاڵی بە دەرگاکەوە نا و کردییەوە، ماڵەکە ژوورێکی زۆر بچووک بوو. چۆڵوهۆڵ. جگە لە مێزێکی ئاسایی نانخواردن، کۆرسییەکی لانکەیی و کورسییەکی سادەی دیکە، هیچ کەلوپەلێکی ناو ماڵی لێ نەبوو.. هەر ئەو ناوونیشانە بوو کە پێشتر بیستبووی. بەسەر یەکێک لە دیوارە چڵکن و زەردهەڵگەڕاوەکانی ژوورەکەوە دوو ڕەفە هەڵواسرابوون، پڕ لە شووشە و گۆزەی بچووک.

پیاوێکی پیر لە سەر کورسییە لانکەییەکە دانیشتبوو و ڕۆژنامەی دەخوێندەوە. ئالان بێ ئەوەی هیچ بڵێ، کارتێکی دایە دەستی، ئەویش سەیری کارتەکەی کرد و بە هێواشی وتی: فەرموو دانیشە بەڕێز ئاستێن، زۆر بە ناسینت خۆشحاڵم.

ئالان پرسی: ڕاستە جەنابت شەربەت و گیراوەگەلێکی تایبەتت هەیە کە کاریگەری سەیر دادەنێن؟

پیاوە پیرەکە وەڵامی دایەوە:بەڕێزم.. خۆت چاوت لە سەرمایەی ئیشی منە، گەلێک نییە، من دەرمانی نەخۆشی و دەرمانی سڕبوونی ددان و لەو بابەتانە نافرۆشم. کاری من جیاوازە و ئاسایی نییە.

ئالان وتی: ڕاستییەکەی من...

بەڵام پیـــرەمـــێـــردەکـــە نەیهـــێـــشت و ڕێگای لە قسەکردنەکەی گرت و وتی: بۆ وێنە وەرە ئێرەوە.. لێرە گـــیـــراوەیەکم هەیە هەر وەک ئاو بێ ڕەنگ، بێ تام و بۆن.. بە جـوانی لەگـەڵ هەمـوو جـۆرە خـواردنەوەیەکـدا تێکەڵ دەبێ، کـاری خـۆی دەکـات و کـەسـیش ناتوانێ هەست بە بوونی بکات، دەتوانی بیکەیە نێـو قـاوەوە.. شـیـر، شـەراب، یان هەر شـتێ وا خـۆت دەتەوێ.. کـاریگەری خـۆی دادەنێت و لە دوای مـردن تەنانەت لە توێکاری لاشەشدا دەرناکەوێ و شاراوەیە..

ئالان بە دەنگێکی ئێگجـار ترسـاو هاواری کـرد: مەبەستت ئەوەیە وەک ژەهر وایە؟

پیرەمێردەکە زۆر لە سەرخۆ و بە خوێنساردییەوە گوتی: ئەگەر حەز دەکەی ناوی بنێ دەستکێش سڕەوە! ڕەنگە دەستکێشیش بسڕێتەوە.. من کـەڵکم لێ وەرنەگرتووە نازانم. ڕەنگە کەسێکی تر ناوی بنێ ژیان خاوێنکەرەوە! واتە ژیانیش هەندێک جـار پێـویسـتی بە خـاوێن کردنەوەیە..

– من شتی ئاوام ناوێ.. بە کەڵکی من نایە!

– ڕەنگە ئەوەی لەڕاسـتـیـدا بتـەوێ ئەمـە بێ، بەڵام دواتر!

دەزانی ئەمـــە بایی چەندە؟ بەس یەک کـــەوچکی بچووکی بە پێنج هەزار دۆلارە، کەمتر نایدەم و پێم وایە زۆریش نرخەکەی گونجاوە.

ئالان بە دڵەڕاوکێوە وتی: هیوادارم گشت گیراوەکانت ئاوەها گران نەبن..

– نا بەڕێزم! شـتـێکی بێ کـەڵـک وەک شـەربەتی خۆشەویستی هێندە گران نییە، گەنجان و لاوان کە زۆر پێویستیان بە شەربەتی خۆشەویستییە هەرگیز پێنج هەزار دۆلار پارەیان نییـە! دەنا قـەت پێـویسـتـیـان بە شەربەتی خۆشەویستی نەدەکرد!

– بەڕاستی لە بیستنی ئەم هەواڵە دڵخۆشم.

– دەزانی چۆنە؟ ئەوانە وا بۆ کـــڕینی شـــەربەتی خۆشەویستی دێنە لام زۆر بەکـەڵکترن بۆ من.. ئەوانە دیســـان دێنەوە لام.. دوایی دەگــەڕێنەوە و ئەم جـــارە شـــەربەتەکـــەی تریان دەوێ، هەرچەندەش گـــران بێ دەیانەوێ، چونکە پێـویسـتـیـان پێیـە و منیش پێیـان دەدەم..

– هەر بەڕاست شەربەتی خۆشەویستی دەفرۆشی؟

پیرەمێردەکە هەروا بە دەم قسەکردنەوە هەستاو ڕۆیشتە لای ڕەفەکان..

– ئەگەر نەمدەفرۆشت قەت باسی ئەو گیراوەی ترم بۆ نەدەکـــردی، من باسی شـــەربەتی مـــەرگ تەنیـــا بۆ کڕیارەکانی شەربەتی خۆشەویستی دەکەم، چونکە دواجار تەنیا ئەوان بڕوایان پێیەتی..

– باسی شەربەتی خۆشەویستیم بۆ بکە.

– شـەربەتی خـۆشـەویسـتی بۆ هەمـیـشـە کـاریگەری دادەنێت.. تا هەتایە.. خەڵکیش زۆر لایەنگری گیراوەی خـــۆشـــەویســـتین.. هەمـــوو کـــەســـێک لایەنگری خۆشەویستییە.. خۆشەویستییەکی زیندوو و نەمر کە لە ژیانیـاندا بەردەوام هەبێ.. لەگەڵ ئەو کەسەی وا خـۆیان دەیانەوێ.. خۆشەویستییەکی سەیر، قووڵ و بەردەوام..

ئالان بە خـۆشـیـیـەوە وتی: چەندە بەخـتـەوەرم، خـێـرا ڕۆیشـتـــە لای ڕەفـەکـــان تا ســەیری ناوی شـــەربەتە جۆراوجۆرەکان بکات. دیسان وتی: چەند خۆشە!

– تەنیـا بیـر لە کـاریگەرییـەکـانی بکەوە! هەرکـەس بیخواتەوە بە هەموو شێوەیەک دەگۆڕێت.. ئەگەر ئێستا بایەخت پێ نادات ئەوکات دڵسۆزیت بۆ دەکات، ئاگای لێتە! ئەگەر ئێستا گاڵتە بە هەستی تۆ دەکات، ئەوکات دەتپەرستێت! تەنیا یەک پێوانەی بچووک بدە بە کچەکە بیـخواتەوە، ئەگەر بیکەیتـە نێو شەربەتی پرتەقاڵ، یان شـۆرباو قـەت هەست بە تامێکی جیـاواز ناکـات، کـە خـواردییـەوە هەندێک کـەیفـخـۆش و دواتر گـێـژ دەبێ.. دەیخـــواتەوە و دەگـــۆڕێت و خـــۆی بە خـــۆی نازانێت.. بەتەواوی دەگۆڕێت! ئینجا هیچی لە ژیان ناوێت بێجگە لە تۆ و تەنیایی پێکەوە..

ناتوانم بڕوا بکەم! ئەو کچە شـێـتی چوونە مـیـوانی و سەرقاڵ بوون لەگەڵ هاوڕێکانیەتی!

– بەڵام ئیـتـر حـەزی لێـیـان نابێ.. دەترسێ تۆ لەم میوانیانەدا چاوت بە کچی جوان بکەوێت..

ئالان بە سـەرسـوڕمـانەوە وتی: بەڕاسـتی؟ وای لێ دێت؟ دڵپیسی دەکات؟ ئەویش لە من؟

– بەڵێ.. ئەو دەیەوێ جێگای هەموو شتێک و هەموو کەس بۆ تۆ بگرێتەوە.

– هەر ئێسـتاش هەموو شتێکی منە، بەڵام هەستی پێ ناکات.

– وا نامـێـنێت، بایەخت پێ دەدا..پاش خـواردنەوەی

شەربەتی خۆشەویستی زۆر بایەخت پێ دەدا، لە زۆریش زۆرتر. تۆ دەبی بە تەنیا حەزی ئەو کچە لەم جیهانەدا..

– زۆر سەیرە!

– دواتر دەیەوێ سەبارەت بە تۆ هەموو شتێک بزانێ، هەرچی دەکەیت، هەرچیت کردووە، هەرچی لە ڕۆژدا تێپەڕیوە، هەرچیت لێ ڕابرێ، هەر هەمووی، وشە بە وشە، دەیەوێ بزانێ بیر لە چی دەکەیتەوە، دەیەوێ بزانێ بۆ لەناکاو بزە دەتگرێ، بۆ مات دیاری، بۆ بۆ بۆ...

ئەوە پێی دەڵێن خۆشەویستی ڕاستەقینە!

بەڵێ! زۆر جوان ئاگای لێتە، قەت ناهێڵێ ماندوو ببی.. ناهێڵێ تەنیا بمێنییەوە.. ناهێڵێ نانخواردن لە بیر بکەی.. ئەگەر تەنیا بۆ یەک کاتژمێر درەنگ بێیتەوە ماڵ، شێت دەبێ.. دەترسێ.. لە لای خۆیەوە بیر لە هەموو جۆرە بەسەرهاتێک دەکاتەوە.. نەک کوژرابێتی.. نەک پەرییەکی دەریایی و جوان لە ئاو هاتبێتە دەر و تۆی دزیبێت!

ئالان بە خۆشییەوە هاواری کرد: نا! قەت ناتوانم بڕوا بکەم دیانا ئاوای لێ بێ.

پێویست بە بڕواکردنی تۆ ناکات! خۆت هەموو شتێ بە چاوی خۆت دەبینی. هەڵبەت دەزانم هەمیشە پەرییەکی دەریایی لە نێواندایە! ئەگەر ویستت بە دزییەوە لە ماڵ بچییە دەرەوە و ترسای، مەترسە.. بڕۆ.. دڵەڕاوکێت نەبێ نەک پێت بزانێت.. ئەو ئەگەریش بزانێت لێت خۆش دەبێ.. لە کۆتایی هەموو شتێکدا ئەو تۆ دەبەخشێت، زۆر زۆر خەمی پێ دەخوات، بەڵام هەر لێت دەبوورێ..

ئالان بە خەمناکییەوە گوتی: وا مەڵێ! شتی وا هەرگیز ڕوونادات.

– وایە.. بەڵام ئەگەر ڕووی دا پێویست بەوە ناکات خەمبار بی، دیانا قەت تۆ بەرنادات، قەت قەت بیر لە جیابوونەوە ناکاتەوە، نا.. ئەو خۆی هەرگیز ناهێڵێ تۆ خەم بخۆی.. ناهێڵێ بچووکترین ئازارت پێ بگات.، پێی خۆشە هەمیشە ئاسوودە بی.

ئێستا ئەم شەربەتە موعجیزەئاسایە بە چەندە؟

زۆر نییە، وەک ژەهرەکە گران نییە، ژەهرەکە هەرگیز هەرزان نافرۆشم، دوایی کاتێک هاتییەوە لام، کاتێ هەندێک تەمەنت ڕۆشتبێتە سەر، ئەو کاتە ژیرتری، نرخ و پارە بایەخی لە لات نامێنێ! ئەو کاتە زۆر ئاسایی لە گرانترین نرخیش چاوپۆشی دەکەی، لە نرخی ئێستاش گرانتر بێ هەر دەتەوێ، چۆنکە زۆر ژیرتری!

پرسیارم کرد شەربەتی خۆشەویستی بە چەند دەفرۆشی؟

پیرەمێردەکە سندووقێکی دارینەی بچووکی کردەوە، شووشەیەکی زۆر بچووک و پیسی دەرهێنا و گوتی: تەنیا یەک دۆلار!

ئالان سەیری پیرەمێردەکەی کرد و بە خۆشییەکی سەیرەوە گوتی: بەڕاستی نازانم چۆن سوپاسی جەنابت بکەم بەڕێز..

ئاساییە.. پێم خۆشە منەتبارتان بکەم! دوایی کڕیارەکانم دەگەڕێنەوە لام، دڵنیام.. کاتێک کە زۆر بارودۆخیان لە ئێستایان باشترە، زۆر دەوڵەمەندترن.. دێنەوە و شتی گرانتریان لە من دەوێ..

– فەرموو بەڕێز.. زۆر بە کەڵکت دێت.. بێ گومان چێژی لێ وەردەگریت!

– دیسان سوپاس، ماڵئاوا.

– بە هیوای دیداری دووبارە!

**سەرچاوە:**

**50 great short stories Edited by: Milton Crane Bantam, publication First, printing 1952 Newyork, page: 461 to 463**

# نەخۆشی ددان

ئۆزڤالدۆ دراگۆن (١)
ئا: سامی عەبدولحەمید
لە عەرەبییەوە: دانا ڕەئووف
(سوید)



**پەردە لەسەر دوو کوڕ و کچێک لادەدرێت**

هەرسێکیان: چیرۆکێکتان دەربارەی نەخۆشی ددان بۆ دەگێڕینەوە... ئەم چیرۆکەیش بە ڕاستی ڕووی داوە... ئەگەر لە ڕاستی ڕوودانی ئەم چیرۆکەیش دڵنیانین، لەوانەیە بەم زووانە ڕووبدات.

**کوڕی یەکەم:** لەم چیرۆکەدا، کە بۆتانی دەگێڕینەوە، من وەک فرۆشیارێکی گەڕۆک دەردەکەوم. یەکێک لەو فرۆشیارانەی، کە بۆ فرۆشتنی شمەکەکانی خۆی هاوار دەکات (هاوار دەکات) چکلێت، شیرینی، جگەرە... هەروەها من ناچمە شەقامە سەرەکییەکانی پایتەختەوە، بەڵکو شمەکەکانم لە شەقامە گشتییەکاندا دەفرۆشم... جوان تەماشاکەن، کە ئەم دەستەسڕە لەسەرمەوە دەپێچم (سەری بە دەستەسڕێک دەپێچێت، هەروەک ددانی ئازاری بدات)، ئەمەیش مانای وایە، کە ددانم ئازارم دەدات... ئەمەتان لە بیر نەچێت.

**کچەکە:** (دەستەسڕەکە لادەبات) لەم چیرۆکەدا ڕۆڵی ئافرەتێک دەبینم، بەڵام چۆن ئافرەتێک... بەهێز، کارامە لە کاروبارەکانمدا، ئەمەیش لەبەر ئەوەی هاوسەری ئەوم، کە ئەم بەرکۆشەیش بەسەر جلەکانمدا دەکەم، مانای وایە لە مووبەق کار دەکەم... لەوانەیش بوو شووم بە ئەندازیارێک بکردایە، نەک ئەو (بە دەست ئاماژە بۆ کەسی یەکەم دەکات) دایکم زۆر حەزی دەکرد شوو بە ئەندازیارێک بکەم!

**کوڕی دووەم:** من چەند ڕۆڵێک دەبینم، لەو ڕۆڵانەیش، هەمیشە ڕۆڵی دکتۆری ددان دەبینم... باش تەماشاکەن... هەر کە بینیتان ئەم چاویلکەیە لە چاودەکەم (چاویلکەکەی دەکاتە چاوی) مانای وایە من دکتۆری ددانم... ئەمەتان بیر نەچێت، بێجگە لەمەیش من ناوم (کوتیر ناهیرا)یە، کچەکەیش شاعیرێکی ئەرژەنتینییە، قەڵەمەکەی دژی گەل و ئاواتەکانیەتی.

**کوڕی یەکەم:** ئەم چیرۆکە لە دووەم ڕۆژی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٦دا، ئەو کاتەی لە یەکێک لە شەقامەکاندا سەرقاڵی ئیش کردن بووم، دەست پێ دەکات (دەست دەکات بە کارکردن و دەکەوێتە هاواری شت و مەکەکانی).

**کچەکە:** بەڵام من لە مووبەق بووم (لەم کاتەدا لە مووبەقەکەدایە).

**کوڕی دووەم:** (چاویلکەکەی دەکاتە چاوی) من لە عیادەکەم بووم و هیچ کامێکیانم نەدەناسی.

**کوڕی یەکەم:** (هاواری شت و مەکەکانی دەکات)

**کچەکە:** مێردەکەم لە شەقامەکانی پشتەوە کار دەکات، لە ژێر ئەو شەقامانەی ئەو کاریان لەسەر دەکات، میترۆ دەڕوات... پەیکەرێکیشیان لەسەر شەقامەکە داناوە.

**کوڕی یەکەم:** (سەرلەنوێ هاوار دەکات) چکلێت... شیرینی... جگەرە.

**کچەکە:** بە درێژایی ڕۆژ دەربارەی ئەو پەیکەرە قسەی بۆ دەکردم، کە لەسەر شەقامەکە دایانناوە، منیش نازانم ئەو پەیکەرە بە لای مێردەکەمەوە چ مانایەک دەبەخشێت. هەڵبەت بە لای منەوە، یان ئەوانەی بە فڕۆکە گەشت دەکەن، پەیکەر مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت، بەڵام بە لای مێردەکەمەوە، کە لە ژێرەوە، نەک لەسەرەوە لە پەیکەرەکە دەڕوانێت... ئەوە مەگەر هەر شەیتان بە تەنیا خۆی بزانێت چ مانایەکی پێ دەبەخشێت! من دڵنیام ئەگەر مێردەکەم لە کارەکانیدا کەمتر بیری لەو پەیکەرە بکردایەتەوە... دەیتوانی بەشێوەیەکی باش کارەکانی ڕاپەراندایە... ئەوکاتە دەمانتوانی خزمەتکارێکیش ڕابگرین و لە ئیشوکاری ماڵەوەدا یارمەتی بدامایە.

**کوڕی یەکەم:** (سەرلەنوێ هاوار دەکات) جگەرە... شیرینی... چکلێت... ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشە... منیش کار دەکەم... ڕۆژێکی خۆش و جوانە.

**کوڕی دووەم:** (لاسایی دەنگی شەمەندەفەر دەکاتەوە) تکتتک تکتتک تکتتک تکتتک.

**کوڕی یەکەم:** ئەو میترۆیە بەرەو مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپ سواری لە (بالبرموا) دەچێت...! (گۆرانی دەڵێت) ئاه... بالبرموا، ئەی گۆڕەپانی پێشبڕکێ... من بەهۆی تۆوە نەخۆشی مەیدانم، بەبێ خواردن، وشک هەڵاتوو، جلوبەرگ دڕاو (لە گۆرانی گوتن دەوەستێت) حەز دەکەم خەڵک بە ڕۆیشتنیان بۆ بالبرموا دڵخۆش و بەختیاربن... مەیدانی شەمەندەفەری میترۆ بۆ پێشبڕکێی ئەسپ (سەرلەنوێ هاوار دەکات) منداڵان بەرەو قوتابخانەکانیان کەوتنە ڕێ.

(ئەکتەری دووەم، کە ڕۆڵی پزیشک دەبینێت، چاویلکەکەی دادەگرێت و ڕۆڵی قوتابییەکی بچووکی قوتابخانە دەبینێت.)

**کوڕی یەکەم:** (لێی دەپرسێت) تۆ بۆ چی دەچیت بۆ قوتابخانە؟

**کوڕی دووەم:** چونکە لە ماڵەکەمانەوە نزیکە.

**کوڕی یەکەم:** نقوڵ و چکلێت ناکڕیت؟

**کوڕی دووەم:** نەخێر (دەڕوات و قوتابییەکی تر دێت)

**کوڕی یەکەم:** ئەی تۆ بۆ دەچیت بۆ قوتابخانە؟

**کوڕی دووەم:** لەبەر ئەوەی باوکم وای دەوێت؟

**کوڕی یەکەم:** ئەی تۆزێک شیرینی ناکڕیت؟

**کوڕی دووەم:** نەخێر (دەچێتە دەرەوە و کچەکە لە ڕۆڵی قوتابی سێیەمدا دێتە ژوورەوە).

**کوڕی یەکەم:** تۆ بۆ چی دەچیت بۆ قوتابخانە؟

**کچەکە:** لەبەر ئەوەی باوکم خوێندەواری نییە.

**کوڕی یەکەم:** هەندێک شیرینی ناکڕیت؟

**کچەکە:** بەڵێ... (دەچێتە دەرەوە).

**کوڕی یەکەم:** ڕۆژێکی خۆشە... لە دێر زەمانەوە، وەک فرۆشیارێک کار دەکەم، جاران بە لامەوە گرینگ نەبوو گوێم لە وشەی نەخێر، یان بەڵێ ببێت... بەلای کڕیاریشەوە بەڵێ بە مانای لێت دەکڕێت و نەخێر مانای لێت ناکڕێت دێت... بەڵام ئێستا زۆر بە باشی تێگەیشتووم، کە وشەی نەخێر، یان بەڵێ بڕیار لەسەر هەموو شتێک لە ژیاندا دەدات (کوڕی دووەم دێتە ژوورەوە و ڕۆڵی کچە قوتابییەک دەبینێت) شیرینی... تۆیش دەچیت بۆ قوتابخانە؟

**کوڕی دووەم:** نەخێر... ناچم بۆ قوتابخانە... ئێستا من بۆ کارێک دەگەڕێم. (دەڕوات).

**کوڕی یەکەم:** ئەی جگەرە ناکڕیت؟

**کوڕی دووەم:** (وەڵامی ناداتەوە).

**کوڕی یەکەم:** جگەرە... جگەرە... شیرینی (بەدەم ئازارەوە).

**کچەکە:** ئەم بەیانییە، لە کاتێکدا لە مووبەق سەرقاڵی ئیش بووم، خواردنم بۆ مێردەکەم ئامادە دەکرد...

**کوڕی دووەم:** منیش لە عەیادەکەم بووم، هیچیشم دەربارەی نەدەزانی...

**کوڕی یەکەم:** شتێک ڕووی دا، کە هیچ حسێبێکی بۆ نەکرابوو (هاوار دەکات) شیرینی... ئای (ددانی ئازاری دەدات) ددانم ئازارم دەدات... شـــیـــرینی... ئاخ... ئازارم زۆرە... شـــیـــرینی... ناتوانم دەمم بکەمــەوە و هاوار بکەم... ئای... ئەم ددانە ئازارم دەدات، پێویستە کــار بکەم... بەڵێ، لەوانەیە ئەگــەر بێـتــو زیاتر دەم بکەمەوە (هاوار دەکات، دوای ئەوەی دەمی دادەپچڕێت) شی... رینی... ج... گەرە.

**کچەکە:** ناتوانێت دەمی دابخات... پێویستە کار بکات (هەوڵدەدات هاوار بکات) دەمی ئاوساوە... ئەم خۆرە نالەبارەیش دەموچاوی دەسووتێنێت و ئازارەکەی زیاد دەکات.

**کوڕی یەکەم:** (هاوار دەکات) چکلێت... ئای.

**کچەکە:** ئەم هەوا ساردەیش بۆ مێردەکەم خراپە و ئازارەکەی تاو دەسێنێت.

**کوڕی یەکەم:** (بە دەستەسڕێک سەری دەپێچێت، وەک ددانی ئازاری بدات).

**کچەکە:** مێردەکەم گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ددانی ئازاری دەدا... دەموچاویشی بە دەستەسڕەکەی بەستبوو. ئازیزەکەم چیتە؟

**کوڕی یەکەم:** (دەست بۆ ددانی ڕادەکێشێت و قسەی تێکەڵوپێکەڵ دەکات).

**کچەکە:** خۆ کەس دەستدرێژی نەکردووەتە سەرت؟

**کوڕی یەکەم:** (بە ئیشارەت وەڵامی دەداتەوە)

**کچەکە:** برسیتە؟

**کوڕی یەکەم:** نەخێر... ددانم (کچەکە لە قسەکانی ناگات).

**کوڕی دووەم:** ئەوەندەی شیرینی خواردووە، ددانەکانی ژەهراوی بوون.

**کچەکە:** گوێ مەدەرێ ئازیزم، هەر ئێستا نانی شێوانت بۆ ئامادە دەکەم.

**کوڕی یەکەم:** نەء، نەء... نانم بۆ ناخورێت.

**کوڕی دووەم:** نان ناخوات، ددانی ئازاری دەدات.

**کچەکە:** بچۆ بۆ دەرمانخانە و حەبی ئازار بکڕە.

**کوڕی یەکەم:** (وەڵامی ناداتەوە).

**کوڕی دووەم:** پێویستە پارە پەیدا بکات تا دەرمانی پێ بکڕێت.

**کچەکە:** دەبێت دەرمان بەکار بهێنێت.

**کوڕی یەکەم:** پێویستە کار بکەم.

**کوڕی دووەم:** پێویستە پارە پەیدا بکات تا دەرمانی پێ بکڕێت.

**کچەکە:** دەبێ نان بخوات.

**کوڕی یەکەم:** دەبێت کار بکەم.

**کوڕی دووەم:** دەبێت پارە بدات.

**کوڕی یەکەم:** دەبێت بگەڕێمەوە بۆ سەر کارەکەم.

**کوڕی دووەم:** بەڵام ناتوانێت دەمی بکاتەوە و نان بخوات.

**کچەکە:** حەبێکی ئەسپرین چاکت دەکاتەوە، ئەو کاتەیش دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ سەر کار.

**کوڕی یەکەم:** دەموچاوم ئاوسابوو، ئازاری ددانم زیاتر تاوی سەندبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئێوارە لەسەر کار بەردەوام بووم. ئەوەتانێ جـــارێکی تر لەبەردەم پەیکەرەکەدا وەستاوم... پێویستە دەمم بکەمەوە، شی... رینی، بەڵام ناتوانم... ئازارم زۆرە. جگەرە... وەرنەوە... چکلێت، ئەم پەیکەرە یەکـــێکە لە سەرۆکەکان، بێ گومان کابرایەکی دەوڵەمەندە، بەڵێ... خۆ وەک من نییە... پێویستە هاواربکەم تا ژیان مسۆگەر بکەم. شیرینی... ئاخ، ئازارم زۆرە... بەڵام کەس نییە بە تەنگمەوە بێت، خەمم هەڵگرێت، هیچ یەکێک لە ئێوە ناتوانێت یارمەتیم بدات، تەنیا دکتۆر دەتوانێت یارمەتیم بدات، ئەویش هیچ یارمەتییەکی نەداوم، لە بیرمە ڕۆژێکیان، بە تەنیشت یەکێک لە گۆڕستانەکاندا ڕۆیشتم، مردوویەکیان دەناشت، خەڵکێکی زۆر بە لای ئەم گۆڕستانەدا ڕادەبوورن، بەڵام ئەو ڕووداوە هیچ کارێکی لێ نەکردبوون... گۆرانییان دەگوت، منیش گۆرانیم گوت... ئەوەتانێ ئازار دەمخوا، یەکێک نییە بێت بەلامەوە، بەڵکو پشتم تێ دەکەن (ڕوودەکاتە ڕێبوارێک) ئازارم زۆرە... تکاتان لێ دەکەم یارمەتیم بدەن، ئازارەکەم زۆر کوشندەیە... ددانم زۆر ئازارم دەدات.

**کوڕی دووەم:** (لە ڕۆڵی ڕێبوارێکدا) کارەساتێکی ناخۆشە.

**کوڕی یەکەم:** یارمەتیم بدەن... ئازارم زۆرە.

**کچەکە:** (لە ڕۆڵی ڕێبوارێکدا) ئەمە کێشەیەکی

گەورەیە.
**کوڕی یەکەم:** ددانم ئازارم دەدات.
**کوڕی دووەم:** (لە ڕۆڵی ڕێبوارێکدا) بڕۆ بۆ لای دکتۆر.
**کوڕی یەکەم:** دکتۆر یارمەتیم نادا و منیش ئازارم زۆرە.
**کچەکە:** بەستەزمان.
**کوڕی یەکەم:** تەماشاکەن، سەردەمێک پێش ئێستا... حەزم دەکرد گوێ لە گفتوگۆی خەڵک بگرم، کە دەربارەی سیاسەت قسەیان دەکرد، بەڵام ئێستا ناتوانم (هاوار دەکات) شی... رینی... جگە...رە. جاران گوێچکەکانم سووک و سەربەست بوون، زۆر بە بەختیارییەوە گوێم بۆ ڕازی کچە هەرزەکارەکان ڕادەگرت، کە دەربارەی مێردەکانیان قسەیان بۆ دەکردم... بەڵام ئەمڕۆ وەک دەبینن گوێچکەکانم سەربەست نین، دەستەسڕەکە گوێچکەکانی داپۆشیوە... ئەم ددانەم نەخۆشە، شی... رینی... چکلێت... جگە... رە... ناتوانم هاواربکەم و شتومەکەکانم بفرۆشم، هێزی هاوارکردنم نەماوە.
**کچەکە:** کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، پێی گوتم.
**کوڕی یەکەم:** ئیشێکی بێهوودە بوو، هیچم نەفرۆشتووە.
**کچەکە:** پێویستە سبەی بچیت بۆ لای دکتۆری ددان.
**کوڕی یەکەم:** کاتم نییە... من پێویستە کار بکەم.
**کچەکە:** من دەزانم کاتت نییە، بەڵام ئەگەر لەسەر پەیژەکەوە باز بدەیت و ڕابکەیت، وابزانم هەمووی دەقیقەیەک دەخایەنێت، خۆ ئەگەر شەقامەکەیشت بە ڕاکردن بڕی، ئەو کاتە هیچ ماشێنێکیش ناتوانێت ڕێگات لێ بگرێت، بەمە هەمووی سی چرکەت لەدەست دەچێت... ئەگەر بە ڕاکردنیش چوویتە لای دکتۆر، تەنیا پێنج خولەک دەخایەنێت، ئەوسا هەر بە گەیشتنە لای دکتۆر لە دەرگاکەی بدەیت و بچیتە ژوورەوە تەنیا دە خولەک دەخایەنێت.
**کوڕی دووەم:** بە خێرهاتی، بێ گومان ددانت ئازارت دەدات.
**کوڕی یەکەم:** (دەمی دەکاتەوە) ها...؟
**کوڕی دووەم:** (دوای پشکنین) چاکە، ئەمە هەموو شتێکە.
**کوڕی یەکەم:** کەی لە دەست ئەم کاکیلەیە ڕزگارم دەکەیت، پێویستە لە سەر کارەکەم بەردەوام بم.
**کوڕی دووەم:** بێ گومان، بەڵام پێویستە لە پێشدا بڕۆیت بۆ ئەم ناوونیشانە... بۆ ئەوەی ئەشیعەی ددانەکانت بگرن.
**کوڕی یەکەم:** باشە ئەم کارە کاتێکی زۆری دەوێت؟ چونکە پێویستە کار بکەم.
**کوڕی دووەم:** نەخێر، تەنیا دوو ڕۆژ! (کەسی یەکەم لە دکتۆر دوور دەکەوێتەوە، دکتۆر بانگی دەکات) یەک بنیروس (بۆ بینەران) من ناوم کوتیرس ناهیرایە.
**کوڕی یەکەم:** تەنیا یەک بنیروس شک دەبەم، لەبەر ئەوە پێویستە کاتژمێرەکەم بخەمە ڕەهنەوە. ئێستا وا چاکە بەڕاکردن بچم تا ئەشیعەکەم بگرم، من ڕادەکەم... لەبەر ئەوەی کاتم نییە... یەک، دوو، سێ، بە سی خولەک لەسەر پەیژەکەوە باز دەدەم... یەک، دوو، شەست، لە شەقامەکە بە چرکەیەک دەپەڕمەوە، یەک، دوو، سێ، بە پێنج چرکە دەگەمە نەخۆشخانە.

* * *

**کوڕی یەکەم:** ئەو ڕۆژەت لە یادە، کە پێکەوە سواری پاس بووین.
**کچەکە:** ئەو ڕۆژەی، کە ڕێیان پێ گرتم (کوڕی دووەم دێت).
**کوڕی یەکەم:** تۆ شەرم ناکەیت.
**کوڕی دووەم:** تۆ حەقت چییە؟
**کوڕی یەکەم:** بۆ ڕێ بە ژنەکەم دەگریت، کاکە گیان تۆزێک ڕەوشت.
**کوڕی دووەم:** بێ دەنگ بە، ئەو بەرهەڵستی نەکردووە، پێی خۆشە.
**کوڕی یەکەم:** بێدەنگ بە ئەی بەدڕەوشت (دەکەونە شەڕکردن).
**کچەکە:** ئەوە بوو دوو ڕۆژ لە ماڵەوە کەوتیت.
**کوڕی یەکەم:** (ئازار دەچێژێت)
**کچەکە:** دەنوێت و دەگری.
**کوڕی یەکەم:** دایە لە بیرتە، کە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بووم... نەخۆش بووم، لە بیرمە ئەو کاتەیش دەگریام، زۆر گریام...دایە گیان تکات لێ دەکەم لێم ببوورە...ناتوانم بەرگەی هەموو شتێک بگرم.
**کچەکە:** باسی یەکێک لە زاناکانت بۆ کردم، کە

ئەستێرەیەکی تازەی دۆزیوەتەوە، ناویشی نا (لوچیا) وەک ناوی من (باز دەدات) ها... گوێم لێ ڕاناگریت.

**کوڕی یەکەم:** ئەمڕۆ پێویستە کار بکەم، بەوپەڕی هێزمەوە دەقیژێنم، هاوار دەکەم، ئەگەر بۆتە هۆی تەقینەوەی ئەو بورکانە ئازارەی، کە لە ددانەکانمدایە، هاوار دەکەم (هاوار دەکات) شیرینی. (دەگری) جگەرە... چکلێت (لەسەر گریان هەر بەردەوامە).

**کچەکە:** چەند بەستەزمانە، ناتوانێت.

**کوڕی دووەم:** دوای گرتنی ئەشیعەکە گەڕایەوە بۆ لای من، بەڵام زۆر گۆڕابوو، بەشێوەیەک گۆڕابوو، کە نەمناسییەوە. تۆ کێیت؟ چیت دەوێت؟ من گوینرس ناهیرام.

**کوڕی یەکەم:** ئەوە ئەشیعەکەیە.

**کچەکە:** کووپی قاوە خواردنەوەکەیشمان فرۆشت تا پارەی ئەشیعەکە بدەین، ئەمەیش گرینگ نییە، تا ماوەیەک قاوە ناخۆینەوە.

**کوڕی یەکەم:** (بۆ دکتۆر) بەڵێ، کاکیلەم نەخۆشە، کەی لەم ددان ئێشەیە ڕزگارم دەبێت؟ پێویستە کار بکەم.

**کوڕی دووەم:** دەزانیت پووکت ئاوساوە؟

**کوڕی یەکەم:** نەء... نەء... نازانم، پێویستە کار بکەم.

**کوڕی دووەم:** پێویستە نەشتەرگەرییەک بۆ ددانت بکەم، ئایا ئەمە دەزانیت؟

**کوڕی یەکەم:** نەء... نەء، نازانم... پێویستە کار بکەم.

**کوڕی دووەم:** پێویستە هەموو کار بکەین، ئەمە شتێکی ئاشکرایە، هەروەها نەشتەرگەرییەکەیش ئاسانە. پێویستە پشوو بدەیت، بۆ ماوەیەک واز لە خواردن و قسەکردن بێنیت، دوای ئەوە بە حەفتەیەک چاک دەبیتەوە و هەموو شتێک دەڕوات.

**کوڕی یەکەم:** حەفتەیەک؟

**کوڕی دووەم:** جارێ لە قسەکردن نەبوومەتەوە (کوڕی یەکەم دەڕوات) (کوڕی دووەم بانگی سستەرەکەی دەکات) سستەر، پارەی پشکنینەکەی نەداوە، بڕۆ بە دوایدا.

**کچەکە:** بەڕێز... بەڕێز... کرێی پشکنینەکە.

**کوڕی دووەم:** من ناوم گونیرس ناهیرایە.

**کوڕی یەکەم:** (دەچێتەوە بۆ ماڵەوە) برسیمە.

**کچەکە:** مەنجەڵی چێشت لێنانەکەمان فرۆشتووە، لەبەر ئەوە هیچمان نییە بیخۆیت.

**کوڕی یەکەم:** برسیمە.

**کچەکە:** نابێ قسەیش بکەیت.

**کوڕی یەکەم:** ناتوانم حەفتەیەک دانیشم و هیچ قسە نەکەم، ئیشەکەم پشت بە دەنگم دەبەستێت. بە دەنگم خۆم دەژیێنم.

**کچەکە:** مەسەلەکە هەمووی ئەوەیە ویستت بە هێز و پتەو بێت. گرینگ ئەوەیە بە ورە و خۆڕاگربیت.

**کوڕی یەکەم:** بەڵام ناتوانم، شی... رینی... جگە... رە... ناتوانم، نا ناتوانم، ناتوانم، کاتم نییە، پێویستە ئەم کاکیکلەیە دەربهێنم... کاتم نییە.

**کچەکە:** ئەو ڕۆژە پێم گوت، کە پێویستە وەک تاقیکردنەوەیەک نەشتەرگەرییەکەی بکات.

**کوڕی یەکەم:** دەتوانم، پێویستە بتوانم.

**کچەکە:** بێ گومان دەتوانیت، چۆن دەبێت ئازار بەسەرتدا زاڵ بێت؟

**کوڕی یەکەم:** ڕۆیشتم بۆ کار (هاوار دەکات) شیرینی... جگەرە... چکلێت. (ڕادەوەستێت)

**کچەکە و کوڕی دووەم:** گوێ بگرن! پێویستە ئاگاتان لێمان بێت... لە کاتێکدا لێرە نابین، ئەوکاتە بەشێکتان بزر دەبێت.

**کچەکە:** گوێ بگرن، میترۆکە بەناخیدا دەڕوات.

**کوڕی دووەم:** گوێم لێ ڕاگرن، لە کاتێکدا بەلامدا ڕادەبوورن گۆرانی مەڵێن، بە ڕاستی ئازار دەچێژم. دەموچاوم نابینن؟! ئایا دەموچاوم هیچتان پێ نالێت؟ ئایا لەناو دەموچاوی ئێوەدا چاوێک نییە لە دەموچاوی من بچێت؟ یەکێک نییە ددانی ئازاری بدات؟ گوێ بگرن...

**کوڕی یەکەم:** پێویستە کار بکەم، بەڵام کاتم نییە ئەم پەیکەرەیش دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکێک، کە زۆر دەمێکە مردووە. شی... رینی... جگە... (دەکەوێت و دەمرێت).

(١) ئۆزڤالدۆ دراگۆن شانۆنامەنووس و شانۆکارێکی بەناوبانگی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینە و لە ساڵی

١٩٢٩دا لە سـان سـەلفـادۆر لە دایک بـووە. دراگـۆن شانۆکارێکی ناو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بووە و بە هەموو شێوەیەک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا، وەک چاودێرێکی ئەکتیڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاری کردووە و ژیاوە. شانۆ بۆ ئەم نووسەرە، ئامرازێکی گرینگی ڕەخنەئامێز و کاری سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی سەرمایەداری و سەربازی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەمەریکای لاتین بووە. شانۆ کەرستەیەکی ڕاستەوخۆی بنەماکانی کۆمەڵگا و ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و لەم ڕووەوە دراگۆن چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی هونەری و ئیستێتیکای شانۆوە، لەژێر کاریگەری (برتۆڵد برێخت)دا کاری کردووە.

دراگۆن لە ساڵی ١٩٤٣ـەوە دەچێتە ئەرژەنتین و لە شاری بۆینس ئایرس جێگیر دەبێت و ڕۆڵێکی گەورە لە شانۆی گەل دەبینێت. لە ساڵی ١٩٥٠دا زنجیرە دەقێکی شانۆیی دەنووسێت، کە هەر هەموویان تۆنێکی سۆشیالیزمی لەخۆدەگرن و هەموشیان پاشخانێکی مێژوویان هەبووە. دراگۆن لەم دەقانەدا، تاکەکانی کۆمەڵ ڕووبەڕووی تەنگژە و پرسە هەنووکەیی و سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکاتەوە، کارەکتەر و ڕەوش و بارودۆخەکان لە ژیانی ڕۆژانەوە وەردەگرێت و لە گەمەیەکی شانۆیی و لە تەکنیکێکی شانۆی ناو شانۆ و لە هەڵوێستێکی سیاسیدا بەرجەستەیان دەکات. بۆ نموونە مەسەلەکانی بێکاری، چەوساندنەوەی کرێکاران و بەکارهێنانی خەڵکی بۆ مەرامە بۆرژوازییەکان بەشێکن لەو مەسەلانە و هەمیشە بینەرانیش لە تێکشکانی وەهمەکان و گۆڕینەوەی ڕۆڵ و کارەکتەرەکانەوە، بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە. ئەوەی دەیبینین شانۆیە؛ شانۆیەکی سیاسی و واقیعێکی ڕیالیزمی و تۆی بینەریش دەبێت قسە و ڕۆڵی خۆت هەبێت، (نەخۆشی ددان)یش نموونەیەکی ئەو شانۆ سیاسییەیە.

دراگۆن پێگەیەکی بەهێز و ڕۆڵێکی گرینگی لە (شانۆی کراوە)دا هەبووە، کە بە شانۆیەکی کولتووری و بەرگری دژی دیکتاتۆرە سەربازییەکانی ئەو دەمەی ئەمەریکای لاتین ئاماژەیان بۆ کراوە. لەم شانۆیەوە سیاسەتی کردووە و دژی نایەکسانییەکانی کۆمەڵ و سەرمایەداری و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی سەربازی کاری کردووە و بە بەردەوامیش گەشتی هونەری بە شار و وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتیندا کردووە و پەیامە هونەری و سیاسییەکانی خۆی بڵاو کردۆتەوە، هەرچەندە بەرهەمە شانۆیی، تەنانەت ڕۆمانەکانیشی کەشوهەوا و بنەمایەکی سیاسی و ڕیالیزمی سۆشیالیزمییان لەخۆگرتووە، بەڵام هەمیشە زمانێکی شیعری و فۆرمێکی هونەری بەهێز و تەکنیکێکی مۆدێرن ئاوێزانی دید و هەڵوێستە سیاسی و ناوەڕۆکە ڕەخنەئامێزەکانی بووە.

دراگۆن لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٥دا بەڕێوەبەر و بەرپرسی پەیمانگای نێونەتەوەیی شانۆی ئەمەریکای لاتین بووە، لە ساڵی ١٩٩٦ـەوە بەڕێوەبەری کەرنەڤاڵی شانۆی نەتەوەیی لە بۆینس ئایرس بووە. لە ساڵی ١٩٩٩یشدا هەر لە بۆینس ئایرس کۆچی دوایی کردووە.

**چەند تێبینییەک:**


**١- ئەم شانۆنامەیە، کاتی خۆی هونەرمەند مامۆستا (قاسم محەمەد) کردوویەتی بە عەرەبی و مامۆستا سامی عەبدولحەمید ئامادەی کردووە و هەر خۆی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە و لەسەر شانۆی (فرقة الفن الحدیث) لە بەغدا نمایش کراوە.**

**٢- ئەم شانۆنامەیە لەگەڵ چەند شانۆنامەیەکی تردا، کە بە هەمان شێوە و شێواز لەلایەن (ئۆزڤاڵدۆ دراگۆن)ـەوە نووسراون، چەند چیرۆکێک پێکدەهێنن و بەشێوەیەک لە شێوەکان یەکتر تەواو دەکەن، بەڵام هەریەکەیشیان بەجیا دەقێکی تەواو و سەربەخۆیە. (نەخۆشی ددان) بەشی یەکەمە و (چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بەسەگ) کە ڕەئووف حەسەن کردوویەتی بە کوردی و لە ڕامانی ژمارە ٢٠٤دا بڵاو کراوەتەوە، بەشی دووەمە، بەشی سێیەمیش (چیرۆکەکان لە بەندیخانەوە)یە.**

**٣- من لە هەشتاکاندا ئەم شانۆنامەیەم لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی و هەر لە ئەرشیڤەکەمدا ماوەتەوە. دوای ئەوەی (چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بەسەگ)م لە گۆڤاری ڕاماندا بە بڵاو کراوەیی بینی، گەڕامەوە سەر ئەو وەرگێڕانەی خۆم و هەوڵێکی زۆرم دا دەقە ئەسڵییەکە بدۆزمەوە کە بە ئیسپانی نووسراوە، بەڵام بێ سوود بوو.**

**٤- خۆشبەختانە ئەم دەقەم بە سویدی دۆزییەوە و لەگەڵ سویدییەکەدا بەراوردێکم کرد و لە هەندێک شوێندا سووکە دەستکارییەکی ترم کرد.**

**٥- ئەم دەقە تا ئێستا بە عەرەبی بڵاو نەکراوەتەوە و من کاتی خۆی لەڕێگای مامۆستا (سامی عبدالحمید)ـەوە دەستم کەوتووە.**



## شۆڕش ئاهی:

## له ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردووەتە هونەر و تێکەڵی ژیانیان بووە.. لە دنیاشدا هونەری سەرکەوتوو ئەوەیە توانیبێتی هونەرەکانی دیکە بێنێتە ناوخۆیەوە و بەکاریان بێنێ.

**ئا: خەبات ڕەسوولی**

ئەگەر بڵێین هونەر یەکێکە لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی شارستانییەت و مرۆڤایەتی، بە دڵنیاییەوە پەیکەرتاشی لە جومگە سەرەکییەکانیەتی. لە نێو کورداندا ئەو بوارە هونەرییە هێشتا زۆر کەم تەمەنە و لە گڕوگاڵدایە، بەڵام تێگەیشتنێکی گشتی لە لای بژاردەی هونەری و هزری کورد سەبارەت بە گرنگی ئەم بوارە دروست بووە و گەلێک کەس تواناییەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە، بەڵام تەنیا تێپەڕینی کات و تەمەنە دیاری دەکات کێ ناوی دەمێنێتەوە و بە پلەی هەرمان دەگات. شۆڕش ئاهی گەنجێکی ناو دنیای هونەرە و خاوەن خەیاڵ و دنیابینی تایبەت بە خۆیەتی. زۆر بواری هونەری تاقی کردووەتەوە و ئێستا لە بەستێنی پەیکەرتاشی و کاری پلاستیکدا گیرساوەتەوە. خۆی گوتەنی ئەو ستایلەی ئەو لە پەیکەرەکانیدا کاری پێ دەکات لە ئاستی جیهاندا زۆر نوێیە و دەچێتە خانەی هونەری وێناکردنەوە و ئەو کەسانەی ئەم شێوازە پەیڕەو دەکەن ناگەنە ڕێژەی قامکەکانی دەستی مرۆڤێک. لەچاوپێکەوتنێکی خۆماڵیانەدا شۆڕش ئاهی-مان دواند، بەرهەمی دانیشتنەکەمان ئەم هەڤپەیڤینەی بەردەستتانە.

* وەک دەسپێکێک بۆ گفتوگۆکەمان، سەرەتا پێویستە بتانناسین و خوێنەران باشتر بە ژیانتان ئاشنابن..

– من شۆڕش ئاهی، کوڕی شەهید قادری ئاهیم، لە بنەماڵەی عەلی خەزاڵ-م، لە گەڕەکی سێ ئاشانی شاری مەهاباد لە ساڵی ١٩٧٨ لە دایک بووم. بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەکەی ئێمەدا لەپێش منیش کەسانێک هەبوون دەستی هونەرییان هەبوو، ئەو دەمیش سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە وەک قۆناغی بووژانەوەی کاتی، تەماشای ئەو چەند ساڵە دەکرێ، بۆیە لە کاریگەرییەکانی ئەو چەند ساڵە بێ بەش نەبووم. من باوکی خۆم باش بەبیر نایەت و دەتوانم بڵێم نەمدیوە، چونکە تەمەنم سێ ساڵ بوو کە شەهید کرا، بەڵام ئەو کاری هونەریی هەیە و لە بواری پەیکەرسازیدا کاری کردووە، بۆیە هەمیشە بنەماڵەی خۆمان هانیان دەدام لە بواری پەیکەرسازیدا کار بکەم، ئەوان بۆ من پشتیوانی چاک بوون، بە تایبەت کە بڕێک لە کەلوپەلەکانی باوکیشم مابوونەوە و لەبەردەستمدا بوون، هەر بەوانەش توانیم ئیش بکەم، بە تایبەت دایکم زۆر هەوڵی دا من لەو بارودۆخەی ئەوکاتە بەسەرماندا زاڵ بوو، دەیویست من بەرەو ڕێگەی هونەریی بڕۆم، دایکیشم بەخۆی کاری



تەونی دەکرد (فەرشی دروست دەکرد)، لە هەموو چەشنە فەرشێکی ئێرانی و فەرشی کوردیشدا شارەزاییەکی باشی هەبوو، هەموو ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە تا ئەوکاتەی وردە وردە فامم کردووە و چوومەتە قوتابخانەوە، هونەرم لەلا شتێکی نامۆ نەبێ، بۆیە لەگەڵی ژیاوم و لەگەڵیشی دەژیم.

* باسی باوکتت کرد، ئەو بەرهەمانەی باوکت ماون؟

– دوو سێ پەیکەر و چەند هێڵکارییەک و کەمێک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی و چەند کتێبێک لە کتێبخانەکەیدا ماون، یەکێک لە پەیکەرەکان، پەیکەرێکی چکۆلەی بتهۆڤن و پەیکەرێکی داوود کە لە ڕووی کارەکەی مایکل ئانجلۆوە دروستی کردووە، هەروەها پەیکەرێکی پێشەوا قازی محەمەدیشی دروست کردووە، بێجگە لەوانەش کۆمەڵێک کاری هێڵکاری هەیە، بەداخەوە زۆرکاریشی بەدەستمان نەکەوتەوە و ئێمە نازانین چییان بەسەرهات، بە تایبەتی لە قۆناغی پێشمەرگایەتییەکەیدا زۆر کاری هونەری فەوتاوە و ونە، زۆر شتیشی لەلای دۆست و برادەرانی خۆی ماوە.

* ئەوانەی باست کردن، دەکرێ وەک باکگراوەندێکی سەرەتایی بن بۆ دەست پێکردنی کاری هونەری، ئەی کێ هاوکاری کردیت بێیتە ناو بواری هونەری و کێ یەکەم مامۆستات بووە؟

– من سەرەتا نەمدەزانی چ بکەم، پاش ماوەیەک کە ئێمە لە مەهابادەوە هاتینە بۆکان، لە شاری بۆکان درێژەم بە خوێندن دا، وابزانم پۆلی یەکی دواناوەندی بووم، بۆ یەکەم جار کلاسی هونەری و وانەی هونەریم دی، لەلایەن چەند برادەرێکی خۆشەویستەوە منیان بەمامۆستا نامۆ ناساند، ئەوکات ئەو مامۆستایە تازە لە زانکۆ دەرچووبوو، لە زانکۆی تاران دەرسی تەواو کردبوو و بەشێوەیەکی ئەکادیمیک ئاشنای بوارەکە ببوو، من چوومە خزمەتیان و سەرەتای هێڵکاری و ئەلف و بێی هونەری لە خزمەت ئەودا فێربووم.

* بەو پێیە تۆ سەرەتا بەشێوەکاری دەستت پێ کردووە؟

– بەڵێ وەک هەموو کلاسەکانی هونەر بە هێڵکاری دەستم پێ کردووە، دواییش خوێندنەوەی خۆم و ئاشنابوونم لەگەڵ دەوروبەری خۆم و چوونم بۆ زانکۆی تاران، ئەوانە هەمووی کاریگەرییان بەسەرمەوە هەبوو،

له زانکۆی تاران لەگەڵ مێژووی هونەر و شێوازەکانی هونەری و ستایلەکان ئاشنا بووم.

* بێجگە لە مامۆستا نامۆ، لەلای کێی دیکە کارت کردووە؟

– بێجگە لەو کەسێکی دیکە شک نابەم، بەشێوەی ڕەسمی مامۆستام نەبووە، هەر مامۆستاکانی زانکۆ بوون کە چوومەتە لایان و لە کلاسەکانیاندا بەشدار بووم.

* چەند ساڵ لەلای مامۆستا نامۆ کارت کرد؟

– من بۆ خولی هێڵکاری چەند مانگێک چوومەتە کلاسەکانی مامۆستا نامۆ، بەڵام بۆ بەشەکانی دیکە زۆر بە دڵفراوانییەوە وەری گرتم و زۆرتر وەک برادەر و وەک هاوڕێیەکی زۆر نزیکمان لێ هات، ئەویش لە ناساندنی قوتابخانەکان، کەسایەتییەکان، شێوێنەکان و...تاد زۆر بە دڵفراوانییەوە یارمەتی داوم و دەستی گرتووم، زیاتریش پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە توانایییەکانی خۆم بناسم، هونەریش وایە تۆ لە قۆناغی سەرەتادا شتێک فێر دەبی، ئەوەی دیکە لەسەر خۆتە کە دواتر چۆن بەکاری دێنی و چۆن خۆت دەدۆزییەوە و لەو دنیا بەربلاوەدا، ئەوە دەکەوێتە سەر شانی خۆت. پاش ئەوە من زیاتر پێداگریم لەسەر خوێندنەوە کرد و کەوتمە ژێر کاریگەریی ئەدەب و هونەرەکانی دیکەی جیهانەوە.

* لە سەرەتاوە بە چ شێوازێک دەستت بەکاری هونەری کرد؟

– من بە ڕەنگی ڕۆنی دەستم بەکار کرد، هەلومەرجی ئەوکاتیش، ئێرانی پاش شۆڕشی گەلان و پاش شەڕی ئێران و عیراق، دۆخێکی وا بەسەر هونەرمەندەکاندا زاڵ ببوو، کە بەرهەمی ئەو هەلومەرجە بوو، من زیاتر خۆم لە ئیکسپێرسیۆنیزمدا دەبینییەوە.

* واتە تۆ هیچ کارت لە ستایلی ڕیالیزمی و کلاسیکی و ئەوانەدا نەکردووە؟

– تا ئەو ڕادەیە کە بیانناسم و لێیان تێ بگەم کارم لەسەر کردوون، دەنا زیاتر ڕووم کردە ئیکسپێرسیۆنیزم، ئەو ستایلانەی دیکە زیاتر بۆ دەست ڕاهاتن و خۆ تاقی کردنەوە بوون، تەنانەت لە زانکۆش هەروایە، لەوێش هەوڵ دەدرێ تاڕادەی ناسین لەسەر ستایلێک کار بکرێ، لە کۆتاییدا تۆ شێوازی خۆت هەڵدەبژێری، تۆ دەبێت فۆرمەکان فێر بیت تا دوایی بتوانی دیفۆرمەیان بکەیت، بەڵام تاقیکردنەوەکان لە ستایلە جۆراوجۆرەکاندا تا ئەو ڕادەیە نییە کە بچیتە ناخییەوە و بکەویتە ژێر کاریگەریی ئەو چوارچێوەیەوە.

* ئەو کتێبانەی ئەوکات لەبەردەستت بوون، وەک سەرەتایەک بۆ هاتنە نێو دنیای هونەری چی بوون؟ کێ ڕێنوێنی دەکردیت کە چ کتێبێک بخوێنیتەوە؟

– کتێبەکان مێژووی هونەری جانسێن بوو، مێژووی هونەری مۆدێرن بوو، کۆمەڵێک کتێب وەک کتێبی هونەری لە بازاڕدا هەبوو، من زۆر حەزم لە ڕۆمان بوو، ئێستاش هەروام و ڕۆمان خوێنێکی باشم. کتێبێکی بابم مابوو بەناوی (معنویت در هنر) هی ڤاسیلی کاندنسکی بوو، هەرچەندە دەمخوێندەوە زۆری لێ حاڵی نەدەبووم، زۆر ئاشناییم لەگەڵ ئەبستراکت و ئینتزاع و ئیکسپێرسیۆنیزم و ئەوانە نەبوو، دوایی کتێبێکی دیکە هەبوو هەر لە کتێبەکانی باوکم (نقطه، خط، سطح) ئەویش هەر هی کاندنسکی بوو، سەرچاوەی زانکۆیی هونەر و میعماری زانکۆی تاران بوو، ئەوانە هەموو کات سەرنجیان ڕادەکێشام، ئەوکاتیش کە دەچوومە کلاسی شێوەکاری، کۆمەڵێک سەرچاوەمان لەبەردەستدا بوو.

**بۆ شێوەکار کتێبی فیکری و ئەدەبی زۆر گرنگن، چونکە ناکرێ تەنیا سەرچاوەی شێوەکاری بخوێنیتەوە.**

* مامۆستا نامۆ وەک مامۆستایەک چ کتێبێکی بە تۆ ناساند؟

– زیاتر کتێبەکان تیوری بوون وەک (نظریات زیبا شناسی) و کتێبەکانی بابەکی ئەحمەدی، ئەوکات کۆمەڵێک کتێبی تازە بڵاو ببوونەوە، ئەوانەم لەبەردەست بوون و دەمخوێندنەوە.

* بەڵام بەشێک لەو کتێبانە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە شێوەکارییەوە نییە.

– ڕاستە.. تۆ لە قۆناغێکی تەمەندا دەبێ کۆمەڵێک سەرچاوە بخوێنیتەوە، ئەو سەرچاوانە کەسایەتیت دادەڕێژن، بەشێک لە سەرچاوەکان ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە هونەرەکەتەوە هەیە، بەشێکیان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان پێکەوە هەیە، بۆ نموونە کتێبە فیکرییەکان زۆر گرینگن، کتێبە ئەدەبییەکان گرینگن تۆ ناتوانیت

تەنیا سەرچاوەی شێوەکاری بخوێنیتەوە.

* باسی بارودۆخی (فیکری) ئەو ساڵانەی کلاسەکانی مامۆستا نامۆم بۆ بکە، تۆ زیاتر بەرەو چ ئاراستەیەک ڕۆیشتیت، هاوپۆلەکانت بەرەو چ ئاراستەیەک ڕۆیشتن؟

– لە سەرەتاوە نزیکەی ساڵێکی خایاند تا وردە وردە کەوتمە سەر گەڕی بوارەکە، من پێم خۆش بوو لەسەر پێی خۆم ڕاوەستم، ئەو سەردەمە سەردەمێکی خۆش بوو، کۆمەڵێک شت هەبوو تا ئەوکات بڤە بوون، بە کرانەوەیەکی ڕێژەیی کە لە سیستمی دەسەڵاتدا هاتە پێشێ، کۆمەڵێک دەروازە کرانەوە، منیش وەک مێرمنداڵێک کە هاتمە نێو ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەوە، خەڵکم زیاتر ناسی، ئەوە نووسەرە، شاعیرە، شێوەکارە، شانۆکارە...تاد، بە هەرحاڵ ئەوانە زۆربەیان کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، ئەوکاتە سەرەتای دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئەدەبی بۆکان بوو، هەموو ئەو دۆستانەی بە بیانووی ئەدەب و هونەرەوە ناسیمن ئەوانە هەموویان لە داڕشتنی کەسایەتیمدا کاریگەرییان هەبووە، ئەوانە یارمەتییان دەداین زوو پێی بگەین، نەترسێین و بوارەکان تاقی بکەینەوە.

* چەند کەس لە کلاسی مامۆستا نامۆ بەشدار بوون؟

– زۆر کەس هاتن و ڕۆیشتن.

* لەوانە چەند کەسیان بەردەوام بوون و بوونە هونەرمەند؟

– من ناتوانم بڵێم بوونە هونەرمەند، یان نەبوونە هونەرمەند، چونکە من ناوی هونەرمەندم لە خۆشم نەناوە، بەڵام ئێستا بەشێکیان لە ئەوروپان، چەند کەسێکیشیان ئێستاش هەر لە شاری بۆکان ماونەتەوە، بەشێکیشیان وازیان هێناوە، یان بواریان گۆڕیوە.

* دوای کلاسەکانی مامۆستا نامۆ چیت کرد؟ چ ساڵێک چوویتە تاران؟

– ساڵی (١٩٩٩) چوومە تاران.

* لەو پێنج شەش ساڵەی پێش چوونە تارانت، لە خولی دیکەدا بەشدار نەبوویت؟

– نا وەک چوون، کلاس ساڵێکی نەخایاند، بەڵام مامۆستا نامۆ بۆم بوو بە باشترین هاوڕێ و مامۆستام کە وەک برا شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین.

* پێم باشە باسی قۆناغی شێوەکاری خۆتم بۆ بکەیت، تا کەنگێی خایاند؟

– لەو سەردەمەدا کە لە بۆکان بووم، خەریکی شێوەکاری بووم، دوایی کۆمەڵێک شت هەیە مرۆڤ بە ئەزموون فێریان دەبێ و زیاتر خۆت دەناسیت و خۆت لە شتی دیکەدا دەبینیتەوە، ئەوەبوو تەکنیکەکانی پەیکەرسەرنجیان ڕاکێشام، چونکە بەو جۆرەی لە کلاس باوبوو، من ئێستاش کە کار دەکەم ئیتۆدی بۆ لێ نادەم، ڕاست دەچمە سەر شتەکە، ئەوەبوو پەیکەرسازی بۆ من دنیایەکی جیاوازتر بوو.

* با قۆناغ بە قۆناغ بچینە پێشێ، بە خۆت قۆناغەکانی کارکردنی خۆت چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

– من لە سەرەتاوە بەشێوەکاری دەستم پێ کردووە، بەڵام وردە وردە کە خۆم ناسی و چوومە نێو قووڵایی کارەکەوە و ئەزموونم زیاتر بوو، بۆم دەرکەوت لە پەیکەرتاشیدا سەرکەوتوو دەبم. بۆ من هەمیشە زەحمەت بوو کە لە شتێکی ساف (ڕەهەند-بوعد) دروست بکەم، لەبەر ئەوە کە چەند کارێکی پەیکەرتاشیم دی، زیاتر خۆم لەو بوارەدا دیتەوە. ئەوە هەر ئەو سەروبەندە بوو کە زیاتر



هاتوچۆی زانکۆی تاران و زانکۆی هونەرە جوانەکانی تارانم دەکرد کە کارگەیەکی (وەرشە- مەرسەم) پەیکەرتاشی گەورەی تێدا بوو، من زیاتر هان درام بەرەو پەیکەر بچم و تا ئێستا لەسەر پەیکەرتاشی بەردەوامم. لە سەرەتاوە بەگڵ و گەچ دەستم پێ کرد، دوایی بۆ تاقی کردنەوە لە کەلوپەلی پۆلیە ستێر و لە برۆنز و ئەوانە کەڵکم وەرگرت، لە ئەنجامدا لەسەر پلاستیک گیرسامەوە، چونکە ماتریالیکی بەردەست بوو و لە دەوروبەرمان زۆرە و توانایی زۆر لەسەر کارکردنی هەیە. لایەنی ڕوحی خۆشم لەو مەتریالە نزیکتر بوو، ئەوەبوو ڕووم کردە پلاستیک، کە دەستم بە قۆناغی پلاستیک کرد، چونکە زیاتر ڕەوتێکی ئیکسپێر سیۆنیستی بوو، ئەو بابەتانەی من هەڵم دەبژاردن بۆ کارکردن، مردن و جینۆساید و...تاد بوو، لەباری هەستەوە تەنیا کەرستەیەک کە دەمتوانی ئەو هەستەی تێدا ببینمەوە پلاستیک بوو، هەربۆیە لە ماوەیەکی دوورودرێژ کارم لەسەر کرد و تا ئەمڕۆش درێژەی کێشاوە. سەبارەت بە کاری دیکۆرەکانیشم لەوانەیە نەتوانم بڵێم ئەوە قۆناغە، چونکە هەر لەسەر شێوازی پەیکەرەکەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم هەر بە چەشنێک پەیکەرسازییە، چونکە لەو بارە ئیکسپێرسیۆنەی کەم دەبێتەوە، دەکرێ وەک شتێکی دیکۆری و جوان لەناو ماڵ و لە ناو ڤێلاکاندا کەڵکی لێ وەربگیرێت.

* ئاستی ئەو هونەرانە لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆنە؟

- لەوانەیە ئەو هەڵسەنگاندنەی من هەڵسەنگاندنێکی زانستی نەبێ، چونکە بەگشتی هونەر گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، ئێستا لە دنیادا سنوورەکانی هونەر زۆر بەربڵاو بوونەتەوە، وەک ڕابردوو نییە بڵێین ئەو کەسە شێوەکارە، ئەوە پەیکەرتاشەو...تاد، ئەو حاڵەتە زۆر کەم بووەتەوە، ئێستا هونەر بووەتە ئارت و ئەو کەسەی ئیش دەکات هونەرمەندە و بۆ دەربڕینی هونەرەکەی کەڵک لە هەموو شێواز و کەرستەیەک وەردەگرێ و سنووری شێوازەکان دەشکێنێ. تۆ هیچ بەربەستێکت نییە، دەبێ حەتمەن هەر شێوەکار بیت و زمانت هەر زمانی شێوەکارانە بێ، بەڵکو ئایدیا کە گرنگە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە هەر کام لەو لقانە پێی خۆش بێ کەڵک وەردەگرێ. ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردووەتە هونەر، بۆیە هونەر تاڕادەیەکی زۆر تێکەڵ بە ژیان بووە، خەڵک لە باری هۆشیاری هونەرییەوە زۆر باش چوونەتە پێشێ، بەگشتی ئەوەی پێی دەڵێن حەوت هونەر، ئاستی زانیاری خەڵک چووەتە سەرێ.

* لە بارەی تێکەڵ بوونی هونەرەکان و کاریگەری ئەو هونەرانە لەسەر یەکتری چۆنی دەبینی؟

- لە سەردەمی ئێستادا هونەر وەک ڕابردوو سەیر ناکرێت، هونەرەکان زۆر بەرەو یەکتری هاتوون و تێکەڵاو بوون، ئێستا لە دنیادا هونەری سەرکەوتوو ئەو هونەرەیە کە توانیبێتی هونەرەکانی دیکە بێنێتە نێو خۆی و بەکاریان بێنێ. تۆ سەیر بکە جاران وێنەگری زیاتر لایەنی تایبەتی و ڕاگەیاندن بوو، ئێستا وەک شتێکی تەواو هونەری سەیر دەکرێ، وێنەگری سەردەم توانیویەتی فەلسەفە، یان بیاڤی زمانناسی تێکەڵی خۆی بکات، هونەرەکانی دیکەش هەروەتر، دووبارە پێناسەکردنەوەی هونەرە کۆنەکان و پێدانی پێناسەی نوێ لەمڕۆدا، بووەتە ڕەوتی کاری هونەری. هەر بەو چەشنەی پێی دەگوترێ (نێوان دەقی) لە ئەدەبدا، بەربەستەکانی ڕابردوو نەماوە، هونەرمەندی ئەمڕۆ ناچار نییە لە چوارچێوەی ڕابردوودا خۆی پێناسە بکات.

* ئەو کارانەی کە بە دڵتە وێنەیان دەگریت، یان وێنە جیهانییەکان کاریگەرییان لەسەر تۆ هەیە؟

- پێوەندییەکی دوو لایەنەیە، ناتوانی بڵێی چی کاریگەریی لەسەرت هەیە و چی کاریگەری لەسەرت نییە، بۆ نموونە لە کارە پلاستیکەکانی مندا کۆمەڵێک وێنە هەیە کە وێنەی جیهانین، بۆ نموونە وێنەیەکە پێوەندی بە کارەساتی هیرۆشیماوە هەیە، باسی کارەساتێکی مرۆڤایەتییە، یان وێنەی ئەشویتس و بوخواڵدن، یان وێنەی هەڵەبجەن، یان وێنەی ئەنفالن، لێرەدا کارەساتێکی گشتییە کە هەموو مرۆڤایەتی دەهەژێنێ، بەڵام لە زۆر شوێندا ئەوانە ئیشیان زۆر لەسەر کراوە و بوونەتە بەڵگە کە دێنە ناو ئەرشیڤەکەتەوە، ئیدی

**لە سەرەتاوە بە شێوەکاری دەستم پێ کرد، بەڵام کە خۆم ناسی و ئەزموونم زیاتر بوو، بۆم دەرکەوت لە پەیکەرتاشیدا سەرکەوتوو دەبم.**

هونه‌رمه‌ند نایه‌ت ئه‌و کاره‌ساته دووپات بکاته‌وه، به‌ڵکو ته‌نیا پێی ده‌هه‌ژێ و ده‌که‌وێته ژێر کاریگه‌رییه‌که‌ی، بۆ منیش هه‌ر به‌و چه‌شنه‌یه.

* مۆسیقا چه‌نده کاریگه‌ریی له‌سه‌ر تۆ هه‌بووه و کاریگه‌رییه‌که‌ی چۆنه؟

– کاریگه‌رییه‌کی زۆری له‌سه‌رم هه‌یه و جۆری ڕیتم و مۆسیقا، ته‌نانه‌ت جۆری گۆرانییه‌کانیش، بۆ نموونه من له سه‌ره‌تای کاره پلاستیکییه‌کانم بووم گۆرانی (کینه‌م ئه‌ز)ی شوان په‌روه‌ر زۆر کاریگه‌ریی له‌سه‌ر من هه‌بوو.

* یانی به‌رهه‌مت هه‌یه بڵێی ئه‌و کاره‌م له‌ژێر کاریگه‌ری (کینه‌م ئه‌ز)دا کردووه؟

– بڕێک پرسیاره‌که‌ت دژواره، من بڵێم ئه‌و به‌رهه‌مه‌م ڕێک له‌ژێرکاریگه‌ریی (کینه‌م ئه‌ز)دا کردبێ، به‌ڵام به‌گشتی کاریگه‌ری هه‌بووه، چونکه هه‌ر ئه‌ویش نییه، بۆ نموونه مۆسیقای (تاڕێگا بۆ) مۆسیقییه‌کانی دیکه‌ی جیهانی وه‌ک پلینگ پلۆید و ئارکایڤ و ئه‌وانه ڕاکن، ڕاکی ئه‌لته‌رناتیڤیان تێدا بووه، هه‌ر کامه له‌وانه وه‌ختایه‌ک که کار ده‌که‌یت، ده‌توانن کاریگه‌رییان هه‌بێ..

* تۆ له کاتی کارکردندا گوێ ده‌ده‌یته مۆسیقا؟

– زۆربه‌ی کات.

* له‌و کاته‌دا پێت وایه کاریگه‌ریی مۆسیقاکه به‌سه‌رتدا زاڵ ده‌بێ؟

– له کاتی ئیش کردندا کاریگه‌ریی هه‌یه، ناتوانم بڵێم ڕاسته‌وخۆ، به‌ڵام ناڕاسته‌وخۆ کاریگه‌ری داده‌نێ، کاتێک ئه‌و ده‌نگه له به‌کران دێ جۆرێک هه‌سته‌کان ده‌گوازێته‌وه.

* ئه‌ی ئه‌گه‌ر بڵێین سینه‌ما؟

– له‌گه‌ڵ سینه‌ما زۆر کۆک نیم، چون زیاتر له‌گه‌ڵ ڕۆمان تێکه‌ڵم. جاری وایه سینه‌ما ڕوحی ده‌ق ده‌کوژێ، بۆ نموونه کتێبێکی باش ده‌کرێ به فیلم، تۆ هه‌موو شتێک ده‌بێ له تێڕوانینی ده‌رهێنه‌ره‌که‌وه ببینیت، ده‌رفه‌تی خه‌یاڵت لێ ده‌ستێنێ، من که ڕۆمان ده‌خوێنمه‌وه، کاره‌کته‌ره‌کان، شوێن و...تاد، له خه‌یاڵی خۆمدا سازی ده‌که‌م، فیلم خۆشه جاروباره‌ش سه‌یری ده‌که‌م، به‌ڵام به‌ڕاستی نه‌که‌وتوومه‌ته ژێر کارتێکه‌ری سینه‌ماوه.

* باشه ڕۆمان چۆن کاریگه‌ری له‌سه‌ر کاره‌کانت هه‌بووه؟

– وه‌ک کاریگه‌ری ڕاسته‌وخۆ بڵێم شتی وا نه‌بووه، به‌ڵام ڕۆمان خه‌یاڵ به‌رفراوان ده‌کات، مێشکت وه‌گه‌ڕ ده‌خات، به تایبه‌ت که کاره‌که‌م وێنه‌و په‌یکه‌ره، پێویستم به خه‌یاڵ و زیهنه، ده‌بێ مێشکم پڕ بێ له‌وێنه، ڕۆمان له‌و ڕوانگه‌یه‌وه کاریگه‌ریی له‌سه‌رم هه‌یه.

* به‌گشتی تۆ ده‌ته‌وێ له به‌رهه‌مه‌کانتدا چ بڵێیت، ئایدیا، یان فیکرێک له پشت هه‌موو کاره‌کانته‌وه هه‌یه که پێکه‌وه‌یان گرێ بدات، یان هه‌ر به‌رهه‌مه‌ی ئایدیای خۆی هه‌یه و سه‌ربه‌خۆیه؟



– نا هه‌ر به‌رهه‌مه‌ی به‌پێی قۆناغی خۆی قسه ده‌کات، به شێوازیش ده‌گۆڕێ. بۆ نموونه من ده‌مه‌وێ له به‌رهه‌مێکی کلاسیکدا شتێک بڵێم، ناوه‌ڕۆک دیاره، له پێشه‌وه ناوه‌ڕۆکم بۆ ده‌ستنیشان کردووه، زۆرجار به گشتی لایه‌نێکی جوانیناسی تێدایه، جاری وایه ئه‌و جوانیناسییه، جوانیناسی ناشیرینییه. له کاره پلاستیکه‌کانمدا به جۆرێکه زیاتر باسی کاره‌ساتێکی مرۆڤایه‌تییه، به تایبه‌ت من له‌ژێر کاریگه‌ری تیوری (جان فووکۆ نێویرتا) هه‌یه که باس له تێپه‌ڕبوون ده‌کات، که ده‌ڵێ مرۆڤ له دۆخی تێپه‌ڕبووندایه له‌سه‌رده‌می نهلیزمه‌وه به‌ره‌و سه‌رده‌می ترس، هه‌ر ئه‌و تۆقاندنه‌ی که له ئه‌مڕۆدا ده‌یبینین، ترس و تۆقاندنی نێو گۆڤاره‌کان و سینه‌ما و ته‌له‌ڤزیۆن به‌رده‌وام دووپات

دەبێتەوە، شەڕ، تیرۆر بەگشتی ئێمە لەسەردەمی ترس و وەحشەتدا دەژین. ئەو ترسە لە بەرهەمەکانمدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەوە بێجگە لەوەی بەسەر خۆشمان هاتووە، ئەوە هەڵەبجەیە، ئەنفالە و...تاد کە بەداخەوە بەردەوام کورد ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

* لە بەرهەمەکانتدا زیاتر ئاوڕت لە سروشت داوەتەوە، کەمتر کاری فەنتازی و خەیاڵێن؟

- من لە قۆناغێکدا کارم بۆ منداڵان دەکرد، زۆریشم کارکرد، بگرە تا ئێستاش کە لە زارۆک TV لە بەشی دیکۆراسیۆنی زارۆک تیڤی کاردەکەم، دنیای منداڵانە هەمیشە سەرنجی ڕاکێشاوم، چونکە منیش زۆر تەمەنی منداڵیم نەبینیوە. سەردەمانی منداڵی من کەوتوومەتە قۆناغێکی ناخۆشی سیاسی و بنەماڵەیی و ئاوارەیی زۆربەی حەز و خولیاکانی منداڵی خۆمن، ئەوەیە کە دنیای منداڵان هەموو کات سەرنجی ڕاکێشاوم، کە کارم بۆ منداڵان کردووە لەگەڵ کاری پلاستیک و ئەوانە وەک داهێنان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەم، لەگەڵ کۆمەڵێک شتی نەتەوەیی وەک خەمەکان و شادییەکانمان، کاری منداڵان ڕوحت ئارام دەکاتەوە. لەو ڕەقییەی لە کارەکانی دیکەدا هەیە بە نموونە پلاستیک بە ئاگر دەتوێنییەوە و فۆرمی پێ دەدەی، ئەمە زۆر جیاوازی هەیە لەوەی تۆ دێی شتێکی ناسک و وردی منداڵانە دروست دەکەیت کە من هاتمە سەر قۆناغی کاری منداڵان، ڕوحیەتم گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئارامتر بوومەوە و توانیم کەرستەکانیش بگۆڕم و لە کەرستەی دار و ئێم دی ئێف و ئەوانە کەڵک وەربگرم و وردە وردە بەرەو دار ڕاکێشرام، کە دیتم دار ئەو توانایییانەی هەیە و ئەوەندەش سەرنج ڕاکێشە، بەگشتی هاتمە سەر کارکردن بە دار.

* بەرهەمی دارەکانت زیاتر سروشتە؟

- بەڵێ زیاتر باسی سروشت و بوونەوەرەکانە.

* نەتتوانیوە، یان ناتەوێ بێجگە لە سروشت ئیش لەسەر بابەتی دیکە بکەیت؟

- ناتوانیت دیاری بکەیت و بێجگە لەوە کاری دیکە بکەیت، هەستێکی مرۆڤانەیە تۆ لە کۆمەڵگای خۆتدا زۆر لە شتەکان ورد دەبیتەوە.

* باشە تۆ لە کارە پلاستیکەکاندا کارت لەسەر ئەنفال کردووە، یان گشتیتر کارت لەسەر جینۆساید کردووە، بەکارە دارەکانت نەتتوانیوە، یان ناتەوێ کارێکی ئاوا بکەی؟

- لە کارە دارەکاندا من نەهاتووم ڕاستەوخۆ کار لەسەر هەڵەبجە، یان ئەنفال بکەم. ئەوە جیاوازییەکە کە لە کارەکانی مندا هەیە، بەڵام من باسی ئەو خەسارە مرۆڤییە دەکەم کە دوای کارەساتەکان دێتە پێشێ، بەڵام لە کارەدارەکاندا چون شتێکی سروشتییە بەپێی سروشتی خۆی هەڵسوکەوتم لەگەڵ کردوون، بە تایبەتی لە دریڤ وود ئارتدا تۆ ماهییەتی دارەکە ناگۆڕی و نایکەی بەشتێکی دیکە، هەر دارەکە چۆن هەیە، تۆ جۆرێک لە تەنیشت یەکتر دانان لە کارەکەدا دەکەیت، بەڵام سروشتی دارەکە ناگۆڕی.

* تا ئێستا چەند پێشانگات کردووەتەوە؟

- یەکەم پێشانگام هاوبەش بوو، ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ مامۆستا نامۆ و محەمەد موهاجر و ئەرسەلان ڕۆستەم زادە و هێمن قارەمانی لە پارکی میللەتی بۆکان پێشانگامان کردەوە، ئەوە یەکەم پێشانگای شێوەکاری من بوو، دوایی لە کۆنگرەی فەرزانگانی کورد لە شاری سنە لەوێدا بەشداربووم، ئەویش هەر ساڵی ١٩٩٦، یان ١٩٩٧ بوو باش ساڵەکەیم بە بیر نایەت، بە دوو کاری شێوەکاری بەشداربووم. ئەوکات بە ڕەحمەت بێ هونەرمەند جەعفەر قازی، هونەرمەند هادی زیائوددینی و مەهدی زیائوددینی و مامۆستا نامۆ بەشدار بوون. پاش ئەوانەش لە زۆر پێشانگای هاوبەش کە لە زانکۆکان بۆ هەڵەبجە دەکرانەوە، بەشدار بووم. لە ورمێ پێشانگایەکی تایبەتم لە بارەی هەڵەبجە کردەوە، دووجار لە تاران پێشانگای تایبەتیم هەبووە.

* هەموویان پێشانگای شێوەکاری بوون؟

- پێشانگاکانی تاران شێوەکاری و پلاستیک بوون، دوو کاری پلاستیکم کردبوو لەگەڵ ئیشە شێوەکارییەکانم دامنابوون، چونکە ئەوەدەم پلاستیکەکەم دەهێنا ناو ڕەنگەوە و وەک کۆلاژ پلاستیکم بەکاردێنا، هێشتا تەواو نەهاتبوومە قۆناغێکی جیاواز کە بە پلاستیک کاری پەیکەر بکەم.

* ئەی پێشانگات هەبووە هەموو کاری پلاستیک بووبێ؟

- لە ورمێ ساڵی ٢٠٠٢ لە زانکۆی ورمێ من گۆڕێکی بە کۆمەڵم دانا کە بە پلاستیک دروستم

کردبوو، له تارانیش بۆ یەکەم جار کاری پلاستیکم دانا لە پێشانگای نێودەوڵەتی تاران ژوورێکم وەرگرتبوو کە بەگشتی ئیشی پلاستیکم لێ دانابوو، بەڵام بۆ کاری دارەکان، تا ئێستا پێشانگام نەکردووەتەوە، زیاتر ئەو کارانەی دروستم کردوون فرۆشراون، چونکە ژیانم وای لێهاتووە ناچارم کارەکەم ببێتە هۆی دابین کردنی بژێویشم. بە ڕاسپاردن کاری هونەریشم کردووە، تەنانەت بۆ پەتینەکانیش ئەو خشتانەی (قەلاٚیچی) کە سازم کردوونەتەوە بە نموونە ماڵێک چووم، یان ڤێلایەک چووم پێشنیارم پێ کردوون بۆ دیکۆر و بۆ پەیکەر و ئەوانە و کارم کردووە.

* هەڵسوکەوتی خەڵک لەگەڵ هونەرەکەی ئێوە چۆنە؟

– تا ئەو جێگایەی کارم کردووە و دیویانە (زیاتر باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم)، چونکە بە هەستێکی کوردانە دەڕواننە باسەکانی وەک هەڵەبجە و ئەنفال و ئەو کارەساتانە زۆریان پێشوازی لێکردووە، وەک پێخۆش بوون نا، بەڵکو زیاتر هاوخەمی و هاودەردی بووە، بەگشتی هەڵسوکەوتێکی خراپیان نەبووە، زۆر بە دڵێکی فراوانەوە کارە دار و پلاستیکەکانمیان وەرگرتووە، چ لێرە چ لە ڕۆژهەڵات. سەبارەت بە کارەکانی دیکەشم پێشوازییەکە باشە، من دوو پەیجی ئینتەرنێتم هەیە، پەیجێک بۆ کارە پلاستیکەکانەو پەیجێکیش بۆ کارە دارینەکانە.

* بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک چۆن دەڕوانێتە شێوەکاری و پەیکەرتاشی، چونکە زۆر هونەر هەیە خەڵک زیاتر ڕووی تێدەکات و زۆر هونەریش هەیە خەڵک کەمتر لەگەڵی ئاشنایە، بە جۆرێک تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە، لەوێ خەڵک چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هونەرانە دەکات؟

– خەڵکی بە گشتی لەگەڵ هونەرە جوانەکان باشن و هەڵسوکەوتێکی باشیان هەیە، بەڵام بەداخەوە لەو چەند ساڵەی دواییدا کێشەی ئابووری زۆر دروست بووە، خەڵک کەمتر پارە بە شتی هونەری دەدات، ساڵان خەڵکێکی زۆر تابلۆیان دەکڕی، داوای کاری هونەرییان دەکرد، پەیکەریان دەکڕی و پشتیوانی ماددییان دەکرد، شوێنیان بۆ پێشانگاو زۆر شتی دیکە دەداینێ، ئێستاش هەڵسوکەوتێکی خراپیان نییە، بلێی لایەنگری هونەر نین، یان پێیان حەرام بێ، نا ئەو شتانە نییە، بەڵام لە باری ماددی و ئابوورییەکەیەوە، وەک کڕین، بازاڕی جارانی نەماوە.

* هونەرمەندێک لە ڕۆژهەڵات دەتوانێ بەکارەکانی خۆی بژی؟

– ئەوە زەحمەتە، مەگەر بیهێنێ بەرەو هونەری کاربردی (هونەری بەکارهێنراو) من تاڕادەیەک هەوڵم داوە وای لێ بکەم. هێناومەتە نێو دیکۆراسیۆنەوە، هێنامەتە نێو کۆمەڵێک شتی دیکەوە.

* ئاستی هۆشیاری هونەریی خەڵک لە ڕۆژهەڵات چۆنە، بینەر تێگەیشتنێکی ناوەندی لە هونەر هەیە، یان هەیە بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە چاو لە هونەر دەکات؟

– خەڵکانێک هەن کە بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە چاوی لێ دەکەن، بە تایبەتی لەو چەند ساڵەی دواییدا (بیست ساڵی ڕابردوو) ئاستی تێگەیشتن چووەتە سەرێ، بۆ دیکۆری ماڵێ کابرا هاتووە، پەیکەری کڕیوە، یان تابلۆی شێوەکاری کڕیوە، یان زۆر گرینگی بە لایەنی هونەری تەلارسازی خانووەکەی داوە، بەڵام هێشتا لەو ئاستەدا نییە کە هونەرمەند پێی بژێت، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا سیستم، یان دەوڵەت بە ئەرکی خۆی دەزانێ پشتیوانی لە هونەرمەند بکات و بەرهەمی هونەری لێ دەکڕن و لە شوێنە گشتییەکان دایدەنێن، بێجگە لە خەڵکیش کە بەشێوەیەکی گشتی هەستی هونەرییان لەچاو ئێمە زۆر باشترە، بەڵام لەلای ئێمە تەنیا ئاستی توانایی ئابووری خەڵکییە کە بیکڕن، یان نەیکڕن، هەر بۆ نموونە لە تاران وانییە، لەوێ بانکی کشتوکاڵ وەک ئەرکێک بەرهەمە هونەرییەکان دەکڕێتەوە.

* ئەی تا ئێستا پێشانگات لە باشوور نەکردووەتەوە؟

– نەخێر، ساڵێک و نیوە لێرەم، بەڵام پێشانگام نەکردووەتەوە.

* ئەی لەو ماوەیەدا سەردانی پێشانگاکانی ئێرەت کردووە؟

– بۆ چەند پێشانگایەک چووم.

* کارە هونەرییەکان چۆن بوون؟

– باشوور کۆمەڵێک هونەرمەندی باشی هەیە، بەڵام بەداخەوە هەموویان پەرتەوازە بوون، زۆریان لە باشوور نین تا ڕەوتێکی جددی دەست پێ بکەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی هونەری لە ناوچە کوردییەکان لەباشوور و ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەش

وایە کـە هونەرمـەند کـەمـتـر لێی هەڵدەکـات و زیـاتر پەرتەوازەی وڵاتانی دیکەن، بەداخەوە لە کۆمەڵگاکانی دیکەش زۆریان دەتوێنەوە و ئەو مۆرکە کوردییەیان پێوە نامێنێ. بەهۆی گیروگرفتی ژیانیش ئێمەی کورد لە تاراوگە نەمانتوانیوە بگەینە ئاستێکی سەرێ.

* پێشوازی خەڵکی باشوور لە هونەر چۆنە، لە ڕۆژهەڵات پێشوازییەکە باشترە، یان لە باشوور؟

– لە ڕۆژهەڵات باشترە، لێرە حکوومەت پارە سەرف دەکات، ئەو ئیمکاناتەی لێرە هەیە و ئەو بایەخەی کە لێرە حکوومەت بە هونەری دەدات، دەبوایە پێشوازی خەڵک باشتر بوایە، لە ڕۆژهەڵات ئەو شتانەمان نییە، بەڵام بەگشتی خەڵک هونەر دۆستترە، لێرە دەوڵەمەندەکان بۆ ڤێلاکانیان کاری هونەری دەکڕن، بەڵام زیاتر چاولێکەرییە و تێگەیشتنی هونەری کەمترە.

* پێم باشە زیاتر باسی ئەو کارانەت بکەیت کە سەبارەت بە ئەنفال کردووتن.

– بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەنفال کارم نەکردووە، من ئەنفال، هەڵەبجە، ئاشویتس، بوخواڵد، یان هیرۆشیمام لەبەرچاو نەگرتووە، وەک پێشتریش باسم کرد، کۆمەڵێک وێنە کاریگەریی لەسەر من هەبووە، من لە کاتی کارەساتەکاندا لەوێ نەبووم، نەوەی دووەم و سێیەمی دوای ڕووداوەکانم، من زیاتر کاریگەریی ئەو کارەساتانەم دیوە لەنێو کۆمەڵگای خۆماندا، من خەریکی ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ئەو کارەساتانەم لەسەر مرۆڤ، باسی جوانیناسی ناشیرینییە، بابەتی من مردنە، تۆ مردن دەخولقێنیتەوە لە پێناو ڕیسواکردنی مردندا، بۆ ئەوەی خولقێنەرانی شەرم بکەن لەو کردەوە دزێوەی خۆیان، ئەوەیە ئەو ڕەهەندە زەق دەکەیتەوە، ئێستاکە بەرەو ئاسایش دەڕۆین، دیسان دنیاکەمان ئەو دنیا ئایدیالە نییە کە بە درێژایی مێژوو ویستوومانە.

* ئەو گەلانەی کارەساتێکیان بەسەرهاتووە بە سینەما، مۆسیقا، ئەدەب، بە هەموو شێوازێک هاواری خۆیان بە گوێی دنیادا گەیاندووە، ئێمەی کورد چیمان بۆ خۆمان کردووە؟

– هاوارەکەی منیش هەر هاوارە، بەڵام ئەوان سیاسەتی کولتوورییان بۆ ئەو شتانە هەیە، وەختایەک ئیستیڤن ئیسپیل بێرگ دێ دروستی دەکات، سەرمایەداری زۆر گەورەی لە پشتە، دیزاینەری زۆر باشە، ئەکتەری زۆر گەورە کە لە ئاستێکی سەرێی سینەمای جیهانی لە پشتە، خودی سیستمەکەش لە بەرفراوانی پشتگیریان دەکات، بەڵام بۆ ئێمە وا نییە، دەنگی من یەک کەسە، هەرچەندەش هەوڵ بدەم هەر جیاوازی لەگەڵ ئەو هەوڵە سیستماتیکە هەیە. من کاتێک باسی جینۆساید دەکەم بە دڵنیاییەوە باسی جینۆسایدی نەتەوەی خۆم دەکەم، ڕاستە ئێمە ئاگاداری جینۆسایدی نەتەوەکانی دیکەش هەین، بەڵام ئەوەی کە بە قووڵی لەگەڵی ڕووبەڕووین ئەنفالە، هەڵەبجەیە، کۆڕەوە، ئەوە بێجگە لەو هەموو خەڵکەی نەتەوەکەمان کە ڕۆژانە لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان بە دەستی داگیرکەر دەکوژرێن و لە سێدارە دەدرێن، بەڵام ئەوەی کە چۆن لە ئاستێکی جیهانیدا بتوانیت بیهێنیتە گۆڕێ، ئەوە کۆمەڵێک شتی دیکەی دەوێ. دەبینی خەڵکێکمان هەیە لە بوارێکدا کار دەکات لەسەر ناساندنی ئەو کارەساتانە بە جینۆساید، گشتگیر نییە



و هەموو بوارەکان ناگرێتەوە. بڵێین لە بواری هونەر، لە سینەما، لە گرافیک بەگشتی یەکێک لەو بوارانە ڕۆیشتووە و دەبینی ڕێکخراوەیەکە و زیاتر لایەنی سیاسییە و تەواو.

* پێت وایە بەگوێرەی پێویست هونەرمەندەکانی کورد ئاوڕیان لە کارەساتەکانی نەتەوەکەمان دابێتەوە؟

– ناتوانم بڵێم کاریان لەسەر نەکردووە، زۆر هونەرمەندی باشمان هەبووە لەگەڵ نەتەوەی خۆیان ژیاون، هونەرمەند بەشێکە لەو خەڵکە، ئەوەی بەسەر میللەتەکەی دێ، ئەویشی تێدا بەشدار و هاوبەشە، ئەوە هەستێکی مرۆڤانەیە. بەدڵنیاییەوە لە هەموو بوارەکانەوە کاریگەریی لەسەر هونەرەکەش دادەنێ.

* باسێکی سیاسەت و هونەرمان بۆ بکە، پێوەندی ئەو دووانە چۆن دەبینی؟

– سیاسەت یەک ڕەهەند نییە، سیاسەتی کولتووری هەیە، سیاسەتی هونەری هەیە.

* باسی تاکەکان دەکەم، ئەوەی کورد سیاسەتی کولتووری هەیە، یان نییە ئەو باسێکی گشتییە، بەڵام ئایا هونەرمەندەکان چەندە باوەڕیان بە تێکەڵ کردنی ئەو دوو چەمکە هەیە، تۆ لە بنەڕەتدا باوەڕت بە هونەری سیاسی هەیە؟

– باوەڕم پێی هەیە، ناتوانم بڵێم هونەر دەبێ بەرەو سیاسەت بڕوات، چونکە من کەسێکی سیاسی نیم، بەڵام زۆربەی هونەرمەندەکانی ئێمە خولقاوی ناو شۆڕشەکانی کوردن، بۆ نموونە تۆ ناتوانی شڤان پەروەر و شۆڕشی کورد لێک جیا بکەیتەوە، بەڵام هونەری سیاسی، هونەرێکی قۆناغدارە و کاتی بەسەردەچێ. هونەری سیاسی هونەری ناڕەزایەتییە بە قازانجی خەڵک و دژ بە دەسەڵات، بەشێوەیەکی گشتی نەبووەتە کایەی دەستی سیاسییەکان، بۆ نموونە داوید ئەلفارۆسی کە ئیرۆس-مان هەیە کە بەشێک بووە لە ڕێبەرایەتی مەکسیک، هونەرمەندێکی شێوەکاریشە کە باوەڕی وابووە هونەر دەبێ لە خزمەتی تەواوی خەڵکیدا بێ. هونەر نابێ ببێتە تابلۆیەک و لە دیواری ماڵێک بدرێ، ئەو باسی شۆڕشی مەکسیک دەکات، ئەو هاتووە لەسەر دیواری زۆر گەورە وێنەی شۆڕشی مەکسیکی کێشاوە، بێجگە لەویش هونەرمەندی دیکەش زۆرن کە ئاوا کاریان کردووە، بەڵام سیاسەت نەیکردوونەتە پاشکۆ و نەکەوتوونەتە ژێر چەپۆکی سیاسییەکان، بەڵکو دەنگی ئازادی بوون، لە بەرانبەر سیستمی داگیرکەردا هونەری ئەوان سیاسییە، چونکە ئەمڕۆ هەموو شتێک مۆرکی سیاسەتی بەسەرەوەیە.

* زۆرجار سیاسییەکان بە جۆرێکی خراپ سوود لە هونەرمەندەکان دەبینن، ئەو خراپ بەکارهێنانە، ئەگەر سوود گەیاندن بێ بە شۆڕش و کوردایەتی و لە خزمەتی خەڵکدا بێ، من پێم خراپ نییە، بەڵام زۆرجار بە پێچەوانە کەوتووەتەوە و بە مەبەستێکی تایبەت کەڵکیان لێ وەردەگرن، تۆ ئەوە چۆن دەبینی؟

– ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی هونەرمەندەکە چەندە خۆڕاگرە و خۆی نادۆڕێنێ و پشت لە خەڵکەکەی ناکات. هەرکەس دەتوانێ کەسێکی سیاسی بێ، بەڵام هەڵوێستێکی پاک و دروستی هەبێ سەبارەت بە هەموو شتێک لە کۆمەڵگاکەدا، ئەوەندەش بوێر بێ کە ڕەخنە لە دەسەڵاتەکەش بگرێ، پێم وایە هونەرمەندی ڕاستەقینە ئاوایە، هونەرمەندی ڕاستەقینە قەت پشتی خەڵکی خۆی بەرنادات.

* ئەو پلاستیک ئارتە چەند خۆڕادەگرێ، بۆ پاراستنەکەی دەبێ چ بکرێت؟

– لەوڕۆدا باسێکی زۆر گرینگ لە ئاستی دنیادا لەسەر تەنگژەی پیس بوونی ژینگەو سروشت لە گۆڕێیە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕ، شەڕی نەوتە. تا ئێستاش کێشەی باشووری کوردستان لەگەڵ بەغدا لەسەر نەوتە، موشتەقاتی نەوت (لێگیراوەکانی نەوت) ماددەی کیمیاییە، پلاستیک یەکێک لەو لێگیراوانەیە پلاستیک لەو پانتۆڵەی لەبەر ئێمە دایە تا هەرچی لەپێش چاومانە کەڵکی لێ وەردەگیرێت. پلاستیک تایبەتمەندییەکی هەیە هەزاران ساڵی دەوێ تا لەناو دەچێ، شتێک کە بەو بەرفراوانییە کەڵکی لێ وەردەگرین و بەو سەختی و دژوارییەش لەناو ژینگەدا دەتوێتەوە.

هەموو شتێک بووەتە پلاستیکی، چونکە دەتوانی چەندین جار دووبارە کەڵکی لێ وەربگریتەوە، بووەتە یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی پیس بوونی ژینگە. هەر ئەو باسانە زۆری هان داوم ماتریالێک کە ئاوا زۆرە و بە بەرفراوانی هەیە و دەتوانێ هەموو فۆرمێکیشی پێ بدرێ، کاری لەسەر بکەم، نەوت و لێگیراوەکانی چ کاریگەرییەکیان لەسەر نەتەوەی ئێمە هەبووە؟

* بازاڕی کـــــاری ئەو هونەرانە چۆنە؟ بۆ نموونە کارەدارەکانی خۆت؟

– ناتوانم بڵێم بازاڕی کاری هەیە، زۆرتر دەتوانم بڵێم بەجـۆرێک خـۆی پێـوە بەڕێوە دەبەین، ئەو کـارانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێی ڕاستەقینەی خۆی نەدۆزیوەتەوە، لە کارە پلاستیکەکاندا کە هەر هیچ نافرۆشرێ، خەڵک تەنیا وەک هاودەردی چاوی لێ دەکەن. دەستت خۆش بێ زۆر جـوانە، ڕاگـەیاندنەکـانیش کـەڵک لە وێنەی کـارە پلاستـیکەکـانم وەردەگـرن، زۆرجـار بینیـومـە کـارەکـانم بوونەتە بەرگی کـتـێب و پۆسـتـەر و ئەوانە، بەڵام وەک ئەوەی ببنە سـپـۆنسـەری کـارەکـانم، بەداخـەوە شـتی وا نەبووە. کارەدارەکان جار جار تاکولۆک دەفرۆشرێن.

* بەدڵنیـاییەوە تۆ یەکەم کەس نیت کە ئەو کـارانەت کردووە و دوا کەسیش نابیت، ئێستا لە جیهاندا لە چ ئاستێک کار دەکرێت؟

– بەو شـــێـــوەیەی دریفت وود، یان ئەوەی کـــە ڕەگوڕیشەی داری سروشتی کاری لەسەر بکرێت زۆر کەم کار کراوە، لە کوردستـاندا نەمبینیوە کەس کاری لەسەر بکات، هەیە بە دار کـار دەکـەن، وەک پەیکەرێکی گـەچ دەیتـاشن، یان بەرد چۆن دادەتاشن، ئەویش ئاوا کـاری لەسەر دەکەن، بەڵام ئەوەی دیکەی بە دەستێوەردان بێێن دارەکان تێهەڵکیش بکەن و بیکەنە شتێک، چونکە ئەو شـێـوەیە دەگـەڕێتـەوە سـەر (ئینسـتـاڵیـشـن ئارت) و هونەرمـەندانێک کـە باوەڕیان بە ژینگەی پاکـە، ئەوانە دێن لەنێـو دارسـتـانەکـان ئەو دارانە کـۆدەکـەنەوە و کۆمەڵێک فۆرمی هونەریی پێ دەخوڵقێنن، بۆ ئەوەی هەم ژینگەپارێزی بکەن، هەم ئەوەی کـە دەکـرێ چ شـتـێکی جـوان دروست بکرێ، دوایی ئەوانەیان هێناوەتە نێـو دیکۆراسـیـۆنەوە، ئەوە هەم کـارێکی داهێنەرانەیە، هەم شتێکە دەکرێ بەشێک بێ لە دیکۆر، لەمڕۆدا کە ئێمە دی ئێف و کەرستـەی دەستکرد بووەتە جێگرەوەی دار، کە دەبینی دار سەد جار جوانترە لەوان، لە ئاستی جیهانیدا بەشێـوەی جۆراوجۆر کـارکراوە، بەڵام بەو شێـوەیەی کـە دریفت وودی پێ دەڵێن، یان ئەو پەیکەرانەی کـە بەو شێوەیە لە دار دروست دەکرێن بە قەد قامکەکانی دەستی ئینسـان خـەڵکم دیوە کـار بکـەن، خـانمێکی ئەمـریکییـە هێرتا و چەند کەسێکی دیکەشە.

* جیهانی بوون چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو هونەرانە هەبووە؟

– تاڕادەیەکی زۆر کـاریگەریی هەبووە، سـاڵی سـاڵان زۆر بە کـەمی و بە سەقـەتی زانیاری هونەری دەگەیشـتـە دەستـمـان، کە دەگەیشتە دەستیشمان ئەو زانیارییانە لە ئاستی جیهاندا کۆن ببوون و شتی ڕۆژ نەبوو. ئینتەرنێت و سەتەلایت و بەگشتی بڵێین جیهانی بوون شۆڕشێکی گەورەی لە جیهانی هونەردا دروست کرد. ڕەوتی هونەری پاش مـۆدێرن ئیـزنی دا هونەرە تەریک کـەوتووەکـان بێنە نێـو گـۆڕەپانەکـەوە، یان تەنانەت جـیـهـانی بوون، جـوگـرافـیـای هونەری گـۆڕی، جـاران بۆ نموونە پاریس سـەنتـەری هونەری دنیـا بوو، یان پاش دووەمین شـەڕی جـیـهـانی نیـۆیۆرک بوو بە سـەنتـەری هونەر و جـێگەی پاریسی گرتەوە. ئەو ڕەوتی جیهانی بوونە توانی فەزای هونەری دنیـا بکاتەوە، کـە هونەرمـەندانێکی دیکەش بێجگە لەو شوێنانە کە لە شوێنی دیکەی دنیاشەوە بێنە نێو گۆڕەپانی هونەری جیهانییەوە. بۆ نموونە ئابرا مۆبچی سربی، یان مۆنا حاتووم-ی فەلەستینی، یان زۆر کەسی دیکە توانیـیـان خـۆیان بگەیەننە ئاسـتی جـیـهـانی و بناسرێن.

* تۆ بۆ خـۆت چ سـوودێکت لە جـیـهـانی بوون وەرگـرتووە، ئایا توانیـوتە هونەری خۆت بە نەتەوەکـانی دیکە بناسێنیت، یان بەجۆرێک بەرەو جیـهـانی بوونی بەریت؟

– وەک بڵێم من هونەرەکەم بەرەو جیهانی بوون بردبێ، بەو خودایە زۆر زەحمەتە ئەو قسەیە بکەم، چونکە ناتوانم وا بڵـێم، بەڵام زیاتری بەردەنگی من لە پەیجـەکـانمدا بەردەنگی ئەوروپایی و ئەمـریکین، ئەوان زیاتـر پێشـوازییـان لێ کردووم و سەرنجی ڕاکێشـاون. نازانم هۆکـارەکەی چییـە؟ ئایا ئەوان زیاتر لەو تەنگژەی پیس بوونی ژینگە و سـروشت تێگەیشـتـوون؟ یان ئاسـتی جوانیناسییان لەگەڵ جوانیناسی ئێمە جیاوازە؟ یان چ هۆکـارێکی دیکەی هەیە؟ بە هەرحـاڵ ئەوان زۆرتر بەردەنگم بوون و نامـەم بۆ دەنێـرن و دەڵێن کـارەکـانت بۆمـان بنێـرە لە گـەلەری دایدەنێین، دکـتـۆر (تی جەی) دەیەوێ لەسـەر ئەو کـارانە شـیکردنەوە بکات، خـاڵی گـرینگ لەو بەردەنگانەمـدا ئەوەیە کـە بە پەلەو خـێـرا بەسـەر کـاری هونەریدا تێناپەڕن، لە بواری کـۆمـەڵناسی هونەرەوە شی دەکـەنەوە، لە باری دەروونناسـیـیـەوە

ناوەرۆکی کارەکان لێک دەدەنەوە، کە هی خۆمان وانییە.

* ڕاگـەیاندنی کـوردی چەندە گـرینگی بەو بوارانەی کاری تۆ دەدات؟

– سستی منە کە زۆر خۆم دوورەپەرێز گرتووە، بەڵام بە نیسبەت هونەرەوە ڕاگەیاندنی کوردی لە ئاستێکی باشدا نییە، پێشانگایەک دەکرێتەوە، وەک هەواڵێک بڵاودەکرێتەوە و تەواو، جاری وایە ئەوەش نییە، شرۆڤەکاری هونەریمان نییە، هونەر لەوڕۆی دنیادا ڕۆڵێکی یەکجار گرینگی هەیە. تۆ کاتێک باسی دیزاین دەکەیت، تەواو هونەرە تەراحی سەنعەتییە، تەراحی دیکۆراسیۆنە، میعمارییە، ئەوانە هەموویان پێوەندییان لەگەڵ هونەر هەیە، بەداخەوە من شتێکی ئەوتۆم لە ڕاگەیاندنی کوردی نەدیوە، ئێستا بەشێکی زۆر لە ئەرشیڤی من لە بەشی هونەری BBC وەرمگرتووە، بەڵام بە نیسبەتی ڕاگەیاندنی کوردی ناتوانم ئەو قسەیە بکەم. ڕاگەیاندنی کوردی کەسێک وەک پسپۆڕی بواری هونەریان نییە کە تەنیا کاری شی کردنەوەی هونەر بێ، ڕاگەیاندنی جیهانی بەسەدان کەسیان هەیە کە کاریان بۆ دەکات.

* تۆ پێت وایە ئەو بۆشاییە هونەرییەی دروست بووە هۆیەکەی نەبوونی کارناسی هونەرییە لە ڕاگەیاندنەکانماندا، یان نەبوونی هونەرمەندی گەورەیە لەنێو کورد دا، بەڕای تۆ کامەیانە؟

– با نموونەیەکی سادە بێنمەوە، پەروەردەکار (مەشقکار) جاری وایە لەنێو منداڵانی گەڕەکە هەژارەکان و دێهاتەکان دەگەڕێن، ئەو منداڵانەی کە دەزانن خاوەن بەهرەن دەیانبیننەوە و هەڵیاندەبژێرن و سەرمایەی بۆ تەرخان دەکەن. ئەوەی توانایی نییە وردە وردە بە خۆی وەلاوە دەنرێت، بەڵام کۆمەڵێک خەڵکیش دێنە سەرێ، هونەریش هەر بەو چەشنەیە، تۆ کەسێک، یان لایەنێک بیەوێ ئەو کارە بکات خەڵکێک هەیە بتوانێ بێتە سەرێ، ئێمە هیچ لایەنێک نییە ئەو کارە بکات، بەشێوەی خۆڕسک و بە هەوڵی خۆت دێنیتە سەرێ، بەڵام دیسان کەس نییە ئاوڕێکت لێ بداتەوە. ئێمە هونەرمەندمان هەیە لە دەرەوەی کوردستانە، بەڵام دیسان هەر جیهانی نییە، من ئەو بۆشاییە دوو لایەنە دەبینم.

* پێوەندیی نێوان هونەرمەندەکان چۆنە؟ پێوەندیتان لەناو خۆتاندا هەیە، سوود لە ئەزموون و بیروڕای یەکتری دەبینن؟

– بەڵێ هەر کەس کاری خۆی دەکات، ئێستا من کە پەیجی کارم هەیە، خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکات، منیش دەچمە سەر پەیجی هونەرمەندەکانی دیکەو چاو لە کارەکانیان دەکەم، ئەو پێوەندییە هەیە، یان دەبینی پێشانگا دەکرێتەوە بەرهەمی هونەری یەکتر دەبینین، بەڵام ئێمە تەنبەڵترین و بەرهەمهێنانی هونەریمان کەمە، لە ساڵدا چەند تابلۆیەک، یان چەند پەیکەرێک، ناکرێ زۆر باسی بکرێ، بەو شێوەیە ناتوانین بڵێین دەتوانین لە ئاستی جیهاندا ناوبانگمان هەبێ، جاروبار تاکولۆک کەسێک کارێک، یان ڕۆمانێک، شتێک بڵاو دەکاتەوە، یان فیلمێک بەرهەم دێنێت، بەڵام هونەر لەلای ئێمە ڕەوتێکی بەردەوام نییە.

* باسی ئەو پەتینانەی ئۆزارتوومان بۆ بکە کە کارت لەسەر کردوون؟

– من لە پەتینەکاندا کەڵکم لە ئێلمان و وێنەی ئەو خشتانەی قەڵاچی وەرگرتووە کە لە ڕەبەت و بۆکان و ناوچەی قەڵاچی دیتراونەتەوە کە هی سەردەمی مانایییەکانە، ئەوانە وەک کارێکی کولتووری کردوومن.. بە داخەوە، چونکە لە ناوچەی ئێمە موزەخانەیەک نییە ئەوانە بپارێزێ، زۆربەیان بە قاچاغی بە وڵاتانی دیکە فرۆشراون، ئەو خشتانە ئێستا لە موزەخانەیەکی تۆکیۆی ژاپۆنن. ئەو خشتە وێنەی بزنێکی نێرییە، ئەو نێرییە ئێستاش لەناوچەی قەڵاچی ماوە و دەبینرێ، کە خواوەندێکی باڵدارە، من بۆ ئەوەی نەفەوتێ و لەناوچەکە شوێن پێیان بمێنێ، برادەرێکم کە لە موزەی ئێرانی باستان دایە و زۆری زەحمەت لەسەر ئەوانە کێشاوە، زۆربەی وێنەی ئەو خشتانەی پێدام. لە زۆر جێگا کە دەیانەویست بۆ نێو ماڵ دیکۆر دروست بکەن، یان لەڤیلایەک، یان کۆفی شۆپێک، دیکۆرێک دروست بکەن، من پێشنیاری ئەو وێنەیەم دەدا، هەر بۆ ئەوەی ئەو هێمایە لەناوماندا نەفەوتێ و هەم زۆریش جوانە، بێجگە لەوەی کە ئەوە بەشێکە لە مێژووی نەتەوەی کورد و شانازییە کە ئەمڕۆش نەوەی ئێستامان بیانبینێ و بیانناسێ. سایزی خشتەکە ٤٠ سانیتمەترە و لە ٤٠ سانتیمەتردایە. من ئەوانەم لە یەک مەتر و چل سانیتمەتردا گەورە کردەوە و دروستم کردن.

* بۆ دروست کردنەوەیان کەڵکت لە چ کەرستەیەک وەرگرتووە؟

- بە پۆستەر و سوفال و دار و... پێی دەڵێن میکس میدیا، یان تێکەڵ کردنی کەرستەکان کەڵکم وەرگرت، من پێنج دانە لەو خشتانەم دروست کردووەتەوە.

* ئەو کەسانەی کاریگەرییان لەسەرتۆ هەبووە کێن؟

- وەک کاریگەری، لە هونەرمەندە کۆنەکان کەسانێک کە باسی شەڕیان کردبێ، فرانسیسکۆ گۆیا کاریگەریی زۆری لەسەرم داناوە، چونکە فرانسیسکۆ گۆیا نزیکی دوو سەد، سێ سەد ساڵ لەوەپێش هاتووە باس لە کارەساتەکانی شەڕ دەکات.

* وەک بزانم پێشانگایەکی هاوبەشتان لەگەڵ خێزانت هەبووە، ئەوە کەنگێ بوو، لە کوێ بوو و لەسەر چی بوو؟

- پێشانگاکە لە سنە ساڵی ٢٠١١ بوو، دوو ساڵانەی هونەری هاوچەرخی کورد بوو، کۆمەڵێک هونەرمەند لە تەواوی ئێرانەوە هاتبوون، خێزانم شاعیرە، شەوێکیان دوو بەدوو دانیشتبووین و قسەمان دەکرد، من باسی ئەوەم کرد کە تۆ شیعرەکانت وێنەیین، هەر ئەوە بوو بەستارتی کارەکە، خێزانم بەخۆی کاری پێر فۆرمانس و شانۆشی کردووە و ئەکتەری شانۆ بووە، هاتین پرۆژەیەکمان نووسی، دیارە زیاتر کاری ئەو بوو، من زیاتر یاریدەدەر بووم، یەکێک لە شیعرەکانی خۆی بەناوی (زەینی خودا ئاوەڕۆی دەرناچێ)، هات کردی بە کارێکی کانسێپ چواڵ ئارت، منیش لە پەناوە لەکارە پلاستیکەکان چەند کاریم دانا، هەردووکمان بەشداری پێشانگاکە بووین، کارەکەی ئەو بیست و چوار دانە قاڵبی سەری خۆی بوو، هەموو شیعرەکانی خۆی چاپ کرد بوو، حەوت دانەیان شیعرەکانی خۆی بوو، بەپێچەوانەوەی هەڵواسیبوو، باقی بیست و چوار کەللەسەرەکە هەمووی دوعا و نووشتەو ئەوانە بوون کە لە کتێبی دوعا نووسیندا هەیە و لەسەر کاغەز چاپی کردبوو و بڕیبووی و لە دەموچاوەکانیدا بوو و هەڵیواسیبوون، خوارەوەش جەغزێک بوو کە ئاوەڕۆیەک لە ناوەڕاستیدا بوو وەک حاڵەتی ڕەمز و ئوستورلاب ئەو کارەی کردبوو.

* چەند پێشانگا پێکەوە بوون؟

- پێشانگایەکی گشتی بوو لە هەموو ئێرانەوە خەڵک تێیدا بەشدار بوو، بەڵام زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان-ـەوە بەشدار بوون، لیژنەی هەڵسەنگاندنیش دکتۆر حەمیدی سیوەری بوو کە مامۆستای زانکۆی تارانە، خانمی هیلیا دارابی-یش هاتبوو، پێشانگاکە لە شارەداری سنە بەڕێوەچوو.

* دەستتان خۆش بێت، پرۆژەی داهاتووت چییە و ئێستا چیت بەدەستەوەیە؟

- من بە تەمام بۆ کارە پلاستیکەکانم پێشانگایەک بکەمەوە، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال، دیارە جارێ هەر کاریان لەسەر دەکەم، چونکە بۆم گرینگە و زۆریشی پێوە ماندوو بووم. بۆ کارەدارەکانیشم بە تەمام لە چەند مانگی داهاتوودا پێشانگایەک بکەمەوە.

* لە کۆتاییدا ئەگەر قسەیەک، یان شتێکی تایبەتت ماوە؟

- پێم خۆشە لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرم و سوپاسی دایکم بکەم کە بەردەوام پشتگیری کردووم، هەروەها مامۆستا نامۆ کە وەک برا و هاوڕێ و مامۆستایەک هەموو کات ئاگای لێم بوو و یارمەتی داوم، سوپاسیان دەکەم، سوپاس بۆ گۆڤاری ڕامان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو چاوپێکەوتنە، دەستی ئێوەش خۆش بێت.

# ڕووناکبیران و سیاسەت و فەرهەنگ

ئەکرەمی میهرداد
(سلێمانی)

(١ - ٢)

**ڕووناکبیر کێیە؟**

لە زمانە ئەوروپاییەکاندا دوو زاراوە Intellectual و Intelligentsia بەمانای ڕووناکبیران و بیرمەندان بەکارهێنراوە. هەندێک لە نووسەران و بیرمەندان هەوڵیان داوە هەموو ئەو کەسانەی کە لە کاری بیردا دەکارن لەم گرووپە دابنێن، هەر بۆیە ئەو کەسانەی خاوەن کاری زانستین وەک مامۆستایانی زانکۆ، بیرمەندان و پسپۆڕان و لێکۆڵەران، یان ئەوانەی خەریکی بەرهەمهێنان و ئەفراندنی بیروباوەڕ و سەرنج و ڕەخنەکانن، یان لە کاری فەرهەنگی و هونەریدان، وەک نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، فەیلەسوفەکان، ڕۆژنامەوانان و مامۆستایان وەک ڕووناکبیر بناسێنن، هەروەها ئەم گرووپانە هەندێک جار بە ناوونیشانی "چینی ناوەڕاستی نوێ" لەبەرچاو دەگیرێن و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خەریکی کاری بیرکردنەوەو زەینین، یان هەروەک سی. ڕایت میلز بە "ئێخەسپی" ناویان دەبات. ئالان تۆرین، کۆمەڵناسی ناوداری فەڕەنسی گرووپەکانی ناو چینی ناوەندی نوێ وەک تەکنیکاران، بەڕێوەبەران، ئەندازیاران، کارمەندانی پسپۆڕی لە کەرتی گشتی و پیشەسازی تایبەتیدا وەک بەشێک لە "چینی کرێکاری نوێ" دەناسێنێ. (١)

وشەی (ڕووناکبیر)ی کوردی هەروەک پێناسەی باو لە بەرانبەر زاراوەی (intellectual)ی ئینگلیزی بەکاردێت، کە لەزاراوەی (intelligite)ی لاتینی وەرگیراوە، ئەمە لە بنەڕەتدا بەمانای شیکردنەوە، یان لێک جیاکردنەوەی پرسەکان، ڕەوشەکان و شتەکان بەکاردێت.

لەم دیدگایەوە ڕووناکبیر دەبێتە ئەو کەسەی خاوەن توانایی شیکردنەوە و جیاکردنەوەی شتەکانەو هەر لەبەر ئەوەش دەتوانێ دیدگای عەقڵانی و شیکردنەوەی وردی هەبێت. جێگای سەرنج و شایانی زانینە کە وشەی (critique) کە بەکوردی بە (ڕەخنە) ناسراوەو لە ڕیشەی یۆنانی (krinein) وەرگیراوە، ئەویش بەمانای لێک جیاکردنەوە، یان تەنگژە دێت. وشەی ڕەخنە کە لە ڕەسەنی ئێرانی و ئاڤێستایی وەرگیراوە بەمانای (درز)، یان (کەلێن) هاتووە، بێ گومان ڕەخنە هەمیشە درز و کەلێنەکان دروست دەکات. ڕەخنەگرتن کە توانایی شیکردنەوە و لێک جیاکردنەوە و ڕۆشن کردنەوەی هەیە،

دەتوانێت هەوڵ و توانایییەک بێت بۆ دروستکردن، یان ئاشکراکردنی تەنگژە (crisis) ئەم تەنگژەیە، تەنگژەی مانایی و تێگەیشتنی ئەو پەیامەیە کە دەتوانێ بەهۆی توانایی عەقڵانی و شیکردنەوەی ڕاستییەکان ئەو بەهاو پێوەرانە بۆ کۆمەڵگا ساز بکات کە هەموو ڕەوش و پرسەکان دەخاتە بەردەمی گومان و پرسیار. بیرکردنەوەی عەقڵانی و دیدگای ڕەخنەیی کە تواناییەکانی ڕووناکبیر پێکدێنن، وێڕای ئەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا سوودمەند دەبێت، بەڵام خودی پرس و ڕەوشی تایبەتی خودی ڕووناکبیریش دەخاتە بازنەی پەیام و کاری خۆیەوە. واتا ڕووناکبیر هێندەی خەریکی شیکردنەوەی ڕاستی و بیرکردنەوەی عەقڵانی و ڕەخنەی بنیادنەری ڕوو لەئاییندەیە، هەر بەو جۆرەش هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەڵدەسەنگێنێ. گرنگ نییە ڕووناکبیر لەکام ناوەند و پرسدا کار دەکات، گرنگ ئەوەیە کە هەموو کاتێک ئەم پەیام و کارانەی لەبیربێت و بەقازانجی گشت سوود لەمانە وەربگرێت. تا ئێستا و هێندەی من بزانم سێ دیدگا و بیروڕای گرنگ بۆ ناوەندی کاری ڕووناکبیر پێشنیارو باس کراون.

**یەکەم:** ئەوەیە کە پێی دەڵێن (ڕووناکبیری ئۆرگانیک) کە بیرمەند و تێکۆشەری ناسراوی ئیتاڵیایی (ئانتۆنیۆ گرامشی) باسی کردووە. بەبڕوای گرامشی ڕووناکبیران دەتوانن بەشێکی ئۆرگانیک بن لەدامەزراوەکانداو خاوەن پەیامی عەقڵانی بن، بێ گومانیش بەقازانجی گشتی کۆمەڵگا کار دەکەن.

**دووەم:** ئەو دیدگا و بڕوایەیە کە دەبێت ڕووناکبیر بەشێک بێت لە ساز و کاری کۆمەڵی مەدەنی و پرسەکانی خەڵک بۆ هێنانەدی ماف، ئازادی، دادپەروەری و بەشداری گشتی. ئەم دیدگایە لەلایەن زۆربەی ڕووناکبیرانی ناوداری جیهانەوە داکۆکی لێ دەکرێت و خۆشیان بەو جۆرە پەیام و کاریان کردووە.

**سێیەم:** دیدگای نووسەر و بیرمەندی گەورە (ئیدوارد سەعید)ە‌و لەکتێبی (نەخشی ڕووناکبیر)دا داکۆکی لێ دەکات، ئەویش ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا میدیا و ڕاگەیاندن زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی ڕووناکبیریی هەیە، بۆیە دەبێت، یان لەوانەیە، ڕووناکبیر باشتر بتوانێت پەیام و کاری خۆی بنەخشێنێ. من بڕوام وایەو داکۆکی لەو دیدگایە دەکەم، کە قەیدی ناکا



**هاینریش هاینە**

ڕووناکبیران لەکام لەو سێ ناوەند و پرسانەدا کاردەکەن و ئەو مەسەلەیە بەندە بەبڕواو ڕەوشی تایبەتی خۆیان و دەبێت ڕێزی لێ بگرین. لەهەمان کاتیشدا ئەو پەیامە دەدەم بەهاوڕێیانی ڕووناکبیر کە ئەم چەند سەرنجەی خوارەوە لەبیر نەکەن:

١- ڕووناکبیر دەبێت توانایی شیکردنەوە و جیاکردنەوەی عەقڵانی هەبێت بۆ پرس و ڕەوشەکان و (دەخوازم!) کە پرسی سەرەکی ڕووناکبیری لەزەمینەی شیکردنەوەی عەقڵانی و توانایی زانستیدا بێت.

٢-ڕووناکبیر دەبێت لەبەرژەوەندی گشتی و بەتایبەتی لەبەرژەوەندی کەسانی پەراوێز و چەوساوە و زوڵم لێکراودا کار بکات. بەبڕوای من ڕووناکبیر مینبەری ئەو کەس و لایەنانەیە کە مینبەریان نییە، یان لێیان زەوت کراوە.

٣- ڕووناکبیر دەبێت چاک ئەوە بزانێت کە هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر بەپرس و ڕەوشەکان، تەنیا سەرەتای کارەو ئەم سەرەتایەش ئەگەر توانایی شیکردنەوەی عەقڵانی و دیدگای ڕەخنەیی بەدیلی نەبێت، بێ گومان کورت خایەن و کەم خایەن دەبێت. ئەگەر هەڵوێست سەرەتا بێت، بێ گومان شیکردنەوەی عەقڵانی دەبێتە مەبەست و ئامانج.

٤- گرنگترین کاری ڕووناکبیر ئەوەیە کە بزانێت پەیام و کاری ئەو تەنیا لەبەرانبەر ئەو کەس و لایەنانەدا نییە کە ئەم هەڵوێست، یان سەنگەری لێ گرتوون، بەڵکو لەوەشدایە کە هەڵوێست و سەنگەری دڵخوازی خۆیشی شایانی ڕەخنەو شیکردنەوەی عەقلانییە. هاوڕێیانی ڕووناکبیر دەبێت بزانن کە هەمیشە هەڵوێستەکان (بەتایبەتی هەڵوێستی سیاسی!) کورت خایەنن و سەنگەرەکانیش بەردەوام تەنگن بۆ باڵەکانی فڕینی ڕووناکبیری.

٥- ڕووناکبیران ئەو کەسانەن کە بەجیاواز لەخەڵکی دیکە بیردەکەنەوە، یان زیاتر جیاوازن لە بیرکردنەوەی دەسەڵات و سیستمی باو، بۆیە چاکتر وایە (یان دەبێت!) بڕوا بەو پەیامە بهێنن و بەو جۆرە کاربکەن کە مەرجی یەکەمی دادپەروەری خوێندنەوەی بەرانبەرە (ئیمانۆیل لیڤیناس). خوێندنەوەی بەرانبەر پەیام و کاری گرنگی ڕووناکبیران بەرەو دادپەروەری و ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤەکان دەبات.

## ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسی

زاراوەی ڕووناکبیران بە شێوەی گشتی بۆ باسی ئەو کەسانە بەکاردێت کە بە زۆری خەریکی کاری فیکری و بیرکردنەوەن. لە هەندێک وڵاتان وشەی ڕووناکبیر بە مانای داهێنەر و ڕەخنەگریش بەکاردەهێنرێ، بەڵام هێشتا پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕووناکبیران لە گۆڕێدا نییە. بەگشتی دەتوانین ناسنامەی ڕووناکبیر بۆ سێ دەستە لەوان بخەینە بەر باس و گفتوگۆ: دەستەی یەکەم لە ڕووناکبیران ئەو کەسانەن کە لە بەرهەمهێنان و پاراستنی بەهای ئامانجدار و نەگۆڕدا کار دەکەن لە زەمینەکانی ڕاستی، جوانی و دادپەروەریدا نەخش و کاریگەرییان دەبێ. لە دەستەی دووەمی پێناسەکاندا، ڕووناکبیران بریتین لەو کەسانەی بیروڕاکان ڕادەگەیەنن، یان بنیادنەرانی ئایدیۆلۆژیاکانن، یان ئەوانەن کە بە ڕەخنەگرانی هەلومەرجی دەسەڵاتدار ناسراون. دەستەی سێیەم لە ناسنامەی ڕووناکبیران، بەتایبەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، ڕووناکبیران وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی دەناسێنێ کە لە گەشەو بەرەوپێش بردنی فەرهەنگی کۆمەڵگادا نەخشیان هەیە.

بە گشتی ڕووناکبیران کە بە زەین، یان مێشکی کۆمەڵگا ناسراون، هەندێک جار لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا پێوەندییان دەبێت، یان لە ڕاستیدا مامەڵەیان دەبێت و زۆربەی جاریش لە نێوانی ئەم دووانەدا ناکۆکی و ململانێ ڕوودەدەن. زەین و ئەندێشە لەگەڵ دەسەڵات و بنیادی سیاسیدا بە دەگمەن ئاوێتە و ئاوێزان دەبن، چونکە دەسەڵات ناتوانێ بۆ ماوەی دوورودرێژ کارگوزاری ئەندێشەی ئازاد بێت و هەر کاتێک زەین و ئەندێشەکان پەیڕەوی دەسەڵاتی سیاسی بن، مانای خۆیان لە دەست دەدەن. ڕووناکبیر ئەو کەسەیە کە "لە پێناوی ئەندێشە و فیکردا دەژیت. دڵبەندی ئەو بۆ ژیانی بیرباری، زۆر نزیکە لە دڵبەندی ئاینی". (٢)

پێوەندی نێوان ڕووناکبیران و سیاسەت، بەشێکە لە زانستی کۆمەڵناسی سیاسی. کۆمەڵناسی سیاسیش ئەو زانستەیە کە پێوەندی نێوان کۆمەڵگا و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک و سیاسەت و دەسەڵات و سیستمی سیاسی لە لایەکی دیکەوە دەکاتە بواری تایبەتی خۆی. ڕووناکبیران وەک بەشێک لە هێزی کۆمەڵایەتی کاتێک دەچنە ناو سیاسەتەوە، لەهەمان کاتیشدا بەشێک لەزانستی کۆمەڵناسی سیاسی دەنەخشێنن، یان ئەو بەشە لەو زانستە بەرهەم دێنن کە پێوەندیدارە بە لایەنی بیرکردنەوەو سەرنج و تێڕامانەکان بۆ ئەفراندنی بیر و ئەندێشە. دکتۆر حسێنی بەشیریە لە کتێبی "کۆمەڵناسی سیاسی" و لەبەشی "ڕووناکبیران و سیاسەت"دا بەم شێوەیە باسی نەخشی کۆمەڵناسی سیاسی و فیکری ڕووناکبیران دەکات: "بەشێوەی گشتی ڕووناکبیران، بەپێی پێناسە جیاوازەکان، ئەو کەسانەن کە لە چوارچێوەکانی نەریتی و دەسەڵاتدار و لە هەموو زەمینەکاندا فراوانتر دەچنە پێشەوە، بەها تازەکان بەرهەم دەهێنن، یان ڕوخساری نوێ بۆ بەها کۆنەکان پەیدا دەکەن، دەزگا فیکرییە تازەکان پێشنیار دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەنە جیاوازەکانی ژیان، بەهۆی بەکارهێنانی ئەندێشەو توانایی ڕەخنەییەوە دەچنە ناو چارەسەری پرس و کێشە پراکتیکییەکانەوە، فەلسەفە تازەکانی ژیان ئەفراندن دەکەن، ڕەخنە لە هەلومەرجی پایەداری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرن، یان بەکورتی لە چوارچێوەی کۆن و نەریتی ئەندێشە، فەرهەنگ، زانست و هونەر فراوانتر بیردەکەنەوە". (٣)

ڕووناکبیران لەبەرئەوەی بەردەوام ڕەخنە لە هەلومەرجی

پایەدار و دەسەڵاتدار دەگرن، بۆیە بە "چەپ" دەناسرێن. دیمون ئارۆن، کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی لەکتێبی "ئەفیونی رووناکبیران" لەو بڕوایەدایە کە یەکێک لە تایبەتمەندییە ڕەسەنەکانی رووناکبیری دڵنیابوونەوەیە لە ئامانجەکانی پێشکەوتن، ئازادی و یەکسانی لە جیاتی و لە بەرانبەری ئایین، دەسەڵات و خێزان.

گرنگترین و دیارترین تایبەتمەندییەکانی رووناکبیران لە پێناسە و دیدگا جیاواز و فەرەکاندا بریتین لە: هێنانەدی بیر و ئەندێشە تازەکان، فراوانتر ڕۆیشتن و دەرباز بوون لە نەریت و چوارچێوە باوەکانی بیرکردنەوە، گرنگیدان بە بەرژەوەندی گشتی، ئەنجامدانی کاری فیکری بەردەوام وەک پیشەی سەرەکی (لە بەرانبەر کاری جەستەیی)، ڕەخنە لە هەلومەرجی دەسەڵاتداری سیاسی و کۆمەڵایەتی، وابەستە نەبوون بە پێوەندی چینایەتی تایبەت، باس و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی پەیرەو و ئایدیۆلۆژیای سیاسی، خستنەڕووی شێوە تازەکانی ژیان، بیرکردنەوەی عەقڵانی دەربارەی پرسەکانی کۆمەڵگا و سیاسەت و فەرهەنگ، هۆشیاری و ئاگایی دەربارەی ناکۆکی و ململانێکانی ناو کۆمەڵگا دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی، بەرهەمهێنان و گەیاندنی فەرهەنگ، داهێنانی تیورەکانی کۆمەڵایەتی، پابەندبوون بە ڕەهەندی عەقڵانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر ڕەهەندی بابەتی و نەریتی، خستنەڕووی بەرنامە و نموونەکانی ژیانی گشتی، پشت کردنە نەریتەکانی گشتی رابردوو، ڕێنمایی کۆمەڵگا بەرەو خواست و پێوەندییە ڕاستییەکان لەبەرانبەر هەموو هەلومەرجێکی باو، ناسینی کێشەو ناکۆکییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاو پێشنیارکردنی ڕێگاچارە و پێشبینی کاروانی ئایندە، سەرلەنوێ بیرکردنەوەو بیرکردنەوەی نوێ، گرنگیدان بە بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و جیهانی لەبەرانبەر نەژادگەرایی و پەراوێزنشینی، دەردناسی کۆمەڵایەتی و خستنەڕووی ڕێگاچارەکان بۆ چارەسەری دەردەکان.

دەربارەی فەلسەفە و پەیرەوی ڕەسەنی رووناکبیر، بیرمەندی گەورەی ئەڵمانی فیختە دەڵێ: "بیرکردنەوەی رووناکبیر دەبێت بۆ سوودی کۆمەڵگا بەکاربێت. رووناکبیر دەبێت خەڵک بەنیاز و پێویستییە ڕاستییەکانیان ئاشنا بکات و هۆکارەکانی ئەو نیازانەش بۆ ئەوان ڕۆشن بکاتەوە".



فیختە

ئەگەرچی لەوانەیە رووناکبیران بەشێوەی کارا بەرانبەر هەلومەرجی نەریتی و دەسەڵاتدار خەبات نەکەن، بەڵام بەردەوام وەک بەشێک لە نیازی کاری بیرکردنەوەیان، هەلومەرجی ئێستا دەخەنە بەرانبەر ڕەخنەو داوای گۆڕان و بەرەوپێش چوون دەکەن.

## پێوەندی نێوان رووناکبیر و سیاسەت

نەخشی سیاسی رووناکبیران، یان پێوەندی نێوان رووناکبیر و سیاسەت لەلای (تۆم باتامۆر) لە دوو زەمینەدا بەرجەستە دەبێت:

١- لە بەرهەمهێنانی بیروباوەڕە سیاسییەکاندا.

٢- لە ڕابەری کردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، یان لەناو پارتە سیاسییەکاندا.

ئەندێشە سیاسییە تازەکان لە وەڵامی ڕاستەوخۆ بۆ ڕەوش و هەلومەرجەکانی بزووتنەوەکان، پارتەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتوونەتەدی و بیرکردنەوەی سیاسی هەردوو سەدەی نۆزدەو بیست لەم زەمینەدا ئاشکراو دیارن، هەروەها بیرکردنەوە سیاسییەکان بەدەوری خۆیان لە ژیانی سیاسی ناو کۆمەڵگا کاریگەر دەبن. لەم ڕەوشەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە پێوەندی

نێوان ئەندیشەو کار لە ژیانی سیاسیدا چییە؟ بیروباوەڕەکان و لێکۆڵینەوە و هەڵوێستەکانی بیرمەندانی سیاسی لە خەبات و ناکۆکی سیاسیدا چ نەخشێکیان هەیە و چۆن بیرکردنەوەو کاری سیاسی ئاوێتە دەبن؟ ڕووناکبیران لەگەڵ سیاسەتدا چ پێوەندییەک دەستەبەر دەکەن؟

بە بڕوای (باتامۆر) ئاوێتەکردنی تیور و کاری سیاسی لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو هەلومەرجە نیشان دەدات کە لێکۆڵینەوەی بەردەوام لە سیاسەتدا تەنیا کاری دامەزراوە سیاسییەکان نییە، ئەگەر چی کار و تیوری و شیکردنەوە سیاسییەکانی دەزگا و زانکۆکان، هەروەک زانستە کۆمەڵایەتییەکان کاری شایانی باسیان ئەنجام داوە و کاریگەری بەرچاویان هەبووە، بەڵام زۆر لە بیرمەندانی سیاسی ناودار و بەرجەستە لە دەرەوەی زانکۆکان بە توندی و پەیگیرانە بەشدار بوون لە خەباتە سیاسییەکاندا و ئەوان بوون زۆربەی بیر و تیورە سیاسییەکانیان ئەفراندووە و بەشێک لە گرنگترین دەقە تیوری و سیاسییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست لە دەرەوەی زانکۆ و دامەزراوەکاندا هاتوونە ژیان.(٤)

هەروەها نەخشی ڕووناکبیران و بەتایبەتی بیرمەندان لە ئەفراندنی بیر و ئەندێشە و تیورسازی و خستنەڕووی تیور و چوارچێوە سیاسییەکان، یان لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی چەمک و تیورەکانی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، دیسان لەکاری سیاسی و سازمەندانی بزووتنەوەو پارتە سیاسییەکان، یان لە ڕابەرایەتی ئەو پارت و بزووتنەوانەدا بەشێکە لە ژیانی سیاسی زۆربەی کۆمەڵگا مۆدێرن و هاوچەرخەکان. نەخشی سیاسی ڕووناکبیران لە سەدەی بیست، بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە پەرەئەستێن و لە ڕابەرایەتی بزووتنەوەکانی ڕزگاری و سەربەخۆیی، یان لە دژی ئیمپریالیزم لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا، هەروەها لە بزووتنەوە دیموکراتییەکانی ئەم وڵاتانەدا دیاردەیەکی بەرچاو و درەخشانە. زۆربەی ڕووناکبیرانی وڵاتانی تازە پەرەئەستێن لە چینەکانی ناوەڕاستی نوێ بوون و نەخشی گرنگیان لە گۆڕان و ڕووداوەکانی ئەم وڵاتانەدا بینیوە.(٥)

د.حسین بەشیرییە لە هەمان کتێبی ئاماژە بۆکراودا لە بەشی "ڕووناکبیران و سیاسەت"دا نەخشی ڕووناکبیران لە سیاسەتدا لەم سێ خاڵەدا باس دەکات:

**١- ڕەخنە لە سیستمی سیاسی:**

ڕەخنە لە سیستمی سیاسی لەوانەیە بە شێوەی نەفی و ڕەتکردنەوەی تەواوی سیستمی سیاسی بێت. ڕووناکبیران لە شۆڕشەکانی ئەوروپادا بەم شێوەیە نەخشیان نواندووە، بەڵام هەندێک لە ڕووناکبیران و لە وڵاتانی دیموکراتیک و مۆدێرن تەواوی سیستمی سیاسییان نەخستووەتە بەر ڕەخنەوە، بەڵکو سەرەڕای پەسەندکردنی چوارچێوەی گشتی ئەو ڕژێمە، بەڵام دیسان ڕەخنەگر بوون لە هەندێک لایەن و سیاسەت و هەلومەرجی ئەو سیستمە. پەیدابوونی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە ڕۆژئاوا، زەمینە و هۆکارێکی بەهێز بوو لە میانڕەوکردنی مەیل و دیدگای ڕووناکبیران. بەم شێوەیە نەریتی ڕەخنەی ڕووناکبیری لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بێ گومان ئاڵوگۆڕ دەکات.

هەروەها ڕووناکبیران نەخشی گرنگ و کاریگەریان هەبووە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخراوکردنی شۆڕشەکاندا. هێنانەدی ئەندێشەو ئایدیۆلۆژیاکان بۆ هێنانەدی شۆڕشەکان یەکێک بووە لە وێستگە مێژووییەکانی کاری ڕووناکبیران. هەڵسووڕانی ڕووناکبیران لە بواری سیاسەتدا و لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، لە ناو دەسەڵات و ژیانی سیاسیدا کەمتر بە شێوەی بەشداری ڕاستەوخۆ بووە، بەڵکو زیاتر لەناو ڕای گشتی و لەناو جەماوەر و بزووتنەوەکاندا لە ڕێگای کاریگەری بووە. کاری گرنگی ڕووناکبیر لەناو سیاسەتدا زۆربەی جار بە هۆی هێنانەدی بزاڤی فیکری و ڕۆشنگەریی ناو پارت و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بووە.

**٢- بەشداری ڕووناکبیران لە ژیانی سیاسی:**

نەیاریی ڕووناکبیران بەرانبەر بە دەسەڵاتی سیاسی، یان ڕەخنەی ئەوان لە هەندێک سیاسەت و لایەنی دەسەڵاتی سیاسی نابێتە هۆکاری وازهێنان لە ژیانی سیاسی و بەشداری ئەوان لە سیاسەتدا سنووردار نابێت بە بەشداری، یان وازهێنانیان لە دەسەڵاتی سیاسی. ڕووناکبیران دەتوانن و دەبێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە ژیانی سیاسیدا کارا و کاریگەربن.

کاریگەری ناڕاستەوخۆی ڕووناکبیران لە ژیانی


سیاسیدا زۆربەی جار گەلێک گرنگترە لە بەشداری ڕاستەوخۆی ئەوان لە سیاسەتدا. بەرهەمهێنان، یان بڵاوکردنەوەی ئەندێشە و بیروباوەڕە سیاسییەکان لە هەموو وڵاتان کاری ڕووناکبیران بووە. بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی شۆڕش، ڕیفۆرم، ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم، ئەنترناسیۆنالیزم و لیبرالیزم بەبێ بوونی ڕووناکبیران شایانی بیرکردنەوەو پەرەسەندن نەبووە. (هاینربش هاینە) شاعیر و بیرمەندی ئەڵمانی دەربارەی نەخشی ڕووناکبیران دەڵێ: (هۆشداربن ئەی پیاوانی سەر بڵندی کار! ئێوە شتێک نین، بێجگە لە هۆکار و ئامرازی ناهۆشیار لە دەستی پیاوانی ئەندێشەدا کە زۆربەی جار لە گۆشەنشینی و کەمدەستیدا ئێوەیان بەکارهێناوە. ماکسیملیان ڕۆبسپێر شتێک نەبوو، تەنیا دەستی جان جاک ڕۆسۆ بوو).

بەشداری ڕووناکبیران لە سیاسەتدا شێوەی جۆراوجۆری هەیە، لە ناویاندا کاریگەری هەژموونداری لە سیاسەتی دەوڵەت و حکوومەتدا، یان لە ناو خەڵک و ڕای گشتیدا، بەشداری لە ژیانی سیاسی و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات، ڕاوێژکاری سیاسی و فۆرمۆلەکردنی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی. ڕووناکبیران لە هەموو وڵاتان بە ناوونیشانی گرووپەکانی نەیار و ئۆپۆزسیۆن لە بەرانبەر سیاسەتەکانی حکوومەتەکان دەناسرێن، یان لە دامودەزگاکانی حکوومەت بەشدارن، بەڵام زۆر بەدەگمەن و لە هەموو وڵاتان تیور و بیروباوەڕ و نەخشەڕێگای ئەوان لە سیاسەت و دەسەڵاتەکاندا پەسەند دەکرێن.

لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا هەل و ئەگەری زیاتر بۆ بەشداری و کاریگەری ڕووناکبیران فەراهەم دەبێت. لەوانەیە لە هەندێک وڵاتان ڕووناکبیران وەک تاک لە ژیانی سیاسی و لە دەسەڵاتدا بەشدار بن، یان وەک ڕاوێژکارانی دەسەڵاتە سیاسییەکان کاربکەن. هەندێک جار ڕووناکبیران وەک نوێنەر، یان وتەبێژانی گرووپە سیاسی و دەسەڵاتدارەکانیش کار دەکەن.

**٣- کەنارگرتن، یان وازهێنان لە سیاسەت:**

گۆشەنشینی، یان کەنارگرتن لە سیاسەت لەناو هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەلومەرجی تایبەتیدا دەبێتە دیاردە. لە هەلومەرجەکانی کارەسات، یان هەستی نائارامی و بڵاوبوونەوەی خەیاڵپلاوی و بێ باوەڕی، یان لەو هەلومەرجانەدا کە ئەگەری گۆڕان و بەرەوپێش چوون



جان جاک ڕۆسۆ

کەم دەبێتەوە، وازهێنان لە سیاسەت و کەنارگیری بەرەو زیادبوون دەچێت. لە ڕوانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا کەنارگرتن لە سیاسەت بە شێوەی گشتی هاوڕێیە لەگەڵ دیاردەکانی ترس و نەزۆکی و هەستی ڕق و بەدبینیدا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیدا هەلومەرجی پەراوێزنشینی، یان پەراوێز کردن زەمینەیەکی گونجاو بۆ دیاردەی وازهێنان لە سیاسەت بەرهەم دێنێ، هەروەها لە زۆربەی وڵاتان بەشێکی زۆر لە ژنان، کەمایەتییەکان، لاوان و ڕووناکبیران لەو هەلومەرجەدا بەسەردەبەن. بە شێوەیەکی گشتی وازهێنان لە سیاسەت، یان دوور کەوتنەوە لە ژیانی سیاسی لە ئەنجامی سێ هۆکارەوە دەبێت:

**یەکەم:** نەبوونی هۆکار و متمانە بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسی (هۆکاری دەروونناسی و فەرهەنگی).

**دووەم:** نەبوونی هۆکار و توانایی پێویست (وەک خوێندن، زانین، پێوەندی، سازمان و ڕێکخراو).

**سێیەم:** نەبوونی هەلی کار لە ڕوانگەی سیاسیدا لە ئەنجامی داخرانی سیستم و پێکهاتەی سیاسی. سەبارەت بە ڕووناکبیران، کەنارگرتن لە سیاسەت لە ئەنجامی هۆکاری سێیەمەوە دەبێت.

دوور کەوتنەوە لە سیاسەت لە نێوان ڕووناکبیراندا لە

ولاتانی هەژموون خواز و تۆتالیتاردا زۆر بلاوە، تا ئەو رادەیەی هەندێک ئەم هەلومەرجە ناو دەنێن "کۆچ، یان ئاوارەیی دەروونی". پێوەندی نێوان رووناکبیران و رژێمە هەژموون خوازە داخراوەکان زۆر ئالۆزە. لەلایەک حکوومەت و دەسەلات خەریکی سەرکوتی ئاشکراو نهێنی، یان سەپاندنی سیاسەت و بیروباوەڕەکانی خۆیەتی بەسەر رووناکبیران، یان دەیەوێت رووناکبیران بکاتە بەشێکی بێ وتار لە خۆی. لە لایەکی دیکەوە رووناکبیران دەست بە رەخنەی ئاشکراو نهێنی، یان سیمبۆلیکی دژ بە حکوومەت دەکەن. لە شۆڕش و راپەڕین و خۆپیشاندانەکاندا بەشێک لە رووناکبیران دەچنە ناو ژیانی سیاسییەوە، بەڵام زۆربەی جارەکان، یان بە شێوەی گشتی ئەم هاوکارییە پایەدار نابێت. نەریت و هەڵسوکەوتی ژیانی رووناکبیرانە لەگەڵ نیاز و پێداویستی ژیانی سیاسیدا سازگار نین. یەکێک لە رەوش و دیاردەکان ئەوەیە کە ناکۆکی و نەیاری نێوان دەسەلاتدارانی تازەو رووناکبیرانی پشتیوانی ئەوان بەشێکە لە ژیانی سیاسی ولاتانی داخراو، یان هەژموون خواز.(٦)

**ماهیەتی رووناکبیری تەنیا سیاسی نییە!**

رووناکبیران وەک کەسانی ئازاد و سەربەخۆ، پێوەندی بەهێزیان بە راستی و حەقیقەتەوە هەیە و لەگەڵ ژیان لە راستیدا و لە پێناوی راستیدا دەژین و لە دژی درۆ و فریودان، ئەندێشە و بیروباوەڕی خۆیان بە خەڵک دەگەیەنن. رووناکبیران لەم هەلومەرجەدا لەگەڵ پرسە گرنگەکانی خەڵک رووبەڕوو دەبن و دەبێت بۆ ئاشتی و ئاسایش و ماف و ئازادی خەبات بکەن و بیربکەنەوە. هێنانەدی هەلومەرجی ئاشتی و ماف و ئازادی تەنیا لە رێگای بەشێکی تازە لە رووناکبیران مەیسەر دەبێت کە پرسە رەسەن و بنیادییەکانی کۆمەڵگا بۆ ژیانی ئایندە و شایستە دەبێتە پرسی سەرەکی و زەمینەی بیروباوەڕییان. ئەم شەپۆلە لە رووناکبیران، بێ گومان ئەوانە نین کە تەواوی هەوڵ و خەمی خۆیان بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان تەرخان دەکەن، بەڵکو ئەو کەسانەن کە بیر کردنەوە و تیوری سیاسییان تەنیا لە سنووری بەرژەوەندی سیاسی ئایدیۆلۆژیدا نامێنێتەوە و پێوەر و دیدگای ئەوان بەرژەوەندی راستینەی هەمووانە.

هەڵوێست و چالاکی رووناکبیرانە تەنیا ماهییەتی سیاسی نییە، بەڵکو دژایەتی و ناکۆکی بەردەوامە بەو رەوشەی کە (میشێل دوسیرتۆ) بە "باوەڕی سەپێنراو" ناوی دەبات.(٧) رووناکبیرانی هەڵسووڕاو لە بواری کۆمەڵی مەدەنی و رای گشتیدا دەبێت وەک رەخنەکاران و نەیارانی ئەم باوەڕە سەپێنراوانە کاربکەن و هەوێن و مایەی نوێ بۆ ژیانی سیاسی بە دەست بهێنن. مەیل و ئارەزوو بۆ گفتوگۆی رەخنەیی لە بەرانبەر هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیک، یان هەروەک میشێل فووکۆ و ئیدوارد سەعید ناوی دەنێن "راستی وتن بەرانبەر دەسەلات" و سیاسەت. رووناکبیران لەم زەمینەیەدا دەبێت رەوش و هەڵوێستی خۆیان لە دەرەوەی هێز و سیاسەت تەنانەت لە دەرەوەی جەماوەریش پێناسە بکەن و بە شێوەی تەواو بنیادی و بوونناسی چەمکی "مەیدانی گشتی" بخەنە بەر پرسیار و شیکردنەوە. رووناکبیر تەنیا کاتێک دەتوانێ پارێزگاری خەڵک و کۆمەڵی مەدەنی و مەیدانی گشتی (مانگرتن و خۆپیشاندان بە نموونە) بێت و هەڵوێستی گفتوگۆی رەخنەیی لەگەڵ هەمووان هەبێت، کە سەربەخۆیی و ئازادی خۆی بپارێزێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ئازادی و سەربەخۆییە بەرانبەر بەو پرس و خەڵکانەش بێت کە داکۆکییان لێ دەکات. لە بەرانبەر خود و بکەرانی سەرەکی ناو کۆمەڵگا، وەک دەوڵەت و دەسەلات، یان هێزە سیاسییەکان کە بانگەوازی نوێنەرایەتی خەڵک دەکەن، دەبێت رووناکبیر وەفادار بێت بۆ پرانسیپە فیکری و بیروباوەڕە مرۆڤدۆستانەکانی خۆی. لەبەر ئەوە دەبێت رووناکبیران دیدگا و پێوەرە گشتییەکانی ئەخلاق و بیرکردنەوەی تازە بۆ بەیان و گفتوگۆی گشتی لە مەیدانی گشتیدا ئافەرین بکەن.

بەهاو شایستەیی ئەم کار و بیرکردنەوەیە تەنیا بەهۆی بەشداری کردن نییە لە هونەری سازمەندانی کۆمەڵگا، یان بەشداری کردن و رابەرایەتی مەیدانی گشتی (خۆپیشاندان و نارەزایی بەنموونە)، بەڵکو پێوەندیدارە بەو خاڵەشەوە کە ئەم هونەر و بەشدارییە، یان رابەرایەتییە لە خۆیدا خاوەن کەموکوڕی و لاوازیشە. هەڵوێستی بەشداری و لەهەمان کاتدا رەخنەیی، بەتایبەتی گفتوگۆی رەخنەیی بەشێکە لە نیگای فەلسەفی بەرانبەر بە پێکهات و ژیانی سیاسی، لە نەیاری بۆ دیدگا و پێکهاتەی حزبی، یان ئایدیۆلۆژیک و

لەهەمان کاتدا نەیار و ڕەخنەگریشە لە وتاری ناڕەخنەیی سیاسەتی حزبی و ڕووناکبیری سیاسی. هەڵوێست و بیرکردنەوەی ڕووناکبیرانە، لێرەدا دەبێتە هەڵوێستی ڕۆشنگەری کە دەتوانێ وەک سیاسەتی گومان باوەڕی لە بەرانبەر و لە نەیاری دیدگای ئایدیۆلۆژی و نافەلسەفی.

ڕووناکبیر دەبێت خاوەنی هۆشیاری تایبەتی و تاکانەی خۆی بێت کە عەقڵی سیاسی باو دەخاتە ژێر گومان و پرسیار، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ڕووناکبیر لە پێناوی ئەندێشەی ڕەخنەیی و کاری ڕەخنەییدا دەبێت هەمیشە ئەخلاق و جوانناسی بخاتە پێش سیاسەتەوە. بەداخەوە ئەمە ئەو هەلومەرجەیە کە تا ئێستا لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا ڕووی نەداوە. بەرپرسیاریی ئەخلاقی و بیرکردنەوەی جوانناسی هێشتا لە پێش سیاسەتەوە ناخرێنە ڕوو و هێشتا سیاسەت بڕیار لە بیرکردنەوەو هەڵوێستی ڕووناکبیری دەدات، بەتایبەتی لەو هەلومەرجەدا کە ڕووناکبیر دەچێتە ناو سیاسەتەوە.

ڕووناکبیرانی سیاسی، یان ڕووناکبیرانی وڵاتی ئێمە هێشتا توانایی ئەوەیان نییە، یان نایانەوێت گرنگی و کاریگەری بوونناسی چەمکی بەرپرسیاریی بناسن، یان لێی تێ بگەن. ئەوان تا ئێستا نەچوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا پایەی ڕەسەن و تەوەری کارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بریتییە لە بەرپرسیاری ئەخلاقی. بەرپرسیاری فراوانتر لە خێزان، کار، نیشتمان و سەرئەنجام بەرانبەر بە لایەنی سیاسی دڵخواز. دەبێت ئەم بەرپرسیارییە بەرانبەر بە ڕەوتی مێژوو بێت، واتا بەرانبەر بەو شتەی کە تەواوی کارەکانمان دەبێت بەشێوەی فەرامۆش نەکراو بنووسرێت، تا ئەو جێگایەی کە دەبێ ئەوە پەسەند بکەین کە خۆشمان دەبێت بچینە ژێر داوەری لێپرسینەوەوە.

ئەگەر ڕووناکبیران فراوانتر لە سیاسەت و لە دەرەوەی پابەندی سیاسی، یان پابەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و تەنانەت فراوانتر لە پابەندیی جەماوەریش تەماشای ئەم دیدگا فەلسەفی و بیرکردنەوە بوونناسی و مێژووییە بکەن و هەڵوێست بنوێنن، بێ گومان دەتوانن نیشانەکانی مرۆڤدۆستی و ماناکانی ئاشتی گشتی بکەنە وتار و دیدگای ڕەخنەیی خۆیان.

مینبەری سیاسی ڕووناکبیر و مەبەستی سەرەکی وتاری ڕووناکبیری داکۆکی کردنە لە قوربانیان و ئەو بەشە لە خەڵک کە ناتوانن دەنگی خۆیان بە گوێی کەسانی دیکە بگەیەنن. دەنگی ڕووناکبیر، دەنگی ئەو کەسانەیە کە بێدەنگ کراون. هێزی ڕووناکبیر هێزی ئەوانەیە کە بێ هێز کراون، یان پەراوێز خراون. ڕووناکبیر دەبێت لە پێناوی ئەفراندنی ئەو بەهاو پێوەرانە بیربکاتەوە و بۆ هێنانەدی سیاسەتی مرۆڤدۆستانەو ئاشتی پەروەری بەسوود خەبات بکات. ئەم وتەیە بەو مانایە دەبێت کە چالاکی سیاسی ڕووناکبیران بەتوندی بەو پرسەوە گرێ دراوە کە چ شتێک حەقیقەت و ڕاستییە لە دژی درۆ و فریودان؟ ئەو شتەی حەقیقەتە و دژی درۆ و فریودانە، چۆن بەدەست دێت؟ بێ گومان ئەگەر ڕووناکبیران ببنە بەشێکی جیانەکراوە لەسیاسەتی ڕۆژ، یان سیاسەتی دەسەڵاتدار و وەک ئەو سیاسەتانە بەڵێن بدەن کە بەهەشت نزیکەو شایانی بەدەست هێنانە، ئەوسا ناتوانن لە حەقیقەت و بۆ حەقیقەت و ژیان خەبات بکەن، هەر بۆیە ئەوەی ئێستا ئێمە نیازمەندین، دروشم نییە، تەنانەت سیاسەتیش نییە، بەڵکو قووڵبونەوەی فەلسەفی و تێڕامانی ڕەخنەییە کە بتوانێ هۆشیاری بیرکردنەوە و ڕەخنەمان بەرەو شێوەیەک لە پرۆژەی ڕۆشنگەری بەرێت، کە پێویستمان بە دوژمن دروست کردن و تۆمەتباری و تووڕەیی نابێت.

بە دوژمن ناسینی ئەوانی دیکە، یان دوژمن دروست کردن، بڕوای بەو بیرەیە کە تاکەکان، فەرهەنگەکان و نەتەوەکان، تەنانەت چینەکان و بەشەکانی ناو یەک کۆمەڵگا تا دەگاتە پەیڕەوە سیاسییەکان، بوونەوەرە لەیەک جیاوازەکانن و فەرهەنگێک، یان باوەڕێک لە بەرانبەر کەسانی نامۆ و غەیرە، سیاسەت و پەیڕەو و سیستمێکی داخراوە. کارەسات لەوەدایە کە ڕووناکبیری دوژمن ساز، یان ڕووناکبیری سیاسی هەموو ئەوانەی کە وەک ئەو بیرناکەنەوە بە دوژمنیان دەزانێ، کاتێک دەچێتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە، یان دەیەوێ ببێت بەڕابەری جەماوەر (وەک ڕەوشی ڕووناکبیرانی سلێمانی لە خۆپیشاندان) ئەو سیاسەتە دوژمنکارانە بەکاردەهێنێ و تیوری و ئەندێشەی بۆ ساز دەکات و لە مینبەری سیاسی گشتییەوە وتار دەدات و تووڕە دەبێ و هەڵوێستی سیاسی دەنوێنێ. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە، هەندێک لە ڕووناکبیران لە پێناوی ئامانجی سیاسی (لە دژی لایەک و لە بەرژەوەندی لایەکی دیکە) باس لەو

یۆتۆپیایە بکات کە هێزەکەی خۆیان بەوپەڕی ئازادی و هۆشیاری و سەربەخۆیی و بوێری باس بکات. دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە زۆرێک لە ڕووناکبیرانی وابەستە بە فاشیزم، ستالینیزم، بەعسیزم و بنیادگەرایی ئیسلامی هەمیشە دەبێت دوژمنێک هەبێت کە ئەوان مەیدانی گشتی و سیاسەتی جەماوەری لێ هان بدەن. ڕووناکبیرانی فاشیزم دوژمنی نەتەوەیان سازدا، هی ستالینیزم دوژمنی نیشتمانی سۆڤیەتی سۆسیالستی و بەعسیزم، دوژمنی حزب و گەل و بنیادگەرایانی ئیسلامی دوژمنی خواو ئایین. دوژمن سازی و هەوڵنەدان بۆ ڕێگاچارەی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری بۆ هەموان، سەرەڕای ئەوەی کە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیکە، بێ گومان دەکەوێتە خانەی فاشیزم و لۆمپەنیزمەوە.

## ڕووناکبیران و لۆمپەنیزم

"ئەو چەمکەی ئێمە لە فەلسەفەی سیاسیدا بەناوی "لۆمپەنیزم" دەیناسین، واتە ئەو زاراوەیەی کە لە مارکسیزمیشدا هاتووە، لە ڕاستیدا بۆ ئەو گرووپە، یان ئەو کەسانە بەکارهێنراوە کە چینی کۆمەڵایەتییان زۆر ڕۆشن نییە. ئەم گرووپە، بەشێوەی هێز و بەکرێگیراوانی جەماوەری لە ئایدیۆلۆژییە تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەمدا نەخشی کاریگەرییان هەبووە. ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار وەک فاشیزم و ستالینیزم سوودی زۆریان لەو کەسانە وەرگرتووە کە لۆمپەن بوون، بەڵام پاشان وشەی "لۆمپەنیزم" وەک زاراوەی سیاسی بەکارهاتووە". (٨)

کە ئەمڕۆ دەربارەی لۆمپەنیزم دەدوێین، مەبەستمان لەو کەسانەیە کە هیچ ئەخلاق و ئاکاری مەدەنییان نییە و هەست بەرپرسیاری ناکەن، هەروەها ئەو کەسانەن کە پیرەوی لە یاسا و ڕێساکانی هاووڵاتی بوون ناکەن و مافەکانی تاک و مەدەنیەت لەلایان بەها و گرنگییان نییە. لە هەموو وڵاتانی دنیا، لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا ڕووبەڕووین. یەکێک لە ئەرکە ڕەسەنەکانی ڕووناکبیر خەباتە لە دژی لۆمپەنیزم، بەتایبەتی لۆمپەنیزمی سیاسی. لۆمپەنیزم لەبەرئەوەی کە هەمیشە پەنا دەباتە بەر توندوتیژی سیاسی و سەرانە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی باندی سیاسی توندوتیژ، هەر بۆیەش پێویستی بە توندوتیژی فیکری هەیە، وەک درۆ وتن و قەبەکردنی شتەکان. لەکاتێکدا ڕووناکبیربوون خەبات و تێکۆشانە لە پێناوی حەقیقەتدا، هەڵبەت نەک حەقیقەتی ڕەهای ئایدیۆلۆژیک، بەڵکو حەقیقەتی ئەخلاقی و بەرپرسیاری. ئێمە ئەو ئاسۆیەی کە بیری بۆ دەکەینەوە، کە هەمان ئاسۆی ڕاستی و حەقیقەتە، بەڵام لۆمپەنەکان دەیانەوێ ئەم ئاسۆیە لە ناوبەرن و لە ڕێگای درۆ، ریا، فریودان، جەنجاڵی، توندوتیژی بەرهەم بهێنن و لە ڕاستیدا ڕێگامان نادەن هێزی لێک جیاکردنەوەی پرسەکانمان هەبێت، ڕووناکبیر ئەو کەسەیە کە دەبێت هێز و توانایی جیاکردنەوەی درۆی لە ڕاستی هەبێت. دروست و نا دروست بناسێ و لە پرسە جیاوازەکاندا بەکاریان بێنێ.

هەڵوێستی ڕووناکبیر لە سیاسەت و لە کۆمەڵگادا جیاکردنەوەی سنوورە لە نێوان ڕووناکبیری و لۆمپەنیزمدا، ئەمەش بەو مانایە نییە کە کام پەیڕەوی سیاسی، ئایینی، یان فەرهەنگی هەیە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ڕووناکبیران نابێت وەک لومپەنەکان درۆ بکەن، خەڵک فریو بدەن، یان شتەکان زل و قەبە بکەن و جەنجاڵی دروست بکەن. واتا نابێت وەک لۆمپەن بیربکەنەوەو بنووسن. کاتێک لایەنگیری لە پرسێک، یان هەڵوێستێک دەکەن، کە بێ گومان ئەمە مافی خۆیانە، نابێت لایەنەکانی دیکە نەخوێننەوە، یان پەراوێزی بکەن. ڕووناکبیر کەسی توندوتیژ و قسە ڕەق و بێ ئەدەب نییە، تەنانەت لە ڕەخنە لە بەرانبەر نەیارانیشی، بەڵکو لێبوردە و سینگ فراوان و تەحەمولی جیاوازی دەکات. نەک تەکفیر و جنێو و بوختان هەڵبەستن، یان نادیدەگرتنی بەرانبەر. لەو کاتانەدا دیدگای پرس و خستنەڕووی ڕاستییەکان لەلای ڕووناکبیر شکست دەخوات و لە ڕوانگەی زمانەوانی و فیکری و زەینیدا دەگاتە پلەیەک لە لۆمپەنیزم.

یەکێک لە کار و مەبەستە گرنگەکانی ڕووناکبیری ڕاستینە لە بەرانبەر ڕووناکبیری سیاسی، یان لۆمپەن ئەوەیە لە بەرانبەر "لۆمپەنیزم" خەبات بکەن و داکۆکی لە کۆمەڵگا و ئازادی و ماف و ئاشتی بکەن، هەروەها دەبێت لە دژی لۆمپەنیزمی ئەندێشە و لۆمپەنیزمی کۆمەڵایەتیش خەبات بکەن، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە ڕووناکبیر بەرەو ئایدیۆلۆژی نەڕوات و خۆی نەخاتە زیندانی ئایدیۆلۆژییەکانەوە، چونکە ئەگەر وابکات

ناتوانێ لە پێناوی حەقیقەت و حەقیقەتە جیاوازەکاندا خەبات بکات. ڕووناکبیر دەبێت لە هەلومەرجی دیاردەناسی و مەعریفەناسیدا قەرار بگرێت و لەو ڕەوەندەوە بتوانێ کە ژیان و خەباتی لە پێناوی حەقیقەتدایە.

یەکێک لە ڕەوش و ئاکارەکانی لۆمپەن دروستکردنی باند و جەماعەت و موریدەکانە. لۆمپەن هەمیشە دەیەوێت کەسانێک شوێنی بکەون، یان ببنە پیاوی و لە ژێر فەرمانی ئەودابن و وا بیر دەکاتەوە کە ئەگەر لاوازییەکی هەبێت، یان بێ هێزییەک بنوێنێ ئەو کەسانە لەدەست دەدات، بەڵام ڕووناکبیر نایەوێت شوێنکەوتوو، یان باند و موریدی هەبێت و لەوەش ناترسێ کە ڕەخنەی لێ بگیرێ، یان ڕەخنە لەخۆی بگرێت، چونکە کاتێک ڕووناکبیر دەربارەی پرسەکان بیردەکاتەوە و ئەم بیرکردنەوەیەش هەمیشە ئامادە نییە، بەڵکو شەپۆلدار و شێنەییە، هەر بۆیەش ئەگەری نەزانین، یان هەڵە هەمیشە لە ئارادایە، دەبێت ئەمەش بۆ خەڵک و کۆمەڵگا بخاتە ڕوو.

ڕووناکبیر هەمیشە لە هەڵوێستی نەوازشدایە و خۆی بەسەرکردە و فەرمانداری خەڵکانی دیکە نازانێ، کە بەو شێوەیە بێت بێ گومان یەکێک لە ڕەوش و هەڵوێستەکانی خوێندنەوەی بەرانبەر و دادپەروەری مەعریفییە، ئەمەش وا دەکات کە هەمیشە بە دیدگا و بیری نوێ ئاشنا بێت. جیاوازی نێوان لۆمپەن و ڕووناکبیر لەوەدایە، کە لۆمپەن هەمیشە کەسێکی بێ ناسنامەیە و لەلایەن هێزەوە بەکاردەهێنرێ و هێزی سیاسی، یان ئایدیۆلۆژی ئاراستەی دەکات و لەو ئاراستەیەشدا هەموو توندوتیژییەک لە بەرانبەر کەسانی دیکە دەنوێنێ. هێزەکان دەتوانن لە کەسە لۆمپەنەکان ئۆردوویەک دروست بکەن، کە سبەینێ هێزی دیکە سوودیان لێ وەردەگرن. ڕووناکبیر، یان نووسەری لۆمپەن ئەوانەن کە ئەمڕۆ لە پێناوی هێزێکی سیاسیدا هەموو شت دەکەن، یان دەیڵێن و سبەینێ بۆ هێزێکی دیکە دیسان دەیکەن و دەینووسن. کاتێک کە دەچێتە مینبەری گشتی، یان خەڵک، خۆی لێ دەبێت بە سەرکردەو هەرچی بە دەمیدا بێت دەیڵێت، یان دەیکات و بە هەموو شێوەیەک بەرانبەر، یان کەسانی جیاواز تاوانبار دەکات و یەکەمین کاری ئەوە دەبێت کە ئازادی بەرانبەری پێشێل بکات. ئەگەر بە کرداریش نەتوانێ، بێ گومان لە وتاردا بە هەموو شێوەیەک بەرانبەر تاوانبار، یان سووک دەکات، لەم نێوەشدا لە هەر سووکایەتی و هەڕەشەیەک دەست و دەم ناپارێزێ. ئەگەر هیچ بەهانەیەکی بۆ ڕەخنە نەبێت، یان وەڵامدانەوە دێتە سەر باسی کەسایەتی، یان قەوارە و شێوەی جەستەیی ئەو کەسە، ئاخر بۆیە وا دەکات، چونکە نووسەرێکی لۆمپەنە و هیچی پێ نەنگ نییە.

هەڵوێستی سیاسی نووسەر، یان (ڕووناکبیری!) لۆمپەن لە هەردوو ڕەوشی حزبی و جەماوەریدا هەوڵدانە بۆ هێز نواندن و تاوانبار و سووک کردنی بەرانبەر، یان کەسان و لایەنی جیاواز. لەم نێوەشدا درۆ، فریودان، ڕیاکاری و قەبەکردنی شتەکان و نووسین و تیورسازی بۆ ئەم مەبەستە دەبێتە کار و پیشەی سەرەکی، یان ڕووناکبیری لۆمپەن زۆربەی جار هێزی فیکری، یان مرۆیی نییە، بۆیە پەنا دەباتە بەر توندوتیژی فیکری و وتاری. وتاری نووسەرانی کوردستان لەم زەمینەیەدا هەندێک نموونەی بەرچاوی هەیە لە فاشیزمی فیکری و لۆمپەنیزمی (ڕووناکبیری!)دا.


**سەرچاوەکان:**

**١- تام باتامور، جامعه شناسی سیاسی، ترجمەی منو چهر صبوری کاشانی، انتشارات کیهان، چاپ اول، تهران ١٣٦٦، ل ٨٧.**

**٢- دکتر حسین بشیریه، جامعه شناسی سیاسی، نشرنی، چاپ نهم، تهران ١٣٨٢، ل ٢٤٧.**

**٣- هـ. س. پ.ل ل ٢٤٧ - ٢٤٨.**

**٤- منو چهر صبوری کاشانی، جامعه شناسی سیاسی، انتشارات سخن، چاپ اول، تهران ١٣٨١، ل ل ٢٤٦ - ٢٤٧.**

**٥- هـ. س. پ. ل ل ٢٥٤ - ٢٥٥.**

**٦- دکتر حسین بشیریه، هـ. س. پ. ل ل ٢٥٣ - ٢٥٧.**

**٧- رامین جهانبگلو، بین گذشته و آینده، نشرنی، چاپ اول، تهران ١٣٨٤، ل ١٦٩.**

**٨- هـ. س. پ. ل ٢٩٦.**



**سەرنج: ئەم بابەتە لە ڕۆژی دووەمی سیمیناری ٢٠٠ ژمارەی گۆڤاری ڕامان لە هۆڵی زەیتوون/ هەولێر ئێوارەی ڕۆژی دووەم ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٥ پێشکەش کراوە.**

# چەند لایەنێکی ڕەخنە و تیوری ئەدەبی هاوچەرخ

**د. کاوە شێروانی**
**(زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر)**

**پێشەکی**

دیاریکردنی ماوە و سەردەمی توێژینەوە ئەدەبییەکان کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەدەب وەک مێژوو و سیاسەت نییە، کە تێیدا پاشایەک مرد پاشایەکی تر بێتە جێگەی و سەردەمی حکومڕانییەکەش ناوی پاشاکە هەڵبگرێت، هەرچەندە زۆرجار ئەمە کراوە، بۆ نموونە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا باسی ئەدەبی سەردەمی ڤیکتۆری دەکرێت. کاتێکیش باسی ئەدەبی هاوچەرخ دەکەین یەکسەر ئەدەبی هەزارەی سێیەممان بەخیاڵدا دێت، واتە سەدەی بیست و یەکەم، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەو ئەدەبەی لە ١/١/٢٠٠٠ بەدواوە نووسراوە، یان توێژینەوەی لەبارەوە کراوە. هەندێک لە توێژەران ماوە ئەدەبییەکان بە ڕووداوە مێژووییەکانەوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە لە ئەمریکا و ئەوروپا زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەدەبی دیجیتاڵ لە پاش هێرشە تیرۆریستییەکەی سێبتێمبەری (٢٠٠١)ەوە دەستی پێ کردووە، کاتێک خەڵک لە خوێندنەوەوە بەرەو شاشە و بینین چوون، بەڵام ئەمەش لەوانەیە زۆر دروست نەبێت، چونکە ئاشکرایە کە ئەدەبی دیجیتاڵ زووتر و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەوە دەستی پێ کردووە.

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی ڕایەڵە و سیما جیاکەرەوەکانی توێژینەوەی ئەدەبی هاوچەرخ کە زیاتر خۆی لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەبینێتەوە. لە سەرەتادا باس لە جیاوازی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و تیوری ئەدەبی دەکرێت، پاشان باس لە خوێندنەوە لە سەدەی بیست و یەکەم بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت، دواتر تیشک دەخرێتە سەر ئەدەبی دیجیتاڵ، یان ئەلیکترۆنی کە زیاتر لەم سەدەیەدا گەشەی سەندووە، دواتریش باس لە خوێندنی ئەکادیمیانەی ئەدەب لە کۆلێژ و زانکۆکانەوە دەکرێت.

**ڕەخنە، یان تیوری ئەدەبی**

سەرەتا پێویستە باسی ئەوە بکەین کە تیوری ئەدەبی چییە و چ بوارێک دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانین سیماکانی چین، هەروەها بزانین جیاوازی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی باو و دێرین و تیوری ئەدەبی چییە. بۆ ئەم مەبەستە پێش ئەوەی یەکسەر بچینە سەر سەدەی بیست و یەکەم، دەبێت تۆزێک بگەڕێینەوە دواوە باس لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی تیوری ئەدەبی بکەین.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمەوە ڕەخنەی ئەدەبی زۆرجار سوودی لە تیورە جیاجیاکانی سۆسیۆلۆژی و فەلسەفە و زانستە سروشتییەکان وەرگرتووە. قوتابخانە

جیاجیاکانی تیوری ئەدەبیش لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە لە ئەوروپا و ئەمریکا سەریان هەڵدا، ئەمەش لە میانەی بازنە ئەدەبییەکان و کۆلێژ و زانکۆکانەوە. سەرهەڵدانی ئەم تیورە ئەدەبییانە چەندین فاکتەری لە دواوە بووە، لەوانەش گەشەسەندنی فەلسەفەی دوای پێکهاتەگەرایی (post-structural philosophy) و بڵاوبوونەوەی دەروونشیکاری و مارکسیزم و تیورە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی تر لە جیهانی ڕۆشنبیریدا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم ڕێباز و تیورە تەقلیدییەکانی ئەدەب بە تیورە نوێ و مۆدێرنەکان شوێنیان گیرایەوە. دەستپێشخەرییەکە لەلایەن فۆرمالیست و ڕەخنەگرە نوێیەکانەوە کرا، کە زیاتر گرنگییان بە تێکست داو خوێندنەوەی ورد بوو بە ترادیشن. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، ئەم ڕێبازە ستراکتەرییانە بە ڕێبازی پۆست ستراکتەری شوێنیان گیرایەوە، کە زیاتر تیشکیان دەخستە سەر خوێنەر، خوێنەر بوو بە سەنتەری پرۆسەی نووسین و خوێندنەوە، پاشان ڕێباز و تیورەکانی وەک کاردانەوەی خوێنەر و هەڵوەشانەوەگەرایی و تیورەکانی تر کە جەخت لەسەر شرۆڤە و لێکدانەوەکانی خوێنەر دەکەنەوە، وەک تیوری مارکسیزمی پۆست ستراکتەری و شیعرناسی کۆگنەتیڤی و فێمینزم و پۆست کۆلۆنیالیزم و پۆست مۆدێرنیزم، (yaqoob،٢٠١١).

ڕەخنە و تیوری ئەدەب یەک شت نین و جیاوازییان هەیە، ڕەخنەی ئەدەبی بەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئەدەب. ڕەخنەگریش ئەو کەسەیە کە کاری تەنیا ئەوە نییە هەڵسەنگاندن بۆ تێکستی ئەدەبی بکات و باسی لایەنە چاک و خراپەکانی بکات، بەڵکو گفتوگۆیان لەسەر دەکات و بەرگری لە لێکدانەوە و تێگەیشتن لە مانایەکی تایبەتی تێکستە ئەدەبییەکان دەکات. ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە ڕوونکردنەوە بدات و لە ڕووی جوانییەوە مانای تێکستەکان لێک بداتەوە، هەروەها بۆچوون و پێشنیاری کۆمەڵایەتییانە و سیاسییانە و کولتووریانەی هەبێت، کەواتە کاری ڕەخنەگر تەنیا ئەوە نییە کە هەڵسەنگاندن بۆ کارە ئەدەبییەکان بکات، تەنیا هەوڵی ئەوە نادات کە تێگەیشتنی لۆژیکیانەی نووسەرەکان بخاتە ڕوو، بەڵکو لەوەش دەکۆڵێتەوە کە تێکستەکان لە کۆنتێکستە ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە جیاجیاکان چ



**ئەفلاتوون**

مانایەک دەبەخشن.

تیوری ئەدەبی، لە لایەکی دیکەوە، ئاماژە بە فۆرمێکی تایبەتی ڕەخنەی ئەدەبی دەدات کە ڕێبازێکی ئەکادیمی، یان زانستی، یان فەلسەفی تایبەت پەیڕەو دەکات و لە شیکردنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان شێوازێکی سیستماتیکی بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە تیورزانێکی شیکاری دەروونی کاتێک لێکۆڵینەوە لە دەقێکی ئەدەبی دەکات، چاویلکەی دەروونزانی و دەروونشیکاری لە چاو دەکات و لە خوێندنەوە و شرۆڤەکردنەکەیدا هەوڵ دەدات جەخت لەسەر لایەنە دەروونییەکە بکاتەوە، کەچی ڕەخنەی ئەدەبی دێرین پشت بە تیورێکی تایبەتی نابەستێت لە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا. بۆ نموونە، ڕەخنەگرێکی دێرین بۆ لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکانی کەریم دەشتی پێویستی بەوە نەبوو کە پشت بە تیورێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی ببەستێت، بەڵکو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی باسی لە لایەنەی بەهێز و لاواز و جوانی و زمانی ئەم شیعرانەی دەکرد، بەڵام لە تیوری ئەدەبیدا هەمان ئەم شیعرانە دەکرێت بە پشت بەستن بە تیورێکی کۆمەڵایەتی، یان زمانەوانی یان فەلسەفی شرۆڤە بکرێن و جەخت لەسەر لایەنێک لەلایەنەکان بکرێتەوە، بۆ نموونە دەکرێت تیوری دەروونی فرۆید بۆ لێکدانەوەی شیعرێکی هاشم سەراج بەکاربهێنرێت.

هەندێک لە ڕەخنەگــران و تیــورزانانی بواری ئەدەب پێیان وایە کە جیاوازی لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و تیوری ئەدەبی نییــە، بەڵکو پێیــان وایە کــە تیــوری ئەدەبی فــۆرمێکی پێشکەوتووی ڕەخنەی ئەدەبییــە. دەکرێت بڵـێین کـە جیـاوازی لەنێـوان ڕەخنەی ئەدەبی و تیـوری ئەدەبی تەنیـــا ئەوەیە کـــە ئەوەی دووەمـــیـــان زیاتر سستماتیک و زانستییانە و ئەکادیمیترە. ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت، لە ســەدەی بیــست و یەکــەم ئەوەیە، کــە توێژینەوەی ئەدەبی زیاتر پشت بە تیورەکان دەبەستێت و لە زۆربەی کـۆلێژ و زانکۆکـاندا بەشـێوەیەکی ئەکـادیمی دەخوێنرێت و چەندین تیوری نوێ هاتووەتە ئاراوە. ئەمڕۆ قوتابیانی بواری ئەدەب زیاتر لەسەر ئەوە ڕادەهێنرێن کە کار لەسەر تیورەکان بکەن، نەک تەنیا ڕەخنە لە تێکستە ئەدەبییەکان بگرن، یان تەنیا لایەنە بەهێز و لاوازەکانی تێکستە ئەدەبییەکان دەربخەن، چونکە تیورە ئەدەبییە نوێیەکان پێیان وایە بەهێزی و لاوازی شتێکی ڕێژەییە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ڕەخنەگر توانایی ئەوەی هەبێت تێکســتــە ئەدەبیــیــەکــان لە ڕێگەی بۆچوون و تیــورە جیاجیاکانەوە شی بکاتەوە. کاری ڕەخنەگری لە سەدەی بیست و یەکەمدا کاری ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە کە لەو زمان و ئارگیومێنتە ئاڵۆز و تایبەتیانە تێ بگات کـە تیـورزانانی ئەدەب لە نووسـینەکـانیـاندا بەکاری دەهێنن.

دەیڤید لۆجی ڕۆماننووس و ڕەخنەگر Lodge,(2004) پێی وایە کە هەندێک لە تیورەکان شتی زۆر چاکن و بە بەردەوامی مەعریفە و ڕۆشنبیری زیاد دەکەن. ئەو پێی وایە کـە ئیگلتۆن لەوەدا ڕاست دەکات کـە دەڵێت ئێمـە ناتوانین بگەڕێینەوە حـــاڵەتی پێش تیـــور و واز لە شـــەفـــافـــیـــەتی زمـــان و بێ لایەنی ئایدیۆلۆژی لە شرۆڤەکردندا بێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیورەکـان لە ڕووی داهێنان و زیندووییەوە زۆر سنووردارن، ئێستا لەم سەدەیەدا تیورەکان بەرەو دارمان دەچن و ڕوونیش نییە چی شـوێنیـان دەگرێتـەوە. ئەوانەی پێشـتـر بە شـەوق و زەوقـەوە لە تیـورەکـانیـان دەڕوانی، ئێسـتـا بە ئاسـانی دەتوانن پێشبینی ئەنجامی تیورەکان بکەن. ئێستا بەرەو سەردەمی پاش تیورەکان ڕێ دەکەین.

### خوێندنەوە لە سەدەی بیست و یەکەمدا

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە و تا ئێستاش زۆر جـار باسی کـزبوونی خـوێندنەوە و مـردنی کـتـێب دەکرێت، بەتایبـەتی خوێندنەوەی ئەدەبی. لەم سـاڵانەی دواییـدا ڕۆژنامـەی نیـۆیۆرک تایمز کـۆمـەڵێک وتاری لە بارەی "داهاتووی خـوێندنەوە" بڵاوکـردەوە، کـە تێـیـدا نووسەرەکان گفتوگۆی کەمبوونەوەی خوێندنەوە و گۆڕانی شێوازی خوێندنەوە دەکەن. لە ڕاستیدا پاش تێپەڕبوونی دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە، خوێندنەوە و کتێب هێشتا دەسەڵاتیـان هەر ماوە و ئەگەر ڕووپێوی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکـردنەوە لە جـیـــهـــاندا بکرێت لەوانەیە ئەوە دەربکەوێت کە ژمارەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و ژمارەی ئەو کتێبانەی کە چاپ دەکرێن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوون بێت.

لە کتێبێکی پڕ لە چێژ و سادە و ساکار بەناوونیشانی "چۆن شیـعـر دەخـوێنرێتـەوە" لە سـاڵی ٢٠٠٧، تێـری ئیـگلتـۆن (Eagleton, 2007) باس لەوە دەکـات کـە هونەری خوێندنەوەی کـتـێب لەم سـەدەیەدا لە مـەترسی لەناوچووندایە. ئەمڕۆ قوتابیان فێری ئەوە ناکرێن کە چۆن لە بەرانبـەر زمـــاندا هەســـتـــەوەر بن، چۆن لە کـــاتی خوێندنەوەی شیـعـردا گرنگی بە تۆن و ئاواز و کـێش و سەروا بدەن، بەڵکو زیاتر فێری ئەوە دەکرێن کـە گرنگی بە پەیامــەکـە بدەن. وەک ڕەخنەگـرێکی پێـشـــڕەو لەم بوارەدا، ئیـگلتـۆن داوای یارمـەتی لە ڕەخنەگـرانی وەک فـۆرمـالیـســـتـە ڕووســەکـــان دەکـات بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی هەستیار و پڕ لە کێشە بورووژێنن، وەک:

* شیعر چییە و جیاوازی لەگەڵ پەخشان چییە؟
* ئایا شیعر زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە؟
* مەبەستمان لە وێنەی شیعری چییە؟

هەر لە لاپەڕەی یەکـەمـەوە، خوێنەر هەست دەکـات کـە ئەم کتێبەی تێری ئیگلتۆن وەڵامی ئەو پرسە دەداتەوە کە دەڵێت،" زۆربەی خەڵک شیعر پشت گوێ دەخەن، چونکە زۆربەی شیـعـرەکان زۆربەی خـەڵک پشت گـوێ دەخەن." ئیگلتـۆن وەک تیورزانێکی ئەدەبی و خاوەن مێشکێکی سیاسی ئەوە دەسەلمێنێت کە چۆن تیوری ئەدەبی بنچینەی تێگەیشتنە لە شیعر.

### ئەدەبی دیجیتاڵ

بەکـــارهێنانی بێ سنوور و بەربڵاوی کـــەرەســـتـــەی دیجـیـتـاڵ و ئەلیکـتـرۆنیـیـەکـانی پێـوەندی کـردن لە کـۆتاییـەکـانی سەدەی بیـسـتـەم و سـەرەتاکـانی سـەدەی بیست و یەکەم، ژینگەیەکی جیـهـانی بۆ پێوەندیکردنی نێوان تاک و کـۆمـەڵگە و کولتـوورەکان دروست کردووە،

ئەمەش بێ گومان کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و پرۆسەی نووسین و خوێندنەوە هەیە. شێواز جۆری خوێندنەوە و فۆرمی تێکستە نووسراوەکانیشی گۆڕیوە و دەگۆڕێت.

ئەدەبی دیجیتاڵ ئەدەبێکی هاوچەرخە، هەرچەندە چەند هەوڵێکی نووسینی ئەم جۆرە ئەدەبە لەسەدەی بیستیشدا هەبووە، بەڵام لە سەرەتاکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم بوو کە نووسینی ئەم جۆرە ئەدەبە دەستی پێ کرد. لە رووی زمانەوانی و چەمکەوە ئەدەبی دیجیتاڵ چەندین ناوی تریشی هەیە، وەک ئەدەبی ئەلیکترۆنی و ئەدەبی گریمانەیی و سایبەر ئەدەب و هایبەر ئەدەب و...تاد. ئەدەبی دیجیتاڵ ئەدەبێکە لە ناوەندێکی دیجیتاڵ دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە، پشت بەتەکنۆلۆژیای زانیارییەکان IT دەبەستێت. لەم جۆرە ئەدەبەدا گواستنەوەی داهێنانە ئەدەبییەکان لە رێگەی تەکنۆلۆژیای سەردەمەوە ئەنجام دەدرێت. شێوازی نووسین و پێشکەش کردن و خوێنەرانیشی جیاوازن. کاریگەرییەکانی مەلتی مێدیاو وێنە و دەنگ و رەنگی وەستاو و جووڵاو و گرافیک و ئەنیمەیشنی لەسەرە. مێزگرد و وۆرک شۆپ و کۆنفراس و ژووری گفتوگۆی ئەدەبییش لە رێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکرێت بە ئەدەبی دیجیتاڵ دابنرێت.


جیا لە ئەدەبی تەقلیدی کە لە کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکانەوە بەشێوەی چاپکراو بەدەست دێن، ئەدەبی دیجیتاڵ دەکرێت لەسێ سەرچاوەی سەرەکییەوە بە دەست کەوێت، ئەوانیش بریتین لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان (Websites) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media)و تێنووسەکان (Blogs).

ئەدەبی دیجیتاڵ چەند سیمایەکی جیاکەرەوەی هەیە کە لەوانەیە لە ئەدەبی تەقلیدیدا نەبێت، وەک ئەوانەی خوارەوە:

١- لەگەڵ هونەرەکانی تری وەک سینەما و شانۆ و میدیا تێکەڵ دەکرێت و لەسەر شاشە پیشان دەدرێت.

٢- بواری نووسین و دروستکردنی تێکستی بە کۆمەڵی تێدا هەیە، بۆ نموونە دەکرێت شاعیرێک دوو دێڕ، یان زیاتر لە هۆنراوەیەک بڵاوبکاتەوە و داوا لە هاوڕێ و خوێنەرەکانی بکات کە تەواوی بکەن.

٣- سانسۆر ناکرێت و نووسەر دەتوانێت بە ناوی خۆی، یان ناوی خوازراو بڵاوی بکاتەوە و هیچ دەسەڵاتێکیش ناتوانێت رێگەی لێ بگرێت، چونکە لە



جاک دریدا

ماوەی چەند چرکەیەکدا لە رێگەی تۆڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە بە هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە.

٤- بەهۆی بەکارهێنانی بەرنامە ئەلیکترۆنییەکانی وەرگێڕانەوە، وەرگێڕانی ئەم تێکستانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئاسانە.

٥- لە رووی ئابوورییەوە تێچوونی کەمە، چاپخانە و کاغەز و دابەشکردنی ناوێت.

٦- گەڕان و دۆزینەوەی دەقی مەبەست ئاسانە، بۆ نموونە لە رێگەی ئامێر گەڕانی گووگڵەوە دەکرێت زۆر بە ئاسانی هۆنراوەی شاعیرێکی دیاریکراو بدۆزرێتەوە.

٧- ئەدەبێکی بێ شوێنە. زۆر جاران نازانین کە تێکستەکە لە کوێ نووسراوە و نووسەرەکە خەڵکی کوێیە.

٨- کاریگەرییەکانی مەلتی مێدیا و دەنگ و رەنگ و گرافیکی لەسەرە، بۆیە زۆر جاران بێجگە لە پیت و وشە و رستە، وێنەی جووڵاو و ئەنیمەیشنشی لەگەڵدایە.

٩- خوێنەران دەتوانن بە ئاسانی و زۆر زوو کاردانەوەیان بۆ ئەم جۆرە تێکستانە هەبێت و کۆمێنتی خۆیانی لەسەر بنووسن، بۆیە فیدباکی خوێنەر کاریگەر و بەشدارە لە دەقەکاندا.

بۆ شرۆڤەکردن و قسەکردن لەسەر ئەدەبی دیجیتاڵ، رەخنەگر دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لەم بوارەدا هەبێت،

هەموو ڕەخنەگر و ڤەکۆڵەرێک ناتوانێت کار لەسەر ئەم جۆرە ئەدەبە بکات، بەڵکو دەبێت شارەزایی لەم بوارانەی خوارەوەدا هەبێت:

١- تاڕادەیەکی باش شارەزایی لە نهێنییەکانی بواری ITدا هەبێت.

٢- شارەزایی لەبواری هونەرەکانی تری وەک سینەما و شانۆ و میوزیک و وێنەدا هەبێت.

٣- بەلایەنی کەم شارەزایی لە بەرنامەکانی فۆتۆشۆپ و فلاشپاوەر و دایرێکتەر هەبێت.

بەم دواییانە، لە کۆمەڵێک ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئینگلیزی چەندین وتار بە ناوونیشانی "دووبارە مردنەوەی کتێب" بڵاوکرانەوە. کتێبەکەی جێف گۆمز (Gomez، ٢٠٠٧) "مردنی چاپ: کتێب لە سەردەمی دیجیتاڵدا" گرنگترینیان بوو کە هەوڵی ئەوە دەدات برەو بە گوتاری نەمانی چاپ و شوێنگرتنەوەی شاشە بدات. ئەم گوتارانە بەرەو پرسیارێکمان دەبەن کە ئایا دەبێت کاریگەری ئەم حاڵەتە لەسەر ئەدەب چی بێت؟ جێسیکە پریسمان (2004, Pressman) لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (جوانی کتێب لە ئەدەبی سەدەی بیست و یەکەمدا) باس لەوە دەکات کە ترسی مردنی کتێب و کۆتایی خوێندنەوە شتێکی نوێ نییە، ئەو پێیی وایە ئەم ترسە لە سەردەمی ئەفلاتوونیشدا هەبووە، ئەفلاتوون باسی ئەوەی کردووە کە نووسین، زمانەکان وێران دەکات و کولتووری بیر و توانایی وەبیرهاتنەوە ناهێڵێت. جێسیکە پێیی وایە کە جوانی کتێب هەردەمێنێت با فۆرمەکەشی بگۆڕێت.

تیورزانانی وەک میشێل باختین و ڕەخنەگرانی وەک پاول هەنتەر (1990, Hunter) دەمێکە باسی ئەم ترسەیان کردووە، ئەوانە پێیان وایە ژانرێکی وەک ڕۆمان دەتوانێ ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکان ببێتەوە بەوەی کە خۆی لەگەڵ ژینگەی هاوچەرخ و کولتووری سەردەم و میدیای ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵدا بگونجێنێت.

## خوێندن و توێژینەوەی ئەکادیمیانەی ئەدەب

سەدەی ٢١ سەردەمی جیهانگیری و فرە کولتووری تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵ و پێوەندیکردنە. پەروەردە و خوێندن و توێژینەوە ئەکادیمییەکانیش هۆکارێکی زۆر گرینگی پەرەپێدانی توانستە مرۆییە کاریگەر و ڕەخنەییەکانە. تیورەکانی پەروەردە و خوێندن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قوتابیان ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار لە کارەکانی خۆیان بدەن و هەلی کار و ژیان بۆ خۆیان بخوڵقێنن و هەڵسەنگاندن بۆ شتەکان بکەن و توانایی ئەوەیان هەبێت چارەسەری هەمەلایەنە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە، هەروەها بەشێوەیەکی نەرمونیان خۆیان لەگەڵ دەوروبەر و ژینگە بگونجێنن و لە توندوتیژی دووربکەونەوە، (2003, Geersten).

ئەدەب بەشێکی گرینگ و دانەبڕاوی پرۆگرام و سیستمی خوێندن و فێربوونە، بۆیە پسپۆڕانی ئەم بوارە، وەک واگنەر (2005, Wagner) و ڕۆزلین ( 2004, Rosslyn) و شۆڵتەر (2004, Showalter)، هاوڕان لە بارەی ئەوەی کە خوێندنی ئەدەب لەم سەدەیەدا دەبێت قوتابی بکاتە سەنتەر و ناوەندی فێربوون. ئەمڕۆ پرۆگرامەکانی خوێندنی ئەدەب پێویستیان بەوە هەیە کە تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵ بخەنە ناو پرۆگرامەکانەوە بۆ ئەوەی قوتابی لە پرۆسەی وەرگرتنی زانیاری نوێدا توانایی و هۆشیاری سەردەمیانەی هەبێت و بتوانێت ئەدەب بە جیهانی دەوروبەرییەوە ببەستێتەوە. بۆ ئەوەی ئەدەب وەک ئامرازێکی پرسیار و بیرکردنەوە بخوێنرێت، نەک تەنیا سەرچاوەی مەعریفە. دەبێت خوێندنی ئەدەب ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە قوتابی توانایی ئەوەی هەبێت بەخۆی چۆن لە تێکستە ئەدەبییەکان تێ دەگات، نەک تێکستەکە چ مانایەکی هەیە.

تیورە ئەدەبییەکانی دوای پێکهاتەگەرایی (poststructuralist) کە دەرەنجامی تیوری هەڵوەشانەوەگەرایی دریدان، بە پێچەوانەی تیورە تەقلیدییەکان، خوێنەر و قوتابی دەکەن بە سەنتەری شرۆڤەکردن و بەشێک لە داهێنەری تێکستەکان. بە گوێرەی ئەم تیورانە مانا لە تێکستەکاندا جێگیر نییە، بەڵکو بە گوێرەی خوێنەر و کۆنتێکست دەگۆڕێت. کۆنتێکستەکانیش جۆراوجۆرن، دەکرێت کۆنتێکستی کولتووری، یان پۆست کۆلۆنی، یان پۆست مۆدێرنی بن. خوێندنی ئەدەب لە سەدەی بیست و یەکەم پشت بەو تیورانە دەبەستێت کە قوتابی دەکەن بە خوێنەرێکی ئەکتیڤ و سەربەخۆ و دەسەڵاتی مامۆستا لە پۆلدا کەم دەکەنەوە. گفتوگۆ و دایەلۆگ شوێنی وانە وتنەوە و تەلقینی مامۆستا دەگرنەوە، مامۆستا تەنیا دەبێتە ئامرازێکی ئاسانکاری بۆ ئەوەی پرسیاری ڕەخنەئامێز لەلایەن قوتابیانەوە بورووژێنێت.

گرووپێکی تایبەت بە توێژینەوەی ئەدەبی لەم دواییانە لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ و توێژەری

ئەدەبییەوە لە ئەوروپا دامەزراوە بە ناوی "توێژینەوەی ئەدەبی لە سەدەی ٢١دا"، لە بەناوبانگترین ناوەکان بریتین لە د. ئیلن ڕۆتن و د. ئیریک میێتز و یرا ڤان دایک و ئێریک دی هارد و فیلیپ وێستبرۆک، کە زیاتر گرنگی بە وەسفکردن و پۆلین کردن و شیکردنەوەی شێوە جیاجیاکانی ئەو ئەدەبە دەدەن کە لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ـەوە نووسراوە. ئەوان پێیان وایە کە توێژینەوەی ئەکادیمی لە بواری ئەدەبی سەدەی ٢١ زیاتر لایەنی گشتی کولتووریان گرتووە و تێکستە ئەدەبییەکان زیاتر وێنەی ڕیتمی گۆڕانی کولتووریان کێشاوە. ئەم گرووپە کۆمەڵێک پرسیاری ڕەخنەیی دەورووژێنن، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

* چۆن نووسەرانی سەدەی ٢١ مامەڵە لەگەڵ ڕێبازی پۆست مۆدێرنزمی ترانزئەتلانتیک بە هەموو لایەنەکانییەوە دەکەن؟

* چۆن نووسەرانی سەردەم مامەڵە لەگەڵ ڕووەکانی گێڕانەوە کولتوورییەکانی پێشوو دەکەن؟ بۆ نموونە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئارەزووی گەڕانەوە بۆ " کولتووری کریستیانی ئەوروپی" دەکەن؟

لە میانەی سیمیناری مانگانەیاندا، ئەندامانی ئەم گرووپە سیمینار لە بارەی ئەم بابەتانەی خوارەوە دەکەن:

١- لێکۆڵینەوە لە جۆرە جیاجیاکانی ئەدەبی ئەم چەرخە دەکەن لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی ئەدەبە نەتەوایەتییەکانەوە.

٢- وەسفکردن و بەراوردکردنی ئەدەبە نەتەوایەتییەکان بە کۆنتێکستێکی کولتووری گەورەتر.

٣- لێکۆڵینەوە لە پێوەندی نێوان ئەدەبە نەتەوایەتییەکان و ئەدەب و کولتوورە ناوچەییەکان.

لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بواری ئەدەب، بە ئەکادیمی و نائەکادیمییەکانەوە، باس لەوە دەکەن کە لە سەدەی ٢١ دا ئەدەب دیسان ڕۆڵی خۆی وەرگرتووەتەوە و وەک هێزێکی بنیادنەر لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە شێوەیەک کە ئەدەب هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی خەڵکی زیاد کردووە. گرووپەکانی توێژینەوە و کۆنفراسە ئەکادیمیەکان ئەدەب تەنیا بۆ گفتوگۆی نێو خۆیان بەکارناهێنن، بەڵکو ئەنجامی توێژینەوە و کۆنفراس و بۆنە ئەدەبییەکان دەکەن بە ڕووداوێکی گشتی، کە تێیاندا ئەکادیمست و ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان و جەماوەری ئامادەبوو پێوەندی بە یەکدییەوە دەکەن.

لایەنێکی دیکەی کاریگەر لە توێژینەوەی ئەدەبی سەدەی بیستەم بریتییە لە توێژینەوە ئەدەبی ترانزئەتلانتیکی، کە بریتییە لە توێژنەوەی ئەدەبی ئەوروپی-ئەمریکی بە شێوەیەک کە لە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەکاندا کاریگەری پێوەندی نێوان ئەمریکای باکوور و ئینگلتەرا لەبەرچاو بگیرێت، هەرچەندە لێکۆڵینەوە ترانزئەتلانتیکییەکان نوێ نین و بۆ ساڵی ١٩٤٥ دەگەڕێنەوە، بەڵام کۆمەڵەی توێژینەوەی ترانزئەتلانتیکی لە ١١ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٢دا دامەزراوە، ناتۆ پشتگیری لە دروستبوونی ئەم کۆمەڵەیە کرد. ئێستا ئەم کۆمەڵەیە گۆڤارێک بەناوی " گۆڤاری توێژینەوە ترانزئەتلانتیکییەکان" دەردەکات کە چەندین بوار لەخۆ دەگرێت وەک: زانستی سیاسی و پێوەندی نێودەوڵەتی و هونەر و ئەدەب و مێژوو،...تاد. توێژینەوە ئەدەبییەکانی ئەم ڕێبازە هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە تەکنیکە کۆنەکانی توێژنەوەی ئەدەبی دوور بکەونەوە. ئەوان لە کاتی بەراوردکردندا لێکۆڵینەوە لە دوو جەستەی ئەدەبی بە جیاجیا ناکەن، بەڵکو کاتێک بەراورد لەنێوان تێکستێکی ئەمریکی و بەریتانی دەکەن لایەنە مێژوویی و سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکان لەبەرچاو دەگرن.

## ئەنجام

دەکرێت ئەوەی مەبەستمانە لەم باسەدا لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو نییە بۆ دیاریکردنی سنووری ئەدەبی هاوچەرخ، یان ئەدەبی سەدەی بیست و یەکەم، هەرچەندە لە هەندێک سەرچاوەدا باس لەو ئەدەبە دەکەن کە لە هەزارەی سێیەمەوە دەستی پێ کردووە و سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

٢- ڕەخنە و تیوری ئەدەب یەک شت نین و جیاوازییان هەیە. تیوری ئەدەبی ئاماژە بە فۆرمێکی تایبەتی ڕەخنەی ئەدەبی دەدات کە پەیڕەوی ڕێبازێکی ئەکادیمی، یان زانستی یان فەلسەفی تایبەت دەکات و لە شیکردنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان شێوازێکی سستماتیکی بەکاردەهێنێت. دەکرێت بڵێین کە تیوری ئەدەبی فۆرمێکی پێشکەوتووی ڕەخنەی ئەدەبییە، یان بڵێین کە جیاوازی لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و تیوری ئەدەبی تەنیا ئەوەیە کە ئەوەی دووەمیان زیاتر سستماتیک و زانستییانە و ئەکادیمیانەترە.

٣- هەندێک پێیان وایە ئێستا لەم سەدەیەدا تیورەکان بەرەو دارمان دەچن و ڕوونیش نییە چی شوێنیان دەگرێتەوە. ئەوانەی پێشتر بە شەوق و زەوقەوە لە تیورەکانیان دەڕوانی، ئێستا بە ئاسانی دەتوانن پێشبینی ئەنجامی تیورەکان بکەن، بۆیە بەم سەدەیە دەڵێن سەردەمی پاش تیورەکان.

٤- خوێندنی ئەدەب لە سەدەی بیست و یەکەم، پشت بەو تیورانە دەبەستێت کە قوتابی دەکەن بە خوێنەرێکی ئەکتیڤ و سەربەخۆ و دەسەڵاتی مامۆستا لە پۆلدا کەم دەکەنەوە. گفتوگۆ و دیالۆگ شوێنی وانە وتنەوە و تەلقینی مامۆستا دەگرنەوە، مامۆستا تەنیا دەبێتە ئامرازێکی ئاسانکاری بۆ ئەوەی پرسیاری ڕەخنەئامێز لەلایەن قوتابیانەوە بورووژێنێت.

٥- لەم سەدەیەدا ترسی مردنی کتێب و نەمانی خوێندنەوە و ئەدەب هەیە، بەڵام ئەم ترسە شتێکی نوێ نییە و لەمێژە باسی ئەم ترسە کراوە، بەڵام زۆر لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە ئەمە زیادەڕۆییە و بۆ نموونە، ژانرێکی وەک ڕۆمان دەتوانێ ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکان ببێتەوە بەوەی کە خۆی لەگەڵ ژینگەی هاوچەرخ و کولتووری سەردەم و میدیای ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵ بگونجێنێت.

٦- ئەدەبی دیجیتاڵ ئەمڕۆ وردەوردە جێگەی ئەدەبی تەقلیدی دەگرێتەوە، بە دەگمەن دەبینین گەنجێک کتێبێکی چاپکراو بخوێنێتەوە، لە کاتێکدا زۆربەی گەنجان کاتێکی زۆر بە سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەیرکردنی شاشەکان بەسەر دەبەن.

٧- توێژینەوەی ئەدەبی ترانزئەتلانتیکی لەم سەردەمەدا سەری هەڵداوەتەوە ، کە بریتییە لە توێژنەوەی ئەدەبی ئەوروپی - ئەمریکی بە شێوەیەک کە لە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەکاندا کاریگەری پێوەندی نێوان ئەمریکای باکوور و ئینگلتەرا لەبەرچاو دەگیرێت. نەک هەر ئەمە، بەڵکو توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهان سەری هەڵداوەتەوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی توێژینەوە لە ژینگە و دەوروبەری تێکستەکان، نەک تەنیا خودی تێکستەکان.

**سەرچاوەکان**


**1- Eagleton Terry (2007) How to Read a Poem. New York: Routledge.**

**2- Eagleton Terry (2013) How to Read Literature. Yale University Press. ISBN 9780300190960. Retrieved 28 July 2013**

**3- Geersten H.R. (2003) Rethinking Thinking about Higher-Level Thinking. Teaching Sociology, 31(1):1-19. Retrieved from http://www.jstor.org/**

**4- Gomez, Jeff (2007) Print is Dead: Books in Our Digital Age. Basingstoke, UK: Palgrave Macmillan.**

**5. Hunter, J. Paul. (1990) Before Novels: the Cultural Context of Eighteenth Century English Fiction. New York: WW Norton.**

**6. Lodge, David (2004). "Goodbye to All That". The New York Review of Books. Retrieved 1 July 2008.**

**7. Pressman, Jessica (2009) the Aesthetic of Bookishness in Twenty-first Century Literature. Michigan Quarterly Review, 48, 4.**

**8- Rosslyn F. (2004) Literature for the Masses: The English Literature Degree in 2004. The Cambridge Quarterly, 2005, 34(1):313-322. Retrieved October 5, from http://camqtly.oxfordjournals.org/.**

**9- Showalter E. (2004) Teaching Literature. Oxford: Blackwell. (Original work published 2003).**

**10- Wagner, M. (2005) Teaching Humanities in New Ways- and Teaching New Humanities: Humanist..Retrieved May23, 2007, from http://www.findarticles.com/p/articles/mi_m1374/is_3-65/ai_n14835/447**

**11- Yaqoob, Munazza (2011) Reader and Text: Literary Theory and Teaching of Literature in the Twenty First Century. International Conference on Languages, Literature and Linguistics IPEDR vol.26, IAXCIT Press, Singapore.**


# هەڵسەنگاندنی کتێبی (ئەدەبی منداڵانی کورد)

**د. فازیل مەجید مەحموود**
**(زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)**

مامۆستا حەمە کەریم هەورامی لە دووتوێی دوو بەرگدا، یەکەمیان ساڵی ٢٠٠٥، دووەمیان ٢٠٠٧ سەبارەت بە ئەدەبی منداڵانی کوردی نووسیوە(١)، لە ئەدەبی کوردیدا و لە بواری ئەدەبی منداڵاندا ئاوڕدانەوەیەکی باشە و کارێکی گرنگ و پیرۆزە و بە تایبەتی فراوانییەکەی و هەمەچەشنی بابەتەکە گشت ژانرەکانی ئەو بوارەی گرتووەتەوە.

ڕاستە مامۆستا حەمە کەریم هەورامی خاوەنی قەڵەمێکی بە بڕشتە و لە زۆر بواردا جێ پەنجەی دیارە و خزمەتێکی باشی ئەدەب و زمانی کوردی کردووە، هیوای تەمەن درێژی و بەردەوامی بۆ دەخوازین. بۆ ئەم بابەتەی (ئەدەبی منداڵان) ئەوەش ڕاستە کارێکی وا بەو فراوانییە کە هەموو ژانرەکانی ئەدەبی منداڵ بگرێتەوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ئەدەبی کوردیدا بە ئەنجام نەگەیەنراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناشکرێت وەک مامۆستا دەڵێت: «کاری لەسەر نەکراوە کەمە نووسین و چەند نامیلکەیەک نەبێ، بە تایبەتی سەبارەت بە سەرەتا و سەرهەڵدان و لێکۆڵینەوە لەسەر دەقەکانی باس نەکراوە» (٢).

بۆ ئەم وتەیەی مامۆستا دەڵێین، یان ئەوەتا بە کتێبخانەی کوردیدا نەگەڕاوە، یان نەیویستووە پرسیار بکات و مەبەستی نەبووە، دەنا پێش ئەو چەندین کتێب و نووسراو و لێکۆڵینەوە، تەنانەت چەندین نامەی ماستەر و دکتۆراش پێش نووسینەکەی ئەو لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەبی منداڵدا بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستییانە نووسراون و لە لایەن مامۆستای پسپۆڕی زانکۆوە هەڵسەنگێنراون و وەک بەرهەمێکی زانستی سەبارەت بە ئەدەبی منداڵ باوەڕپێکراون و چوونەتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە، کە مامۆستا حەمە کەریم هەورامانی لە دووتووی بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا وەک سەرچاوەیەکی زانستی سوودی لێ بینیون، ئەگەرچی لە ڕیزی سەرچاوەکانیدا لە بیری کردوون و نەینووسیون، بێجگە لەمانە چەندین کتێب و نامیلکە و نووسراو و لێکۆڵینەوەی تر بە زمانی کوردی سەبارەت بە ئەدەبی منداڵانی کورد نووسراون، وێڕای ئەوەش بە دەیان سەرچاوەی بیانی لە کتێبخانەی کوردیدا هەن مامۆستا بە دەگمەنێک نەبێت، نەگەڕاوە و سوودی لێ نەبینیون، بۆیە هەست دەکرێت تەنیا پشتی بە تاقیکردنەوە و زانیاری



**حەمەکەریم هەورامی**

خودی خۆی بەستووە، ئەمەش وای کردووە لە زۆر شوێنی باسەکەیدا لە رووی زانستییەوە هەڵە و ناتەواوی و کەموکورتی تێدا بێت و مەبەستی بە باشی نەپێکابێت، یان لە زۆر شوێندا وەک گێڕانەوەی حەکایەتی کۆنی لێهاتووە.

بە گشتی کارەکە جێگای دەستخۆشی و ستایشە، بە مەبەستی پڕکردنەوەی هەندێک کەلێن و ڕاست کردنەوەی هەندێک هەڵە و ناتەواوی کە بەدیمان کرد و بە مەبەستی زیاتر سوود بەخشین هەوڵمان داوە باری سەرنجی خۆمان لەسەر بەرگی یەکەمی کتێبەکە دەربڕین، لەبەر ئەوەی کارەکە گەورە و فراوانە ناچار بووین تەنیا باری سەرنجەکان پێوەندی بە بەرگی یەکەمەوە هەبێت و بەرگی دووەم بۆ ئاییندە هەڵدەگرین..

### سەرنج و تێبینییەکان

لە لاپەڕەی ١٥ دا ئەدەبی منداڵانی کردووە بە دوو بەشەوە: (٣)

**بەشی یەکەم:** (بە مانا گشتییەکەی)، بۆ ئەمە سێ خاڵی تۆمار کردووە:

**یەکەمیان:** کتێب بۆ منداڵان نووسراو بێ، ئەمە مەرج نییە هەر کتێبێک بۆ منداڵ نووسرابێ ئەدەبی بێ.

**دووەمیان:** (ئەو کتێبە زانیارییانەی بۆ قوتابیانی قوتابخانە نووسراون). دیارە ئەم کتێبانەش زیاتر زانستی و زانیاری و فێرکارین، ناچنە خانەی ئەدەبەوە، بێجگە لەوەی کە پرۆگرامی خوێندنی منداڵ ئەدەبی منداڵی تێدا نییە و ئەدەبییش نین.

**سێیەمیان:** (نامیلکە و پەخشنامە بەمەبەستی پەروەردە و ڕاکێشانی بیر). ئەم جۆرەشیان مەرج نییە ئەدەبی بن و بە ئەدەبی منداڵانەوە پەیوەست بن.

**بەشی دووەم:** (ئەدەبی منداڵ بە مانا تایبەتییەکەی):

بە بیری خۆی پێناسەیەکی خوڵقاندووە و دەڵێت: «بریتییە لەو کۆمەڵە وتەجوانانەی کە چێژ و خۆشییەکی پڕ مانا بە دەروونی منداڵ ببەخشن و هەست و سۆزیان بۆ ئەو مانایانە ڕاکێشن ئیتر ئەو وتانە هۆنراوە بێ، یان پەخشان بەزارەکی و نووسین» (٤).

ئەم پێناسەیە کە تەنیا چێژ و خۆشی بەخشین بێت و هەست و سۆزی ڕاکێشێت، ناتەواوە و هیچ ئاماژە بە حەز و ئارەزوو سوود و مەبەستەکانی ئەدەبی منداڵ لە پەروەردەیی و ئامۆژگاری و ڕێنمایی نەکراوە و لە هەمان کاتدا نەوتراوە لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵ و توانای هزریدا بێت، بێجگە لەوەی بە هیچ جۆرێک لە ڕووی شێواز و زمانیشەوە ئاماژەی پێ نەدراوە، بۆیە ئێمە لێرەدا ئەم پێناسەیە بە شیاو و زانستی دەزانین کە (ئەدەبی منداڵ بۆ منداڵ بەخشینی جۆرێک لە ڕۆشنبیری و پێگەیاندن و سوود بەخشین و لە ڕادەی تێگەیشتن و پێزانینی منداڵدا بێت و هاوبەشی گەشەی هۆشی و دەروونی و جەستەیی و زمانی بکات، بێجگە لە ڕێنمایی و ئامۆژگاری و پەروەردە و چاکردنەوە بە زمانێکی سادە و ساکار...تاد) (٥)

ل ٣٢:

کە دێتە سەر قۆناغەکانی تەمەن و گەشەی منداڵ چەند دابەشکردنێکی قۆناغی منداڵی و تەمەنەکانیانی کردووە، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر دەیان سەرچاوەی سایکۆلۆژی کە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵیان دیاری کردووە و بە مەبەستی چێژ و خۆشی و سوود بینین و تێگەیشتن لە ئەدەبی منداڵ لە تەمەنی (٣- ٥)

سالّییەوە دیاری کراوە، ئەو فرە بۆچوونەی مامۆستا ئاشکرایە پشتی بە زانیاری و تاقیکردنەوەی خۆی بەستووە و بەو هۆیەشەوە کەموکورتییەک لە دابەشکردنەکانیدا بە هۆی سوود وەرنەگرتن لە سەرچاوە دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەدا کە دابەشکردنەکانی پێوەندی بە ئەدەبی منداڵەوە نییە و بە شێوەیەکی گشتی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی دابەش کردووە.

ل ٤٧ -٤٨:

کە دێتە سەر سەرەتاکانی ئەدەبی منداڵ و شوێنی سەرهەڵدانی لە ئەوروپا دەڵێت یەکەم کتێب بە چاپکراوی لە ساڵی ١٦٩٧ لە لایەن (چارلس پیرۆ)ی فەرەنسییەوە بەناوی (ماما لویزا) نووسراوە و لە لاپەڕە (١٠٧) دا جارێکی تر جەختی لەسەر دەکاتەوە و ئەم جارەیان مامالویزای بە دایکی مرواری کە ڕاستییەکەی دەبێت (دایکی قازەکان) بێ دیاری کردووە، لە کاتێکدا کە دەیان نووسەری منداڵ بەرهەمیان بۆ منداڵ نووسیوە و بە نووسەری ئەدەبی منداڵیش ناویان دەرکردووە، بۆ نموونە (یۆهان ئامۆس کەمینۆس) ١٦٢٨ (٦)، یەکەم کتێبی بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بە ناوی (جیهانی ڕەنگاوڕەنگ) بۆ منداڵانی لە پێش فێربوونی خوێندن و نووسین بڵاوکردووەتەوە، لەم کتێبەدا منداڵی لە گەورە جیاکردووەتەوە و باوەڕی بە خولیا و ئارەزوو و توانایی منداڵ هێناوە، هەر لە لاپەڕە ٤٨ دا باسی سەرەتای ئەدەبی منداڵ لە ئینگلستان دەکات و دەڵێت «یەکەم کتێبی منداڵان کتێبی وەرگێڕاوی ماما لویزای چارلس بیرۆی فەرەنسییە بۆ زمانی ئینگلیزی» لە کاتێکدا کە چەندین نووسەری منداڵ لە ئینگلتەرا پێش ئەو مێژووە هەبوون و بەرهەمی ئەدەبییان بۆ منداڵ نووسیوە، بۆ نموونە (جۆن بنیان ١٦٢٨ - ١٦٨٨) (٧) کۆمەڵە چیرۆکێکی سەبارەت بە ئازایەتی و سەرکەشی منداڵ نووسیوە بە دەستپێکردنی گەشەی ئەدەبی منداڵ لە ئینگلتەرا دادەنرێت، هەروەها (جۆن نیوبری ١٧١٣ - ١٧٦٧) یەکەم نووسەری تایبەتی منداڵە لە ئینگلتەرا (٨)، هەروەها چەندانی تریش وەک (دانیال دیڤۆ) کە چیرۆکی ڕۆبنسۆن کرۆزۆی نووسیوە و (ولیەم بلیک) کۆمەڵێک شیعری گۆرانی بۆ منداڵ نووسیوە (٩)... ئەمانە وەک نموونە، دەنا چەندین نووسەر و شاعیری تر کە چیرۆک و شیعریان بۆ منداڵ نووسیوە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و سویسرا و...تاد هەبوون. بەمەدا دەردەکەوێت کە نووسەر زۆر سەرپێیانەو بە کەمتەرخەمییەوە ئەم باسەی تۆمارکردووە و بەدوای زانیاریدا نەگەڕاوە تا نووسراوەکەی زانستییانە و بێ کەموکورتی بێت و زانیارییەکانی دروست بن.

وەک دەریش دەکەوێت نووسەر پرۆگرامێکی دیاری کراوی نییە، بابەتەکان، یان ناوونیشانی بابەتەکان گونجاندنیان تێدا نییە، بۆ نموونە لە سەرەتا و لە لاپەڕەی (٧) دا باسی ئەدەبی منداڵ و پێناسەی ئەدەب دەکات تا لاپەڕە (١٦) دواتر لە لاپەڕە (١٦)دا دێتە سەر گەشەی منداڵ لە ڕووی جەستە و جووڵە و زمان و گەشەی زمان و کۆمەڵایەتی، دواتر باس لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری منداڵ و هەندێک تایبەتمەندێتی منداڵ دەکات و لە لاپەڕەی (٢٥) دا جارێکی تر دێتەوە سەر زمان و گەشەی زمان دواتر لە پڕ لە لاپەڕەی (٣٢) دا دێتە سەر قۆناغەکانی تەمەنی منداڵێتی و بە بیری خۆی و بە بێ ئاماژە کردن بە هیچ سەرچاوەیەک دواتر لە لاپەڕەی (٣٣)دا جارێکی تر دێتەوە سەر ئەدەبی منداڵ و سوودی ئەو ئەدەبە و بوارەکانی ئەدەبی منداڵ تا لاپەڕە (٣٨) دیسان بە بێ ئاماژەدان بە سەرچاوە لە لاپەڕە (٤١) کە بەشی دووەمی کتێبەکەیە دێتەوە سەر ئەوەی کە چۆن ئەدەبی منداڵ پەیدابووە و جارێکی تر باس لە سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەدەبی منداڵ دەکاتەوە، هەمان باسی پێشتری لە لاپەڕە ٤٧ -٤٨ دا دووبارە دەکاتەوە سەبارەت بە سەرەتا و سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵ لە ئەوروپا، کەچی لە لاپەڕە (٥٤) دا جارێکی تر دێتەوە سەر قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی و تا لاپەڕە(٦٤) بە بێ ئاماژەدان بە هیچ سەرچاوەیەکی سایکۆلۆژی کە ئاشکرایە ئەم باسە دەبێت لە ڕووی دەروونییەوە قسەی لەسەر بکرێت و زانایانی دەروونناس زۆر جەخت لەسەر ئەم قۆناغانە دەکەنەوە، هەرچەندە ئەمەشی لە لاپەڕە (٣٢)دا باس کردووە.

کە دێتە سەر باسی ڕەگەزەکانی چیرۆک لە لاپەڕەی (٧٩ - ٨٣) لە دووتوێی چوار لاپەڕەدا باس لە ڕووداو دەکات، کەچی لە لاپەڕە (٨٨)دا جارێکی تر ڕووداو لە چوارچێوەی شێوازدا باس دەکاتەوە کە هەر هەمان چەمک و بابەتی پێشووە بە جۆرێکی تر، هەروەها لە لاپەڕەی

(٨٦) دا باس لە شێواز دەکات، هەنگاوەکانی نووسین و دارشتنی شێواز دابەش دەکات بەسەر (خستنەڕوو، ڕووداو). لە کۆتاییدا کە هیچ پێوەندییەکیان بە شێوازەوە نییە و جارێکی تریش بە کورتی لە شێواز دەدوێت، بەڵام ئەم جارەیان بە شێوەیەکی دروست و بە باشی باسی شێوازی چیرۆکی منداڵانی شی کردووەتەوە (ل٨٩) ئاشکراشە کە ئەمانەش سەر لێ تێکچوونی ترن و من بە زۆری زانیاری دەوڵەمەندی نووسەری تێدەگەم، بەڵام وەک وترا نەیتوانیوە زانیارییەکانی بە دروستی ڕێک بخات و بە پێی بابەت و مەبەست ڕێکیان بخات.

بێجگە لەمانەش نووسەر لە چەند شوێن وشە و دەستەواژەی وای بەکارهێناوە کە لە ڕووی زانستییەوە بێ هێزی و ناتەواوییەک لە ساغ کردنەوە و ڕاستی مەسەلەکاندا دەبەخشێت وەک ڕەنگە، وا پێ دەچێ، ئەشێ، لەوانەیە...تاد لاپەڕەکانی ٦٩ -٧٣.

ل ٩١ - ١٠٥:

سەبارەت بە چیرۆک و میتۆلۆژیا و لەوێوە بەرەو داستان و ئەفسانە چووە و بە دوورودرێژی باسی لێوە کردوون و هەموو لایەنەکانیانی ڕوون کردووەتەوە و دەیەوێت هەرچۆنێک بێت تێمان بگەیەنێت کە ئەم بابەتانە دەشێن بۆ منداڵ و سوود و چێژ و خۆشیان پێ دەبەخشن، ئەوەی لە یاد کردووە کە ئەم بابەتانە هێندە درێژ و ڕووداوی زۆر و کارەسات و نەهامەتی و شەڕوشۆڕ و سیحر و ئەفسانە و جادوویی و فروفێڵ و هێما و ئازایەتی لە ڕادەبەدەر و ترس و تۆقاندن و دێو و درنج و...تاد ئەو شتانەی کە پێویستە بۆ هەموو تەمەنەکانی منداڵی بەدوور بن تا نەبنە هۆکاری ترس و لاسایی و تۆقاندن و ئاڵۆزکردنی مێشکیان بە شتێکەوە کە ڕاست نییە و لە واقیع دوورە، بەتایبەتی لەگەڵ ژینگە و ژیانی منداڵان لە کۆن و ئێستایش نەباویان ماوە و نە سوودیان ماوە، تەنانەت بۆ گەورانیش. لە کۆتایی پازدە لاپەڕە قسەکردندا پشت دەبەستێت بە دوو ڕای دژ بە یەک کە دەڵێت ئەم جۆرە بابەتانە ناشێن بۆ منداڵ و ناشێن بخرێنە پرۆگرامی قوتابخانەوە کە ئەمە ڕایەکی دروستەو تەواوە و لە جێی خۆیدایە، هەرچی ڕای دووەمیشە پێی وایە دەشێت، چونکە سۆز و ئەندێشە دەبزوێنێت و فێری توێژینەوە و بە دواداچوونی ڕاستییەکانی دەکات، ئەمەش هۆکارێکی لاوازە و دواتر هەر مامۆستا خۆشی باوەڕی وایە کە ئەو ئەفسانانەی باسی دین دەکەن بۆ تەمەنی خوار نۆ ساڵ ناشێن هەر خۆشی جارێکی تر دەڵێ داستان و ئەفسانە ئەگەر لە قاڵبی چیرۆکدا بوو خۆشی بە منداڵان دەبەخشێت، کە ئاشکرایە ئەگەری ناوێت لە قاڵبی چیرۆکدان، بەڵام چیرۆکێک دوور لە حەز و ڕادەی تێگەیشتنی منداڵ و پێ زانینی منداڵدا و دەبنە هۆی ورووژاندن و ترس و تۆقین و دڵەڕاوکە، بە ڕای ئێمە ئەم بابەتە بە گشتی داستان و ئەفسانە و میتۆلۆژیا و...تاد، گەر بۆ گەورە لە باربێت ئەوە بە هیچ جۆرێک بۆ منداڵ ناشێت و ناگونجێت و ناشخرێتە چوارچێوەی ئەدەبی منداڵەوە، بۆیە لەم کتێبەدا بە زیادە باس کراوە.

ل ١٠٨:

کە دێتە سەر بەشەکانی چیرۆک وەک خۆی دەڵێت دابەشبوونێکی نیمچە لۆژیکییان بۆ سازدەدات، واتە بە تەواوی لۆژیکی نییە، یان ئەوەی کە سازی دەکات تەواو نییە، لە پەرەگرافێکی تری هەمان لاپەڕەدا باس لە دابەشکردنی چیرۆکی میللی دەکات کە دەڵێت:

«دەبێ» چیرۆکی منداڵان ئەم بەشانەی خوارەوەی تێدا



بەدی بکرێ، لێرەدا (دەبێ) بە واتای دەشێت بەکار هاتووە کە بەشەکانی دیاری کردووە بە جەختەوە باسی ناکات و دەڵێت (دەبێ) کەواتە تەئکید نییە و دەشبێت «نەبێ»، ئەمە لە کاتێکدا کە ئاشکرایە چیرۆکی میللی و شیعری میللی لە چیرۆک و شیعری فۆلکلۆری جیاوازن و لە چەندین ڕووەوە جیا دەکرێنەوە وەک ناسراوی خاوەنەکەی و زانینی مێژووەکەی و نووسراوەییان، کە دێتە سەر دابەشکردنەکەشی نۆ بەشی لێ جیا دەکاتەوە کە یەکەمیان چیرۆکی فۆلکلۆر و دواتر چیرۆکی (جنۆکە و ڕموزن)، دواییشیان چیرۆکە شیعرە کە ئەمانە هەموویان بە وتەی نووسەر میللین. ئەگەر چیرۆکی فۆلکلۆری و چیرۆکی ئاژەڵ و چیرۆکی گاڵتەوگەپ و...تاد هەندێک بابەتیان تێدا بێت بۆ منداڵ و لە ئاستی تێگەیشتن و پێزانینی منداڵدا بن و سوودی لێ ببینن ئەوە چیرۆکی (جنۆکە و ڕموزن) بە هیچ جۆرێک بۆ هیچ تەمەنێکی منداڵ ناشێت و نەک بێ سوودە، بەڵکو زیان بەخشیشە و تووشی ترس و دڵەڕاوکە و دەشێت تووشی جۆرێک لە نەخۆشی دەروونیشی بکات، کە دەشڵێت (چیرۆکە شیعر)، ئەمەش پێوەندی بە ناوەرۆکەوە نییە کە ئەمیان بۆ منداڵ گرنگە، بەڵام قاڵبێکی شیعرییە دەچێتە خانەی شێوازەوە نەک ناوەرۆک. لە لایەکی ترەوە کە دێتە سەر نموونە و ڕاڤەکردنی پراکتیکی بۆ ئەو بەشانەی چیرۆک و باسی چیرۆکی چەند چیرۆکنووسێک دەکات، وەک چیرۆکێکی سەلام مەنمی و چیرۆکێکی ڕەئووف حەسەن، کە گوایە خەیاڵین بەو پێیەی ئەم جۆرە چیرۆکە بۆ منداڵە، کە بە لای ئێمەوە مەرج نییە تەنیا بۆ منداڵ بێت، گەرچی لێرەشدا پرسیارێک دێتە کایەوە کە ئایا ئەمانە چیرۆکی میللین؟ ئەگەرچی ئەو لە بری چیرۆکی فۆلکلۆری و بە مەبەستی فۆلکلۆری پراکتیزەی کردوون.

ل ١٢٢ تا ١٢٨:

باس لە چیرۆکی ئاژەڵان دەکات سەرەتا و شوێنی پەیدابوون و ئەو بیروڕایانەی لەم بارەیەوە وتراون بە گشتی باس دەکات، بەڵام بە هیچ جۆرێک باسی لە چیرۆکی کوردی ئاژەڵان و چۆنیەتی پەیدابوون و نووسینی باس نەکردووە، بێجگە لەوەش تەنیا لە نیو لاپەڕەدا باس لە کاریگەری ئەم جۆرە چیرۆکە دەکات لەسەر منداڵ کە دەبوایە بە پێی ئەو حەز و ئارەزووەی منداڵ بۆ ئەم جۆرە چیرۆکانە زۆر زیاتر پێی لەسەر دابگرتایە و چەندان نموونەی پراکتیزە بکردایە.

ل ١٣٠ - ١٣٤:

سەبارەت بە چیرۆکی ڕیالیزمی بۆ منداڵان دواوە، بە ڕای من هەقی خۆی داوەتێ و زۆر بە جوانی باسی کردووەو نموونەکەشی زۆر باش هەڵسەنگاندووە.

ل ١٣٨:

کە دێتە سەر چیرۆکی ئەفسانەئامێز هەر بە چەمکی ئەفسانە باسی دەکات، بێ ئەوەی نموونەی لەسەر ڕاڤە بکات، ئەگەرچی ئەم جۆرەش دەچێتە خانەی فۆلکلۆرەوە، واتە وەک کەس، یان چیرۆکنووس خاوەنی نییە، بۆیە ناکرێت ڕێنمایی نووسەرەکەی بکرێت، کە چۆن و بە چ شێوەیەک بینووسێت تا کاریگەری لەسەر منداڵ دروست بکات، وەک مامۆستا ویستوویەتی ئەو ڕێنماییە بکات.

ل ٦٧ - ١٤٧:


باس لە چیرۆک و چیرۆکی منداڵان و سەرەتا و سەرهەڵدان و ڕەگەزەکانی و جۆرەکانی. بە دوورودرێژی کردووە، شایانی وتنە ئاماژەی بەوە نەداوە کە چیرۆک و جۆرەکانی لەگەڵ کام تەمەنی منداڵدا دەگونجێن و لە ئاستی تێگەیشتنی کام تەمەندان، کام تەمەنە سوود و چێژ و خۆشی لێ دەبینێت، ئەو کە باس لە چیرۆکی منداڵ دەکات بە گشتی باسی دەکات و هەمووی وەک یەک سەیر دەکات کە ئەمە ناشێت و ناگونجێت، چونکە ئاشکرایە منداڵ هەمووی لەیەک تەمەن و یەک ڕەگەز و یەک توانایی هۆش و زیرەکی و هەستیدا نین، بۆیە باشتر وابوو بە پێی قۆناغەکانی تەمەن نموونەکانی جیا بکردبایەوە، زانستیانەتر دەردەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا جێگای دەست خۆشی لێ کردنە کە زۆر لایەنی ئەم ژانرە گرنگەی لە ئەدەبی منداڵاندا ڕوون کردووەتەوە و ڕاڤەی کردووە و مایەی سوود بەخشینە بە لێکۆڵەر و توێژەری ئەم بوارەی ئەدەبی منداڵ.

لە لاپەڕە لە (٧٧)وە ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵی دیاری کردووە کە تەنیا سێ ڕەگەزی باس کردووە کە «بابەت و ڕووداو و گرێ»ن، وەک ئاشکرایە چیرۆکی

منداڵیش وەک گەورە لە ڕووی ڕەگەزەوە بە ڕەچاوکردنی هێمنی و سادەیی بابەت و ڕووداو و گرێچنیش کە لە ئاستی وەگرتنی منداڵدا بن و تا بەتەمەن و زانیاری هەڵکشاوتر بن گۆڕان بەسەر هەر سێ ڕەگەزەکەدا دێت، بابەت دەوڵەمەندتر دەبێت و زۆر لایەن دەگرێتەوە و ڕووداوەکان لە ڕووداوێکی ئاسایی ساناوە ڕەنگە نەختێک زیاتر و ئاڵۆزتر بن و گرێکەشی بە هەمان شێوە ئاڵۆزتر بێت، شایانی باسە مامۆستا ڕەگەزەکانی تری چیرۆکی وەک کەسەکان (کارەکتەر) شوێن و کات، گێڕانەوەی باس نەکردووە کە لە پاڵ ڕەگەزەکانی تردا یەکێتی چیرۆک و چیرۆکی کامڵ دروست دەکەن و بە بێ ئەم ڕەگەزانە ناتەواو دەبێت، چونکە هەریەکەیان گرنگی و بایەخی خۆیان لە چیرۆکدا هەیە، چونکە چیرۆک نە بێ کارەکتەر و نە بێ کات و شوێنیش دەبێتە چیرۆکێکی سەرکەوتوو، بێجگە لەمانە بەڕای من ڕەگەزی خۆشەویست کردن (تشویق)، واتە چۆن وابکرێت منداڵ ڕاکێشێت و حەزی لێ بکات، زۆر گرنگە لە چیرۆکدا کە تا ئێستا باس نەکراوە، دواتر شێواز وەک ڕەگەزێک لە چیرۆکدا باس دەکات، کە ئاشکرایە شێواز چۆنیەتی بە قاڵب کردنی چیرۆکەکەیە و زمان و هونەرەکەیەتی نەک ڕەگەز.

ل ١٥٢:

پێمان دەڵێت کە شیعری منداڵان لە هەر شوێنێکی دنیا زمانەکەی لێ دەرچێت هەمووی وەک یەکن و هەمووی وەک یەک چێژی لێ دەبینێت، تەنانەت دەڵێت ئەگەر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەربگێڕرێت هەمان کاریگەری و بایەخی خۆی بۆ منداڵانی نەتەوەکەی تر هەیە، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە ژینگەی منداڵەکان و دەوروبەرەکەیان و ژیان و هەموو شتێکی پەیوەست بە منداڵەوە چون یەک بن، کە ئاشکرایە ژینگەکان وەک یەک نین و هەر ژینگەیەکیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازن، تەنانەت دوو منداڵی جمکەش لە یەک خێزاندا وەک یەک نین، نەخوازەڵا لە دوو کۆمەڵگای جیاوازدا، کۆمەڵگای پێشکەوتوو لە هەموو ڕوویەکەوە دیارە زۆر جیاوازە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو، ئەمانە وای کردووە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان منداڵاندا هەبێت لە ڕووی



**والتەر سکۆت**

پەروەردە و خوێندن و...تاد ئەمانە وایان کردووە کە منداڵی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیاوازبێت.

ل ١٥٨:

سەبارەت بە شیعری فێرکاری باس لە نۆباری بچووکان دەکات و بە نەوبەهار ناوی دەبات، ئێمە لە کاتی نووسینی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا بە بەڵگە و پشتگیری «محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان و دکتۆر کەمال فوئاد و د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵیش کە پسپۆڕە لە بواری خانیدا ڕایان وایە کە (نۆبارە) نەک نەوبەهار و بە واتای نۆبەرەیە (١٠)، هەروەها لە ژمارەی بەیتەکاندا هەمان هەڵەی پێش خۆی دووپات کردووەتەوە کە دەڵێت ٢٠١ بەیت هۆنراوەیە کە ڕاستییەکەی ٢١٦ بەیتە(١١).

ل١٥٩:

دیارە خانی بێجگە لەوەی کە لەم فەرهەنگەدا مەبەستی فێرکردنی زمانی عەرەبی بووە وەک مامۆستا دەڵێت، بەڵام ڕاستییەکەی مەبەستی فێرکردنی کێشەکانی عەرووزیش بووە، چونکە ئەو سێزدە پارچەیە

هەریەکەیانی لەسەر کێشێکی عەرووزی جیاواز هۆنیوەتەوە، لە دوو بەیتی سەرەتای هەر پارچەیەکیدا ناوی کێشەکە و تەفعیلەکانی دیاری کردووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە خانی مەبەستی بووە کێشە عەرووزییەکانیشیان فێربکات، بێجگە لەمە مەبەستی ڕێنمایی و ئامۆژگاری منداڵ و بایەخی تەواویشی بە بواری پەروەردە و ڕەوشت و ئاکاری جوان داوە، لەم بارەیەشەوە شارەزای ژیان و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری منداڵ بووە، کەواتە بەرهەمەکە تەنیا فێرکاری نییە، بەڵکو بەشێکیشە لە ئەدەبی منداڵ، چونکە لایەنە پەروەردەییەکەی کەمتر نییە لە لایەنە فێرکارییەکەی، بۆیە دەکرێت بیسەلمێنین کە یەکەم بەرهەمە بۆ منداڵ و شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، نموونەش بۆ ئەمە دوو بەیتی پێش هەر پارچەیەک ئامۆژگاری و ڕێنماییە بۆ منداڵان، کەواتە ئەم بەرهەمە تەنیا فێرکردن نییە وەک مامۆستا حەمە کەریم هەورامانی دەڵێت.

ل ١٦١:
مێژووی ژیانی شێخ مارف بەهەڵە نووسراوە ١٧٥٢ – ١٧٥٣ ڕاستییەکەی ١٧٥٣ – ١٨٣٦.

ل ١٦٨:
دابەشکردنێکی بۆ شیعری منداڵان کردووە و دەڵێت بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:

١- شیعری فێرکاری.
٢- شیعر لە منداڵەوە.
٣ – شیعری تایبەت بە منداڵان.

هەر لەم لاپەڕەیەدا دەڵێت شیعری منداڵان بەر لە چیرۆکی نووسراویان دەستی پێ کردووە، لە کاتێکدا کە لە لاپەڕە ٦٩دا پێچەوانەی ئەمە دەڵێت کە چیرۆک لە پێشدا دەستی پێ کردووە، ئەمەش دژایەتییەکە لە نووسینەکەیدا، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەم قۆناغانەی شیعری منداڵان کە دەڵێت یەکەم شیعری فێرکردن ئێمە پێشتر ئەوەمان سەلماند کە ئەگەر نۆباری بچووکان سەرەتای ئەم ئەدەبە بێت، ئەوە بە تەنیا شیعری فێرکردن نییە، بەڵکو شیعری منداڵانیشە بەگشتی، کەواتە لە ئەدەبی کوردیدا شیعری منداڵ بە فێرکردن بە تەنیا دەستی پێ نەکردووە. دووەم کە دەڵێت شیعر لە منداڵانەوە، وا دێت بە بیردا کە شیعرەکە منداڵ وتبێتی و لەوەوە ئاراستە کرابێ، کەچی لە باسەکەیدا هەمان باسە کە شیعر بۆ منداڵ وتراوە لە لایەن شاعیرانەوە، بۆیە من بە هەڵەی دەزانم و دەبێت بچێتە قۆناغی شیعر بۆ منداڵان، وەک چۆن خۆی لە لاپەڕەکانی دواتردا قسەی لەسەر کردووە، هەر خۆشی دەڵێت ئەو جۆرە شیعرە لە شێوەی لایلایەدایە بۆ منداڵ، کەواتە چۆن لە منداڵەوە.

هەروەها لە نموونەکانیدا چ ئەوەی عوسمان سەبری ل١٧٣ و ئەوەی مەلا محەمەدی کۆیی ل١٧٤ و ئەوەی ع.ع شەونم ل١٧٥... بە گشتی پێنج نموونەی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو قۆناغانە هێناوەتەوە کە ناوی ناوە لە منداڵانەوە سەیردەکەین شیعرەکان سەرجەمیان بەمەبەستی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری و ئامۆژگاری و...تاد وتراون هەروەک مامۆستا خۆی دەڵێت، کەواتە چۆن لە منداڵەوە، با ئێمە لێرەدا ڕاڤەیەکی چەند شیعرێک لەوانەی مامۆستا بە نموونە هێناونیەتییەوە بکەین.

لە شیعرەکەی (مەلا محەمەدی کۆیی)دا کە دەڵێت:

**لای لای ڕۆحەکەم بە ڕۆح خزمەتت دەکەم**
**تا خزمەتی مەفتەن بکەی بە ئازادی و چاپکی** ل١٧٤

شیعرەکە لای لایەیە بۆ منداڵ و شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە هەر لەسەر بێشکەوە کورد منداڵی وا ڕادەهێنێت کە گەورە بوو لە خزمەتی نیشتمانەکەیدا بێت، هەروەها شیعرەکەی ع.ع شەونم ل ١٧٥ کە دەڵێت:

**ڕۆڵە بۆ سێ ساڵ ئەڕۆی**
**وەک ئەزانی خواردن بخۆی**
**ئاواش گوێ لەدایکت بگرە**
**بڵێم بمرە خێرا بمرە**

شاعیر دەیەوێت ڕێنمایی دایک و باوک بکات کە بەشێوازی توندوتیژی و بە پلار و توانج منداڵەکانیان تەمێ نەکەن، ئەمەش هاندانیانە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بە شێوازێکی دروست پەروەردە بکەن. بەگشتی شاعیران دەیانەوێت لە ڕێگای منداڵەوە پەیامەکەی خۆیان بە گوێی منداڵان و گەورەکانیشدا بچرپێنن، بۆ ئەم مەبەستەش منداڵیان کردووە بە بەهانەی بیروباوەڕ و بەتاڵ کردنەوەی ئەو هەستە دەروونییەی خۆیان سەبارەت بە خۆشەویستی خاک و نیشتمان و هەر مەبەستێکی تر،

ئینجا مامۆستا کە دەڵێت ئەم جۆرە شیعرە لە منداڵەوەیە، واتاکەی ئەوە ناگەیەنێت، بەڵکو دەکرێت بڵێت شیعر بە هۆی منداڵەوە، یان لە ڕێگای منداڵەوە، یان بە بیانووی منداڵەوە دەگونجێت، دەنا لە منداڵەوە واتایەکی تر دەبەخشێت، کە پەیامەکە لە منداڵەوە ئاراستە دەکرێت کە لە ڕاستیدا وا نییە، بۆ نموونە گفتوگۆ و دواندنی منداڵ خودی شاعیر دەیکات نەک منداڵەکە خۆی، هەندێک شیعری تر هەن کە بۆ منداڵن و لەسەر زاری گیاندار و ئاژەڵن، یان ڕاستەوخۆ قسەکان بە گیاندارەکە دراون، یان ڕووی دەمی تێکراوە، یان بە ناوی ئەوەوە وتراون، خۆ ئەمەیان لە منداڵەوە نییە، گەر وابێت دەبێت بڵـــێین لە ئاژەڵەوە، یان لە باڵندەوە، هەرچی ئەم باسەیە تێبینی زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام لەبەر زیاتر درێژنەکردنەوەی بەوە کۆتایی دێنم.

ل ١٨٠:

سروودی قوتابخانەکان، یەکێک لە تایبەتمەندی و مەبەستی سروود چاندنی تۆوی خۆشەویستی خاک و نیشتمانە لە دڵ و دەروونی منداڵدا، بە تایبەتیش سروود کە بە ئاوازەوە دەوترێت زیاتر چێژی لێ دەبینێت و کاریگەرتر دەبێت، ئەگەرچی شاعیر بۆ منداڵی نووسیوە، بەڵام مەبەستیشی بووە لە ڕێگای ئەوانەوە ئەو هەستە بە گوێی تاکی کورددا بە گشتی بچرپێنێت، بۆیە ئەو نموونانەی مامۆستا دیاری کردوون ڕاستە زۆربەیان سروودن، بەڵام تێشیاندایە سروود نین، گۆرانی ئاسایین وەک شیعری «نەسرین گوڵی نەسرینە.. چوزەرەی یاسەمینە» کە ئاشکرایە بووە بە گۆرانییەکی میللی و بۆ منداڵ نییە، بەڵکو زیاتر بۆ گەورەیە.

بە گشتی مامۆستا لە دووتوێی کتێبەکەدا بەشێکی فراوانی بۆ شیعری منداڵان تەرخان کردووە، هەوڵ و گەڕان و ماندووبوونێکی باشی بینیوە لە دەست خستنی و دیاری کردن و ڕاڤەکردن و جیاکردنەوەی جۆرەکانی شیعری منداڵان و زۆربەی ئەو شاعیرانەی کە شیعریان بۆ منداڵ نووسیوە و مەبەستەکانیانی بە جوانی و زانستانە شی کردووەتەوە و لێیان دواوە، بەڵام زیاتر لە ڕووی ناوەرۆکەوە قسەی کردووە و کەمتر لە ڕووی ڕوخسارەوە، بۆیە ئەوەی جێگای سەرنجە دەبوو مامۆستا لایەنی ڕوخسار بە تایبەتی زمان، کێش، سەروا، ڕیتم، ئاوازی شیعرەکان لەسەریان بوەستایە و قسەی لە بارەوە بکردنایە، بێجگە لەوەی لای هیچ شاعیرێک و هیچ شیعرێکی دیاری نەکردووە کە بۆ کام تەمەن دەگونجێت، چونکە ئاشکرایە هەر قۆناغێک لە تەمەنی منداڵی حەز و ئارەزوو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و ئەوەی بۆ منداڵی قۆناغێکی دیاری کراو دەشێت بۆ قۆناغێکی تر ناشێت، چونکە پێگەیشتنی دەروونی و سۆز و کۆمەڵایەتی و ژیرییان جیاوازن، لەبەر ئەوە باشتر وابوو مامۆستا بابەتێکی باشی بەم لایەنانە بدایە و ڕوونی بکردایەتەوە ئایا ئەو کۆمەڵە شاعیرە کامیان و کام شیعریان بە تەواوی لەگەڵ حەز و ئارەزوو پێزانینی منداڵی کام قۆناغەدا دەگونجێت و سوودی لێ دەبینێت.

ل ٢٦٦ تا ٣٤٧:

باس لە مێژووی چیرۆکی منداڵان دەکات، باشتر وابوو بیوتایە چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، بۆ ئەوەی گشتی نەبێت، چونکە پێشتر لە لاپەڕەکانی (٦٧) و بەرەوژوور بە درێژی باسی چیرۆکی منداڵانی کردووە بە گشتی نەک لە ئەدەبی کوردیدا.

هەروەها بە گشتی لە باسکردنی چیرۆکی منداڵاندا بە وریایی و لێزانییەوە ڕاڤەی گەلێ چیرۆکی کردووە و کورتەیەکی لێ تۆمارکردوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە بوونی کەموکورتی دەکرێت:

١- پێمان ناڵێت چیرۆکەکان خۆماڵین، یان وەرگێڕدراون، یان فۆلکلۆرین.

٢- پێمان ناڵێت مەبەست و ئامانجی نووسەرەکانیان بۆ ئامۆژگارین، ڕێنماین، بە مەبەستی فێرکردنە، نیشتمان پەروەرییە، هاندانە...تاد چین ؟

٣- ئەوەی زۆر گرنگە پێمان ناڵێت چیرۆکەکە لە ئاستی تێگەیشتنی چ تەمەنێکدایە و بۆ چ تەمەنێک نووسراوە و دەشێ.

٤- لە ڕووی شێواز و دارشتنییەوە هەندێک جار نەبێت لە شێوەی نووسین و زمانەکەی و لایەنی هونەری باس نەکراوە.

بێجگە لەمانە نووسەر هیچ یەکێک لەو چیرۆکانەی لە ڕووی ڕەگەزەکانی چیرۆکەوە پراکتیزە نەکردووە، بۆ نموونە نە باسی ڕووداو، یان گرێ، یان کەسایەتی. تیشکیان نەخراوەتە سەر لە کاتێکدا ئەو باسی چیرۆکی منداڵان

دەکـات و ڕاڤـە و هەڵسـەنگاندنیـان بۆ دەکـات، دەکـرا هەموو لایەنەکانی چیرۆکی بە شێوەیەکی زانستانە لەگەڵ لایەنە تیۆرییەکەی خۆی بەراورد و پراکتیزە بکردایە، کە هیچ نەبێت بە کورتی.

ل ٢٦٧:

سەبارەت بە مێژووی چیرۆکی منداڵانی کورد مامۆستا کـارێکی زانسـتی جـوانی ئەنجـام داوە کـە هەوڵی داوە سـەرەتایەک بۆ چیـرۆکی کـوردی منداڵان دیاری بکات، ئەویش لە گـۆڤـاری هاواردا و بە هۆی سـوود بینینی لە نامەی ماستەری عبدالصمد ئیسلام تەها (١٠) چیرۆکی نوورەدین زازای دیاری کـردووە کە بۆ منداڵان نووسراون، دواتر بە شێوەیەکی جوان و زانستییانە ڕیزبەندییەکی بۆ چیرۆکنووسانی منداڵ کردووە و هەر لە ساڵەکانی ١٩٣٢ -١٩٣٣ وە تاسـاڵی ١٩٨٩ چەندان چیـرۆکی منداڵی بەسەرکردووەتەوە و ڕاڤەی چیرۆکەکانی کردوون و لایەنی هونـەری و ناوەرۆکی هـەندێکـیـــــانی بە بـاشی ڕوون کـــردووەتەوە و لەگـــەڵ توانایی و پێـــزانینی منداڵدا بەراوردی کردوون، هەرچەندە لە هەندێک چیـرۆکی تریدا ئەو کەموکورتییـانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدان ڕەچاو نەکردوون.

لە لایەکی ترەوە بە پێی هەڵکشانی مێژوو نموونەکانی دیاری کـــردووە، بەڵام هەندێک جـــار لەو ڕیزبەندییـــە مـــێـــژووییـــە لای داوە، بۆ نموونە ل٢٨٩ باسی لەتیف هەڵـمـەت و بەرهەمـەکـانی دەکـات (جـوانتـرین دێ، دەنگخـۆشـترین مـەل) سـاڵی ١٩٧٩، کـەچی لە لاپەڕە ٢٩٤ دا گـەڕاوەتەوە بۆ ١٩٧٨ و بـاسی چیـرۆکـەکـانی عـەبدوڵڵا کـەریم مـەحـمـوود دەکـات، هەروەها لە لاپەڕە (٣١٩) باسی چیـرۆکـەکـانی جەلال مـەحـمـوود عـەلی دەکـات کـە لەسـاڵی ١٩٥٢ بڵاوکـراونەتەوە، کـەچی ئەو دوا بەرهەمی کە سـاڵی ١٩٨٩یە ڕاڤە دەکـات، هەروەها لە لاپەڕەی ٣٢٥ چیـرۆکـەکـانی ئیـسـمـاعـیل ڕۆژبەیانی باس دەکـات کـە بۆ سـاڵی ١٩٨٨ دەگـەڕێـتەوە، بێـجگە لەوە چیـرۆکـەکـانی جـەمـال نووری کـە بـۆ سـاڵی ١٩٨٠ دەگـەڕێـتـەوە دوا باسکردنێـتی، دیارە ئەم تێبـینیـانە، بە تایبـەتی مـێـژووی نووسـینی بەرهەمـەکـان هەریەکـەیان ڕەنگدانەوەی کـات و زەمـەنی خـۆیەتی ئاشکراشـە کـە بۆ کـاتی لێکۆڵـینەوە گرنگە سـەردەم و کـاتی نووسـینەکـەی بزانرێت، چونکە ڕەنگدانەوە ژیانی منداڵێتی ئەو سەردەم و قۆناغە دیاری دەکات.

ل ٣٥١ - ٣٥٦:

مـامـۆسـتـا لە بەراوردی دراما و چیـرۆکدا کـۆمـەڵێک جیاوازی دیاری کردووە لە یەکێکیاندا دەڵێت لە درامادا لە لووتکەی ڕووداوەکـــەوە دەست پێ دەکــــات، دواتر ڕووداوەکـانی پێـوەندیدار بە ئەنجـامـەوە، یان بەئەنجـامی چەندین وردە ڕووداوی ترەوە کـە لە ئەنجـامی کـەڵەکـە بوونیانەوە گرێیەکی ئاڵۆزی لێ دروست بووە و نووسەری درامـا بە دواداچوونی بۆ دەکـات تا دەگـاتە دۆزینەوەی و گرێکە دەکاتەوە، بەڵام لە چیرۆکدا لە نووکەوە دەست پێ دەکـات و ئەم حـاڵـەتە بـۆ درامـاش دەشـێت و حـاڵـەتی دووەمیش بۆ چیـرۆکیش دەشێت، واتە لە هەردووکیاندا دەشـــێـت و بـووە لـە ســــەرەتـاوە دەست پێ بکـەن، یان ڕووداوی گرنـگ و بە هێزی هەڵبژێرن و چیـرۆکەکـە، یان درامـــاکــــەی پێ دەست پـێ بکـەن، دواتر ئەم بابەتە سـەبارەت بە چیـرۆک، یان درامـای منداڵ ناگـونجـێت، بەڵکو ئەوەی باسکراوە پێوەندی بە درامای گشتییەوە و چیـرۆکی گـشـتـیـیـەوە هەیە، واتە بۆ منداڵ ناشـێت. بۆ منداڵ وا باشترە چیرۆکەکە لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە، واتە لە نووکەوە دەست پێ بکات.

مـامـۆسـتـا لە باسکردنی بابەتەکـانی ئەدەبی منداڵدا هەمـیـشـە بە ئەدەبی ئاسـایی، ئەو ئەدەبەی بۆ گـەورانە دەست پێ دەکات و بە گشتیش قسـەدەکات، وەک چۆن لای کـورد و نەتەوەکـانی تر بەش و جـۆر و مـەبەست و بابەت و شـێـواز و ڕەگـەز و...تاد باس کـراوە، هەروا دەست پێ دەکــات و چەندان لاپەڕە بۆ هەر ژانرێک پڕ دەکـاتەوە، من ناڵێم ئەمـە بێ سـوودە، بەڵام بۆ ئێـرە ناشێت، چونکە باسەکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەدەبی منداڵەوە هەیە کە ئەدەبێکی جیایە و خـاوەنی سیـمـا و تایبەتمەندێتی خۆیەتی، بۆیە ئەگەر ڕاستەوخۆ سەبارەت بەو ئەدەبە و ژانرەکـانی قـسـەی بکردایە و ئەو چەندین لاپەڕەیەی تری باسکردنی تیـۆرتەسـەلی بابەتەکـە و پراکتیزەکردنی زیاتر لەسەر ژانرەکان بکردایە، بەکەڵکتر و تایبـەتتـر دەبوو. بۆ نموونە کـە دێتـە سـەر شـانۆگـەری منداڵان لە لاپەڕە ٣٤٦ -٣٨٢ واتە نزیکەی چل لاپەڕە باسی دەکـات، بە بێ ئەوەی باسی شـانۆگـەری منداڵان و هەلومـەرجی دروست بوون و جۆر و بابەت و هونەری ئەو

چەشنە ئەدەبە بکات، بەڵام کە دێتە سەر شانۆی منداڵی کورد تەنیا هەشت لاپەڕە لە لاپەڕە ٣٨٢ تا ٣٩٠ لە سەری قسەدەکات.

دەربارەی شانۆگەری منداڵی کورد چەندین هەوڵی داوە تا شانۆگەرییەکانی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم، کە خۆی واتەنی بۆ منداڵی داناوە و حەوت شانۆگەرییە دوای ڕاڤەکردنیان، بە تایبەتی دوانیان ئەوە دەردەخات کە ئەم شانۆگەرییانە نە بۆ منداڵن و نە منداڵ ڕۆڵی تێدا دەبینن و نە سوودیش بە منداڵ دەگەیەنن، بەڵکو لە زۆر باردا زیان بە منداڵ دەگەیەنن و فێری هەندێک کاری نابەجێیان دەکەن وەک فروفێڵ و کفرکردن...تاد مامۆستا حەمە کەریم هەر خۆی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە ئەم شانۆگەرییانە بۆ گەورە دەشێن نەک بۆ منداڵ، بۆیە دەبوایە خۆی ماندوونەکردایە و هەر لە سەرەتاوە بیوتایە ئەو شانۆگەرییانە بۆ منداڵ ناشێن. ئێمە دەست کورت و لاوازین لە بواری شانۆی منداڵدا، هەر لەم بوارەدا شانۆگەرییەکی تری مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمینی ڕاڤەکردووە، بۆ ئەویش هەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێت «ئەم کارە ناکەینە نموونەی شانۆگەری منداڵان» ل٣٩٠، دواتریش زیاتر جەخت لە لاوازی و ساکاری ئەم کارەش دەکاتەوە، کەواتە ڕاستودروست لەیەک پەرەگرافدا دەشیا بیوتایە ئێمە شانۆگەری منداڵمان لە پێش ڕاپەڕیندا نییە، بێجگە لە چەند هەوڵێکی ناتەواو و لاواز، کەواتە باسی شانۆگەری منداڵ لە پێش ڕاپەڕیندا زیادەیە و نزیکەی ٥٥ لاپەڕەی بە زیادە نووسیوە.

**هەندێ وردە تێبینی تر:**

١- لە باسکردنی شاعیراندا گەلێک شاعیری بە نموونە وەرگرتووە، بەڵام گەلێکیشی فەرامۆش کردووە و باسی نەکردوون.

٢- لە باسکردنی چیرۆکی منداڵاندا چەندان چیرۆکنووسی منداڵی فەرامۆش کردووە کە چیرۆکەکانیان بەچاپکراوی لە کتێبخانەی کوردیدا هەن.

٣- بێجگە لەمانە مامۆستا بە هیچ جۆرێک باسی لە بابەتی وتار بۆ منداڵان و ئۆپەرێت بۆ منداڵانی نەکردووە، کە ئاشکرایە دوو ژانری گرنگ و کاریگەرن لەسەر منداڵ و لە ئەدەبی کوردیدا چەندان وتاری ئامۆژگاری و ڕێنمایی هەیە، هەر لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموودەوە تا دواتر و ئۆپەرێتیش لە دیوانی شیعریدا چاپکراون بۆ منداڵان، بە تایبەتی لای ع.ع شەونم و کاکەی فەلاح چەندان ئۆپەرێتیان بۆ منداڵان نووسیوە..

هیوادارین لەم هەڵسەنگاندنەدا توانیبێتمان هەندێک کەموکورتی ئەو کتێبە (ئەدەبی منداڵانی کورد)ی مامۆستا (حەمە کەریم هەورامی)مان دیاری کردبێت و ناتەواوییەکانمان چاک کردبێت. بەمەبەستی زیاتر خزمەتی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی منداڵانی کورد.

**ئەنجام**

١- نووسەر پشتی بە زانیارییەکانی خۆی بەستووە و بە دەگمەن گەڕاوەتەوە سەر سەرچاوەی پێویست، ئەمەش وای کردووە کەموکورتییەکی زۆر لە کتێبەکەدا هەبێت.

٢- نووسەر پرۆگرامێک و میتودێکی دیاری کراوی پەیڕەو نەکردووە و ژانرەکانی ئەدەبی منداڵی تێکەڵ کردووە و نەیتوانیوە زانستییانە و بە جیا باسی هەریەکێکیان بکات.

٣- نووسەر زیاتر لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتەوە قسەی کردووە، لایەنی هونەری و شێواز و زمانی فەرامۆش کردووە، کە بۆ ئەدەبی منداڵ گرنگی تایبەتی هەیە.

٤- نووسەر ئەدەبی منداڵ و ئەدەبی گشتی تێکەڵ کردووە و جیای نەکردوونەتەوە کە ئاشکرایە هەریەکەیان سیما و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.

٥- لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی و گەشەی منداڵیدا هەڵەی زۆری کردووە و پشتی بە سەرچاوەی دەروونی و بۆچوونی زانایانی سایکۆلۆژی نەبەستووە، ئەمەش وای کردووە نەتوانێت بەرهەمەکان بە پێی تەمەن و حەز و ئارەزووی منداڵ باس بکات.

٦- لە باسکردنی شاعیر و چیرۆکنووساندا گەلێک شاعیر و چیرۆکنووسی فەرامۆش کردووە کە جێ پەنجەیان لەو بوارەدا دیارە و بەرهەمی چاپکراویان هەیە.

٧- بە گشتی بابەتی وتار و ئۆپەرێتی منداڵی باس نەکردووە کە دوو ژانری گرنگی ئەدەبی منداڵن.

٨- باسێکی زۆری سەبارەت بە درامای منداڵ کردووە، لە کاتێکدا کە لە پێش ڕاپەڕیندا بە دەگمەن درامای منداڵ بوونی هەبووە هەر خۆشی ئەم ڕاستییەی

وتووه.

**سەرچاوەكان:**


**بەزمانی كوردی:**

**١- ئەدەبی مندالآنی كـورد، حـەمـە كـەریم هەورامی - ب١ هەولێر، ٢٠٠٥.**

**٢- هونەرەكانی ئەدەب، د. شكریە ڕەسووڵ، هەولێر، ١٩٨٩.**

**٣- نەوبەهاری بچـوكـان و ئەحـمـەدی، صـادق بهـالددین، بەغداد، ١٩٨٥.**

**٤- شیـعـری مندالآن لە ئەدەبی كـوردیدا، د.فـازیل مـەجـیـد، سلێمانی ٢٠٠٤.**

**به زمانی عەرەبی:**

**١-ادب الاطفال، محمد علي الهرفي، القاهرة، ١٩٩٦.**

**٢-كـيف تكتب مـلاحظات، ت كـاظم سـعـدالدين، بغـداد ١٩٨٨.**

**٣-مدخل علم النفس، لندال، القاهرة، ١٩٨٠.**

**٤-علم النفس التربوي، عبدالمجيد نشواتي ١٩٩٨.**

**٥-علم النفس التكويني، صباح حنا مرزا، ١٩٨٨.**

**٥-ثقافة الاطفال، هادي نعمان الهيتي، الكويت، ١٩٨٨.**

**به زمانی فارسی:**

**ادبيات كودكان، د. علی اكبر شعاری نژاد، تهران ١٩٩٤.**


**پەراوێزەكان:**

**١- ئەدەبی منالآنی كورد، حمە كریم هەورامی ب١ ٢٠٠٥، ب ٢، ٢٠٠٧، هەولێر.**

**٢- هەمان سەرچاوە، ب١، ل٧.**

**٣- ئەدەبی منالآنی كورد، ب١، ل١٥.**

**٤- هەمان سەرچاوە.**

**٥- شیـعـری منالآن لە ئەدەبی كـوردیدا، د.فـازیل مـەجـیـد، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٤٤.**

**بۆ نموونە هەندێک سـەرچاوە لەو بوارەدا دەنووسین.. ١- علم النفس التربوي، عبدالمجيد نشـواتي، ١٩٩٨. ٢- مدخل علم النفس، لندال، القاهرة، ١٩٨٠. ٣-علم النفس التكويني صباح حنا مرزا، ١٩٨٨.**

**٦- كـيف تكتب مـلاحظات، ت كـاظم سـعـدالدين، بغـداد ١٩٨٨، ل٥٧.**

**٧- ثقافة الاطفال، هادي نعمان الهيتي، الكويت، ١٩٨٨، ل١٧٥.**

**٨- ادبيات كودكان، د. علی اكبر شعاری نژاد، تهران ١٩٩٤، ل٣٤.**

**٩- ادب الاطفال، مـحـمـد علي الهرفي، القـاهرة، ١٩٩٦، ل٢٨، هەروەها بڕوانە ثقافە الاطفال، هادي نعمان الهيتي، كويت ١٩٨٨، ل١٧٦.**

**١٠- بڕوانە شیعری منالآن لە ئەدەبی كوردیدا، ل٩٣.**

**١١- بڕوانـە هونـەرەكـــانی ئەدەب، د. شـكریە ڕەســـووڵ، هەولێـر١٩٨٩، ل١٠٦، هەروەها بڕوانە نەوبەهاری بچـوكـان و ئەحمەدی، صادق بهاالدين، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٠.**

# گێڕانەوەی نوێ لە کوردستاندا

# پێشمەرگە و ڕیالیزمی تەسک

محەمەد ڕەحیمیان
(بۆکان)

ڕۆمان وەک بەرهەمێکی ئەدەب بەردەوامی لێبڕا بوو و لە ژێر گوشاری ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی هەنگاو بە هەنگاو لە مەرگ بێ، لە کۆمەڵگایەکەوە سەری هەڵدا کە مەترسییەکانی داڕووخان و تێکچوون بێ و دەقاودەق خۆی بە جیهانی واقیع ببەستێتەوە. لە هەموو بوارەکاندا شوێنی داخستبوو. کۆمەڵگایەک کە بنەما فیۆدالیتەکەی ئیتر لە دەوامی و نەمانی خۆی نزیک دەبووەوە. لەو بارودۆخەدا کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و مێژوویی خەریکە قەوارە دەگرێ و پێکهاتەی کۆمەڵگایی تێکدەچێ و بەرەو گۆڕانێک دەچێ کە لە داهاتووی خۆیدا شوێن دەخاتە سەر کۆمەڵگای جیهانییەوە و ڕووداوگەلێکی گەورە و مێژوویی لێ دەکەوێتەوە.

لەو کەشوهەوایەدا ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی بۆ دەربڕینی ئەو جیهانە، ئەرکێکی گەورە وەئەستۆ دەگرێ. جیهانێک کە قەوارەی هونەری و ڕەوایی بە خۆوە دەگرێ و لە فۆرمێکی ڕەوایی و جوانیناسانەدا، مەودایەک لە نێوان خۆی و ئەو جیهانە واقیعەدا دروست دەکا. فۆرمێک کە ئەزموونەکانی جیهانی واقیع دەکا بە ئەزموونێکی هونەری و جیهانێکی تازە کە بە «جیهانی دەق»ی دەناسین. جیهانێک کە لەوێدا ڕووداو و کردار و قسەکان، نە ئایدیۆلوژیایەکی دۆگم و تاک ڕەهەندین و نە دروشمێکی کاتەکی و تاوگیرانەن. ڕەوایەتێکن کە نە لە ڕوانگە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان کورت دەبنەوە و نە ئەوەندەی ئاستی بڕیارنامە حزبی و سیاسییەکان خۆیان نزم دەکەنەوە. جیهانێک کە سیاسەت و فەلسەفە و کۆمەڵگا و مێژوو لەوێدا یەک دەگرنەوە. جیهانێک کە مرۆڤ بە جەستە و ڕوح و کردار، بە هەموو تایبەتمەندییە فەلسەفی و مێژوویی و کۆمەڵگایی و سیاسی و ئابوورییەکانییەوە، لەوێدا قوت دەبێتەوە، بۆیە ڕۆمان جیهانێکی چەند ڕەهەندییە لە پێکهاتەی ڕەوایەتدا.

«ریالیزم» سەرەکیترین شێوازی ڕەوایی بوو کە ڕۆمانی بۆرژوای مۆدێرن خۆی پێ دەردەبڕی. شێوازێک کە واقیع و مرۆڤ و ئەزموونەکانی وەک خۆی دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی دیلی جیهانی واقیع بێت.

«بەلزاک» بە شێوە ڕەواییەکی ڕیالیستی لە ڕۆمانی «جووتیاران»دا (١) ڕووخان و لە ناوچوونی بنەمای فیۆدالیتە و فەرهەنگی دەرەبەگایەتی لە کۆمەڵگای فەڕەنسا، ڕوون دەکاتەوە و پیشانی دەدا کە چۆن فەرهەنگ و بڕوای سەرمایەداری دزەی کردووەتە ناو هەموو گیانی ئەم کۆمەڵگایەوە، ئەگەرچی خودی «بەلزاک» هەڵوێستی دژ بە سەرمایەداری هەیە، بەڵام ڕیالیزمی ئەو ناتوانێ نکوڵی لە واقیعەکانی کۆمەڵگا بکات. لەم ڕۆمانەدا کە بە پێچەوانەی ویستی نووسەر، فەوتانی فەرهەنگ و کۆمەڵگای فیۆدالیتەی فەڕەنسا پێشبینی دەکرێ.

«تۆڵستۆی» لە ڕۆمانی «شەڕ و ئاشتی»دا باسی شکست و هەرەس هێنانی مۆسکۆ بە دەست ناپلیۆنەوە ڕەوایەت دەکا و هەڵوێستی دەرەبەگ و بارودۆخی فیۆدالی ئەو دەمی ڕووسیا و کۆمەڵناسی شەڕ دەگێڕێتەوە هەر وا کە «دەستۆیڤیسکی» لە «سزا و تاوان»دا سەبارەت بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە پچڕاوەکان و لارێییە کۆمەڵایەتییەکان بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی «ڕاسکۆڵنیکۆف»، دەدوێ.

«ریالیزم»ێک کە ئەم ڕۆمانانە پێی دەگێڕدرێتەوە، ئەو ڕیالیزمەیە کە «جۆرج لۆکاش» بە «ریالیزمی قەبە» دەیناسێنێ. ڕیالیزمێک کە بۆی دەلوێ خەسڵەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕەوانی و ڕامیاری و بزاڤ و ئاڵوگۆڕەکانی واقیعی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە پیشانی خوێنەر بدا، واتە ئەو خەسڵەتانە کە مێژوو و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و...تاد هەریەک لایەنێکی دەخەنە ژێر باس، لەم شێوە ڕەواییەدا هەموویان تێکڕا باس دەکرێن و بە شێوەیەکی زیندوو دەکەونە بەرچاو.

«ریالیزمی قەبە» بنەما ڕاستەقینە و ئێستایی و مێژووییەکانی کۆمەڵگا و پێگەی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەم بنەمایە و تانوپۆی هەرە پێچراوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و هۆیە مێژووییەکانی ئەم پێوەندییە دەردەخا. مرۆڤ بە خۆی و هەموو خولیا جەستەیی و ڕوحییەکان و توانست و سەرکەوتن و شکستەکانییەوە پیشان دەدا. مرۆڤێکی هەمەلایەنە کە وەک کەسێکی ناسیاو خوێنەر لە بیری ناکا، بگرە بەو پێوەندییە کە لەگەڵ ئەم مرۆڤە دەیبەستێ، گەلێ لە تایبەتمەندییەکانی خۆی وەک مرۆڤ بە مانا گشتییەکەی و مرۆڤ وەک کەسێکی تایبەتی،



بەلزاک

بناسێتەوە. ڕووداوەکانی «ریالیزمی قەبە» ڕووداوگەلێکی ئانوساتی و کتوپڕ نین، بەڵکو هەموو لە زەرووڕەیەکەوە هەڵدەقوڵێن. لێرەدا هەموو جۆرە ڕووداوێک مەنتیقی تایبەتی خۆی هەیە و نووسەر لە گۆڕەپانی ڕەواییدا ڕووداوە ئانوساتییەکانیش دەکا بە زەرووڕە و پێویستییەکی ناچارەکی کە دەبێ بقەومێن.

بەم پێشەکییەوە ئاوڕێک لە ڕەوتی ڕۆمان و کورتە چیرۆک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدەینەوە کە دیارە ئەم ژانرە ئەدەبییە لە کوردەواریدا ئەگەرچی گەلێک تایبەتمەندی مێژوویی و فەرهەنگی خۆی هەیە کە دەبێ لە هەر چەشنە باسێ ئەم تایبەتمەندییانە لە بەرچاو بگیرێ، بەڵام ناکرێ بەم بیانکەوە خۆمان لە لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی بخافڵێنین و نەیاندەین بە گژی بەرهەمە قەبەکانی جیهان و بە تیورییە ئەدەبییەکانەوە هەڵیان نەسەنگێنین.

بە دڵنیاییەوە هەبوونی چیرۆک بە مانا مۆدێرنەکەی واقیعێکی ئەدەبی ئەمرۆی ئێمەیە کە پێویستە بە شێوەیەکی واقیعبینانەوە هەڵیسەنگێنین و بزانین لە ڕەوتی مێژوویی خۆی چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتووە و چ پێگەیەکی وەبەر کەوتووە، هەروەها بە دەرخستنی لایەنە پۆزەتیڤەکانی و ناسینەوەی خەسارەکانی، ڕێگای گەشانەوەی زۆرتری بۆ خۆش بکەین.

شیکاری ڕەوتی مێژوویی ژانری ڕۆمان و کورتە

چیرۆک لە بواری ئەدەبی کوردی و هەڵسەنگاندنی پەرە و گەشەی ئەم ژانرانە و باسی غیابەکانیان، هەروەها بەراوردکاری ئەم بەرهەمانە، گەلێ دژوارە. بەشێک لە هۆیەکانی ئەو دژوارییانە کە دەکرێ بە خێرایی ئاماژەی پێ بکرێ بریتین لە:

١- دەرەکی بوونی ئەو پێویستیانەی کە بوونەتە هۆی داهێنان و خولقاندنی ئەو ژانرانە. (لە رۆژهەلاتی ژ٩ ل١٤ باسی «پێویستەی داهێنان»م کردووە.

٢- دابڕانی ئەو بەرهەمانە لە یەکتری و نەبوونی خەتێکی مێژوویی لە نێوانیاندا.

٣- کزبوونی ئەم بەرهەمانە لە باری شوێن دانان و شوێن داخستن لە بەرهەمە کوردییەکانی پاش و پێش خۆیان.

٤- لاوازی پێوەندییەکی دیالکتیکی لە نێوان کۆمەڵگا و ئەم بەرهەمانەدا.

٥- نەبوونی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کەرستە هەناوییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا.

٦- رەنگ نەدانەوەی ئاکاری راستەقینەی خەڵکی، لەم بەرهەمانە و شوێن دانەخستنی ئەو بەرهەمانە لە ئاکاری تاکەکەسی و کۆمەلایەتی و سیاسی خەڵکی، واتە غیابی پێوەندییەکی هونەری لە نێوان ئەم بەرهەمانە و کۆمەڵگای کوردەواری.

٧- کەم رەنگی سنووری جیهانی واقیع و جیهانی ئەو بەرهەمانە و...

٨- پەل کێشانی سیاسەتی جودا و زەوقی جیاواز بە سەر چیرۆکی کوردیدا لە چوار پارچەکە بە هۆی کاریگەری ئەدەبیاتی رەسمی عەرەبی و فارسی و تورکی لە ئەدەبی کوردیدا کە ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان بە شێوەیەکی جیاواز کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەبی رۆژئاواوە.

٩- پشت ئەستوور نەبوونی ئەم بەرهەمانە بە داڵدەیەکی مێژوویی.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەم هۆیانەوە تێ دەکۆشین خۆمان شۆڕکەینەوە ناو مێژووی چیرۆکی کوردی رۆژهەلات و ئەوندەی کە پێمان بکرێ رەوتی چیرۆک لەم بەشەی کوردستاندا بخەینە بەرباس و لەو بەرهەمە بەرچاوانە بدوێین کە خۆیان خستووەتە قوتابخانەی کوردەواری و سەرنجی خوێنەری کوردیان بەرەو لای خۆیان راکێشاوە.

کورتە رۆمانی پێشمەرگە وەک سەرەتای چیرۆکی نوێی رۆژهەلات لە لایەن رەحیمی قازییەوە لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی (١٩٥٥ز) بۆ یەکەمین جار و دوایین جاریش لە ساڵی ١٣٥٩ی هـ (١٩٨٠ز) بلاو کرایەوە. ئەم رۆمانە لەگەڵ سێ پێشەکی زۆر کورتدا، لە لایەن نووسەر عیزەددین مستەفا رەسووڵ و حەسەنی قزڵجی-یەوە لە چاپ دراوە.

حەکایەتی رۆمانەکە دەچێتەوە سەر کێشەی یەکێ لە رایەتە نەیارەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی لەگەڵ ئاغا و سەبارەت بە چەوسانەوەی گەل لە لایەن ئاغەواتەوە، هەروەها سەرەتای وریابوونەوەی کۆمەڵگا دژ بە ستەمی ئاغا و دەوڵەتی رەزا خان و سەرکەوتنی کۆماری مەهاباد و هەلاتنی ژاندارمە و تۆڵە ئەستێنی لە زوڵم و زۆری ئاغا و ژاندارمەکانی شا، دەدوێ.

ئەم رۆمانە لە یازدە بەشدا رەوایەت دەکرێ کە بریتین لە:

١- وەسفی کانی سەوزە و زستانی ئەو ساڵە (١٩٤٥) و کێشەی «مامەند»، باوکی «پیرۆت»ی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆک، لەگەڵ «قەرەنی ئاغا».

٢- وەسفی راوە کەروێشک و خۆتابین کردنی «قەرەنی ئاغا» بۆ کەروێشکە راوی سبەینێ.

٣- باسی شەونشینی «قەرەنی ئاغا» و سەرگورد «شمیران» سەرۆکی دایرەی ژاندارمی سەقز و باسی ئەو مەترسییانە کە ئاغا و دەسەلاتی ئەو دەمی ئێران لە کوردستاندا رووبەڕووی ببوونەوە، دواییش رێ کەوتنیان بۆ راوە کەروێشک.

٤- ئاشق بوونی «پیرۆت» بە «مروەت» بە یەکتر و جێژوانیان لە سەر کانی ئاوایی «کانی کیسەڵە».

٥- ناساندنی «مینەئاغا»ی «کانی کیسەڵە» و باسی داوێن پیسی ئەو و ئاشق بوونی بە «مروەت»ی خۆشەویستی «پیرۆت».

٦- وەسفی بەهاری ١٩٤١ و دەستدرێژی «مینە ئاغا» بۆ سەر «مروەت» و خۆکوژی «مروەت» لە حەیف ئەو کارەساتە ناموسییە.

٧- هاوینی ١٩٤١ و دەسکەوتەکانی پێشمەرگە لە کوردستان و کوژرانی سەرۆک ستادی سەقز بە دەستی «پیرۆت» و «شێرکۆ» برای «مروەت».

٨- کوژرانی «مینەئاغا» بە دەست «پیرۆت» و «شێرکۆ».

٩- رۆیشتنی «شێرکۆ» و «پیرۆت» بۆ مەهاباد و ئەندامەتیان لە کۆمەڵەی «ژ-ک»

١٠- کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٥ و سەرکەوتنی «ژ-ک» لە کوردستان و گەیشتنی بە دەسەلات.

١١- زستانی ١٩٤٥ و رزگاری سەقز و ناوچەکانی و هەلاتنی «قەرەنی ئاغا» و ژاندارمەکان بە جلوبەرگی ژنانەوە بۆ تاران و رەق هەلاتنی «مامەند»ی باوکی «پیرۆت» لە ئەشکەوتێکدا و رووبەڕووبوونەوەی «پیرۆت» لەگەڵ جەستەی رەق هەلاتووی باوکی و کۆتایی


چیرۆک.

کورتە ڕۆمانی «پێشمەرگە» وەک زۆربەی بەرهەمە گەورەکانی جیهان، گۆڕەپانی تێکەڵبوونی مێژوو و واقیعێکی مێژوویی و ئایدیۆلۆژیای سەردەم و هەڵوێستێکی هونەرییە لە پێناو کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە تێیدا خولقاوە. ئەم ڕۆمانەش هەروەک بەرهەمی «بەلزاک» و «ستاندال» و «تۆڵستۆی» بە شێوازێکی ڕیالیستی باسی ئەو کێشە و تەنگژانە دەکا کە کۆمەڵگا و مرۆڤی سەردەم لە گەڵیان دەستەوئێخەیە. ئەو نووسەرانەش وەک ئەرکێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ڕوو دەکەنە ئەم بوارە و بە شێوەی ڕەوایەت جیهانێکی تایبەت دەخولقێنن کە لە لایەکەوە جیهانێکی سەربەخۆیە و لە لایەکیشەوە مێژوویەکی ئەدەبییە سەبارەت بە جیهانی واقیع.

بە بەراوردکردنی ڕۆمانی «پێشمەرگە» لەگەڵ ئەو بەرهەمە کە ئاماژەی پێکرا، نامەوێ بڵێم ئەم ڕۆمانە دەرەقەتی خولقاندنی جیهانێکی تایبەتی خۆی هاتووە و لە ئاستی ئەو بەرهەمەدایە، بەڵکو نووسەری پێشمەرگە تێکۆشاوە بارودۆخی کۆمەڵگای خۆی بە زمانێکی ڕەوایی دەرببڕێ و وەک سەرەتایەک، گەلێ تایبەتمەندی ڕۆمانێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بگرێتە خۆوە، هەروەها لە باری ڕەوایی و داستانییەوە کەرستەگەلێ وەک ڕەوایەت و ڕووداو و پاڵەوان و دیالۆگی هەبێت.

ڕەوایەت لە کاتی ئێستادا دەست پێ دەکا. کاتی ئێستای ڕەوایی چیرۆکەکە زستانی ١٩٤٥ی زایینییە، «زستانی کوردستانە، هێندە سارد و سڕە کە کەمی ماوە خوێنی نێو ڕەگی مرۆیان بمەیینێ...» (٢) فەرمان و کردەکان لەم بەشەدا کاتی ئێستا نیشان دەدەن و تا کۆتایی بەشی سێ، کاتی ئێستا بەردەوامە و لە بەشی چوارەمەوە ڕا بە شێوەیەکی ڕەوایی و زۆر بە پوختی و بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ، ڕەوایەت دەگوێزرێتەوە کاتی ڕابردوو. کاتی ڕابردوو کە بەشی چوارەم تا دەیەم دەگرێتە خۆوە ساڵەکانی ١٩٤١ تا ١٩٤٤ ڕەوایەت دەکا و لەم بەشانەدا «پیرۆت» و«شێرکۆ» و ململانێیان لەگەڵ «ئاغا» ، هەروەها پێشمەرگە و کۆمەڵەی «ژ-ک» و ئامانجی سەرکردایەتی و ئەندامەکانی دەناسرێن و دیسان چیرۆک دەگەڕێتەوە کاتی ئێستای ڕەوایەتی خۆی و بە مەرگی «مامەند»ی باوکی «پیرۆت» کۆتایی پێ دێ کە لە سەرەتای چیرۆکەوە بەر غەزەبی ئاغا کەوتووە بۆ وەدەست هێنانی پاروە نانێک بەو چلەی زستانە وەدەر دەکەوێ و لە کۆتاییدا «پیرۆت» و پێشمەرگە هاوڕێکانی تەرمەکەی لە پێش ئەشکەوتێک دەبیننەوە.

ئەم ڕۆمانە کە بە ڕواڵەت بەسەرهاتی «مامەند»



تۆڵستۆی

دەگێڕێتەوە، دەبێتە بەستێنێک بۆ باسی زوڵموزۆری ئاغا و ئامانجەکانی کۆمەڵەی «ژ-ک» و دەربڕینی دەرد و نەهامەتی کورد بە دەستی ئاغا و دەسەڵاتی پاشایەتی.

نووسەر لەم شێوە ڕەواییەی خۆی توانیویەتی تەعلیقێک بۆ خوێنەر دروست بکا، هەروەها بە دەست پێک و کۆتاییەکی شیاو بەسەرهاتەکەی «مامەند» بخاتە چوارچێوەیەکی داستانییەوە.

ڕۆمانی پێشمەرگە بەسەرهاتی کابرایەکی مامەند ناو دەگێڕێتەوە کە لێمان ڕوون نییە کە ئایا بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە، یان ڕووداوێکی داستانییە، بەڵام ئەو بەشانەی کە سەبارەت بە پێشمەرگەو کۆمەڵەی «ژ-ک» دەگێڕدرێتەوە کات و شوێن و دەورگێڕەکانی ڕاستەقینەن و لەم بەشانەدا ئەوەی ڕەوایەت دەکرێ مێژووی کوردستانی ساڵی ١٩٤٥ـە.

بێ ئەوەی بمانەوێ بەبێ لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی مێژوویی و ئەدەبی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی کورد، ئەم کورتە ڕۆمانە لەگەڵ ئاسەواری ڕۆمان نووسانێک وەک «بەلزاک» و «فلوبێر» و«تۆڵستۆی» و«دەیستۆیڤیسکی» بەراورد بکەین و چاوەڕوانی ئەو شکۆمەندییە بین کە لەو ئاسەوارەدا هەیە، ناکرێ چاو لە کەموکورییەکانی ئەم بەرهەمە بپۆشین.

ڕەنگە ئەم ڕۆمانە تەنیا بەرهەمێک بێ کە لە نزیکترین کات (١٩٥٨) بە گەورەترین ڕووداوی مێژووی کورد یانێ کۆماری مەهاباد و شکستەکەی، لە لایەن یەکێک

له پێشمەرگەکانی کە هەڵوێستی تایبەتی سەبارەت بەم ڕووداوانە هەبووە، نووسراوە. ئێستا با ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ کە ئایا چۆن ئەم ڕۆمانە هێزی ئەوەی هەیە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕوحی و جەستەیی خەڵکی و ئەو کەشوهەوایە مێژووییە، لە ژانرێکی ئەدەبیدا بنوێنێ و وەک بەرهەمێکی نەمر پیشاندەری کاروباری ئەو دۆخە بێ؟ یان ئەو ڕۆمانە وەک دەقێک هەڵگری ئەوەیە کە نەوەکانی پاش کۆماری مەهاباد ڕاڤەی کۆمەڵایەتی و مێژوویییان بۆ ئەم بەرهەمە هەبێت؟ دیارە کەس چاوەڕوانی ئەوە نییە کە ڕۆمان بە مەبەستی دەربڕینی مێژوو و تەنگژەکانی و بوارە کۆمەڵایەتییەکان بنووسرێ، بەڵام خەسڵەتی هەر دەق و «ڕیالیزمێکی قەبە» سازدانی ئیستراتیژییەکە کە هەڵگری ئەم ڕاڤەگەلە بێ، چونکە هەر دەقێکی ڕیالیستی لە جیهانی خۆیدا مرۆڤێکی ڕاستەقینە و هەمەلایەنی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێ کە دەکرێ خەسڵەتەکانی مرۆڤێکی ڕاستەقینە بە ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و...تاد لێ بکەوێتەوە.

بەشێک لەو هۆیانەی کە پێشیان بە خولقاندنی جیهانێکی تایبەتی لەو ڕۆمانەدا گرتووە و لە «ڕیالیزمی قەبە» بێوەریان کردووە بە کورتی بریتین لە:

١- کەسەکانی ناو ڕۆمان، گەرچی ڕەنگە کەسگەلێکی جیهانی واقیع بن، بەڵام لەو دەورەی کە لەم ڕۆمانەدا دەیگێڕن، وەک تیپ دەرکەوتوون و کەسایەتییەکی داستانیان نییە.

٢- ئاکار و خوو و خدە و ئاخافتنی کەسەکان لە هەناوی خۆیانەوە هەڵناقوڵێن، بەڵکو لە هەڵوێست و ئایدیۆلۆژیای نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێ.

٣- کات و سات و شوێنەکان بە هۆی ئەوەی کە بە زمانێکی گوزارشتی وەسف دەکرێن، ناتوانن قەوارەیەکی ڕەوایی بگرنە خۆوە و ببنە کات و شوێنێکی داستانی.

٤- زەینی پێش ڕەوایەتی نووسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دەباتە پێشێ و بە مەنتیقێکی داستانی پێوەریان دەکا.

٥- ساکاری زمانی ڕەوایی کە زمانێکی حەکایەتییە کەسگەلێکی خولقاندووە کە پێگەیەکی زۆر ساکاریان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. دیارە ئەم زمانە ساکارە دەرەقەتی ئەفراندن و دەربڕینی کەسایەتییەکان بە ئاکاری پێچەڵاوپێچی دەروونی و جەستەیی لە پێوەندییەکی پێچراوەی کۆمەڵایەتیدا نایە:

«زستانی کوردستانە، هێندە سارد و سڕە کە کەمی ماوە خوێنی نێو ڕەگی مرۆیان بمەیێنێ. تف هەڵاوی دەبێتە سەهۆڵ و دەکەوێتە سەر عەرزەکە و وردوخاش دەبێ...» (٣)

«گوندی کانی سەوزە کە لە نزیک سەقز هەڵکەوتووە گوندێکی هەرەخۆش و بە دیمەنی کوردستانە، لە قەت پاڵی چیایەکی بەرز هەڵکەوتووە...» (٤)

«هاتوچووی زووزووی پیرۆت بۆکانی کیسەڵە و ئەو قام و گۆرانیانەی کە لە قەراغ کانییەکە بە دەنگێکی خۆش دەیکوت دڵی مروەتی هێندێک وەخرپە، خرپ خستبوو...» (٥)

«مروەت هێنە گریا و لە خۆیدا کە ئیتر فرمێسکی چاوی ویشک ببوو وە دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لە چاوی دەوەری عاسمانیش هەر جارەی کە چاوی بە دڵۆپە خوێنی وەک دەنکە هەناری ئەو شۆخ و شەنگە دەکەوت، پتر ئاوری تێ بەر دەبوو...» (٦)

ڕۆمانی پێشمەرگە، گەرچی دەرەقەتی دەربڕینی بوارگەلی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی و ڕەوانی و جەستەیی کوردی ڕۆژهەڵات نایەت، بەڵام لە لای ئەوەی کە بیەوێ بزانێ چیرۆک لەم ناوچەیە لە کوێوە دەستی پێ کردووە و چەندە لە چیرۆک بە مانا مۆدێرنەکەی نزیک بوەتەوە، بایەخێکی مێژوویی و ئەدەبی و ڕەوت ناسانەی هەیە.

**پەراوێز:**

**١- وەرگێڕانی ناوی ئەم ڕۆمانە بە «جوتیاران» بە هۆی جیاوازی شێوە و بنەمای فیۆدالیتەی ڕۆژئاوا و کوردستان ڕەنگە زۆر بە جێ نەبێ. لە فارسیدا بە «دهقانان»یان وەرگێڕاوەتەوە.**

**٢- قازی، ڕەحیم، پێشمەرگە، بنکەی تیشک، دووەم ١٣٥٩ ل١.**

**٣- پێشوو، ل١.**

**٤- پێشوو، ل٢-١.**

**٥- پێشوو، ل٢٥.**

**٦- پێشوو، ل٤٥.**

# شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لووتکەی هەڵچوونی کۆمەڵایەتی

شەریف فەلاح
(سلێمانی)

ئەگەر لە مەیدانی خەباتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کورددا بە خێرایی ئاوڕێک لە ڕۆڵ و کاریگەریی ژانری شیعر وەک کۆنترین هونەری کورد بدەینەوە، بێ هیچ ئەم لاو ئەولایەک ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شیعر لە ڕابردوودا ژانری باڵا و گوتاری زاڵ و توخمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواری بووە. شیعر بە هۆی تایبەتمەندیی "کێش و سەروا، ڕیتم و ئاهەنگ و لەبەر کردن" خێراتر ڕۆچووەتە زەینی بەردەنگ و لە ڕاستیدا هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردی لە سەپان و شوان و جووتیار و ئاغا و مەلا و هەژارەوە بگرە، هەتا دەوڵەمەند و خاوەن دەسمایە بوونەتە هاوەڵی ئەم هونەرە و لە کاتی حەسانەوە و شەوانی شەوچەرەی زستاندا وەک ڕابواردن و کات بەسەر بردن لێیان ڕوانیوە. هەرچەند لە ڕابردوودا بەیت و باو، سەربوردە، حەیران، لاوک و حیکایەتەکانیش دەوتران، بەڵام توخمی سەرەکی و بەشی هەرە زۆری ئەو ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆرەش دیسان هەر شیعر بووە، هەمان تایبەتمەندیی ڕیتمیکی شیعری، گێڕانەوەی دەروونی و چیرۆک ئاسایی بووە کە خەڵک و بەردەنگی کردووەتەوە ئۆگری خۆی.

ئەو جۆرە تێڕوانین و گۆشەنیگایە بۆ شیعر بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵ و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و نەتەوەیی پێ ببەخشرێ و وەک تریبوونێک بۆ ڕاگەیاندنی فیکر و هزری خاوەن ڕا و بیرمەندانی ئەو سەردەمە بێتە ئەژمار. ئەم ئەرک پێ بەخشینەش کەشێکی وای خوڵقاندووە کە بەشێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردیش بکەونە ناو بازنەی ئەم جۆرە شیعرەوە و لەبری ئەوەی کە لایەنی هونەر، ئستێتیکا و شیعرییەتی شیعر لەبەرچاو بگرن، زیاتر ناوەڕۆک و پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسییان



**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**

بەلاوە گرنگ بووە، ئەمەش بووەتە هۆی دروست بوونی دەروەستیی کۆمەڵایەتی و بەم ئاراستەیەدا شیعر و بەرهەمی ئەدەبییان خولقاندووە، بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کورد جیا لە گرنگیدان بە لایەنی سروشتگەرایی (ناتۆرالیزم) زۆر پابەند بوون بە خەم و ئازار و پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگا و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان و لە هەمبەر دیاردە و ڕووداوەکانی کۆمەڵگا و نەتەوەکەیاندا هەڵوێست و پەرچەکرداریان نواندووە. بەم پێشەکییەوە دەمەوێ لەم وتارە کورتەدا لەسەر لایەنی هەڵچوونی کۆمەڵایەتیی شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ئەو ئیلتیزام و دەروەستییەی کە شێخ ڕەزا لە هەمبەر کۆمەڵگا و نادادپەروەرییەکاندا هەیبووە، بدوێم. لەلایەکی دیکەشەوە بیروڕای خۆم لەمەڕ هۆکاری تووڕەبوون و هەڵچوونی ئەو شاعیرە مەزنەی کورد بخەمە ڕوو، کە بەداخەوە هەندێ کەس ئێستا بە نەرێنیی وەسف دەکەن، بەبێ ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی بابەتیانە، کۆمەڵناسانەیان لەو واقیع و سەردەمە هەبێت کە شێخ ڕەزای تێدا ژیاوە. سەرەتا دەبێ باس لەوە بکەین کە شێخ ڕەزا لە بنەماڵەیەکی شێخدا گەورە بووە و خاوەنی پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی بووە و بە جۆرێک جیا بووە لە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ. هەرچەند لەو سەردەمەشدا جیاوازیی توێژ و چینە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان کەشێکی وایان خولقاندبوو کە ئەدەب و ئاخاوتە و دەربڕینی توێژی باڵا لە توێژە هەژار و دەستەنگەکان جیا ببنەوە، بەڵام شێخ ڕەزا دژ بەم تێڕوانین و دابەشکردنە کۆمەڵایەتییە دەوەستێتەوە و لایەنگری توێژی هەژار و ستەملێکراوە و پشت لە نەریت و دابە باوەکانی بنەماڵە، شێخ، مەلا، عەشیرەت، هۆز و خێڵ و ئاغا و ئاغاوات دەکات و بە زمانی زبری هەجوو و تەوس و پلار ڕووی ڕاستییان دەخاتە ڕوو و کردەوە ناشیرینەکان لەقاو دەدات.

ئەوەی پتر لە گشت جێگای تێڕامان و هەڵوەستەیە، بوێری و لەخۆڕادیوبی شێخ ڕەزایە کە لەناو وەها بنەماڵەیەک و لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی مەزهەبی و ئایینیدا کە هەموو شتێکیان بە چاوی پیرۆز زانیوە و لادان لێیان بە کوفر لە قەڵەم دراوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە وەها کۆمەڵگایەکی تەواو ئیسلامی و نەریتیدا و لە کۆمەڵگایەکدا کە داگیرکراوی دەستی بێگانە بووە و چنگ نرابووە بینە قاقا و بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگای کوردەواری شکابوو، ئەو شاعیرە بلیمەت و نەترسە بۆ ڕەخنە و پلار گرتن لە نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەکان و ستەمی زاڵمان زمانێکی زبر و توانجی تێکەڵ بە تەنز هەڵبژاردووە. هەرچەند زمانی هەجووی شیعری شێخ ڕەزا پەردەکانی شەرم و شوورەیی و بڤە و تاپۆکانی دڕیوە و زۆر جار ئەوپەڕی بێ حورمەتی و سووکایەتیی بە بەرانبەر کردووە، بەڵام ئاخۆ چی وای لێ کردووە بەو چەشنە ڕەخنە بگرێت و کولوکۆی دڵی هەڵقرچاوی دامرکێنێتەوە؟ بێ گومان ئەو سەردەمە، هەروەها ئەو سنوور و دەڤەرەی کە شێخ ڕەزای تێدا ژیاوە لەژێر دەستی ئاغاوات و خان و بەگ و داگیرکەراندا بووە. شێخ ڕەزا لە ژیانیدا ئەوەندە بە تەنگی ماڵ و موڵک و سامانەوە نەبووە و بەو گوزەرانە دەروێشانەیەی کە باوکی لە ڕێگای تەکیەی تاڵەبانییەوە بۆی ئامادە دەکرد، قایل و ملکەچ بوو، بەڵام هەر لە ماوەی ژیانیدا بەهۆی بیروباوەڕی تایبەتی دەیویست لەو سنوورە تەسکەی ژیانی تەکیە و شێخایەتی بێتەدەر و بچێتە جیهانێکی فراوانترەوە. شێخ ڕەزا هەر لەو کاتەوە بەهۆی ئەو فەزا داخراو و دنیا بچووک و بەرتەسکەی ژیانی تەکیە و خانەقا و

شێخایەتی تۆوی ئەو توورە بوون و هەڵچوونە لە ناخیدا چەکەرە دەکات، بەڵام هەتا دوای مەرگی باوکی ناوێرێ بیدرکێنێ و بەهۆی جیابوونەوەی لە بنەماڵە و تۆرانی لە مام و کەسوکار و ترسی بەرەنجامەکانی دوارۆژی ئەم هەڵوێستە دەڵێ:

**ئەو ڕۆژە کە تۆراوم و لە کەرکووک سەفەرم کرد**
**مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد**
**گەردوون سینگی گردم و هێنامیە کۆیێ**
**میوانی لەکن مامە غەفووری لەجەرم کرد**
**خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سیاحەت**
**نەیهێشت و دوو سەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد**
**دانیشێ، نەچێ، من کچی خۆم مارە دەکەم لێی**
**ئەو تالبی دنیایە ئەوا موعتەبەرم کرد**

کەرکووک شاری شێخ ڕەزا بووە، باب و باپیر و هەموو بنەماڵە و خێزانی لەو شارە بوون و جوانترین و فراوانترین بەهەرمی هونەری و ئەدەبی لەوێ هەڵقولاوە، بەڵام هەرچی دەکرد ئەو بەهرە ئەدەبی و هونەرییەی لەو بازنەیەدا جێگای نەدبووەوە و دەیەویست بفڕێ، بۆیە لە شاری کەرکووک جێگای نەدەبووەوە و خوو و خەسڵەتی لەگەڵ ژیانی دەروێشانەی تەکیەدا نەدەگونجا، دەیویست نەتەنیا گەشتی وڵاتی عوسمانی و ئێران بکات، بەڵکو بە جیهاندا بگەڕێ و جاڕی هونەرمەندیی خۆی تێدا بڵاو بکاتەوە، کە کەرکووک بەجێ دەهێڵێ و لە مام و براکانی دەتۆرێ و دیسان دەگەڕێتەوە کەرکووک بەم چەشنە دێتە زمان و دەڵێ:

**بەم حاڵە ئەگەر دەفعەیێ تر بچمەوە کەرکووک**
**مەعلومە بە مەردی نەڕواوە لەسەرم تووک**
**بۆچ بچمەوە کەرکووکی قوڕمساغ کە لەگەڵ من**
**ئەهلی هەموو ناسازە وەک ئاوی حەمامووک**

هەرچەند بە بۆنەی کردەوەی کەسانی دانیشتووی کەرکووک و بەتایبەت بنەماڵەوە کەرکووک بەجێ دێڵێ، بەڵام دیسان هەر دڵی بۆ کەرکووک لێ دەدات، بە باشی ئەوە دەدەرکێنێ کە بۆچی تۆراوە و دەیەوێ دوور لە زێد و نیشتمان غەریبی دەچێژێت و دەڵێ لەبەر ئەوەی نەیویستووە سەر بۆ خزمانی دابنوێنێ و دەڵێ:

**پێم خۆشە، لەبەر جەوری برا و لۆمەیی ئەقوام**
**سەد جار لە غەریبی بکەوم و موفلیس و مەهتووک**
**ڕۆژێ! بە مرادی منیش ئەڵبەت دەگەڕێ چەرخ**
**ئەم میچە قەراری نییە گاهێ جگە گەهـ بووک**
**شەش مانگە زیاتر کە لەپاش مەرگی پدەرم من**
**مەغدوورم و مەزڵووم جەفادیدە و مەهتووک**

لەو سەردەمەدا بۆیە توانیویە لەو پێگە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەدا ئەو ڕیسکە بکات و ئەو سنوورە نەریتیانە ببەزێنێ، یەکەم بۆ خۆی وەک کەسایەتی بوێر و بێباک بووە، دووەم کۆمەڵگە ئایینی و مەزهەبییەکەی ئەوکات کە شێخ ڕەزا بەگژیدا چووە، وەک ئێستا پەلی نەهاویشتبووە ناو هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیان و تێکەڵ بە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی نەبوو و لایەنی تەسەوف و عیرفان و دەروونی و گەردوونی بوونی مرۆڤ و خواناسی لە ئێستا قووڵتر بوو، سێیەمیش شێخ ڕەزا سەرەتای توورە بوون و پەرچەکرداری لە بنەماڵە و کەسوکارە نزیکەکانی خۆیەوە دەست پێ کرد و دواتر پەلی بۆ دەوروبەر هاویشت، ئەمەش زیاتر ترسەکەی شکاند و بە جۆرێک پاساو بوو بۆ لۆمە نەکردنی لەلایەن دەوروبەرەوە.

شێخ ڕەزا، لە بنەماڵە و بەتایبەت شێخ عەلیی برای بێزار و توورەیە و دەڵێ:

**بێگانە هەموو ساحیبی جاهـ و جەبەرووتن**
**بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و ڕووتن**

شێخ ڕەزا لە شیعردا بەگژ زۆر شێخ، مەلا، ئاغا، خان، بەگ و گزیر و دەسەڵاتداران و سوڵتانەکانی عوسمانی و سیخوڕ، هەروەها زۆر بنەماڵەی ناودار، سەرۆک خێڵ و عەشیرە و هۆزی ناوچەکە وەک: تاڵەبانی، زەنگەنە، جەباری، داوودی، شوانی، جاف، هەروەها خەڵکی هەندێک شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردەواریدا چووەتەوە و ڕق و بێزاریی خۆی لە هەمبەر کرداری خراپ و نەگونجانی ئەواندا نواندووە و بەم چەشنە پەرچەکرداری خۆی نیشان داوە. سەردەمی گەنجێتی و هەرزەکاریی شێخ لەناو جۆرێک ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕابواردووە، لەلایەکەوە زیکر و خواپەرستیی دەروێشان و لەلایەکی دیکەشەوە کۆڕی مەلا و ڕۆشنبیران و پیاو ماقووڵانی شار و سەرۆک ئێلەکان، هەروەها مەجلیسی گاڵتە و گەپ، ئیتر زیرەک و وریا ئەو کەسەیە ئەم هەموو دژایەتی و بیرە جۆراوجۆرانە بقۆزێتەوە، تەنیا بلیمەتیی شێخ ڕەزا ئەم هەموو بیروڕایانەی قۆزتبووەوە و ببووە ئینسکلۆپیدیای بیروڕای تەسەوف و دەروێشیی

خواپەرستی و ڕۆشنبیری و ئەدەب و شیعر و گاڵتە و گەپ، لەم لاوە، لە سنە و سابلاغ و کرماشانەوە و لەولاوە تا ئیستەنبوڵ و لە باشووریشەوە تا بەغدا، زیرەکێکی وەک شێخ ڕەزا بووە کە هەنبانەیەکی هەمەڕەنگی لێ دەربێنێ، بەڵام سەرئەنجام کانیی ڕق و بێزاریی شێخ ڕەزا لە دەوروبەر دەتەقێتەوە و بۆ چاکسازی و هەوڵدان بۆ گۆڕان شێوازی هەجوو و گاڵتەوگەپ لە شیعردا هەڵدەبژێرێ. شێخ ڕەزا جیا لەباری هەجوو و تەنز و گاڵتەوگەپ لە شیعردا شارەزاییەکی زۆری لەبارەی لایەنی هونەر و ئستێتیکا و تایبەتمەندییەکانی وەک ئیماژ، کینایە، جیناس و خەسڵەتە سەرەکییەکانی شیعر هەم لە زمانی کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکیدا هەبووە و زۆر جار ئەو هونەرانەی تێکەڵ بە هەجوو و گاڵتە کردووە و هەم تووڕەیی خۆی دامرکاندووەتەوە و هەمیش شاکاری خوڵقاندووە، وەک ئەم شیعرە کە لەگەڵ مامە ساڵحی بووە:

**گەرچی فەقیر و موفلیسە "شێخ مامە ساڵحم"**
**نەمدی کەسێ وەک ئەو ساحیبی کەرەم**
**میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەردەمم**
**ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم**

ئاخۆ شێخ ڕەزا مەبەستی لە "مەمنوونی ئەو کەرەم" چییە ئەوەیە کە لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ:

**تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی "شێخ ساڵح"**
**بۆ دەکەی سەرزەنشتی کە "ڕەزا" هەججاوە**
**غایەتی بەندە، جنێوم بە دوو سێ کەس داوە**
**تۆ هەتا ئێستە بە قوربان، بە هەزارت داوە**

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە شێخ ڕەزا لە سەردەم و هەلومەرجێکدا توانیویەتی وەک شاعیر و هونەرمەندێکی بوێر و بە هەڵوێست لە هەمبەر درۆ، فێڵ و تەڵەکە و دزی و ستەمکاریی سیستمی فیۆدالی و خان و ئاغاوات و دەرەبەگ و شێخ و مەلا و دەسەڵات بەدەستدا ڕابوەستێ و دڕ بە تاریکی بدات و ڕچەیەک بشکێنێ کە نە تەنیا شاعیر و هۆزانڤانە هاوچەرخەکانی و دوای ئەویش نەیانتوانیوە شان لە شانی بدەن، بەڵکو نەشیان وێراوە شیعر و هەجووەکانی بۆ یەکتر بخوێننەوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوکاندا باسی لەبارەوە بکەن. زیاتر لە سەد ساڵ دوای مەرگی شاعیری بوێر شێخ ڕەزا لە بارودۆخێکدا کە توندوتیژی، شەڕ و ئاژاوە و مرۆڤ کوشتن و ستەم و نادادپەروەری و ئاڵۆزیی کۆمەڵگاکان، هەروەها دڕندەیی و خوێنمژیی دیکتاتۆرە بچووک و گەورەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی ترسناک، بەڵام شێخ ڕەزایەکی دیکە سەری هەڵنەداوە کە لە ئاست ئەم کۆمەڵگا نەخۆشەدا دەنگ هەڵبڕێ، چونکە ئایدیۆلۆژی و ئایین و مەزهەب و دیاردە حەرام و بڤەکان، جێگایان بە بیری دیموکراتیک و هێزە سیکۆلار و ئازادیخوازەکان تەنگ کردووە و ناهێڵن شێخ ڕەزاکان بێنە مەیدان، یان لەوانەیە زۆر بن ئەو شێخ ڕەزایانەی کە لەترسی فەتوا و جیهادی هێزی سەلەفی و دەمارگرژی بیرتەسک نەوێرن دەنگ هەڵبڕن و هەروا بە نهێنی و شاراوە لەناو گیرفانەوە تەوس و پلاری خۆیان بە شیعر و ئەدەب دەردەبڕن. بە هیوای ئەو ڕۆژەی کاروانی ڕاستی جڵەوی کۆمەڵگا بگرێتە دەست و مرۆڤایەتی بگاتە پەیام و خەونە دێرینەکەی کە هەمان هەقیقەت و ئازادییە.


**سەرچاوە:**

**شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕ و شیعری کۆکردنەوە و لێکدانەوەی د. موکەڕەم تاڵەبانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – ٢٠٠١.**

# ڕەوتی شیعری کوردی لە کۆنەوە تا ئێستا

محەمەد مستەفا زادە
(بانە)

گەلی کورد وەک گەلانی تر خاوەنی کولتوور و زمان و فەرهەنگێکی تایبەتی خۆیەتی، هونەریش وەک بەرهەمێکی ئینسان و مرۆڤ هێناویەتییە دی، بە دڵنیاییەوە تاکی کوردیش وەک مرۆڤێکی خاوەن هەست و خۆشەویستی و ئەزموون هیچ کات لەم بەرهەمە بێ بەهرە نەبووە. سروشت و شەڕ و شۆڕ و بە شێوەیەکی گشتی گەڕانی گەردوون لەسەر تاکەکانی کورد بێ کاریگەری نەبووە. ئەو کوردەی کە تا چاو بڕ دەکا لە مێژووی بێ دەرەتانی و لێ قەوماوی دەور و بەری تەنیوە و هەست و نەستی ئینسانەکانی بە خۆیەوە بەستۆتەوە. شیعریش وەک بەرهەمێکی تاکەکانی کۆمەڵگا، لە کاتە تاڵ و خۆش و ناخۆشەکانیدا، لە توانایی و بەرهەمی تاکی کورد بە دوور نەبووە، چ لە لایەلایەی دایکێکی خەواڵووی دیار بێشکەوە تا شاعیرێکی میللی ناسیاو، لە سەرەتاوە بە بۆڵەی بەرخۆوە و بەیت و باو و دواتریش بە دەست هێنانی ئەزموون و ئاهەنگێکی تایبەتی شیعر هاتە بەر چاوان. کاتێک شیعر هەر لە سەرەتاوە و بێ دارشتنی بەرنامەیەکی تایبەتی بە پێی پێویستی ئیحساس و دەروونی ئینسانەکان هاتە گۆڕەپانی نووسین و دەستاودەست و دەنگاودەنگ بە گوێی ئینسانەکانی تردا دەدرا، بەرە بەرە یەک شیعر لە ناو چەندین کۆمەڵدا جێی خۆی دەکردەوە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە شیعر وەک هونەرەکانی تر بە پێی جۆرێک لە پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، هەر لە خەڵکەوە دەستی پێ کرد و بەرانبەرەکەشی هەر خەڵکە و بۆ وان دەبێ. دەبینین لە ژیانی ئینسانەکاندا هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە و توانایی بیرکردنەوەو داهێنان و پتەوبوونی مێشک چۆتە



**شێخ نووری شێخ ساڵح**

قۆناغێکی ترەوە و بۆ سەرتر چووە، شیعر وەک بەرهەمێک لەم بەشەی توانایی مرۆڤ، ئەویش پێ بە پێی بە هێزتر بوونی ئەم تواناییانە چۆتە قۆناغێکی سەرترەوە و بە پێی کات و مێژوو ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە، هەرچەندی زەمانیش بەرەو پێش بچێ و ئەم تواناییانە پتەوتر ببنەوە، ئەوە شیعریش شان بە شانی ئەوان ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ، ئەمە بەو مانایە نییە کە شیعرێک لە هەر چەرخێکدا وترابێ، هەر بۆ ئەو چەرخەیە و دوای تێپەڕ بوونی زەمان دەمرێ، بەڵکو شیعر دەتوانێ وەک مێژوو مانەوە و زیندووبوونی زۆر بە نرخ بێ بۆ چین و بەرەکانی تری کۆمەڵگا، هەردەم کەڵکی لێ وەربگیرێ و لە لایەن مرۆڤەکانی سەردەمەوە بایەخی پێ بدرێ. هەروەک لە مێژووی گەلی ئێمەشدا، هونەر ڕۆڵێکی گرنگی لە دەورگێڕانی مێژوودا هەبووە، بۆیە زۆر لە هونەرەکان مێژوون، نامرن. ئەڵبەتە شیعرێک کە بۆ هەموو چینەکان بێ، نەک بەستراو بە کات و شوێنێکی دیاری کراوەوە.

شیعری کوردی بە تایبەتی لەم سەدەیەی دواییدا، جێیەکی زۆر گەورەی بۆ خۆی کردەوە و سیمایەکی پڕشنگداری لە خۆیدا نواند، بۆیە ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتوویی بە شێوەیەکی ڕووناک دێتە بەرچاو.

هەر لەم چەرخەشدا ساڵ بە ساڵ و کات بە کات پێشکەوتوویی و نوێ بوونەوەی شیعر، بە شێوەیەکی هەست پێ کراو و دەرکەوتوو دێتە بەر چاو، هەر وەک هێمن لە کتێبی "پاشەرۆک"دا ئاماژەی پێ دەکا و خۆیانی بە بەرەی سێیەم دێنێتە ئەژمار و دواتریش "ئیلخانی زادە" و "مەحموودی" و چەند کەسێکی تر بە دەستپێکی بەرەی چوارەم لە شیعردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسێنێ، دەشزانین لە شیعرەکانی «هێمن»دا نوێخوازییەک بە بەراورد لەگەڵ بەرەی پێش خۆی دەبینرێ، دواتریش لە شاعیرانی بەرەی چوارەمدا قۆناغێکی تازەتر، بە بڕوای منیش بەرەی دوای ئەوان، واتە بەرەی پێنجەم قۆناغێکی تر و قووڵترە.

شیعری هەر قۆناغێک ئەگەر ڕووبەڕووی پێشوازی جەماوەر بێتەوە و تا ڕادەیەک زیندووبوونی خۆی بسەلمێنێ، ئەوە هاوچەرخە و نوێ بۆتەوە؛ با لە هەر قەد و قەوارەیەکی شیعریدا بێ، ئیتر هیچ کێشە لەسەر نوێ و کۆن لە گۆڕێدا نامێنێ، چۆن شیعر بۆ خەڵک و شیعری هاوچەرخیش هەر خەڵکی هاوچەرخ و داهاتوو ڕای لەسەر دەدا و بەرهەم بە هاوچەرخ دەناسێنێ، با مشتومڕی هونەر بە دەستانیش هەر بەردەوام بمێنێ.

وەک دەزانین لە ناو شاعیرانی کوردی هاوچەرخی خۆماندا دووبەرەکی، یان دەکرێ بڵێم چەند بەرەکی (ئەگەرچی وشەیەکی زۆر جوان نییە) هاتۆتە گۆڕێ، یەک بەوی دەڵێ کۆن، یەکی تر بەمی دەڵێ نوێخواز! ئەم کێشەیە چۆنی چاو لێ دەکرێ؟ باس کردن لە هەموو خاڵەکانی ئەم تەوەرەیە کات و ساتێکی زۆری دەوێ و بە قەولی کورد وتەنی " ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ "، ئەوەش نا، بەڵکو تەنیا ڕای یەک تاک و دوو تاک، با شاعیرێکی باشیش بن، یان شیعریش جوان بناسن، ناتوانێ هەموو ئەو خاڵە گرنگانە بێنێتە بەر چاو. ئەگەر شتێکیشی لەسەر دەڵێین داکۆکی لەسەر ئەوە نییە کە ڕای جەماوەر و خەڵکی دەور و بەریشە، بەڵکو تەنیا ڕادەربڕین و بیرکردنەوەی یەک تاکە، جا خوێنەر و خەڵک دەنگی بخاتە پاڵ، یان نا، ئەوە هەر موختارە و چی دەڵێ سەربەخۆیە.

هەموو پێشکەوتن و تازەگەرییەک، چ زیهنییەتی مرۆڤەکان لەسەر هونەر و چ سیما و بینای هونەر، پێوەندییەکی پتەو و نەپساوەی بە دەوروبەر و سروشتەوە

هەیە؛ تا ڕادەیەک کە هەلومەرجی سروشت و کۆمەڵگا، گۆڕەپانی گەشەکردنی هونەر و ڕەوتە پێشکەوتووەکان دەستنیشان دەکا، کە تا لە سروشت و دنیای دەرەوە و دەوروبەردا؛ کەرستەکانی پێشکەوتن نەخرێنە بەردەست، مرۆڤانی ئەرکناس و خاوەن هەڵوێست ناتوانن بە شێوەیەکی ئەوتۆ دەست بە تازەگەرییەکان بگەیەنن.

شاعیران و نووسەرانی چین و توێژەکانی ئەورۆژی، شایەد ئەو پرسیارەیان بۆ بێتە پێش کە بۆ کورد، وەک گەلانی دەوروبەری بەرهەمی نووسراوەیی کۆنی کەمە؟ یان دەتوانین بڵێین لەم چەند سەدەیەی دواییدا نەبێ هیچ بەرهەمێکی نووسراوە لەبەر دەستدا نییە؟ بەڵام وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون و ئاشکرایە و بێ ترس و چون و چرا، دەتوانین بڵێین بێ دەرەتانی و سەرکوت کردن، کەلێنی ئەوەی پێ نەداوە کە ڕۆڵە خاوەن خامە و بە هەستەکانی، بەرهەمەکانی خۆیان بۆ بنووسرێ، یان کە بشنووسن بە ناچاری بە زمانێکی تر بێ.

دیارە نەتەوەی کورد لە مێژوودا بێ دەرەتانی تەنگی پێ هەڵچنیوە و نەتەوەکانی تر دەوریان داوە، ئەمەش هەل کوژییەکی حاشانەکراوە لەم گەلە، بەڵام نەتەوەی کورد، تەنانەت لەم تێک هەڵچوونییە زمانییەش کەڵکی وەرگرتووە و بە هەر هەوڵ و کوێرەوەرییەکیش بێ، هونەرەکەی خۆی بردۆتە ڕیزی نەتەوە دەست ئاوەڵا و پێشکەوتووەکانەوە.

دوای یەکەمین شەڕی جیهانی، شاعیرانی ناودار و ناوازەی کوردستانی باشوور، وەک: پیرەمێرد، بێکەس، شێخ نووری، گۆران و...زۆر ئازایانە و زانایانە ئاگاداری ئەدەبی وڵاتانی دەرەوە و دەوروبەر بوون. کە لەو سەروبەندەدا دوای ئەوەی تورکەکانی عوسمانی لەسەر کاریگەری ڕۆمانتیکی ئەوروپا، ڕێڕەوی ڕۆمانتیک بوون و نوێکاری و تازەگەرییان هێنایە نێو ئەدەبی خۆیانەوە، ئەو شاعیر و بیرمەندانەی کوردیش بە کەڵک وەرگرتن لە ڕۆمانتیکە تورکەکان، تا ڕادەیەکیش دەتوانین بڵێین بە لاسایی کردنەوە، ئەدەب و ڕۆمانی کوردییان بەرەو ئاستێکی بەرز برد، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسی وڵات، تێکڕا بەرهەمەکانیان نەچوونە ناو کاریگەری ئەو ڕەوتەی ئەدەبی بێگانەوە، بەڵکو دواتر شاعیرانی کورد خۆیان گەشەیان کرد و بەرەو زمانێکی تازەی ئەدەبی ڕۆیشتن.

لەو دەمەیدا شێخ نووری شێخ ساڵح، بە هۆی زانینی زمانی تورکی و دەست ئاوەڵاتر لە شاعیرانی دیکەی هاوچەرخی خۆی، وەک گۆران، بە دنیای ڕۆژنامەنووسی، کە خۆی سەرنووسەری ڕۆژنامەی " ڕۆژی کوردستان" بوو؛ توانی بە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانی تورکی عوسمانی وەک: تۆفیق فیکرەت، جەلال ساهر، نامیق کەمال؛ هەروەها ئەدیبی دیکەی تورک، عەبدولحەق حامد، ئەگەرچی لەو کاروانە نەبوو، بەڵام هەر کاریگەری لەسەر شێخ نووری هەبووە؛ کە ئەو ڕەوتە نوێیەی ئەو شاعیرانە لە سەری ڕۆیشتوون، بێنێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، ڕچەشکێنی نوێخوازی لە شیعری کوردی دوا بەرەی سێیەم، شێخ نووری شێخ ساڵحە. ئەوەش بڵێین کە گۆرانیش هەر هاوشانی شێخ نووری دەستی لەم نوێخوازییەدا هەبووە، بەڵام بە چەند هۆوە کە گۆران خۆیشی لە کتێبی "بەهەشت و یادگار"دا ئاماژەی پێ دەکات، ڕچەشکێن دەبێتە شێخ نووری، ئەوەش لەبەر دوو هۆیە؛ یەکەم: شێخ نووری کە بە دنیای ڕۆژنامەنووسی نزیکترە و توانیویەتی هەر لەو سەردەمەیدا بەرهەمە نوێیەکانی خۆی بڵاو بکاتەوە. دووەم: زۆری بەرهەمی شێخ نووری لە سەرەتادایە.

ئێستا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە شێخ نووری و گۆران؛ هەروەها شاراوە نەمێنێ، "ڕەشید نەجیب"یش هاوکات لەگەڵ ئەوان بە کاریگەری لە ئەدەبی تورکی، بوونە ڕچەشکێنی ئەو ڕەوتە لە ئەدەبی کوردی و لەسەر دەستی ئەوان کێشە عەرووزییەکان خرایە لا و خۆیان لە بەندی کێشی کۆن ڕزگار کرد و هیجایان لە فولکلۆری کوردی هێنایە کایەوە.

هەموومان دەزانین بەهۆی هەلومەرجێکی نالەبار، یان هەر کێشەیەکی ترەوە بێ، دوای حەزرەتی نالی و شاعیرانی سەردەمی ئەو، ئەدەبی کوردی بۆ ماوەیەک ڕاگیرا و هیچ ئاڵوگۆڕییەکی بە سەردا نەهات، بەڵام بە هاتنی شێخ نووری و گۆران و هاوڕێیانیانەوە، ئەدەبی کوردی چووە قۆناغێکی ترەوە و تازەگەری بە سیمای خۆیەوە لکاند. دوای ئەوانیش شاعیرانێکی وەک حەسیب قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر و...، ئەو ڕێبازە پەرەی پێ درا و هێزو تواناییەکی تری بە خۆوە گرت. بە هۆی یەک زمانی و کولتوور و مێژوو بوونی کوردانەوە؛ ئەو ڕەوتە دوای ماوەیەک خۆی هاویشتە ناو

کوردستانی ئێرانەوە و شاعیرانێکی وەک : مەحموودی، ئێلخانیزادە و... زوو زەین و فیکری خۆیان بۆ ئاوەڵا کرد و بە دوای ڕێبازی ڕەوتی نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی کەوتن. ئێستاش کە دەبینین لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەو ڕەوتە هەر دێت و بەرەو پێش دەچێ و لە لایەن شاعیران و ئەدیبانی هاوچەرخەوە بایەخی زۆرتری پێ دەدرێ.

لێرەدا پرسیارێک پێش دێ؛ ئایا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە دیسانەوە ڕەوتێکی ئاوا، بە ئەوها وەرچەرخان و گۆڕانێکەوە، لە ئەدەبی کوردستان بێتە گۆڕێ؛ کە سەرنجی ئەدیبان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و لە لایەن نووسەرانەوە بایەخی پێ بدرێ؟ بە بڕوای من وەڵامێکی گشتی بۆ ئەو پرسیارە نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین بە پێی بەرەوپێش چوونی کات و زەمان، هەروەها تەکنۆلۆژیای سەردەمەوە، ئەدەب و نووسراوەیش بەرەوپێش بچێ؛ جا چ لە قەد و قەوارەدا بێ، یان لە ناوەرۆک و ماناداو. ئەوەش ئەرکی هەر نووسەر و خاوەن هەستێکە کە تازەگەری بێنێتە ناو زمانەوە و زمانی بێژەری خۆی بەرەو ئاستێکی بەرزتر ببات، تاکە ئەرکی خۆی لە بەرەوپێش بردنی ڕەوتی ئەدەبی و زمانی نەتەوەکەی، بە جێ بێنێ.


**سەرچاوەکان:**

**١- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عەبدولواحید، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨، هەولێر.**

**٢- کتێبی پاشەڕۆک - هێمن.**

**٣- کتێبی بەهەشت و یادگار - گۆران.**

**٤- کتێبی کاروانی شیعری نوێی کوردی - کاکەی فەللاح.**

**٥- مارف خەزنەدار - لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی تازەوە، ١٩٦٧.**

**٦- کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامەی وەک: ژین، بەیان، بیری نوێ، بڕوا و...، کە بابەتە پێوەندیدارەکان لە کتێبە جۆربەجۆرەکاندا هاتوون.**

# ئەناتۆلی فڕانس
# (١٨٤٤ - ١٩٢٤)

مەکسیم گۆرکی
لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان سابیر خەیات

ئەگەر لێم بپرسن ئەوەی دەروونی فەڕەنسا ئیجابییانە لە دەروونی میللەتانی تر جیادەکاتەوە چییە؟ دەڵێم تاکی فەڕەنسی لە بیرکردنەوەیدا ئەوەندەی لە ڕەشبینییەوە دوورە، هێندەیش لە دەمارگیری دوورە. فەڕەنسییە گومانبەرەکان (skeptics) قوتابی (پرۆتاگۆراس) و (پیرهۆ) نین، بەڵکو قوتابی (سوقرات)ن.

هەموو کەس دەزانێ سوقرات سنووری بۆ حەز و ئارەزووی شێتانەی سۆفستاییەکان بۆ هێزی لەبن نەهاتووی هۆش دانا. ئەو سەلماندی بەرەڵلایی و ئاژاوەی هۆش، هەمیشە ڕووخێنەری ڕاستییەکانن کە لە نێو کتێبە بەرنامەییەکاندا بوونیان هەیە و بنچینەی ڕەوشت سازین، هەروەها سەلماندیشی کە ڕاستی بابەتی (objective truth) دەشێ وەدەست بهێنرێت. ئەگەر مرۆڤ خاوەن ئیرادەی خۆی بێت بە تەواوی ئازاد بێت لە بیرکردنەوەیدا بۆ ناسینی خود و ناسینی جیهان و پەی پێ بردنیان.

ڕەنگە زانیاری من دەربارەی مێژووی گەشەکردنی دەروونیی مرۆڤی فەڕەنسی ناکام بێ و هەڵسەنگاندنیشم هەڵە بێ، بەڵام ئەوەندەی کە دەیزانم، دەشێ لێهاتوویی تاکی فەڕەنسیم سەرکەوتووانە بۆ وێنا بکات کە هەم لە دەمارگیری دوورە و هەمیش لە ساردوسڕیی متمانە بەخۆییدا، هەروەها دوورە لە دەسگرتن بەم دۆگما و ئەو دۆگماوە بە شێوەیەکی ملهوڕ و بۆ ماوەی هەمیشەیی و دووریشە لە ئاخنینی بیر بۆ نێو کەناڵە تەسکوترووسکەکانی ئەم سیستم و ئەو سیستمەوە و لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە لێ پێچینەوە لە تێپەڕینی هێڵی سووری دۆگما و پیرۆزیی سیستمەکان. بە بۆچوونی من بیری (پرۆکرۆستین)ی دۆگما کە بە ناوی سازاندن بە زۆرەملێیی و بە هەڕەمەکی دەسەپێنرێت و ڕێگری لە ئازادی بیروڕا دەکات - تۆزقاڵێک جەماوەری نەورووژاندووە و لە فەڕەنسا لایەنگیری خەڵکێکی



ئەناتۆلی فرانس

ئەوتۆی مسۆگەر نەکردووە. من زۆرم لا سروشتییە ببینم ئەوە مرۆڤێکی فەرەنسی بێ بڵێت :"من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم".

دەسپێک لەگەڵ (ڕابیلێ) و (مۆنتێین) کە بە درێژی سەدەکاندا دەستی پشتگیرییان هەڵبڕی بۆ (ڤۆلتێر)ی گومانبەری فەرەنسی و هاوبیری سوقرات، بە پەرۆشەوە جەختیان کردە سەر ڕۆشنگەری (enlightenment). ڕابیلێ وەک ڕاوێژکار، ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد لە سروشت بکۆڵنەوە و وزەکانی بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ تەرخان بکەن. مۆنتێینیش دەیگوت "ئەو فەلسەفەیەی خۆی لە خەڵک دەشاردەوە" لە دەجەل و تەڵەکەبازی بەولاوە هیچی تر نەبوو.

من تەنانەت یەک دانە خەندەی (جۆناسان سویفت)م نایەتەوە بیر، کەچی (ڕابیلێ)ی ڕاهیب زۆر رووخۆشتر بوو لە کەسانی پێش خۆی و دوای خۆی تا ئەو ڕۆژەی کتێبەکەی کۆلاس برۆگۆن (Colas Breugon)ی ڕۆمان ڕۆڵاند هاتە کایەوە؛ پێکەنینی ڕابیلێیانە هەرگیز ڕاناوەستێ لە دەنگدانەوە لە سەرتاپای فەرەنسادا، پێکەنینی ڕاستەقینە یەکێکە لە نیشانەکانی ساغڵەمیی هۆش.

ئێمە لە وڵاتانی دیکە فەیلەسووفی ڕەشبین و شاعیری ڕەشبین دەبینین، بەڵام من ڕەشبینی ئەو کەسەی هەست بە ریسوابوون دەکات لە ئەنجامی بەدواداگەڕانی بێ هوودەی سازان (harmony) لە نێو جیهان و لە نێو خودی خۆیدا، پاشان هەڵچوونە نەفرەت لە خۆی و لە جیهان دەکات، جیا دەکەمەوە لەو جۆرە ڕەشبینییەی دەرەنجامی ملکەچبوونی بێ ئومێدیی بێ بۆ ئەو ئێشوئازارەی ڕوح و جەستە لە ژێریدا دەناڵێنن، ئێشوئازارێک هەموو کونجی دنیای گرتۆتەوە و دەنەڕێنێ بۆ تەفروتووناکردنی، بۆیە من ڕازیم بە ڕەشبینییەکەی (بۆدلێر)، کەچی ملکەچبوونی (لێینۆو) بۆ ئاژاوەی کینەداری ڕاستییەکان لای من هەمیشە شتێکی نامۆیە. من زۆرم حەز لە دووبارەکردنەوەی ئەو چەند وشەیەی (بەلزاک)ـە کە دەڵێ :"گەمژەیە وەک ڕاستی"چونکە وتەیەکی ڕاستە هەرچەندە تیزئامێزیشە.

دەشێ بشڵێم ئەوە لە فەرەنسایە کەوا "نوشوستیی ئەورووپا" و "هاتنی کۆتایی کولتووری ئەورووپی" کەمترین قسە و باسی لەسەر دەکرێ.

هەموو ئەو بەراوردکارییانە کە، بەڵکو بە ئاسانی پەرەبسێنێت و فراوانتریش بێت و گشت کایەکانی ژیان بگرێتەوە، زۆر زیاتر بن لە پێویستی خوێنەر، بەڵام کە قسە دێتە سەر لێهاتوویی ئەناتۆلی فرانس، ئەستەمە پیاو دەروونی گەل فەرامۆش بکات. (دەیستۆیڤسکی) و (تۆلستۆی) هەریەکە و بە شێوازی تایبەتی خۆی ڕوح و دەروونی گەلی رووسیایان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە نمایش کردووە. بە دیدی من ئەناتۆلی فرانسیش بە قووڵی و گشتگیرانە دەروونی فەرەنسییەکان بەرجەستە دەکات. لێکچواندنی لەم جۆرەیش دەشێ لە لایەن رووسیاوە ڕەت بکرێتەوە، بەڵام ڕەتکردنەوەکە بریتییە لە وتووێژ لەسەر حەز و ئارەزوو و هیچی تر. سەرەڕای ئەوەش ئەوە پلە و پایەی جوانسازی (aesthetics) نییە من بەراوردی دەکەم، بەڵکو تەنیا پێوەرێکە بۆ گوزارشت کردن لە دەروونی میللەتێک و بەلای منەوە ئەناتۆلی فرانس یەکسانە لەگەڵ سەرجەم مەزنترین بلیمەتەکانی جیهان. لێرەدا پێویستە ئەوەیش بگوترێت کە ئێمە کەسی دەروون ساغ، وەک کەسی سادە و ساکار سەیر دەکەین، ئەوەیش هەڵەیەکی گەورەیە و ڕوانینێکی زیانبەخشە و سەلمێنەری تەنیا حەز و ئارەزوویەکی ناساغە بۆ ژیان.

من قسە لە بارەی جوانیی هزری ئەناتۆلی فرانس ناکەم، لەبەر ئەوەی زمانەکەی نازانم، ناشتوانم قسە لە بارەی هێز و دەوڵەمەندی شێوازەکەی بکەم، هەرچەندە هەموو ئەو نیشانە و سروشتە نایابانەی بە تەواوی لە نێو کتێبە وەرگێڕدراوەکانی بۆ سەر زمانی رووسیش زۆر باش دیارن. ئەوەی لە هەموو خەسڵەتەکانی زیاتر کارم لێ دەکات، بوێری و ساغڵەمی دەروونەکەیەتی. بە ڕاستی

ئەوە کەسێکە نموونەی تەواوی پەندە کۆنەکەی لاتینییە کە دەڵێ "دەروونی ساغ لە نێو جەستەی ساغدایە mens sava in corpore sano"، ئەناتۆلی فرانس لە سەردەمی کارەساتە جەرگبڕەکاندا ژیا، لێ نایەتە بیرم ئەگەر بیرە تیژەکەی ئەو، هەڵسەنگاندنی بە هەڵەی ڕووداوەکانی کردبێ، کەچی پێویستیشە بڵێم لای من پێوەندی نێوان هەردوو هەڵوێستەکەی بەرانبەر بە جەنگ و بەرانبەر بە بیری کۆمۆنیزم هەرگیز هێندە ڕوون و ئاشکرا نەبووە. ئەناتۆلی فرانس پارێزبییەکی تەواوی ئەرستۆکراتییانەی دەکرد، ئەو خۆگرتنە وای لێکردبوو هەرگیز خەم و کەسەری دنیا لە خۆی بار نەکات، سکاڵا و ناڕەزایی دژی ئەم و ئەو بەرز نەکاتەوە و ئازارەکانی خودی خۆی لێرە و لەوێ بە خەڵک ڕانەگەیەنێ، هەرچەندە کەس گومانی لەو کەڵەپیاوە نییە خەموخەفەت و ئەشکەنجەیەکی زۆری چەشتبێ، نەک هەر سەبارەت بە کارکردنە بوێرانەکەی لەسەر کتێبی وەک (دوورگەی بەتریق). لە وتارەکەیدا دەربارەی (گومانبەری skep-ticism)، بەو شێوەیە باس لە چیرۆکی (شەمماس جۆن)ی دەکات: "کە قەشە گریگۆری بۆ ئیمپراتۆر (تراجان) گریا لەبەر ئەوەی گوایە تا هەتایە نەفرەتی لێکرابوو، خودا ڕوحی تراجانی ترازاند لە ئەشکەنجەی هەمیشەیی؛ سا ڕوحەکەی لە دۆزەخ مایەوە، بەڵام چیتر لەوێ ئەشکەنجە نەدرا."

بە مانەوەی لە نێو دۆزەخێکی پیسوپۆخڵ، بەڵام دامەزراو بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە لە لایەن چینە فەرمانڕەواکانی ئەوروپاوە، ئەناتۆلی فرانس، کە سیمایەکی ئەفسانەیی لەخۆ گرتبوو و ڕوحی مەزنی فەیلەسوفێکی دێرینی هەبوو، بە دیدە تیژەکەی هەموو شتی خراپی دەبینی و هەستی پێ دەکرد. بە لووتە زلەکەی شتە بۆگەنەکانی دۆزەخی بۆن دەکرد، هەرچەندە کەم و کاڵیش بوایە. سوقرات ئاسا، حەزی دەکرد خراپی لە نێو شتە باشەکانی ڕای گشتی بەدەر بخات و زۆر لێزانانە ئەنجامی دەدا. هەڵوێستی بەرانبەر بە کێشە خەمناکەکەی (دریفۆس) و ئەو نامەی لە بارەی لە سێدارەدانی (پۆل مارگریت)ی نووسی و زۆر شتی دیکەش، بە ڕوونی ئەوە پیشان دەدات کەوا کەمتەرخەمی و بەهەند هەڵنەگرتنی گەل و جیهان بە تەواوی دوور بوو لە گومانبەرییەکەی. بە شانازیبوونی بە (پیرهۆ)، بۆی دەرکەوت کەوا ڕێباز و ڕێنماییەکانی گومانبەری هەمووی "مەعنەوی و گریمانەیین".

هیچ کەس وەک ئەناتۆلی فرانس بڕوای بە ڕێژەیی باشی وخراپی بیرۆکەکانمان نەدەکرد. لە میانەی پێداچوونەوەی بە کتێبی (پیر ئێت جین)ی مۆپاساندا بە سووکە گاڵتەجارییی بیرمەندێکەوە گوتی: ئەو خەڵکە چەند "نەفام" بوون کە "ڕێژەیی" بە "ڕەها" یان لە قەڵەم دەدا.

بە بڕوای توندوتۆڵەوە دەیگوت "ئێمە یەک حەقیقەت دەناسین، ئەویش بیرمانە. ئەوە بیرەکەمانە کە جیهان دادەهێنێ." بە دڵسۆزی و بەبێ پێچوپەنا بڕوای بە یەک ڕاستی هەبوو ئەویش جوانیی بوو. لە پێداچوونەوەیدا بە کتێبەکەی مامۆستا (بۆردوو) بە ناوونیشانی (تاوانەکانی مێژوو) بە وتە زیرینەکانی وتی: ئەگەر "جوانی "و "ڕاستی"م لەپێش دابنرێن، ئەوە بەبێ دوودڵی "جوانی" هەڵدەبژێرم کە بێ گومان ڕاستییەکی بەرزتر و قووڵترە کە خودی "ڕاستی" لەخۆ دەگرێت.

جوانسازی لای ئەناتۆلی فرانس ڕەوشتسازی بوو – ڕەوشتسازی ئاییندە. ئەو، لە نێو دادپەروەریدا، بەر لە هەموو شتێک، جوانی بەدی دەکرد و زۆر ژیرانە پێشبینی کرد کە ژیان ئەو کات دادپەروەر دەبێت ئەگەر بە جوانی تێرکرابێ. بە بۆچوونی من، تەنانەت بیریش لای ئەو نرخ و بەهای خۆی هەبوو، چونکە یەکێک بوو لە شیاوترین ئامراز بۆ بەرجەستەکردنی جوانیی دەروونی مرۆڤ، کەچی خودی خۆیشی هەرگیز هەستی نەدەکرد کە ئەویش یەکێکە لە ئامرازەکانی بیر کە گیانەوەرێکی پاشکۆی ئەوە و نە بیر و نە زیرەکیش هەرگیز نابێتە بت بۆ ئەو.

بە دیدی من، ئەناتۆلی فرانس فەرمانڕەوای بیر بوو، هێنایە ئاراوە، بەخێوی کرد و پۆشاکی بە وشەی جوان و ڕێک چنییەوە و کردییە بەری و بە شۆخوشەنگییەوە هێنایە دنیاوە: کەیف خۆش و چالاک و دەم بە خەندەی گاڵتەئامێز بوو، بەڵام دوور لە ڕق و کینە. ئەو کۆنترۆڵی یارییەکانی هەڵبەزە و دابەزەی دەکرد، بە ئاسانکاری مۆسیقاژەنێکی بلیمەت کە ڕابەری ئۆرکسترایەک بوو بە سەرجەم ئەندامەکانییەوە. ئەوانە خۆیان بە کارامەی بێ وێنە دەزانن و بە ڕادەی گێرەشێوێنی خودییانە ڕەفتار دەکەن.

زیرەکی، وەک هەر شتێکی دی لەو جیهانەدا لەبەر عەوداڵی بۆ ئاشتی و ئاسوودەیی، زۆر جار و زۆر بە خێرا و زۆر لەخۆباییانە و بێ شەرمانە دۆگما و تیور و سیستمەکان دووپات دەکاتەوە و دەیانچەسپێنێ؛ کەواتە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم ئازادیی زێدە کارکردنی بیر لەسەر قووڵکردن و فرەوانکردنی بیرۆکەکانمان. من زۆر جار وا خەیاڵ دەکەم کە ئەناتۆلی فرانس زیرەکی وەک گیانەوەرێکی زۆر سەیر بە شێوەی جەستەیی دەهاتە بەرچاو: سەروچاوێکی گرژ و تووڕەی پاسەوانێکی دۆزەخی هەبوو لە هەندێ ڕووەوە لە جاڵجاڵۆکەی باڵدار دەچوو کە سەرقاڵی ڕاوە مرۆڤ بوو بە تۆڕی توندوتۆڵی

ڕاستییە هەمەجۆرەکانەوە. ئا بەو شێوەیە ئیرادەی مرۆڤی بەند دەکرد و نەیدەهێشت جیهان بناسێت و پەی پێ ببات. ئەناتۆلی بە گاڵتەجاڕییەوە پێکەنی کە بینی بەشێک وا لە کێشمەکێشدایە بۆ بەندکردنی تەواوی پێکهاتەیەک.

ئەگەر ئەناتۆلی فڕانس ناوبنرێت بە عەقڵانی (rationalist)، ئەوە ئەو عەقڵانییە بووە کە وەک شێرێک ڕاهێنانی بە هۆش (زیرەکی)ی کردووە، یان مارێک. ئەو زۆر حەزی دەکرد یاری بە زیرەکی بکات، وتووێژی لەگەڵدا بکات و پێی ڕابوێرێت و جاڕسی بکات. بە سادە و ساکارییەوە کە من ناوی دەنێم بلیمەتی، یان داهێنان، ئەو بە بەردەوامی ئاماژەی بە بێ متمانەیی ڕاستییەکان دەکرد، کەچی هۆش پێی لەسەریان دادەگرت. زەبرەکانی لۆژیکی ئەو پیاوە زۆر بەهێز بوون بە تایبەتی کە ئاراستەی "ڕاستییەکانی نێو دەفتەر"ی بەرگ ڕەق و ئەستوور دەکران. من کەس ناناسم کە گاڵتە ڕەواکانی ئەو پیاوە فەڕەنسییە مەزنە نەیگرتبێتەوە. بە هەمان شێوە، هەر شتێک کە (مامۆستا کۆیگنار) لەسەری دوا، هەر شتێک لەسەر "گۆشت برژێنەری شاژن"دا گوترا، بوو بە خۆڵەمێش، هەروەها بناغە شلۆق و مەترسیداری گشت پەند و پرەنسیپەکانی ئاشکرا کرد.

هەست دەکەم ئەو دەنگە دەنگی ئەناتۆلی فڕانس بێ وا بە پەرۆشەوە ڕێز لە هۆش دەگرێ، کە هاوکارەکەیەتی لە یاریدا، وەک فەڕەنسییەکی بەڕێز و خۆش ڕەفتارەوە ئاراستەی دەکات.

"ئاخ، بەڵێ، تۆ، سینیۆر، بە ڕاستی گەورەی تۆ، بێ گومان نایابی، لێ وێڕای تەمەن گەورەییت، هێشتا یەجگار گەنجی و گەهانی ڕەها * هێشتا لە تۆ دوورە. تۆ بەڕاستی یاخیبوویەکی باشی، بەڵام هەندێ جار وای دەبینم یاخیبوونەکەت لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ و شەیدابوونتە بۆ دۆزینەوەی ئاسوودەیی لە نێو هێلانەی گەرم و نەرمی ڕاستیدا. تۆش ئەوەندەی تامەزرۆی ئەو ئاسوودەییەی، هێندە توانادار نیت دان بەخۆتدا بگری. تۆ هێشتا دەبێ زۆرتر و زۆر ئازایانەتر بکۆشی و گریمانەی جەدەلی لات پێویستتر بێ لە چاکووشی ڕووت و ساکاری دۆگما."

پێویست بە وتن ناکات کە لە نێو تاجە شکۆدارەکەی فەڕەنسادا، ئەو وڵاتەی کە بەهرە تێیدا شتێکی دەگمەن و سەیر نییە، ناوی ئەناتۆلی فڕانس بۆ سەدان ساڵ دەدرەوشێتەوە. ئەو کەسانەی کە بڕیاریان دا تەنیا دوو وشە لەسەر کێڵی ئەو هۆشمەندە هەڵکۆڵن – ئەناتۆلی فڕانس – بڕیارەکەیان ژیرانە بوو. ئەو دوو وشە پڕ لە مانایە، گەورەیی پیاوەکە دەگەیەنێ کە جیهانمانی بە گەنجینەی بەهرەکەی دەوڵەمەند کردووە، تا بتوانین بە ڕاستی لە هونەرەکەی و لە پەیکەرە سەرنج ڕاکێشەکەی بگەین و بینرخێنین.

*** گەهانی ڕەها : الکمال المطلق**

**سەرچاوە:**

**کتێبی:**

**Maxim Gorky volume X On Literature About Anatole France. Translated by: Olga Shartse.**

**کتێبی مەکسیم گۆرکی – بەرگی (١٠) لەبارەی ئەدەبەوە. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «پێشکەوتن»، مۆسکۆ ١٩٨٢، ل ١٨١ – ١٨٧. وەرگێڕ لە ڕووسییەوە: ئۆڵگا شارتسە.**

# میتافیزیک لە جیهاندیدی (ڕینێ دیکارت)دا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان هیگڵی گەورە و مەزن لە شاکاری «چەند وانەیەک لە بارەی مێژووی فەلسەفە»وە دەڵێ: دیکارت دەستپێکی ڕاستەقینەی فەلسەفەی نوێیە.. گۆڕانێکی ڕیشەیی لە فەلسەفەدا کردووە، قۆناغێکی نوێی فەلسەفەی دەست پێ کردووە.(١)

مەبەستی هیگڵ لێرەدا ئەوەیە، دیکارت ڕێچکەی پرۆسەی باوی فەلسەفەی پێش خۆی شکاندووە بەوەی بیر و بیرکردنەوەی کردووە بە بنەما و لێیەوە هەنگاوی هەڵگرتووە. ئەمە چی دەگەیەنێ و دەکرێ چۆن ڕوون بکرێتەوە؟ تا چەند ئەو ڕێچکە شکاندنە لە میتافیزیکەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە؟!

تا سەردەمی دیکارت، بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و لەسەردەمی ئەودا، هەمیشە دەوروبەر، سروشت کراوە بە بابەت و بەڵگەی بوونی ڕەب و خودی مرۆڤ. دیکارت هاوکێشەکەی پێچەوانە کردۆتەوە، بە جۆرە گومانێکی میتودەیی- ڕێبازییانە دەستی پێ کردووە و خودی خۆی کردووە بە بەڵگەی بوونی خۆی و لەوێوە بەرەوپێش چووە بۆ پشت ڕاست کردنەوەی بوونی ڕەب. ئەو هەڵوێستە نوێیەی دیکارت لە فەلسەفەدا بەبێ چەند و چۆن و بێ ئەگەر و گومان، میتافیزیکەکەی لە ناوەرۆک و ڕوخساردا گۆڕیوە و بە تەواوەتی کاڵا کۆنەکەی لەبەر داماڵیوە و بەرگێکی دیکەی لەبەر کردووە کە لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا بێتەوە کە لە چوارچێوەی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەیدا ڕەنگی ڕشتووە.

بەلای دیکارتەوە (١٥٩٦-١٦٥٠ز) فەلسەفە درەختێکە:

- ڕەگەکانی میتافیزیکن.

– قەدەکەی زانستی سروشتییە.
– لق و پۆپەکانی زانستەکانی دیکەن.

کـــەوابوو فـــەلســـەفـــە وەک ســـەردەمی یۆنان، ئینسکلۆپیدییەکە هەموو بابەتەکانی هزری مرۆڤ لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەو بابەتە جیاوازانە بەپێی مەڵبەند و پلەو سوودبەخشیان لەیەکتری جیاوازن. هیچ نەمامێک بەبێ ڕەگـــوڕیشـــە شین نابێت و بەردەوام نابێ، کـــە وابوو میتافیزیک ڕەگوڕیشە و بنەمایە و هیچ لقێکی بەرهەمی چالاکی و بیـــر و ژیری مـــرۆڤ ناتوانێ و ناکـــرێ دەستبەرداری ببێ، بەڵام ڕەگوڕیشەو قەد بەرناگرن، ئەوی بەردەگرێ لق و پۆپەکانن کە لەلای دیکارت زانستەکانی دیکەن! بەڵام کـــۆکـــردنەوەی هەمـــوو ئەو بابەتانە لە درەختێکدا ئاماژەیە بە یەکڕەنگی و یەکپارچەیی زانینی مرۆڤ.

٢- لە جـــیـــهـــاندیدی دیکارت سێ خـــاڵ ســـەرنج ڕادەکێشن و تانوپۆی ڕێبازە فەلسەفەییەکەیان تەنیوە.

– کێشـەی بوون (ئۆنتـۆلۆژی) پاشەکشـەی کـردووە و پشکی شـێـر لە جـێگاکـەیدا بەر کـێـشـەی زانین (ئیپستمۆلۆژی) کەوت.

– کۆشاوە میـتـودەی بیرکـاری و ئەندازە، کە جێگای ئەوپەڕی دڵنیـاییـە و دەرفـەتی گـومـان نادات، بەسـەر میـتافیزیک بە تایبەتی و لە کایەی فەلسـەفەدا بەگشـتی جێبەجێ بکات، بۆیە لەلای ئەو کەڵە هزرمەندە سێ جۆرە دڵنیـایی کـردن (یەقین) بەدوای یەکـتـریدا هاتوون کـە گومانە میتودەییەکەیان ڕەواندۆتەوە:

– یەقینی هەبوونی دەروون، خۆ (ذات- نەفس).
– یەقینی هەبوونی ڕەب.
– یەقینی هەبوونی جیهانی دەوروبەر (سروشت).

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو جیهاندیدە فرە ڕەنگە جەنجاڵ و کـێـشـە ئامـێـزە وا پێـویـست دەکـات هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێش بچین وەک خۆی لە بەرهەمە فەلسەفەییەکاندا ڕەنگی ڕشتووە.

– گـومـان، مـیـتـودە، سـاغ کردنەوەی بوونی ڕەب. لەو پرۆســـەیەدا هەردوو چەمکی «درێژ بوونەوە Res ex-tensa و چەمکی بیـــرکـــردنەوە Rescogitans» کـــە خەسڵەتی دوو ڕەنگی و ژیرەکی فەلسـەفـەی دیکارتیـان بەگـشـتی دیار و دەسـتنیـشـان کـردووە سـەرپشکی بەدواداچوونەکەمان دەبن.



دیکارت

## میتودە

بارگـــۆڕین و وەرچەرخـــانەکـــەی دیکارت لەوەدا دەرکـەوتووە بابەتی «ڕەب» کـە کـەرەسـتـەی سـەرەکی فـەلسـەفـەی سـەدەکـانی ناوەڕاست «پێش خۆی بووە» بە بابەتی «مـرۆڤ» گـۆڕیویەتی، بە تایبـەتی بە (خـود)ی مرۆڤ. کەواتە ئەو هەنگاوە کامە بووە کە لە میـتـودەدا هەڵیـگرتووە کە لەگەڵ ئەو وەرچەرخانەدا بێتەوە. باشە ڕەب خۆی بابەتی فەلسـەفەیە، یان هی باوەڕ و ئیمان و (عەقیدە)یە وەک لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بووە؟ ئایا ئەو گـۆڕانە بەرەو پتـر دنیـایی بوونی فەلسەفەیە کە جاران سەرنجی سەروو سروشتی داوە و خۆی لەگەڵ خەریک کردووە؟ ئەو هەڵوێستـە تا چەند تایبەتی میتافیزیکەکەی دیار و دەستنیشان دەکات؟ ئایا ئەو بۆچوونە ڕاستـە کـە سـەرجەم فـەلسـەفـەی دیکارت دەخاتە خانەی میتافیزیکەوە؟! بەڵام کام میتافیزیک و بەچ واتایەک؟!

وەک ئاشکرایە و لە بەرهەمـەکـانیـدا دەردەکـەوێ، ڕێبـازی دیکارت ژیرەکـیـیـە. گـومـان لە ڕاسـتی داتاو هاوردەکـانی هەسـتـەکـان دەکـات و لە ناسـینی خۆخودی مرۆڤ خۆیەوە بەرەو ناسین و زانینی ڕەب هەنگاو دەنێ و

بەرەو پێش دەچێ.

بەلای ئەو فەیلەسووفەوە میتودەی ڕاست و دروست یەکەم هەنگاوی ڕاستە کە دەبێ لەسەر ڕێگای ڕاستەقینەی فەلسەفە کردندا هەڵبگیرێ و ئەو میتودەیە دەبێ چوارچێوەی گشتی چالاکی فەلسەفە کردنەکە دیار و دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو لەو دڵنیاییە (یەقینە)ی نزیک بکاتەوە کە نەک هەر دەستو پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکات، بەڵکو خولیاو شەیدایەتی.

– لە کتێبی بەناوبانگی «لەبارەی میتودەوە» دیکارت دوای ئەوەی باسی ئەوە دەکات کە ژیر ئەو شتەیە بە باشترین شێوە (بە عەدالەتی- دادپەروەریی) لە جیهاندا دابەش کراوە و هەموو کەسێک لەو باوەڕەدایە ئەمەی پێ بەخشراوە، دەچێتە سەر ئەوەی، لە بەشی دووەمدا، کە ساڵی (١٦١٩ز) لەناوچەی ئولم لە ئەڵمانیا لەگوندێک بووە، ئەوکاتە وەرزی زستانی پڕ سارد و سەرما بوو، بۆیە ناچار بووە لە ژوورەوە گۆشەگیر بێ و لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە کەرەستەیەکی ڕابواردنی لەبەردەستدا نەبووە، ئینجا بێ خەم و پەژارە و بێ ئارەزوو بووە، بۆیە دەرفەتی بۆ ڕەخساوە بەبیر و ناخی خۆیدا قووڵ بێتەوە(٢). لێرەوە گەیشتۆتە دوو ئەنجامی گرنگ:

**یەکەم:** هەمەجۆری و جیاوازیی بیروبۆچوون لە زانست و فەلسەفەدا دەبێتە مایەی بێ ئومێدی. بەلای دیکارت- وەک نموونە- خانووبەرە، چەند ئیشێک کە لە چەند بەش و پشک و پارچەیەک پێکهاتبن و بەدەستی وەستای جیاواز دروست کرابن، وەک ئەو ئیشوکارانەی وەستایەک بە تەنیا خۆی کردوونی تەواو کامڵ نابن.

**دووەم:** پشت ئەستوور بەوەی ژیر- فام- لە جیهاندا بەدادپەروەریی دابەش کراوە، زانینی ڕاست و ڕەواو گومان هەڵنەگری دڵنیایی لێ کراو، ئامانجی سەرەکییە، بۆیە دەبێ لە فەلسەفە و زانستدا، لە ئەرک و چالاکی توێژینەوەدا میتودەی ڕاستودروست بەکاربهێنرێ بۆ ئەوەی دەستەبەری زانینی ڕاستەقینە ببێ. ئەو میتودەیە دەبێ بە چوار بنەما، خاڵ- ڕێنمایی پشت ئەستوور بێ و پەیڕەویان بکات. ئەو چوار بنەما بنەڕەتییە بەو شێوازە لە بەشی دووەمی کتێبی میتودەدا هاتوون:

**یەکەم:** بنەمای بەرچاو ڕوونی: Evidenz.

هیچ جارێک شتێک بەڕاستی نەزانم، ئەگەر بە تەواوەتی دڵنیا نەبم لەوەی کە ڕاستە. واتە: خۆم لە بڕیاری خێراو پێشبیانە بپوێرم، لە بارەی هیچ شتێکەوە بڕیار نەدەم، ئەگەر بە ڕوون و ڕەوانی و ئاشکراییەکی ئەوتۆ نەکەوێتە بەر بیرم و نەیزانم کە دەرفەتی هیچ گومان لێ کردنێکی نادات.

**دووەم:** بنەمای شیکردنەوە: Analyse.

هەر کێشەیەک کە من بمەوێ لێی بکۆڵمەوە، بەپێی توانایی و بەپێی پێویست بەوەندە بەشەوە دابەشیان بکەم بۆ ئەوەی چارەسەرکردنەکە سووک و ئاسان بێت.


**سێیەم:** نەزم و ڕێکوپێک کردن: Ordnung.

بە جۆرێکی ڕێکوپێک بیر بکەمەوە، بە سادە و ئاسانترین شتێک کە لە تواناییدایە بزانرێ، دەست پێ بکەم بۆ ئەوەی پلە ئاسا ئەوانە بزانم کە لەچەند بەشێک پێکهاتوون، ئینجا نەزم و ڕێکوپێکی بخەمە نێو ئەو شتانەی بەشێوازی سروشتی بەدوای یەکتریدا دێن.

**چوارەم:** بنەمای ئامار و پێداچوونەوە:

لە هەموو شوێنێکدا پێداچوونەوەیەکی تەواوەتی و سەرژمێرییەکی سەرتاپاگیر بکەم بۆ ئەوەی دڵنیابم لەوەی هیچ شتێکم لەبیر نەچووە(٣).

دیکارت لەو چوار بنەما بنەڕەتییانەدا دەردەکەوێ کە لە پێوانەی لۆژیکی ئەرستۆ بە تایبەتی و لە لۆژیکی کلاسیک بەگشتی بێ ئومێد بووبێ و ڕووی لەبیرکاری کردبێ، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە ئیندەکشن (میتودە و ئامرازی زانستە ئەزموونییەکان) خراوەتە لاوە و پشت بە دیدەکشن (ئامرازی زانستییە ڕوخسارییەکان) بەستراوە. بیانووی ئەو بڕیارەی، ئەوە بووە گوایە ئامرازی زانستە ئەزموونییەکان ئەنجامی ڕێ تێچوون و هەندێک جار ناڕاست و چەوتی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام دیدەکشن کە بیرکاری و ئەندازە بەکاری دەهێنن دەستەبەری ئەوپەڕی بەرچاو ڕوونی و دڵنیایی دەبێ و هەموو ئەگەرو گومانێک کاڵ دەکاتەوە و دەرەوێنێتەوە. لەلایەکی ترەوە، داوای کردووە ژیر لەژێر دەسەڵاتی بڕیاری پێشبیانە و بۆ ماوەدا نەمێنێ و سەربەخۆیی خۆی لەبڕیاردا ساغ بکاتەوە، چونکە ئەو ئامرازی شیاوی گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینەیە. ئەو ڕەوشە پێویستی بە هێمنی و لەسەرخۆیی و پەلەنەکردنە لە بڕیارداندا. لە بنەمای دووەمدا دیکارت پێ لەسەر شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوە دادەگرێ بەو شێوازەی لەبیرکاریدا باوە. بەو



هیگڵ

ڕێگایە توێژەر دەست دەخاتە سەر هۆکاری ڕاستەقینەی بابەتە کێشە لەسەرەکەی توێژینەوە. لەبنەمای سێیەمدا ڕۆڵی بیرکاری بە تەواوەتی دەرکەوتووە کە جێبەجێ کردنەکەی دەبێتە مایەی ئەوەی توێژەر لە سادە و ساکارەوە بەرەو لێکدراوە هەنگاو هەڵگرێ.

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ، ئەوەیە تا چەند دیکارت لەبیرکردنەوە و بەرهەمەکانیداپابەندی بەو ڕێنماییە بنەڕەتییانەوە هەبووە؟

گومان لەوەدا نییە کە میتودە ئەوپەڕی گرنگە، چونکە نەخشەیەکی زانستییانە ڕەنگ دەڕێژێ و دەبێتە مایەی دوورکەوتنەوە لە هەڵە و بەلا ڕێگادا ڕۆیشتن.

## گومانی میتودەیی وەک بنەمای میتافیزیک

هیچ شارەزایەک لاری لەوە نییە کە گومان سەرەتای پرۆسەی دوورودرێژی زانینە، ئەوی گومان نەکات، سەرنج نادات و نابینێ، ئەوی نەبینێ لە تاریکی نەزانیندا دەمێنێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بووە بە بنەمایەک دەرفەتی هیچ ئەگەرێک نادات. ئایا دەکرێ زانست و زانین بەبێ گومان پێش بکەون؟! لە مێژووی فەلسەفەدا، ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە زانینەوە هەبووبێ، دوو جۆرە گومانی میتودەیی لە ئارادابوون:

- گومان کردن لە توانایی هەستەکان، بەو بیانووە کە بەپێی کات و هەلومەرج و ڕەوش دەگۆڕێن و ئەو داتاو هاوردانەی دەیدەنە دەست، دەگۆڕێ و جیاوازن. درەخت لە دوورەوە بچووک و لە نزیکەوە گەورە دێتە بەرچاو! لێرەدا ڕابەرانی ئەو ئاراستەیە پەنا دەبەنە بەر ژیر و بۆ هاتن و بەلایانەوە دەبێ زانین لە ڕێ تێچوون و ئەزموون بە دوور بگیرێ و سروشتی ڕەهایەکی دڵنیایی لێکردن بەخشی هەبێ.

- گومان کردن لەوەی ژیر بەتەنیاو بەبێ هەستەکان بتوانێ بڕیاری ڕاست و دروست بدات، بەڵگەی ئەو ئاراستەیە ئەوەیە زانین بەبێ ئەزموون و هەستەکان لە کردن نایەت، ئەگەر مرۆڤێک هەستێک لەدەست بدات، ئەو زانین و داتاو هاوردانەش لە دەست دەدات کە ئەو هەستە لە دەست دراوە دەیداتە دەست!

کەوابوو بۆچوونی دیکارت لە پرۆسەی ئەو گومانەدا دەخرێتە چ خانەیەک و چۆن پۆلێن دەکرێت؟!

ئەگەر مرۆڤ لەبەرهەمە فەلسەفەییەکانی دیکارت وردبێتەوە، بە تایبەتی شاکاری وردبوونەوەکان بۆی دەردەکەوێ کە گومانەکەی دیکارت گومانێکی تایبەتییە و دەکرێ بە میتودەیی ناوببرێ، چونکە دەیەوێ مێشک لەو بیروبۆچوونانە ڕزگار بکات کە مرۆڤ بەهۆی پەروەردەوە لە ڕێگای بۆ ماوەوە بۆی هاتوون و لە مێشکیدا جێگیر بوون و هیچ بنەمایەکی پتەوی دڵنیایی لێکردنیان نییە. ئەو جۆرە گومانە میتودەییە پێویست و گرنگە بۆ گەیشتنە ڕاستی (حەقیقەت) و بەرەوپێشچوونی هزری فەلسەفەیی. کەوابوو ئەو دڵنیاییەی دیکارت سەرگەرمی پێ گەیشتنیەتی لەو گومانەوە دەکەوێتەوە.

## خۆ بواردن لە بڕیاردانی خێرا

- لەسەرەتای وردبوونەوەی یەکەمدا (لەبارەی ئەوەی دەکرێ گومانی لێ بکرێ) دیکارت گوتوویەتی:

لەسەردەمی لاوێتیمدا بیروڕا و بۆچوونی زۆر و زەبەندەی هەڵەم وەرگرتووە و بەڕاستم دانابوون، بۆم دەرکەوتووە ئەوەی لەوساوە لەسەر ئەم بنچینەیە دامەزراند بوون، هەر دەبێ گومان لێکراوبن، بۆیە دەبێ جارێک لە ژیانمدا لە هەموو ئەو بیروڕایانەی لەمەوبەر بڕوام پێیان بووە، لە بنەڕەتەوە خۆمیان لێ ڕزگار بکەم و سەرلەنوێ

دەست پێ بکەمەوە. ئەگەر بمەوێ بنەڕەتێکی جێگیر و بەردەوام لە زانستەکاندا دابمەزرێنم(٤).

ئەو تێکستە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە هەستەکان بە تەواوەتی جێگای دڵنیایی کردن نین و دەکرێ بە «تەفرەدەر» ناوبنرێن، بۆیە وا باشە مرۆڤ لەو هەستانە دڵنیا نەبێت، تەنانەت ئەگەر لە ژیاندا جارێکیش هەڵیان خەڵەتاندبین، بۆیە دەبێ مرۆڤ بە سڵ و پارێز بێ، خۆی لە بڕیاردانی خێراو دەست و برد بپارێزێ.

دیکارت بە سڵ و پارێزەوە، گومان لە ڕاستی هاوردەی هەستەکان دەکات تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی گومان لە بوونی جیهانی دەوروبەریش بکات! ئەمە بەچی دەگات؟ بەلای دیکارتەوە ئەگەر گومان لە هەموو شتێک بکات، ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە گومان دەکات. گومان کردن پێویستی بە خۆیەک (خودێک – زاتێک) هەیە کە ئەو گومانە دەکات. ئەو ڕەوشە دەیگەیەنێتە ئەو ئاقارە کە مادام گومان دەکات، دەبێ هەبووبێ: من گومان دەکەم کەواتە من هەم(٥).

### کۆجیتۆ

ئەو قسەیەی دیکارت ئەگەرچی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە ئەو مۆدە کێیە، ئایا ئەو ئەوکەسەیە کە بە ناچاریی هەیە؟ ئیتر پێویستە لە ئێستاوە، لەگەڵ بوونی ئەو گومانە میتودەییەدا، بە ئاگا و هۆشیار بێ، نەوەک لێی تێک بچێ خۆی بە شتێکی تر بێتە بەرچاو. کەوابوو لەمەوبەر دیکارت خۆی بەچی داناوە؟ خۆی بە شتێکی بەڕاستی هەبوو، بەڵام چ شتێک؟ شتێکی بیرکەرەوە Res Cogitans.

دیکارت هەستی بەوە کردووە کە دەبێ مرۆڤ هۆشیار بێ، بۆ ئەوەی دڵنیابێ لەوەی ئەوەی دیوبەتی و دەیبیستێ و هەستی پێ دەکات خەون نییە، یان بە هەڵە نەچووە. بۆ نموونە کەسانێک هەن لە بیرکردنەوەدا، تەنانەت لە سادەترین بابەتی ئەندازەدا هەڵە دەکەن... هەروەها گوتوویەتی:

بۆم دەرکەوت ئەو بۆچوونانەی لە خەبەرڕبووندا هەمە، لەخەونیشدا بۆم دێن بەبێ ئەوەی یەکێکیان ڕاست و حەقیقەت بێ، بڕیارم دا هەموو ئەو شتانەی جارێک هاتوونەتە نێو مێشکم، ڕاستییەکەیان لەوێنەی تەفرەدەرە خەونەکانم بەولاوە نین، بەڵام دەستبەجێ هەستم پێ کرد، من کە بەو جۆرە بیردەکەمەوە هەموو شتێک هەڵەیە، من خۆم بە ناچارەکی خاوەنی ئەو بیرکردنەوەیەم، بۆیە دەبێ شتێک بم. ئیتر ئەمە وەک ڕاستییەک بۆم ساغ بۆوە:

من بیر دەکەمەوە، کەوابوو من هەم(٦) Cogito ergo sum

ئەوەیە ئەو داهێنانەی دیکارت کردوویەتی، لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست جیای کردۆتەوە و کردوویەتی بەدەستپێک و پێشەنگی بەهاری فەلسەفەی نوێ لە ئەورووپا.

ساغ کردنەوەی بوونی خۆیەک، خەسڵەتەکەی بیرکردنەوەیە پێش ئەوەی سەرنجی ڕەب و جیهانی دەوروبەری خۆی بدات! ئەمەش بەپێچەوانەی ڕەوش و دۆخی ئاساییە، مرۆڤ یەکەم جار دەوروبەر سەرنجی ڕادەکێشی و حەپەسانەکەی دەبێتە مایەی ئەوەی، لە هەنگاوی دووەمدا دوای سەرنجدانی دەرەوەی خۆی، بگەڕێتەوە سەر خودی خۆی و بەناخی خۆیدا ورد بێتەوە.

لە سەرەتادا دیکارت گومانی لە هەموو شتێک کردووە، داوای مشتومالّ کردنی ناخی دەروون و مێشکی کردووە، بیرۆکەکانی دەربارەی خۆی و شمەکی دەوروبەری شی کردۆتەوە بۆ ئەوەی ڕادەی ڕاستی و ڕوون و ڕەوانیانی بۆ دەربکەوێ، ئیتر گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی گومان لە بڕیارەکانی (حوکمەکانی) هەستەکان بکات، بەڵام دەکرێ ئەم هەستانە لە هەموو شتێکدا تەفرەمان بدەن و بە هەڵەمان بەرن؟ بۆ نموونە هەستەکان بەمرۆڤ دەڵێن دەست و قاچ و چاوت هەیە و دیکارت گوتەنی:

لەبەر ئاگردانەکە دانیشتووی و جلوبەرگی ماڵەوەت لەبەرە.

ئەو قسەیە وا دەگەیەنێ- جارێکی تر- کە ئەگەر مرۆڤ گومان لە بڕیار و هاوردەکانی هەستەکان بکات، ئەو گومانە نابێ ڕەهاو سنوور بەزێن بێ، چونکە ئەمە بە پێچەوانەی ژیرەوەیە و ناکرێ مرۆڤ گومان لەوە بکات کە خودی خۆی و ئەو شتانەی دەوروبەری دەزانێ.

ئەو گومانەی دیکارت کردوویەتی، ڕەها نییە، چونکە بۆتە مایەی ئەوەی خودی خۆی بناسێ، ئینجا بەهۆیەوە بوونی ڕەب و بوونی جیهانی دەوروبەر ساغ بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەو گومانە خۆی میتودەییە، چونکە کراوە بە ئامراز بەرەو مەبەستێکی دیاریکراو، خۆشی لە سێ ئاستدا ڕەنگی داوەتەوە:

أ- گومان کردن لە دڵنیایی (یەقین) بوون.
ب- گومان کردن لە ڕاستیودروستی شایەتی هەستەکان.
ج- گومان کردن لەوەی لەنێو ئەوەی بە خەون دەدیترێ و ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێ بڕیاری ڕوون و ئاشکراو ڕەوان بدرێ(٧).

بەڵام ئەو گومانە سێ ڕەهەندییە، بوونی گومانکارێک، بوونی خۆیەک ناچار و پێویست دەکات کە گومانەکە بکات. بەبێ بوونی ئەو خۆیە، گومانەکە لە کردن نایەت.

## بوونی ڕەب و جیهانی دەوروبەر

لەچوارچێوەی ئەو فەلسەفەیەدا کە مۆرکی سەرەکی میتافیزیک بووە، بابەتی بوون و نابوونی ڕەب کەرەستەی سەرەکی توێژینەوە بووە و خامەی ئەو فەیلەسوف و بیرمەند و لاهووتییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ و خەریک کردووە. دیکارتیش لەو ڕەوشە بەدەر نەبووە و کۆشاوە بوونی ڕەب و جیهانی دەوروبەر بە بەڵگەی فەلسەفە پشت ڕاست بکاتەوە. بەلای ئێمەوە ئەو پرسیارە گرنگ نییە ئایا بەڕاستی دیکارت ویستوویەتی ئەمە بکات؟ ئایا باوەڕی بە بوونی ئەو ڕەبەی مەسیح هەبووە، یان هەلومەرجی ئەو سەردەمەو ترسی ئەوەی کڵێسە دەستی لێ بوەشێنێ و ژیانی لێ بستێنێ و بەمەرەی فەیلەسوف و زاناکانی پێش خۆی بچێ، مایەی ئەو کۆششەی بووە؟

هەرچۆنێک بێ، لە سەرەتادا بە گومان دەستی پێ کردووە، باوەڕی تەنیا بەیەک شت ماوە: «هیچ شتێک نییە دڵنیایی (یەقین)ی لێ بکرێ». ئەو بنەمایە گەیاندوویەتییە ئەوەی بوونی خودی خۆی ساغ بکاتەوە و ئەو ساغ کردنەوەیە بە یەکەمین بنەمای دڵنیایی لێکراو دابنێ. ئیتر لەوەوە هەنگاوی ناوە، چونکە خۆی گوتەنی ئەو بنەمایە هەردوو مەرجی ڕەواندنەوەی گومان هەڵدەگرێ: ڕوون و ڕەوان و ئاشکرا و جیا و دیار.

دیکارت لەسەرەتای وردبوونەوەی دووەمیدا خۆی وەک ئەندازیار ئەرخەمیدس هاتۆتە بەرچاو، چۆن ئەو بیرمەندە ویستوویەتی خاڵێکی جێگیر و نەجووڵاوەی دەستگیر ببێ بۆ ئەوەی سەرانسەری زەوی لە جێگای خۆی ببزوێنێ، هەروەها ئەویش وای داناوە بۆی هەبێ دڵی پڕ لە هیوا و ئومێد بکات، شتێک بدۆزێتەوە دڵنیاو گومان لێ نەکراو بێ. ئەوەی لە کۆجیتۆدا «من بیردەکەمەوە کەوابوو من هەم» دۆزیوەتەوە، چونکە ئەو بنەمایە بێجگە لەوەی ئەوپەڕی ڕوون و ڕەوان و ئاشکرایە، ئەوەش ساغ دەکاتەوە کە مرۆڤ ناکرێ گومان بکات و خۆی نابوون بێ، ئەمەش یەکەم زانینی دڵنیایی لێ کراو (یەقینییە) کە دەستگیربووە، هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەو بنەمایە پێوەندی توندوتۆڵی دەستیاوی نێوان بیرکردنەوە و بوونی پشت ڕاست کردۆتەوە. کەوابوو بوونێک هەیە بیر دەکاتەوە. ئەو خۆیە چەندان بیروبۆچوونی هەیە و تێیدایە، دیکارت گوتوویەتی: مرۆڤ لە ناخی خۆیدا هەست بە بوونی چەند بیرۆکە و بۆچوونێک دەکات کە دەکرێن بەسێ جۆرەوە:

أ- ئەو بیرۆکانەی لە ناخی مرۆڤدا زگماکن.
ب- ئەو بیرۆکانەی بیانین و لە دەرەوە هاتوون.
ج- ئەو بیرۆکانەی مرۆڤ خۆی دای هێناون(٨).

جۆری دووەمی ئەو بیرۆکانە بەرجەستەی کەرەستەو بابەتەکانی دەرەکی، جیهانی دەوروبەر دەکەن، کە لە دەرەوەی خودی مرۆڤ هەن، ئێمە سروشت ئاسا وای دادەنێین، چونکە ئەو بیرۆکانە پابەندی خواستی مرۆڤ نین و سەربەخۆن. مرۆڤ لە ناخی خۆیدا مەیلی ئەوەی هەیە بڕوای پێیان هەبێ و پەسندیان بکات، چونکە ڕوون و ئاشکرا و دیارن و ئەوی ئەو خەسڵەتانەی تێدابێ، ناکرێ نکوڵی لە بوونی بکرێت و پەسندیان نەکات، ئینجا دیکارت لەسەرەتای وردبوونەوەی سێیەمدا، کە «دەربارەی بوونی ڕەببە» دەڵێ:

من جەوهەرێکی بیرکەرەوەم، گومان دەکات، پەسند دەکات، نا دەکات، کەم تێ دەگات، زۆر شت نازانێ، دەخوازێ، ناخوازێ ئەندێشە و هەستی هەیە(٩) کەوابوو من هەست دەکەم بوونەوەرێکی ناتەواوم، سنووردارم، کەموکوریم تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناخی دەروونمدا بیرۆکەیەکی ڕوون و ڕەوانی بوونەوەرێکی کامڵ و تەواو و بێ کۆتایی و بێ سنوور هەیە، ناکرێ من هۆکاری بوونی ئەو بیرۆکەیە بم، چونکە ناکرێ ئەنجام لە هۆکار تەواوتر و کاراتربێ، دەبێ هۆکاری ئەو بیرۆکەیە بوونەوەرێکی دەرەکی سنوور بەزێنی تەواو و کامڵ و بێ کۆتایی بێ، ئەویش ڕەب خۆیەتی، کەوابوو ڕەب هەیە. لەلایەکی ترەوە بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بەڵگەیە

دیکارت دەڵێ:

من لە ناخـمـدا بیـرۆکـەیەکم دەربارەی گـەوهەر هەیە، چونکە مـن خـــۆم گــــەوهەرم Substanz، بەڵام ئەوە بیرۆکەی گەوهەرێکی بێ کۆتایی نییە، چونکە من خۆم کـــۆتایی و سنووردارم، بۆیە دەبێ ئەو بیـــرۆکـــەیە لە گەوهەرێکەوە هاتبێ کە بە ڕاستی بێ کۆتاییە(١٠) ئەو گەوهەرە بێ کۆتاییە ڕەب خۆیەتی.

دیکارت لە مـیـتـافـیـزیکەکەیدا بەو پێیە سێ بابەتی سـەرەکی پشت ڕاست کردۆتەوە: بوونی خـودی نەفـسی خـۆی، بوونی ڕەب، ئینجـا لەوانەوە بوونی جـیـهـانی دەوروبەری ساغ کردۆتەوە.

## مادده و جیهانی دەوروبەر

ئەگـــەر بەبۆچوونی دیکارت مــرۆڤ گـــەوهەرێکی بیرکـەرەوەبێ، دەبێ جـیـهـانی دەوروبەر چ خەسڵـەت و تایبەتمەندییەکی هەبێ.

دیکارت لە وردبوونەوەی دووەمـــدا کـــە هەوڵی داوە سروشتی نەفس (دەروون گـیـان)ی مـرۆڤ لە لەش جـیـا بکاتەوە، نموونەیەکی بۆ ساغ کردنەوەی خەسڵەتی مادده هێناوەتەوە بـۆ ئەوەی پشت ڕاســـتی بـکـاتەوە کـــە تایبەتمەندی مادده کشانە Res extensa.

دیکارت گوتوویەتی:

با سـەرنجی ئەو بابەتانە بدەین کـە بەپێی بۆچوونی باو هەمـوو کـەسـێک بە ڕوونی تێـیـان دەگـات و پەیان پێ دەبات، واتە ئەو لەشـــانەی دەســـتـــیـــان لێ دەدەین و دەیانبـینین، بەڵام نەک لەشـەکـان بەگـشـتی، چونکە ئەو چەمکە گشـتـیـیـانە پتر تەمومژاوی سـەر لێ تێکدەرن، با لەشێکی دیاریکراو بە تایبەتی بگرین و لێی وردبینەوە:

بۆ نموونە ئەو پارچە مێوە کە تۆزێک پێشتر لە شانەی هەنگوینەکە کراوەتەوە، شیـرینی هەنگوینەکەی هەر تێدا ماوە، بۆنە خـۆشەکەی ئەو گـوڵانەی لێیانەوە وەرگـیـراوە هەر تێـیـدا مــاوە. ڕەنگ و ڕوخـســـار و قــەوارەکــەی لەبەرچاون. ڕەقـە، سـاردە بە ئاسـانی دەکـرێ دەسـتی لێ بدرێ، ئەگـەر بە پەنجـە (قـامک) پـتی لێ بدرێ دەنگی دێ، بە کـورتی هەمـوو ئەوانەی تێـدایە کـە بۆ بەباشی ناسـینی لەشێک پێـویستن، بەڵام تەمـاشا بکە! کـاتێک کـەوا قـسـە دەکـەم و لە ئاگـرەکـە نزیکی دەکـەمـەوە، ئەو تامەی هەیبـوو، نامێنێ، بۆنەکەی بزر دەبێ، ڕەنگەکەی دەگۆڕێ، قەوارەکەی گەورەتر دەبێ، شل و گەرم دەبێ، بە ئاستەم نەبێ، مرۆڤ ناتوانێ دەستی لێ بدات، خۆ ئەگەر پتی لێ بدەی دەنگی نایەت. ئایا ئەوەی ماوەتەوە، دوای گەرم کردنەکەی هەر مێوەکەی جارانە؟ دەبێ پێی لێ بنرێ کە مـێـوەکە خـۆی دەمـێـنێـتـەوە. کـەس نـاتوانێ لاری لەوە هەبێ بیـــروڕایەکی تری هەبێ، کـەوابـوو لەودا چی بەدی دەکرێت؟ بەدڵنیـاییەوە هیچ کامێک لەوانەی هەستەکان پەیان پێ برا، چونکە هەمـــوو ئەوانەی دەکـــەونە بەر هەســتی چێـشتن و بۆن و دیتن و بیـستن لە مـێـوەکـەدا گـــۆڕان، کـەچی مـێــوەکـــە لەگـــەڵ ئەمـــەدا خـــۆی هەر مـــاوەتـەوە!(١١) ئەگــەر مـــرۆڤ هەمـــوو ئەو شـتـــانەی پێــوەندیـیــان بە مـێـوەکـەوە نیـیـە، دوور بخـاتەوە چی دەمێنێتەوە؟ لەشێکی کشاو exrensa (کە بەئەڵەمانی وەرگێـڕەکە وشـەی Ausgedehntesی بۆ داناوە) نەرم و گـــۆڕاو! کـــەوابـوو بەلای دیکارتـەوە گـــەوهەری لەشی مـــاددەیی لە کـشـــان بەولاوە نیـیـــە. دوو گـەوهەر هەیە یەکـێکیـان خـەسـڵـەتەکـەی بیـر کـردنەوەیە و ئەوی تریان کشانە. لێرەوە دەروون و لەش لەیەکتری جیا دەکرێنەوە و خەسڵەتی دوو ڕەنگی، دوو گەوهەری دەبێتە تایبەتمەندی مـیــتــافـیــزیکی دیکارت! بەو پێــیــە دیکارت بە هۆی کۆجیـتـۆوەی «من بیـر دەکەمەوە کەوابوو من هەم» توانی بوونی خـــودی خـــۆی پشت ڕاست بـکـاتەوە و لەمـــەوە جـیــاوازی نێـوان دەروون و لـەش، ئینجـا بوونی ڕەب و جیهانی دەوروبەر پشت ڕاست بکاتەوە! گەڕانەوە بۆ سەر خـودی مـرۆڤ خـۆی بڕیارێکی بوێرانە بووە هەمـیـشـە بەگـەرمـوگـوڕی خـۆی دەمـێـنێـتـەوە و تاوەکـو مـرۆڤـایەتی هەبێ، ئەو فـەلسەفـەیە ئەو بایەخەی خۆی لەدەست نادات و لە چوارچێـوەی مـێـژووی کـولتـووری مـرۆڤی هەمـیـشـە نەسرەوت دەدرەوشێتەوە.

## ئەنجام

ڕاسـتـە دیکارت ڕابەری ڕێبازی ژیرەکییە و بە هەمـوو هێـز و توانـاییـەوە ئاراسـتـەی ئەزمـوونی ڕەت کـردۆتەوە و جـیــهــانـدیدە فـەلسـەفـەییـەکـەی لە مـیـتـافـیـزیکی (ئایـدیـالیـســتی) بەولاوە نـیــیـە، بەڵام ئەگـەر مـرۆڤ لە سۆنگەی ڕێبازی مێژوویییەوە، هەلومەرجی لە ئارادابووی ئەو سەردەمە لەبەرچاو بگرێ و خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی دیکارت بکات بە بنەمای هەڵسەنگاندنەکە

تاڕادەیەک ئەو ڕەخنەو گازندەیە کاڵ دەبنەوە.

دیکارت لەسەردەمێکدا ژیاوە، چوارچێوەی کولتوور و شارستانی و ژیانی هزری لەلایەن کڵێسەی تۆتالیتێری کریستییانەوە دیار و دەستنیشان کراوە. جنێوی بەدناوی دادگای لێ پێچینەوە شەو و ڕۆژ وەک گورگەکەی هەیاسی خاس هەڕەشەی ژیانی لە هزرمەندان کردووە و قەستی سەری کردوون، بۆیە سەیر نییە کە هەندێک شتی گوتبێ بۆ ڕازی کردنی کڵێسە و پاراستنی ژیانی، ئەگەرچی هەر ناچار بوو بەرەو هوڵەندە بیقوچێنێ، ئەو وڵاتەی پەناگەی ڕۆشنبیرانی ئەوسای سەرانسەری ئەوروپا بووە و لەوێ ژیانی هێمن و ئاسوودەیان بۆ دابین کراوە. ئەگەر لەسەردەمی یۆنان و بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، میتافیزیک ئەو لقەی فەلسەفە بووبێ کە بوون، بوونەوەر لەخۆیداو وەک خۆی کرابێ بە کەرەستەی توێژینەوە، ئەوە دیکارت ئەو ڕێچکەیەی شکاندووە و تیوری بوونی گشتی (ئۆنتۆلۆژی) لەگەڵ تیوری زانین (ئیپستمۆلۆژی) ئاوێتەی یەکتری کردووە، ئینجا جارێکی تر ڕێگای گەڕانەوەی بۆ سەر مرۆڤ و هەلومەرجەکانی خۆش کردووە لەوەدا مرۆڤ بووە بە بنەما و بوونی ڕەب و دەوروبەری بەوەوە هەڵپەساردووە. ئەمە لە خۆیدا جۆرە شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسیانەیە!

- هەر لەسەردەمی دیکارتەوە ئەوەی خراوەتە پارسەنگ، گوایە کۆجیتۆکەی لە ئۆگۆستینی پاکەوە وەرگرتووە. ئۆگۆستین لە شاکاری دان پێدانانەکانیدا گوتوویەتی: «ئەگەر من هەڵە بکەم، ئەوە من هەم، ئەوی بوونی نەبێ ناکرێ هەڵە بکات» گومانیش هەروایە و ئەو بنەمایە دەیگرێتەوە.

ئاراستە و ئامانجی ئەو دوو فەیلەسووفە لەیەکتری جیان، دوور نییە دیکارت ئەو بەرهەمەی ئۆگۆستینی پاکی دیتبێ و خوێندبێتییەوە، خۆ ئەگەر ئەو فەیلەسووفە مەسیحییە ئەو دەستەواژەیەی گوتووە لە سۆنگەی باوەڕ و ئیمانەوە بووە بۆ ئەوەی بەدڵنیاییەک بگات کە بنەمای باوەڕ و ئایینەکەی پێ گورجوگۆڵ بکات، بەڵام دیکارت مەبەستەکەی بە تەواوەتی پرۆسەی زانین (ئیپستمۆلۆژی) بووە و هیچ شوێنەوارێکی باوەڕ و ئیمانی تێدا هەست پێ ناکرێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- G.W.F. Hegel: Werke in Zwanzig Bänden. Bd.III. Vorlesungen über die Geschichte der Philosophie. Suhrkamp. 1975. S.123. ff.**

**2- Rene' Des Cartes: Von der Methode. Meiner. Hamburg 1960. Zweite Teil: 1:10-20. S.9.**

**3- Rene' Des Cartes: Ebenda. Zweite Teil: 7-8-9-10. S.15-16.**

**4- Rene' Des Cartes: Meditationen. Meiner. Hamburg. 1954. Erste Meditation: 1(8). S.11. ff.**

**5- Rene' Des Cartes: Ebenda. Zweite Meditation. 3(18). S.18.**

**6- Rene' De Cartes: Von der Methode. Vierter Teil. Fundamente der Metaphysik. 1. 33 (25-30).**

**7- Wilhelm Weische del: Der Gott der Philosophen: WB. Darmstadt 1998.**

**8- Bertrand Pussell: Philosophie des AbendLandes. Müchen 2000. S.575. ff.**

**9- Rene' Des Cartes: Meditationen. Dritte Meditationen. 2-4 (32-33).**

**10- Rene' Des Cartes: Ebenda. Dritte Meditationen, Para 27. (48) S.37.**

**- هەروەها بڕوانە:**


**Rene' De Cartes: Von der Methode: Teil. 4. S.28.**

**11- Rene'  Des Cartes: Meditationen. zweite Meditation. Para.16 (25) S.22-23.**

# فەلسەفەی ئادۆرنۆ، دژی ئاوەزباوەڕی

لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد
(تاران)

لەنێـوان بیـریارە پێـشـەنگەکـانی نـاوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتـەم کە لەبیرۆکەی ئەقڵخوازی، یان ئاوەزباوەڕی بە تێهزرینەوە ئاوڕیان داو خستیانە بەر شاڵاوی ڕەخنەیەکی توندوتیـژ، تاقـمێـک بیرمـەندی ئەڵـمانیـایی هەبوون کـە کـاریلی فـیکری و زانسـتگایی خـۆیان لەگـەڵ یەکـتـر ڕێکخـسـتـبـوو. ئەوان بەر لەوەی دابونەریتی ڕەخنەی (مـارکس)یان پەسـەند دەکـرد، بەڵام لەولایشـەوە بە گـرەوشـتـێکی تایبـەت و بەپێـچـەوانەی بیـرۆکـەی مـارکسـیـزمی کـلاسیـک و بە ڕەخنەگرتن و نافـەرمـانی لەئەقڵ باوەڕی، یان ئەقـڵـخـوازیی مـارکس، نەیاری و ناکـۆکـیی خـۆیان پیـشـان دەدا و لەم نێـوانە لەزۆربەی دەسکەوتە پەسەندکراو و سـوودبەخشـەکـانی ئەندێشـەی مـۆدێرنیـزمـیش بەهرەمـەند دەبوون. ئەم کـۆبیـرمـەندە کۆدەنگە ناودارە، ئەمڕۆکە بەناوی هزرڤانانی قوتابخانەی فەلسـەفیی (فـرانکفۆرت) هاتوونەتـە ژمار، لێ تاقمێکی زۆریان لەسەرەتای سەدەی بیستەم، یان باشتر بڵێین لە (سـەرەتای سـییـەکـان)، یان لە زانسـتگای فـرانکفـۆرت سـەرقـاڵی وانە وتنەوە بوون، یان لە گـۆڤـاری ئەو زانسـتگایە کـە لەو چاخـەدا بەتازەیی ڕێکخـرابوو و سەرنووسەرەکەی هزرڤانێک بەناوی (ماکس هۆرکهایمەر) بوو، لەبوارەکـانی فـەلسـەفە و زانسـتی کـۆمـەڵایەتی و دەروونـنـاسی، وتـار و ڕەخنەی بەپێـز و بەهێـزیان بۆ ئەم بڵاڤـۆگـە تەرخـان دەکـرد. لە ڕاسـتـیـدا ئەم بیـرمـەندانە لەسەدەی بیستـەم لەڕیزی یەکەمی ئەو هزرڤانە ناوازانەدا بوون کـە لە گـۆڕەپانی فـیکر و ئەندێشـەدا، تینێکی بەهێـزوگـوڕیان بە فـەلسـەفە و زانسـتی کـۆمـەڵایەتی و تەنانەت زانسـتی ڕامـیـاری بەخشـیـبوو و لەولایشـەوە لەهیچ جۆر ڕەخنەگرتنێ لەم دەڤەرە باکیان نەبوو.



ئادۆرنۆ

هەروا کە ئاماژەی پێدرا، سەرنووسەری ئەم گۆڤارە (ماکس هۆرکهایمەر) بوو کە بە یەکێ لە ئەندامە هەرە ناوازەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ناوزەد کراوە. (هۆرکهایمەر) هاوڕێ و هاوکاری ئێجگار نزیکی تیۆدۆر ئادۆرنۆ (Theodor Adorno) لەم زانستگایە بوو.

(ئادۆرنۆ) یەکێکە لەبیرمەندە هەرەمەزنەکانی سەدەی بیستەم و شانی دەدا لە شانی کەڵە بیرمەندانێک چەشنی (جان پۆل سارتر)«١» و لەم گۆڤارە فەلسەفی و رۆشنبیرییە لە چەندان تەوەری جۆراوجۆر وتار و رەخنەی فەلسەفی، دەروونناسی و رەنگە لە هەمووی گرینگتر ئیستێتیکای ئاراستە دەکرد، بەڵام گرینگترین بەرهەم کە بەهاوبیری و دووقۆڵی هۆرکهایمەر لە سییەکان بە ئەنجامی گەیاندووە، کتێبێکە بەسەردێری (دیالێکتیکی رۆشنگەری) کە ئەم کتێبە لەم پەنجا ساڵەی دواییەدا، گرینگایەتییەکی زۆر سەیری پێ درا و بەردەوام بووەتە جێگای تێرامان و سەرنجدانی بیرمەند و هزرڤانە ئەمڕۆییەکان و بەردەوام گڕی خستۆتە باسە فیکرییەکانی سەدەی بیستەم.

ئەم کتێبە، ئەگەرچی لە رووی ستایل و فۆرمیکەوە گەلێک کەشخەیە، بەڵام ڕوانگەیەک دەخاتەگڕ تەژی لەتاتڵ و پەشۆکاوی. لە ڕاستیدا بەرهەمێکە لێوانلێو لە تاڵی و هیوابڕی، لێ نووسەرانی ئەم کتێبە بەجۆرێکی هاوتا ئۆگر و خوازیاری بیرۆکە فەلسەفییەکانی (ئارتۆر شوپنهاوەر) بوون و ئەو کاتەی کە لەمەڕ کۆمەڵگەی مۆدێرن بۆ ئێمە بەوردی دێنە پەیڤەوە، زایەڵەیەک لەئاخێوە بێ دەرەنجام و بێ هیواکەی ئەو هزرڤانە، واتە (شۆپنهاوەر) لە بیروزەینمان یەکانگیر دەکەن. (دیالێکتیکی رۆشنگەری) لەلایەکی ترەوە دەسکەوتی ساڵە رەش و نالەبارەکانی دووەمین شەڕی جیهانی بوو، کە هیتلەری شەڕانگێز و دیکتاتۆر لەهەموو لایەکەوە گڕی تێ بەردابوو و خۆشی کردبوو.

(ئادۆرنۆ) وا بۆی چووە ئەو ئاوەزگەرییە کە ئەقڵخوازی ئێمە لە سوودوەرگرتن دەیبینێ، سەردەمانێ هەبووە کە بانگەشەو لافی سەربەستیی مرۆڤی لێداوەو ویستوویەتی لە خەباتگێڕی لەگەڵ دابونەریتە باوەکان بگاتە ترۆپکی ئوستوورەگەلێکی تازەباو، بەڵام هەر خۆیشی بەتەواوەتی چووەتە نێو خانەی دابونەریتێکی نوێوە و لەئەنجامدا، ڕێ و ڕەوشت و ستایل و میتودێکی بەربڵاوتر و پانوپۆڕتری لە دەسەڵاتداری بۆ خۆی ڕەخساندووە.

لە ڕوانگەی (ئادۆرنۆ)وە، مەبەستی ئەقڵئامێری، یان (ئاوەز ئەمرازی) ئەوەیە کە بگاتە لایەنێک کە بەسەر سروشتدا دەسەڵاتداری خۆی بقەبڵێنێت. بەپێشەوەچوون و سەرکەوتنی مرۆڤ لەوەی کە بەسەر سروشتدا زاڵ بێت، دیارە ئامانجێکی دژ بە مرۆڤایەتیشی لە پشتەوەیە و لەئاکامدا دەگاتە دیلی و کۆیلەیی مرۆڤ لەهەمبەر سەرمایە، هەروەها گەشەسەندنی بێ سەرەوبەرەی فاشیزمی شەڕخواز. ئاوەزگەری بە تەنگژەیەک پێناسە کراوە کە لەکانگای سەردەمی هاوچەرخ هەڵقوڵیوە. ئاوەزگەرەکان بەردەوام جەختیان کردووە مرۆڤ لە ئەندێشەی ئوستوورەیی- ئایینی قوتارکەن، یان چەشنی (نیتشە)«٢» کە گوتەنی: (خودا بکوژن)، ویستوویانە خودا لەناوبەرن، بەڵام چونکە ئاوەزگەری لەنێوان خانەی ئەقڵ ئامێرییەوە پێناسە دەکرا، ئیدی چ وزە و برستێکی نەما بتوانێت خۆی لەکۆسپ و ئاستەنگە ئوستوورەییەکان دەرباز بکات و کێشەکان بەلای چارەسەرکردن پەلکێش کات. تاکێتی، کە لە ڕۆژگاری بەپێشڤەچوونی وردە بۆرژوازی لە ترۆپکی قودسییەت و پیرۆزیدا یەکانگیر بوو، بەرەبەرە بووە هێزێکی وێرانکەر و دژ بە مرۆڤایەتی و لەولایشەوە بە شێنەیی هەرەسی هێنا و ئیدی لەو

کاتەوە ئازادی مانای ڕزگاری و سەربەستی مرۆڤی وەبیر نەدەخستەوە، بەڵکو وەک چەمکێکی سیاسی نوشوستی هێنا، تەنانەت چەمکی کولتووریش تا ئاستێکی نزم خۆی سووک و پەست کرد و دەرەنجام ناچارەکی پێیان دەوت (پیشە و سنعاتی کولتوور).

(ئادۆرنۆ) و (هۆرکهایمەر)، پێکەوە لە کتێبی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری) تیشکیان خستە سەر ئەم پرسە بناغەیی و سەرەکییە کە ئەقڵی ئامێرگەرایی لەم چاخەی ئێمەدا هەموو جۆر دەسکەوتێکی فەرهەنگی چەشنی مەتا و کاڵا دەڕوانێت و لە پێناو ئەم جۆر چەمکانە ڕاژەیەکی دەروەستی بۆ تەرخان کرا. بە بیروبۆچوونی ئەم دوو کەڵە هزرڤانە بەرهەمگەلی هونەری و کولتووری، هەرچەندە لافی سەربەخۆیی و خاوەن دەسەڵاتێتی لە هەمبەرێتیگەلی ڕەنێوهێنەرانە دەدەن، بەڵام لەئەنجامدا هەموویان بەرهەم هاتووی شوێنگەیەکن بەناوی (بازاڕ) و لە ژێر کارلێکەری گرانی ئەم زاراوەیە پێناسە و شوناس دەکرێن. فەرهەنگ لە ڕاستیدا، تەکنۆلۆژیا و داهاتی بەهرەی ئەقڵخوازی بەکار دەبا و دەیخاتە گەڕەوە، هەتا ئەو تین و برستەی تێدا بمێنێت کە بە هەموو شێوەیەک پەرە بەدەسەڵاتداری سەرمایە بدات. وەرێکخستنی سەرمایەدارانەی بەرهەمهاتن و چوارچێوە و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر کۆڵەکەی خاوەنێتی شەخسی، لە ڕاستیدا ململانێ و کێبەرکێی قازانجخوازی بە شوێنەوەیە و لەم دۆخە نالەبارەدا، دیارە ئیمکانی وەدیهاتنی هێزە داهێنەرە زەینی و مەعنەوییەکان زۆر بە سانایی بە فیڕۆ دەچێت و هەر زوو هەرەس دێنێت.

(ئادۆرنۆ) بە بیچمگیری و گۆڕانی هۆگرییە دیکتاتۆری و تۆتالیتارەکان لە کولتوور پتر هەستیار بوو و نیشانی دا چۆن مرۆڤی هاوچەرخ، بە تەئسیر وەرگرتن لە میدیاکان، واتە (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن)، وزە و هێزی ئیمکانی جیاکردنەوەی ئەقڵ و بێ ئەقڵی بەتەواوەتی لەدەست داوە، بەتایبەت (ئادۆرنۆ) هێما بۆ مۆسیقای جاز، ئەدەبی جەماوەری و عەوامانە وەک ڕۆمانە ئاسایی و ئەڤیندارانەکان و بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەکا کە چۆن بە ڕێ و ڕەوشتێکی فێڵکارانە توانیویانە زۆر بە ئاسانی زەینی خوێنەر و بیسەر، یان (داژدارانی خۆیان) بەم کارانە سەرقاڵ بکەن و ئەوان بە سانایی ڕمووەدەی فیکر و ئەندێشە ئاساییەکانی خۆیان بکەن و چ شتێکی بچووکیشیان بۆ داهێنەرێتی و خەیاڵ و فیکر و ئەندێشەی تاکی (بیسەر و گوێگرەکان) تەرخان نەکردووە و بەم چەشنە ئەندێشە و تێڕامانی مرۆڤی هاوچەرخ لە جیهان و شتەکان لە بیر و هۆشیاندا بە یەکجاری سڕیوە و لە ڕاستیدا گوێگر و بیسەران وا فێرکراون کە لەزەت و چێژبردن لە شوێنێکدایە کە لەبنەڕەتەوە ئەندێشە و داڵغەیەکی سەربەخۆ هەر بوونی نەبێت.لەولاوە بەرهەمی هونەری، نەک بە هۆی پێکهاتەی دەروونی، بەڵکو تەنیا بە هۆی ناڤێشان و ڕەمزە ساکارەکەی فام دەکرێ و ڕوودەم لە هێز و تواناییەکانی هونەرمەندی هاوچەرخ بێ هەواڵ و نائاگا دەمێنێ و تەنیا گوێ بۆ بەرهەمە ئاسایی و عەوامانەکان شل دەکا و دەبێتە ملکەچی بێ مەرجی ئەم جۆر بەرهەمگەلە و بێ ئەوەی کە جەخت بۆ ئەوە بکات هۆش و گۆش و زەینی خۆی لە بەرهەمێکی گرینگدا بخاتە کار و لێی ڕامێنێت بەداخەوە تەنیا کاتی خۆی بۆ بەرهەمە ئاساییەکان زەوت دەکات و هەر بەو شێوەیە خدە و خووەکانی ئەم مرۆ ئاساییە بیچم دەگرێت.

(ئادۆرنۆ)، لەلایەکی ترەوە پشتی بەم بیرۆکە تۆکمە ئەستوورە کە ئەم فەرهەنگ و کولتوورە، یەکێتییەکی خەیاڵی دادەهێنێ و بەهەر لەونێک کە بتوانێ سەرکوتگەری مەیل و لەزەتە ڕاستەقینەکانی مرۆڤی هاوچەرخە.ئەم یەکێتییە، جیهانی ئەزموونی بەچەشنێکی درۆیینە لەگەڵ جوانیناسی، یان (Aesthetics) هاوشان دەکات. (ئادۆرنۆ) کە بەردەوام بە یەکێک لە داژداران و لایەنگرانی بەهێزی هونەری مۆدێرن ناسرابوو، هەمیشە دژایەتی خۆی بە نیسبەتی هونەری جەماوەری و کۆمەڵایەتی نیشان دەدا، لە ئەرکە دواییەکانی ئەم یەکێتییە، هونەری مۆدێرنیش بە شەریک و هاوبەش دەژمێرێت و ئاوای بۆچووە کە خۆڕاگربوونی هونەری مۆدێرن لەبەرانبەر گشتیخوازی درۆیینەی هونەری کۆمەڵایەتی، ڕێگەکەی وا خوار و لار کردووە و پێگەکەی هێندە سست و لاواز ڕەخساندووە کە لەڕووی ناچارییەوە وەلانراوە و دوورخراوە و ئیدی نەیتوانی لە ترۆپکە دڵگەش و دڵڕفێنەکەی خۆیدا، واتە هونەری ڕەسەن و بەرز و سەربەخۆ، بوەستێ و سەقامگیر بێت.

بە بیروبۆچوونی (ئادۆرنۆ) چەمکی دیالێکتیکیی (نێگەتیڤ)، یان دیالێکتیکی کە دەسەڵات و ئیمکانی

سازشتێکی تەواو (reconciliation total)، وەک کارێکی خەیاڵی ڕەت دەکاتەوە، بۆ فەلسەفەی (نوێ مارکسیستی) گرنگایەتییەکی بنیادی و سەرەکی هەیە. هێڵی ڕەخنەگەری فەرهەنگی کە سەرانسەری بەرهەمگەلی ئادۆرنۆیان تەنیوە، بەتایبەت لە کتێبی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری) کە لە کتێبە بنەڕەتییەکانی سەدەی بیستەمە، دێتەژمار و لە بەرهەمەکانی دیکەی ئەودا لەمەڕ فەلسەفە و (کۆمەڵناسیی مۆسیقا) دەربڕیوە و بەتەواوەتی هاتۆتەگۆڕێ، هەر بەو چەشنەیە کە باسمان لێ کرد. بیرۆکەی جوانیناسیی ئادۆرنۆ گرینگایەتییەکی سەرتر لە بەستێنی ئەم بەشەی تێدا ڕەچاوکراوە، بەجۆرێک کە تاقمێک لە فەیلەسووفە هاوچەرخەکان، ئادۆرنۆیان وەک خاڵێکی دەسپێکانە بۆ بەدواچوونەوە لەڕۆڵی فەلسەفە بە چەشنێکی گشتی هێناوەتە ئارا.

هەستیاری (ئادۆرنۆ) لە بۆ مەسەلەگەلی پێوەندیدار بەزمان - بۆ نموونە دژایەتییە (نیتشە)ییەکەی بە نیسبەت پێناسەی زاراوەناسی- بەچڕوپڕی لە تاقمێک لە بەرهەمگەلە ساناترەکەی وەک وتارەکانی بەسەردێڕی (لایەنەکانی کۆمەڵناسی) کە چاپکراوی ساڵی (١٩٥٦)ـە و گوتاربێژییە بەراییەکانی بەناوی (زاراوەناسی فەلسەفی)، دەبینرێت. ئەگەرچی ئەندێشەی (ئادۆرنۆ) زۆر جێگەی گومانە، بەڵام لە نیهیلیزمی بێ نێوەرۆکی و بێ ناوەخنی و سەرسەریی ئەندێشەی بەرپێکهاتەخوازیی کەوا دەردەکەوێت ئادۆرنۆ ڕوانگەکانی پێشبینی کردووە و لەویش بانتر هەنگاوی ناوە، مەودایەکی هەرە زۆری ڕەخساندووە.

(ئادۆرنۆ)، بێ گومان یەکێکە لەگرینگترین هزرڤانانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەم بیرمەندە لەم قوتابخانەیە بەهێزێکی ناوجیگەر لەنێوان (مارکسیزم)«٣» و قوتابخانە فەلسەفییەکانی دیکە پێناسەکراوە و لە ڕاستیدا ئەندێشەکانی لەنێوان فەلسەفە و کۆمەڵناسی و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگیدا ئاودەخواتەوە. لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ (هیگڵ)«٤»، (هایدگەر)«٥»، (هۆسەرل)«٦» و کۆمەڵێک هزرڤان و بیرمەندی ناوداری دیکە لە بواری تێفکرین و وردبوونەوە فیکرییەکانی، دیارە بەردەوام دنەدەر و بێ هاوتایە و بە تازەیی کارتێکەرییە بەرینەکەی لە دەرەوەی وڵاتی ئەڵمانیایش بەتەواوەتی سەلمێنراوە.

**پەراوێز و تێبینییەکان:**

١-جان پۆل سارتر (١٩٠٥-١٩٨٠)

فەیلەسووف، ڕۆماننووس، شانۆنووس، ڕەخنەگر و بیرۆکەوانی فەلسەفی، لەدایکبووی فەڕەنسایە، ئەگەرچی خۆی لە چینی بۆرژوازیی بوو، بەڵام لەگەڵ هاوبیر و هاونەوەکانی هەمیشە ڕەخنەی توندوتیژیان ئاراستەی ئەم چینە دەکرد. یەکەم ڕۆمانی بەناوی (هێڵنج) لە ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس لەچاپ داوە و دوابەدوای ئەم ڕۆمانە چەند ڕۆمان و شانۆی دیکەی بڵاوکردۆتەوە. سارتر یەکێک لەو نووسەرانە بووە کە چالاکییەکی ئەوتۆی لەبواری سیاسی لەئەستۆدا گرتبوو. بەرهەمگەلی زۆر و فرەڕەهەندەی لە بوارگەلی جۆراوجور لێ بەجێ ماوە وەک: مێشەکان، دەستە پیسەکان، خودا و شەیتان، ڕێگەی ئازادی، دیوار، ژنە سۆزانی بەشەرەف و چەندان کتێبی گرینگی دیکە. بەتەواوی ئەم وتانە سیما فەلسەفییەکەی سارتر لە سیما وێژەیی و ڕامیارییەکەی تیشکدەرتر هاتۆتە بەرچاو و کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەم گۆڕەپانە قەبڵاندووە و وەک ناوازەترین ئەندامی قوتابخانەی ئیگزیستانسیالیزمیش هەمیشە لەبەرچاو بووە. وەک ئەوەیە کە بە ڕاشکاوی بڵێین ئیگزیستانسیالیزم لەچاخی ئەمڕۆدا بەناوی ئەم بیرمەندە گرێ دراوە.

٢-نیتشە (١٨٤٤-١٩٠٠)

نیتشە، کەڵەفەیلەسووفی ئەڵمانی یەکەم جار لەمێژووی فەلسەفە زۆر بێ مەترسی مەرگی (خودای کۆنی) ڕاگەیاند و مزگێنی بۆ لەدایکبوونی (مرۆڤی نوێ)ی لەسەدەی بیستەم دا. دوابەدوای مەرگی ئەم هزرڤانە، تاقمێک لە نیتشەناسان ئەم بیروباوەڕەیان خستەگەڕ کە بیرۆکەی فاشیزم لەژێر کارتێکەری بەرهەمگەلی نیتشە سەری هەڵداوە و لەولایشەوە هەندێک بیرمەندی دیکە چەشنی (دیلۆز) پشتیان بەم ڕایە ئەستوور بوو کە نیتشە بۆ یەکەم جار فەلسەفەی پۆست مۆدێرنی هێناوەتە ئارا و بە باوکە ڕەسەنەکەی ئەم بزاوتە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە پێناسەکراوە. زۆربەی بیریارە گەورەکانی سەدەی بیستەم وەک (هایدگەر)، (ئادۆرنۆ)، (جان پۆل سارتر) و (ئەلبێر کامو) و چەندان کەسێتی ناوازەی دی لەژێر پەنجەی دەسەڵاتی ئەم فەیلەسووفە، بەرهەمە فیکرییەکانی خۆیان ئاراستەی داژدارانی فەلسەفە کردووە.

٣- (مارکسیزم)

لە ڕاستیدا تیورییەک بووە لەمەڕ چۆنیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی مرۆڤ کە لەلایەن (کارل مارکس) فەیلەسووف و

کۆمەڵناسی گەورە و فەردریک ئەنگڵز (هاوڕێی مارکس) کە هەر دوو ئەڵمـانیـایی بوون، دانرابوو. لەم قـوتابخـانە فـیکرییـە دوا مـەرگی ئەم دوو بیـرۆکەوانە چەند لقی فەلسـەفی - ڕامـیـاری لێ بووەوە کە لە سەرەکیترین و گرینگترینەکانیان دەکرێ ئاماژە بدەین بە (مارکسیزم لینینیزم، مارکسیزم ستالینیزم (کە شایانی باسە ئەم دوو لقە بەتەواوەتی دیکتاتۆری لەئاودەرهاتن) و مارکسیزمی نوێ، یان مـارکسـیـزمی چەپ (جـێگەی خـۆیەتی کـە بڵـێین قـوتابخـانەی فـرانکفـۆرت لەژێر پەنجـەی دەسـەڵاتی ئەم ڕوانگەیە بوو). هەر کام لەم لقانە لە هەلومەرجێکی ڕامیاری، فەلسەفی و مـێژوویی تایبـەت گـەشەیان سـەند و لە ئەندێشـەی فـەلسـەفی و سیـاسیی سـەدەی بیسـتـەم کـارتێکەریی خـۆیان سـەلماندووە تا ئێستایش هەندێکیان کەم تا زۆر هەر بەردەوامن.

٤-هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١)

فـەیلەسـووفی بەناوبانگی ئەڵمـانی کـە بەرهەمگـەلێکی زۆر گـرینگ و بایەخـداری لێ بەجێ مـاوە. هیگڵ لە ڕاسـتـیـدا لە مێژووی فەلسەفە بە دوایین فەیلەسووفی هەرە گەورە دەژمێردرێت کە بە مەرگی ئەم کەڵە بیرمەندە، چاخی فەیلەسووفە مەزنەکان دوایی هاتووە. یەکێک لە سەرەکیترین کارتێکەرییەکانی ئەم فەیلەسووفە ئەمە بووە کە پێگەیەکی بەهێزی لە نێوان قوتابخانە فەلسەفییەکانی دوای خۆی سازاند، بەو جۆرە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم سێ لقی فەلسەفی لە ئەندێشەی جیابۆتەوە کە بریتین لە:

١-فەلسەفەی نیتشە، فەیلەسووفی هەرە گەورەی ئەڵمانی بە بەرهەمگەلی گەورە و گرینگ وەک وەهای وت زەردەشت.

٢- قوتابخانەی فەلسەفی مارکسیزم کە ڕۆژئاوا و بنیادنەری ئەم قوتابخانەیە، دوو بیریاری ئەڵمانیایی بەناوگەلی (مارکس) و (ئەنگڵز) بوون.

٣-فەلسەفەی بوونیانە، یان قوتابخانەی (ئیگزیستانسیالیزم) کە چەند فەیلەسووفی هەرە گەورەی فەرەنسی و ئەڵمانی لەبیردارێژانی ئەم فەلسەفەیە بوون، لەوانە دەکرێت ئاماژە بە (هایدگەر) و (جان پۆل سارتر) بدەین وەک ناوازەترین ئەندامە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە. فەلسەفەی (ئیگزیستانسیالیزم) لە سەدەی بیستەم تەئسیرێکی زۆر و زەوەند و دیاریکراوەی بەسەر ڕەوتی کولتوور و مێژووی هزری وڵاتە ئەورووپی و وڵاتانی دیکە قەبڵاندووە، هەروەها کاریگەری خۆی بەسەر ڕەوتی ئەدەبی هاوچەرخ بە تایبەت (ئەدەبی پووچی)، یان (شانۆی پووچی)یش سەلماندووە.

٥-مارتن هایدگەر (١٨٨٩- ١٩٧٦)

مـارتن هایدگەر بە یەکێک لە ئەندامە هەرە ناوازەکانی قوتابخانەی فەلسەفی ئیگزیستانسیالیزم ناوزەد کراوە. هایدگەر فەلسەفەی لەژێر کارلێکەریی مامۆستاکەی واتە هۆسەرل خوێندووە.زۆربەی ڕەخنە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم لەژێر پەنجە بەهێزەکەی هایدگەربوون و تەئسیری ئەندێشەکانی بەسەر زۆربەی چەمک و زاراوە فەلسەفییەکانی چاخی ئەمڕۆدا حاشا هەڵنەگرە، بەڵام بە هۆی ئەندامیەتی لەپارتی نازیسم، لەمێژووی فەلسەفەدا هەندێ جار بەناوخراپیش هێمای پێ کراوە.

٦-ئێدمۆند هۆسەرل (١٨٥٩ -١٩٣٨)

فەیلەسووفی فینۆمۆلۆژیست کە بەڕەچەڵەک جوولەکە بووە و لە سەردەمی دەسەڵاتداری هیتلەر و پارتی نازیسم ناچارەکی ئەڵمانیای بەجێ هشتووە. بەگوێرەی چەندان بەڵگەی مێژوویی مارتن هایدگەر کە بەناوبانگترین قوتابی هۆسەرل بوو لە دەربەدەرکردنی ئەم بیرمەندە تەئسیرێکی فرەزۆری هەبووە. هەڵبەت لە دادگایەک کە دوا دووەمین شەڕی جیهانی بۆ تاوانبارکردنی نازییەکان ڕێکخرا، هایدگەر لەبۆ ئەم مەسەلەیە هەرگیز تاوانبار نەکرا و ئەم تاوانەی قەد لەئەستۆ نەگرت.

**ژێدەر:**

**فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی، نوشته دکتر بهرام مقدادی، انتشارات فکر روز، چاپ اول، تهران: ١٣٧٨.**

# ئایا زمانی کوردی لەهجەیەکی ئێرانییە؟

«وەڵامێک بۆ قونسوڵخانەی ئێران لە کوردستان»

سوداد ڕەسووڵ
(زانکۆی سۆران – فاکەڵتی پەروەردە)

بەم دواییە قونسوڵخانەی ئێران لە شاری سلێمانی بابەتێکی لە ماڵپەڕی ڕەسمی خۆی، بە ناوونیشانی (تێڕوانینێک بۆ پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) بڵاوکردەوە ، کە تێیدا باس لە ئەسڵی زمانی کوردی دەکا و پێی وایە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نییە و لەهجەیەکی ئێرانییە و لە تێکەڵەیەکی عەرەبی و تورکی و فارسی پێکهاتووە(١). دواتر دێتە سەر باسی کۆماری کوردستان و بە حکوومەتێکی چەند ڕۆژەی کۆمۆنیستی مەهاباد ناوی دەبات و پێی وایە کورد بە پشتبەستن بەحکوومەتی کۆماری کوردستان، دەیانەوێ نەتەوە و کولتوور و زمان و مێژوو بۆ خۆیان دروست بکەن، واتە کورد نە لە ڕووی مێژوو و نە لە ڕووی زمانەوە هیچ بنەمایەکی بوونە نەتەوەیان تێدا نییە.

لەم کورتە باسەدا، هەوڵ دەدەین ئاوڕێک لەم بۆچوونەی قونسوڵخانەی ئێرانی بدەینەوە، بە تایبەت لەو خاڵەی کە باس لە زمانی کوردی دەکات و بزانین ئەم بۆچوونە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، بۆچی تا ئەمڕۆش خەڵکێک لە ئێران هەن پێیان وایە زمانی کوردی زمانێکی پاشکۆیە و ناسنامەیەکی زمانی و نەتەوەیی سەربەخۆی نییە. لە هەمان کاتدا بە پێویستی دەزانین، بە توێژینەوەیەکی زانستی لە ڕووی زمانەوانی و کولتووری و سیاسییەوە، ئەم مەسەلەیە شی بکەینەوە.

لەم باسەدا لە چەند تەوەرێکدا تیشک دەخەینە سەر ئەم بابەتە: لە پێشدا لە ڕوانگەی پەیدابوونی دەوڵەت-نەتەوەوە دەچینە نێو باسەکەوە، کە ئێران لە سەردەمی ڕەزا شاوە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٤١ لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تاک نەتەوەیی ئێرانی بوو بە زمانی فارسی، کە ئەمە سەرەتای بە لەهجەکردنی زمانی



**شەرەفخانی بدلیسی**

کوردی بوو وەک لەهجەیەکی ئێرانی، دواتر دەچینە سەر شیکردنەوەی چەمکی زمانە ئێرانییەکان کە لە دابەشکردنی زمانەکاندا، زمانی کوردی بە یەکێک لە زمانە ئێرانییەکان دانراوە، هەروەها روونی دەکەینەوە کە پێوەندی زمانی کوردی بە زمانە ئێرانییەکانەوە چۆنە و بۆچی ئەم ناوە بۆ ئەم گرووپە زمانییە دانراوە. دواتر لە رووی زمانەوانییەوە ناسنامەی زمان و لەهجە روون دەکەینەوە، پێوەرەکانی جوداکردنەوەی زمان و لەهجە چین و لەسەر چ بنەڕەتێک زمانی کوردی لەهجەیەکی زمانی فارسی نییە و زمانێکی سەربەخۆیە.

## پەیدابوونی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران

دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە ئەورووپا و دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بنەڕەتی نەتەوە و سەپاندنی یەک زمانی نەتەوە بۆ ئەو دەوڵەتە، چەمکی دەوڵەت - نەتەوە هاتە کایەوە و بە ئەورووپادا بڵاو بووەوە. لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە ئێران هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- سیاسی زیاتر لەسەر بنەڕەتی عەشیرەت و خێڵ بوو نەک نەتەوە، گرووپە زمانییەکانی وەک کورد و بەلووچ و فارس و عەرەب و تورک لەسەر بنەمای پێوەندی و وەفاداری دینی و مەزهەبی دەناسێنران، نەک نەتەوە کە چەمکی نەتەوە و دەوڵەت - نەتەوە دیاردەیەکی سیاسی نوێیە، لە ئەورووپاوە سەری هەڵداوە و بە رۆژهەڵات و جیهاندا بڵاو بۆتەوە.

ئەگەر دەوڵەت - نەتەوە لە هەندێک وڵاتی ئەورووپا لە نێوان چەند نەتەوە و چەند میللەتی جیاواز پێکهاتبێ، وەک سویسرا کە چوار نەتەوەیە و بەلجیکا دوو نەتەوەیە، بەڵام لە ئێران لەسەردەمی ڕەزا شادا، کە لە ساڵی ١٩٢١ بە هۆی کودەتایەکەوە لە ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست، هەوڵ دەدا دەوڵەت- نەتەوە لەسەر بنەمای یەک نەتەوە و یەک زمان لە سەرانسەری ئێران دروست بکات، کە ئەویش نەتەوەی فارس و زمانی فارسی بوو. ڕەزا شا لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات وڵاتێکی عەلمانی و مەرکەزی بەهێز دروست بکات، بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەش دەبوایە هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان و زمانە جیاوازەکانی ئێران لە نێو بۆتەی نەتەوەی فارس و ئێرانیدا بتوێنێتەوە، بۆیە زمانی فارسی دەکا بە تاکە زمانی ڕەسمی ئێران و هەموو زمانەکانی دی قەدەغە دەکا، بە تایبەت لە قوتابخانەکان و شوێنە ڕەسمییەکانی دەوڵەت، تەنانەت لە هەندێک کات لەسەر شەقامەکانیش قسەکردن بە غەیری فارسی قەدەغە بووە. لەپاڵ ئەوەش، هەوڵ دەدا بە زەبروزەنگ جیاوازییە کولتوورییەکانی نێو ئێران لە ناو ببات، هەوڵی قەدەغەکردنی جلوبەرگی کەلەپووری نەتەوەکان دەدا و بە زۆر جلوبەرگی ئەورووپییان پێ لەبەر دەکات، سەرەڕای قەدەغەکردنی چالاکی ئەدەبی و موزیک و دابونەریت و شایی و هەڵپەرکێیان. ڕەزاشا لە ساڵی ١٩٣٥ بە ڕەسمی ناوی ئێران دەکا بە ناوی وڵاتە تازە دامەزراوەکەی، بۆ ئەوەی بتوانێ لەژێر ناوی ئێرانی، لەنێو نەتەوە جیاوازەکانی وڵاتەکەی، ناسنامەیەکی ئێرانی بە یەک زمانیان بۆ دروست بکات.

لە ئێران لەو سەردەمەدا نکوڵی کردن لە ناسنامەی زمانەکانی نێو چوارچێوەی ئێرانی سیاسی دەستی پێ کردووە، هەر لەو سەردەمەشدا کەوتنە بانگەشەکردن بۆ میللەتی ئێرانی و زمانی ئێرانی و دروستکردنی مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ ئێران و زمانەکەی، ڕایانگەیاند کە لە ئێران تەنیا یەک زمان هەیە پلەوپایەی زمانی هەبێت، ئەوانی دی هەموویان چەند لەهجەیەکی زمانی ئێرانین کە سەرچاوەی هەر هەموویان زمانی

شیرینی فارسییە. ئیدی ئەوە بوو هەر لەو سەروبەندە، لە کتێب و سەرچاوە و گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە کە کوردی زمان نییە و یەکێکە لە لەهجە ئێرانییەکان، چونکە کورد بە ئەسڵ ئێرانییە(٢).

وەک لە مێژوودا دەخوێنینەوە، لە پێش ئەم سەردەمە لە ئێران هەرگیز لە هیچ کتێب و نووسراوێکدا ئەوە نەهاتووە کە زمانی کوردی بە لەهجەیەکی ئێرانی، یان فارسی دابنێ. باشترین سەرچاوە بۆ ئەم مەسەلەیە، کتێبە مێژووییەکەی شەرەفخانی بەدلیسییە کە لە سەدەی شازدەی زایینی، لەسەردەمی سەفەوییەکاندا نووسراوە. لەم کتێبەدا شەرەفخان کە باسی زمانی کوردی دەکات وەک زمانێکی سەربەخۆ ناوی دەبات کە چوار لەهجەی سەرەکی هەیە: کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران(٣). هەرگیز باس لەوە نەکراوە کە زمانی کوردی لەهجەیەکی فارسی، یان ئێرانی بێ.

لە سەردەمی قاجارەکانیش لە ئێران، لە هیچ نووسراوێک و کتێبێکی ئەو سەردەمەدا بەرچاو ناکەوێت نکوڵی لە سەربەخۆیی زمانی کوردی بکات. بۆ نموونە عەلی ئەکبەر وەقایع نگار کە لە ١٢٨٧ هیجری قەمەری فەرهەنگێکی کوردی - فارسی دادەنێت بە ناوی (بدایع اللغة)، وەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا باسی دەکات کە فەرهاد میرزا (معتمد الدولة) کە مامی ناسرەددین شاهی قاجاری بوو، داوای لێ کردووە و یارمەتی داوە بۆ کۆکردنەوە و دانانی ئەو فەرهەنگە(٤)، ئەمە جێگەی سەرنجە کە لەو سەردەمە، واتە پێش پەیدابوونی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران، دەسەڵاتدارانی ئێران نەک هەر نکوڵییان لە زمانی کوردی و نەتەوەی کورد نەکردووە، بەڵکو یارمەتی نووسەریشیان داوە بۆ کۆکردنەوەی زمانەکە.

ئەگەر سەرنجی چەند کتێبێک بدەین کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ئێران چاپ کراون، دەبینین تا دوای هاتنی ڕەزا شاش، هێشتا نکوڵی کردن لەسەربەخۆیی زمانی کوردی بەو ڕادەیە نەبووە، زمانی کوردی لە ڕیزی زمانە سەربەخۆکانی ئێران دانراوە. بۆ نموونە لە کتێبی (جغرافیای مفصل آیران) لە نووسینی مەسعود کەیهان کە لە ساڵی ١٣١١ هەتاوی (١٩٣٢ز) لە تاران چاپ کراوە، کە دێتە سەر ئەو زمانانەی لە ئێران قسەی پێ دەکرێ، ناوی زمانی فارسی و بەلووچی و کوردی دێنێ، لە بارەی زمانی کوردییەوە دەڵێ: "کردی کە بچندین لهجە تکلم میشود اگرچە لهجە بختیاری و لری کمی با کردی تفاوت دارد ولی بواسطە مشابهتی کە بین ریشە أین زبانها موجود است میتوان آنها جزء کردی محسوب داشت"(٥)، واتە " کوردی کە بە چەند لەهجە قسەی پێ دەکرێ، هەرچەندە لەهجەی بەختیاری و لوڕی کەمێک لەگەڵ کوردی جیاوازییان هەیە، بەڵام بە هۆی نزیکی ڕیشەی ئەو زمانانە لەگەڵ یەک، دەکرێ هەر بە کوردی حسێب بکرێن" لێرەدا نووسەر زۆر بە ڕۆشنی و بە ئاشکرا، زمانی کوردی لە ڕیزی ئەو زمانە سەربەخۆیانە دادەنێت کە لە ئێران قسەی پێ دەکرێ، هەر بەوەش ناوەستێ، بەڵکو لوڕ و بەختیاریش بە دوو لەهجەی زمانی کوردی دادەنێت.

بەڵام دواتر کە حوکمڕانی دیکتاتۆرییانەی ڕەزا شا لە ئێران بە باشی دەچەسپێ، کەوتنە بانگەشەکردن بۆ چەمکی نەتەوەی ئێرانی (ملت ایران) و (نژاد پاک اریایی) و نووسەر و ڕۆشنبیر و مێژووناس و خەڵک لەسەر ئەم چەمکانە پەروەردە دەکرێن، کە ئێران یەک نەتەوەیە و ئەو نەتەوەیەش خۆی لە نەتەوەی فارس و زمانی فارسیدا دەنوێنێ و ئەوانی دی شایانی ئەوە نین نەتەوە بن، بەڵکو کۆمەڵە خەڵک و هۆز و تیرە و قەبیلەن، نەتەوەی کورد لە ئێران بە ناوی (مردم کرد)، یان (قوم کرد) ناو دەبەن، واتە کورد کۆمەڵە خەڵکێکن نەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ(٦)، هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر نەژادی پاکی ئاریاییە، واتە ئێرانی بە ئەسڵ ئاریایین و سەر بە نەژادێکی پاک و ڕەسەنە، وەک نەژادی سامی نییە کە نەژادێکی پاک و ڕەسەن نییە. بەم شێوەیە بیری ڕەگەزپەرستی بە نێو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە. ئیدی لەو سەردەمەدا لە ئێران هەموو هەوڵێک دەخەنە گەڕ لە کتێبەکانیان بۆ ئەسڵی کورد، ناوی ئێرانی و نەژادی ئێرانی بەکار بێنن و بۆ زمانی کوردی لەهجەی ئێرانی. بۆ ئەوەی ناسنامەی سەربەخۆی زمانی کوردی پەراوێز بخەن و بیکەن بە پاشکۆی زمانی فارسی، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە هەردووکیان بە ڕیشە، ئێرانین.

یەکێک لەو کتێبانە کە لەو سەردەمەدا لە ئێران بڵاو بۆتەوە، کتێبە بەناوبانگەکەی ڕەشید یاسەمی- یە بە ناوونیشانی (کرد و پیوستگی نژادی و تأریخی او)، لەم کتێبەدا لە بەشی زمان، کە دێتە سەر زمانی کوردی، نزیکی و خزمایەتی زمانی کوردی و فارسی دەکا بە

بەهانە بۆ ئەوەی بلێ زمانی کوردی و ئێرانی، واتە فارسی یەکن و نابێ کوردی لە ئێرانی جودا بێ، هەروەها دواتر دێتە سەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سلێمانی و دەڵێ: " لە سلێمانی هەموو کاروبارەکان لە فەرمانگەکان تا ساڵی ١٩٢١ بە فارسی بووە، تەنانەت کتێبی قوتابخانە حکوومییەکانیش بە فارسی دەخوێندرا وەک کتێبی (میزان التعلیم)ی بوشەهری و چەند کتێبێکی دی، بەڵام دواتر هەوڵیان دا زمانی کوردی بە زمان لە قەڵەم بدەن و جێگەی فارسی بگرێتەوە"(٧) وەک دیارە نووسەر داخ و حەسرەت بۆ زمانی فارسی دەخوا کە لە سلێمانی پەراوێز خراوە و کوردی لە جێگەی بووە بە زمان و لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ، چونکە ئەو پێی خۆشە هەر زمانی فارسی بێ و هەر فارسیش باڵادەست بێ و زمانی کوردیش، چونکە لەهجەیەکی فارسییە، نابێ بۆ خوێندن بەکار بێت!

دوای ئەوەی لە عێراق، لە ساڵی ١٩٣١ ڕەشنووسی قانوونی زمانە مەحەلییەکان دەدرێ بە پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر دەربکات و زمانی کوردی لە عێراق بکرێ بە زمانی ڕەسمی، دەسەڵاتدارانی ئێران بەم قانوونە زۆر قەڵس دەبن، لە ڕۆژنامەکانی خۆیان هێرش دەکەنە سەر ئەم بڕیارە و بە پیلان و پڕۆژەیەکی بەریتانی ناو دەبەن و داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن کە بڕیارێکی لەم چەشنە دەرنەکات، کە نە بە سوودی عێراقە و نە بە سوودی کورد(٨). وەک دەبینین دەسەڵاتدارانی ئێران لەو سەردەمەدا نەک هەر دژایەتی زمانی کوردییان لەناو وڵاتەکەیان کردووە، بەڵکو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش هەوڵی قەدەغەکردنیان داوە.

ئەگەر لە سەدەی نۆزدە، هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە ئەورووپییەکان کە سەفەری کوردستانیان کردووە، یان پێیدا تێپەڕیون، کە باسی زمانی کوردییان کردووە، بە لەهجەیەکی زمانی فارسییان داناوە، ئەمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە بە زمانەکە و ڕەچاو نەکردنی بنەما کولتووری و زمانەوانییەکانی نێوان زمان و لەهجە. هەروەک یەکێک لەم ڕۆژهەڵاتناسانە، ئوستین هێنری لایارد لە ساڵی ١٨٥٣ بەم جۆرە لەبارەی لەهجەکانی کوردی دەدوێ و دەڵێ: "لەهجەکانی کوردی هیچ نییە، تەنیا چەند لەهجەیەکی شێواوی زمانی فارسی نەبێ، بە دەگمەن نەبێت، ئەگەرنا هەرگیز بۆ نووسین بەکار نەهاتووە"(٩).



ڕەزا شا

یان ئەو نزیکییەی کە لە نێوان زمانی کوردی و فارسی هەیە، نەیانتوانیوە لەڕووی هاوڕیشەیی و خزمایەتی زمانی ئەو دوو زمانە تێی بگەن، کە لە نێوان زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و هۆڵەندیشدا هەیە و سەر بەیەک گرووپی زمانین، یەکسەر کەوتوونەتە حوکمدانی هەڵە و نارەوا سەبارەت بە ئەسڵ و بنچینە و ناسنامەی زمانی کوردی و بە لەهجەیەکی فارسییان داناوە. وەک لەم بارەیەوە ڕۆژهەڵاتناس بێلا ئێدواردس لە ساڵی ١٨٥١ نووسینێکی لەبارەی زمانی کوردی لە گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمەریکی بڵاو کردۆتەوە، پێی وایە زمانی کوردی سەر بە خێزانی زمانی فارسییە و هەروەک ئەویش وایە، بەڵام هەندێک ڕێزمان و دەنگی زمانی فارسییان شێواندووە بە جۆرێکی دی دەنگەکان گۆ دەکەن، زمانێکە هەر بۆ قسەکردنە و هیچ بایەخێکی بۆ نووسین و ئەدەبیات نییە(١٠).

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیز فرێدریک میلینگن کە سەردانی کوردستان دەکا و لە کتێبەکەی بە ناوی ژیانی کێوی لە نێو کورد (Wild life among the Koords) بە پێچەوانەی زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەو سەردەمە، زۆر بوێرانە دان بە سەربەخۆیی زمان و نەتەوەی کورددا دەنێ و دەڵێ: "

زمـانێکی سـەربەخـۆ و یەکـەم بنەمـای نەتەوەیەکی سـەربەخـۆیە. کـورد، زمـانێکی خـۆی هەیە کـە هیچ پێوەندییەکی بە زمانی تورکی و فارسییەوە نییە، بەڵام بە هۆی پێـوەندی و تێکەڵاوی لەگـەڵ ئەو نەتەوانە، کـۆمـەڵێک وشـە و زاراوەی ئەو زمـانانە هاتۆتە نێـو زمانەکەیەوە، بە تایبەت لە فارسییەوە"(١١).

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە ناوبردنی زمانی کوردی وەک لەهجەیەکی ئێـرانی لەلایەن هەندێک لە ڕۆشنبـیـران و نووسەرانی ئێرانەوە، بە قونسوڵخانەی ئێرانیشەوە، لەم سـەد ساڵەی دوایی پەیدا بووە، بەرهەمی پرۆسـەیەکی سیـاسی بووە، ئامـانجی دروسـتکردنی ئێـرانێک بووە بە یەک نەتەوە و یەک زمـان، لەسـەر حـسـێبی زمـان و نەتەوەکـانی دیکەی غـەیری فـارسی و دووره لە بۆچوونێکی زانسـتی و هیچ بنەمـایەکی مـێـژوویی و زمانەوانی و نەتەوەیی نییە. هەرچی ڕۆژهەڵاتناسەکانە، بە هۆی کەمی زانیـاری و ناشارەزاییان بە زمانی کوردی، کەوتوونەتە بڕیاردانی هەڵە سەبارەت بە ناسنامەی زمانی کوردی و بە لەهجەیەکی فارسییان داناوە.

### زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە ئێرانییەکان

زاراوەی زمانە ئێرانییەکـان کە لە دابەشکردنی زمانە هیندو - ئەوروپییەکاندا هاتووە، زمانی کوردی لە ڕیزی یەکێک لە زمانە ئێرانییەکان داناوە. ئەم ناوهێنانە هیچ پێوەندییەکی بە ناوی ئەمرۆی ئێرانی سیاسییەوە نییە، تەنیا دابەشکردنێکی زمانناسییە. مەبەست لەو کۆمەڵە زمانەیە کە لە کۆن و ئێستادا لەو ناوچەیە بەکار هاتووە.

ڕودیگەر شـمـیت Rüdiger Schmitt زمـانەوان و ئێـرانناسی ئەڵمـانی لەبارەی ناوی ئێـران و زمـانـە ئێرانییەکـانەوە دەڵێ: " کۆنترین ناوهێنانی (ئێران) لە ئاڤێستادا هاتووە بە ناوی ئاریا، کە ئەم وشەیەش هەموو نەتەوە ئاریاییـەکـانی هیندۆ ئێـرانی و هیندی کـۆنی گرتۆتەوە. دواتریش زمانەوانە ئەوروپییەکان لە سەدەی نۆزدەم بۆ ئەو کۆمەڵە زمانە کە ڕیشەی هاوبەشیان هەیە و لەگەڵ یەک نزیکییان هەیە، ناوی زمانە ئێرانییەکانیان لێ ناوە، کە ئەمەش تەنیا بۆ دابەشکردنێکی زمانەوانی بووە، بە هیچ شێوەیەک سیاسی نەبووە"(١٢). وەک ئەو دابەشکردنەی کە بۆ زمانە جەرمەنییەکان و سلاڤییەکان و لاتینییەکان لە ئەوروپا هەیە. بوونی زمانی ئینگلیزی لەنێو گرووپی زمانە جەرمەنییەکان بەو مانایە نییە کە زمـانی ئینگلیـزی، زمانێکی سەربەخۆ نییـە و پاشکۆی زمانی ئەڵمانییە، یان لەهجەیەکی ئەڵمانییە.

بوونی زمانی کوردی لە نێو زمانە ئێرانییەکان و نزیکی زمـــانی کـــوردی لە فـــارسی، لەلایەن زۆر لە پان-ئێرانیستەکان و دەسەڵاتدارانی ئێران و مێژوناسانی ئێـرانی، زۆر بە خـراپی لە دژی زمـانی کـوردی و زمـانە ئێرانییەکانی دی، بەکار هاتووە، هەوڵیان داوە لە ژێر ئەم ناوە باڵادەستی زمانی فارسی و ناسنامەی ئێرانی بەسەر هەموو نەتەوە و زمـانەکانی نێو ئێران بسـەپێنن، واتە لە چوارچێـوەی دابەشکردنە زمـانەوانییـەکە دەرهێنراوەو بۆ ئامانجێکی سیاسی بەکار هاتووە.

ئەم زاراوەیە لە سـەردەمـێکدا بۆ ئەو کـۆمـەڵە زمـانە دانراوە کە هێشـتـا ناوی ئێران بەسەر کـیـانی سیـاسی ئەمرۆی ئێراندا نەبرا بوو. وشەی ئێران لە کۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەم لە نووسـینی ڕۆژئاوایـیـەکـان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە ساڵی **١٩٣٥** لەسەردەمی ڕەزا شا بە ڕەسمی بوو بەناوی وڵاتی ئێران، کە پێشـتر لە ئەوروپا، ئێران بە ناوە یۆنانییـەکەی، پێرشیا Persia ناسرا بوو، بۆیە ناوی ئێران وەک چەمکێکی سیاسی ناوێکی نوێیە.

توێژەری ڕووسی زمـانە ئێـرانیـیـەکـان یوسـیـف ئارانسکی، هەر لەم بارەیەوە تەئکیـد دەکـاتەوە کـە بەکارهێنانی نـاوی زمانە ئێـرانیـیـەکـان بۆ قـەڵەمڕەوی حکوومەتی ئەمرۆی ئێران، ڕاست نییە، هەروەها دەڵێ: "زمـانە ئێـرانیـیـەکـان ناوەکـەی لە ناوهێنانێکی کۆنەوە وەرگـیـراوە، واتە ئەو زمـانانەی کـە لە ڕووی نەژاد و خزمایەتی و سەرچاوەوە لەگەڵ یەک ڕیشـەی هاوبەشیان هەیە، نەک لە ڕووی جوگرافیای ئێرانی سیاسی ئەمرۆ، وەک دیارە زمـانە ئێرانیـیـەکـان لە ئاسیـای ناوەڕاست و قـەوقـاز و ئەفـغـانسـتـان و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا هەیە"(١٣).

زاراوەی زمانە ئێرانییەکان تەنیا بۆ ئەو زمانانە بەکار نایەت کـە لەچوارچێـوەی سنووری سـیـاسی ئەمـرۆی ئێـراندان، زۆر زمـانی دی دەگـرێتـەوە، بۆ نموونە زمـانی ئۆسـێـتی، ئاخـێـوەری ئەم زمـانە لە ناوچەی قـەوقـاز نیشتەجێن، بەلووچی لە ئێران و پاکستان و ئەفغانستان دەژین، پەشـتـۆنی لە ئەفـغـاسـتـان و پاکـسـتـان دەژین، کوردیش لە عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا دەژین.

لە کـۆندا، بەر لە هاتنی تورکـەکـان بۆ ئەم ناوچەیە، زمـانە ئێرانییەکان ناوچەیەکی فراوانتری دەگرتەوە، هەر

لە کــەناری باکـــووری دەریای ڕەشـــەوە تا سنووری مەغۆلستان و چین درێژ دەبووەوە(١٤).

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە بەکارهێنانی چەمکی زمانە ئێرانییەکان، کە زیاتر لە سەد ساڵێک پێش ئێستا بۆ دابەشکردنی زمــانەکــان هاتە کــایەوە، دواتر دەبێ بە ئامــرازێک بە دەست دەسەڵاتدارانی ئێـران و نووسـەرە پان- ئێرانیسـتەکانی بۆ ئەوەی بە هۆی ئەم ناوەوە لە پلەوپایەی زمـانی کـوردی کـەم بکەنەوە و بە ئاسـانی بیکەن بە لەهجـەیەکی ئێرانی و فـارسی، کە ئەم جۆرە بەکارهێنانەش دوورە لە ڕاستی و ناوەرۆکی مەسەلەکە لەگەڵ مـیتودی زانسـتی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییـەکان یەک ناگرێتەوە.

## زمان و لەهجە، پێوەرەکانی جوداکردنەوەیان

کێشـەی جوداکـردنەوەی زمان و لەهجە، کـێشـەیەکی ئاڵۆزی زمـانەوانییـە، چونکە تا ئێسـتـا نەتوانراوە لە ڕووی زمانەوانییەوە سنوورێک بۆ جوداکردنەوەی زمان لە لەهجە دابنرێ.

هەندێک لەیەک نەگـەیشـتنی دوو گـرووپی زمـانی لەیەک، دەکەن بە پێوەر کە ئەو دوو  شێوە ئاخاوتنە سەر بە دوو زمـــانن، بەڵام ئەگــەر دوو شــێـــوەئاخــاوتن لەیەکگەیشتن، ئەوە دوو لەهجەی زمانێکە. ئەم پێـوەرە بۆ زۆربەی زمـانەکـانی دنیـا پێـوەرێکی ڕاسـتـە، وەک زمانی ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی و کـوردی و هیندی و ئەڵمانی و فەرەنسی...تاد کە ئەمانە هیچ کامیـان لە یەک تێ ناگـەن، بەڵام بۆ هەندێک زمـانی دی کـە هەتا ڕادەیەکی باش دەتوانن لە یەک تێ بگەن، ناکـــرێ بە پێـوەر، وەک زمانەکـانی جـەرمـەنی باکوور: سـوێدی و نەرویجی و دانیمارکی، یان هیندی و ئوردوو، کە ئەمانە هیچ کـامیـان لە ڕووی پلەوپایە و ناسنامـەی زمانیـیـەوە ناکرێ بە لەهجە دابنرێن.

هەندێک لە ڕووی پێکهاتەی زمان و جیاوازی وشە و فـۆنەتیک و ڕێزمـانەوە زمـان و لەهجـە لەیەک جـودا دەکەنەوە، بەڵام ئەمەش لەگەڵ هەندێک لە لەهجەکـانی زمانێک نابێ بە پێوەرێکی ڕاست، بۆ نموونە لەهجەکانی زمانی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ یەک جیاوازن، تەنانەت ئاخێـوەری هەندێک لەهجە لەگـەڵ لەهجـەیەکی دی لەیەکـیش تێ ناگـەن، کـەچی سـەرەڕای ئەو هەمـوو جیـاوازییـەش، ئەم لەهجانە بە درێژایی مـێـژوو و هەتا ئەمڕۆش هەر بەشێکی دانەبڕاوی زمانی کوردین.

هەر بۆیە زمانناسان هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە زمان و لەهجە ناکرێ تەنیا و تەنیا بە مەفهوومێکی زمانەوانی وەربگـیـرێ، بەڵکو زۆر هۆکـاری دیکەی غـەیری زمـانی وەک بارودۆخی سـیـاسی و مـێـژوویی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و کولتووری دەوریان هەیە لە بڕیاردان لەسەر ناسنامـەی زمـان و لەهجـە. ئەگـەر هەر سێ زمـانی ئەسکەندەناڤی (سـوێدی و دانیـمـارکی و نەوریجی) سـەرەڕای تێگەیشـتنیـان لەیەک کە بە زمـانی سەربەخۆ دادەنرێن لەبەر ئەوەیە، چونکە هەر سێ زمان، سێ زمانی ستانداردی خاوەن ڕێنووس و کتێبی ڕێزمان و ئەدەبیـاتی تایبـەت بە خـۆیان هەیە، سەر بە سێ دەوڵەتی نەتەوەیی جیـاوازن و ئاخـێـوەرانیـشـیـان زمـانەکـانیـان بە زمـانی سەربەخۆ دەزانن(١٥).

لە ڕووی مێژوویی و نەتەوەیی و کولتوورییەوە، کورد و فـارس، لە مێژووی کۆن و نوێدا دوو نەتەوە و دوو زمـانی سـەربەخـۆ بوون، هەروەک ئاشکرایشـە زمـانی کـوردی هەرگیز  لەهجەیەکی زمانی فارسی نەبووە، هەمیشە وەک زمــانێـکی سـەربەخـۆ نـاوی هاتووە. بۆ نموونە زمـانی پورتوغـالی و فـەرەنسی و ئیـسـپـانی لە بنچینەدا چەند لەهجـەیەکی زمـانی لاتینی بوون، کە دواتر ئەم لەهجـانە وەک زمـانی سەربەخۆی نەتەوەی جیـاواز گـەشە دەکـەن، ئەمڕۆ ئەو زمانانە زمانی نەتەوەی جیاواز و سەربەخۆن، بەڵام لە نێوان کوردی و فارسی، هەرگیز پێوەندییەکی لەم شێـوەیە نەبووە، کـەواتە پێـوەری جـوداکـردنەوەی زمـان و لەهجـە لەنێـوان فـارسی و کـوردی پێـوەری جـیـاوازی نەتەوەیی و مێژوویی و ئەتنیکی و کولتووری نێوان کورد و فارسە، هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو تا ئەمڕۆش کورد و فارس دوو نەتەوەی جودا و خاوەن دوو زمانی جودان.

لەلایەکی دیکەوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە، زمانەکان و لەهجـەکـان لە هەمـوو ڕوویەکـەوە یەکـسـانن، لە زمانناسیدا ئەم مەسەلەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە یەکلا بۆتەوە کە زمـانەکان وەک مرۆڤەکـان یەکسـانن، بەڵام توانـاییـەکـانی مـرۆڤ وەک یەک نـییـە، هەمـوو مـرۆڤـێک وەک یەک ناتوانێ هەمـوو شـتـێک بکات، ئەوەی زیاتر خـۆی پێش خسـتـووە لە بوارێک، توانایی زیاترە، کەواتە زمانەکانیش وەک یەک هەموو شتێک لە هەمـوو هەلومـەرجـێک ناتوانن بە یەکسـانی دەرببـڕن، هەندێک زمــان زیـاتر پێـشـکەتووە و توانایی دەربڕینی

زیاتره(١٦).

ئەو بیرەی کە زمانەکانی دابەش کردبوو بۆ پێشکەوتوو و دواکەوتوو، شارستانی و ناشارستانی، مۆدێرن و سەرەتایی، مەدەنی و بەربەری...تاد ئەم جۆرە بۆچوونە لەسەر زمانەکان، فیکرەی کۆلۆنیالیستەکان بوو، بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەم، کە سەدەی کۆلۆنیالیزم بوو، ولاتە کۆلۆنیالییە گەورەکان زمانەکانی خۆیان وەک فەرەنسی و ئینگلیزی، بە زمانی شارستانی دادەنا و زمانەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی خۆیان بە زمانی ناشارستانی و سەرەتایی دادەنا. دواتر هەر ئەم فیکرە کۆلۆنیالییە بالادەستە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەگوێزرێتەوە بۆ نەتەوە سەردەستەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و جیهانی سێیەم، کە زمانی خۆیان پلەی زمانی پێشکەوتوو و شارستانی هەبوو، بەلام زمانی نەتەوەکانی ژێردەستەی ئەو ولاتانە، بە لەهجە و زمانی دواکەوتوو دادەنرا.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، گەلێک لە زمانەوانەکان و لە پێش هەموویانەوە زانای ئەنترۆپۆلۆژی فرانز بۆواز Franz Boas زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر ئەم فکرە کۆلۆنیالییە، رەخنە لەم تێزە دەگرێ و دەلێ: ئەمە تەواو پێچەوانەی راستییە زمانەوانییەکانە، ئەو زمانەی کە هیندییە سوورەکانی باکووری ئەمەریکا و بوشمەنەکانی باشووری ئەفەریقا و ئەبۆرگینەکانی دانیشتوانی ئەسلی ئوسترالیا قسەی پێ دەکەن، ناکرێ بە هیچ شێوەیەک زمانی سەرەتایی بن، رەنگە هەندێکیان رێزمانێکی سەخت و سیستمێکی دەنگسازی ئالۆزی هەبێ کە جیاواز بێ لەگەل زمانەکانی دی کە بە زمانی پێشکەوتوو و شارستانی دادەنرێن، بەلام ئەمە کەم تا زۆر لەنێوان هەموو زمانەکاندا هەیە(١٧). ئەگەر هەر یەک لەو زمانانە هەلومەرجی پێشکەوتنیان بۆ برەخسێ وەک هەموو زمانەکانی دیکە دەتوانن پەرەبستێنن و ببن بە زمانێک هەموو شتێکی پێ بنووسرێ و هەموو شتێکی پێ دەربرێ، بۆیە زمانەوانی نوێ باوەری وایە کە هەموو زمانەکان بەهای یەکسانیان هەیە.

کەواتە لەم روانگە زمانەوانییەوە، زمانی کوردی و فارسی یەکسانن، تەنیا ئەوە نەبێت کە فارسی لە رەوتی پێشکەوتن و بەکارهێنانی لە بواری جیاواز، دەرفەتی پێشکەوتنی بۆ رەخساوە، ئەگەر هەمان دەرفەت بۆ زمانی کوردی برەخسێ، هەلبەت بەهەمان رادەی فارسی پێشدەکەوێ. وەک ئەمرۆ دەبینین زمانی کوردی لە باشووری کوردستان، کە زەمینەی سیاسی و ئابووری بۆ رەخساوە، لە هەموو بوارەکاندا، پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ هەموو زمانەکان یەکسانن و توانایی گەشە کردنیان هەیە، ئەگەر بایەخی پێ بدرێ و بواری گەشەکردنی بۆ برەخسێ.

### ئەنجامی باسەکە

ناوهێنانی زمانی کوردی بە لەهجەیەکی ئێرانی، دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی نوێیە لە مێژووی ئێران، کە بۆ ئەم سەد سالەی دوایی سیستمی حوکمرانی ئێران دەگەرێتەوە. پاش ئەوەی رەزا شا لە ئێران دەسەلات دەگرێتە دەست، هەول دەدات دەولەت- نەتەوە لەسەر بنەرەتی یەک نەتەوە بە یەک زمان لە ولاتەکەدا دروست بکرێ، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، تەنیا زمانی فارسی دەکرێ بە زمانی رەسمی ئەو ولاتە و زمانەکانی دی دەکرێن بە لەهجەی ئەو زمانە، بۆیە ناوبردنی زمانی کوردی بە لەهجەیەکی ئێرانی، بەرهەمی پرۆسەیەکی سیاسی نەتەوەسازی ئێرانی بووە. لە پێش ئەو سەردەمە، لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی ئێراندا، ئەم جۆرە ناوهێنانە بە هیچ شێوەیەک نەبووە. ناوبردنی زمانی کوردی بە لەهجەیەکی ئێرانی لەلایەن قونسولخانەی ئێرانی لە سلێمانی، پاشماوەی فەرهەنگی بالادەستی نەژادی ئێرانی و زمانی فارسییە و هەر لەسەرچاوەکانی ئەو سەردەمەشەوە ئاو دەخۆنەوە، هیچ بنەمایەکی زانستی و مێژوویی نییە و لە رووی نەتەوەیی و کولتوورییەوە هیچ پالپشتێکی نییە.

لە رووی زمانەوانییەوەش، هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، چونکە لە زمانناسی نوێدا هەموو زمانەکان و لەهجەکان یەکسانن. کوردی و فارسی دوو زمانی سەربەخۆن، سەر بە دوو نەتەوەی جیاوازن، هیچ کامیان لەهجەی ئەوی دی نییە، هەرچەندە هەردوو زمان سەر بە گرووپی زمانە ئێرانییەکانن، واتە لە رووی خزمایەتی و نزیکی هاوریشەن، وەک ئەو پێوەندییە زمانییەی کە لە نێوان زمانە جەرمەنییەکاندا هەیە، وەک زمانی هۆلەندی و ئەلمانی و ئینگلیزی، یان سوێدی و دانیمارکی و نەرویجی، بوونی ئەم جۆرە خزمایەتییە زمانییە، لەنێوان زۆربەی زمانەکاندا هەیە، بە هیچ شێوەیەک لە

سەربەخۆیی ئەو زمانانە کەم ناکاتەوە، بەڵام لە ئێران، زاراوەی زمانە ئێرانییەکان، کە چەمکێکی زمانەوانییە، بۆ ئامانجی سیاسی دژ بە سەربەخۆیی و ڕەسەنایەتی زمانی کوردی بەکار هاتووە، دەسەڵاتدارانی ئێران و پان - ئێرانیستەکان، کردوویانە بە ئامرازێک بۆ پاشکۆکردنی هەموو زمانە ئێرانییەکان، دواتر کردنیان بە لەهجەیەکی زمانی فارسی.


**سەرچاوە و ژێدەر:**

**١- دەقی فارسی ئەو بڕگەیە کە باسی زمانی کوردی دەکات، لە وتارەکەی قونسوڵخانەی ئێرانی بەم شێوەیە: "در صورتی کە حتی لهجە کردی زبان مستقلی نبودە و یکی از لهجە های زبانهای ایرانی امیختە بە واژگان عربی، ترکی، فارسی و ... است". وتارەکە لەسەر سایتی قونسوڵخانەی ئێرانی بڵاو بۆتەوە، بەڵام پاش ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر دەبێتەوە، لەسەر سایتەکەی خۆیان لای دەبەن. دواتر وەک هەواڵێک لە ماڵپەڕی ڕووداو بڵاو دەبێتەوە.**

**2- Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco, Mellen Research University Press, 1992, pp.125-129.**

**٣- أمیر شرف خان بدلیسی، شرفنامە، تأریخ مفصل کردستان، بامقدمە و تعلیقات و فهارس بقلم محمد عباسی، چاپ أفست علی اکبر علمی، ١٣٤٣، ص ٢٣.**

**٤- علی اکبر وقایع نگار، بدایع اللغە، فرهنگ کردی - فارسی، بە کوشش: محمد رؤوف توکلی، چاپخانە ارژنگ، ١٣٦٩، ص.٢.**

**٥- مسعود کیهان، جغرافیای مفصل ایران، مطبعە مجلس، تهران، ١٣١١، ص٨٤.**

**٦- تاکو ئەمڕۆش لە ئێران ئەو کتێبانەی کە لەلایەن پان - ئێرانیستەکانەوە دەردەچن، ناتوانن دان بە سەربەخۆیی نەتەوەی کورد و زمانەکەی بنێن. هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ نییە و زمانەکەشی لقێکی زمانی فارسی و ئێرانییە، شایانی ئەوە نییە بە زمان ناوببرێ. بۆ نموونە بڕوانە: غلامرضا انصاف پور، تاریخ سیاسی و جغرافیایی مردم کرد، از شرقی ترین تا غربی ترین، انتشارات ارمغان، تهران، ١٣٧٩، نووسەر لەم کتێبەدا هەوڵێکی بێ وچان دەدا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە کورد بە شێکن لە فەرهەنگی ڕەسەنی ئێرانی و زمانەکەشیان لەهجەیەکی ئێرانییە، کوردیش بە نەتەوە دانانێ، هەر بۆیە لەسەر بەرگی کتێبەکەی ناوی کورد بە (مردم کرد) ناو دەبا.**

**٧- رشید یاسمی، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، موسسە انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٣، ص١٣٢- ١٣٥.**

**8- Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco, Mellen Research University Press, 1992, p. 128.**

**9- Austen H. Layard, Discoveries among the ruins of Nineveh and Babylon, with travel in Armenia, Kurdistan and Desert, G. P. Putnam, New York, 1853, p. 374.**

**10- Prof. Bela B. Edwards, Note on The Kûrdish Language, Journal of the American Oriental Society, Vol. 2 (1851), American Oriental Society, pp. 120-123.**

**11- Frederick Millingen, Wild life among the Koords, Hurst and Blackett Publishers, London, 1870, p.215.**

**١٢- رودیگر اشمیت، راهنمای زبانهای ایرانی، مترجمان ارمان بختیاری و دیگران، زیر نظر حسن رضائی باغ بیدی، جلد اول، تهران، ققنوس، ١٣٨٢، ص ٣٢ - ٤٢.**

**١٣- یوسیف م. ارانسکی، زبانهای ایرانی، ترجمە دکتر علی اشرف صادقی، انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٤، ص٤٣.**

**١٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٢.**

**15- J.K. Chambers and Peter Trudgill, Dialectology, Cambridge University press, 1998, pp. 4-5.**

**16- Tore Janson, The History of Languages, An Introduction, Oxford Textbook in Linguistics, Oxford University Press, UK. P. 82.**

**- Ibid. P.81.**

## کۆنینەناسی

# دەڤەری مەنگوڕایەتی مەهاباد(*) دژی (ماننایی) مادی قەڵاتی شا

لە فارسییەوە: میهرداد ڕامیدی نیا
(مەهاباد)

بانوی ئێران لە بەشی ڕۆژئاواییدا ناوچەگەلێکی زۆر دەگرێتە بەر کە یەکەم برووسکی شارستانیەت و شوێنەوارەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی هاوڕێ لەگەڵ ئاسەوار و نیشانەکانی مادی لە ئەوان دەڤەراندا چەخماغەی داوە. زۆری بڵاوبوونەوەی ئاسەوار و شوێنەواری شارستانیەتە کەوناراکان لە دەڤەری مەهاباد بەرهەمی بڕاوەی هەڵکەوتی جوگرافیایی شیاو و لە باری ئەون. لە لایەکیدا بەرزاییەکانی زاگرۆس هەڵکەوتووە و لەلایەکی ترەوە بەرزتر دەڕوانێتە سەر دەشتە پڕ پیت و بەرەکەتەکانی ڕۆژهەڵات.

گەلانی کەونارا کاتێ بەدەشتەکانی مەهاباد دا تێپەڕیون، هەموو لکەکانی چۆمی سیمینەو مەهابادیان دیتووە و لە جێبەجێی زێوارەکانی ئەم دەشتە پڕ پیتەدا نیشتەجێ بوون، هەروەک شوێنەواری هەزارەی چوارەمی بەر لە زایین تەپکی "سێگردان"(١)هۆکاری جوگرافیایی شارستانییەکانی کەونارای ئەم دەشتە دەسەلمێنێ. دەشتی مەهاباد لەسەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی بەر لە مەسیح و لەو سەردەمەیدا کە هێشتا گەلی "ماد" ناوەندێکی سەلماوی بۆ مانەوە نەبووە، پێگەیەکی هەرە باش بووە بۆ بارهێنان و سەرهەڵدانی یەکەم حکوومەت لە هەراوی بانوی ئێراندا و لەم ڕێیەوە دەتوانین هۆکاری فەرهەنگی مادی ئەو چاخە بە شێوەی باشترین شوێنەواری بەردین ببینین.

دەخمەی "فەقرگا "(٢) یان "فەخریکە" و "بەردە کونتە"(٣) یان "بەردە کشە(؟)"(٤) (هەڵکەوتوو لە نۆ کیلۆمەتری ڕێگای مەهاباد بۆ ڕەزایە (ورمێ) یادگاری ئەو سەردەمانەیە. لە تێوڵی ڕۆژئاواو باشووری مەهاباد ناوچەیەکی نەناسراو هەیە بە نێوی مەنگوڕ(ایەتی) (٥)کە جێی خۆیەتی بۆ ناسینی زۆرتر ڕادە و سنووری جوگرافیایی ئەویش بناسین.

(دەڤەری) مەنگوڕ(ان) لە ڕۆژئاواوە بەرەو ناوچەکانی خانێ(پیرانشار)، شنۆ و نەغەدە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو بۆکان، لە باشوورەوە بەرەو مەهاباد و لە باکوورەوە بەرەو سەقز و بۆکان ڕاکێشراوە. مەنگوڕایەتی وڵاتێکی کوێستانی و هەڵەمووتە کە هەر لە زۆر کۆنەوە دەستی نەیارانی ویرانەگەییوە و هۆز و خێڵی نیشتەجێی ئەو دەڤەرە خەڵکانێکی ئازاو جەنگێن کە بۆ ڕاگرتن و پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژئاوای بانوی ئێران بەدرێژایی مێژوو یارمەتی دەوڵەتی ناوەندییان داوە. هۆزەکانی مەنگوڕ خەڵکێکی شۆڕەسوار و ئەگیتن و ڕێگە برین و چوونە نێو بەشە کوێستانییەکانی ئەوان، تەنیا بە ئێستر و ئەسپیان دەلوێ، هەربۆیە بەخێوکردن و ڕاهێنانی ئەسپیش لەم دەڤەرەدا هەرە گرینگە.

ئێستا لە شەش تیرە پتر لەم دەڤەرەدا نەماونەتەوە(٦) و لێکۆڵینەوەی هۆزناسی مەنگوڕ نیازی بە پەیجۆرێکی زۆرترە و ئێمە تەنیا بە باس کردن لە نێوی ئەو تایفانە کورتی دەبڕینەوە:

أ: تایفەی شەم، یان شەمێ: گەورەترین تایفەیە لە پێکهێنانی یەکێتی لە نێوان تایفەکانی دیکەدا، هەروەها لە بەرپەرچدانەوەو ڕاونانی شەڕئاژۆ و ئاژاوەچییاندا بەناوبانگە.

ب: تایفەی زێڕنێ: تایفەی ئامانێ- تایفەی خدرێ- تایفەی مرۆتێ - تایفەی زێنێ.

بۆ باس کردن لە ڕابردووی مێژوویی مەنگوڕ دەبێ تیشک بخەینە سەر دوو خاڵان:

أ: دەڤەری مەنگوڕایەتی تەنیا لە بەشی ڕۆژهەڵاتی خۆیدا خاوەنی دەشتودەرە و بەستێنی چۆمی "تەتەهو"(٧) لە باری نیشتەجێبوونی خەڵکانی مەنگوڕی کەونارا شیاوترین جێ هاتۆتە ئەژمار. بەوتەیەکی دی لەمەنگوڕی ڕۆژهەڵاتیدا هۆکاری سروشتی لەگەڵ تێکۆشان و دژ کردەوەکانی مرۆڤایەتیدا سازگارێکی زۆرتری هەبووە. بەسەرنجدان بە جڤات و خەڵکانی کەم و بڵاوی ڕۆژگارانی ڕابردوو، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی چەماوی زۆر و دەشتانی کاکی بە کاکی، گەشەی شارستانییەتەکانی ڕابردوو لە مەنگوڕی ڕۆژهەڵاتیدا هۆکارێکی باوەڕمەندانەی زۆرتر لەخۆ دەگرێ.

خەریک بوون بە هونەر و گەشەونەشەی فەرهەنگی گەلانی کەونارا، تەنیا بەدوای باشبوونی باری ژیانی مادی و ئاسوودەیی ئابووری لواوە و ئەم ویستە لە مەنگوڕی ڕۆژهەڵاتیدا تەواو ڕوون و بەرچاوە: هەڵسەنگاندنی نەخشونیگاری جیاواز و هەمەجۆری بیچمی سواڵەتی مەنگوڕیی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ مەنگوڕیی ڕۆژئاواییدا جێی سەرسوڕمانە. گردە کۆنەکانی ئەم بەشە وەک "یاڵ تەمەر"(٨)، "قۆڵغەتەپە"(٩) و "قەڵاجوغە"(١٠) زۆر گەورە و ناسێنەری سەردەمانی نیشتەجێبوونێکی دووردرێژن.

ناوەندەکانی تەنینەوە و پەرەسەندن و بەردەوام بوونی شارستانیەت لە مەنگوڕی ڕۆژهەڵاتیدا زۆر و زەبەندترە، بۆ وێنە: لە جێیەکی مەنگوڕی ڕۆژهەڵاتیدا لێکدانەوە مێژووییەکانی ئێمە پشت بەو شوێنەوار و بەڵگە کۆنینەناسیانە دەبەستنەوە کە تەنانەت لەگەڵ گێڕانەوەکانی مێژوونووسانی ئیسلامیش یەک دەگرنەوە، ئەو شوێنە "شارەزووری"(١١) کەونارایە کە نووسەری (فەرهەنگی) "منتهی الارب" بە گێڕانەوە لە (یاقووتی حەمەوی) و کەسانی دی دەڵێ: ((شارەزوور شارێکە لە نێوان هەمەدان و هەولێر هەڵکەوتووە و (شارەزوور) شاری (زوور) ی کوڕی زەحاکە)). گەرچی نیشتەی ئاومالک و قوروقالی ئاوە باران بەدرێژایی زەمان بەردەوام بەشێکی زۆری وارش و شوورەی ئێستای شارەزووری داپۆشیوە، بەڵام بە دۆزینەوەی لەتکە سواڵەتەکانی ئەو جێیە، دەتوانین وای لێکدەینەوە کە یەکەم بناغەکانی ئەم شارە لە سەردەمانی بەر لە دەسەڵاتداری "ماد"ەکان، یانی سەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی بەر لە مەسیح داڕێژراوە. ئەم شارە بە دوای بوومەلەرزەی ساڵی ٦١٣ کۆچی و هۆمەنی تاڵانکەری تەیموور لە ساڵی ٨٠٣ی کۆچیدا قەت خۆی نەگرتۆتەوە.(١٢)

ب: دانیشتوانی کۆنی مەنگوڕی ڕۆژئاوایی بە هۆی باری نارێکی جوگرافیایی و بوونی کەژ و کێوی هەڵەموت و سەخت و هەروا بەهۆی نەبوونی هێمنایەتی لە سنوورە ڕۆژئاواییەکانی ئێراندا، هەرگیز نەیانتوانیوە لەشوێنێکدا گوڕ بە مانەوە و بەردەوامی ژیانی خۆیان بدەن و شوێنەواری ڕابردوویان زۆرتر لە قەڵات (شاخەبەردێک کە بە هەندێ دەستکاری لەباتی قەڵا کەڵکیان لێوەرگرتووە)و گۆڕستانە کەوناراکاندا پوخت دەکرێتەوە. بۆ وێنە: گەلانی کەونارای نێوەڕاستی هەزارەی دووەمی بەر لە مەسیح لە دەوروبەری تێولێک لە تراشەکانی زاگرۆسدا بڵاو بوونەتەوە کە وەکۆڵینی شوێنەواری بە جێماویان لە دەڤەری پیرانشار و نەغەدە

زاڵ بوون و سەرکەوتنی گەلانی "سەکا"یی دەردەخا.

لە دەوروبەری دۆڵێکدا کە بە دۆڵی هەرێمی "گاگەش"(١٣) ناسراوە (لەوانەیە یەکێک لە ڕێگاکانی پێوەندی دانیشتوانی کەنارای مەنگوڕ بێ لەگەڵ میزۆپۆتامیا)دا زنجیرەیەک لە ئاسەواری باسکراو دەبینین: لێرەدا گۆڕەکان بە ڕێکوپێکی و بەردەوامیێکی تایبەت و لە سەرجەمدا بە شێوەیەک هەڵکەوتوون کە بوونی ئاوها شێوازێک وامان لێدەکات کە ئەوانە بە گۆڕی بنەماڵەیی؟ دابنێین و لە بەرانبەر ئەوەشدا زۆر گۆڕی تاکەکەسی هەن کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دانراون.

گردە کۆنەکان لە مەنگوڕی ڕۆژئاواییدا بەو واتایەی کە نیشاندەری سەردەمانی نیشتەجێبوونێکی دوورودرێژ بن زۆر کەم و دەگمەنە، ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە هەلومەرجی جوگرافیایی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ژیرانەی لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشان لە یەکەم کۆمەڵگاکانی مەنگوڕی ڕۆژئاواییدا هەبووە، تەنانەت بارودۆخی نالەبار و ئۆقرەنەگرتووی ئەوان سەردەمان وای لێکردوون کە لە ڕۆنانی پێکهاتەی شار و گوندەکانیاندا زۆر وشیار بن. بۆ وێنە لە دەوروبەری گوندی "مێرگەرۆ"(١٤) کە بەرزاییەکانی "میراڵ" لە بەرێکیدا هەڵکەوتووە و بە لایەکی دیدا دەگاتە کەنارە پڕ پیتەکانی چۆمی "داغە"(١٥)، گردۆکێکی کۆن هەیە کە پتر لە یەک دەورە (هەزارەی دووەمی بەر لە مەسیح) ئاوەدان نەبووە و بە ڕواڵەت وێدەچێ کە دانیشتوانی کۆمەڵگای لێک گرێدراوی ئەو خۆڕاگرێکی بەهێزیان لەبەرانبەر ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆری کۆمەڵگاکانی ئەوان سەردەماندا کردبێ. ئەگەر بێتو بارودۆخی پێنج بنەماڵەی ئێستای دانیشتووی گوندی مێرگەرۆ لەگەڵ پانتایی کەمی ئەم گردۆکە کۆنەدا هەڵسەنگێنین ڕاستەقینەی مێژوویی سەرووومان پتر لێ ڕوون دەبێتەوە.دانیشتوانی ئێستای مێرگەرۆ سەرەڕای ئەوەی کە میراتگری شارستانیەتێکی چەند هەزار ساڵەن (قەت) نەیانتوانیوە لە مۆتەی هەلومەرجی ئەو مەڵبەندە ڕزگار بن.

پێشتر باسمان کرد کە سەرلەبەری مەنگوڕی ڕۆژئاوایی کوێستانە. زنجیرەیەک لە بەرزاییەکانی زاگرۆس ناسراو بە "مشکۆی بزنە کێویان" و "میراڵ" سەرانسەری ئەو



قەڵاتی شای بۆشتۆی مەنگووڕ

بەشەیان داپۆشیوە و بناوانی چۆمەکانی "داغە" و "حەسەن چەپ"(١٦)یش لە کانیاوەکانی ئەو بەرزاییانەوە هەڵدەقوڵێ. داوێنەکانی مشکۆی بزنە کێویان تا خاکی ئێراق ڕاکێشراوە و لەسەر بەرزترین دوندی ئەودا کە بە "دۆڵی شێخان"، یان "لەندی شێخان" بە ناوبانگە یەکێک لەخۆاڕگرترین دژەکانی سەردەمی کەونارایان داڕێژتووە.

### قەڵاتی شای (بۆشتۆ)(١٧)

ئەو دژە (= قەڵات) کە لە زۆربەی ناوچەکانی ئازەربایەجانی ڕۆژئاواییدا ئەفسانەی سەرسوڕهێنەری لەبارەدا دەگێڕنەوە خاوەنی هەڵکەوتنێکی سروشتی تایبەتە.بۆ دیتنی ئەو قەڵایە دەبێ ڕێیەکی نالەبار ببڕی کە لە ڕێگای مهاباد - سەردەشت هەڵدەبڕێ و دەگاتە دێی "داغە" بە دوای ئەوەشدا تەنیا بە ئێستر و ئەسپان دەتوانی بە شەش سەعاتان بگەیە سەر قەڵاتێ. سەرجەم دەتوانین بڵێین قەڵاتی شا (لە دۆرینگی)سەدوبیست(١٨) کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد دا هەڵکەوتووە. تیشە شاخی سەر بەندەنێکە ئەو دژە بە سەرنجدان بە قەڵبەزەکانی ئەو داڕێژراوە هەشتا مەتر بەرزە و بۆ هەڵگەڕان بەسەر تیشە شاخەکەدا تەنیا پێڕێیەک لە تێوڵی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە.

لێکۆڵینەوەکانی ناوچەیی نیشانی دا کە قەڵاتی شا تا ئەو دواییانەش مەکۆ و نوا بووە و تیشەشاخی ئەو لە سەت ساڵی ڕابردوودا گەلێک ڕووداو و گێرەوکێشەی بە خۆوە دیوە، تێپەڕین بە گەلی و دۆڵ و شیوە بە سامەکانی لەندی شێخان بە بێ چەکان و بەڵەدی ناوچەکە زۆر چەتوون و دژوارە. تیشەشاخی هەزاربەهەزاری قەڵاتی شا

دانیشتوانی ئەو قەڵاتەی لە بەرانبەر هەر چەشنە هۆمەنی دوژمن و نەیاران پاراستووە و شووورە و حەساری سروشتی دەوروبەری دژەکە توانایی بەرگری کردن لە دەستکردەکانی ژووریی زۆرتر کردووە. لە نێو دژەکەدا بێجگە لە خانووبەرەکان بۆ پاشەکەوتی ئاوە باران لە یەکەم وەرزەکانی ساڵدا گەلێک ئەستێر و گۆلیان لە بەردی داتاشیوە و لەسەر ئەو دوندە بەرزە شوێنی هیچ کاریزێک وەبەرچاو نایە. هەنووکەش دەتوانین لە رووخانی بەشێکی زۆری خانووبەرەکاندا بناخە بەردی دوو خانووبەران لێک بناسینەوە:

أ: داڵانێک بە درێژایی٥/١٨مەتر کە دەچێتەوە سەر دە دیوی ٥ / ٥×٣ مەتری.

ب: داڵانێک بە شکڵی T و بە درێژایی ٥/ ١٧ مەتر کە لە نۆ وەتاغ پێکهاتووە.

ئەو خانووبەرانەی باسمان کردن، بە تایبەتی بە دەستەبەرد دانراون و لە هەندێک جێشدا ئیشکەبەردیان دەکار کردووە. ئەو گڵێنانەی لێرە دیتراونەتەوە گەلێک سەرەتایین و زۆربەیان دەستکارن. سەرنج نەدان بە تین و تاو و سوورکردنەوەی ناشیانەی سواڵەتەکان، ئەو گومانەی سازکردووە کە بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی تووش و سەختی ئەو شوێنە دەبێ کارگەی گڵێنە سوور کردنەوەش هەر لە نێو دژەکەدا دامەزرابێ و بە رواڵەت (وا وێدەچێ)سواڵەتەکان هەر سازکراو و پەرداخی هەلومەرجی ئەو شوێنە بن.

لێکۆڵینەوە لەو چەشنە سواڵەتانە، هەروەها بناغەی خانووبەرە جێماوەکان، ئەوە روون دەکاتەوە کە یەکەم بەردە بناخەی ئەو دژە گەورە و سەرسووڕهێنەرە لە سەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی بەر لە مەسیح بەدەست گەلانی دەڤەرەکە داڕێژراوە و بە دوای ئەوەشدا لە سەردەمی مادەکاندا پاشکۆی دیکەیان لێ زیاد کردووە. (ئەو قەڵاتە) نوای کوردان و هۆزانی ئەم دەڤەرە بووە و بێشک هەڵکەوتنی پاشماوەکانی وەها قەڵاتێک لە بەرزایی ٢٨٠٣ مەتری زەویدا دەتوانێ باشترین پەناگا بێ.

دەزانین کە رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای بانوی ئێران لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی بەر لەمەسیح، یانی هاوکات لەگەڵ کۆچی بەرەبەرەی ئاریایەکان گۆڕکەی رووداوێکی زۆر بووە، گەلانی ئەم دەڤەرە بە شارستانیەتی درەوشاوە و پێشکەوتوویان زۆرجار ناچار بوون لە بەرانبەر ئەم رووداوانەدا تاقەت بێنن و سەردەمێکیش کە بوونی هاوسێی بەهێزی وەک ئۆرارتۆییەکان ترسی رێخستوون بە ناچار لە پەنای سروشت و بە یارمەتی هەڵکەوتی جوگرافیایی وڵاتەکەیان بەربەرەکانیان دەگەڵ کردوون، هەربۆیە ئاسەوار و شوێنەواری نەبوونی هێمنایەتی و شەڕخوازی گەلانی کەونارا پتر بە شێوەی دژ و قەڵاتی خۆڕاگر بەجێ ماون، هەروەک لە تێولێک لە بڵندترین بەرزاییەکانی زاگرۆسدا دەتوانین قەڵاتەکانی "ئاشەوان" و "شیناوێ" لە دەڤەری پیرانشار، لە ناوچە شیمالییەکانی دیدا دژە ئۆرارتۆییەکانی "سارنج" و "شیت" لە دەوروبەری ماکۆ و دژی ئۆرارتۆیی "بەستام" لە دەوروبەری (شاری) خۆیە، دژی مادی "قارنی یارخ" لە دەوروبەری شاپور (سەلماس) و دژی "قەڵاتگە" و دژی (ماننایی) "حەسەنلو" لە نزیک نەغەدە نێوبێنین کە هەریەک لەوانە لە باری نەقشەو هەڵکەوتنیان شیاوی هەڵسەنگاندنن لەگەڵ دژی مادی (/ماننایی) "قەڵاتی شا"ن. (تەواو- مهاباد زستانی ١٣٩٠).

* * *

* قراخانی، حسن. بررسیهای باستانشناسی در منطقه منگور مهاباد (دژ مادی قلات شاه)، بررسیهای تاریخی، سال دهم، تهران: ١٣٥٤. سوپاس بۆ کاک "ئەحمەدی مرۆتێ" و کاک "مستەفای حاجی" پیاوانی هۆزی "کەڵهوڕی" دانیشتووی دەڤەری مەنگوڕایەتی مەهاباد کە لە ڕاستکردنەوەی نێوی چەند شوێن، هەروەها لە ساغ کردنەوەی نێوی هۆزەکانی نیشتەجێی دەڤەری مەنگوڕی رۆژئاوایی مەهاباد یاریدەیان دام.

**یادداشتەکانی وەرگێڕ:**

(١) سێ گردان: تەپکی سێ گردان لە باکووری شاری مەهاباد دا هەڵکەوتووە، شوێنەواری گەلانی کالکۆلێتیکەو مێژووی بۆ چوار هەزار ساڵ بەر لە مەسیح دەگەڕێتەوە. لە ساڵی ١٣٤٥ هەتاوی بە ژمارە ٦٠٤ هاتووەتە ریزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران.

(٢) فەقرگا:دەخمە (بۆدە)ی فەقرگا، فەقرەقا، فەخریکە، یان فەخریکا باکووریترین دەخمەی سەردەمی "ماد"ە، لە باشووری زەریای ورمێ و لە مەودای نزیک بە پازدە کیلۆمەتری مەهاباد، روو بە گوندی "ئیندەرقاش" و پشت بە "قونقەڵایە" هەڵکەوتووە. هەندێک بە گۆڕدەخمەی "فەروەرتیش" بابی "دیاکۆ" یەکەم پاشای مادی دەزانن، بەڵام "رۆمەن گیریشمەن" بە

گڵکۆی شازادێکی "ماننایی" زانیوە و "هێرتسفێڵد" و... بە گۆڕێکی سەردەمی مادەکان. مێژووی سازکردنی زۆر ڕوون نییە، بەڵام ناتوانێ کۆنتر لە سەدەی حەوتەمی پێش مەسیح بێ. بڕواننە: ((تمدن مهاباد، م.پدرام، نشر هور، تهران: ۱۳۷۳)). هەروەها ((ایزرتو۲، مجموعه آثار تاریخی- فرهنگی مهاباد، به کوشش: یوسف حسن زاده، شورای نویسندگان: م.پدرام - م. رامیدی نیا و...، ایزرتو، بوکان: ۱۳۸۷)). ئەو شوێنەوارە لە ساڵی ۱۳۱٦ هەتاویدا بە ژمارەی ۲۸۸ لە پێرستی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێراندا تۆمار کراوە.

(۳) بەردە کونتە: یان بەردە کونتێ، یانی بەردی کون، یان کۆن. ئاگرگا و پەرستگەیەکی هەزارەی یەکەمی (ماننایی- ئۆرارتۆیی؟) پێش مەسیحە، لە مەودای نزیک بە حەوت کیلۆمەتری باکووری مەهاباد لە چەقی ڕێی مەهاباد بۆ ورمێ نزیک بە گوندی "وسوکەند"ی "شارویران" هەڵکەوتووە. لەساڵی ۱۳٦٤ هەتاوی بە ژمارە ۱٦۸٤ هاتۆتە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران. بۆ زانیاری زۆرتر بڕواننە: ((اتشکدەی برده کنتەی مهاباد، مهرداد رامیدی نیا، هفته سیروان، شماره ۵۵۳، بیست و هشتم شهریور ۱۳۸۸. سنندج)).

(٤) بەردە کشە(؟): یان بەردە کێشە؟ مەبەست هەر بەردە کونتەیە. بڵێی ئەو نێوەشی هەبووبێ؟ یان ئەوە هەڵەیەکی چاپە؟

(۵) مەنگوڕ: مەنگوڕ نێوی جوگرافیایی هەرەکۆنی ئەم دەڤەرەیە و ئەو نێوە لە سەردەمێکی زۆر نزیک تردا بۆتە نێوی تایفەیەکی ئەو ناوچەیە. ماننا و مەنگوڕ لەگەڵ یەک لە پێوەندیدان، وێدەچێ واژەی مەنگوڕ لە دوو بەشی جیاوازی وەک: "مەن" + "گوڕ"، "گەوڕ"، "گەوەڕ" یان "گەور" پێکهاتبێ کە بە لەبەرچاو گرتنی شوێنەوارگەلی مانایی وەک "قەڵاتی شای بۆشتۆ" لەو دەڤەرە دا دەبێ "مەن" واژەی لە زمان سواوی "مانا" بێ واتا کیشوەر و وڵاتی ماننایی. "گوڕ"یش لە زمانی کوردیدا بە مانای: هێز و تواناییەو وێدەچێ بە واتای کیشوەری مانای بە هێز و دەستەڵات بێ. ئەگەر ئەو نێوە لە "مان" + "گەوڕ" پێکهاتبێ ئەوا "گەوڕ"، هەر "گەڤر" یان "گاوڕ"ـە بە مانای زەردەشتی - مانا گاوڕ. بێجگە لەوەش "گەوەڕ" بە مانای جێی هەڵەموت و سەخت و "گەور" یان "گەورە" بەواتای گەورە و مەزن لە پێکهاتەی ئەو نێوەدا جێی سەرنجێکی تایبەتن.

(٦) ئەو شەش تیرەیە تەنیا بەرەی تایفەیەکن کە بە نێوی مەنگوڕ دەناسرێن، بێجگە لە تایفەی مەنگوڕ گەلێک هۆز و تایفەی دیکەش هەر لە کۆنەوە لە مەنگوڕایەتیدا نیشتەجێ بوون و لە ڕاستیدا مەنگوڕ بە سەرجەم هۆز و تایفەکانی دانیشتووی ئەو دەڤەرە گوتراوە. هۆز و تایفەکانی دەڤەری مەنگوڕانی ڕۆژئاوای مەهاباد ئەوانەن: ئالی سێمانە، باب ڕەسوو، باریک، چەکاڵە، ڕەنەیی، سەکر (ڕەنگە کۆنترین تایفەی ئەو دەڤەرە بن و پێوەندییان بە گەلی "سەکایی" کۆن، یان "ساگارتی" حەوتەمین تایفەی مادەوە هەبێ؟؟. بۆ ساگارتی بڕوانە: ساگارتی، قبیله هفتم ماد، پرویز اذکایی، مجله باستان شناسی و تاریخ، ش۲، بهار و تابستان ۱۳٦۸)، شێخ شەرەفی، فەقێ عیسا، کەڵهوڕ و مەڕنەکەنە. چەند ماڵێکی جاف، زەند و زڕەپووتەش لەو ناوچەیەدا بڵاون. کاکەمیش هەن کە سەر بە هۆزی مەڕنەکەنەن.

(۷) تەتەهو: ئەم چۆمە لە "جەغەتو" (زێڕین چۆم) کورتتر و کەم ئاوتریشە. بە دەروێکی قووڵدا دێتە خوار کە زنجیرە چیای "کورتەک" و "بەردەسیر" لێک دادەبڕێ، لقەکانی لە لای ڕاستەوە چەمی "خاڵۆیە" و لە دەستی چەپیشەوە چۆمی "سابلاغ" و چەند ڕووباری بچووکن لە نزیکی دواوانەکەیەوە تێکەڵی دەبن. ((جوگرافیای کوردستانی ئێران، عەلی ئەسغەری شەمیم، وەرگێڕانی: ع. زەبیحی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ۱۹۸۰)).

(۸) یاڵ تەمر: دێی یاڵ تەمر لە ٤٤ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد و لە ڕۆژهەڵاتی مەنگوڕدا هەڵکەوتووە، مێژووی قەڵای یاڵ تەمر دەگەڕێتەوە بۆ ٤۵۰۰ ساڵ بەر لە مەسیح (گەلانی کالکۆلیتیک) هەتا سەدەی هەشتەمی کۆچی و ساڵی ۱۳٤۵ بە ژمارە ۵۹۹ هاتۆتە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران.

(۹) قۆڵغە تەپە: "گۆڵگا تەپە" یان "کەڵگا تەپە" لە ڕۆژئاوای مەنگوڕ نزیک بە دێی "خاڵ دەلیل" هەڵکەوتووە. "ژان دۆمۆرگان"ی فەڕانسەوی گۆڕی چاخی ئاسنی تێدا دۆزیوەتەوە، ساڵی ۱۳۱۰ بە ژمارە ۱۱ هاتۆتە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران.

(۱۰) قەڵاجوغە: ئەو دێیە لە ٤۵ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد دا هەڵکەوتووە و سەر بە مەنگوڕی ڕۆژهەڵاتە، مێژووی گردی قەڵاجوغە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی بەر لە مەسیح، زەردەی I

I I، هەروەها سەدەی چوار و پێنجی کۆچی، ساڵی ١٣٨٥ بە ژمارە ١٥٩٨٩ هاتۆتە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران. بڕوانە: ((گزارش ثبتی تپه قلعه جوغه، ریحانه عفیفی، سازمان میراث فرهنگی آ.غربی، بهار: ١٣٨٥)).

(١١) شارەزوور: گوندی شارەزوور لەباشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد و لەدوایین سنوورەکانی مەنگوڕی ڕۆژهەڵاتیدا هەڵکەوتووە، مێژووی گردی شارەزوور دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی بەر لە مەسیح و سەردەمی ئیسلامی. ئەو گردە بەژمارە ١٢٤٠ هاتۆتە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران.

(١٢) شارەزوور: "سیازورس" نێوی کۆنی شارەزووری کوردستان بووە. بڕوانە: ((تطبیق لغات جغرافیائی قدیم و جدید ایران، محمد حسن خان اعتماد السلطنه، به تصحیح میر هاشم محدث، امیر کبیر تهران: ١٣٧٦)). زۆربەی جوگرافی نووسانی ئیسلامی وەک "ئیبنی خوردادبە"، "ئیبنی حۆقەل"، "یاقووت" و "مستۆفی" ئەو شارەیان دیتووە و هەموو لەسەر ئەوە سوورن کە ئەو شارە لە نێوان هەمەدان و هەولێردا هەڵکەوتووە. ئەو سەردەمەی کە "ئیبنی موهەلهەل" ئەو شارەی دیتووە، کوردەکانی دانیشتووی ئەوێ شێست هەزار بنەماڵە بوون و لە زەمانی "مستۆفی" یانی سەدەی هەشتەمی کۆچی، شارەزوور شارێکی ئاوەدان و مزڵی کوردان بووە.بڕوانە: ((جغرافیای سرزمینهای خلافت شرقی، لسترنج، ترجمه محمود عرفان، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران: ١٣٦٤.)) هەندێک کەس ئەو شارەیان بە شارەزووری تازە سازکراوی نزیک سولەیمانیە زانیوە، بەڵام بوونی ئاسەواری کاول و وێرانەکانی کۆنە شارێکی هەزارەی یەکەمی بەر لە مەسیح و سەردەمی ئیسلامی لە شارەزووری ئێستای مەنگوڕدا جێی سەرنج و لێکۆڵینەوەیە. ئاسەواری بومەلەرزەو هێرشی تاڵانکەری تەیموور لەو دەڤەرەدا ڕوون و بەرچاوە.

(١٣) گاگەش: لە باکووری ڕۆژئاوای مەنگوڕدا دوو دێی گاگەش هەن، گاگەشی خوارێ و سەرێ. گاگەشی سەرێ لە ٦٠ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد دا هەڵکەوتووە. "تاووس تەپە" و "گۆڕستانە کەوناراکانی گاگەش کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی بەر لە مەسیح بە ژمارە ١٢٣٨ هاتوونەتە تۆمار کردن. گردە کۆنەکانی گاگەشی خوارێ "چەگ" و "خومخان" وێستا نەناسراون.

(١٤) مێرگەرۆ: ئەو دێیە لە دەڤەری مەنگوڕ و لە ٣٣ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد دا هەڵکەوتووە. مێژووی گردەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ بەر لە مەسیح و بە ژمارەی ١٢٤٢ هاتۆتە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران.

(١٥-١٦): داغە و حەسەن چەپ دوو دێن لە ڕۆژئاوای شاری مەهاباد و لە دەڤەری مەنگوڕان، لەسەر ڕێی قەڵاتی شای بۆشتۆ دا هەڵکەوتوون.

(١٧) بۆشتۆ: ساڵنامەکانی ئاشووری کۆن لە یەکێک لە لەشکرکێشانەکانی "شالمانساری سێیەم" شای ئاشوور لە ساڵی ٨٣٧ پ. م دا بۆ وڵاتانی "پارسوا"، "ماننا" و "زاموا" باس لە گرتنەوەی دژێکی کوێستانی بە نێوی "بۆشتۆ" دەکەن. شالمانسار بە هۆی پیری و کەلەلایی نەیتوانیوە لەو هێرشەدا بەشدار بێ و سەرۆکایەتی ئەو لەشکرکێشییەی بە سەردار "تورتان" ئەسپاردووە. ئاشوورییەکان لە سەرەتادا بەرەو بناوانی "زێی" گەورە وەڕێ کەوتن و ئەوسا لە زێوارەکانی ڕۆژئاوای زەریای ورمێ بەسەر وڵاتی "گیلزان" دا زاڵ بوون.... تورتان دایانی ئاشوور بە "زاموای" نێو خۆیی (هارانا، ماننا و مێسی) دا تێدەپەڕێ و بەر لە داگەڕان بەرەو "نامار" لەسەر ڕێیە دژی کوێستانی "بۆشتۆ"ی لە سنووری "ماننا" و "پارسوا" و چەند قەڵاتی دیکەی مانناییی "پوری" و "شیتی ئۆئاریا" (کە ڕەنگە هەر دژی "شاتی ڕاڕاگا"ی باسکراو لە نووسراوە ئۆرارتۆییەکان دابێ) دەگرێتەوە. ((تاریخ ماد، دیاکونوف، ترجمه کریم کشاورز، نشر علمی و فرهنگی، تهران: ١٣٨٠)). دژی بۆشتۆ، یان بشتۆ نێوی کۆنی قەڵاتی شای مەنگوڕانە. ئەو نێوە لە سەردەمی ماننا و پارسوا دا زۆر جار وەک قەڵا و ناوەندێکی هەرە گرینگ لە نووسراوەکانی ئۆرارتۆییشدا هاتووە. ئەو دژە بە ژمارە ١٢٣٧ هاتۆتە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران.

(١٨) قەڵاتی شای بۆشتۆ لە مەودای نزیک بە ٦٠ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد دا هەڵکەوتووە.

# گوڵزاری هونەری هەورامان


دارا محەمەد هەورامی
(سلێمانی)

(١ - ٢)

هونەری هەورامان سەرچاوەی تایبەتی خۆی هەیە، پەنای بۆ هیچ سەرچاوەیەکی بیانی نەبردووە، چونکە ئەوەندە سەرچاوەی خۆی هەیە، ئەگەر لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ، ئەوە کتێبخانەکانی وڵات، دەبنە بنەمایەکی فرە دەوڵەمەندی باش بۆ وڵاتانی ناوین و بیانی. ئەگەر بەوردی تەماشای ڕەگوڕیشەی هەر بەشێکی ئەم هونەرە بکەین و بزانین هەریەکە لەو بەشانە چۆن پەرەی پێ بدەین؟ چۆن لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکەین؟ ئەرکی هونەرمەند چییە؟ چۆن ئاوازە ڕەسەنەکانی تێکەڵ بەئاوازی دەرەکی نەکات؟ چۆن ئەو هونەرە فۆلکلۆری و زارەکییە کۆبکەینەوە؟ ئەوەش ئەرک و ماندووبوونێکی ماندوونەناسانەی دەوێ، دەبێت زەمینەی بۆ ساز بکرێ.

ڕاستە هەورامان ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە، بەڵام ئەمڕۆ چەرخی زانست و زانیارییە، جیهانگیری هەموو جیهانی گرتووەتەوە. خۆرهەڵاتناسەکان کەمتر چوونەتە هەورامان، خۆ ئێستا نووسەری زۆرمان هەیە، ئەی بۆچی تا ئەم چەرخەش ڕاگەیاندن و میدیاکارەکان کەمتەرخەمن بەرانبەر بەم هونەرە بەپێزەی ئاریانڤاچەکان؟ ئەگەر نەتەوەیەک خۆی دڵسۆزی خۆی نەبێ! ئاخۆ دەرودراوسێ تا چ ڕادەیەک، دڵسۆزیی خۆیان بۆمان دەنوێنن؟ ئەگەر میللەتێک، یان نەتەوەیەک بەتەمای کاسەی دراوسێ بێ، حەتمەن ئەو نەتەوەیە بەرەو هەڵدێر دەچێت.

هەندێ دەنگی نەشازیش هەن خواخوایانە نەتەوەی کورد هیچی نەبێ، یان دەڵێن: ئەم هەموو شێوە زمانە چین هەمانن؟ دیارە ئەو جۆرە مرۆڤانە هەستێکی شێواو و بیرکردنەوەیەکی تەسک و چەوتیان هەیە، ئیدی بیر لەوە ناکەنەوە تا شێوە زمان زۆربن، ئەوەندە پتر ئەو هونەر و ئەدەبە دەوڵەمەند دەبێت «تێکۆشان بۆ هێنانە



**صەیدی هەورامی**

بەرهەمی زمـانێکی سـتـانداردی یەکگرتووی وا، کـە کوردی هەمـوو لایەکی کوردسـتـان و جیـهـان بێ گـوێدانە جـیـاوازی شـێـوەی قـسـەکـردنیـان، تێ بگەن و پێی بخوێننەوەو پێی بنووسن، ئاواتی کۆنی ڕۆشنبیرانی کورد بووە....» (١) تەماشای زمانی یەکگرتووی کوردی بکە ل٥.

ئەمـە بۆچوونێکی ڕاسـتـە، ئەگـەر نەتەوەیەک هەمـوو ڕۆڵەکانی بەهەست و بیرێکی فراوانەوە بیر بکەنەوە، ئەو کاتە هەم زمـانیـان پێش دەکەوێ، هەم هونەر و ئەدەبیـان پەرەدەسـێنێ، هەروەها هەم ئاگـایی و هۆشـیـان فـراوان دەبێت، بەڵام لەم وڵاتەی ئێـمـەدا هێـشـتـا داوودەزگـا ئەکـادیمیـیـەکـان، یان بەواتایەکی تر کـۆلێـژەکانی هونەرە جوانەکانی کوردسـتـان، کارێکی وایان نەکردووە، هەمـوو بنەما موزیکییەکانی هونەری وڵات نۆتە نووسی بۆ بکرێ و هەر پشتـوپەنایان بۆ موزیکی کلاسیکی کۆنی ڕۆژئاوا بردووە، ئیـدی چۆن قـوتابی ئەو داوودەزگـایانە هەمـوو هونەری بەشـەکـانی وڵات شـارەزا دەبن؟ ئەگـەر ڕۆژێـک، یان حـەفـتـەیەک لەبازاڕەکـانی شـارە گـەورەکـانی وڵات گـوێت لەلاوکێ، یان حـەیرانێ، یان ساچـەمـانەیێ، یان هۆرەیێ بێ، ئەوە بە گوێی هاووڵاتیان نامۆ دەبێ، چونکە ئەوەندە بەکـەمی لەمـیـدیاکـان لێ دەدرێن، نەوەکـانمان

لەبیریان نامێنێ، بەڵام ئەگەر ئاوازێکی بیانییان گوێ لێ بێ، ئەوە لەمەیدان دەیکەن بەشادی و گۆبەند و هەرا.

«کۆمەڵە شێوەی گۆرانی - زازایی، زاراوەکانی گۆرانی ئەو زاراوانەن، کە لە هەورامان و ناوچەی زەنگنەو ناوچە کاکەییـەکـان لەکـەرکووک قسـەی پێ دەکرێ، ئـەمە زمـانی ڕەسمیی میـرنشـینی ئەردەڵان و تـامـاوەیەکیش هی بابان بووە.... زاراوەکـانی زازاش لەناوچەکـانی بین گـۆڵ و ناوچەکـانی ئەلەزیر (دەرسـیم، خـەرپووت مـەعـدن) و ناوچەکانی دیاربەکر (قولب، هێنە، پیران، چێرمووک) و لە ئورفـە (سـیـوەیرەک... سێ ملیـۆن کـەس قـسـەی پێ دەکەن.. زازایی لەگۆرانییەوە زۆر نزیکە و لەبەرئەوەیە کە هەردووکیان بەکۆمەڵە شێوەیەک دادەنرێن» (٢)

بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٢.

پرسـیـار ئەوەیە، ئەرێ شـێـوەیەک ئەوەندە زاراوەی هەبێت، ئەی بۆچی تا ئێـسـتـا نە کـەناڵێک نەڕادیۆیەک بەو شێوەیە نییە پەخشی هونەر و گولزاری بکات؟ ڕاستە لەچەند کـەناڵێکی لۆکـاڵی وەک: (دقنەی فـەقێ) جارجارێک بۆ خوێی چێشت بەرنامەیەکی کرچوکاڵ بۆ ئەو هەموو شێوە زاراوانەی هەورامان دەکرێ، ئێمە ناڵێین دەنگوباس بەهەمـوو شـێـوەکـانی بخـوێنرێتـەوە، بەڵام پەخشی هونەر و کولتوور هەتا بەشێوە زمانەکان بکرێ، ئەوەندە زمانی نەتەوەکەمان دەوڵەمەندی خۆی دەنوێنێ، ڕاستە لە درەختنامەی کوردیدا، هەورامان - زازا، زمانی دینی نەتەوەکەمان بووە. بەپێی بڵاویی شێوەکە و نزیکی لە ئاڤێستاوە کە لەسەدا (٧٥٪) ئاڤێستا هەورامییە.

**«وەرینان واتە هەر مانگ سی ڕۆچەن**
**هەرکام چوون ئافتاو برێ و ئەفرۆچەن» (٣)**

تەمـاشـای (هەورامـان باشـتـر بناسن) بکەن، لاپەڕە (٦٩).

هەورامـیـیـەکـان لەڕابردوودا هەر مـانگێکیـان دابەش کردبووە سەر سی ڕۆژ کە دواتر ساڵ دەیکردە (٣٦٤) ڕۆژ و پێنج ڕۆژی دەمایەوەو ساڵی هەتاوییش چەند کاتژمێر پتـر لەو ڕۆژانەیە لەڕابردوودا هەر سـەدو بیـست سـاڵ جارێ، ئەم شەش کاتژمێرەیان کۆدەکردەوە تا دەبووە سی ڕۆژ و سـاڵیـان دەکـردە سێزدە مـانگ و جـەژنیـان تێدا دەگـرت، باشـە نەتەوەی ئێـمـە کـە هەمـوو بەهاکـانی نەتەوەیی هەبێ، ئەی بۆ وڵاتی کوردان تا ئێستا لەنەتەوە یەکگرتووەکـان ئاڵای نەشـەکـێـتـەوە؟ ئەی بۆ ئەدەب و

فەرهەنگی وەک گەلان کۆنەکرێتەوە، کە دەوڵەمەندترین ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ و کولتوورمان هەیە.

**«ڕۆژ یەکەمش نامش هۆرمزەن**
**وەبێ نام ئەو گرد مات و کزەن»**

وشەی هۆرمز کورت کراوەی وشەی ئاهورا مەزدایە. بەواتای زانای هەرە بەرزە کە خوای تاک و تەنیایەو ئەم وشەیە لەپەهلەویدا ئوورمەزدەو لە ئاڤێستادا دەڵێ: هورمز زانایەکی هەرەبەرزەو ئەو داهێنەرەو خوای چاکەو ڕاستی و ڕۆشناییەو فریشتەکانی ئەمشاسپەندان هێزەکانی ئەون» (٤) هەمان سەرچاوە ل٢٥.

هونەری ئاری ئەو هونەرەیە، کە بەهونەرێکی پاک و پوخت لەقەڵەم دەدرێت، چونکە سەرچاوەکەی لەخاک و زێدی خۆی هەڵقوڵاوە، هونەرەکەشی شێوازی خۆماڵی دەستوور ئامێز جێگەی خۆی دەگرێ. هونەری هەورامان ستایلی تایبەتی و فۆرمی خۆی هەیە، ئاوازەکانیشی وەک گوڵزاری بەهاری، هەردەم چادری دەرگا فراوانی پەیرەو کردووە، هۆزانڤانەکانی لەڕێ و ڕچەی خۆماڵی خۆی لای نەداوە، بۆ ئەوەش هانای بۆ سەرچاوەی خاوێنی خۆی بردووە. هەموو ئەو دەق و دەسنووسانەن کە لەهەورامانـدا هەن، هەر هەموویان وەک گەڵای بەرزی درەختی بەهاری، ڕەشەبای ناوەخت ناتوانێ لە ڕەگوڕیشەی خۆی دەری بهێنێ، هەرچەندە لەم لاو لەو لا هەوڵی زۆر دەدرێ ئەو بوارەی هونەری ڕەسەن سنووری بەر تەسک بکەنەوە. «لە هەر چوار بەشی کوردستاندا، ناسیۆنالیستی دەسەڵاتی تورکی، فارسی، عەرەبی، زمانی کوردییان پێ قبوڵ نەدەکرا(٥) بڕوانە گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٩٠) (١٨١) ئەوە کردەوەی داگیرکەرانە، ئیدی چۆن چاویان بەرایی دەدات، نەتەوەی ئێمە زمانی سەربەخۆی هەبێ؟ یان ئەو هونەرە بەرفراوانەی نەتەوەکەمان کە چوار بنەمای هونەر و گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە و هەریەکە لەو بنەمایانە بۆ خۆی هونەری ئێمەی لە زێدی خۆی پارێزگاری کردووە.

(وەک بینیمان، دەسەڵاتی تورک نەک باوەڕی بەزمانی کوردی، بەڵکو باوەڕی بە ئەلفبای لاتینی کوردی نەبوو...» (٦) بڕوانە گۆڤاری ڕامان-ی ژمارە(١٩٠) لاپەڕە (١١٨)، ئەگەر خۆمان هەوڵ نەدەین، ئەوە کەس بەهانامانەوە نایەت، کەواتە ئەو هونەرمەندانەی کە ئاوازی وڵاتی دراوسێ دێنن و دەیکەن بەموڵکی نەتەوە، گومانی تێدا نییە ئەم کەسانە دەبنە مایەی وێرانکەری هونەری وڵات. ئەگەر باسی ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەی بۆ باس بکرێ، ئەوە تەقەی سەریان دێ، چونکە دڵسۆزی هونەری خۆمان نین، گیانی نەتەوەیی و گیانی مرۆڤایەتی خۆیان لەناو هونەرەکەیاندا بەرجەستە نەکردووە، ئەگینا هونەر و فەرهەنگی خۆمان هیچی لەهونەری ئەو وڵاتە داگیرکارانە کەمتر نییە. بۆ نموونە ئەم پارچە شیعرەی صەیدی هەورامی کە خۆم کردوومە بەگۆرانی و لەئەرشیڤی خۆمدا پارێزراوە، دەفەرموێ:

**«بینایی دیدەم شای سۆسەن خاڵان**
**ئی دەستە بەستەی مەستی گوڵاڵان**
**بگێرە جەدەس ئی کەم تاڵەوە**
**بنیەش بەو گۆنای موشکین خاڵەوە**
**گوڵ پەی گوڵ خاسەن جەمین جامەنی**
**گوڵ بۆ، گوڵ قامەت، گوڵ ئەندامەنی**
**شاباشی تۆ بان گوڵاڵانی مەست**
**(سەیدی) خارخاسەن بگێرۆ وە دەست»** (٧)

تەماشای دیوانی صەیدی هەورامی بکە، لاپەڕە (٣٢).

بینایی چاوم شای سۆسەن خاڵان، ئەم دەسکە گوڵە بەستراوە مەستە وەرگرە، ئەم دەسکە گوڵە لەدەس ئەم چارە ڕەشە کەم تاڵیمە، بگرە بیخەرە سەر ئەو کوڵمە جوانە خاڵ دارەتەوە، کە لەبۆن خۆشیدا وەک موشکی خرتەنە، گوڵ بۆ گوڵ چاکە، بەتایبەتی بۆ تۆ کە ڕوومەتت لەسافیدا وەک ئاوێنەیە، بۆن خۆشی وەک گوڵ، وەک دارگوڵی. گوڵ ئەندامیت، با شاباشی تۆ بن ئەم هەموو گوڵ و گوڵە مەستانە (صەیدی)ش واچاکە دڕک بەدەستەوە بگرێت. دەیەوێ بڵێ کە وترا (گوڵ بۆ گوڵ دڕک بۆ دڕک)، مەبەستی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ئەویش ئەوەیە تا هونەری ڕەسەن و ستایلی خۆماڵی هەبێت، ئیدی بۆچی هونەرمەند هانا بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی ببات؟ ئەمەش وەک: ئەو دڕکانە وایە، کە زیان بەهونەرو گوڵزاری ڕەسەنمان دەگەیەنێ.

صەیدی لەزۆربەی زۆری شاعیرانی هەورامان زیاتر باسی وەرزی بەهاری کردووە، هەروەها زۆر باسی یاری کردووە، چونکە صەیدی سێ خۆشەویستی هەبووە، ئەمەش گوڵزاری هونەری وڵات بە باخچەی شیعری دەڕازێنێتەوە. بەم شێوەیە باسی نەورۆزی کردووە، چونکە



حاجی قادری کۆیی

هاتنی جەژنی نەورۆز گوڵ دەهێنێ، هەروەها هەر لەم وەرزەی بەهارەدا مانگی گوڵان دێ، بۆیە ئەم شاعیرە زیاتر باسی گوڵ دەکات، بۆ نموونە صەیدی دەفەرموێ:

**«نەورۆز گوڵ خێزان، نەورۆز گوڵ خێزان**
**وادەی وەهارەن، نەورۆز گوڵ خێزان»** (٨)

تەماشای دیوانی صەیدی بکە، لاپەڕە (١٨٢) هەڵبەتە قەسیدەکە، یان چامەکە (٢٤) بەیتەو لەکۆتایی چامەکەدا لەگەڵ وەرزی بەهاردا ئاخاوتن دەکات و وەرزی وەهار بەشای وەرزەکان دەزانێ، بۆیە بەم شێوەیە دەفەرموێ:

**«فەسڵی نەو وەهار، وەختی گوڵ گەشتەن**
**سەر زەمین، بەڕەنگ، سارای بەهەشتەن**
**وەختی شادی و عەیش، ئەیامی سەیرەن**
**بەنەش دڵشادەن، ئەروەحش ئەرتەیرەن**
**ئەگەر خاترێو، ناوچاخەن زوێر**
**وەهار بێ کەیفیش، مەبەرۆ جەوێر**
**چونکە شای وەهار، شادی مەوازۆ**
**هیچ کەسێ خەمناک، مەلول نمازۆ**
**(صەیدی) چون مەلول، هیجرانی یارەن**
**فیشتەر خەمناکیش فەسڵی وەهارەن»** (٩)

تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، ل١٨٢، سەیرانە، ئەگەر بەهار بێت، خۆشەویستی و شادی دەهێنێ و زویری و ناخۆشی لادەبات، هەروەها (صەیدی) وەرزی وەهار بەشای وەرزەکان ناو دێنێ، (صەیدی) دڵی تەنگە بۆ یارەکەی، بەڵام لەیارەکەی زیاتر دڵتەنگییەکەی بۆ دووری وەرزی بەهارە، هەرچەندە ئاماژەم بەوەدا، کە (صەیدی) سێ یاری، یان سێ ئەویندای هەبووە، بۆیە لە شیعرەکانیدا بەشێوەی ڕەمز، یان نیشانە ناویان دەبات، ئەو یارانەش، ئەمانەن (نیشات، شیرین، ڕێحان) لەهۆنراوەکانیدا سێیەمیان بە(ڕیوەن) ناو دەبات، بۆ هەر یەکە لەو ئەڤیندارانەی صەیدی، کە لەشیعرکانیدان زۆر بەئاشکرا ناویان دەبا و بەم شێوەیە دیالۆگ دەکات:

**«قیبلەم چراغم ئەر خواجەی خاسی**
**هەر بەندەی تۆنا من بەئیخلاسی**
**(صەیدی) تازیندەی دەوری ئەیامەن**
**موخلیسەن، عەبدەن، بەندەن، غوڵامەن**
**ژیوارەم کەرد، زرێ بارە**
**(نیشات) ئەر بەی تۆم پەی نارە»** (١٠)

تەماشای دیوانی صەیدی بکە، لاپەڕە (١٧١).

دیارە مرۆڤی عاشق، هەردەم لەشیعرەکانیدا ئەوینی ئەڤینداری لەلای ڕەنگ دەداتەوە، لەلای شاعیر ئەو خۆشەویستییە دەگاتە لووتکە. واتە (نیشات) ئەگەر تۆم بۆ نەهێنن، وا توورە دەبم وەک (مووسا) (عەسا) توور دەدەم، ژیواری دێتان دەکەم بەزرێبار و غەرقی دەکەم.

**«ڕیۆنێ، مۆنگڵە دیمێ، بێ نەوەردێ**
**خرابت یار باد، أزهر گزندبێ»** (١١)

بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٢٠)

ڕێحان ڕوومەتت مانگی بێ وێنە، یەزدان، لەهەموو ناخۆشی و پەژارەیەک بتپارێزێ، هەروەها هەموو شاعیران جۆرە عیشقێکی تایبەتی بۆ یار هەیە، بەڵام (صەیدی) ئەوەندە عاشقی یار بووە، بۆ وەرزی یار و خۆشەویستی، بەهاتنی وەرزی بەهار، زیاتر وەرزی یار بەگوڵە نێرگز و گوڵاڵەو بەیبوون و هاتنی وەرزی بەهار، نەمانی ساردی و توانەوەی یەختبەندی زستان، هاتنی وەرزی بەهار شادی و خۆشی بۆ یار زیاتر شنەبای بەهاری هەم یار و هەم گوڵ و هەم ڕێحانە بەصەیدی ئاشنا دەکات، هەروەها لەخۆشی وەرزی بەهارە مژدەی خۆشی و شیرینی دوور لە تاڵی، نزیک لە شیرینی (صەیدی)

زیاتر لەهۆنراوەکانیدا وشەی شیرین زۆر بەکار دەهێنێ و بەم شێوەیە دەفەرموێت:

**«شیرین کالآنی، شیرین کالآنی**
**شیرین تۆ مەتای شیرین کالآنی**
**باش نازدارانی، سۆسەن خالآنی**
**قامەت نەونەمام عەرعەرباڵانی**
**شیرینەن بەژنت، شیرینەن بالآت**
**شیرینەن خاڵی سەرگۆنای ئالآت**
**شیرینەن هۆشت، شیرینەن قامت**
**شیرینەن شێوەت، شیرینەن نامت**
**شیرینەن خەمزەت، شیرینەن نازت**
**شیرینەن کەلام، گفتوگۆ و ڕازت**
**شیرینەن تای زوڵف، سیای گرنجت**
**شیرین پێچ وەردەن، نەدەوری زنجت**
**تۆپی شیرینی جە پا تاوەسەر**
**سەرتاپات دڵ چەسپ، دڵ کێشو دوڵبەر**
**شیرین تەعریفت نمەزانوو چێش؟**
**سیماو ڕوخساریت نوور مەوارۆ لێش!**
**شیرین تۆ شەمع و من پەروانەتان**
**شیرین تۆ پەری و من دیوانەتان**
**شیرین جەداخی، بێ مەیلی تۆوە**
**وەختەن چوون فەرهاد، وێڵ بوون بەکۆوە!**
**(صەیدی) چوون پەی مەدح، شیرینەن باسەن**
**ڕازی شیرینش کۆتابۆ، خاسەن»** (١٢)

تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (١٥٠).

دەتوانم بڵێم ئەم شیعرەی صەیدی، وەک ڕازێک، وەک داستانێک جۆرە جوانییەکی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە، هەروەها ئەو دووبارە و چەند بارەیە، کە نۆزدە جار وشەی شیرینی بەکارهێناوە، ئەوەش توانایی و لێهاتوویی ئەم شاعیرە مەزنە دەردەخات، هەروەها فرە واتایی وشەی شیرین، ڕاستە شیرینی ئەڤینداری زۆر جار بەکارهێناوە. ڕاستە ئەم ڕازە کە ئەم شاعیرە بەسەلیقەی زەریف دایناوە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەموو واتاکانی تەنیا بۆ شیرینی سۆزداری دانەناوە، بەڵکو ئەوە دەردەخات تا چ ڕادەیەک ڕەوانبێژی لەشیعرەکەیدا بەکارهێناوە. ئەمە بێجگە لەو نۆزدە جارە کە وشەی شیرینی بەکارهێناوە، لەهەمان کاتدا شەش پارچە، یان شەش ڕاز و داستانی تری بۆ شیرین وتووە. وەک چامەیەک لەدووری یارەوە، کە شیرین لەدوورە وڵاتەوە، (صەیدی)یش لەوڵاتێکی دیکەوە بووبێ، وەک چۆن ئەو چامانە کە شاعیرانی وەک (حاجی قادری کۆیی) بەهۆی شیعرەکانییەوە خەڵکی کوردستانی وریاکردووەتەوە، کە زۆر جار بەهۆی شنەی شەماڵەوە لەدوورە وڵاتەوە بۆ وڵاتی زێدزادەی خۆی ناردووە. هەریەکە لە شاعیرانی ئێمە جۆرە وشەیەکیان بەزۆری بەکارهێناوە، بۆ ئەو مەبەستەی هەیانبووە، لەو شاعیرانەی کە شیعریان وتووە، بەڵام ناوی شاعیرەکە دیار نییە، زۆربەی زۆری ئەو شیعرانەش وەک فۆلکلۆر زیاتر وشەی (با)یان زۆر بەکارهانیوە،. بەتایبەتی لە فۆلکلۆری هەورامانیدا ئەو وشەی (با)یە زۆر بەکارهاتووە وەک:

**«ئەر هۆ بای شەماڵ چوون هەردەی جاران**
**نامەکەیم بەرە گوزەرگەی یاران**
**ئای بەناز بەناز بەناز پەروەردە**
**با بارۆ شەماڵ بۆی تۆ لەو هەردە»**

ئەمەو چەندان بەیتی تری فۆلکلۆری باسی (با) و (شەماڵ)یان تێدایە، کەواتە زۆر جار هانایان بۆ وشەی (با) بردووە.

**«با شەماڵ شانۆ یەخەی کەتانت**
**تۆزە لابەرۆ ئازای ئەندامت»** (١٣)

تەماشای مێژووی موزیکی هەورامان لاپەڕە (٣٤٥) بکرێ بۆ بەکارهێنانی ئەو وشانە، کە شاعیران هانای بۆ دەبەن، هانا بۆ وشەی ڕەسەن و شیرینی خۆیان دەبەن، کە لەزێدی خۆیاندا هەبن، نەک پەل کوتان بۆ ئەم لاو ئەولا بێت.

زۆربەی هونەرمەندانی دەڤەری هەورامانیش ئەو بەیت و شیعرە فۆلکلۆریانە هەڵدەبژێرن، کە وشەکانی (با)، یان (شەماڵ)ی زۆرتر تێدا بەدی دەکرێ، یان شیعری ئەو شاعیرانە هەڵدەبژێرن، کە هەمان وشەکانی (بای شەماڵ)ی تێدا بێت، هەروەها لەئەدەبی نووسینی نامەشدا، ئەو کەسانەی نامە دەنووسن زۆرتر ئەو وشانە دووبارە دەکەنەوە. (صەیدی) شاعیریش دەیان جار وشەی شەماڵی زۆر بەفراوانی و زیاتر لەشاعیران بەکارهێناوە، بەڵام هەرجارەی بەناوێک وەک: (شەماڵ با، شنە، نەسیم، وا)، هەروەها زۆر جار وشەی (با)ی کردووە بەحەڵقەی پێوەندی یار، یان برادەرانی، یان شاعیرانی هاوچەرخی خۆی، بۆ ئەمەش سەرکەوتنی زۆر

باشی لەو بوارەدا بەدەست هێناوە.

**«پەرسە شیرینێ مەیل ئێمەش لاوەن؟**
**یا جە شەرتی وێش چوون زوڵفی خاوەن؟**
**پەی (صەیدی) مەرگەن بەبێ یار ژیان**
**مازە (بای شەماڵ) بسپارۆ گیان»** (١٤)

تەماشای دیوانی صەیدی هەورامی بکە، لاپەڕە (١٤١)

ئەی شەماڵ لە شیرین بپرسە، ئایا مەیلی ئێمەی لەلاماوە؟ یان وەک زوڵفی خاوی خۆی شەرت و پەیمانیشی خاو بووەتەوە و لەسەر پەیمانی خۆی نەماوە؟

بۆ (صەیدی) مەرگە ژیان بەبێ یار، سا ئەی بای شەماڵ فریای کەوە، مەهێڵە گیان بسپێرێ و بمرێت، وا شەرحی حاڵی (صەیدی) بەیار بگەیەنە، بەزەیی پێدا بێتەوە، بێتەوە بۆ لای و دوور نەکەوێتەوە لێی. دیارە شیعری (صەیدی) داوای وەڵام دەکات، کە شەماڵ وەڵامەکەی فەرامۆش نەکات. لەم دێڕەدا شاعیر وا دەفەرموێ:

**«ئاد لێت مەپەرسۆ بادی وڵات گێڵ**
**دەلیلی هامراز دەردە داری وێڵ**
**ئینە تۆ دەلێل کام دەردەداری؟**
**عەرزەی کام فەرهاد بەشیرین ماری؟**
**خاستەر تۆ ئەحواڵ خاڵم مەزانی!**
**شەماڵ تۆ عەرزەم بەقیبلەم وانی**
**شەماڵ من پەرواز تەیری قەفەزمەن**
**یاوە بەفریام ئاخر نەفەسمەن**
**ها مەردا جەدەرد هیجران و دووری**
**دڵ بێ بەزوخاڵ تاکەی سەبووری**
**ئینتیزاری تۆم بادی سبک سەیر**
**ئەحواڵی پەرێم باوەری بەخەیر»** (١٥)

تەماشای هەمان سەرچاوەی پێشوو بکە، لاپەڕە (١٣٦).

وادیارە (صەیدی) زۆر شەیدای ئەوین و خۆشەویستی بووە، بۆیە لەهۆزانەکانیدا زیاتر (شەماڵ)، یان بادی بەهاری دەکاتە سەرپشک و پەنای بۆ دەبات و پێی دەڵێ: من وەک باڵندەی لەتۆڕی قەفەزدا بەندکراوم، سا توخوا شەماڵ فریام کەوە، تاکەی من وەک کۆی ڕەش دڵم زوخاوی لێ بتکێ، هەروەها چاوەڕوانی تۆم شەماڵ هەواڵێکی خێرام بۆ بهێنە، بەڵام زۆر بەخێرایی وەک بای



مەسعوود محەمەد

تیژڕەو زیاتر وەرە بەهانامانەوە چون شەماڵ زنجیرەی گەیاندنی فەرهاد بوو بۆ شیرین، تۆ ئەی شەماڵ دریغی مەکە، وەک فریادڕەسێ کارەکانم ئاسان بکە، چونکە تۆ هەناسە بەخشی منی. شەماڵ پێش ڕۆژ بوونەوە، بەپەلە بچۆ بۆ لای قیبلە و دڵدارەکەم، سەرپۆشی ناز لەسەر ڕوومەتی لادە (ماچی ڕوومەتی بکە) کە وەک مانگی چواردەیە، شەماڵ تکات لێ دەکەم، بەتکای من ڕازی بە، چونکە هەر تۆ لە هەموو شتێک خێراتری بۆ من، ئەی شەماڵ. شایانی وتنە، (صەیدی) چل و پێنج جار لەدیوانەکەیدا باسی شیرینی کردووە، واتە لەکۆدی هۆنراوەکانیدا چل و پێنج جار وشەی شیرینی دووبارە کردووەتەوە، پازدە جاریش کۆدی وشەی شەماڵی دووبارە کردووەتەوە، واتە پێنج هۆنراوەی داستان ئامێزی بەناوی (شیرین)ەوە داناوە، (٤٥ ÷ ١٥ = ٥)، لە هەر پارچە شیعرێکیدا بەناوی شیرینەوە و لەناو ئەو پێنج شیعرەدا، لەهەر شیعرێکیدا سێ جار وشەی شەماڵی بەکارهێناوە، صەیدی هەورامی دیمەنی هەورامان و جۆری هەڵسوکەوتی ئەو ناوچانەی لەڕووی مێژوو و لەڕووی جوانی سروشتەوە، خستۆتە ڕوو، سەدان شاعیری دیکەی دێرینمان هەن کە شتی بەنرخ و گرانبەهای ئەو زەمانەیان بۆ وێنە گرتووین کە خۆی لەخۆیدا گۆشەیەکی گرانبەهان

لەمێژووی نەتەوایەتیماندا، هەندێ لەخەڵکان پرسیاری جۆراوجۆریان لەبارەی ئاگر و میللەتی ئێمەی (ئاریانڤاچەکانەوە) هەیە، ئێستاش بەتایبەتی داگیرکەرانی وڵات، ئەو خەڵکانەش کە وەک ئەو داگیرکەرانە بیردەکەنەوە، یان هونەر و ئاواز و گۆرانی بە بڤە دەزانن، دیارە ئەوانە لەجیهانی دوێنێ و ئەمرۆ هەر لەدواوەن، ئەگەر میللەتێک، یان نەتەوەیەک هونەر و فەرهەنگی نەبێ، ئایا ئەوە پێی دەوترێ چی؟ «لەناو بەشەکانی ئاڤێستادا، بەتایبەتی یەکێ لەبەشە دێرینەکانی یەسنا (گاتەکان)داو ئا لەوێدا پتر لەنیوەی بۆ ئاگر و پیرۆزیی تەرخان کراوە، بەتایبەتی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیداو ئەو کەسانەی کە لەلایەن دینەوە، بەرپرسن، لەبەردەوامی و گرانگرانی.....» (١٦).

تەماشای گوڵزاری هەورامان، بەرگی دووەم بکە، لاپەڕە (٤٣٢).

ئەوەی شایانی وتنە ئەوکەسانەی کە بەزەردەشتییەکان دەڵێن (مەجووس) دیارە ئەوانە خزمەتی ئەدەب و فەرهەنگی بێگانە دەکەن، ئەگەر ئاگر لەئاتەشگەدەکاندا، بۆ ئەوە بووە پیر و موغانی زەردەشتی سروودی دینییان تێدا چڕیوە، تا ئاگر نەدۆزرایەوە مرۆڤەکان نەیاندەزانی چۆن خۆیان لەسەرماوسۆڵەی زستان بپارێزن؟ نەک ئاگریان پەرستبێ، ئەوکاتە ئاریانڤاچەکان یەکتاپەرست بوون، تا ئێستاش هەندێ ناوچەی جیهان هەن، بت دەپەرستن، یان هونەریان بەلاوە بڤەیە.

(یەسنا، پرۆفیسۆر پوور داود، ل١٢٢-١٩٦ - تهران).

ئا لەوێدا وەها هاتووە، کە لەدنیادا تاریکی و ڕۆشنایی هەن، ڕاستگۆ و درۆزن هەن، ڕاست و ناڕاست هەن، ئەهرۆمەزدەو ئەهریمەن هەن، شەیتان و دێو و درنج و خەڵک خەڵەتێنە، پیاوی خوداو خزمەتگوزار هەن و هەمیشە دەستەی دێو و درنج و شەیتان سەر بەئەهریمەن و هەمیشە ئەمانەش دژ بەبەرەی ئەهرۆمەزدەو پیاوچاکان و ڕاستانیش هەمیشە لەڕۆشناییدا دەژین و دەستەی دوژمنانیشیان هەمیشە وان، لەتاریکیداو ئا لەوێدا بۆ خەڵک لەبری بردنی خۆیان حەشارداوە.....» (١٧)

تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (٤٣٤).

کەواتە مرۆڤ لەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی، ئەو هەڵسوکەوتەی کە ڕۆژانە دەیکات، دەبێت ئاگای لەفەرهەنگ و کولتووری ژینگەی پاک و خاوێنی خۆی بێت، نەک چەواشەکاری و نزیک بوونەوە لەتاریکایی و ژینگەی ناساز وەک چۆن داگیرکەرانی وڵات هەموو کات بەخراپی باسی فەرهەنگ و هونەری ناڕەسەنیان دەکرد؟ هەروەها ئەو ئەرکەش دەکەوێتە سەر میراتی نەتەوەیی خۆمان دەبێ، هەموو بنەماکانی ژینگەیەکی تەندروست باس بکات و بەرپەرچی مێژووی شێوێنراوی ئەو داگیرکەرانە بەشێوەی بەڵگەی پێویست و ڕاستودروست ڕاست بکاتەوە، ئەوەتا بەڵگەکان بەشێوەی ڕاست و ڕەوان وەڵامی ئەو وڵاتانە دەدەنەوە کە دراوسێی وڵاتی کوردانن. «یۆنسکۆ: تەمبووری گاوەران کرماشان ڕەسەنترین ئامێری موزیکی جیهانە، هەروەها یۆنسکۆ فەرهەنگ و کەلەپووری جەژنی نەورۆزی وەک بەشێکی کەلەپووری مرۆیی و مەعنەوی مرۆڤایەتی ناساند، کە شانازییەکی دیکەی فەرهەنگی کوردییە» (١٨)

تەماشای ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (١٤٣٦) ٢٠١٢/٩/١٨ بکە.

بەڵگە زۆرە بۆ ئەوەی گوڵزاری هونەرمان لەلای وڵاتانی جیهان زیاتر بناسرێت، گرنگ ئەوەیە خۆمان پتر بایەخ بەهونەر و فەرهەنگی خۆمان بدەین، ڕاستە ئەمرۆ جیهان، جیهانی پێشکەوتنەو بووەتە گوندێکی بچووک، بەڵام تا ئەم ساتە وەختەش کولتووری ئێریەنڤاچەکان زۆر شتی ماوە ئاشکرابن لەلای جیهان، ئەوەش لێکۆڵینەوەی مەیدانی دەوێت، بۆئەوەی ئەو گوڵزارە زیاتر ڕازاوەتر بێت.

«پیرشالیار ئەڵقەیەکی گرنگی دوو قۆناغی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردە، لەقۆناغی زەردەشتی و قۆناغی دوای ئەو. چەقی (پیر) لەژیانی کولتووری و دینی و ئەدەبی کوردیدا وەک پارچەیەکی ئەڵماسە کەوتووەتە ژێر خەرواری خۆڵ و تۆز و فەرامۆشییەوە، ئەوە جارێکی دی خۆی دەخاتەوە بەرچاومان، هەڵیدەگرێنەوە و خاوێنی دەکەینەوە تا لەسنگی مووزەی ئەدەب و فەرهەنگی بدەینەوە و لەوێدا بدرەوشێتەوە.....» (١٩) تەماشای جەژنێک بۆ پیر، بنەمایەک بۆ ئوستوورەی کوردی لاپەڕە (٣٦٧).

هەرچەندە چەندان جار باسی وشەی پیر و وشەی جەژن، یەزن و چەندان دەستەواژەی دی، کە بوونەتە ژێر خاک و خۆڵی وڵاتمانەوە، بەڵام سنگی موگانی دینی و

بوونی ئاتەشگەدەی زەردەشــــتی، بوونی بەردەکـــانی (شۆش) لەباشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستـان، هەروەها بوونی بەردەگـەورەی هەڵکۆڵراوی تەنگیـوەر، وەک بەڵگەیەک نەمــری و زیندوویی بەو فـــەرهەنگە دەدات.

«واژەی (پیر) لایەنێکی گرنگی فەرهەنگمان لەخۆیدا دەگـرێتــەوەو چڕ دەکـاتەوە، ئا لەم واژەیەدا کـە چەندین پەنجەرە بەڕووی گـۆشـە فـەرامـۆش بووەکـانی ڕابردووی کـولتــوور و ئایین و ڕێوڕەسم و ئیـدیۆمـەکـانی ئەمـڕۆ دەکرێتەوە» (٢٠)

بروانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣٦٧).

ئەگەر نووسەر و فەرهەنگنووسی خۆمان نەبنە پێشەنگ بۆ ئەو کــولتـــوور و فـــەرهەنگە دەوڵەمــەندە، هەوڵ و ماندووبوونی بۆ نەکەن، ئەوە ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە ئەگەر هەر خـۆیان بێنە ناو وڵاتمانەوە، چاوساغـیـان لەگـەڵدا نەبێت، وەک ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی سەدەی پێشوو، کە زۆر جار شتی ئێمـەیان بەهەڵە نووسیوە، ئەوکاتە لەبری ئەوەی هونەرمان پێش بکەوێت، ئەوە گومانی تێدا نییە هەموو شتەکانمان بەئاوەژوویی تۆمار دەکرێن، بەڵام ئەگەر ئێـمە خـۆمـان وەک نووسـەر و لێکۆڵەرەوان پێشـەنگبین، ئەوە ئەوانەی دێنە ئەم وڵاتەوە، شتی باش و بەکەڵکیان بۆ لاپەڕەکانی مێژوو و فەرهەنگی گرانبەها دیاری دەکەن و ئەوکاتەش وڵات ئاوەدان دەبێتەوە.

«لێـرەشـدا ڕاسـتـیـیـەک خـۆی دەسـەلمێنێـتـەوە کـە فـــەرهەنگی کــۆنی زەردەشـــتی مـــانی و مـــەزدەکی، سـەرچاوەی مـێـژینەی بڕوا پێکراوە، کـە ڕەگـوریشـەی زۆرینەی واژەی چەمک و مانای ئێستای زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی ڕوون دەکاتەوە» (٢١) بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣٦٧).

ئەگەر نەتەوەی ئێمە تەماشای ڕابردووی خۆی بکات و بیکاتە پردێک بۆ داهاتووی، ئەوە گومـانی تێدا نییـە، سـەرچاوەی فـەرهەنگی و هونەری ئەم وڵاتە فـرە ڕۆشن دەبێـتـەوە. «هەر بۆیەش بۆ ناسـینەوەی ڕیشـەی (پیـر) ناچارین بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی ئاڤێستا و فەرهەنگی دێرینی (ئاریانواچ - ئاریانویج) واتە: کـــەلەپووری گەلانی ئاریایی، کە کوردیش دەگرێتەوە» (٢٢) تەماشای هەمـــان ســـەرچاوە بکرێ لە لاپەڕە (٣٦٧)، وڵاتی خڤەنیرەتەوە حەوزی سیروان و بوونی ئاریانڤاچەکان، ئەوانە هەر هەمـووی زێدزادەی وڵاتی خـۆمـانە، ڕاسـتـە گـەلانی دیکەش هەن، بەڵام وشـەی ئاریانڤـاچ، یان سـەرچاوەی دێرینی دینی مـیـراتی و زەردەشـتـیـیـە، کـە سەرچاوەکەی ئاڤێستایە، زۆر نموونە هەن، وەک بەڵگە کە ئاریانڤاچەکان لەکێوی (ئاویەر) نیشتەجێ بوون.

«نموونەی ئەم بەردانە لەجیهان و بەتایبەت لەو دەڤەرەدا زۆرن و بەردی (کۆمسا) لەم پێوەندەدا بەتەنیا نییە، بۆ نموونە بەردە بووکەکـانی مـەریوان و هەورامـان (بووک و مارانی)، یان بەردی پیر حزوور کە ئەوانیش هەر لەدێرین زەمانەوە جێگای سەرنجی خەڵکی بوونەو وەک: موبارەک و پیـرۆز سـەیریان کـراوە، هەروەها باوەڕە دێرینەکـانی دیکەی کـــورد وەک باوەڕی «یارسی» خـــاوەن بەردی پیـرۆزن» (٢٣) تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە (٣٦٧).

ئەو شتە گرنگە پیرۆزانە زۆربەی زۆریان لە هەوراماندا خڕبوونەتەوە وەک چەندان جار ئاماژەم پێداوە، لەوانە: تەوەنەو گەریاتی، یان تەوەنەو کۆس و تایلێ، وەیوڵەکێ تەوەنێ. هەندێ نەزگەری تایبەتی لەوڵاتی ئێمەدا هەن، کـە بۆ شـوێنی لالانەوە و گـرنگیـدان بەو بەها پیـرۆزانە لەلایەن خەڵکی وڵاتەوە بوو، هەروەها لە ئاتەشگەدەکاندا ئاوازی بەرزە چڕ، ئەو پیرانە فرە بەزەربفی سیاچەمانەکان دەچڕن و سروودی گاتاکان بۆ ئاوازەکان دەستـە لەملانی یەکـتـری دەکەن، کـە ئەوەش لەمـێـژینەترین سروودەکـانی ئاڤێستایە.

**«بەلای دەردەوە، بەلای دەردەوە**
**ئەمڕۆ کەفتەبیم بەلای دەردەوە**
**نامەی نەوجەستەم تازە کەردەوە**
**ساتێ زیاتر خوابم بەردەوە**
**جەو دما نەڕووی میهر و وەفاوە**
**هۆرێزام نەجا مدرام وەپاوە»** (٢٤)

تەماشای دیوانی مەستوورە بکە، لاپەڕە (٨١)

ئەم شـیـعـرەی (مـەسـتـوورە) فـرە بەباشی بۆ ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەکان و ئاوازەکانی دەرەیی دەلوێت، هەر ئاوازێک لەکانگای هونەر و ئەدەبی ئاریانڤاچەکانەوە سەرچاوەی گـرتبێ، ئەوەش نەمـری ئەو سـیـاچەمـانانە دووپات دەکـاتەوە کـە مـوگـانی زەردەشـتی لەوسـاتەوە تائەمــڕۆ لەکــاروانی نەبڕاوەی هونەری وڵاتان هونەری ئاریانڤـاچەکـان دوانەکـەوتووە، وەک چۆن لە هەولێـری

دێرین (حەیران) نامرێت و هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە، ئا ئەواش (لاوک) و (هۆرەش) وەک قەڵغانێک هەردەم، وەک کێوی (سەفین) و (دەماوەند) ڕۆژگاری تاریک لەبنیان ناهێنێت، ئەم پارچە شیعری (مەستوورە) بۆ ئاوازی بەرزەچڕ و هۆرە چڕ دەتوانێت ئەو ئاوازە بەو شیعرە بچڕێت:

**«فەڵەک وەبەختم، فەڵەک وەبەختم**
**دیسان نەرد بەد شانای وەبەختم**
**ئاوەردی وەسۆز زامان سەختم**
**گوڵ گوڵی کەردی جەهووناو ڕەختم**
**جە تەبەق سیا بەختانم زانای**
**دیسان مەرگ نەو پەنەم نمانای**
**وەکۆگای شادیم هەرەس ئاوەردی**
**مەتاع عەیشم وەتاراج بەردی»** (٢٥)

تەماشای هەمان سەرچاوە بکە، لاپەڕە، (٦٥).


**سەرچاوەکان:**

**١- د.جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، ئەڵمانیا- ساڵی (١٩٨٨) زایینی، ل٥.**

**٢- جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوە، ل٢٢.**

**٣- د.صدیق بۆرەکەیی، هەورامان باشتر بناسن، چاپی یەکەم هەولێر، ساڵی (٢٠١٢) زایینی، ل٦٩.**

**٤- د.صدیق بۆرەکەیی، هەمان سەرچاوە، ل٢٥.**

**٥- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٩٠)، وتار: بەریەککەوتنی زمانەکان، یان بەریەککەوتنی زمانەوانی، نووسینی پ، ی سەلام ناوخۆش، ساڵی (٢٠١٣) زایینی، ل١١٨.**

**٦- گوڤاری (ڕامان) ژمارە (١٩٠) هەمان سەرچاوە، ل١١٨.**

**٧- صەیدی، دیوان، محەمەد ئەمین کاردۆخی، چاپی دووەم، سنە- کوردستان، ساڵی (١٣٨١) هەتاوی، ل٣٢.**

**٨- صەیدی، دیوان، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٢.**

**٩- صەیدی، دیوان، هەمان سەرچاوە، ل١٨٢.**

**١٠- صەیدی، دیوان، هەمان سەرچاوە، ل١٧١.**

**١١- صەیدی، دیوان، هەمان سەرچاوە، ل١٢٠.**

**١٢- صەیدی، دیوان، هەمان سەرچاوە، ل١٥٠.**

**١٣- دارا محەمەد عوسمان، مێژووی موزیکی هەورامان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٧١٠ کوردی - ٢٠١٠ عیسایی ل٣٤٥.**

**١٤- صەیدی، دیوان، محەمەد ئەمین کاردۆخی، چاپی دووەم، سنە- کوردستان، ساڵی (١٣٨١) هەتاوی، ل١٤٠.**

**١٥- صەیدی، دیوان، هەمان سەرچاوە، ل١٣٦.**

**١٦- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، گوڵزار هەورامان، چاپی یەکەم بەرگی دووەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٤) زایینی، ل٤٣٢.**

**١٧- د.محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٤٣٢.**

**١٨- فەلەکەددین کاکەیی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١٤٣٦) (٢٠١٢/٩/١٨)زایینی.**

**١٩- ڕەووف مەحموود پوور، چەژنێک بۆ پیر بنەمایەک بۆ ئوستوورەی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠٠٩) زایینی، ل٣٦٧.**

**٢٠- ڕەووف مەحمود پوور، هەمان سەرچاوە، ل٣٦٧.**

**٢١- ڕەووف مەحمود پوور، هەمان سەرچاوە، ل٣٦٧.**

**٢٢- ڕەووف مەحمود پوور، هەمان سەرچاوە، ل٣٦٧.**

**٢٣- ڕەووف مەحمود پوور، هەمان سەرچاوە، ل٣٦٧.**

**٢٤- محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی مەستوورە، چاپی یەکەم هەولێر، ساڵی (٢٠١١) زایینی، ل٨١.**

**٢٥- محەمەد عەلی قەرەداغی، هەمان سەرچاوە، ل٦٥**

# دەرهێنەری گریمانەیی و نمایشی شانۆیی

د. مەنسوور نوعمان *
لە عەرەبییەوە: سلێمان گەلاڵی

ئایا دەقی درامی پیرۆزە؟ بێ گومان نەخێر، ئەگەر وایە ئەی ئەو بازنەی پیرۆزییە چییە چواردەوری دەقی درامی داوە، کە وا لە خوێنەر دەکات، نەتوانێ بچێتە ناواخنی دەق و هەڵیبوەشێنێتەوە و پوختی بکات. ئەو دەقانەی لە ئاسمانەوە دابەزین دەقی پیرۆزن، وەک "قورئان، تەورات، ئینجیل، ..تاد" (وەرگێڕ)، بەڵام دەقی درامی دەقی بەرەنگاربوونەوەیە. ڕەنگە دەرهێنەرێک بەرەنگاری دەقێک ببێتەوە کە دەیەوێ نمایشی بکات، بۆیە دەبێتە دەقی دەرهێنەر، یان ڕاستترە بڵێین لە دەقی نووسەرەوە دەگۆڕێ بۆ دەقی دەرهێنەر. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، دەرهێنەر چۆن دەتوانێ بازنە پیرۆزەکەی دەق داماڵێ، کە وای لە دەق کردووە دەستکاریکردن و گۆڕینی کارێکی گران بێت؟

چۆن کردەی چوونە ناخ و بەناودا گەڕان دروست دەبێ؟ هیچ گومانی تێدا نییە کە دەرهێنەر، دەق هەڵدەبژێرێ، چونکە شتێکی کاریگەری تێدا بەدی کردووە، جا ئەو کاریگەرییە دەروونی، سۆزداری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، مێژوویی، ..تاد بێت، بە کورتی شتێک لە دەقەکەدا هەیە کە خەیاڵدانی دەرهێنەر دەبزوێنێ، بەڵام خاڵی ناکۆکی و جیاوازی ئەوەیە، کە دەرهێنەر مۆرکی نووسەری لێ دادەماڵێ بۆ ئەوەی جیهانێکی تەلیسماوی جیاوازی بۆ نمایشی شانۆیی لێ بەرهەم بهێنێ، هەندێ ڕاوبۆچوون هەیە کە دەڵێ هەڵبژاردنی دەقی درامی "پیرۆزە" وەک هەندێ لێکۆڵینەوە باسی لێوە دەکەن.

بەو مانایەی کە دەرهێنەر لەو بارەوە جێبەجێکارێکی چاکە بۆ هزری خۆی و شیکارکارێکی باشە کە لە بیرۆکەیەکی زیاتر هاوچەرخانە نزیکی دەکاتەوە. ڕەنگە هەندێ تیوری ناکۆک بدۆزێتەوە کە پڕ بە پێست بێ بۆ

شـیکارکـردنی زانسـتـه دەروونی و کـۆمـەڵایەتی و ئەفسـانەیی و .. تاد. ئەو دەرهێنەرەی مەبەسـتمـانە، سەربەستییەکی زۆر بە خۆی ڕەوا دەبینێ بۆ چوونە ناو دەق و گریمانەکانی خۆی بەکار بهێنێ و لەوێوە هەنگاو بنێ، لە شتێکی زانراو بۆ شتێکی نەزانراو و ون.

دەق و پێکهاتەکانی لەجیهانی کەسایەتییەکان و دارشتنی دیالۆگ و شێوازی کاری ڕێکخراو سەبارەت بە دەرهێنەر، زەمـینـەیەکی لەبارە بۆ هەنگاونان بۆ جیهانێکی ون، دەق و تێکست بۆ دەرهێنەری گریمانەیی چاک نییە، وەکو "مایرهولد" دیالۆگی دەق وا دەبینێ.. " وشە لە شانۆی درامیدا، کە ڕەستەیەکی بە دەسەڵات نییە بۆ دەرخستنی دیالۆگی ناوەکی بەشێوەیەکی تەواو"!، بۆیە نمایش لە تێڕوانینی دەرهێنەرەوەیە، نووسەریش سەربەستی بۆ کاری دەرهێنەر بەجێ دەهێڵێ، چونکە ئەو واتە "دەرهێنەر" دەچێتە ناخی جیهانێکی دی کە نهێنییەکی ئاشکرا نەکراوە لە دەقی نووسەر، بەم جۆرە دەربڕی دەقی شانۆیی بە گریمانەی دەرهێنەر دەردەکەوێ، لەم ڕووەوە "کرۆنۆفسکی" دەڵێ: "دەمانەوێت بەو نووسراوانە وەڵامی خۆمان بدەینەوە کە ناوەڕۆک نایخوێنێتەوە، ناوەڕۆکی سەردەم بڕیاری هەڵبژاردن بۆ من دەدات"؟

جیاوازی و گۆڕانکاری زۆر جار دژایەتی تەواو، نەک نیمچە دژایەتی، تەلیسمی نمایش دروست دەکات، بە وشەیەکی وردتر "شاعیرێتی" دروست دەکات، پێویستە ڕوون و ئاشکرا بێت، دەرهێنەری گریمانەیی سەرکێشییەکی منداڵانە دەکات، یان هەڵەشەیەکی هزریی دەکات، دەرهێنەری گریمانەیی شارەزایە و دەچێتە قووڵایی دەقەکە و دەیفەلسەفێنێ و توانایی هێنانە سەرپێی نمایشی شانۆیی هەیە و جیهانێکی نوێ بنیاد دەنێ و مەبەستیەتی بگاتە هەقیقەتی هونەری دەربڕ بە وردبینی و تێڕوانینی خۆی و جیهان و بوون و ژیان، پاش ئەوەی هەست بەجوانییەکانی دەکات.

باری وەستان و جێگیربوون لەگەڵ باری نیگەرانی و دڵەڕاوکێ ناگونجێ، بۆیە ئەو بە دوای زانستە جوانناسییەکان دەگەڕێ و دەیکاتە چەند پارچەیەک، دواتر نمایش لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانە گریمانەکان ڕێک دەخاتەوە، دەقی یەکەم لادەبرێ و لە هەمان کاتدا شێوەی دەقێکی دیکەی نمایش دروست دەبێ.

سەرنج دەدرێ کە دەقی نووسەر ڕوونەو ڕەگوڕیشەی هەیە، بەڵام دەقی نمایش گۆڕانی بەسەردا دێت و کراوەیە و پڕە لە بیروبۆچوون و خەون و وێنە جۆراوجۆرەکان، لە ڕێگەی ئەوانەوە دەرهێنەر تێڕوانینی خۆی دیاری دەکات، کە گۆڕاو و جیاوازە لە دەق، ئەوەی بەدەست هاتووە جێگیرە بەو شێوەیەی ماناکانی تەواوە و لەسەر ئەنجامی کۆبوونەوەی شارەزایی و بەدەستهاتووی مێژوویی، بۆیە پیرۆزیی خۆی بەدەست هێناوە.

دەرهێنەری گریمانەیی، جیهانی خۆی لەسەر دەقێک دروست دەکات کە گریمانە هەڵبگرێ، شانۆیی "هاملێت"ی نووسەری بەناوبانگ "شکسپیر" ئەو جۆرە گریمانانە لەخۆ دەگرێ، چونکە دەقێکی شلک و نەرمە و بەئاسانی دێتە دەست، سەرەڕای ئەوەی کەلەپوورێکی شارستانییە و بەرانبەر زەمەن و گۆڕانکارییەکان خۆی گرتووە، کاتێک دەرهێنەر ڕووبەڕووی ئەو دەقە دەبێتەوە، سەرکێشییەکی گەورە دەکات، بۆیە دەبێ شارەزایی و هۆشیاری و تواناسازی و خەیاڵێکی وای هەبێ هاوکاری بێت بۆ چالاککردنی کاریگەری نمایشی شانۆیی، گریمانەکە ڕەنگە پشت بە کات ببەستێ ، شوێن، سینۆگرافیا، کەسایەتی، هەڵوێست، تاد، با وای دابنێین کە گریمانەکەی لە شوێن سەرچاوە دەگرێ، بەو مانایەی شوێنەکان لەدەقدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەپێی ئەو شوێنەی گریمانە پێشنیاری دەکات، گریمانەکانی دی بەکار دێنێ، یان بەشتێکی دی لە پێناو دەرخستنی "ئامـاژەکـان" بۆ جووڵاندنی جیهانی شانۆی نوێ.

تێربوون لە چێژی جوانی و درێژبوونەوە و گۆڕانکاری لەپێناو ئەفراندن، بارێک لەخۆ گونجاندن و یەکبوون لەچوارچێوەی گریمانەکەدا، لە ئەزموونی دەرهێنەری عیراقی "د.سامی عەبدولحەمید" لە شانۆیی "هاملێتی عەرەب" لە ساڵی (١٩٧٣) گریمانەی شوێن هەموو سینۆگرافیا و پانتایی شانۆگەرییەکەی داگیر کردبوو، لە پێناو بنیادنانی کەشێکی عەرەبی، خێمەیەک و چەند ڕایەخێک و جلوبەرگی عەرەبی و پێوەندییەکان دەرهێنەری هان دا ناسنامەی خۆی پێشکەش بکات لە بری ناو، بۆ ئەوەی گریمانەی شوێن لەکەشوهەوایەکی گونجاو لەگەڵ کارەکتەرەکان، یان کەسێتییەکان بژی، هەوڵی دا گۆڕانکاری لەبیروباوەڕە ئایینی و کەسایەتییەکان بکات، سەمای "ئەلساس" کە سەمایەکی

عەرەبییە ئاخنییە نێو دەقەکەو شمشێر و شێوازی شمشێربازی بگۆڕێ بۆ شێوە شمشێری عەرەبی و شێوازی شمشێربازی عەرەبی، وەک ئەوەی باس کرا، دەرهێنەر بەگریمانەکانی خۆی هەوڵی دا بناغەیەک دابنێ و لەسەری بەردەوام بێت، وا لە شتی گۆڕاو - گریمانە- بکات ببێتە بناغەیەک بۆ نمایشی شانۆییەکە، بۆ هەموو گۆڕانکارییە بەڵگەییەکان لە هەموو گوزارشتەکان لەسەر شانۆ وەک ئاماژە، جووڵە، تەنانەت نواندن و جۆری دەنگ کە مەبەستی شوێنەکەی دەگەیاند، بە وشەیەکی ڕاستتر دەرهێنەر نمایشەکەی کردە دەقێکی دی کە جیاوازە لەگەڵ دەقی نووسەر.

دەکرێ دەرهێنەر سەرکەوتن بەدەست بێنێ، یان سەرکەوتن یاوەری نەبێ، ئەگەر گریمانەکەی بەهێز و چالاکی ئەوەی نەبێ کە بەکار ببرێ و شێوازی چوونە ناوەوەی لەسەر زەمینەی دەقی درامی نەبێ، هەندێ جار گریمانەکە ئامادەیی نییە، یان چۆنیەتی پێشنیارکردنی گریمانەی دەرهێنەر پێ نەگەیشتووە، یان ورد نییە، بۆیە شەرمکردن لە دەق، وات لێدەکات کە نەتوانی دەروازەکان ببڕی، چونکە هەندێ گریمانە "شەرمەزار"ـە بە خێرایی پەشیمان دەبێتەوە، یان تەنیا دەتوانێ هەندێ وردە دەستکاری سووک بکات، بۆیە "هاملێتی عەرەب" دەرهێنەر گریمانەیەکی پتەوی نەبوو تاکو دەقەکە لە ڕەگەوە بهەژێنێ، تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کەم بوو، دەکرێ شتێکی سەرنجڕاکێشی بۆ گریمانەکان هەبێ، بە بەراورد لەگەڵ کارێکی دیکەی دەرهێنەر "سامی عەبدولحەمید" لەیەکێ لە کافتیریایەکانی تیپی نواندنی نەتەوەیی کە بریتی بوو لە "عوتەیل لە چێشتخانەدا" کە لە دەقی "عوتەیل"ی "شکسپیر"، ئامادەکرابوو، کە پێش زیاتر لە دە ساڵ نمایش کرا و سەرنج لە گریمانەی شوێن دەدرا، هەرچەندە نمایشەکە سەرکەوتنێکی چاکی بەدەست نەهێنا، وەک بۆی دەچووین، هیچ گۆڕانکاری و جیاوازییەک لەدەقەکەدا نەکرا، بەڵکو لە دروستبوونی یەکەی نمایش، بەو مانایەی کە نمایش خۆی ون کرد و هیچ یەکبوونێکی بەخۆوە نەبینی کە هۆگری نێوان یەکەکانی نمایش لەخۆ بگرێ، ئەمەیان وێنەیەکی ڕوون بە دەستەوە دەدا لەسەر ئەو نمایشانەی کە گریمانەی شوێنی لەخۆ گرتووە، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی تەواو نەچووەتە ناخی دەقەکەوە، بەڵکو بەشێوازێکی دەرەکی گۆڕانکاری تێدا کراوە، بەدوای چاکترین شت و هێشووە بیرۆکەی گەورەو زەمینەی زانستی فراوان نەگەڕاوە و نەچووەتە ناواخن و بنیادی دەقەکەوە وەک لە "هاملێتی عەرەب" دیارە، بەڵام دەرهێنەرێکی دی کە "د.سەلاح قەسەب"ـە بەگریمانەی جیاواز نمایشی کردووە، ئەویش گریمانەی کاتە، سەرنج دەدرێ کە دەرهێنەر دەقەکەی ئامادە نەکردووە، بگرە وەک دەقی نووسەری هێشتووەتەوە، بەڵام دەستی بەسەر تەواوی نمایشەکەدا گرتووە ، بەو مانایەی کە دەقەکە بووەتە زەمینەیەک بۆ هەنگاونان و تێڕوانینی بوون و کونوکەلەبەرەکانی، بۆیە گریمانەی خۆی لەسەر ئەو بناغەیە بنیادناوە کە تەواوی پاڵەوانەکان لە کاتێکدا دەژین کە پێی دەڵێن "کاتی درک پێکراو" بەو پێناسەیەی کە کات کۆکراوەتەوە و هیچ دابڕانێک لەنێوان مەرگ و ژیان نەماوەتەوە، بۆیە ئەو پاڵەوانەی دەمرێ، سەرلەنوێ دەژیەتەوە، "ئۆفیلیا" نغرۆ دەبێ و دەخنکێ، بەڵام دەمێنێ و "هاملێت" دەمرێ، بەڵام دەژیەتەوە، بۆیە کات و لێک جیابوونەوە بەشداری لە دروستبوونی شێوەیەکی هونەری جوان دەکەن، بەم شێوەیە ئەمن و ئامان بۆ "هاملێت" دابین دەبێ، نمایش گریمانە پەخش دەکات و فەزاو شوێنەکان لەخۆی دەگرێ. هەندێ گۆڕانکاری لەدەقی نمایشدا کراوە، لەبەکارهێنانی تەکنیک و نواندنی ئەکتەرەکان و خەوناوی نمایش کە جیهانێکی جیاوازی لە دەقدا دروست کردووە، هەندێ دیمەن وەک خۆیان ماون، هەندێکی دی گۆڕانکارییان تێدا کراوە، زۆربەشیان لادراون، دەق دەقی "شکسپیر" نەماوە و بووەتە دەقی دەرهێنەر، گریمانەی کات"زەمەن" چووەتە ناو دەقی شکسپیر و لەتوپەتی کردووە، ڕەگەزەکانی بەش بەش کردووە، وەک بیرۆکە، تانو پۆ، کەسایەتییەکان، دیالۆگ، کەشی دەروونی گشتی، ئینجا دەرهێنەر دەقەکەی ڕێک خستووەتەوە و بە تەکنیکی شانۆیی و شێوازی جوانسازی جوانی کردووە، هەوڵی داوە پێکهاتەکان دابهێنێ، ماوەی لەبەردەم ئاوەڵابوون بۆ دۆزینەوەی جیهانێکی جیاواز، کە پڕیەتی لە باری نامۆیی و تاکڕەوی ڕەخساندووە.

گریمانەی کات"زەمەن" کە دەرهێنەر دەستی پێوە گرتووە، باڵادەستیی خۆی لە لەتکردنی دەق و هەژاندنی نواند، بە هۆی تێگەیشتنی لە فەلسەفەی زەمەن و کات بەو شێوەیەی کە ئێستا هیچ ناهێنێ و ڕابردوو و داهاتوو

کۆکراوەیەکی کاتە.

هەمــوو پارچە پارچەکــردن و پێکهــێنانی وێنە و کـردارەکـان لە چوارچێـوەی گـریمانەکـە هاتووە بەم جـۆرە دووبارە بنیـادی دەقی نمایش کردووە و بە پێی تێـڕوانینی خۆی دایڕێشتـووەتەوە، هەر چەندە لە ڕەگەوە جیـاوازی لە تێڕوانینی نووسەر هەیە، مـانای وایە ئامادەبووانی نمایش یەکــەم جــار دەرهێنەر دەبیـنن، دواتر نووســەر دەبیـنن، هەرچەندە وێنـەکـــــان تەمـــــاوی و ڕوون نـەبـن. ئەو دەرهێنەرانەی لەسـەر گـریمانە کـار دەکـەن بە دوای ئەوە دەگەڕێن کە گـوزارشت لەو شتـانە بکات کـە سەرنجیـان ڕادەکـێـشێ و لە جیـهـانێکی وشکوبرینگ و خنکێنەر هانیـان دەدا، بۆیە دەرهێنەر هەڵوێستـەیەک دەکـات بۆ ئەوەی خۆی لەناو ئەو سیستـمە بدۆزێتەوە کە لە ئاژاوە دەچێ، بە دوای سیستـمی ناخی خۆی دەگەڕێت بەرانبەر بە قـەدەر و ئەو ئاژاوەیەی ڕژێم و سـیـسـتـمـێک پێکی دەهێنن لە ئاسن بچێت، نامەنتیـقی قوربانی بە مەنتیق دەدات و ئەوەی پەسند نیـیـە پەسندە، ئەوە بەشـێکە لە کــۆکــردنەوەی ئەو ئاژاوەیە، هونەرمــەند – دەرهێنەر– بەخۆی دەزانێ ستـراتیـژییەتی گریمانەکەی شێـوەیەکە لە شێوەکانی بەرگریکردن بە وێنەی جیهانێکی نهێنی پڕ لە شاعیرییەت کە بوونی دەسەلمێنێ، چونکە ئەو جیهانێکی سەرنجـڕاکێش لەنێـوان خـۆشبـەختـی و خـاکـەساری و چرکــەکــانی ســەرکــەوتن و تێکشکان و مــردن و ژیان دادەڕێژێ.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری "الصوت الاخر" ژمارە (١٧٥) ٢٦ کانوونی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧، ص٢٣-٢٢.**

**تێـبـینی: وێڕای ســەرچاوەکــەی ســەرەوە، ســوود لەم دوو سەرچاوەیەش وەرگیراوە:**

**١- فیـسـفـولد مـایرخولد، في الفن المسرحي، ترجمة شريف شاكر، بيروت/ دار الفارابي/ ١٩٧٩، ص٧٩.**

**٢- جيرزي كروتوفسكي، نحو مسرح فقير/ ترجمة كمال قاسم نادر، بغداد: دار الحرية للطباعة، ١٩٨٢، ص٥٧.**

*** دکـتـۆر مـەنسـوور نوعـمـان. مـامـۆسـتـا لە کـۆلیـژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.**

# گەشتێک بۆ بناری بێستوون

مەلا مستەفا ڕەشیدی(زاواکێو)
(بۆکان)

زۆرم پێخۆش بوو جارێک بۆم هەڵکەوێ سەفەرێک بۆ هەمەدان و بێستوون و کرماشان و سنە بکەم و لە نزیکەوە ئەو جێگایانە ببینم و مێژووی ئەوان بە کورتی و کوردی بنووسم، چونکە ئەو شارانە خۆشن و جێگای دیدەنییان زۆرە، بەڵام دەمکوت بەغدا دوورە بۆ پیاوی فەقیر، ئەمنێک نە ماشێنم هەیە و نە هەموو کەس ڕەفیقایەتیم دەکا، چونکە پیر و زورهان و دزێوم، بەڵام لە ڕەفیقایەتیدا نیشانم داوە نە تەمبەڵ و نە دەست و مست قووچاوم و نە خۆ بە زلزانم، نایەڵم کەس لە من زیاتر کار بکا و پووڵ خەرج کا و هەمیشە ڕەفیقێکی موافقم لە سەفەردا، بەڵام چونکە ڕێگاکە دوور بوو، پیاوی وەک خۆم بێکار و پیری دەویست، هەتا خودا هەڵیسووڕاند، ئەوکات ئەمن تەلەفۆنم نەبوو خوداوەند لێیان خۆش بێ ڕۆژێکی حاجی سەید حەسەن بەرزنجە و حاجی ڕەحمان شەریف پوور هاتن بۆ ماڵێ، کوتیان ساز بە دوو ڕۆژێکی دیکە دەڕۆین بۆ لای هەمەدان و بێستوون، ئەمنیش لە خۆشیان دەتکوت خەڵاتم دەکەن و لە سەفەرێکی ئاوام خودا دەویست.

ئیدی لە ڕێکەوتی ١٣٨٣/٣/٨ی هەتاوی لەگەڵ ئەو هاوڕێ بەڕێزانە بە دوو ماشێنی جێپ سەحرا لە شاری بۆکان دەرکەوتین، ڕەفیقان بریتی بوون لە ١- حاجی سەید حەسەن بەرزەنجی ٢- حاجی ڕەحمان جامەردی ٣- حاجی ڕەحمان شەریف پوور ٤- حاجی قادر خزری ئازەر ٥- کاک ڕەحمان مرادی ٦- کاک تاهیر بەرزەنجی ٧- محەممەد شەریف پوور و جەمال شەریف پوور و نووسەری ئەو دێڕانە (مەلا مستەفا ڕەشیدی زاواکێو) کە شانازی لە خزمەت دابوونیانم هەبوو. بڕیار درا وێکڕا لە کاتژمێر ٣٠:٤ی بەیانی وێککەوین و ڕێکەوین، لە کاتی دیاریکراودا کۆ بووینەوە و لە شار دەرکەوتین، جا ئەمن

ڕاهاتووم بۆ ئەو سەفەرانە نازر خەرج دیاری دەکەم بۆ ئەوەی هەرکەس دەست بۆ گیرفانی نەبا و زوڵمیش لە کەس نەچێ پووڵی دەدەینێ و پێشی دەڵێین زڕدایکانەمان بەخێو مەکە تێر و تەسەلمان بکە. لەو سەفەرەدا خوا لێی خۆش بێت حاجی ڕەحمان شەریف پوور بابەگەورە و نازرخەرج بوو. لە سەقز سەتڵێکمان ماست کڕی دووکاندار کوتی تازەیە ڕۆیشتین کاتێ هەڵمانپچڕی بۆ سوبحانە بە کەس نەدەخورا باوەڕ بکەن ئی پێنج ڕۆژ لەمەوبەر بوو، حاجی قادری گەمان دەیکوت بۆی دەگەڕێمەوە و پووڵەکەی لێ دەستێنمەوە نەمانهێشت، ڕۆیشتین بەو وڵاتە خۆش و سەرسەوزەدا لە چۆمی ئاینان و زەڕینە تێپەڕین، گوندی ساحبمان وەپشت سەری دا، نم نم بارانی بەهاری ئەوەندەی دیکە تام و خوێی دابوو بە سەفەرەکە، خوناوکەی باران بە لاجانگی گوڵاندا دەخزی دەتکوت دەنکە مرواری عارەقی کچی کوردە لە شەرمان دەری دەکا. کزەبای تێکەڵ لەگەڵ باران ئەو گیا و گوڵەی لێک دەدا و کەروێشکەی پێ دەکرد، دەتکوت زوڵفی کیژی چادرنشینە لەسەر بەردی بەردەبێرێ با دەیشەکێنێ. شاری دیواندەرەشمان بەجێهێشت هەتا گەیشتینە سێ ڕێیانی حوسێن ئاوا، لەوێ بۆ لای شاری دێهگوڵانی قوروە لامان دا، دیتم دەشتێکی کاکی بە کاکییە، هەتا چاو هەتەر دەکا هەر دەشتە ئەوە دەستە دەستە، خەڵک خەریکن یارەڵماسی دەچەقێنن، پاراو دەکەن، بژار دەکەن، دێراو هەڵدەدەن، کەردووی دەکەن و خەت و کووزوان لێ دەدەن و هەرکەس خەریکی یەکێک لەوانەیە. ئەگەر لەوەش زیاتر یارەڵماسی فرۆش ئی شار و دێهاتی دیکە بێنن بڵێین یارەڵماسی قوروەیە و بە هی قوروەمان پێ بفرۆشن، ئەمن دەڵێم ڕاست دەکەن، چونکە زەویوزاری هەتا دەگاتە هەمەدان ئەوەندە زۆر و پڕ پیت و بەرەکەتە، مەگەر خودا بزانێ. لەکن قوروە دووبارە چووین ماست و پەنیری دیکەمان کڕی، چونکە ماستەکەی سەقز بۆ خواردن نەدەشیا. لە پەنا پۆمپ و ئاوێک لامان دا بۆ سوبحانە و کەمێک حەساینەوە و وچانێک بارگەوبنەمان پێچایەوە و بەرەو هەمەدان ڕۆیشتین و گەیشتینە سێ ڕێی قوروە ساڵحاوا و هەمەدان، ویستمان لەوێ بۆ غاری عەلی سەدر لادەین، کە لەوێوە ٥٥ کیلۆمەترە، بەڵام بۆ هەمەدان ٧٥ کیلۆمەترە، دیارە ئەشکەوتی عەلی سەدر لە سێ ڕێگاوە بۆی دەڕۆی ١- لە مەیدانی لالەجین بۆ ئەشکەوت و دێتەوە بیجاڕ ٢- لە چوار ڕێیانی پایەگای نۆژە (جاددەی هەمەدان بەرزن) ٣- لە ڕێگای هەمەدان بۆ ساڵحاوا. کاتێک گەیشتین، دیتمان جێگایەکی زۆر خۆش پارکینگی گەورە پڕ لە ماشێنی گەشتیاران و بازاڕ و دوکان و مزگەوت و جێگایەکی لێ بوو، ئاسک و بزنەکێوی و تاوسی لێ بوو، دوای خواردنی نیوەڕۆ و نوێژ و سەرخەوێک سەرێکمان لەو جێگاو شوێنانە دا و دوایی بلیتمان وەرگرت و چووینە ژوورێ، لە هەندێک بە پێیان دەڕۆی دوایی دەتوانی سواری لۆتکە بی و هەندێک پلیکانە و سەربەرەو ژوورە نزیک بە ١٢٠ پلیکان دەڕۆی و هەندێکیشی سەربەرەو خوارە، لە جێگایەک دیتم هەر بەو ئاوە کە بووە بە سەنگ بە یائەڵڵا دەرهاتبوو و لە جێگایەکی دیکە وەک باڵندە دەرهاتبوو.

## هەڵکەوتووی ئەشکەوتی عەلی سەدر

دێی عەلی سەدر سەر بە شاری "کیودر ئاهەنگ" لە ٧٥ کیلۆمەتری شاری هەمەدانە و یەکێک لە ئەشکەوتە ئاوییەکانی کەم وێنەی دنیایە کە دەتوانێ قایەقرانی بە تەواوی تێدا بکرێ بە بڵندی ٤٨مەتر لە ١٨یە کە بە درێژایی جوگرافیایی ١٩٠٠ پلە لە سەرووی ڕووی دەریاوەیە.

ئەشکەوتی عەلی سەدر لە بڵندییەک بە ناوی "ساری قییە" (بەردەزەرد) هەڵکەوتووە و هەر لەو کێوەوە دوو ئەشکەوتی دیکە هەیە بە ناوی "سوباش" و "سەراب" بە ڕەدیف ١١- ٧ کیلۆمەتر لە ئەشکەوتی عەلی سەدر دوورن. مێژووی پەیدابوونی ئەو غارە بۆ دووەمین سەردەمی زەویناسی دەگەڕێتەوە، واتە دەورەی "ژووراسیک" ١٣٦ - ١٩٥ ملیۆن ساڵ پێش ئێستە دەگێڕنەوە. لەو بەڵگانەی کە بە دەست هاتووە ناوی ئەو غارە ئەوە نیشان دەدات کە جێگای حەشار و حەوانەوەی بنیادەمەکانی سەرەتایی بووە. خەڵکی گوندی عەلی سەدر و دەوروبەر هەر لە زووەوە ئەو ئاوەیان دیوەتەوە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە، بەڵام هیچ کات بۆ گەشتوگوزار و گەشتیاران کەڵکی لێ وەرنەگیراوە، تا لە ٥ی مێهری ١٣٤٢ دەستەیەکی ١٤ نەفەری لە تیمی شاخەوانانی هەمەدان ئەو ئەشکەوتەیان دیتەوە و توانییان بە کەرەستەی سەرەتایی وەک چرادەستی، تۆپی لاستیک تا ئەندازەیەک لە ناو ئەشکەوتەکە بچنە پێشێ و ئەو دەستەیە ئەو دیتنەوەیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەدا بڵاو

کردەوە هەتا لە ساڵی ١٣٤٦ لەگەڵ پەیداکردن و دیتنەوەی ئەشکەوتێکی ئاوی ڕووبەڕوو بوون ئیدی هەموو ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان نووسییان، ئەوجار تیمی لێکۆڵینەوە بەرەو ئەشکەوتی عەلی سەدر شاڵاویان هێنا و شاخەوانانی هەمەدانیش لە ساڵی ١٣٥٢ دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەو ئەشکەوتەیان بە ئەندازەی ٥٠ سانتیمەتر پان وەدەرخست، ئەوجار لە ساڵی ١٣٥٤ هاتوچۆی گشتی لەو ئەشکەوتە دەستی پێکرد، لەو کاتەدا خەڵکی دێی عەلی سەدر میوانی غەریبەکانیان بە چرادەستی و بێڵ و پێمەڕە و ئەو جۆرە کەرەستانە بۆ ناو ئەشکەوتەکە هاتوچۆ پێ دەکرد و ئەشکەوتی عەلی سەدر لە جۆری خۆی کەم وێنەیە، تەنیا چەند دانەی دیکە وەک ئەشکەوتی ئاوی "موولیس" لە فەڕەنسا و ئەشکەوتی "شوالیە" لە ئوستترالیا و ئەشکەوتی "سەهۆڵان" لە کوردستانی ئێران دەنا لە دنیادا ئەشکەوتی عەلی سەدر بێ وێنەیە و نێوی ئەو ئەشکەوتە و تەرکیبی ئەو قودرەتی خوداوەندی لێ بەدی دەکرێ و هەر بینەرێک ئیمان بە خودا دێنێ. ڕەنگ و بۆنی ئاوەکە ناگۆڕێت و بە درێژایی ساڵ ١٢ پلەیە، بێ ڕەنگ و بۆنە و تا قووڵایی ١٠ مەتر بە جوانی بە چاو دەبینرێ و لە هەموو شوێنەکانی ئەشکەوتەکە تەرکیباتی شیمیایی ئاوەکە لێک نزیکە و وەک یەک دەچێ، قووڵایی ئاو لە زۆر شوێن لە سیفرەوە تا ١٥ مەترە و لە هەندێک شوێنی ئەشکەوتەکە نزیکەی ١٠ تا ١١ کیلۆمەتری چووەتە پێش و لە زۆر جێگا لووتکەی ماتۆڕی (بەلەم) دێت و دەچێ و نەفەران دێنێ و دەبات، بەڕاستی ئەوە یەکێک لە توانایی و نیشانەی دەستکاری هەستی و گەورەی خوداوەندە کە لە نێو دڵی ئەو کێوە بەو پان و بەرینە ئەو ئاو و جێگا خۆشەی دروست کردووە بۆ بەندەکانی خۆی تا لە هەموو بارێکەوە کەڵکی پێویستی لێ وەربگرن.

ئیدی کاتژمێر ٥ی دوای نیوەڕۆ خۆمان توندوتۆڵ کرد و بەرەو هەمەدان کەوتینە ڕێ و یەکسەر چووینە سەر ئارامگای زانای گەورە ئەبو عەلی سینا لەوێ بلیتمان وەرگرت و چووینە ژوورەوە، پۆلێکی خەڵک لێ بوو، دیار بوو وێنەی ئەبوعەلی سینا و تەقیلە و قەڵەم و دەوات و کتێبەکانی بۆ بینەران لەوێ دانراوە و کتێبی "قانون در طب" وەرگێڕاوی زانای گەورەی کورد مامۆستا "هەژار" هەموو جڵدەکانی لەوێ بوو. ئافرەتێک لە ئێمەی پرسی خەڵکی کوێن، دیار بوو کارمەندی ئەوێ بوو، ئێمەش کوتمان خەڵکی بۆکانین، کوتی لەگەڵ ئاغای شەرەفکەندی هاوشارین؟ کوتمان بەڵێ. کوتی دەبێ مێژوو شانازی بەوەوە بکا. دوای دیداری هەموو حەسار و ناوماڵ و ژوورەکان ڕۆیشتین بۆ ئارامگای باباتاهیر، دیارە ئەوێش زۆر خۆش و دڵگیر و چەند شیعر لە تابلۆ شیعرەکانی خۆی نووسرابوو، ئەوجار ڕۆیشتین بەرەو لالەجین و گەنجنامە و لای ئێوارەیەکی زۆر درەنگ بوو ڕۆیشتین بۆ شێریسەنگی، باران دەباری کەس لەبەر باران نەیدەوێرا سەر دەربێنێ و ترافیکیش بوو ڕێی ڕێدار نەبوو. ئۆتۆمبێلەکان لووتیان بە دووی یەکدییەوە نابوو، وەک هەرشتە کەوتبوونە سەریەک، بەڵام چونکە ئۆتۆمبێلی ئێمە جێپ بوو، هی وانیش هەموو گران بەها، کەس نەیدەوێرا خۆمان لێدا. ڕۆیشتین دیدەنیمان کرد تا هاتینەوە شەو زۆر درەنگ بوو، لە مەیدانی پارکێک ماینەوە نەمزانی ناوی چییە، بەڵام زۆر خاوێن و خاوەن ئاو و جێگا دەست نوێژ بوو، دوو خێوەتمان پێ بوو هەڵماندا، چوون ماندوو بووین خراپ خەومان لێ کەوت، بەیانی کە هەڵستاین خوالێخۆشبوو حاجی سەید حەسەن کوتی کەوشەکانم نەماوە. دوای ناشتا دووبارە ڕۆیشتین بۆ گەڕان و زۆر جێگای دیدەنی و نێو بازاڕ و مزگەوت و شوێنە خۆشەکان چووین، لای نیوەڕۆیەکی درەنگ چووینە پارکێک کە دەڕوا بۆ کرماشان و لەوێ نانمان خوارد و نوێژمان کرد و سەرخەوێکمان شکاند.

## ناسینی شاری هەمەدان

هەمەدان لە ڕابردوویەکی زۆر دووردرێژ بەهرەمەندە. بناغەی دانانی شاری هەمەدان بە دیاکۆ پادشای ماد دەگێڕنەوە، "هیرۆدێت" مێژووناسی یۆنانی ناوی هەمەدانی بەئاکباتان نووسیوە و دانانی ئەو شارەی بە دیاکۆ پێکهێنەری حکوومەتی ماد گێڕاوەتەوە. پادشایانی هەخامەنشی شاری هەمەدانیان بە ناوی هیگمەتانە، یان ئاکباتان بەواتای جێگای کۆبوونەوە و بە ناوونیشانی پایتەختی هاوینانی خۆیان هەڵبژاردووە. یەکەمین پایتەختی حکوومەتی خاوەن دەزگای فەرمی ئەوێ بووە. هەمەدان لەسەردەمی بەختەلنەسر وێران بووە و داریووشی گەورە ئاوەدان و چاکی کردووەتەوە، کەمتر شار پەیدا دەبێ کە بەو جۆرە ئاو و هەوای ڕێکوپێک و زەویوزاری بەکەڵک و ئەوەندە دڵگیر بێ. شارێکە زۆربەی ڕووداوەکانی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، زانستی، ئەدەبی و سیاسی لەوێدا بووە و ڕووی داوە و کەمتر شار

هەیە کە بە ئەندازەی هەمەدان شوێنەواری مێژوویی، فەرهەنگی، ئایینی و هونەری لێ بێ. لە دانیشتنی ڕێکەوتی ١٣٧٠/٢/٢ ئەنجوومەنی باڵای شارەوانی و تەلارسازی وڵات ئەو شارەیان بە ناوونیشانی یەکێک لە شەش شاری مێژوویی و ڕۆشنبیریی ئێران ناساندووە.

**هەڵکەوتنی باری جوگرافیایی هەمەدان**

شاری هەمەدان بە ڕووپێوەی ٤٠٨٤ کیلۆمەتری چوارگۆشە ٢١ لە سەدی ڕووبەری پارێزگاکە پێکدێنێ. ئەو شارە لە چوارچێوە سنووری خولگەی ٤٨ پلە و ٣٥ وردکی درێژایی ڕۆژهەڵات و ٣٤ پلە و ٥٢ وردکی پانی باکوور لە نیوەڕۆژی گرینویچ هەڵکەوتووە. شاری هەمەدان لە دوایین پێکهاتەی وڵات شامیلی دوو بەخشی "مەرکەزی و سەراع" بووە.

٩ دێهستان و ٤ شارە و ١١٨ گوندی لە ژێر دەسەڵاتدایە. خودی شاری هەمەدان بەبێ دێهاتەکەی ٦٥١٨٢١ نەفەری تێدا دەژی، کە ئەو ئامارە هی چەند ساڵ لەمەوبەرە. هەمەدان کێو و دەشت و بڵند و نەوی زۆرە و بڵندترین لووتکەی کێوی هەمەدان بە ناوی تەلەی ئەلوەند ٣٥٧٤ مەترە. چۆم و چۆمەکانی بەناوبانگی هەمەدان بریتین لە "قەرەچایی"، "یەڵغان"، "دەرەی مرادبەیگ"، و "عەبباس ئاوا". هەمەدان زستانی سارد و هاوینی مامناوەندی هەیە و بە کورتی هەمەدان شارێکی خۆش و مێژوویی و دڵگیر و دیدەنییە.

هەمەدان جێگای دیدەنی زۆرە کە هەندێکیان لێرەدا دەنووسم:

دوای دیدار و دیدەنی زۆر و حەسانەوە لەو پارکە ئیدی بارگەوبنەمان تێکنا و بەرەو کرماشان لە شاری مێژوویی هەمەدان دەرکەوتین. لە گەردەنەی پڕ پێچوپەنا و دوورودرێژ و بڵند و لێژی ئەسەد ئاباد داگەڕاین، لەوێوە زۆر جێگا دیارە و باسەفا و باگر و فێنک و تەماشاییە، ئیدی درەنگ بوو شەوێ لە شاری کەنگاوەر ماینەوە. دەڵێن دەنگی دەهۆڵ لە دوورڕا خۆشە، شارێکی خۆشم نەهاتە بەرچاو لە پیادەڕەوی پارکینگ بارگەوبنەمان بە عەرزدا دا و دوای شێوخواردن و نوێژکردن هەندێک قسەوباس لەسەر سەفەرەکە ویستمان لەناو خێوەتدا بحەسێینەوە و چاوێک گەرم کەین، بەڵام لە چنگ گرمە و نەڕەی ئۆتۆمبێل و تەقوتۆقی کەوشی پاژنەی پیادەڕەوان و لوورە و مرخەی سەگ و پشیلە، دوژمن لە ماڵت نائومێد بێ چاومان لە خەو نەچوو. حاجی ڕەحمان جامەردی کە سەری لەسەر باڵنج کردبوو لە کەلێنی چادرەکەوە پشیلە کڵاوەکەی ڕفاند، ئێستاش بۆمان نەستێنرایەوە، ئەمنیش گۆرەوییەکانم بەسەر تەنافی چادرەکەدا دابوون ون بوون، بەڵام دڵمان بەوە خۆش بوو شەوگاری بەهارە و کورتە و هەر لەگەڵ کەڵەباب خوێندنی پارشێو دەڕۆین بەرەو بێستوون. هەر پێش بانگی بەیانی هەستاین و دوای نوێژ و ڕێکوپێکی بەرەو شاری بێستوون ڕێکەوتین، هێشتا زەردە لە سەرانی نەدابوو لەسەر کانی و ئاوی بێستوون بارگەوبنەمان بە عەرزدا دا، جێگامان ڕاخست و ئاگرمان کردەوە، قەرەوانەمان وەسەرنا، دیارە دارمان پێ بوو، وڵاتێکی خۆش و کانی و ئاوێکی ڕوون، سەرسەوز و دار و سێبەریشی لێ بوو.

| ناوی سەیرانگا | سەردەم | ژمارەی سەبت | جێگا |
|---|---|---|---|
| **تەپەی هیگمەتانە** | **ماد و هەخامەنشی** | **٢٨** | **شەقامی ئاکباتان** |
| **گەنجنامە** | **هەخامەنشی** | **٩٢** | **٢٥ کیلۆمەتری هەمەدان** |
| **شێرسەنگی** | **ئەشکانیان** | | **مەیدانی سەنگ شێر** |
| **ئارامگای ئەبوعەلی سینا** | **پەهلەوی** | | **مەیدان بوعەلی** |
| **ئارامگای باباتاهیر** | **پەهلەوی** | | **مەیدان باباتاهیر** |

**دیارە زۆری دیکەی جێگای دیدەنی هەیە.**

هەر لە نزیک کێوەکە دوای کەمێک حەسانەوە و ناشتا خواردن ویستمان سەر لەو جێگا مێژووییانە بدەین کە ساڵهای ساڵە وێردی زمان و وتەی کۆڕ و کۆمەڵی کوردەوارییە، لە بەرەوە چاومان بە کەتیبەی داریووش کەوت و خوێندمانەوە، دواتر چاومان بە پەیکەری "هیرکول" لە ڕێگەی سەرەکی ڕۆژهەلات بۆ ڕۆژاوا ڕێگای دەورانی شاهانی پێشوو (هەمەدان بۆ کرماشان) لە پەنا کەتیبەی داریووش لە بەرد هەڵکەنراوە، لە سەردەمی ئەشکانییان هیرکول یەکێک لە خۆشەویستترین خودایان بووە و کاروانسەرای سەفەوییەکان، ئەوجار ڕۆیشتین بۆ فەرهادتاشی کوڕی کوردی تێگەیشتووی بە مراد نەگەیشتوو کە لە ڕێی دڵداریدا دڵی سەنگی سەختی کێوی بێستوونی لەبەریەک دەرهێنا و بە ئاواتی گەستنی لێوی شیرینی شیرین دەستی لە گیانی شیرینی هەڵگرت و بۆ دەرهێنانی مرواری ئەوین لە دەریای ئەوینداریدا و هەر بەیادی ئەو ئەوینە سەری نایەوە و لە شیرینی نەچێشت و دوایی بە ژیانی تاڵی خۆی هێنا، دیارە هەر ئەو ئەویندارە نەبووە کە لەو ڕێیەدا بە نامرادی سەری نایەوە، بەڵکو زۆری دیکە وەک: مەم و زین، لاس و خەزاڵ، ناسر و ماڵماڵ، برایمۆک، لەیلی و مەجنوون، عەزیز و کوبرا و دەیانی دیکە بە ئاواتی گەیشتن بە ئەوین هەوێنی ژیانیان لەدەست داوە، بەڵام لە مێژووی کۆڕ و کۆمەڵدا ناویان هەر ماوە.

## ناسینی بێستوون

بێستوون لە کوردی دا "بیستون"ی پێ دەڵێن "Bistun" یەکێک لە شارەکانی پارێزگای کرماشانە و لە ٢٧ کیلۆمەتری ئەوێ هەڵکەوتووە. شاری بێستوون بە کۆی ٢٠٤٥٥ نەفەر لە شارستانی هەرسین لە ڕۆژهەلاتی ئەو شارە هەڵکەوتووە. شاری بێستوون لە داوێنی کێوێکدایە کە هەر بە بێستوون ناوی ڕۆیشتووە و لەسەر ڕێگای کرماشان هەمەدانە و دوو دێهستانی هەیە بە ناوەکانی "مەرکەزی" و "جەهەر". ئەو ناوچەیە بە درێژایی مێژوو جێگای رووتێکردن بووە و لە سەردەمی هەر حکوومەتێک شوێنەوارێک لەوێ دەبینرێ، چۆمەڵی "گاماسیاب" لە کەناری ئەودایە. خەڵکی بێستوون بە بەشی لەکی لە زاراوەی کوردی دەدوێن، هەر بۆیە دەڵێن لە بەهاری ساڵی ١٣٦٤ (هێمن)ی شاعیر دەچێتە کرماشان و ڕۆژێک لە عەسردا دەچێتە پارکی تاق بوستان کاک هادی زیائەددینی لەگەڵ دەبێ، لەبەردەمی پارک پیاوێکی پیری لەکی خەیار چەمبەر دەفرۆشێ "هاوار دەکا خەیارشینک سە گلە میدوم یە تومان" مامۆستا هێمن کە جوان لێی حاڵی نابێ ڕوو لەو پیاوە پیرە لەکییە دەکا و دەڵێ چ هەراهەرایەکتە دەڵێی چی؟ کابرای لەکیش هیچ لە مامۆستا حاڵی نابێ، کاک هادی دەچێتە ناو باسەکەوە کوردی کرمانجی خوارووی مام هێمن بۆ کابرا دەگێڕێتەوە، کابرای لەکی توورە دەبێ دەڵێ "بچە بچە خاڵۆ کوردی نەمزانی" ئەو جار قسەکانی مامە پیرەی لەکی بە کوردی کرمانجی خواروو بۆ مام هێمن دەگێڕێتەوە، مام هێمنی شاعیر پیرەمێردی لەکی لەباوەش دەگرێ و تێرتێر ماچی دەکا و دەڵێ: ڕاست دەکەی کاتێک من شێوەزاری تۆ نازانم دیارە کوردی نازانم حەق بە تۆیە. خەڵکی بێستوون لە رووی ئایینەوە "ئیسلامی شیعە" و بڕێکیشیان پەیڕەوی مەزهەبی "یارسان"ن.

## بۆ پێی دەڵێن بێستوون؟

ئەو ناوچەیە لە ڕابردوودا "بوغستانی" نێو بووە بەمەعنای "جێگای بوغ" یان "خودا" و هەندێکیش ناونانی ئەوێیان بە هۆی باوەڕی پێشەوایانی زەرتوشتیان زانیوە، کە کێوی بێستوون نیشانە و نمادی بوغی خودایان دەزانێ و هەندێکی دیکە ئەو ناوەیان بە مەزهەبی کەلدانییان دەگێڕنەوە و پێیان وایە وشەی بوغ هەمان باگ، واتە خودای گەورەی کلدانییانە و بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم ئەو وشەیە بە بێستوون گۆڕاوە.

"ژان باتیست تاویرنییە" لە سەفەرنامەی خۆیدا بێستوونی بە پردی شا ناو هێناوە و تایبەتی ئەو جێگایە پردێکی سەنگی بووە کە لەسەر چۆمەڵێک لە داوێن کێوێکی زانیوە، ئەویش بێستوون بووە. دیارە لە کەناری ئەو کێوە وێنە و شێوەی جۆراوجۆر بە جلوبەرگی کشیشی کە تایبەتمەندی خۆیان بووە دەبینرا، ئەوە قسەی ژان باتیست تاویرنییەیە.

## کەتیبەی داریووش چییە؟

لە کەتیبەی داریووش ئەوە وەبەرچاو کەوتووە ناساندنی داریووش و دەسەڵاتی پادشایی ئەو، گێڕانەوەی شۆڕشی "کنوومات" و بێ دەنگ کردنی ئەو لەلایەن "کۆروشەوە" و گیرانەوە و سەرکوتی جووڵانەوەکانی جۆراوجۆر وەک:

سەرزەمینی ئیلام، بابول، ماد، پارت، پارسی، ئەرمەنستان و مەرو لە نووسراوەکانی سەنگی بێستووندا بوو. زۆرتر جەخت دەکاتە سەر پاکی و خاوێنی داریووش لە درۆزنی و داوێن پیسی و خراپەکاری و داوای کردووە لە بەرەی داهاتوو کە چاوەدێری ئەو کەتیبەیە بکەن و دۆعای کردووە بۆ ئەو کەسانەی دەیپارێزن و نەفرینی لەوانەش کردووە کە خراپی دەکەن.

لە سەردەمەکانی دوای ئەو حکوومەتانە کە خەت و نووسراوەی ئەوان وردە وردە لەبیر دەچووەوە بەتایبەت سەردەمەکانی حکوومەتی ئەشکانی و ساسانی و نووسراوەی کەتیبەی بێستوون ئیدی عیشقی پاکی شیرین و فەرهاد ئەوینی پڕ لە هەوێنی عیشق و فەرهادی بە شیرینی سوڕەیانی دەنگ و باسەکەی دنیای پڕ کردبوو، هەر بۆیە نووسەرانی فارسی ئەوانەیان هێنا سەر کاغەز و بە شیعر و پەخشان لە بەردەست خەڵکیان دانا "بیستون را عشق کند و شهرتش فرهاد برد".

یەکەم کەس کە توانی کەتیبەی بێستوون بخوێنێتەوە "هێنری ڕالینسۆنی" (Rawlinson) ئینگلیزی بوو. ئەو لە دەیەی ١٨٣٠ زایینی و سەرەتای ١٨٤٠ بە ناوونیشانی ئەفسەری سوپای هیند و ئینگلیز خزمەتی سەربازی لە ڕۆژاوای ئێران دەکرد توانی نهێنی و وشەکانی نووسراوەی ئەو کەتیبەیە بکاتەوە و یەکەم وەرگێڕاوی لەناو خەڵکدا بڵاو کردەوە. "ڕالینسۆن" لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٥٠ بۆ ماوەیەکی کەم بە جێگای وەزیر دەسەڵاتداری وەزیری ئینگلتەرا لە ئێران دیاری کرا. دوای ڕالینسۆن کەسانی دیکە ئەو ڕێگایەیان گرتە بەر و دەستیان بە وەرگێڕانی ئەو کەتیبەیە کرد و داستانی شیرین و فەرهاد بە زمانی جۆراوجۆر. لە ڕاپۆرتی بەرچاوی ئەو لاپەڕانە ئاغای عەلی ئینسافی مێژووناس و لێکۆڵەری ناودار بۆ ناساندنی مێژووی دروستی بێستوون لێکۆڵینەوەی باشی کردووە کە دەتوانرێت لە ئەلبوومی ئەودا ببینرێت.

### داستانی شیرین و فەرهاد

دیارە ئەو داستانە زۆر دوورودرێژە وەک شاعیری گەورە نیزامی و زۆری دیکەی نووسەر و شاعیران کوتوویانە و نووسیویانە.

هورموز پادشای ئێران کوڕێکی دەبێ ناوی "پەرویز" دەبێ، دیارە پەرویز هەر ئەو خوسرەوەیە کە پاڵەوانی ئەو داستانەیە و خوسرەو لەگەڵ ئەوەی بابی زۆر دادگەر و پیاوچاک دەبێ، بەڵام بۆ خۆی عەییاش و دەست درێژکەر بە ماڵی خەڵک و دوور لە ئاکاری بابی دەبێ. شەوێک کە بۆ گەشت و سەیران لەگەڵ هاوڕێیانی دەچێتە دەرێ شەوێ لە ماڵی کابرایەکی دێهاتی بەرنامەی کەیف و خۆشگوزەرانی دروست دەکەن و ژیان لەو دێهاتییە تێک دەدەن و ڕەنجبەر و وڵاغەکەشی لێ لەبەین دەبەن. کاتێک هورموز لەو ڕووداوەی کوڕەکەی ئاگادار دەبێ بەبێ نێوان باب و کوڕایەتی دادپەروەری پیادە دەکا و ئەسپی خوسرەو دەکوژێ و ڕەنجبەری ئەو دەدا بە خاوەن باخەکە کە بە جێگای ئەو شەوێ ئەوانەی لێ فەوتاندووە و بە تکای پیران و نەدیمان دەنا هورموز خەریک دەبێ خوسرەویش بکوژێ، دەری دەکا و پیاوێک دەبێ بەناوی شاپوور کە بۆ دڵخۆشی دانەوەی ئەو باسی شیرینی بۆ دەکا تا دڵخۆشی بکات، لەو بەینەدا خوسرەو زۆر هەوڵ دەدا هەتا دەستی بە شیرین بگا، بەڵام ناگاتێ چون چارەنووس لەلایەکی دیکەوە پێنووسی دەست داوەتێ هەتا کوڕێکی دیکەی خوێن شیرین بەناوی فەرهاد شیرینی لە شیرین بچێژێ. خوسرەو هورموزی بابی دەکوژێ و بۆ خۆی لەسەر تەخت دادەنیشێ، کاتێک خوسرەو بە پادشایی دەگا، بارامی چووبین دژی ئەو شۆڕش دەکا بە بۆنەی ئەوەی بۆ خۆی بابی کوشتووە پیاو



**هەیوانی چکۆلەی تاق بوستان**

ماقوولەکان بەرانبەر خوسرەو ڕاست دەکاتەوە و شکەستی پێ دەدا. خوسرەو کە لێی دەقەومێ و تاج و تەختی شایی لەدەست دەدا، بەو حاڵەشەوە وەدووی عیشقی شیرین دەکەوێ، بەڵام شیرین ڕووی تێناکا. ئەوجار شیرین دوای مەرگی پووری بەناوی "مەهین بانوو" کە ئەوی کردبوو بە جێنشینی خۆی زۆری ئامۆژگاری دەکا. شیرین لەسەر تەختی حکوومەت دادەنیشێ و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی دادپەروەری دادەمەزرێنێ. شیرین دەبوو شیر بخوا و هێنانی شیری مەڕ و بزن لە کوێستانەکانەوە بۆ کن شیرین کارێکی سەخت بوو بۆ چارەی ئەو گرفتە فەرهادیان پێناساند.

فەرهاد لە هۆزی کوردی کەلهوڕ بووە، پاڵەوانێکی ناودار، جوانێکی کەم وێنە و هەیبەت و هەیئەتێکی نەبینراو و نەبیستراوی هەبووە. هەر بە دیتنی فەرهاد شیرین شیرینایەتی فەرهادی لەدڵدا چێشت و بە جۆرێکی وا فەرهاد شەیدای شیرین بوو کە لە زۆر قسەکانی حاڵی نەدەبوو هەتا قەرەواشەکانی تێیانگەیاند کە شیرین لەوی دەوێ لە کوێستانەوە بە سەر سەنگدا جۆگەیەکم بۆ بکێشێ هەتا شیرم بۆ تێکەن زوو بمگاتێ و کۆن و بۆگەن نەبێ. فەرهاد بە ماوەی مانگێک بە قولنگی سەنگین لە نێو دڵی سەنگدا ئەویش سەنگی خارا جۆگەی کێشا و لە پەنا مەنزڵی شیرین حەوزێکی لە قووڵایی سەنگدا بۆ هەڵکەند. شیرین لە پاداشتیدا بەنێوی پێزانین گوارەی گوێی خۆی بەدەستی خۆی دایە، کەنیز و دەوروبەر زۆریان لۆمە کرد کە گوارە، چونکە لە زوڵف و گۆنات نزیکە نەدەبوو بیبەخشی، ئەویش کوتی لەوەشم چاکتر بایە دەمدایە، بەڵام فەرهاد بە ڕێزێکی زۆرەوە گوارەکانی پێشکەش بە خۆی کردەوە. لەولاوە ئەو خۆشەویستییەی شیرین و فەرهاد بۆ خوسرەو و هی دیکە زۆر قورس بوو و هەڵنەدەگیرا و لە هەوڵی فێڵ و داوێکدا بوون بینێنەوە، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داوی دڵی ئەو دوو ئەویندارە بە یەکەوە زیاتر گرێ دەدرا و بە هەر دیتن و هەواڵێکی یەکتر دڵی ئەو دوو ئەویندارە زیاتری تەشەنەی دەکردەوە و سوێرتر و سوێرتر دەبوون بۆ دیداری یەکتر، لەولاشەوە خوسرەو زانی هێز و توانایی بەرانبەری لەگەڵ فەرهاد لە عیشق و خۆشەویستی شیریندا نییە، لە هەوڵدا بوو داوێکی بۆ دانێ و تەڵەیەکی بۆ بنێتەوە. ئەوجار فەرهاد دێنێ لە سەر داوای شیرین تاقێکی بۆ لە بێستوون هەڵدەکەنێ بۆ جێگای حەسانەوەی هاوینان، هەرچەند لە هەندێک سەرچاوەدا وا نووسراوە کە خوسرەو بە فەرهادی کوتووە ئەگەر تۆ ئەو کارە بکەی ئەمن دەستبەرداری تۆ و شیرین دەبم، بەڵام پێم وا نییە فەرهادی پاڵەوان چووبێتە ژێر باری هیچ کەس تەنیا لەژێر باری عیشق و عیشقدا.

فەرهاد دەست بەو تاق و ساباتە دەکا و خەریک دەبێ تەواو بێ، بەڵام ڕۆژێک شیرین دێ جامێک شیر بۆ فەرهاد دێنێ ئەسپەکەی لە تاشەبەرددا گیر دەکا و فەرهاد دێ پڕیان دەداتێ و سوار و ئەسپ دەبا لە دەشتایی دادەنێ، بەڵام بەکر سیفەتان کە نەیانویستووە ئەوە ببینن کە فەرهادێکی جوان بە مرادی خۆی بگا، کاتێک دەزانن فەرهاد خەریکی تەواوبوون و سەرکەوتنی یەکجاری و بەڵێنەکەی شیرینە دێن لەگەڵ چەند نەفەری شۆڤار و شەیتان تەگبیر دەکەن لە ڕۆژێکی تاو و ساودا تەواوی گاڕان و مەڕ و گوێرەکە و بەرخ و کارژیلە تێکەڵ دەکەن و لەو دەشتە بڵاوی دەکەنەوە و دەبێتە کاڕوکووڕ و بۆڕە و هۆڕەیەک دنیا دەنگ دەداتەوە؛ پیرێژنێکیش بە گریان دەچێتە کن فەرهاد کە خەریکی بەرد بڕینە. فەرهاد دەڵێ ئەوە چییە؟ ئەویش دەڵێ دایکت بەقوربانت بێ بۆ نەتزانیوە شیرین مردووە؟ ئەوە شینی شیرینە. فەرهاد ئەو قولنگەی دڵی شاخی پێدەبڕی هەڵیدەهاوێتە حەوا و لە هاتنەوەدا سەری خۆی وەبەردەدا و دوولەتی دەکا و هەندێکیش دەڵێن ئەو تەشۆیەی کە بەردی پێدەبڕێ بەرەو دم دایدەنێ و خۆی بەسەردا دەدا و خۆی دەکوژێ و جوانەمەرگ دەبێ. کاتێک خەبەر بە شیرین دەدەن دوای شین و گریانێکی زۆر بەدەستی خۆی کفن و دفنی دەکا و گومبەزێکی لەسەر دروست دەکا.

دەڵێن لەسەر گۆڕەکەی ئەوە دەنووسێ بەهیوای شیرینی شیرین کێوت دوولەت کرد، بەڵام بەداخەوە بەئاواتی شیرینت نەگەیشتی.

ئەوەش چەند بەیت شیعری هەژاری شاعیرە لە شەرەفنامەدا بۆ شینی فەرهاد:

**بڕوانە لە بێستوونی سەرکەش**
**جەرگ و دڵی پڕ لە زامە ئێستەش**
**کام هێزە دڵی کەژی بڕیوە؟**
**کام چنگە کە کێوی دادڕیوە؟**
**نووسرا بە دەمی کولنگ لە سەر بەرد**
**هەر کوردە نەبەرد و مەردی بێ گەرد**
**سەرتۆپی کوڕانی کوردی کەڵهوڕ**

**فەرهادە لە ڕای دڵا چیا دڕ**

ئێمەش دوای ئەو دیدار و سیاحەتە بەرەو کرماشان کەوتینە ڕێ. کاتێک گەیشتینە کرماشان یەکسەر ڕۆیشتین بۆ پارکی تاق بوستان کە جێگایەکی دیدەنی و مێژووییە و ئاوێکی ڕوون و دڵڕوون کەرەوەی لە بن ئەو کێوە دێتە دەرێ. تاق بوستان لە داوێن کێوی تاق بوستان هەڵکەوتووە.

ئەو کێوە لەپەنا سەرچاوە ئاوێکی وایە کە دڵی هەر بینەرێک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەو پارک و ئاوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کرماشان هەڵکەوتووە، لەو مەیدانە ئاسار و شوێنەوارێکی زۆر لە دەورەی حکوومەتی ساسانی دەبینرێ کە بریتییە لە وێنەی ئەردەشیری دووەم کە لە سەنگ هەڵکەنراوە و دوو هەیوانی سەنگی بە ناوی هەیوانی گەورە و چکۆلە. مێژوونووسان و جوگرافیازانانی سەردەمی ئیسلامی لەگەڵ تاریفی ئەو سەنگە نووسراوانەی تاق بوستان ئەو شوێنەیان بە ناوی جۆراوجۆر ناودێر کردووە. بە جۆرێک "ابن فقیه" و "ابن رسته شبدیز" و "یاقووت" ئەویش قەسری شیرینی پێ دەڵێن، هەر بەو جۆرە "حەمیدوڵڵا موستۆفی" ئەوێی بە تاق وستام و برێکی دیکە تاق بێستون و تاق بوستان و تەخت بوستان نێودێری کردووە و خەڵکی ناوچەش بە ناوی تاوسان و تاق بسان دەناسن، سان بە شێوەی ناوچەییش بەواتای سەنگە بەوەی تاق وسان، واتە تاقێک کە لە سەنگ هەڵکەنراوە، دیارە ئەمڕۆ ئەو جێگایە بە تاق بوستان دەناسرێ. لە بەشی ڕاستی هەیوانی چکۆلە سەنگێکی نەخشاو و نووسراوە کە وێنەی تاجی پادشایی ئەردەشیری دووەمە کە لە سەردەمی (٣٨٣ - ٣٧٩ م) نۆیەمین پادشای ساسانی بوو. لەو نیشانگەیەدا "پادشای ساسانی" ڕاوەستاوە بە شێوەی سێ ڕەهەندی و بەدەنی تەواو ڕووی لە دەستی چەپی بۆ مشتی شەمشێر درێژ کردووە و لە بەشی ڕاستییەوە پەیکەری "ئەهوورامەزدا" بەپێوە ڕاوەستاو دیارە و لەلای چەپیشەوە پەیکەری "ئیزەدمێهر" نەخشێنراوە، لە هەیوانی چکۆلەدا پەیکەری "شاپووری دووەم" و "شاپووری سێیەم" کە هەر وەک پەیکەری بابی دەچێ بە تەفاوەتی تاجی سەریان نیشان دەدا. هەیوانی گەورە کە ئەویش درێژی و پانی خۆیان دیاری کراوە، ئەویش چەند پەیکەر و تاج و ئەهوورامەزدای لێ وەبەرچاو دەکەوێ، لەوێ لەلای چەپی پادشا وێنەی



**هەیوانی گەورەی تاق بوستان**

"ئاناهیتا" وەبەرچاو دەکەوێ و زۆری دیکەی وێنە و نەخشونیگار وەک "محەممەدعەلی میرزا دەولەت شا"ی قاجار. مێژوونووسان لەبارەی سازکردن و نووسینی هەیوانی تاق بوستان و لە بەینی توێژەران و لێکۆڵەران سێ دیدگا و باوەڕ و نەزەر هەیە ١- بۆ زەمانی دروست کردنی هەیوان تیوری "اردمن" (Erdmann) پێی وایە ئەو جێگایە لە دەورانی پیرۆزی یەکەم لە ساڵی ٤٥٦ - ٤٤٨ز دروست کراوە.

٢- تیووری دووەم "هرتفلد" (Herzfeld) ئەو پێی وایە ئەو هەیوانە لە سەردەمی حکوومەتی خوسرەوی دووەم یانی ساڵی (٦٢٨ - ٥٩٠ م) دروست کراوە.

٣- تیوری سێیەم ڤون گال (von.Gall) ئەو پێی وایە ئەو هەیوانە لەگەڵ نەخشونیگاری دەوروبەری هەیوان بۆ سەردەمی خوسرەوی دووەم دەگەڕێتەوە. ئەمڕۆ لە ناو کۆڕی زانایانی ئێران تیوری دووەم زۆرتر لەبەرچاوە و پەسەند دەکرێ. لەلای سەنگ نووسراوەکە، ئەو نووسراوەی دوای سەردەمی قاجار لە ساڵی ١٢٣٧ی کۆچی بە دەستووری ئاغا "غەنی خاجەباشی محەممەد عەلی میرزا" لە لایەن میرزا جەعفەری سەنگتراشەوە لە بەرد هەڵکەنراوە.

دوای ئەو سەیر و گەشتوگوزارە و خواردنی کەمێک تووی شیرین لەو پارکە و گەڕانێکی تەواو بە شاری کرماشاندا، ئیدی سەری ماشێنمان وەرگێڕاوە بۆ شاری سنە. هاتینە شاری کامیاران و چاوێکمان بە وڵاتدا گێڕا

چون بەپەلە بووین بۆ ماڵێ، زۆر گیر نەبووین بەرەو سنە بە ڕێکەوتین لەو ڕێگایە بارینی باران باری لێهەڵنەگرتین و هەر لەگەڵمان بوو بەو بۆن و هەوای بەهاری و گرمەی هەور و نیشاندانی زێڕی کەوانەی کۆڵکەزێرینە سەرنجی هەر بینەرێکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. چاوت لە هەر شوێن و دۆڵ و دەرە و تەپک و گرد و دەشتێک دەکرد، هەر شینی دەکردەوە لە تووفەرەنگی (شلیک) جا ئاونگی بارانی لەسەر گەڵای ڕاوەستابوو، دەتکوت خەزێمی لووتی کادەرویشیانە گزنگی هەتاوی لێداوە، پرژانگی هاویشتووە و دەبریسکایەوە، ویستمان هەریەک سندووقێک لەو تووفەرەنگییە بکڕین، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ماڵێ هەریەک لیستێکیان دابووینێ کە لە هەمەدان و کرماشان بۆیان بێنینەوە لە خرتەوپرتە و زەرد و زریوە و مەتوموورووو و زۆر بابەتی دیکە گیرفانمان وەک کەندووی ماڵە فەقیری لێهاتبوو، دەبوو هەمووی بگەڕێی جا بەشی بەرە نانێکی لێ پەیدا دەبوو، بەڵام ئێمە کارمان بە حاجی ڕەحمانی جامەرد باش بوو، ئەو چونکە خێزانی نەمابوو کەس لیستی نەدابوویە گیرفانی هەروا مۆر بوو و شەقڵی نەشکابوو. لاماندا باغی کابرایەک پێنج سندووقی لێ بکڕین، بەڵام هێندەی خراپ جوابی داوە و زۆریش خوێنتاڵ بوو، کوتم وەڵڵا لە ماڵێ لەسەر تووفەرەنگی تووشی شەڕ بم لەوەی ناکڕین، ڕۆیشتین چووینە شوێنێکی دیکە لەوێ کڕیمان، کەمێکیش گرانتر بوو لەوەی پێشوو، بەڵام چونکە زمان خۆش بوو پێمان ناخۆش نەبوو، بۆیە دەڵێن بە زمانی خۆش مار دەکەیە دۆست و لە کونەکەی دێتە دەرێ. دوایی هاتینە شاری خۆشی سنە و یەکسەرە ڕۆیشتین بۆ پارکی میللەت. هەندێکمان زەخیرە و چڵەوپڵە پێ مابوو و ویستمان گەشتێکی ئەو مەڵبەندە و شارە بکەین و جەمێکیش بکەین، تازە وەبەر شەویش دەکەوتین و پارکی میللەت بڵند و جێگا و ڕێگای خۆش و خاوێن و زۆری شاری لێ دیار و ئاوی چاکی لێ بوو و زۆر زۆر جێگایەکی باسەفا بوو. لەوێ نوێژ و پاک و خاوێنی خۆمان کرد و شوکری خودامان زۆر کرد کە ئەو سەفەرەی بۆ ڕەخساندین و ئاواش بە تەباو ڕەبایی وێککەوتین و یەکدەنگ و یەکڕەنگ چووین و هاتین و ئەوە دەگەڕێینەوە.

**ناسینی شاری سنە**

سنە، یان سەنەندەج بە کوردی سنە، یان کوردستان دووەمین شاری کوردنشین و بیست و سێیەمین شاری گەورەی ئێرانە، مەڵبەندی پارێزگای کوردستانە کە لە ڕۆژاوای ئێران هەڵکەوتووە، ناوی سنە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، لەبنەڕەتدا "سنەدژ" بووە، زمانی خەڵکی ئەوێ کوردی کرمانجی خواروو و ئەردەڵانییە. سەنەندەج ١٤٥٠ - ١٥٣٨ مەتر لە ڕووی دەریاوە بڵندە، لە ناوچەی زنجیرە کێوی زاگرۆسدایە، ئاو و هەوای سارد و نیوە وشکە، ئەو شارە لەلای ڕۆژاوا بە کێوی ئاویدەر لەلای باکوورەوە بە شێخ مەعرووف (شێخ مارف) و لە بەشی باشوورەوە بە کێوی سیراجەددینەوەیە. لەو ناوچەیە کە بە پانایی ٣٦٨٨٦ هێکتاری داگیر کردووە، سەرژمێریی ئەو شارە بە پێی ئاماری گشتی و ئیدارەی خانووبەرە لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی دا ٣١١٤٤٦ کەسی تێدا دەژی. سنە لە ڕوانگەی جوگرافیا و هەڵسووڕانی شار دروست کردن دەورەکانی حکوومەتی سەفەوییەکان و پادشایانی قاجار وێنە و شێوەی سوننەتی جوانی بەخۆیەوە گرتووە و جێگای دیدەنی و مێژوویی زۆری هەیە وەک: گەرماو و مزگەوت و بازاڕ کە لەو دەورانە بەجێ ماوە و جێگا هونەری و مێژوویی بە ئەندازەی ١١٢ هێکتارە. شاری سنە بەهۆی هەڵکەوتوویی لە داوێنی کێو لە ڕابردووشدا هەر بە سنە بەناوبانگ بووە، چون قەڵای ئەو لە ڕوانگەی سەربازییەوە تایبەتمەندییەکی بە خۆی هەبووە، هەر بۆیە بە سنە دژ یانی "قەڵای کێو" ناو دەبرا، کە وردە وردە بە "سەنەندەج" گۆڕا گەشتوەری بەناوبانگ "ژاک دمورگان" کە لە سەردەمی حکوومەتی ناسرەددین شا هاتووەتە ئێران، لە هەموو جێگایەک ئەو شارەی بە "سنە" ناو بردووە و نووسیوە.

سەنەندەج، یان سنە، یان سنە دژ لە شارە کۆن و پیرۆزەکانە کە بۆ سەردەمی ئایینی "مێهر و زەرتوشت" دەگەڕێتەوە، لەو بەشەی ئێران پێوەندی ئەو شارە و دەوروبەر بە پیاوانی پاڵەوان و نەترسی ئەو مەڵبەندە لە سەردەمانی ئاریایی نیشان دەدا، شاری تازەی سەنەندەج لە سەردەمی سەفەوی لە ڕۆژگاری شاسەفەوی لە ساڵەکانی ١٠٤٦ی کۆچی لەلایەن سولەیمان خانی ئەردەڵان دروست کراوە و نوێ کراوەتەوە. بەناوبانگترین چۆمی سنە چۆمی "قشلاغە" بە درێژی ٩٥ کیلۆمەتر کە

له بەشی ڕۆژهەڵاتی سنەوە تێدەپەڕێ و له کێوە بڵندەکان سەرچاوە دەگرێ و دەچێتەوە ناو چۆمی "گاوڕوود"، بەڵام ئێستا بەنداوی لەپێش دروست کراوە.

کێوە بەناوبانگەکانی سنە: "کێوی ئاویدەر"، "کۆچسار"، " شێخ مارف"، "مزگەوتی میرزا"، "مەلا کاوو"، "چەرخ لان" و "سیراجەددین". شاری سنە هەتا تاران ٥١٢ کیلۆمەتر دوورە و هەروا لە ڕێگای مەریوانەوە لەگەڵ مەرزی عیراق (باشماغ) ١٤٠ کیلۆمەتر مەودای هەیە.


له سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی بەهۆی ناوەندی بوونی شاری سنە و دەسەڵاتداری ئەردەڵان زۆری گرنگی بە سنە دەدا، تەلارسازی لە ئیسفەهانەوە دێنا بۆ جوانکاری ئەو شارە، بۆ وێنە قەڵای کۆن، یان مەیدانی نەخشی جیهان کە یەکێک لە چوار باغە بەناوبانگەکانی ئێران دوای چوار باغی ئیسفەهانە و هەروا کاخی ئاسف، خوسرەوئاباد، شیر و دیوان، وەکیلولمولک، ئەحمەدزادە، مەلا لوتفوڵڵا شێخولئیسلام و زۆری دیکە، هەروا جێگا دیدەنییەکانی شاری سنە لەو پێیەدا چوارباغ کە دروست کراوە بە نیشانەی چوار ڕەگەزی پیرۆز لە پیرۆزییەکی باشی و هەندێکی لەو باغانە، باغی ئەمیرییە، باغی ئەمانییە و چوار باغی خوسرەو ئابادە. ئێمە دوای ئەو گەشت و گەڕانە لە هەر هەنگاوەی هەناوێک و دیاردەی دیدارێک لە دیدارەی دەرسێک لە پەسارەی ئاسارێک لە گیرفانی بیرەوەریمان نا و هەڵمانگرت و ڕامانگرت بۆ دەورانی دووری، یان نەمانتوانی بیلێین و بینووسین تا لە دڵ و گلڵدا نەمێنێ، چونکە بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە، دەتکوت ڕێمان دەکەون، چونکە بۆ لای ماڵێ بوو، بۆر و پیس و قوڕاوی و تەڕیش باین خەممان نەبوو، ئیدی سەعات ١١ی شەو گەیشتینەوە بۆکان.

**سەرچاوەکان:**

**1- http://www.beytoote.com**
**2- http://fa.wikipedia.org/wiki**
**3- http://www.jadidonline.com/story**
**4- http://www.anobanini.ir/travel**
**٥- کتێبی سیمای گەردشگەری هەمەدان، ئەبولحەسەنی فاتیمی.**
**٦- شیرین و فەرهاد لە نووسینی نیزامی.**
**٧- شەرەفنامە.**
**٨- کتێبی شیرین و خوسرەو، خانای قوبادی چاپی محەممەدی مەلا کەریم.**
**٩- تاریخی موفەسسەلی هەمەدان، ئەحمەد سابیری هەمەدان.**

# ئەدەبیات بۆ؟

هاشم سەڕاج




ئەدەبیات بۆ؟ کتێبێکی «ماریۆ بارگاس یۆسا»یە، «دلشاد خۆشناو» لە فارسییەوە وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، سەرەتا وەرگێڕی کوردی بابەتێکی بۆ کتێبەکە نووسیوە لەژێر ناوی «چەند سەرنجێک» کە تێیدا لە کێشەو مەینەت و ئاستەنگەکانی کردەی وەرگێڕان دەدوێت، هاوکات لە کاری وەرگێڕاندا بڕوای تەواوی بە هاریکاری و خاکەڕایی هەیە، هەروەها «دیدار مەسیفی» گوتەیەکی «ئۆرهان پاموک» دەکاتە دەسپێکی پێشەکییەکەی کە دەڵێ «ئەگەر کەسێک بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە، هەر لە ڕۆمانەکانی یەکەمیدا، دەبینێت بارگاس یۆسا هەمیشە واقیعییەتێکی زرنگ و تازەگەرییەکی تەنزئامێزی لە یۆتۆپیاکان و سەرشێتییەکان پێ باشتر بووە» دیدار مەسیفی بە دوورودرێژی لەژیان و بەرهەمەکانی ماریۆ بارگاس یۆسا دەدوێت کە ساڵی ١٩٣٦ لە شارۆچکەی ئەرێکیپا لە باکووری پیرۆ لە دایک بووە، کۆرپە بووە کە باوک و دایکی لە یەکتری جودا دەبنەوە و لە ماڵی باپیری گەورە دەبێت و دەینێرنە ئەکادیمیای سەربازی، پاشان لە زانستگەی لیما ڕشتەی یاسا دەخوێنێت، لە بەرشەلۆنە دەبێتە هاوسێ و هاوڕێی گارسیا مارکیز، لە پاریس خۆرخێ لویس بۆرخیس دەناسێت.

دیدار مەسیفی بە وردی لە ڕۆمان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەدوێت، بەڵام من دەمەوێ لەم کورتە نووسینەدا لە دوو بابەتی یۆسا بدوێم کە بریتین لە «ئەدەبیات بۆ؟» و کولتووری گلۆباڵیزم.. سەبارەت بە بابەتی سێیەم کە لە ئەمریکای لاتین و لە ئەفسانە و واقیعییەت دەدوێت، هەڵوەستەیەکی ئەوتۆی لەسەر ناکەم، چونکە تێیدا کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆری وروژاندووە، لەوانە یادەوەری «ڕاتۆڵ پۆراس بارنچیا»ی مامۆستای کە چۆن بەشێوازێکی ئەفسوونگەرانە وانەی دەوتەوە و ڕووداوە مێژووییەکانی مانەندی تابلۆگەلێکی شێوەکاری دەخستە ڕوو، هەروەها سەرەڕای ئاماژەدانی بە ئیمپراتۆریەتی ئینکا، دەڵێ ئێمە لە ئەمریکای لاتیندا هێشتا قوربانی شتێکین کە دەتوانرێت ناوی بنرێت بە «تۆڵەی ڕۆمان».. کە دژوارییەکی زۆرمان لە جیاکردنەوەی ئەفسانە و واقیعییەت هەیە. لە کۆنەوە ڕاهاتووین ئەم دووە پێکەوە ئاوێتە بکەین.. ئێستا دەگەڕێمەوە لای بابەتی پێشوو با بزانین لای ماریۆ بارگاس یۆسا


ئەدەبیات بۆ؟ هەڵبەتە لای یۆسا خوێندنەوە چێژ و پەروەردەکردنی خەیاڵ و دنیابینییە، دەڵێ باوەڕم وایە ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەدەبیاتی تێدا وەک شتێکی گەندەڵ و شەرمن دەخرێتە پەراوێزی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەبێتە باوەڕێک کە دەبێ وردە وردە بتوێتەوە، لێرەدا ئازادی تاکیش دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە ئەدەبیات یەکێکە لە بنەڕەتیترین چالاکی زەین، پێیوایە ئێمە لەسەردەمی پسپۆڕی مەعریفی دەژین، بێ گومان پسپۆڕی سوودی هەیە کە توێژینەوەی قووڵی لێ دەکەوێتەوە و هۆکارێکی بزوێنەری پێشکەوتنیشە، لە هەمان کاتدا پسپۆڕی هەندێ تایبەتمەندی هاوبەش لەنێو دەبات، یۆسا بەم پەندە گوزارە لەو حاڵەتە دەکات کە دەڵێ: [هێندە مەفتوونی لق و گەڵا مەبە کە لەبیرت بچێ ئەوانە پارچەیەکن لە درەخت، ئەوەندە مەفتوونی درەخت مەبە کە لەبیرت بچێ درەخت پارچەیەکە لە جەنگەڵ».

پێیوایە لەسەردەمی ئێمەدا زانست و تەکنەلۆژیا ناتوانێت ڕۆڵی یەکگرتن بگێڕێت، بەڵام ئەدەبیات بەندی هاوبەشی ئەزموونی مرۆڤایەتی بووە و هەرواش دەبێت، ئێمە وەک خوێنەرانی سێرڤانتس، شەکسپیر، دانتی و تۆڵستۆی هەست بەیەکتری دەکەین و لەو نووسەرانە شتێک فێر دەبین کە خەڵکانی تریش فێری بوون، واتە لە ڕێگەی خوێندنەوە و جۆرێک لە ئاشنایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی جیاوازدا دروست دەبێت، هەروەها پێیوایە ئەمەش بۆ پاراستنی مرۆڤە لە گەمژەیی، دەمارگیری، نەژاد پەرستی، جیاکاری مەزهەبی و سیاسی و ناسیۆنالیستی شۆڤینیانە، چونکە پیاوان و ژنانی هەموو میللەتان لە هەر شوێنێک هەن لە بنەڕەتدا یەکسانن و تەنیا نادادگەرییە کە تۆوی چەوسانەوە و جیاکاری و ترس و بەکارهێنان لەنێوانیاندا دەوەشێنێت، لای ماریۆ یۆسا ئەدەبیات هەوڵێکی تاکەکەسییە و هاوکات عیشق و تاسە و پێوەندی سێکسی کردۆتە گۆڕەپانێک بۆ داهێنانی هونەری کە مەبەستی ئەدەبیاتە، یان ئەو ژن و مێردانەی کە شاکاری ئەدەبییان خوێندۆتەوە، زۆرتر چێژ لە ژیان وەردەگرن، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوە نییە کە هەندێ لە ڕەخنەگران دەیانەوێت ئەدەبیات بگۆڕن بۆ جۆرێک لە زانست، چونکە پێیوایە ئەمە خەیاڵێکی خاوە، بەڵام دواجار یۆسا بەرانبەر بە پرۆژە ئەلکترۆنییەکەی [بیل گیتس] هەڵدەچێت و بە هەموو شێوەیەک دژایەتی دەکات، گیتس لە کۆنفرانسێکدا ڕایدەگەیەنێت: کە دەیەوێت بەر لە مردنی، بوونی کاغەز و کتێب نەهێڵێت، بە دنیابینی گیتس، کتێب دیاردەیەکی سواو و فەرامۆشکراوە، سەرەڕای ئەوەی پیشەسازی کاغەز لە ئەنجامدا کلۆرۆفیلێکی زۆر لەنێو دەبات، ئەمەش کار لە ژینگە دەکات، لە هەمان کاتدا وای دەبینیت کە شاشەی کۆمپیووتەر دەتوانێت شوێنی کاغەز و کتێب بگرێتەوە، بە تایبەتی ئێستا کە کۆمپیووتەر هەرزانە و شوێنیش کەمتر دەگرێت و هێنان و بردنیش ئاسانترە، گواستنەوەی هەواڵ و ئەدەبیات لەم ڕێگەیەوە لەجیاتی ڕۆژنامە و کتێب، دەسکەوتی ژینگەیی هەیە، بەڵام ماریۆ یۆسا لەگەڵ ئەوەی کارە ئەدەبییەکانی لە ڕێگەی کۆمپیووتەر ئەنجام دەدات و خولیای ئینتەرنێتیشی هەیە، کەچی دژی ئەو پرۆژەیە دەوەستێت و دەڵێ ئایا شاشەی کۆمپیووتەر دەتوانێت لە هەموو لایەنێکەوە جێی کتێب بگرێتەوە؟ دەڵێ من بە تەواوی ئاگام لەو شۆڕشە گەورەیە هەیە کە تەکنەلۆژیای نوێ، وەک ئینتەرنێت، لە زەمینەی بڵاوکردنەوەی زانیاری و کتێب وەدی هێناوە، دان بەوەدادەنێم کە ئینتەرنێت لە کاری ڕۆژانەدا یارمەتی زۆر بەهادارم دەدا، بەڵام مانای ئەوە نییە کە خوێندنەوە لەسەر شاشەی کۆمپیووتەر بتوانێت جێگەی خوێندنەوەی کتێب بگرێتەوە، دەڵێ من هیچ کات بۆ خوێندنەوەی شیعری «گۆنگورا»، یان چیرۆکێکی «ئونتی» و وتارێکی «پاز» ناچمە سەر کۆمپیووتەر، چونکە دڵنیام کاریگەری ئەو دوو شێوەی خوێندنەوە وەک یەک نییە، ئیتر بە دوورودرێژی لە بەهای ئەدەبیات و لایەنی خەیاڵی و ئیستێتیکی دەدوێت، ئاماژە بە شاکاری کۆمەڵێک داهێنەر دەدا وەک مارسێل پرۆست و تۆڵستۆی... پێشی وایە ئەدەبیات، یان داهێنان کە تاک دایدەهێنێت و تاکیش دەیخوێنێتەوە، یۆسا بڕوای تەواوی بە خوێندنەوە هەیە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە هەمیشە بخوێنینەوە، لە هەمان کاتدا هەستێکی نوستالیژی ئازاری دەدات لەوە دەترسێت لەم سەردەمەدا ژیانی ڕۆتین و تێربوونی نیازە مادییەکان شوێنێک بۆ ڕوح نەهێڵنەوە، ئاماژە بەو کۆمەڵگە بچووکانە دەدات کە لە ئەمەریکای لاتین و ئوقیانووس و ئەفریقیا کە لەسەر بنەمای جادوو-مەزهەب لە پەراوێزی مۆدێرنیتە دەژین، هاوکات ترسی لە دەرهاوێشتەی گەشەکردنی لەڕادەبەدەرە، لەوە دەترسێت کە کۆمەڵگەی داهاتوو وێڕای لێوانلێو بوونی بە مۆنیتەر و بڵندگۆی کۆمپیووتەر و [بێ کتێب] وێنای بکەین، وەک چۆن لە کۆندا زانستی خیمیا بە فیزیا گۆڕدرا، بەکورتی لەوە

دەترسێت کە ئەم دنیا سایبەرنیتیکە سەرەڕای پێشکەوتن و دەسکەوتە زانستییەکان و بەرزبوونی ئاستی گوزەران، شارستانییەکی بێ گیان بخولقێنێت و کەسەکانی ناو کۆمەڵگەکە لە کۆمەڵێک کەسی قورمیشکراو بکەن و ئازادییان بیر بچێتەوە، بەڵام ماریۆ بارگاس یۆسا لە وتاری دووەمدا کە بەناوی «کولتووری گلۆباڵیزم»ـە سەد دەرسەد پشتگیری لە شەپۆلی گلۆباڵ دەکات، یۆسا پێیوایە ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر دیاردەی گلۆباڵ زۆربەیان پێوەندییان بە لایەنی ئابوورییەوە نییە، بەڵکو لە تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتوورییەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەندێ لەم هێرشانە لەم خاڵانە کورت دەکرێنەوە، لەناوبردنی سنوورە میللییەکان و سەقامگیرکردنی جیهانێک کە بازاڕەکان هۆکاری پێکەوە بەستنەوەیانن، گورزێکی کوشندە لە کولتوورە میللی و خۆجێییەکان و دابونەریت و ئوستوورەکان دەدات، یان بەشێوەیەکی تر بەشێکی زۆری جیهان ناتوانێت لەبەرانبەر هێرشی بەرهەمە کولتوورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا خۆی ڕابگرێت، کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان ڕوو لە وڵاتەکان دەکەن و گوایە جیهان وەک یەک لێ دەکەن و کولتوورە جۆراوجۆرەکان لەنێو دەچن، نەک هەر سەرمایە و هێزی سەربازی و زانستە کردەکییەکان فەرمانڕەوایی جیهان دەکەن، بەڵکو زمان و شێوەکانی بیرکردنەوە و باوەڕ و چێژ وەرگرتن و خەون بینینیش بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنن، کە ئەم حاڵەتانە لە دەرەنجامی گلۆباڵیزم ڕوودەدەن، ئاشکراترین نموونە فەرەنسایە کە بە زۆر جۆرە شێوە هەوڵی داوە داکۆکی لە «ناسنامەی کولتووری» بکات کە وڵاتێکە لە کۆنەوە پێشڕەوی مۆدێلی جلوبەرگ، ئەندێشە، هونەر ئەتەکێتی نانخواردن دەکات، لەوە دەترسا نەوەک مەکدۆناڵدز و پیتزا هۆت و کنتاکی، ڕاک، ڕاپ، فیلمەکانی هۆلیۆد و کاوبۆ و تی شێرت پێگەی کولتووری لەق بکەن.

ئەو ترسە وای کرد کە دەسەڵاتی فەرەنسی هانی پیشەسازی فیلمسازی لۆکاڵی بدات، ئەمەش لە ترسی هاتنە ناوەوەی فیلمی ئەمریکی، یان باجێکی زۆر بخاتە سەر ڕیکلامەکان، بەڵام ماریۆ یۆسا لەم وتارەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو هێرشە کولتوورییانەی دژی گلۆباڵیزم دەکرێت بەهیچ شێوەیەک قبووڵ نەکرێن، چونکە ئەم سەدەیە، سەدەی گۆڕانکارییە، بمانەوێ و نەمانەوێ بەشێک لەو جەژن و بۆنە و سرووتە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییانەی کە کۆمەڵگاکان پەیڕەوی دەکەن، لەنێو دەچن، یان کاڵ دەبنەوە، تەنیا ئەو بەشە دەمێنێت کە لەگەڵ واقیعییەتی سەردەمی ئێمە دەگونجێن، هەموو وڵاتەکانی سەر ڕووی زەمین بەم پرۆسەیەدا تێدەپەڕن، چونکە مۆدێرنبوون بەشێکی زۆر لە شێوە سونەتییەکانی ژیان لەنێو دەبات، لە هەمان کاتیشدا هەلی زۆر بۆ کۆمەڵگە دەڕەخسێنێ تا هەنگاوی گرنگ بهاوێت، ئاخر کولتووریش بەشێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ناسنامەی کولتووری ئەگەر بەدیدێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەوە هەڕەشە لە ئازادی تاک دەکات، چەمکی ناسنامە ئەگەر لە پێوەری زۆر خودی، بەکاری نەهێنین سیفەتی سادەسازی و نامرۆیی وەردەگرێت، چەمکی ناسنامەی کۆمەڵەیی، یان دەستەجەمعی گێڕانەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و بناغەی ناسیۆنالیزمە، ئەم چەمکە لەنێو کۆنترین کۆمەڵگاکانیشدا نوێنەرایەتی ڕاستی ناکات، بەڵام لە بواری داهێناندا هەمیشە جیاوازییە تاکییەکان بەسەر تایبەتمەندییە کۆمەڵەییەکاندا سەردەکەوێت، بەجیهانیبوون ڕادیکاڵانە بەرەو ڕووی هەموو هاووڵاتییانی سەر ئەم هەسارەیە دەکشێت هەتا ئەگەری ناسنامەی کولتووری تاکەکەسی دابمەزرێنێت، لەم ڕوانگەیەوە گلۆباڵیزم دەبێ بەخێرهاتنی لێ بکرێت، چونکە ئازادی تاک بەشێوەیەکی دیار بەرفراوان دەکات. ماریۆ یۆسا پێیوایە کولتوور دەبێ بە ئازادی لەگەڵ کولتوورەکانی تردا بژی و بچێتە نێو ململانێ و پێشبڕکێ، ئەم حاڵەتەش ڕەوتێکی نوێ بە کولتوور دەبەخشێت و وای لێ دەکات هەم گۆڕان قبووڵ بکات و هەم لەگەڵ ڕەوتی ژیان بسازێت، ڕەنگە ئەم نووسینە زۆرتر خۆی لە خانەی ئامادەکردن، یان نمایشکردنێکدا بدۆزێتەوە، چونکە هەوڵم داوە بەشێک لە ڕوانین و دنیابینی ماریۆ بارگاس یۆسا سەبارەت بە ئەدەبیات و گلۆباڵ و کولتوور و ناسنامە و ئازادی تاک بەزمانی وەرگێڕی کوردی کورت بکەمەوە، تا بەشێک لە دید و بۆچوونەکانی یۆسا بەخوێنەران ئاشنا بکەم، هەڵبەتە یۆسا ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبیات وەرگرتووە.

**سەرچاوە:**
**ئەدەبیات بۆ؟**
**بابەت: وتاری ڕەخنەیی.**
**و- بۆ فارسی: عەبدوڵلا کەوسەری.**
**لە فارسییەوە: دڵشاد خۆشناو.**
**چاپی یەکەم: هاوینی، ٢٠١١.**
**چاپخانەی ڕوون.**




# گرفتی شوناس لە ڕۆمانی (بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملووک)دا

ئارام سدیق
(سلێمانی)

ئەگەرچی لە دنیای نوێدا زۆرترین کات باسی ئازادی و دیموکراسی و فەراهەمکردنی مافی مرۆڤ دەکرێت، بەڵام لە پشت ئەم چەمکانەوە کۆیلەیەتی و پێشێل کردنی مافی ئەوانی دی خۆی حەشارداوە. هەموو ئازادییەک سوودی سەردەستەکان و پارەدارەکانە و هەمان چەمکیش دژی هەژاران و بێ پارەکانە، واتە سەیر نییە لە ئێستادا کە زۆرترین جار گوێمان لە چەمکی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەبێت، بەڵام خاوەنی دنیایەک بین، کە زۆرترین ئازادی تێدا پێشێل بێت و خاڵی بێت لە دیموکراسی و سیخناخ بێت لە کۆیلەیەتی و پێشێلی مرۆڤ بوون.

ئەگەر لێرەوە بپەڕینەوە بۆ دنیای گێڕانەوە، دەبینین یەکێک لە گرنگییەکانی تێکستی گێڕانەوەیی ئەوەیە کە دەتوانێت بە باسکردنی مێژوویەکی کۆن، ئێستا بخاتەوە بەرچاومان و دنیای هەنووکەمان لە دیدێکی ترەوە پیشان بداتەوە. گێڕانەوە ئەو توانایییە بێ سنوورە دەداتە نووسەر، کە چەندین سەدە بگەڕێتەوە دواوە، بەڵام باسی ئێستا و داهاتووش بکات. باسی ئەو لایەنە شاراوانە بکات، کە چەمکەکانی دنیای نوێ لە هەناویاندا حەشاریان داوە. ئەم باسکردنی ئێستایە و ئەم گێڕانەوەیەش بۆ ڕابردوو لە ڕۆمانی "بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملووک"ی بەیان سەلمان دا پێکەوە گرێدراونەتەوە و ڕۆمانەکە باس لە کۆیلەبوونی مرۆڤ دەکات لە سەردەمێکی دیاریکراودا و لەو ڕێیەوە دەیەوێت فۆرمە نوێکانی کۆیلەیەتی لە دنیای ئەمڕۆدا بخاتەڕوو بە جۆرێک ئەگەرچی تەواوی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە سەردەمی عەباسییەکاندا ڕوودەدەن، بەڵام خەیاڵی خوێنەر بۆ ئەو فۆرمە نوێیانەی کۆیلەیەتی دەجووڵێنێت، کە لە ئێستای دنیادا هەیە و هەرێمی کوردستانیشی لێ بەدەر نییە. لەم نووسینەدا دەمەوێت ئاوڕ لە چەند لایەنێکی ئەم ڕۆمانە بدەمەوە و دوانەی کۆیلەیەتی و ئازادی لەنێو تێکستەکە بخەمە بەر باس.

## رۆمانەکە

چیرۆکی رۆمانەکە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی عەباسییەکان و ئەوکاتەی مرۆڤ وەک کۆیلە کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە. فیگۆری سەرەکی رۆمانەکە (خەزنە)، کە لە بنەڕەتدا ناوی (هەزینە)یە و یەکێکە لەو کەسانەی بەهۆی رووداوگەلێکەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەفرۆشرێت و چیرۆکەکانی ژیانی ئەم فیگۆرە لەوێوە درێژ دەبێتەوە، کە لە ماڵی بازرگانێک دەبێتە مەملووک (کە ئەمەش فۆرمێکی تری کۆیلەیەتییە). خەزنە بەهۆی ئەو خوێندەوارییەی هەیەتی، دەست بە خوێندنەوەی کتێب دەکات و هەر لەو رێیەشەوە ژنی بازرگانەکەی فێرە خوێندەواری دەکات (بێ گومان بە دزی مێردەکەیەوە)، بەڵام کاتێک ئەم نهێنییە ئاشکرا دەبێت بازرگانەکە، کە ناوی (عومەر نەزیر)ە مەرجی ئەوە بۆ خەزنە دادەنێت، کە کتێبێک لەسەر ژیانی خۆی بنووسێت، بەڵام ئەم (واتە بازرگانەکە) بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە.

چیرۆکی رۆمانەکە بە تێکەڵبوونی چەند فیگۆرێکی تری کاریگەر بەردەوام دەبێت، کە ئەوانیش هەریەک لە شێخ مەرجیع و سرالوردی شاعیرە، کە ئەم دوو فیگۆرەش هەر یەکە و بەپێی قەبارەی خۆی سەنگیان لە رووداوەکاندا هەیە، ئەمە بێجگە لەو دوو جارییەیەی (عومەرنەزیر)ە بۆ هاوکاریکردنی خەزنە دەیانکرێت، کە ئەوانیش دەبنە بەشێک لە حیکایەتەکە و بەشێک لە چیرۆکی دڵڕەقی و رەفتارە نامرۆییەکانی (عومەرنەزیر) لەرێی ئەوانەوە دەخرێتەڕوو.

بە گشتی گێڕانەوەی تەواوی رووداوەکانی ئەم رۆمانە کارێکی ئەستەمە، بەڵام ئەوەی لەسەرەوە خرایەڕوو چەند فلاشێکە لە کۆی رووداوەکان، تا خوێنەر بتوانێت باشتر لە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە بگات. هەر لێرەشەوە دەمەوێت کەمێک لەسەر چەمکی کۆیلەیەتی و مێژووی کۆیلەیەتی هەڵوەستە بکەم تا خوێنەر باشتر بەم تێکستە ئاشنا بێت.

## مێژووی کۆیلەیەتی

وشەی کۆیلە (Slave) لە ڕیشەی سلاڤ (Slav)ـە، کە ناوی کۆمەڵە خەڵکێکی دانیشتووی ئەورووپای ناوەڕاست و رۆژهەڵات بوون و لەسەدەی پێنجەمدا تاکو سەدەی سێزدەم هێرشیان دەکرایە سەر و دەکران بە کۆیلە. وشەکانی بەرانبەری کۆیلە لە تەواوی زمانەکانی هیند و ئەوروپایی لە سلاڤ وەرگیراوە.

ئەگەر لە مێژووی کۆیلەیەتی ورد بینەوە، دەبینین مێژووی کۆیلەداری سنووری رەچەڵەک و جوگرافیا ناناسێت. هەر رەچەڵەکێک -سپی، رەش، زەرد و سوور- هەم کۆیلە بووە و هەم کۆیلەدار. کەمن ئەو گەل و ئایینانەی ئالوودەی بازرگانیکردن بە ژیانی مرۆڤەکان نەبووبێتن. هاوولاتییان و هاوڕەچەڵەک و هاوڕەگەزەکانی خۆیان، تەنانەت خزمانی خۆشیان کردووەتە کۆیلە. خودی کۆیلەکانیش خاوەن کۆیلە بوون، واتە ئەگەر بە وردی سەیری مێژوو بکەین، دەبینین شێوازی سەیر و جۆری سەرسوڕهێنەری کۆیلەبوون و کۆیلەیەتی هەبووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجی زیاترە ئەوەیە کە تا ئێستا کەس بە دروستی نازانێت کۆیلەداری لە کەیەوە دروست بووە، چونکە ئەم دیاردەیە لە سەرەتای دەست پێ کردنی مێژووەوە تۆمارکراوە و بەشێک بووە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. کڕین و فرۆشتنی مرۆڤەکان تەنیا لە چەند سەد ساڵی رابردوودا بووەتە پێچەوانەی یاسا و نەریتی کۆمەڵایەتی، هەروەها دەتوانین لە بەشێک لە کتێبە ئایینییەکاندا چیرۆکی کۆیلایەتی لە ژێر پەردەی کرێکاری بێ هەقدەستدا بدۆزینەوە، کە ئەمەش مێژووی کۆیلەداری بۆ دوورتر دەگێڕێتەوە، هەر بۆیە ناتوانین بە دروستی ساڵ، یان سەدەی سەرهەڵدانی کۆیلەداری دەستنیشان بکەین، بەڵام دەکرێت مرۆڤ هەلومەرجی رسکانی ئەم فەرهەنگە بناسێت.

بە شێوەیەکی گشتی کۆیلەداری لە هەموو کیشوەر و وڵاتاندا هەبووە، لەنێو ئەو وڵاتانەشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە کۆیلەداری تاکو ساڵی ١٨٦٥ شێوازی یاسایی هەبووە. کۆیلەداری نەریتێکە دەتوانێت ببێتە میراتێکی بە ئێشوئازار لە نابەرانبەری و بێ عەدالەتی، ئەو شتەی زۆربەی خەڵک وای بە باش دەزانن، وا نیشان بدەن کە هەرگیز ئەو شتە رووی نەداوە، یان ئیتر ئەوە بەسەر چووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆیلەداری هێشتاش لە هەندێک

ناوچەی جیهاندا وێڕای ئەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکانیش یاساغی دەکەن، بەڵام هەر ماوە. وەلی فۆڕمی تر و شێوەی تر و لەژێر ناوی جۆراوجۆردا تا ئێستاش درێژەی هەیە.

### چەمکی کۆیلایەتی

کۆیلایەتی یەکێک لە توندترین شێوە کۆنەکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی تاکەکان، یان گرووپەکان بووە. لە ڕووی چینایەتییەوە خاسیەتی تایبەتی ئەم سیستمە ئەوەیە کە کۆیلەکان موڵکی کەسانی دیکەن. کۆیلەکان لەڕووی یاساییەوە لە ریزی ماڵ و سامان ئەژمار دەکرێن، وەک موڵکایەتی کەلوپەل و شتومەک و ئاژەڵی ماڵی. بە درێژایی مێژوو، کۆیلایەتی چەندین جۆر و شێوەی هەبووە و لە یۆنانی کۆندا سەرچاوەی سەرەکی بەکۆیلەکردن جەنگ و بەسەردادان بووە. هەرچەندە پێگەکانی کۆیلەیەتی بە درێژایی چەندین نەوە بە میرات ماوەتەوە، بەڵام مەرج نەبووە کە هەمیشە ئەم ڕەهەندە بەرچاو بکەوێت.

مێژوونووسان ڕایان وایە شارستانییەتە سەرەتاییەکانی میزۆپۆتامیا، میسر، یۆنان و ڕۆم بە بێ سوود وەرگرتنی بەرفراوان لە هێزی کاری کۆیلەکان دروست نەدەبوو، بەڵام کارل مارکس لەمەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت: "بەبێ کۆیلەداری، گەل و هونەر و زانستی یۆنانی نەدەهاتە کایەوە. بەبێ کۆیلەکردن، ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم دروست نەدەبوو. بەبێ شارستانییەتی یۆنانی (هلنیسم) و ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم وەک بناغەی پایە ئەوروپایەکی پێشکەوتوو دروست نەدەبوو." ئەمەش واتە سەرتاسەری شارستانییەتی ڕۆژئاوا لەسەر شانی کۆیلەکان دروست بووە.

بە دەست خستنی کۆیلەکان لە ڕۆژگارە کۆنەکاندا جۆرا و جۆر بووە و بەپێی ڕۆژگاریش فۆرم و شێوەی تری وەرگرتووە. بۆ نموونە سۆمەرییەکان لە رێگای ڕفاندن و بەخسیرکردنی دوژمن لە جەنگەکاندا کۆیلەکانی خۆیان دابین کردووە و کۆیلەکانی تریش بریتی بوون لە خاوەن قەرزەکان، واتە ئەو کەسانەی کە بەهۆی دەست کورتییەوە قەرزیان دەکرد و دواتر پێیان نەدەدرایەوە، بۆیە دواجار لەبری پێدانەوەی قەرزەکە دەبوونە کۆیلە، هەروەها بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەوەشیان سەلماندووە کە شاری سۆمەری، ئور لەلایەن کۆیلەکانەوە دروست کراوە.

ئەگەر کەمێک چەمکی کۆیلایەتی لە سەردەمی نوێدا پێناسە بکەین، بێ گومان دەبینین شێوازەکانی کۆیلایەتی و فۆرمەکانی کۆیلەبوون جیاوازن و شێواز و فۆرمی نوێیان وەرگرتووە بەو پێیەی لە بەشی هەرە زۆری وڵاتاندا بەپێی یاسا کۆیلەداری قەدەغەیە، بەڵام لە بەشێکی زۆر لە وڵاتاندا تا ئێستاش مامەڵەی لەشێوەی کۆیلەداری بە پەنابەرەکانەوە دەکرێت و لە شوێنێکی دیاریکراودا قەتیس دەکرێن و زۆر ماف و ئازادییان لێ دەسەنرێتەوە، لێ سەندنەوەی هەر هەنگاوێک لە ئازادی و تەلبەندکردنی ژیانی هەر مرۆڤێک نزیک بوونەوەیە لە کۆیلەکردن و مەیلە بۆ کۆیلەداربوون. هاوکات هەژموونی دنیای سەرمایەداری و جڵەوگیریی ئابووری لەلایەن کۆمپانیا زەبەللاحەکانەوە، ڕێگە خۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی فۆرمی نوێی کۆیلەبوون و سەرهەڵدانی جۆری نوێی کۆیلەداربوون، کە ئەمە دەکرێت خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێت و لەم نووسینەدا لەمە زیاتر دەرفەتی لەسەر وەستانمان بۆی نییە.

### گرفتی شوناس

ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت کە بڵێم یەکێک لە تێما سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە گرفتی شوناسە، کە ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەردوو چەمکی ئازادی و کۆیلەیەتییەوە. ڕۆمانەکە گەمەیەکە لەنێوان ونکردن و وەرگرتنی شوناسدا. فیگۆری سەرەکی ڕۆمانەکە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە شوناسی خۆی ون دەکات و شوناسێکی نوێ وەردەگرێت. بە جۆرێک ئەم ونکردن و وەرگرتنی شوناسە کاریگەریی لەسەر ناوەکەیشی دەبێت و لەسەرەتادا ناوی هەزینەیە و دواتر ناوەکەی دەگۆڕدرێت بە خەزنە. ئەگەر وردتر بە ناوی ئەم فیگۆرەدا ڕۆبچین، دەبینین واقیعی حاڵی ئەم فیگۆرە تەواو پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کە تێی کەوتووە، هەروەها شاردنەوەی خوێندەواری، کە لە بەشێکی زۆری تێکستەکەدا ناچارانە خەزنە دەبێت بیشارێتەوە و خۆی وەک (نەخوێندەوار) پیشان بدات، دیسان ئەمەش وەک گرفتی شوناس دێتە ئەژمار.

بەڵام لەنێو هەموو ئەمانەدا شەڕە

سەرەکییەکەی خەزنە لەسەر بەدەستهێنانی ئازادییە، کە لەپاڵ بەدەستهێنانی ئازادیدا بەردەوام کۆیلە دەکرێت، واتە ئەو شەڕەی لەنێوان ئازادی و کۆیلەیەتیدایە لەسەرزەمینی ژیانی خەزنە مەملووک بەرپا دەکرێت، ئەویش تا کۆتایی بەم گرفتەوە لەگەڵ شوناسی خۆیدا دەژی.

ئەگەر سەرنج لەدەستپێکی ڕۆمانەکە بدەین، دەبینین نووسەر ویستوویەتی لە چەند لاپەڕەی یەکەمدا تەوزیفی شێواوی ئەو دۆخە دەروونییەی فیگۆرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکەی بکات بەوەی لەنێو دارستانەکەدا کەسێک دەبینێت، کە لە خۆی دەکات ئەو کەسەش بێجگە لە وەهم هیچی تر نییە. ئەم وەهمە بەردەوامی زۆری دەبێت و هەتا دەگاتە حاڵەتی بڕواکردن بە وەهمەکەش، بەڵام لەپڕ بە ئاگادێتەوە و ئیتر تێدەگات ئەوەی ئەو بینیویەتی، تەنیا وەهمێک بووە و هیچی تر. دەکرێت ئەم دەستپێکە وەک پیشاندانێکی ناڕاستەوخۆی ئەو شەڕە ببینینەوە، کە خەزنە بەهۆی گرفتی شوناسەوە بۆی دروست بووە. گرفتێک تا دوا ڕستەکانی ڕۆمانەکە درێژ دەبێتەوە.

یەکێکی تر لەو گرفتانەی فیگۆری خەزنە تێی کەوتووە ئەوەیە کە کەوتۆتە دۆخێکەوە کە ڕەگەزی خۆی ون بکات. خەزنە لە لاپەڕە ٩١دا دەڵێت: (لە هەمان کاتدا پیاو و ژنیشم)، ئەگەرچی لە تەواوی ڕۆمانەکەدا خوێنەر هەست بەوە دەکات کە خەزنە (نێرینەیە)، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بەهۆی ئەو دۆخە سایکۆلۆژییە نالەبارەی کارەکەی بۆی دروست کردووە وای لێهاتووە بەگومان بێت لە ڕەگەزی خۆیشی. لە شوێنێکی تریشدا بە بێزارییەوە دەڵێت: (من نە مەملووکم نە جارییە، نە پیاو ماقووڵ، نە کاتیب، نە ژن و نە پیاو)، بێ گومان ئەمەش ئەوەندەی تر گرفتی شوناس لای ئەم فیگۆرە قووڵتر پیشان دەدات.

خۆزگە خواستن بە ئاژەڵ، یەکێکی ترە لەو خاڵانەی وەک گرفتی شوناس دێتە ئەژمار و خەزنە لە لاپەڕە ٢٣٢دا دەڵێت: "خۆزگەم بەوان دەخواست کە ئاژەڵێکن و هەموو ئەم کێشمەکێشەی ژیانی منیان نییە". بە وردبوونەوە لەم ڕستەیە لەوە تێ دەگەین ئەم فیگۆرە بەدەست مرۆڤبوونیشەوە هیلاک بووە و دەخوازێت ئاژەڵێک بێت تا لەو گیروگرفتانەی ژیان ڕزگاری بێت، بێ گومان بێزاری لە مرۆڤبوون دۆخی کۆیلەبوون و نەبوونی ئازادیی بۆی دروست کردووە، چونکە ئینسان بە ئازادییەوە ئینسانە و بەبێ ئازادی لە ئینسانبوون دەکەوێت.

خۆزگە خواستنی خەزنە بە ئاژەڵەکان دەمانباتەوە بۆ لای فیگۆری گریگۆر لە ڕۆمانی (مەسخ)دا لای کافکا، کە هەر لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆمانەکەوە گریگۆر دەبێتە قالۆنچە. کافکا هەر لە دەسپێکی (مەسخ)ەوە فیگۆری ڕۆمانەکەی لە مرۆڤبوون ڕزگارکرد، بەڵام ئەو قالۆنچەبوونەش بۆی بووە بەڵا و دواجار بە مەرگی کۆتایی هات، بەڵام ئەم فیگۆرەی نێو ڕۆمانی خەزنە مەملووک بەهۆی کۆیلەبوونییەوە هێندەی گرفت لەگەڵ ژیاندا بۆ دروست بووە، بۆیە بۆ خۆدزینەوە لەو گرفتانە بەناچاری دەیەوێت لە جیهانی مرۆڤەکانەوە هەڵبێت بۆ جیهانی ئاژەڵان. هەر لێرەشەوە دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە کە ئەم فیگۆرە دەیەوێت لە جیهانی عەقڵەوە بەرەو جیهانی ناعەقڵ هەڵبێت و خۆزگەخواستنی خەزنە بە ئاژەڵەکان، ڕاکردنێکی هێمنانەیە لە جیهانی عەقڵەوە بۆ جیهانی ناعەقڵ. ڕۆماننووس بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر کێشەی نێوان عەقڵ و شێتی (ناعەقڵ) تەواوی ڕۆمانی "لەبەرزایی شووراکانەوە"ی بۆ تەرخان کردووە و لەو ڕۆمانەدا لەڕێی زەکییە و مامۆستا وەردییەوە (کە دوو فیگۆری نێو ڕۆمانەکەن) ئەو جەدەلە درێژە پێ دەدات، بەڵام ئەوەی لێرەدا و لەم خۆزگە خواستنەی خەزنەوە مەبەستیەتی نەبوونی ئازادییە و کۆیلەبوونە، کە نەک جەستەی، بەڵکو عەقڵیشی کۆیلەکردووە.

گرفتی شوناس تەنیا لای پاڵەوانی ڕۆمانەکە ڕەنگدانەوەی نییە، بەڵکو لای فیگۆرێکی وەک عومەرنەزیریش ڕەنگدانەوەی هەیە و ئەو لەنێو کۆمەڵدا وەک کابرایەکی ئیماندار خۆ پیشان دەدات، بەڵام لە لایەکەوە لەماڵەوە لەگەڵ جارییەکاندا کاری (سێکسی زۆرەملێ) دەکات. لەلایەکی تریشەوە ئەو کتێبەی کە بڕیارە خەزنە بینووسێت، ئەو دەیەوێت بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، بەمەش دەیەوێت ئەوەی بخاتەڕوو کە ئەو تەنیا بازرگان نییە، بەڵکو لەپاڵ

بازرگانیشدا نووسەریشە، واتە ئەم فیگۆرەش لای ڕۆماننووسی دیسان هەست بەو گرفتە دەکات کە لە شوناسیدا هەیە بەوەی بازرگانبوونی پێ کەمە، بۆیە دەیەوێت لە پاڵ ئەوەشدا بە نووسەریش ناو ببرێت، هەر بۆیە لای بازرگانەکانی هاوڕێی باس لە نووسینی ئەو کتێبە دەکات کە بڕیارە خەزنە بینووسێت و ئەو بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە.

بەگشتی نووسەر ویستوویەتی لەڕێی ئەم دوو فیگۆرەوە کار لەسەر چەمکی شوناس بکات و لای هەر یەکێکیانەوە بەشێوەیەک بیخاتەڕوو.

### لەنێوان کۆیلایەتی و ئازادیدا

مرۆڤ چۆن دەتوانێت ئازاد بێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بەردەوام دەکرێت و دووبارە دەبێتەوە و زۆر کەس هەن خۆیان بە ئازاد دەزانن، بەڵام لە کۆیلەیەک زیاتر نین. زۆرجار لە خۆشەویستیدا ڕەگەزێک دەبێتە کۆیلەی ڕەگەزەکەی تر، یان لەتاو غیرە ڕەگەزێک ئەوی تر دەکاتە کۆیلە و ئازادی لێ زەوت دەکات، بۆیە کۆیلەبوون هەر تەنیا ئەو فۆرمە نییە، کە لە سەردەمە کۆنەکاندا مرۆڤ بە پارە فرۆشراوە بە مرۆڤی تر، بەڵکو ئەوەی هەیە لە ئێستادا دەیان و سەدان جۆری تری کۆیلەبوونە. دەکرێت یەکێک لەو جۆرانە پەیوەستبوونی مرۆڤێک بێت بە کارێکەوە بەناچاریی، کە ئەمە نزیک بوونەوەیە لە کۆیلەیەتی، چونکە هەر کارێک بەشێکی زۆر لە ئازادی ئینسانی تێدا زەوت کرا، لەو چرکەیەوە خۆری کۆیلەیەتی هەڵدێت.

ڕەنگە سەخت بێت بڵێین لەنێوان کۆیلایەتی و ئازادیدا مەودایەکی دوور نییە، چونکە بوونی هەردووکیان ڕێژەییە و دەکرێت ئینسان لە بەشێکی ژیانیدا ئازاد بێت و لە بەشێکی تریدا پێچەوانە بێت، بۆیە ئەو مەودایەی لەنێوان کۆیلایەتی و ئازادیدا هەیە، زۆر نییە، بەڵام هەوڵی مرۆڤ پێویستە بۆ ئەوە بێت ئەو مەودایە زۆرتر و زۆرتر بکات.

فیگۆرەکەی نێو ڕۆمانی خەزنە مەملووک پاش ئەوەی لە دەست خاوەنەکەی ڕزگاری دەبێت و عومەر نەزیر دەمرێت، بەڵام لە ڕستەیەکدا دەڵێت: "پاش ئازادبوون لەم (مەبەست خاوەنەکەیەتی) چۆن لە خەڵکی دی ئازاد بین" دواتر لە خۆی دەپرسێت: "ئایا دەتوانین ببینەوە بە بەشەری ئاسایی؟" پاش ئازادبوون لە دەستی عومەر نەزیر، ئەوەی بۆ خەزنە گرفتە تێڕوانینی دەوروبەرە، کە ئایا ئەوان هەست بەوە دەکەن، کە ئەم کۆیلەیە لە کۆیلەبوون ئازادبووە و چیدی کۆیلە نییە، بێ گومان بڕیاری ئازادبوون و کۆیلەبوون مرۆڤ خۆی دەیدات، بەڵام لەو دۆخەی خەزنەی تێدایە، ئەو ناتوانێت خۆی ئەو بڕیارە بدات، بۆیە بۆ ئەوەی ئاسەواری کۆیلەبوون بسڕێتەوە، ناچارە کاری بازرگانی بکات بۆ ئەوەی خۆی لە کۆتی کۆیلەبوون ڕزگار بکات.

ئاتین دولابوتی، یەکێکە لەو کەسانەی کە نامەیەکی گرنگی لەبارەی (خۆبەکۆیلەکردن-نامەیەک لەبارەی سیاسەتی ملکەچییەوە) هەیە. لەو نامەیەدا لابوتی، ئازادی دەکاتە مەرجی مرۆڤبوون و ئازادیخوازیش دەکاتە ئەخلاقی دژ بە ستەمکاری. ئەو دۆخی بە ئاژەڵبوونەی لەسەرەوە خستمانەڕوو کە لای خەزنە وەک خۆزگەیەک دەخوازرێت بەتەواوی لای لابوتیش لەو ڕستەیەدا ڕەنگی داوەتەوە، بێ گومان خەزنە بەهۆی ئازاد نەبوونییەوە خۆزگەی بە ئاژەڵەکان خواستووە، بەڵام ئەوەی لای لابوتی گرنگە ئەوەیە گرنگی ئازادیخوازبوونە کە دژ بە ئەخلاقی ستەمکارییە. خەزنە لە لاپەڕەکانی کۆتایی ڕۆمانەکەدا کە لەدەست خاوەنەکەی ئازاد بووە، بەڵام هێشتا لەژێر هەژموونی ئەو ستەمکارییەدایە کە پێشووتر لەسەری هەبووە و دوودڵی ڕزگاربوونی هەیە لەو ستەمکارییە و دەڵێت: دەبێت منیش چارەنووسی نوێی خۆم هەڵبژێرم، بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەم فیگۆرە هەر فیگۆرێکی هەڵواسراوە لەنێوان کۆیلەبوون و ئازادیدا، نووسەر دوا بڕیاری بۆ خوێنەر بەجێ هێشتووە، کە ئایا خەزنە ئازاد بووە، یان نا؟

### ئەنجام

ئەوەی لە ڕۆمانەکانی بەیان سەلمان دا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەو دەیەوێت لە تێکستەکانیدا (کۆتایی کراوە) بۆ دەقەکانی هەڵبژێرێت، هەر بۆیە ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ڕۆمانی لە بەرزایی شووراکانەوە، دەکرێت وەک (دەقی کۆتایی کراوە) ئەژمار بکرێن، کە دەقێکە کۆتایی ڕووداوەکانی بە شیکار نەکراوی بۆ خوێنەر بەجێ هێشتووە. نووسەر لەم

ڕۆمـــانەدا بەشـێک لە چارەســەری ڕووداوەکـــانی بۆ خـــوێنەر بەجێ هێـشـتـوەوە و دەخـوازێت خـوێنەر بەشدارییەکی چالاکانەی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا هەبێت، کە ئەمە بەلای منەوە خاڵێکی گرنگی ئەم ڕۆمانەی نووسەرە.

یەکێکی تر لەو خـالانەی لای ئەم نووسـەرە جـێی سـەرنجـە ئەوەیە کـە نووســـەر هەوڵی ئەزمـــوونکردن و تاقیکردنەوەی شێـوازی گێـڕانەوەی جۆراو جۆر لە ڕۆمانەکانیدا دەدات و هەوڵ نـادات بە یەک شــــێـــــواز بگێـڕێتـەوە، بەڵام من دوو خـاڵی لاواز لەم ڕۆمـــانەدا بەدی دەکـــەم، یەکەمیان بوونی تەنیا یەک گێڕەرەوە کە ئەمـە وا لە خوێنەر دەکات تـەنیا لە یەک گـۆشـەنیگاوە ڕووداوەکـان ببیستێت، کە من لاموایە باشتربوو گـــێــــڕەرەوەی تریش هەبووایە بۆ ئـەوەی کــــە خـــــەزنە نـایەوێت بیدرکێنێت بە خوێنەر بگات. خاڵی دووەمـــــیش تـەکنیـکی نووسین و دابەشکاریی کـۆی ڕۆمـانەکـەیە کـە لەســـەرەتاوە هیچ دابەشکارییـــەک لەنێـوان بەشـەکـان و ناوونیـشـانی لاوەکی تێــدا بەدی ناکــرێت کــە لامـــوایە ئەمـــە بەشـێک لە چێـــژی خـــوێندنەوەی لەم تێکســـــتـــەدا کوشتووە.

**ئەو سەرچاوانە سوودیان لێوەرگیراوە:**

*** بڕوانە مـەنوچێـهـر مـوحـسـینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: کۆمـەڵێک وەرگـێـڕ، لە بڵاوکــراوەکــانی دەزگــای توێژینەوە و بڵاوکـردنەوەی مــوکــریانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.**

*** بروانە مجلە ارغـون، دربارە رومـان، مجموعە مقالات و نقد رومان، شمارە ٩- ١٠، چاپ سوم، تهران ١٣٨٢.**

*** نۆرمـەن. ئیل. مـافت- مـێـری هاڵ، مـێـــژووی کـۆیلەداری، و: ئەسکەندەر مـەحـمـود، لە بڵاوکـراوەکـانی دەزگـای توێژینەوە و بڵاوکـردنەوەی مـــوکـــریانی، چاپی دووەم، ٢٠١١.**

*** ئاتین دولابوتی، خـۆبەکـۆیلەکـردن- نامەیەک لەبارەی سیاسەتی ملکەچییەوە، و: ڕێبـوار سیـوەیلی و مـوراد حەکـیم، لە بڵاوکـــراوەکـــانی دەزگـــای توێژینەوە و بڵاوکـردنەوەی مـوکـریانی، چاپی دووەم، ٢٠٠٥.**

# ڕۆژباش ڕامان

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل**

هاوار و گەلاوێژ، هیوا و شەفەق و هەتاو چون ئومێد و ئاواتەکانی کورد کەشوهەوای بەردەوام بوونیان بۆ نەڕەخسا، ئامانجەکانیان بەدی بهێنن، هەر دوای داگیرسانیان بە چەند ساڵێک ڕێگایان لێ دەتەنرا و مێردەزمە ئاسا دەستی ڕەش لە بیناقاقایان نرا. ئەو دەستە خوشکانەت هیچیان لە دە- دوازدە ساڵێک زیاتر باڵای نەڕانی.. ئێمە دەزانین ئەو ماندوونەناسانەی لە پشت دەرچوونی ئەو گۆڤارانەوە بوون، لەو ڕۆژگارانەدا چ ئەرکێکی قورسیان لەسەر شان نابوو، بۆیە هەمیشە وەک وەفایەک بەخێر ناودەبرێن، بەڵام «ڕامان»ی ئازیز تەمەن درێژی ئەوانە بۆ تۆ ماوەتەوە، ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ، گۆڤارێکی کوردی وەک تۆ بە بەردەوامی و لە کات و ئان و ساتی خۆیدا دەرنەچووە- ئومێدی تەمەن درێژی و بەردەوامیت بۆ دەخوازین.. وەنەبێ «ڕامان» کۆسپ و ئاستەنگی تووش نەهاتبێ، هەموو «چرا» ڕۆشنکەرەوەکانی ڕەشەباو گەردەلوولی لێ هەڵکراوە، لە دڵسۆزی و نارەوایانەش گلەو گازاندەی لێ کراوە..

ئەی بۆ ئەم بەردەوام بوونەی؟ هەموو کارێک بەنیازێکی پاک و کوردانەوە بکرێ، ئاستەنگ و پاشقولەکان بە پێچەوانەوە دەبنە هاندەر و پاڵپێوەنەر بۆ هەنگاونان و بە باشی بەرەوپێشەوە چوون.

ئەو گۆڤارانەی بەخێر ناومان هێنان، هەر ئەوەندەیان بۆ دەکرا کە کردیان.. لاپەڕەکانیان ڕەنگدانەوەی باری سیاسی و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەی خۆیان بوون، «ڕامان»ەکە تۆ لە هەموویان بەختەوەرتری، بەوەی لە کەشوهەوایەکی ئازاددا لە دایک بوویت و بەردەوامی، بۆیە دەبێ کاتێ نەوەکانی داهاتوو لە وشەو ڕستە و بابەتەکانت ڕادەمێنن توانیبێتت ڕاستی ئەم سەردەمەی خۆیانت خستبێتە بەردەستیان.. هزر و ناخ و خواست و خەونی تاکی کورد لە لاپەڕەکانتدا تۆمار کرابێت و ڕەنگی دابێتەوە، ڕامان ئەمەی کردووە؟ بە ویژدانەوە، بەڵێ.. ئەگەرنا، ئەوە خەتاکەی دەکەوێتە ئەستۆی نووسەران و ڕۆشنبیران، چونکە نەمانبیستووە سانسۆرێک لە «ڕامان»دا هەبێ ڕێگا لەو ئاراستەیەی بگرێ..

ڕامان، لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا دەست خوێنەرانی دەکەوێت.. ڕامان، هەڵەی چاپی زۆر دەگمەنە.. ڕامان.. کارێکی چاک دەکات گرنگی بە بەرهەمی نەوەی نوێ دەدات. ڕامان.. بەرهەمی نووسەرانی هەموو کوردستان - هەر چوار پارچەی- بڵاو دەکاتەوە.

خۆزی ڕامان، ناوە ناوە، هەندێ بابەت دەسنیشان بکاو کەسانێکی شیاو و گونجاو لەو بابەتانەدا دیاری بکات و ڕایان بسپێری بۆ وەرگێڕانی بابەت بۆ سەر زمانەکانی تر کە گەلێ گۆڤاری ناوداری دنیا، ئەم ڕێبازەیان پەیڕەو کردووە و بە شێوەی کتێب چاپیان کردوون..

ئومێدی تەمەن درێژی بۆ ئەم گۆڤارە دەخوازم، دەست خۆشی لەو بەڕێزانەش دەکەم کە لە پشتی دەرچوونی گۆڤارەکەوەن.






# فەوزایەکانی ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک



شاخەوان فەرهاد محەمەد

یەکێک لە دەستکەوتە بەدەستهاتووەکانی شۆڕشی نوێی پیشەسازی پاش ئەو گۆڕانکارییە سەردەمیانەی سەرجەم ژیانی گرتووەتەوە و بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە زۆربەی کایەکانی ژیان، لایەنی تەکنۆلۆژیایە، ئاشکرایە نوێترین بەرهەمی ئەو تەکنۆلۆژیایە ئینتەرنێتە، کە خزمەتێکی یەکجار دیار و بەرچاوی پێشکەشی هەموو مرۆڤایەتی کردووە، بە تایبەتی ئەگەر بۆ لایەنە باشەکەی بەکاربهێنرێ، ئەوە گەورەترین بۆشایی ژیانی تاک پڕ دەکاتەوە. ماوەی ساڵێکە زۆر بەوردی بەدوای کونوقوژبنەکانی ئینتەرنێتدا دەگەڕێم، هەوڵم داوە بەشێک لەو سەرنج و تێبینیانەی خۆم بخەمە ڕوو کە لەپێگەی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا دەستم کەوتوون و لای خۆم تۆمارم کردوون.

بەداخەوە هەندێک لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک بەشێوەیەکی زۆر نارێک و نابەجێیانە بۆ لایەنی خراپ بەکاری دێنن، ئەویش بەدروست کردنی پەیج و گرووپ بەناوی خێڵ و عەشیرەت و یانەی فلان و فیسار...تاد، کە زۆر جاران بۆ سووکایەتی کردن و هێرشکردنە سەر یەکتری و ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتی یەکتری ئەو هەلە دەقۆزنەوە بۆ تێکدانی ناوبانگی یەکتری، یان بۆ جنێودان بەو سەرکردە و ئەم حزب بەشێوەیەکی تەنزئامێز و تەشهیرکردن بەیەکتری و گاڵتە بەیەکتری دەکەن، یان بۆ دابەزاندنی وێنەی کەسێتی و توانج لێدان لە یەکتری زۆر ناشیرینانە کۆمێنت لەسەر یەکتری دەنووسن، ئەوەی زۆر جێگای نیگەرانی و شەرمەزارییە زۆرجاران هەموو سنوور و بەها مرۆڤایەتییەکان دەبەزێنن. سەرەڕای ئەوانە زۆرجار هەندێ کەس بۆ خۆ دەرخستن و ڕیکلام کردن بۆ خۆیان وەک کاڵایەک بازرگانی بەپەیجەکەی خۆیانەوە دەکەن، هەندێ جاری تریش هەیە بەکارهێنەر هەنگاوێک بجووڵێتەوە یەکسەر ئەم وشانەی خوارەوە بەکاردێنێت وەک: (ڕاستەوخۆ، ئێستا، نها، بەپەلە، لەگەڵ...تاد)، کەواتە ئەکاونتەکەی خۆی کردووە بەسەکۆی خۆدەرخستن و نیشاندانی کاروچالاکییەکانی ڕۆژانەی خۆی، هەروەها هەندێکی تر هەن ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەیان کردۆتە گۆڕەپانی داڕشتنی ڕق و کینەی ناحەزانەیان بەرانبەر بەیەکتری، تەنانەت زۆرجار شارچیەتی و حزبایەتی و عەشیرەتگەری و...تاد دەگرێتەوە.

هەندێک کوڕ هەن خۆیان کردۆتە کچ، یان بەپێچەوانەوە وێنەی یەکتر بەنارێکترین شێوە دادەبەزێنن، ئینجا کۆمێنتی نەشیاو لەسەر یەکتری دەنووسن کە بەمە هەموو سنوورە مرۆییەکان دەبەزێنن، بۆیە دەپرسم ئایا فەیسبوک بۆ ئەوە دانراوە؟ ئایا سەکۆی ساغکردنەوەی ململانێی سیاسی و کەسێتی و شارچیەتییە؟ ئایا شوێنی لەکەدارکردن و سووکایەتی بەیەکتری کردنە؟.

ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن بەشێکن لەو فەوزایانەی هەندێک بەکارهێنەری کورد تەنیا و تەنیا بۆ لایەنە خراپەکەی بەکاری دێنن، هیوادارم بەخۆیاندا بچنەوە و بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاستوڕەوان و چاو لەبەشە باشەکە بکەن بۆ سوودبینین لە زانست و زانیارییە نوێیەکان و خۆ دەوڵەمەندکردن بەپێشکەوتنە هاوچەرخەکان قازانجی لێ ببینن و خۆیان لە زیانەکانی بپارێزن.